فیقهی ناسزل

جلد دوم

عاشور، احمد عیسی.
الفقه‌المیسر. کردی.
فیقهی ئاسان: (فقه المیسر) / نوسەر احمد عیسی عاشور؛ وەرگیرانی نوری فارس حەمەخان؛ مصحح محمود احمد محمد.-- تهران: نشر احسان، ۲۰۰۷.
۲ ج.
ISBN: 964-356-565-3 (دوره)
ISBN: 964-356-563-7 (ج. ۱)
ISBN: 964-356-564-5 (ج. ۲)
فیپا.
کردی.
۱. فقه شافعی. الف. فارس، نوری، مترجم. ب. محمد، محمود احمد، Muhammad, Mahmud Ahmad مصحح.
BP ۱۷۷/ع۲ف۷۰۴۷ ۲۹۷/۳۳۳
کتابخانه ملی ایران ۸۵-۳۵۴۰۴م

فیقهی ئاسان (بەرگی دووەم)

✦نووسەر: احمد عیسی عاشور
✦وەرگێڕانی: نوری فارس حمه خان
✦بڵاوکار: نەشری ئیحسان - تاران
✦چاپی: یەکەم ـ ۲۰۰۷
✦چاپخانه: مەهارت ـ تاران
✦تیراژ: ۳۰۰۰ دانه
✦ژمارەی سپاردنی: (۸۳۱)ی ساڵی (۲۰۰۶)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

➢ فروشگاه شمارهٔ ۱: تهران ـ خیابان انقلاب ـ روبروی دانشگاه ـ مجتمع فروزنده ـ شمارهٔ ٤٠٦ ـ تلفن: ٦٦٩٥٤٤٠٤
➢ فروشگاه شمارهٔ ۲: تهران ـ خیابان ناصر خسرو ـ کوچه حاج نایب ـ شمارهٔ ۳۳ ـ تلفن: ۳۳۹۰۲۷۵۰
صندوق پستی: تهران ۳۸۵ ـ ۱۱٤۹۵

نشر احسان
ژمارەی نیونه ته وایەتی (ج ۲):۵-۵۶۴-۳۵۶-۹۶۴ ISBN:964-356-564-5
ژمارەی نیونه ته وایەتی دەوره:۳-۵۶۵-۳۵۶-۹۶۴ ISBN:964-356-565-3

٢٤٣) باسی دابەشکردنی کەلەپوور لە نێوانی کەلەپووربەرانیدا (فەرائیض):

(بڕ: تەجرید/٥ ز: ٨٨).

وشەی (فەرائیض) لە زمانا لە وشەی (فەرض)ی عەرەبی وەرگیراوە، کە بەواتا دانانو دیاریکردنو بڕیاردانە، خوای گەورە دەفەرموێ: {فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ - سورة البقرة - ٢/٢٣٧} واتە: هەرکاتێ ژنتان تەلاقدا، وە مارەییتان بۆ دیاری کردبوون، وە لەپێش گواستنەوەدا تەلاقتاندا، ئەوە نیوەی ئەو مارەییەیان دەکەوێ کە دیاریتان کردووە بۆیان). لە شەرعیشا (فرض) بڕێتییە لەو بەشە پشکەی کە شەرع داینواوە بۆ خاوەن پشك، لە سەردەمی نەزانیدا، عەرەب کە لەپووریان هەر بە پیاوی گەورە دەدا، بەشی ژنو منالیان نەدەدا، بەهۆی هاوپەیمانیشەوە کەلەپووریان لە یەکتر دەگرت، لە سەرەتای هاتنی ئیسلامیشەوە هەروابوو، هەتا خوا بە ناردنی ئایەتەکانی دابەشکردنی کەلەپوور ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە. کاتێ ئایەتەکانی سوورەتی نیساء لە بارەی دابەشکردنی کەلەپوورەوە هاتن خۆشەویست {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی: لە راستیدا خودای بالادەستو شکۆمەند، هەموو خاوەن مافێ، مافی خۆیی پێداوە، لەبەر ئەوە هۆشیار بن کە وەسیەت بۆ کەلەپوور گر دانامەزرێ!. (ئەحمەدو ئەبو داوودو تەرمیذیو: ئیبنو مەجاو دارە قوطنیو نەسائی گێڕاویانەتەوە) زمیلەعی دەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە دە هاوڕێی پێغەمبەر {درووەد خوای

لەسەربە} گێڕاویانەتەوە). زەیلەعی دەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە دەفەرموێ: هاوڕێی پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} گێڕاویانەتەوە.

لە زانستی کەلەپوور دابەشکردندا ئەم چوارکەسە لە یارانی حەزرەت ئاوداربوون: عەلی و ئیبنو عەبباس و ئیبنو مەسعوودو زەید (خۆشنوودیی خوایان لێبێ) ئیمامی شافیعی {رەزای خوای گەورەی لێبێ} رێبازگەی زەیدی هەڵبژاردو کردی بە سەرچاوەی مەزهەبی خۆی، لە بابەت کەلەپوورەوە، چونکە حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} فەرموویەتی: باشترین فەرائیض زانتان زەیدی کوڕی ثایتە). لەبەر ئەوەیش کە ئەم رێبازگەی زەیدە زۆر نزیکە لە قیاسەوە، سەرەڕای ئەمانە هۆی پەسەندکردنی رێبازگەی زەید لە لایەن شافیعییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە سەرنجی بەڵگەکانی زەیدی داوە، بەڵگەکانی زۆررێک و پێک بوون، لەبەر ئەوە کاری پێکردوون، نەک لەسەر شێوەی لاسکایی کردنەوەی رووتو کوێرانە، بەڵکوو لەسەر بناغەی سەرنج راکێشان و پەسەندکردن.

نێرینە کەلەپوور بەرەکان:

ئەو نێرینانەی کە کەلەپوور دەگرن ئەم دە کەسەن: کوڕ، کوڕی کوڕ، هەرچەندەیش بەرەو خوارېڕوا، باوك، باوکی باوك هەرچەند بەرەو ژوورترەیش بڕوا، برا، کوڕی برا، هەرچەندەیش خاوبێتەوە، مامە، کوڕی مامە، هەرچەندەیش دوور کەوتبێتەوە، مێردوو ژن، خاوەنی پێشووی بەندەی ئازادکراوی خۆی. ئەم دە کەسە بەیەکگرتن کەلەپوور وەردەگرن. ئەگەر ئەمانە وارێکەوت لە مەسەلەیەکا هەموو

کۆبوونەوە، ئەوە تەنیا ئەم سێ کەسەیان کەلەپوور وەردەگرن: باوك و کوڕو مێرد، لەم مەسەلەیەدا دەبێ مردووەکە کەنیزێکی ئازادکراو بێ، ئەوسا دەگونجێ کە هەردەیان کۆببنەوە.

ئەو کەسانەیش کە بەیەکگرتن کەلە پوور وەردەگرن لە ژیانان:

حەوت کەسن: کچ، کچی کوڕ، دایك، نەنك، خوشك، ژن، خاوەنی بەندەی ئازادکراو کە خاوەنەکە ژن بێ. ئەگەر واریکەوت ئەم حەوت کەسە لە مەسەلەیەکا کۆبوونەوە، تەنیا ئەم پێنج کەسەیان کەلەپوور دەگرن: ژنو کچو کچی کوڕو دایك و خوشکی باوکی و دایکی. دیارە لەم مەسەلەیشدا دەبێ مردووەکە بەندەیەکی خاوەن ژنی ئازادکراوبێ، دەنا ناگونجێ لە هیچ مەسەلەیەکی تردا کە ئەم حەوت جۆرە مێیینەیە کۆببنەوە.

ئەگەر وا رێکەوت ئەو کەسانەی کە بگونجێ لەم دوو تاقمەیە یەك بگرن، لە مەسەلەیەکا کۆ بوونەوە، ئەوە تەنیا ئەمانەیان کەلەپوور دەگرن: باوك و دایك و کوڕو کچو یەکێ لە ژنو مێرد.

سەربەلگەی کەلەپوور گرتنی یەکەیەکەی ئەم دوو تاقمەیە دەقی ئەو ئایەتانەیە کە لە دواوە دێن لەگەڵ یەکگرتندا، بەلگەی ئەوەیش کە کەسی تر بێجگە لەمانە کەلەپوور ناگرێ پابەندبوونە بەم سەربەلگەیەوە.

بزانن هەرکام لە نێرینەکان ئەگەر بە تەنیا هەر خۆی بوو، وەمیراتبەری تری لە گەڵا نەبوو، ئەوە گشت کەلەپوورەکە دەبا بۆ خۆی،

تەنیا مێردو بـرای دایکـی نـەبێ، ئـەم دوو کەسـە ئەگـەر بـە تـەنها هـەر خۆیان بوون هەموو کەلەپوورەکە نابەن. بەڵام هەرکام لە ژنان ئەگـەر بـە تەنها هەر خۆی بوو، میراتگری تری لە مەسەلەکەدا لەگەڵدا نـەبوو، گشت کەلەپوورەکە ناگرێ بۆ خۆی، مەگەر ئازادکەر مردووەکە کە ژن بێ.

بەشبڕین: حەجب:

بەشبڕین دوو جۆرە:

١) بەشـبڕینی ناتـەواو، کـە مـشهووره بـە حـەجبی نوقـسان، کـە بڕێتییە لە کەم کردنەوەی بەشە پشکی میراتبـەر، بـەڵام بـە تـەواوی بـێ بەشـی ناکـا، وەك ئـەوە بەهۆیمنداڵـەوە بەشـی مێـرد لـە نیـوەوە دێتـە خـوارەوەو دەبـێ بـە چـواریەك، وەبەشـی ژن لـە چـواریەکەوە دەبـێ بـە هەشت یەك، وە بەشی دایك لە سێیەکەوە دەبێ بە شەش یەك.

٢) بێبەشکردنی تەواو، یـا بەشبڕینی تـەواو، کـە پێـی دەگـوترێ: حەجبی حیرمان، کە بڕێتییە لە بێبەشـکردنی میراتبـەر لـە بەشەپـشکی خۆی بە تەواوی.

لەپاش ئەمە کەلـەپوور گرەکان دوو بەشـن، بەشـێکیان ناوهنـدێ نیە لە نێوان ئەوانو مردووەکەداو بـەهۆی کەسـی تـرەوە ناگەنـەوە پێـی بەڵکوو یەکسەر خۆیان پەیوەندییان بـە مردووەکـەوە هەیـە، ئەمانـەیش بـڕێتین لـە ژنو مێـردو باوكو دایـكو منـداڵ، ئەمانـە بـە هـیچ جـۆرێ بەهۆی ئەم جۆرە بێبەشکردنەوە بێبەشـناکرێنو هەمیـشە بەشـە پـشکی دیـاریکراوی خۆیـان دەبـەن، ئەگـەر عەصـەبەیش بـوون ئـەوە حیـسابی ئەوەیان بۆ دەکرێ، بۆیە ئەمانە بێبەشی تـەواو نـاکرێن چونکە بەیـەك

گەیەنەر نیە لە نێوانی ئەوانو مردووەکەدا. بەشێکی تری کەلەپوورگرەکان بەهۆی گەیەنەرێکەوە دەگەنەوە بە مردووەکە، کە بڕێتین لە هەموو کەلەپووربەرەکانی تر.

چەن کەسێ هەن بەهیچ جۆرێ کەلە پوور ناگرن:

کە بڕێتین لەم حەوت کەسە: بەندەو بەندەی پاشمەرگە، کە پێی دەگوترێ مودەببەر، کە ئەو بەندەیەیە خاوەنەکەی پێی بڵێ لە پاش مردنی من تۆ ئازادی، هەروا کەنیزەکی دایکی منااڵ، کە پێی دەگوترێ (أم الولد) هەروا بەندەی گاغەز پێدراو (موکاتەب) کەسێکیش کە کەسێ بکوژێ میراتی لێ ناگرێ، هەروا کافری پاشگەز (مرتد)یش کەلەپوور لە کەس وەرناگرێو کەسیش کەلەپوور لەو وەرناگرێ، هەروا جیاوازیی ئایینی میراتبەرو مردووەکە یەکێکە لە نەهێڵە (موانع)ەکانی کەلەپوور گرتن، وەك موسوڵمانەتیو بێبڕوایی. واتە: بەندەو کەنیزەكو پاشمەرگەو کاغەز پێدراوو کەنیزی دایکی منااڵ لە خاوەنەکەی، ئەمانەکە رەگی کۆیلەییان تیا دایە کەلەپوور وەرناگرن لە مردووەکان، هەروا بکوژو پاشگەزو زەندیق کە مرۆی بێئایینە، پەیڕەوانی دوو ئایینی جیاجیایش لە یەکتری کەلەپوور وەرناگرن. کۆیلەو ئەوەی رەگی کۆیلەیی تیاماوە بۆیە کەلەپوور وەرناگرن چونکە خۆیان ماڵیان نیە، کەواتە: هەرچی وەربگرن بۆ ئاغاکەیان دەبێ، ئاغاکەیش هیچی مردووەکە نییەو بێگانەیە، لەبەر ئەوە ناگونجێ کەلەپووری لێبگرێ. بەاڵم بەندەی بەش بەش، کەپێی دەگوترێ (مبعض) راجیایی هەیە لە بارەیەوە، فەرمایشتی دروستو ساغ ئەوەیە کە وەك بەندەی تەواو

کەلەپوور ناگرێ، چونکە ئەگەر میرات بگرێ هەندێ لە مالّەکە دەبێ بەهی ئەو کەسەی کە خاوەنی بەشە ئازادنەکراوەکەیەتی، ئەویش بیانییە لە مردووەکە. بەلّام هەر مالّێکی بە بەشە ئازادەکەی پەیدا کردبێ، دەبێ بە کەلەپوور بۆ کەسوکاری، وەك ئەوە نیوەی ئازاد بووبێ، لەو ماوەیەدا رۆژێ بۆ خۆی و رۆژێ بۆ ئاغاکەی ئیشی کردبێ. بکوژیش بۆیە لە کوژراوی دەستی خۆی کەلەپوور وەرناگرێ چونکە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بکوژ (قاتل) لە کوژراوی دەستی خۆی کەلەپوور ناگرێ. هەروا دەفەرموێ: بکوژ کەلەپووری بۆ دانانرێ، لە گێڕانەوەیەکی نەسائیدا دەفەرموێ: لە کەلەپوور هیچ بەربکوژ ناکەوێ. ئیبنو عبدولبەڕ بە فەرموودەیەکی ساغی داناوە، زیاد لەوە نەقڵ دەکا کە یەك رایی (اتفاق) لەسەر ئەم بڕیارە هەیە، کە بکوژ کەلەپوور ناگرێ. پاشگەزیش نەکەلەپوور لەکەس دەگرێ و نەکەسیش کەلەپووری لێ دەگرێ، کەلەپوورەکەی دەبێ بە مفتەماڵ (فیء) بۆ موسوڵمانان، ئەبو بوردە فەرمووی (رەزای خوای لێبێ) پێغەمبەری خوا (درووەد خوای لەسەربێ) ناردمی بۆ سەرکابرایێ، باوەژنی خۆیی مارەکردبۆوە، فەرمانی پێکردم کە بچم لە گەردنی بدەمو مالّەکەیشی بە تالّانی بەرم، کابراکە پاشگەزبووەوە بوو. چونکە ئەوەی بە حەلّاڵ دانابوو، کەبە دەقی قورئان حەرام کراوە. پەیڕەوانی دوو ئایینیش بۆیە کەلەپوور لە یەکتر ناگرن چونکە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نە موسوڵمان کەلەپوور لە نامۆسوڵمان وەردەگرێ و نە ناموسوڵمان کەلەپوور لە موسوڵمان وەردەگرێ. (شەیخان). فەرمایشتی دروست ئەوەیە کە جوولەکەو گاور کەلەپوور لە یەکتر وەردەگرن، بە مەرجێ کە هەردوو لایان خاوەن

پەیمان بن، یا کافری حەربیبن، بەڵام ئەگەر یەکێکیان خاوەن پەیمان بوو، ئەویتریان جەنگی بوو، کەلەپوور لە یەکتر وەرناگرن، چونکە پەیوەندی لە نێوانیاندا پچراوە.

حوکمی کەسێ بێ سەرو شوێن بێ:

ئەگەر نەمان دەزانی کەسێ ماوە یا مردووە، وەك ئەوە دیار نەماو بێ سەرو شوێن بوو، یا حاڵی نەدەزانرا، یا کەوتە ناو جەنگستان (دار الحرب)ەوە، یا لە پاپۆرێکا بوو، پاپۆرەکە شکاو هەواڵی نەما، ئەم جۆرە کەسە کەلەپوورەکەی دابەش ناکرێ، هەتا بەڵگە راست دەبێتەوە لە سەرمردنی، جا ئەگەر پاش ماوەیێ قازی بڕیاریدا کە ئیتر لەوە زیاتر ناژی ئەوسا کەلەپوورەکەی لە نێوان کەلەپووربەرەکانیدا دابەش دەکرێ.

نزیکترین باوان:

باوان بە عەرەبی پێی دەگوترێ: عەصەبە، وشەی عەصەبە لە تەعصیب دارێژراوە کە بەواتا پشتگیرییە. لە عورفی شەرعا بەو کەسانە دەگوترێ کە بەشە پشکی دیاریکراویان نیە، بەڵام لەو کەسانەن کە بە یەکگرتن کەلەپوور دەگرن، باوان ئەگەر بەتەنها هەر خۆی بوو هەموو کەلەپوورەکە دەگرێ، وەك کەسێ بمرێ تەنیا کوڕێ کەلەپوورگری هەبێو بەس، ئەگەر خاوەن پشکی دیاریکراوی لەگەڵ دابوو، چی لەو مایەوە بۆ ئەمە، وەك ژنێ مرد، مێردێك‌و کوڕێکی هەبوو، چواریەکی کەلەپوورەکەی بۆ مێردەکەیەتی، ماوەکەی تری هەموو بۆ کوڕەکەیەتی.

نـزیکترین بـاوانیش کـورە، بـەپێی ئـەم فەرمایـشتەی زاتـی مـەزن: {يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ - سورة النساء - ١١/٤} ئـەوەتا لـەم ئایەتەدا بە منداڵ دەست پێکراوە، چونکە عـەرەب لـە منداڵەوە دەست پێدەکەن، سەرەڕای ئەمەیش ئەوەتا لـەم ئایەتـەی تـردا بـەهۆی منالـەوە بـاوك لـە بـاوانی دەکـەوێو دەبـێ بـە خـاوەن پـشکی دیـاریکراو، وەك دەفەرموێ: {وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ - سورة النساء - ١١/٤} جا لەشوێنێ باوك بـەهۆی کـورەوە لـە باوانی بکـەوێ باوانـەکانی تـر باشـتر لێ دەکـەون، کەواتـە کـورِ نـزیکترین باوانە، لەپاش کورِ کورِی کورِ، هەر چەند بەرەوخواریش بڕوا، رێك وەك کورِ وایە لە هەموو بڕیارەکانی تریشدا،

سێیەم: باوکە(١).

---

(١) لێرەدا بۆ پاساوی ئەوە کە باوك لـە ریـزی باوانـە سـێیەمە لـە ئەصـڵەکەو لـە ئەصڵی ئەصڵەکەیشدا ئاوا نووسراوە: (ثم الاب لانه بعصبه ولـه الولايـة عليـه بنفـسه ومن عدا الاب يدلى به فقدم لقربه. نازانم باوك چۆن چۆنی کورِ یا کورِی کـورِی خـۆی دەکا بە باوان (واتە: بە عـەصـبە) ئەوەی ئاشکرایە باوکو باپیرە ئەگـەر کـورِ یـا کـورِی کورِیان لەگەڵدا نەبوو دەبن بە عـەصـبە. ڕەنگ بێ مـەبـسـت لـەم قـسـەیە ئـەوەبێ: کـە باوك هۆی بوونی منداڵە بە عـەصـبە، چونکە بەهۆی دایکەوە کەس نابێ بـە عـەصـبە، بەم بۆنەیەوە.

موغنی موحتاج دەفەرموێ (ومعنى العصبة لغة قرابة الرجل لابيه).

- وەرگێڕ-

چوارەم: باپیرەیە، واتە: باوکی باوك، هەر چەند بەرەو ژووریش بڕوا بەریز، بە مەرجێ براو خوشکی مردووەکەی لەگەڵدا نەبێ.

پێنجەم: برای باوکی و دایکی.

شەشەم: برای باوکی.

حەوتەم: کوڕی برای باوکی و دایکی.

هەشتەم: کوڕی برای باوکی، هەتا بەرەو خواریش بڕوا بەریز.

نۆیەم: مامی باوك و دایکی.

دەیەم: مامی باوکی.

یازدەیەم: کوڕی مامی باوك و دایکی.

دوازدەیەم: کوڕی مامی باوکی.

سیازدەیەم: مامی باوك و دیاکی باوکی مردووەکە.

چواردەیەم: مامی باوکیی باوك.

پازدەیەم: کوڕی مامی باوکی و دایکیی باوك.

شازدەیەم: کوڕی مامی باوکیی باوك.

حەڤدەیەم: مامی باپیری مردووەکە بەو جۆرەی کە باسکرا، یانی مامی باوك و دایکیی باپیرەی بێ، یا مامی باوکیی باپیرەی بێ، ئیتر هەروا هەتا هەر شوێنێ بڕبکا. جا ئەگەر باوانی بنەچە نەبوو، واتە: عەصەبەی نەسب نەبوو، ئەوجار کەلەپوور دەدرێ بەو کەسە کە مردووەکەی ئازاد کردووە، ئەگەر مردووەکە ئازاد کراو بوو، لەکاتی وادا ئەو کەسەی مردووەکەی ئازادکردووە، پیاو بێ یا ژن، ئەو دەبێ بە

باوانی مردووەکە، ئەگەر ئازادکەرەکەی نەمابوو کەلەپوورەکەی دەدرێ بە باوانی ئازادکەرەکە، جارێ پیاوێ پیاوێکی هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) عەرزی کر: ئەی پێغەمبەری خوا! من خۆم ئەم پیاوەم بە مالّی خۆم کڕیوەو ئازادم کردووە، کەلەپوورەکەی بوکێیە؟ فەرمووی (درووەد خوای لەسەربێ): ئەگەر لەپاش خۆی باوانی هەبوو کەلەپوورەکەی بۆ باوانیەتی، ئەگەر باوانی نەبوو بۆ هەقداری ئازادکەرە. لە فەرموودەیەکی ترا دەفەرموێ: سەرداریی هی ئەو کەسەیە کە بەندەکە ئازاد دەکا. واتە: کۆیلەی ئازادکراو، ئەگەر خزمی کەلەپوورگری لە باوانی نەبوو، ئازاد کەرەکەی دەبێ بە هەقداریو کەلەپوورەکەی دەگرێ، جا ئەگەر مردووەکە کەلەپوورگری نەبوو سامانەکەی دەدرێ بە گەنجینەی موسوڵمان، کە مەشهوورە بە بەیتولمال، کە بە واتا: گەنجینەی سامانو داراییە. بەڵام بە مەرجێ کە بەپێی شەرعی پیرۆز بڕێ بەڕێوە، دەنا ئەگەر گەنجینەی سامانی موسوڵمانان رێکو پێك نەبوو ئەوە دەدرێ بە خاڵوان، چونکە بە کۆی دەنگو بەپێی یەکگرتن کەلەپوور لە حاڵیوادا یا دەدرێ بەوان یا دەدرێ بە گەنجینەی موسوڵمانان، جا هەرکاتی یەکێکیان دەستی نەدەدا، دەبێ بە حەتمی بدرێ بەوی تریان.

رافعی دەفەرموێ: گەورەزاناکانی چینی دووەمی مەزهەبی شافیعی کە ناودارن بە موتەئەخخیرین، ئەم فەرمایشتەیان رەوا دیوە، کە لەکاتی وادا کەلەپوور بدرێ بە خاڵوان. نەوەوی دەفەرموێ: لەناو فەرمایشتەکاندا ئەمە دروستترینیانە. ئەم زاتانەیش بە دروستی دادەنێو فەتوایان پێداوە: ئیبنو سوراقەو صاحیبی حاویو قازی

حوسەین‌و موتەوەللی‌و کەسانی تریش. ئیبنو سوراقە[1] دەفەرموێ: ئەمە فەرمایشتی تێکڕای ماموستاکانمانەو ئەمڕۆ لە ولاتا فەتوا لەسەر ئەمەیە.

کاتێ کەلەپوور دەدرێ بە خاڵوان (واتە: بەزەویلێرحام) کە کەس لە خاوەن بەشەکان لە مەسەلەکەدا نەبێ، مەگەر ژن‌و مێرد، چونکە ئەگەر کەسێ لە خاوەن بەشەکان هەبێ چی مایەوە لە خاوەن بەشە دیاریکراوەکان بەڕەدد دەگێڕدرێتەوە بۆ ئەوان.

مەسەلەیێ:

ئەگەر چەند کەسێ خزمی یەکتری بوون‌و بە کۆمەڵ مردن‌و نەدەزانرا کە کامیان پێش کامیانا لە مردووە، وەك ئەوە هەموو پێکەوە لە پاپۆڕێکا نوقم بوون، یا لە فڕۆکەیەکا بەربوونەتەوە، یا دیوارێ یا خانووبێ رووخا بە سەریانا، یا لە جەنگێکا کوژران، ئەمانە وا دادەنرێن کە گشتیان پێکەوە مردوون، لەبەر ئەوە لە ناوخۆیانا کەلەپوور لە یەکتری وەرناگرن، بەڵکوو کەلەپووری هەریەکێ لەوان دەدرێ بە کەلەپوورگرە زیندووەکانی خۆی.

---

[1] ئیبنو سوراقە لە زانا گەورەکانی موتەقەددیمینە، لە پێش چوارسەدی کۆچیدا ژیاوە. تەماشای موغنی موحتاج بەرگی سێیەم لاپەڕە (٧) بکە.

خاڵوان کێ و کێن؟:

خاڵوان له زماندا به بەرەی خاڵ دەگوترێ، که برێتین لە خزم و کەسوکاری دایك، بەڵام له عورفی شەرعا: به هەموو خزمێ دەگوترێ کە خاوەن بەشە پشکی دیاریکراو نەبێ و، بەپێی عورفی شەرعیش لە باوانی بە مەعنا عەصەبە نەبێ. ئەمانەیش بە کورتی ئەم یازدە بەشەن کە زوربەیان له خاڵوانن:

١) ئەو باپیرو نەنکانە کە میراتبەری هەمیشەیی نین.

٢) منالّی کچی مردووەکە، چ کوڕبن و چ کچ بن.

٣) کچی برا، خوای برای باوکی و دایکی بێ، یاخود برای باوکی بێ، یا برای دایکی بێ.

٤) کوڕی برای دایکی.

٥) منالّی خوشك چ کوڕبێ چ کچ.

٦) مامی دایکی.

٧) کچی مام هەر مامەیەك بێ.

٨) خوشکی باوك.

٩) خوشکی دایك.

١٠) برای دایك.

١١) ئەو کەسانەی کە بەهۆی یەکێ لەم بەشانەی سەرەوە دەگەنەوە بە مردووەکە.

٢٤٤) چۆنیەتیی دابەشکردنی کەلەپوور بەسەر خاڵواندا:

دوو ڕێگە هەیە بۆ دابەشکردنی کەلە پوور بەسەریاندا :-

ڕێگەی یەکەم: پێی دەڵێن، ڕێگەی لە شوێن دانان، برێتییە لەوە ئەو خاڵوانانەی کە لە مەسەلەکەدا هەن لە جێگەی ئەو باوانو خاوەن پشکە مردووە دادەنرێن کە دەیانگەیەنن بە مردووەکە، وە ڕێك پشك یا بەشی ئەو کەسە گەیەنەرە دەدرێ بەوانیش. بفەرموو لەگەڵ کردنەوەی چەند نموونەیەکا:

١) ئەگەر مردووێ ئەم خاڵوانانەی لەدوا بەجێما:

أ- کچی کچ.

ب- کوڕی خوشکی هەق (أخت شقیقه).

ج- کچی برای باوکی.

د- کچی مام.

ڕێك سەیری ئەو کەسانە دەکەین کە ئەمانە دەگەیەنن بە مردووەکە، کەواتە وەك بڵێی مەسەلەکە ئەم چوارکەسەی تیایە: کچو خوشکی هەقو برای باوکیو مامە، لەم مەسەلەیەدا برای باوکیو مامە بێ بەش دەبن بە خوشکە باوكو دایکییەکە چونکە لەگەڵ کچی مردووەکەدا کۆبۆتەوە، وە ئەصڵی مەسەلەکە لە دووە، کەواتە نیوە کە پشکی کچە دەدرێ بە کچی کچەکە، ئەونیوەکەی تریش کە پشکی خوشکی هەقە دەدرێ بە کوڕەکەی!.

٢) ئەگەر مردووەکە ئەمانەی هەبوو کە لە خاڵوانن:

أ- کچی کچ.

ب- کچی کچی کوڕ.

ج- کچی مامی هەق کەلەپوورەکە ئاوا دابەش دەکرێ: وا دادەنرێ کە مەسەلەکە کچێک‌و کچێکی کوڕو مامێکی هەقی تیادایە، پشکی کچ نیوەیە دەدرێ بە کچەکەی، پشکی کچی کوڕ شەشیەکە دەدرێ بە کچەکەی(١).

٣) ئەگەر مردووەکە کچی کچی کوڕو کچی بۆ هەق (شەقیق)ی هەبوو، مەسەلەکە ئاوا دەکرێتەوە:

کچی کوڕ، نیوەی دەکەوێ دەدرێ بە کچەکەی، بۆ هەقیش باوانە چی مایەوە بۆ ئەوە، کە لەم مەسەلەیەدا نیوەیە دەدرێ بە کچەکەی.

بناغەی ئەم بۆچوونە ئەم دوو مەسەلەیە: جارێ مردووێ بەس خوشکێکی باوک‌و خوشکێکی دایکی دەبێ، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئاوا کەلەپوورەکەی بەش دەکا لە نێوانیاندا: دوو سێیەکی دەدا بە خوشکی باوکی‌و سێیەکیشی دەدا بە خوشکی دایکی، جارێکیش ئیبنو مەسعوود کەلەپوورەکەی کرد بە دوو بەشەوە لە نێوانی کچی کچ‌و کچی خوشکدا، هەر وەک چۆن مردووێ تەنیا کچێک‌و خوشکێکی هەبێ، هەریەکەیان نیوەی ماڵەکەی دەکەوێ ئاوا.

فەرموودەکەی پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} ئەوە دەگەیەنێ کە لەکاتی دابەشکردنی کەلەپوورەدا بەسەر خاڵوانا تەماشای خودی خۆیان ناکرێ، بەڵکوو حسێبی ئەو کەسەیان بۆ دەکرێ کە دەیانگەیەنێ بە مردووەکە، کە یا خاوەن بەشن یا باوانن. دیارە خوشکی باوك بە هۆی باوکەومو خوشکی دایك بەهۆی دایکەوە دەگەنەوە بە مردووەکە، لەکاتی وادا کەلەپوورەکە هی باوکو ایکە، سێیەك: بە بەش هی دایکەو چی مایەوە هی باوکە. رەوا دیتنەکەی ئیبنو مەسعوودیش ئەم تەفسیرە بۆ مەسەلەکە دووپات دەکاتەوە. ئیمام ئەحمەدو دواییناں (متأخرین) لە ملیکییەو شافیعییەکان ئەگەر گەنجینەی سامانی موسوڵمانان ریکوپێك نەبوو، لەسەر ئەم شێوەی یەکەمە کەلەپوورەکە دابەش دەکەن بەسەر خاڵواندا، کە بەعەرەبی ناودارن بە زەویلئەرحام.

ڕێگەی دووەم: پێی دەگوترێ ڕێگەی خزمترین، ئەم دەستەیە، کێ خزمتر بێ بە مردووەکە ئەوە وەپێش دەحەن – بە پێی ریزری باوان، لە باوانا کوڕی کوڕ دەخرێتەپێش باوکی باوکەوە، جا بەم شێوەیە لە خاڵوانیشدا منالّی کچ پێش باوکی دایك دەخرێ!.

٢٤٥) بەشە دیاریکراوەکان (الفروض المقدره):

پشکە دیاریکراوەکان (کە لە قورئانی پیرۆزدا روون کراونەتەوە) شەش پشکن: نیوە، چواریەك، هەشتیەك، دوو سێیەك، سێیەك، شەشیەك. خاوەنی ئەم پشکانە چەند تاقمەیەکن، نیوە بەشەپشکی ئەم پێنج تاقمەیە:

یەکەم: تاقە کچ، واتە: ئەوەی خوشکو برای خۆی لەگەڵدا نەبێ. یەزدانی مەزن دەفەرموێ: {وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ – سورة النساء – ١١/٤} واتە: ئەگەر تاقە کچێکی هەبوو نیوەی کەلەپوورەکەی دەکەوێ.

دووەم: تاقە کچێکی کوڕ، نە خوشکو برای خۆیو نە منداڵی مردووەکەی لەگەڵدا نەبێ، ئەمەیش بە یەکگرتن وایە.

سێیەم: تاقە خوشکێکی هەق کە برای لەگەڵدا نەبێ، بەپێی ئایەتی: {وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ – سورة النساء – ١٧٦/٤}.

چوارەم: تاقە خوشکی باوکی، کە نە بارو نە خوشکی هەقو نە کوڕو کچی مردووەکەی لەگەڵدا نەبێ چونکە ئەمیش بەپێی رووکار (ظاهر)ی ئایەتەکە بەردەکەوێ.

پێنجەم: مێرد، کە ژنەکەی منداڵو منداڵی منداڵی خاوەن کەلەپووری نەبێ. خوای گەورە دەفەرموێ: {وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ – سورة النساء – ١٢/٤} واتە: نیوەی کەلەپووری ژنەکانتان بۆ ئێوەیە، ئەگەر منداڵیان لەپاش بەجێ نەمابوو. دیارە کە بەپێی دەقی ئایەتەکە ئەوەی کە هەق منداڵی خۆی (ولد الصلب) بێ بەردەکەوێ، منداڵی کوڕیش (ئەگەر ئەوە بسەلێنین کە بەر ناوی منداڵ دەکەوێ ئەوە ئەویش) بەردەقی ئایەتەکە دەکەوێ، ئەم ئایەتەیش نیشانەی ئەم بۆچوونەیە کە دەفەرموێ: (یا بنی آدم)

ئەوەتا خودا لە پاش چەندین پشت بە بەرەی ئادەم دەفەرموێ: ئەی کوڕەکانی ئادەم! هەروا ئەم فەرموودەیەیش نیشانەی ئەوەیە کە وشەی (وەلەد – منالْ) لە قورئانا منالّی منالْ دەگرێتەوە، پێغەمبەر (درووده خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (أنا ابن عبدالمطلب: من کوڕی عەبدولوطەلیبم) چونکە ئاشکرایە کە پێغەمبەر (درووده خوای لەسەربێ) منالّی منالّی عەبدولوطەلیبە، ئەگەر ئەوە نەسەلێنین، ئەوە بە یەکگرتن، واتە: بە إجماع، منالّی کوڕ لە پایەی کوڕدایە، لە کەلەپوورو باوانیدا.

چواریەکیش بەشە پشکی دوو تاقمە:

یەکەم: مێردێ کە ژنەکەی منالْ یا منالّەزای میراتبەری هەبێ.

دووەم: ژنێ، یا زیاتر لە ژنێ، تا چوار ژن، کە مێردەکەیان منالْ یا منالّی منالّی نەبێ، بەپێی ئەم ئایەتە: {فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ} هەشتیەکیش بەشە پشکی یەك ژن یا زیاتر لە یەك ژن کە مێردەکەیان منالْ یا منالّەزای کەلەپوور بەری هەبێ. وەك لە قورئانا دەفەرموێ: {فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ – سورة النساء – ١٢/٤} یەکگرتنیش لە سەری دامەزراوە. دوو سێیەکیش (واتە: دوو بەش لە سێ بەشی مالْ) بەشەپشکی چوار تاقمە:

یەکەم: دوو کچ، یا زیاتر لە دوو،بەو مەرجە کە برایان لەگەڵ نەبێ.

دووەم: دوو کچی کوڕ یا زیاتر، بەو مەرجە نە لەگەڵ برای خۆیانو نە لەگەڵ چینێکی لای سەرووی خۆیانا نەبن، لە منالّو لە منالّی منالّی مرووەکە.

سێیەم: دوو خوشکی باوکیو دایکی یا زیاتر لە دوو خوشک، بەو مەرجە نە لەگەڵ برای خۆیانا وە نە لەگەڵ منالّی مردووەکەدا نەبن.

چوارەم: دوو خوشکی باوکی یا زیاتر، بەو مەرجە نە لەگەڵ برای خۆیانا، وە نە لەگەڵ خوشکی باوکیو دایکی، یا برای باوکیو دایکیدا، وە نە لەگەڵ منداڵی مردووەکەدا نەبن. دوو کچ یا زیاتر بەپێی ئەم ئایەتە دوسێیەکیان دەکەوێ: {فَإِن كُنَّ نِسَاء فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ}. ئەگەر بگوترێ: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بەشە پشکی زیاتر لە دوو کچ دوو سێیەکە، ئەدی چۆن دەبێ بە بەڵگە لەسەر ئەوەیش کە بەشەپشکی دوو کچیش هەر دووسێیەکە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم ئایەتە بەهۆی مەسەلەیەکی تایبەتەوە هاتووە، کە ئاوایە: ژنەکەی سەعدی کوڕی ڕەبیع، ئەو دوو کچەی کە لە سەعد بوون، هێنانی بۆ لای پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەم دوو کچەم کچی سەعدی کوڕی ڕەبیعن، باوکیان لە غەزای ئوحوددا لەگەڵ تۆدا بوو، کە شەهیدکرا، ئێستایش مامەکەیان هەرچی ماڵیان هەیە بردوویەتی بۆ خۆی وە هیچی بۆ ئەمان نەهێشتۆتەوە، بەبێ ماڵیش کەس نایان خوازێ. فەرمووی (درووەد خوای لەسەربێ): خودا بۆ خۆی بۆ ئەم بابەتە بڕیاردەدا، پاش ئەوە ئایەتی دابەشکردنی کەلەپوور هاتەخوارەوە کە دەفەرموێ: {يُوصِيكُمُ اللّهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ} ئەوجا

حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} ناردی بە شوێن مامەکەیاناو فەرمووی: دوو سێیەکی ماڵەکە بدە بە هەردوو کچەکەی سەعد، وە هەشتیەکی بدە بە دایکیان، وە چیمایەوە لە وان ئەوە هی تۆیە. (ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە، تیرمیذی بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە). ئەوەتا مەوریدی فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بەشی دوو کچیش هەر دووسێیەکە. هەندێ ئاوا بەڵگەسازی دەکەن بۆ ئەم مەسەلەیە: دەفەرموون: کە وشەی (فوق) لە (فوق اثنتین)یدا زائیدەیە، بۆ مەبەستی رەوانبێژییە، دەق وەك وشەی ئەو (فوق)ە وایە کە زائیدەیەو وا لەم ئایەتەی تردا کە دەفەرموێ: {فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ} هەندێ تر دەڵێین: مەبەست لە وشەی (فوق الثنتین) لەم ئایەتەدا ئەمەیە: ئەگەر دوو کچ یا زیاتر لە دوو کچ بوون! واتە: رواڵەتی ئایەتەکە مەبەست نیە کە بەرواڵەت ئەوە دەگەیەنێ دوو سێیەك بەشی زیاتر لە دوو کچە. هەندێ زانای تر ئەمە دەکەن بە بەڵگە: پەیوەندیی خوشك بە مردووەکەوە بێ هێزترە لە پەیوەندیی کچ، دەی لە شوێنی دوو سێیەك بەشی دوو خوشك بێ، دەبێ باشتر ببێ بە بەشی دوو کچ!. دوو کچی کوڕیش لەبەر ئەمە دوو سێیەکیان دەکەوێ چونکە یاسایەکی رەسایە کە هەرکاتێ دوو کچی کوڕ خۆیان بە تەنها بوون رێك وەك دوو کچ وان. دوو خوشکو زیاتریش کە دوو سێیەکیان دەکەوێ بەپێی ئەم ئایەتەیە: {فَإِن كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ}. جابیر {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: نەخۆش بووم، هۆشم نەبوو، حەوت خوشکم هەبوو، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} هات بۆ سەردانم، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! چی لە ماڵەکەم بکەم، میراتو کەلەپوورەکەم بۆ کێیە؟ چونکە من تەنیا

چەن خوشکێکم هەن، کە کەلەپوورم لێبگرنو کەسی ترم نیە، نە باوکو نە دایکو نە منالّ، جا پێغەمبەر (درووده خواه لەسەربێ) دەرچوو لەلای منو لە پاشا گەڕایەوەو فەرمووی: سەبارەت بە بابەتی خوشکەکانت خودا قورئانی ناردۆتە خوارەوە، وە باسەکەی روون کردۆتەوە، وە دووسێیەکی بۆیان داناوە! جابیر دەیفەرموو: ئایەتی کەلالە هۆی هاتنەکەی من بووم، دەی ئەوا بە پێی ئەم فەرموودەیە دەرکەوت مەبەست لە ئایەتەکە ئەمەیە: پشکی دوو خوشک یا زیاتر لە دوو خوشک دوو سێیەکە.

سێیەکیش بەشە پشکی دوو تاقمەیە:

یەکەم: دایکی مردووەکە، بەو مەرجە کە مردووەکە منالّی نەبێو کوڕمزایشی نەبێ، وە ژمارەیەکیش لە براو خوشکی نەبێ.

دووەم: ژمارەیەك لە براو خوشکی دایکی، کە لە دوو کەس کەمتر نەبن، نێرو مێیان تیادا هاوبەشن بە یەکسانی.

هەندێ جاریش سێیەك دەدرێ بە باپیرە کە لەگەڵ براو خوشکی مردووەکە کۆببێتەوە. بەشە پشکی دایك کە لەم دوو کاتەدا ئاوایە لەم ئایەتە وەرگیراوە: {فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ - سورة النساء - ١١/٤}. وەك لە پێشەوە باسکرا کوڕمزایش وەك کوڕ وایە. ئەوەیش کە دەڵێین: ژمارەی براو خوشکەکان لە دووکەس کەمتر نەبن، گەرچی ژمارەکەیان لە ئایەتەکەدا بە دارێژگە (صیغە)ی کۆیە، کۆ (جەمع)یش

لە سێ کەسەوە دەست پێدەکا، نەك لە دووەوە، ئەمە لەبەر ئەمەیە: چونکە جارو بار بۆ دوویش کۆ بەکار دەهێنرێ!.

ئیبنو عەببباس بە عوسمانی فەرموو: تۆ چۆن بەشی دایك بە دوو برای مردووەکە لە سێ یەکەوە دەبەی بۆ شەش یەك، کەی دووبرا نە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (اخوة)؟ عوسمان (رەزای خوالە مەمووپان بێ) فەرمووی: هەرشتێ لە پێش جێنیشینیی منداً، لە سەردەمی پێغەمبەرو ئەبو بەکردا سەری گرتبێو بەناو ولاتو شارانا پەخش بووبێتەوە، من ناتوانم دەستکاری بکەمو هەڵی بوەشێنمەوە، مەبەستی ئیمامی عوسمان لەم وەلامە ئەوەیە: کە پێش ئەوەی کە ئیبنو عەببباس ئەم رەخنەیە بگرێ موسوڵمانان بە کۆمەڵی بەو شێوەیە بەشیان بۆ دایك داناوە، ئەی فەرائیز خوا! بزانە لە دوو وێنەدا دایك سێیەکی ئەوە دەبا، کە پشکی مێرد، یا ژنی لێ دەردەکرێ.

شێوەی یەکەم: مێردێكو باوكو دایکێ. نیوەی هی مێردەکەیە، سێیەکی باقی (کە شەش یەکی سەرجەمی کەلەپوورەکەیە) بۆ دایکەو هەچیش لە دایکەکە مایەوە کە دوو سێیەکی باقییە بۆ باوکە.

شێوەی دووەم: ژنو باوكو دایکی مردوو بکەونە یەك. چواریەکی سەرجەمی کەلەپوورەکە بۆ ژنەکەیە، سێیەکی مەندە (باقی)یەکەی بۆ دایکەکەیە، مەندەکەیشی بۆ باوکەکەیە. کەواتە: پرسیار (ئەسئلە)ی یەکەم لە شەشە، چونکە پشکی مێردەکە نیوەیەو پشکی دایکەکەیش سێیەکی نیوەیەو لێ دەرهێنراو (مەخرەج)ی سێیەکی نیوە شەشەو بەشی مێردەکەی لەناودایە، جا لەو شەشە مێردی

مردووەکە سێ بەش دەباو دایکەکەی بەشێك، چونکە سێیەکی نیوەکە کە ماوەتەوە یەکە، وە باوکەکەیش دوو بەش دەبا. پرسیاری دووەمیش لە دوازدەیە، چونکە بەشی ژنەکە چواریەکەو بەشی دایکەکە سێیەکی چواریەکە باقی یەکانە. لێ دەرهێنراوی سێیەکی چواریەکەکان دوازدەیەو چوار لەناو دوازدەدایە. سێ بەش لە دوازدە، کە چواریەکی سامانەکەیە بۆ ژنەکەیەو، سێ بەشی کەسێیەکی نۆ بەشە باقییەکەیە بۆ دایکەکەیەو، شەش بەشیش بۆ باوکەکەیە.

بەڵام ئیبنو سورەیج رای وایە: کە لەم دوو کاتەیشدا دایك سێیەکی تەواوی سەرجەمی ماڵەکەی بۆ هەیە، بەڵگەیشی ئەوەیە کە رواڵەتی ئاشکرای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ. ئەوەیش کە گوتمان بەشی دوو برای دایکی، یا دوو خوشکی دایکی، یا زیاتر لە هەردوولا، سێیەکە بەپێی ئەم ئایەتەیە: {فَإِن كَانُوٓاْ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ – سورة النساء – ١٢/٤} چونکە ئەم ئایەتە لە بارەی کەلەپووری منالّی دایکییەوە هاتووە. شەشیەکیش بەشە پشکی حەوت تاقمە:

یەکەم: دایکی مردووەکە، بەو مەرجە مردووەکە کوڕ یا کوڕەزای ببێ، یاخود ژمارەیەکی لە براو خوشك ببێ لە دوو کەمتر نەبن. بەڵگەی ئەمە ئەم فەرمایشتەی زاتی مەزنە: {وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ – سورة النساء – ١١/٤} لەگەڵ ئەم فەرمایشتەیدا: (فان كان له اخوة فلامه السدس) لە پێشەوە باسی

ئەوەمان کرد کە کورەزا وەک کور وایە، باسی ئەوەیشمان کرد کە جارو بار دارێژگەی کۆ بۆ دوویش بەکار دێ.

دووەم: ئەنکی مردووەکە، بەمەرجێ دایکی نەمابێ، ئیتر خوای دایکی دایکی مرووەکە بێ، یا دایکی باوکی مردووەکە بێ جیاوازی نیە، هەرچەند بەرەو زووریش بڕوا، چونکە قوبەیصەی کورِی ذوئەیب دەفەرموێ: ئەنکێ هات بۆ خزمەتی ئەبو بەکر، داوای بەشە پشکی خۆیی لێ کرد لە هی مردوویەک، فەرمووی: لە قورئانا کە نامەی خودایە، بە دەق هیچ بۆ نەنک دیاری نەکراوە، وە لە سوننەتی پێغەمبەریشدا لە بارەی ئەم پرسیارەی تۆوە خۆم ئاگام لە هیچ وەلامێ نیە، جا تۆ برۆرەوە هەتا پرسیار لە هاورێیان دەکەم، جا کە پرسیاری کرد، موغیرەی کورِی شوعبە فەرمووی خۆم بە دیارەوە بووم کە حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} شەش یەکیدا بە نەنک. ئەبو بەکر پێی فەرموو: کەسی تر لەگەڵ تۆدا هەیە کە ئاگای لەم مەسەلەیە بێ؟ موحەممەدی کورِی مەسلەمەیش هەڵسا فەرمووی: منیش بە دیارەوە بووم. جا ئەبو بەکر شەش یەکەکەی داپێی. پاش ماوەیێ نەنکەکەی تریش هات بۆ لای حەزرەتی عومەر {ڕەزای خوای لێبێ} داوای بەشی خۆی لێکرد، فەرمووی: لە قورئانا کە نامەی خوایە، بە دەق هیچ بۆ نەنک دیاری نەکراوە، ئەو حوکمەیش کە لە سەردەمی ئەبو بەکردا دراوە بۆ نەنکەکەی تر بوو، بۆ تۆ نەبوو، منیش لە خۆمەوە ناتوانم پشکێ لە پشکەکانی کەلەپوور پتر بکەم، وەکی تریش خۆی هەر ئەو شەشیەکەیە، جا ئەگەر ئێوەی نەنک هەردوولاتان یەکتان گرت: ئەوا شەشیەکەکە نیوەییتانە هەر کامێکیشتان هەر تەنها خۆی بوو ئەوە هی خۆیەتی.

زەیدیش {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} شەشیەکی دەدا بە نەنك، مەرجێ دایکی نەمابێ، جا هەر کاتێ دوو نەنك کە لە بەیەك پایەدا بوون کۆبوونەوە ئەوە بەپێی ئەسەرەکەی قوبەیصە شەشیەکەکە ناوکۆییانە. بەڵام ئەگەر نەنکێکیان لەوی تریان لە مردووەکەوە نزیکتربوو، ئەوە سەرنج دەدەین ئەگەر ئەو نەنکە نزیکترە لە لایەنی دایکەوەبوو، وەك دایکی دایك، لەگەڵ دایکی دایکی دایكو، لەگەڵ دایکی باوکی باوکدا یەك بگرن، ئەوە نزیکە کە دووەکان، بێ بەشی تەواو دەکات، خوای لە لایەنی دایکەوەبن، یا لە لایەنی باوکەوەبن، دایکی خۆی بۆیە بێ بەش دەکات چونکە بەهۆی خۆیەوە دەگاتەوە بە مردووەکە، دایکی باوکی باوکیش بۆیە بێ بەش دەکا چونکە دوور تەرە، یاسایەکی رەساویشە کە پلەی نزیك پلەی دوور لەکار دەخات. وەڵێ ئەگەر ئەو نەنکە نزیکترە لە لایەنی باوکەوە بوو، وەك دایکی باوكو دایکی باوکی دایك، ئەوە نزیکە کە دووەکە بێبەش ناکا، بەڵکوو هەردوو لایان دەبن بەهاوبەش لە شەش یەکدا، چونکە نەنکێ لە لایەنی دایکەوەبێ بە باوك بێبەش ناکرێ، دەی کەواتە بە نەنکێ کە بەهۆی باوکەوە بگاتەوە بە مردووەکە باشتر بێبەش ناکرێ!.

سێیەم: شەشیەك بەشە پشکی کچی کوڕە کاتێ لەگەڵ کچی هەقی مردووەکەدابێ، یا لەگەڵ کچی کوڕێکی لە خۆی نزیکتردابێو برایشی لەگەڵدا نەبێ. چونکە هوذەیلی کوڕی شەرەحبیل {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پرسیار کرا لە ئەبو مووسا: مردووەیەك هەیە، کچێك و کچی کوڕێكو خوشکێکی هەیە، کەلەپوورەکەیان چۆن لێ بەش دەکرێ؟ فەرمووی: نیوەی بۆ کچەکەیەتیو نیوەی بۆ خوشکەکەیەتی، وە کچی

کورِهکهی هیچی ناکهوێ، وهبشچۆ بۆلای ئیبنو مهسعوود لهویش بپرسه، دهبینی ئهویش ههر وهك من دهڵێ، جا پرسیارکرا له ئیبنو مهسعوود، وه قسهکهی ئهبو موساشیان بۆ گێڕایهوه، ئهویش فهرمووی: ئهگهر وابێ دهبێ من رێگهم ههڵهکردبێو سهرم لێ شێواببێ، بهڵام من لهم مهسهلهدا وهك پێغهمبهر خۆی (درووده خوای لهسهربێ) بڕیار دهدهمو حووکم دهکهم: بۆ کچهکه نیوه ههیه، بۆ کچی کورِهکهیش شهش یهك ههیه، که بهردوولا دهکهنه دوو سێیهك، وه ههرچیش لهوان مایهوه بۆ خوشکهکهیه. جا چووینهوه بۆ لای ئهبو مووساو قسهکهی ئیبنو مهسعوودمان بۆ گێڕایهوه، فهرمووی: ئێوه که ئهم زانا گهورهیهتان له ناودایه لهمن مهپرسن (بوخاریو ئهبو داوودو تیرمیذیو نهسائی). کچی کورِ ئهگهر لهیهك پتر بوون شهشیهك وهك یهك ناوکۆیی یانه به یهکسانی، ئهگهر کچی ههقی مردووهکهیش له یهك زیاتر بوون ئهوه تهواوی دوو سێیهکهکه که دهبهن بۆ خۆیانو هیچ بۆ کچی کورِ نامێنێتهوه.

چوارهم: بۆ خوشکی باوکییه، یهکێ بێ یا زیاتر، بهو مهرجه لهگهڵ خوشکێکی باوکیو دایکی دابێو برایشی لهگهڵدا نهبێ. چونکه ههموو خوشکێ لهیهك پلهدان، که پلهی خوشکایهتییه بهڵام خوشکی ههق بههۆی زیاتری تهرهفی خزمایهتییهوه له پێشتره، بۆیه خوشکی باوکی لهگهڵ خوشکی ههقدا حسێبی کچی کورِی بۆ دهکرێ لهگهڵ کچی ههقی مرووهکهدا (**بنت الصلب للميت**). جا خوشکه باوکییهکان یهك بن یا پتر ئهو شهشیهکه ناوکۆییانه، رێك وهك چهند کچێکی کورِ که لهگهڵ کچێکی ههقدا کۆببنهوه شهشیهك ناوکۆییانه ئهمانهیش ئاوا.

پێنجەم: بۆ باوکە، بەو مەرجە مردووەکە منالّ یا کوڕەزای هەبێ چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ - سورة النساء - ١١/٤}.

شەشەم: بۆ باپیرەیە، بەو مەرجە باوکی مردووەکە نەمابێ، وە مردووەکە منالّ یا کوڕەزای ببێ، ئەمەیش بەپێی یەکگرتن.

حەوتەم: بۆ تەنها برای دایکی یا تەنها خوشکی دایکییە. چونکە خوای مەزن دەفەرموێ: {وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ - سورة النساء - ١٢/٤} ئەم ئایەتە بۆیە دەبێ بە بەلگە بۆ ئەم بڕیارە، چونکە بۆ رووڵکردنەوەی بەشی برای دایکیو خوشکی دایکی هاتوە، بە بەلگەی خوێندنەوەی سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصو ئیبنو مەسعوود (رەزای خوایان لێبێ) کە لە قیرائەتی ئەوانا ئاوایە: {وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ مِن بَعْدِ أم}. چونکە زانایانی شەرع دەفەرموون: (قیرائەتی شاذذە لە پایەی فەرموودایە) کەواتە: بڕیاری پێ دەچەسپێ، واتە: حوکمی پێ ثابت دەبێ.

٢٤٦) بێبەشبوونی نەنکەکان بەهۆی دایکی مردووەکەوە:

ئەی کەسێ دەتەوێ شارەزای زانستی کەلەپوور زانیبێ! بزانە کە هەموو نەنکێ، خوای لە تەرەفی دایکەوەبێ، وەك دایکی دایك، یا لە تەرەفی باوکەوەبێ وەك دایکی باوك، هەر چەند بەرەو ژورتریش بڕوا،

به دایکی مردووەکه بێ بەشی تەواو دەبێ. هۆی ئەم بێبەشبوونەیش ئەوەیە ئەم شەش یەکە کە دەدرێ بەمان لە بنەڕەتدا هی دایکە، کەواتە هەرکاتێ دایک خۆی مابوو دەدرێ بە خۆیی‌و هیچ بۆ ئەمان نامێنێتەوە، رێك وەك چۆن ئەگەر باوك مابوو باپیر بێ بەش دەبێ ئاوا.

لاباسێ:

پرسیارێ: مردوویێ دایکی دایك‌و دایکی باوك‌و باوکی هەبێ. دەڵێین: ئەنکی تەرەفی دایك کەس بێبەشی ناکا دایك خۆی نەبێ، بەڵام ئەنکی تەرەفی باوك بە باوکیش‌و بە دایکیش بێبەش دەبێ، کەواتە لەم پرسیارەدا دایکی باوك کە ئەنکی تەرەفی باوکە بێبەش دەبێ بە باوکەکە، بەڵام دایکی دایك، کە ئەنکی تەرەفی دایکە، شەشیەکی بۆ هەیە بە تەواوی، مەندەی ماڵەکەیش بۆ باوکەکەیە بە باوەنێتی بۆی ماوەتەوە.

٢٤٧) بێبەشبوونی تەواوی براو خوشکی دایکی بەهۆی ئەم چەند کەسەوە:

براو خوشکی دایکی بێبەشی تەواو دەبن بە باوك‌و باپیرەو بە منداڵی مردووەکە، خوای نێرینە بن یا مێیینە، بە کوڕەزایش براو خوشکی دایکی دیسان بێبەش دەبن، هەر چەند بەرەو خواریش بووبێتەوە. چونکە خوای گەورە کەلەپووری خوشك‌و برای دایکی لەناو بەشی کەلالەدا داناوە. کەلالە واتە: مردوویەکی کەلەپوور بەخش کە نەوەچەو نە بنەچەی نەمابێ.

٢٤٨) بێبەشبوونی تەواوی براو خوشکی باوکی:

براو خوشکی باوکی بە تەواوی بێبەش دەبن بە باوك‌و بە کوڕو بە کوڕی کوڕو بە برای باوکی‌و دایکی، چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەموو خاوەن بەشێ، بەشە پشکی دیاری کراوی خۆی پێبدەن، بەپێی دەقی ئایەتەکانی قورئان، ئینجا هەرچی مایەوە لە خاوەن بەشەکان، ئەوە بۆ خزمەترین کەسە، بەمەرجێ کە نێرینەبێ (ش/ د/ ت) دەی بێگومان کە باوك‌و کوڕو کوڕی کوڕ نزیکترن لە برا، برای باوکی‌و دایکی پێش دەخرێ لە برای باوکی چونکە لە تەرەفی دایکیشەوە دەگاتەوە بە مردووەکە، پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: برای باوکی‌و دایکی کەلەپوور لە یەکتری دەگرن، ئەگەر برای باوکییان لەگەڵ بوو، ئەو کەلەپوور ناگرێ.

٢٤٩) بێبەشبوونی تەواوی برای باوکی‌و دایکی‌و خۆشکی دایکی‌و باوکی:

ئەمانیش بێبەش دەبن بەم سێ کەسە: بە کوڕو بە کوڕی کوڕو بە باوك، چونکە ئەم سێ تاقمە لە خوشك‌و برا نزیکترن بە مردووەکە، کەواتە بەر بڕیارە گشتیەکەی فەرمایشتەکەی پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} دەکەون کە دەفەرموێ: (.. بۆ خزمترین کەسە..)➡.

٢٥٠) چوار کەس هەن خوشکی خۆیان دەکەن بەباوان (واتە: بەعەصەبە).

کوڕو کوڕی کوڕو بـرای هـەقو بـرای بـاوکی، خوشـکی هاوپایـەی خۆیان دەکەن بە باوان، بەم چوارکەسە نەبێ، خوشك بەکەسـی تـر نابـێ بـە بـاوان، جـا لـەکاتی کۆبوونـەوەی ئەمانـەدا لەگـەڵ خوشـکیانا، کەلەپوورەکە ئاوا دابەش دەکرێ: لە بـۆ کـوڕ دوو هەنـدەی بەشـی کچێ هەیە. کوڕ کە خوشکی خۆی دەکا بە باوان بەپێی ئەم ئایەتـە پیرۆزەیـە: {یُوصِـیکُمُ اللّـهُ فِـي اَوْلاَدِکُـمْ لِلـذَّکَرِ مِثْـلُ حَـظِّ الأُنثَیَـیْنِ} کـوڕی کوڕیش (وەك چەند جار دووپاتمـان کـردەوە) بـەرمنالّی مـرۆڤ دەکـەوێ، ئەگەر بەربکەوێ ئەوا باشەو ئەویش بە پێی ئەم ئایەتـە خوشـکی خـۆی دەکا بە عەصەبە، دەنا بە قیاس لەسەر کوڕ چەسپاوە کە خوشـکی خـۆی دەکـا بـە بـاوان. بـرایش کـە خوشـکی خـۆی دەکـا بـە بـاوان بـەپێی ئـەم ئایەتـەی تـرە: {وَإِن کَـانُواْ إِخْـوَةً رِّجَـالاً وَنِسَاء فَلِلـذَّکَرِ مِثْـلُ حَـظِّ الأُنثَیَـیْنِ} بۆیـەیش تـەنیا ئـەم چوارکەسـە خوشـکی خۆیـان دەکـەن بـە باوانو کەسانی تـر بێجگـە لەمانـە خوشـکی خۆیـان بـۆ نـاکرێ بـە بـاوان چونکە خوشك لـە غـەیری ئـەم چـوارکاتەدا بـێ کەلـەپووره، چـونکە لـە دەستەی خالّوانـە! بـۆ نموونـە: مامـە کـە بـرای باوکـە خوشـکی خـۆی بـۆ ناکرێ بە باوان، چونکە خوشکی باوکی مردووەکەیشە، خوشکی بـاوکیش لە خالّوانە!.

٢٥١) ئەم چوار تاقمەیش خۆیان کەلەپوور دەگرن، بەڵام خوشکەکانیان کەلەپوور ناگرن:

مامەو کوڕی مامەو کوڕی براو باوانی ئازدکەر، مامەو کوڕی مامەو کوڕی برا بۆیە کەلەپوور دەگرن چونکە خۆیان لە باوانن، بەڵام خوشکەکانیان لە خاڵوانن، باوانی ئازادکەریش بەپێی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (درووده خوای لەسەربێ) کەلەپوور دەگرن: سەرداریی واتە: ولاء-ی بەندەی ئازادکراو دەق تانو پۆیە وەك تانو پۆی رشتەی هاوپشتی، نەدەفرۆشرێو نە دەبەخشرێ بە کەسێکی تر. (ئیبنو خوزەیمەو ئیبنو حەببانو حاکم گێڕاویانەتەوە) حاکم دەفەرموێ: رشتەکەی ساغە، بەڵام بەیهەقی دەفەرموێ: (زەدەدارە) دیارە کە هاوپشتیی رەچەڵەك بڕێتییە لە بەرەی باوان. جا هەرکاتێ مافی سەرداریی بۆ کەسێ دامەزرا، وە خۆی مرد ئەو مافە دەچێ بۆ باوانەکانی. کۆگر (ضابط)ی ئەو کەسەی کە بەهۆی سەرداریەوە کەلەپوور دەگرێ: هەموو نێرینەیێ کە ببێ بە باوانی ئازادکەر. جا لەسەر ئەم بنیاتە هەرکاتێ بەندە ئازادکراوەکە لەپاش ئازادکەرە کەی مرد، وە لە هاوپشتی خۆی باوانی نەبوو، ئەوە کەلەپوورەکەی (یا ئەوەی لە بەشەپشك دەمێنێتەوە) دەدرێ بەنێرینەی باوانی ئازادکەرەکەی، بۆ نموونە: کۆنە بەندەیێ مرد، خاوەنە ئازادکەرەکەی نەمابوو، بەڵام ئازادکەرەکەی کوڕێك و کچێك و باوك و دایك و بایەك و خوشکی بوو، کەلەپوورەکەی بۆ نیچرینەکەیانە، بەشی مێینەکانی لێ نادرێ.

٢٥٢) کەلەپووری باپیرە لەگەڵ براو خوشکدا:

هەرکاتێ باپیرەی تەرەفی باوك لەگەڵ براو خوشکی باوکی‌و دایکیدا، یا لەگەڵ براو خوشکی باوکیدا کەوتنە یەك، ئەوە ئەگەر خاوەن پشکیان لەگەڵدا نەبوو، کام بەشێ زۆرترە لە سێیەکی هەموو کەلەپوورەکە، یا لە برابەشی لەگەڵیاندا، باپیرە ئەوە دەبا، ئەوەیش بوزانین کە برایەك بە دوو خوشك دەژمێررێ، هەرکاتێ باپیرە بە برابەشی کەلەپووری گرت وەك یەك برا وایە، ئەگەر سێیەکی برد پاشماوەکەی کەلەپوورەکە لە نێوان خوشکەکاندا دابەش دەکرێ. جاری وا هەیە برابەشی‌و سێیەك وەکوو یەکن، وەکوو ئەوە ژمارەیان دوو قاتی باپیرەبێ، وەك باپیرە لەگەڵ دوو برادا، یا باپیرە لەگەڵ برایەك‌و دوو خوشکا، یا باپیرە لەگەڵ چوار خوشکا، لەم وێنانەدا سێیەك‌و برابەشی بۆ باپیرە وەك یەکن، بەڵام جاری وا هەیە سێیەك باشترە بۆی، دەستوری کۆگر بۆ ئەمە ئاوایە: ئەگەر براو خوشکەکان ژمارەیان کەمتر بوو لە دوو قاتی باپیرەکە، ئەوە برابەشی قازانجی زۆرترە، ئەگەر ژمارەیان دوو قاتی باپیرەبوو ئەوە سێیەك‌و برابەشی وەکوو یەکن، ئەگەر ژمارەیان لە دوو قاتی باپیرە پتر بوو، ئەوە سێیەك قازانجی زۆرترە. جۆری یەکەمی ئەم کۆگرە ئەم پێنج شێوەیەی هەیە:

١) باپیرە لەگەڵ یەك خزشکدا، لێرەدا پرسیارەکە لە سێیە، دوو بەش بۆ باپیرەکەو بەشێ بۆ خوشکەکە.

٢) باپیرەو دوو خوشك، پرسیارەکە لە چوارە، دوو بۆ باپیرەکەو دوو بۆ خوشکەکان.

٣) باپیرەو برا یەك، مەسەلەكە لە دووە، یەكێ بۆ باپیرەو یەكێ بۆ براكە.

٤) باپیرە لەگەڵ براو خوشكێكدا، پرسیارە كە لە پێنجە: دوو بۆ باپیرەكەو دوو بۆ براكەو یەك بۆ خوشكەكە.

٥) باپیرەو سێ خوشك. پرسیارەكە لە پێنجە دوو بۆ باپیرە، سێ بۆ سێ خوشكەكان.

جۆری دووەم: لە پێشەوە باسكرا.

جۆری سێیەمیش: شێوەی زۆرەو صورەتەكانی لەبەر زۆری ئاژمێرێ، وەك ئەوە كە باپیرە كۆببێتەوە لەگەڵ سێ برادا. لێرەدا مەسەلەكە لە سێیە، چونكە سێیەك باشترە بۆ باپیرە، یەكێك بۆ باپیرەو دوو بۆ سێ براكە، كە بەشناكرێ بە سەریاندا، جا سێ دەدەین لە سێ دەبێ بە نۆ، سێ بۆ باپیرەو شەش بۆ سێ براكە، یەكی دوو بەش.

هەتا ئێستا قەسەمان لەوەبوو كە خاوەن پشكیان لەگەڵدا نەبێ، بەڵام ئەگەر خاوەن پشكیان لەگەڵدابوو ئەوە تەماشا دەكەین و بە پێی ئەم دەستوورەی دواوە بڕیار دەدەین، جارێ بابزانین ئەو خاوەن پشكانە كێو كێن كە دەگونجێ لەگەڵ باپیرەو براو خوشكا كۆببنەوە: بڕێتین لەكچو كچی كورو دایكو نەنكو مێردو ژن، كە شەش تاقمن[1].

---

[1] بەراستی لێرەدا ئەصڵەكە زۆر كورتەوەكراوە، بۆیە كەمێ درێژە بە باسكە دەدەین تا خوێنەری ئازیز بە باشی لێی حاڵی ببێ. من بۆ ئەوەی بۆ خۆم لە عیبارەتی ئەصڵەكە حاڵی ببم دەبێ زۆر بە وردی موتاڵای ئەم سەرچاوانەی ترى بۆ بكەم: (كفایة

جا کاتێ باپیرەو خوشک‌و براو خاوەن بەشەپشکی دیاری کراو لە پرسیارێکا کۆبوونەوە، ئەوە سەرنج دەدەین: ئەگەر خاوەن پشکەکان هەموو کەلەپوورەکەیان دەبرد بۆ خۆیان‌و هیچ بۆ باپیرە نەدەمایەوە، یا بەس شەشیەک دەمایەوە لێیان، یا کەمتر لە شەشیەک دەمایەوە لێیان ئەوە لەم سێ حاڵەتەدا خوشک‌و براکان بێ بەشی تەواو دەبن‌و شەشیەک دلەسەر ئەم سێ شێوەی دواوە دەدرێ بە باپیرە.

١- **حاڵی یەکەم:** باپیرەو براو خوشک‌و دوو کچ‌و دایک‌و مێرد. ئەم پرسیارە لە دوازدەیە، بەهۆی عەولەوە زیادی دەکەین بۆ سیازدە بۆ تەواوکردنی بەشی دایکەکە، وە بۆ پازدەیش بۆ پەیداکردنی شەشیەکی باپیرەکە. وە لەم ژمارەیەدا هەشتی بۆ دوو کچەکەو سێی بۆ مێردەکەو دووی بۆ دایکەکەو دووی بۆ باپیرەکەیەو براو خوشکەکە بێ بەشن بەهۆی ئەوەوە کە خاوەن پشکەکان هەموو کە لەپوورەکەیان داگرتووەو هیچ بۆ ئەوان نەماوەتەوە بە استغراق.

٢- **حاڵی دووەم:** باپیرەو دوو کچ‌و دایک‌و برایەک. لێرەدا کچەکان دوو سێیەک دەبەن‌و دایکەکە شەشیەک دەبا، مەسەلەکە لە شەشە: چواری بۆ کچەکان‌و یەک بۆ دایکەکەو یەک بۆ باپیرەکە،

الاخیار ومغنی المحتاج‌و شەریعەتی ئیسلام‌و فتح المعین‌و سەرچاوەکانی حەدیثیش. کەواتە زۆر ئەستەمە کە ئەم لاوانەی تێی وروکاون بە باشی لێی حاڵی بن. خوایاربێ ئەم وەرگەڕاوە باشترین شەرح‌و راڤەدەبێ بۆ ئەم کتێبە پیرۆزە.

- وەرگێڕ -

براکەیش بێبەش دەبێ، چونکە خاوەن بەشەکان هەموو بەشەکانیان داگرتووە.

خاڵی سێیەم: باپیرەو برایەك‌و دوو کچ‌و مێردێ. دوو کچەکە دوو سێیەك‌و مێردەکە چواریەك دەبا. جا لەبەر ئەوە کەسێ‌و چوار موتەباییننن، سێ زەرب دەکەین لە چواردەبێ بە دوازدە، هەشتی بۆ کچەکان‌و سێی بۆ مێردەکە یەکێکی دەمێنێتەوە شەشیەکی دوانزە تەواو ناکا، ژمارەی مەسەلەکە دەگەیەنینە سیازدە دوو بەشەکە دەدەین بە باپیرەکەو، براکە بێبەش دەبێ بەهۆی داگرتنی هەموو کەلەپوورەکەوە لە لایەنی خاوەن پشکەکانەوە.

هەتا ئێستا قسەمان لەوە بوو کە لە خاوەن پشکەکان شەشیەك، یا کەمتر لە شەشیەك بمێنێتەوە، یا هیچ نەمێنێتەوە لێیان، بەڵام ئەگەر زیاتر لە شەشیەکیانی لێمایەوە، ئەوە ئەم سێ حاڵەتە کامیان قازانجتر بوو بۆ باپیرە ئەوەیان بۆ هەیە:

١) **حاڵی یەکەم:** برابەشی لەگەڵ براو خوشکەکاندا.

٢) **حاڵی دووەم:** سێیەکی پاشماوەی پشکەکان.

٣) **حاڵی سێیەم:** شەشیەکی سەرجەمی ماڵەکە.

جا دەستووری ئەوەیش کە بزانین کام لەم سێ حاڵە قازانجی پتر بۆ باپیرە ئەمەیە: دەڵێین: ئەگەر پشکە دیاریکراوەکە نیوە بوو، یا لە نیوە کەمتر بوو، وەك چوار یەك، یا سێیەك، یا شەشیەك، ئەوە ئەگەر ژمارەی براو خوشکەکان کەمتر بوو لە دوو ئەوەندەی باپیرە،

ئەوە بـرا بەشـی قـازانجی زۆرتـرە. وە ئەگـەر لـە دوو ئەومنـدەی بـاپیرە زیـاتر بـوو، ئـەوە سێیەکی پاشماوەی بەشـە پـشکەکان قـازانجی پـترە، وە ئەگـەر رێـك دوو قـاتی بـاپیرە بـوو ئـەوە برابەشـیو سـێیەکی پاشمـاوە هەردوولا وەکوو یەکن. وە ئەگەر پشکەکان دوو سێیەك بـوو ئـەوە تـەنها لـەم شـێوەیەدا برابـەش قـازانجی پـترە بـۆ بـاپیرە کـە یـەك خوشـکی لەگەڵدابێ، دەنا هەر شەش یەکی سەرجەمی کەلەپوورەکە قـازانجی پـترە بـۆی. وە ئەگـەر بەشـە پـشکی خـاوەن بـەش لـە نێـوانی نیـوەو دووسـێیەکدابوو، وەك نیـوە هەشـت یـەك، ئـەوە لـەم سـێ شـێوەدا کـە ژمـارەی بـراو خوشـکەکان ئەومنـدەی بـاپیرەن یـا کـەمترن برابەشـی قازانجترە، سێ شێوەکان ئەمانەن: باپیرەو برایێ، باپیرەو دوو خوشك، وە ئەگەر ژمارەی براو خوشکەکان لە بـاپیرە زیـاتر بـوون، وەك بـاپیرەو دوو برا، باپیرەو سێ خوشك ئەوە شەشیەك قازانجترە.

بزانن:

خوشـکی مـردوو لەگـەڵ بـاپیرەدا بەشەپـشکی بـۆ دانـانرێ، دەنـا دەبێ لە باپیرە زیاتر بـەرێ، لـە راستیدا ئـەم بـاپیرەو خوشـکو برایانـە، وەکو کۆمەڵێ براو خوشك وانە کە کەوتبنە یەك، وە ئەو نیوەی ماڵە، یـا ئەو دووسێیەکە کە لە هەندێ شوێنا پێیان دەدرێ لەسەر شێوەی خـاوەن پـشکیو پـشك وەرگـرتن نـەبوو. تـەنیا مەسـەلەیەك هەیـە لـەو شـوێنەدا پشك بۆ خوشك لەگەڵ باپیرەدا دادەنرێ، کـە نـاوداڕە بـە ئەکدەرییـە کـە بڕێتییـە لـە بـاپیرەو مێـردو دایـكو خوشـکی هـەق یـا خوشـکی بـاوکی. جالـەم مەسـەلەیەدا مێـرد نیـوەو دایـك سـێیەکو بـاپیرە شـەش یـەکو

خوشك نیوه دهبا. کهواته ئهصڵی مهسئهلهکه له شهشه، وه بهعهول (واته: پترکردن) پتر دهکرێ بۆ نۆ جا لهم ژمارهیه شێی بۆ مێردهکهیهو دووی بۆ دایکهکهیهو یهکێکی بۆ باپیرهکهیهو سێی بۆ خوشکهکهیه، واته: ٩/٣ مێرد ٩/١ بۆ باپیره ٩/٣ بۆ خوشك ٩/٢ بۆ ایك = ٩/٣ + ٩/١ + ٩/٣ + ٩/٢ = ٩/٩ = ١ ئهمجا لهبهر ئهوه که باپیره لهگهڵ ئهو خوشکهدا وهك براو خوشك وایه، دهبێ به دهستووری کۆبوونهوهی چهند باوانێ، ئهو یهك بهشهی باپیرهکه لهگهڵ سێ بهشهکهی خوشکهکهدا دابهش بکرێ بهسهریانا، واته: دهبێ لهم چواربهشه باپیره دوو ئهومندهی خوشکهکه ببا، چونکه بهپێی یاساو دهستووری باوان نێرینه دوو ئهومندهی مێیینه دهبا، جا لهبهر ئهوه که چوار ناشکێیهوه بهسهر سێدا، سێ زهرب دهکهین له نۆ، دهبێ به بیستو حهوت. نۆی بۆ مێردهکهو شهشی بۆ دایکهکهو دوازدهی دهمێنێتهوه بۆ باوانهکان که باپیرهو خوشکهکهن، ههشتی بۆ باپیرهو چواری بۆ خوشکهکه.

لێرهدا دهڵێین: بۆیه لهم مهسهلهی ئهکدهرییهدا پشك بۆ خوشك دادهنرێ، چونکه ئهگهر پشکی بۆ دانهنرێ کهسێکی خاوهن پشك بهبێ بهلگه بێبهش دهکرێ، چونکه لهم مهسهلهیهدا کهسێ نیه که خوشك له بهشی خۆی بێ بهش بکا، ئهگهر باپیرهیش بیکا به باوان ئهوه پشکی خۆی که شهشیهکه کهم دکا، چونکه مهسئهلهکه ئاوا دهکرێتهوه: مێردهکه نیوه دهبا، دایك سێیهك دهبا، باپیرهو خوشکهکهیش دامان نان به باوان، مهخرهجی نیو دووه، مهخرهجی سێیهکیش سێیه، جا لهبهر ئهوه که دوو و سێ موتهباینن دوو زهرب دهکهین لهسێ، دهبێ به شهش، سێی بۆ مێردهکهو دووی بۆ دایکهکهو یهکێك دهمێنێتهوه،

دابەش ناکرێ بەسەر سێدا، کە ژمارەی باوانەکانە، چونکە باپیرە بە دوو دادەنرێ، زەربی ژمارەی سەری باوانەکان دەکەین لە شەش دەبێ بە هەژدە، نۆی بۆ مێرد، شەشی بۆ دایک، سێی دەمێنێتەوە کە رێک شەشیەکی هەژدەیە، بەڵام بەتەواوی بەر باپیرناکەوێ، چونکە دووی بۆ ئەومو یەکێکی بۆ خوشکی مردووەکەیە، کەواتە: خوشکەکە خاوەن بەش بێ بۆ هەردوولا قازانجتر!.

بەڵام ئەگەر لەم پرسیارەدا لە جیاتیی خوشکەکە برایەک بوایە، ئەوە بەهۆی داگرتن (استغراق)ی کەلەپوورەکەوە لە لایەن خاوەن پشکەکانەوە بێبەش دەبوو، وە هیچی دەست نەدەکەوت، چونکە برا لە باوانە لە قورئانا، لە خاوەنی پشکی دیاری نیە، لەو باوان نەیشەوە کە بەئیستیغراق بێبەش دەبن، بەڵام خوشکی مردوو ئەگەر یەک بوو، وەنەیش دەکرا بە باوان، پشکی دیاریکراوی خۆی بەپێی ئایەت نیوەیە، لەبەر ئەوە شیاونیە بەهۆی استفراق واتە: گرتنەوەی کەلەپوورەوە بێبەش بکرێ!.

وە ئەگەر لەم پرسیارەدا لە جیاتی خوشکەکە دوو خوشک بوونایە، پرسیارەکە عەول (پترکردن)ی تێ نەدەکەوت مەسەلەکە لە شەش دەبوو، سێ بۆ مێرد، یەک بۆ دایک، چونکە پشکی دایک لەم کاتەدا شەشیەکە، چونکە ژمارەیەک لە خوشک هەن لە مەسەلەکەدا، پاشماوەکەیش کە دووە بۆ باپیرەو دوو خوشکەکەیە، بەپێی دوو بۆ نێرینەو یەک بۆ مێینەیە. جا ژمارەی سەری باوانەکان کە چوارە دەدەین لە شەش دەبێ بە بیستو چوار، دوازدەی بۆ مێردەکەو، چواری

بۆ دایکەکە، هەشت دەمێنێتەوە، چواری بۆ باپیرەکەیەو دووی بۆ هەر یەك لە دوو خوشکەکە. لێرەدا باپیرە لە بەشی خۆی دانەپەڕیوە، کە شەشیەکە، بەڵکوو بە تەواوی وەری گرتووە. (لەم شوێنەدا عیبادەتی ئەصڵەکە ئەم هەڵەیەی تیایە کە دەفەرموێ: (ولو كان بدل الاخت أخا سقط لحجبه بالجد. لە کفایەکەو مغنی دابەس ئەوەنەیە: ولو كان بدل الاخت أخ سقط). لە راستیدا برا بە باپیرحەجب نابێ، ئەگەر لە باتی خوشك برا بێ بەئیستغراق حەجب دەبێ نەك بە باپیر – وەرگێڕ).

٢٥٣) باسی راسپێری (وەسیێت):

(بڕ: تەجرید/ ٣ل – ٢٦٨ ز: ٥٩).

راسپێری لە شەرعا بریٚتییە لەوە کەسێ مافێکی خۆی بدا بە کسێکی تر لە پاش مردنی خۆی. راسپێری سوننەتێکی دامەزراوە، وایش دەبێ پێویست دەبێ، لە سەرەتای ئیسلامەوە پێویست بوو لەسەر موسوڵمان کە هەموو سامانەکەی بە وصیێت بدا بە خزمەکانی، بەپێی ئەم نایەتە پیرۆزە: {كُتِبَ عَلَيكُم إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرٌ الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ – سورة البقرة– ١٨٠/٢} بەڵام لە دواییدا ئەم جۆرە راسپێرییە هەڵوەشایەوە، بەهۆی هاتنی نایەتەکانی کەلەپوور دابەشکردنەوە، ئێستایش سوننەتێکی گەورەیە بەم دوو مەرجە:

یەکەم: لە سێیەکی ماڵ پتر نەبێ.

دووەم: بۆ کەلەپوور گرنەبێ. خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر موسوڵمانێ شتێکی هەبێ کە بیەوێ راسپێری لە بارەیەوە بکا، هەق وایە دوو شەوی بەسەردا تێ نەپەڕێ، هەتا راسپێرینامەکەی بە نووسراوەیی لە ژوور سەری دادەنێ. (شەیخان). نەوەوی دەفەرموێ: شافیعی دەفەرموێ: مەبەست لەم فەرموودەیە ئەمەیە: جەخت کردنە، نەك دوشەوو سێ شەو، دووربینیش ئەوەیە: سوننەتە زۆر بە زوویی وەسێت بکا، بەڵکوو وا سوننەتە کە لەکاتی لەش ساغیدا وەسێتەکەی بنووسێ. بە یەکگرتنی سەرجەمی موسوڵمانان راسپێری سوننەتە.

بنیات (رکن)ەکانی راسپێری:

راسپێری ئەم چوار بنیاتەی هەیە بەبێ ئەمانە دانامەزرێ:-

یەکەم: دارێژگەی گرێدان، واتە: ئەو گوتەیە کە راسپێرییەکەی پێ دەکرێ.

دووەم: کراو بە راسپێری (مُوصی بِهِ) مەرجەکەی ئەوەیە نافەرمانی نەبێ چونکە راسپێری خۆی بۆ ئەوەیە ببێ بە مایەی چاکەو بۆ بەسەر گرتنەوەی خێرێکە کە لەکاتی خۆیدا نەکراوە، دیارە کە بێ فەرمانی خوا پێچەوانەی ئەوەیە، وەك لە فەرموودەدا دەفەرموێ: لەکاتی سەرەمەرگا خودا خێرێکی گەورەی پێکردوون کە رێگەی پێ داون سێیەکی ماڵەکانتان بکەن بە خێر بۆ خۆتان، هەتا ببێ بە زیادە

چاکەو بچێتە سەر چاکەکانی پێشووتان، هەتا بیکا بەسەرباری کردەوە باشەکانتان. (ئیبنو ماجە/ بەزار/ بەیهەقی/ دارە قوطنی). فەرموودەکە بەڵگەی ئەوەیە: بۆیە رێگەی راسپێری دراوە کە سێیەکی سامان بکرێ بەخێر هەتا ببێ بە زیادەخێرو چاکە، دەی راسپێریکردن بە کردنی گوناە ئەوپەڕی تاوانەو خواو پێغەمبەری خوا رێگەی شتی وایان نەداوە، نە لە قورئانداو نە لە سونەتدا.

دەی هەرچی سوودو بەهرە لێ وەرگرتنی نارەوابێ، راسپێری لە بارەیەوە دانامەزرێ چونکە شتی حەرام بەپێی شەرع بێ بەهرەو بێ سوودە، ئەمەیش وەك سەگی نهێنگرو مەیو بادەو بەرازو تلیاك، چونکە ئەم جۆرە شتانە حەرامنو حەرامە سوود لێ وەرگرتنیان، تەنانەت ئەگەر لە دەستی کەسێکیشدا بن بەوە نابن بەهی ئەوا بەڵام مەرج نیە کە راسپێری پێکراو زات بێ، بەڵکوو دروستە بەهرەی شت بکرێ بە راسپێری، وەك بەهرەی خانوو و شتی وا بکرێ بە راسپێری. هەروا دروستە راسپێری کاتیی بێ یا ئێجگاری بێ، هەتا دروستە بەشتی دیاری نەکراویش، وەك ئەوە بڵێ: مەرێ لە مەڕەکانم خێربێ، هەروەها بە شتێکیش کە لەژێر رکێفدا نەبێو نەتوانێ بیدات بە دەستەوە، وەك مەل بەحەواوە، هەروەها بەشتی نەبووش وەك ئەوە راسپێری بکا کەسکی ئەم هوشترە مێنگەیە خێربێ، چونکە ئەم بابەتی راسپێرییە لەوانی تر فراوانترە.

بنیاتی دووەم:

راسپێریکەر، مەرجەکەی ئەوەیە گەردان (تەصەڕروف)ی لە مالّی خۆیدا دروست بێ، کەواتە راسپێریی شێتو کەللەیی و شێتۆکەو بەرسامدار دانامەزرێ، هەروا راسپێریی منداڵیش دانامەزرێ، چونکە گەردانی منداڵیش دانامەزرێ، وەلێ بۆ نەفام راجیایی هەیە، فەرمایشتی راست ئەوەیە کە راسپێری نەفام (سفیە) دادەمەزرێ.

بنیاتی سێیەم:

راسپێری بۆ کراو (موصی لە) ئەوەیش کە راسپێرییەکەی بۆ کراوە ئەگەر لایەنێ بێ مەرجی ئەوەیە گوناە نەبێ، جا ئەگەر رایسپارد کە جێگەیێ بۆ هەندێ شتی نارەوا دروست بکرێ، ئەوە راسپێرییەکەی پووچەڵە، ئەگەر گوتی ئەمە راسپێری بێ بۆ خەباتی رێگەی خوا، دەدرێ بەو غەزاکەرانەی کە زەکاتیان دەدرێتێ.

راسپێری بە سێیەکی مالّ:

دروستە کە سێیەکی مالّ بکرێ بە راسپێرێ، بەڵام لەپاش دانەوەی قەرز، چونکە بەرای کوڕی مەعروور (خۆشنوودیی خودای لێبێ) راسپێریکرد بۆ پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} کە سێیەکی مالّەکەی بۆ بکا بەخێر، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لێی قەبوولکردو لەپاشا گێڕایەوە بۆ کەلەپووربەرەکانی.

هەروەها بەپێی ئەم فەرموودەیەیش: سەعد فەرمووی: عەرزی حەزرەتم کرد: ئەی باشە دوو بەشی مالّەکەم بکەم بەخێر لەپاش خۆم دروستە؟ فەرموویا نەء، عەرزیم کرد: ئەی نیوەی؟ فەرموویا نەء، عەرزیم کرد: ئەی سێیەکی؟ فەرموویا سێیەکی دەبێ، بەلّام سێیەکیش هەر زۆرە، لە سێیەکیش کەمتربێ باشترە، چونکە تۆ لەپاش مردنت میراتبەرەکانت بە دەولّەمەندی بەجێ بهێلّیت گەلێ لەوە باشترە کە بە هەژاری بەجێیان بهێلّی، کە لەپاش تۆ سوالّ بکەنو لەپ لەمو لەو پان بکەنەوە (شەیخانو کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە).

شیاو نیە کە مرۆڤ راسپێری بە پتر لە سێیەکی مالّی خۆی بکا، وە ئەگەر بە زیاتر لە سێیەك راسپێری کرد ئەوە دوو راهەیە، هەندێ دەلّێن: دانامەزرێ، چونکە پێغەمبەر (درووود خواى لەسەربێ) رێگەی زیاتری بۆ سەعدنەداوە، رێگە پێنەدانیش ئەوە دەخوازێ کە شتەکە دامەزراوە. بەلّام قسەی راست ئەوەیە ئەگەر کەلەپوورىەرەکان رازی بوون راسپێرییەکە جێبەجێ دەکرێ، دەنا راسپێرییەکە بە زیاتر لە سێیەك پووچە، بۆیە دەلّێین: زیاتریش بێ دروستە بە مەرجێ رازیبوونی ئەوا چونکە ئەم راسپێرییە لە کاتێکدا رووی داوە کە ئەو شتە ملکی خۆی بووە. جا ئەم راسپێرییە لە کاتێکدا رووی داوە کە ئەو شتە ملکی خۆی بووە. جا ئەم هەلّوەشاندنەوەو رێگەپێدانە دەبێ لەپاش مردن بێ چونکە هەتا راسپێریکەر خۆی مابێ ئەو مالّە هی خۆیەتی، مافی کەسی تری پێوە نیە. ئەگەر گریمان کەلەپووربەری نەبوو ئەوە راسپێرییەکەی بە زیاتر لە سێیەك پووچەلّە، چونکە جارێ پیاوێکی ئەنصاری، هەموو مالّەکەی تەنیا شەش بەندە بوو، لەسەرە مەرگا هەرشەشیانی ئازادکرد،

پێغەمبەریش {درووەد خوای لەسەربێ} بانگی کردنو کردنی بەسێ بەش‌و تیرو پشکی لە نێونـاکردنو ئەو دوانـەیانی ئازادکرد کـە دەوەکـەیان بـۆ دەرچوو، وەچواریانیشی بـە کۆیلەیی هێلایـەوە. هاوڕێیانی مەرزهـەبی شـافیعی دەفـەرموون: ئـەم پیـاوە میراتبـەری نـەبووە، دەنـا پێغەمبـەر دامەزرانی زیاتر لە سێیەکی دەبەست بە رازیبوونی ئەوانەوە.

راسپێری بۆ میرا پیەر دروستە یانا؟:

زاناکان لەمبارەیەوە رایان جیاجیایـە، گـوتراوە: بـەهیچ کولۆجێ دانامـــەزرێ، چـــونکە دەفـــەرموێ {درووەد خـوای لەســەربێ}: (راســپێری بـــۆ کەلەپووربـەر دروسـت نییـە) ئـەم فەرموودەیـە فەرموودەیـەکی جـوانی ساغە، لەسەر فەرمایشتی ئیمامی تیرمیـزی (تەماشای سـنن الترمـزی- مـع تحفـة الاحـوزی -۳۰۹/۹ بکـە) بـەڵام فەرمایـشتی هـەرە دروسـت ئەوەیـە کـە دادەمـەزرێ بـە مـەرجێ کەلـەپوور بـەرەکان رێگـەی بـدەن، چونکە دەفـەرموێ {درووەد خـوای لەسـەربێ}: راسـپێری بـۆ میراتبـەر دانامـەزرێ مەگـەر کەلـەپوور بـەرەکان ئـارەزوو بکـەن. (داره قـوطنی) گاتـێ بـە کەلەپووربەر دادەنـرێ کـە لـەکاتی مردنـدا کەلەپووربـەر بووبـێ، ئەگـەر راسپێری بۆ ژنێ کرد، ئەوجا مارەی کرد، ئەوە راسپێرییە بۆ میراتبـەر.

راسـپێری بـۆ ئـەم شـتانە پەسـەندە: بـۆ دانـەوەی قـەرزو بـۆ گێڕانـەوەی شـتی بەناهـەقی بـراو بـۆ خـاوەنی‌و، بـۆ جێبـەجێ کردنـی راسپێرییەکانو بۆ کارو باری منالان. نەوەوی دەفـەرموێ: راسـپێری لـەم چەند حاڵەدا فەرزە: بـۆ گێڕانـەوەی مـافی بـە نـارەوا بـراو، بـۆ دانـەوەی ئەو قەرزانەی کە لە حازردا نەتوانێ بیداتەوە.

(سەروەسێت):

مەرجی سەروەسێت ئەم پێنج شتەیە:

یەکەم: موسوڵمان بێ، دروست نیە موسوڵمان پەیماندار (واتە: ذیممی) بکا بە سەروەسێتی خۆی، چونکە راسپاردەیی (وەصایەت) سپاردەو هەقداریە، واتە: وەصایەت ئەمانەتو ولایەتە، کافریش شیاویی بۆ ئەم دوو پایەیە نیە، دانانرێ بە ئەمیندارو هەقداری موسوڵمان.

دووەم: باڵقیو رەسیدە بوونە، دروست نیە کە منداڵ بکرێ بە سەروەسێت، چونکە منداڵ شیاوی هەقداریی نیە، چونکە ئەو خۆی لەژێر سەرپەرشتی هەقدارایە، کەواتە چۆن چۆنی دەبێ بە سەرپەرشتو سەروەرسێتی کەسێکی تر، شێتیش رێك وەك منداڵ وایە، لە هەمان کاتدا شێت دەستەلاتی گەردانی نیە بۆ خودی خۆی، دەی بۆ کەسێکی تر چۆن ئەو دەسەلاتەی دەبێ.

سێیەم: ئازادییە. چونکە کۆیلە بە کەڵکی ئەوە نایەت کە تەصەڕروف (گەردان) لە مالّی کوڕی خۆیدا بکا، دەی ئیتر چۆن دەبێکە بکرێ بە سەروەسێت بەسەر کەسێکی ترەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوە کە لەبەر خزمەتی ئاغاکەی دەستی ناپەرژێ بۆ شتی وا.

چوارەم: دەستپاکیو سپاردە پەروەرییە، کەواتە: دروست نیە کە بەدکار بکرێ بە سەروەسێت، چونکە بەدکار شیاو نیە بۆ هەقداریو چاودێریی، کە مەبەستی هەرەمەزن لێی دەستپاکیو ئەمینداریە، دیارە کە بەدکار ناوی خۆی بە خۆیەوە، نائەمینە.

پێنجەم: دەبێ سەرومسێت دوژمنی ئەو منالە نەبێ کە کاروباری ئەوی پێ دەسپێررێ. دروستە ژن بکرێ بە سەرومسێت، بەڵکوو ژن لەم کارەدا لە کەسانی تر باشترە، دروستە کوێریش بکرێ بە سەرومسێت لەسەر قسەی فەرمایشتی هەرە دروست. ئەگەر کەسێ وەسێتی کرد کە خێرەکەی بدرێ بە هۆشیارترین کەس لە ناوشاردا، دەدرێ بەو کەسەیان کە لە هەموویان زیاتر دنیا نەویستە، زاتە: زاهیدە، ئەمەیش بەپێی دەقی قسەی شافیعی خۆی {رەزاد خوا لێبێ}.

٢٥٤) راسپێری پێویست (الوصية الواجبة):

لە یاسای ژمارە (٧١) سالی (١٩٤٦)، ماددەی (٧٦) دەڵێ: ئەگەر مردووێ لە پێش خۆیدا، یا لەگەڵ خۆیدا، منداڵی بمرێ، با مردنی بڕیار – کوکم –یش بێ، وە وەچەی ئەو منداڵە مردووەمابێ، وە مردووەکە بەقەد ئەو بەشە پشکە، کە منداڵەکەی ئەگەر زیندووبوایە لە کەلەپوور دەیگرت لێی، ئەگەر مردووەکە بەقەد ئەو پشکە راسپێری نەکردبوو بۆ وەچەکەی، ئەوە بۆ وەچەی ئەو منالە مردووە، لە کەلەپووری بنچەکەیدا، راسپێری بەقەد بەشەپشکی کاتی ژیانی پێویت دەبێ، مەرجێ ئەم راسپێرییە لە بەشەپشك زیاتر نەبێ، وە لە سێیەکیش تێنەپەڕێ، بە مەرجێ ئەومیش کە ئەو وەچەیە لە مردووی حازری کەلەپوور بەرنەبێ، هەروا نابێ مردووی حازری بۆ ئەو وەچەیە لە لایەکی ترەوە بە خۆڕایی هەقی ئەوەی بۆ کردبێتەوە. تەنانەت ئەگەر لە رێگەیەکی ترەوە شتێکی بە پیاوەتی دابوو بەو وەچەیە بەڵام

نەدەگەیشتە ئەم ئەندازەیە کە بەپێی ئەم ماددەیە بۆی دانراوە، ئەوە لەسەر ئەوەوە راسپێرییە پێویستەکەی بۆ تەواو دەکرێ؟.

وە ئەم راسپێرییە بۆ ئەم کەسانەیە: بۆچینی یەکەمی منالّی کچ، وە بۆ هەموو چێنێکی منالّی کوڕ بە مەرجێ لە پشتەوە بگاتەوە بە مردووەکە، نەك لە سکەوە، هەرچەند بەرەو خواریش بڕوا.

لەگەڵ رەچاوکردنی ئەمەدا: گشت بنەچەیێ وەچەی خۆی، نەك وەچەی کەسێکی تر، بێ بەش دەکات، وەپشکی هەموو بنەچەیێ بەسەر وەچەکەی خۆیدا، هەر چەند بەرەو خواریش بووبنەتەوە، دابەش دەکرێ بەسەریاندا لەسەر شێوەی کەلەپوور، وەوا دادەنرێ کە ئەو بنەچەیە، یا ئەو بنەچانە، کە ئەو دەگەیەننەوە بە مردووی حازری لە پاش مردووەکە مردوون، وە وایش دادەنرێ کە بەریز ئەو بنەچانە هەر کەسەیان لە پێش چینی دوای خۆیدا مردووە. مادە (٧٦) تەواو.

دەستووری دابەشکردنی کەلەپوریش ئاوایە: لە پێشدا ئەندازەی راسپێری واە راسپێری پێویست بێ یا راسپێری ئاسایی بێ، لە کۆی کەلەپوورەکە جیا دەکرێتەوەو دابەشدەکرێ بەسەر خاوەنەکانیدا، ئەوجا باقی مەندەی سامان بەسەر کەلەپوورەکندا دابەش دەکرێ.

چەند سەرنجێ:

لەم یاسایەدا ئەم چەند سەرنجە رەچاو دەکرێ: لە هەندێ شێوەدا وەچەی ئەو منداڵەی کە لەپێش باوکی یا دایکی خۆیدا مردووە زیاتر لەو منالّە مردووە دەگرێ، کە ئەم دەگەیەنێ بە مردووی حازری،

یا زیاتر له منالی ههقی مردووی حازری دهگریٚ. ههق وابوو له حالی وادا راسپێری به هیچ شێوهیهک له پشکی منداڵه مردووهکه زیاتر نهبێ چونکه ئهو هۆی ئهوهیه که ئهم وهچه زیندووهی لهم مردووی حازرییه کهلهپوور بگرێ. وه مهبهستی تێکڕای ئهم یاسایهیش ههر ئهوهیهو بهس، بهڵام تهعبیرهکه کورت هەڵهێنهو بووه بههۆی ئهم کێشهیه، ئادهی بفهرموون لهگهڵ شیکردنهوهی ئهم چهند نموونهیهدا:

ا) بۆ نموونه ئهگهر پیاوێ، کوڕێکی لهپێش خۆیدا مردبوو، کوڕهکهی کچێکی له پاش بهجێ مابوو، لهپاشدا خۆشی مرد، ژنێکو دووکچی ههبوو، ئهندازهی راسپێری پێویست بۆ کچی کوڕه مردووهکهی، سێیهکی سهرجهمی ماڵهکهیه، گریمان ئهم پیاوه (٣٦) دیناری لهپاش بهجی دهمێنێ، دوازدهی بۆ کوڕهزاکهیهتی، سێی بۆ ژنهکهیهتی، بیستو یهکی بۆ دوو کچهکهیهتی، شازدهی بهپشکو پێنجی بهرهتکردنهوه، بههەر حاڵ پشکی کچی کوڕی کابرای مردوو، له پشکی کچی ههقی خۆی زیاتره، شتی وایش بهراستی جێگهی سهرسامییه!.

ب) گریمان پیاوێ کوڕێکو کچێکی لهپێش خۆیهوه دهمرن، کوڕی کچی ئهم کچه مردووهی ئێستا ماوه، دایکی ئهم کوڕهیش مردووه، گریمان ناوهکانیان ئاوایه: نهریمان کوڕی جهیران کچی رهیحان کچی وهسمان. ههروا کچی کوڕی ئهم کوڕه مردووهیش ئێستاماوه، باوکی ئهم کچهیش مردووه، گریمان ناوهکانیان ئاوایه: خانزاد کچی نازاد کوڕی فهرهاد کوڕی وهسمان وهسمان که دهمرێ کوڕو کچێکی لهپاش بهجێ دهمێنێ، لهگهڵ نهریمانو خانزادا. دیاره که راسپێری پێویست لهکاتی

وادا نەریمان ناگرێتەوە، چونکە کوڕی کچی کچە، چونکە وەچەی کچ بەس چینیی یەکەمیان بەردەکەون، کەواتە راسپێرییەکە هەمووی بۆ خانزادە، کە وەچەی کوڕی کوڕمو لە پشتەوە دەگاتەوە بەوەسمان، ئەندازەی ئەم راسپێرییەیش سێیەکی سەرجەمی ماڵەکەیە، چونکە راسپێری نابێ لە بەشەکەلەپوور زیاتربێ، وە لە هەموو کاتێکیشدا نابێ لە سێیەکی ماڵ زیاتربێ، گریمان وەسمان (٤٥) دیناری لەپاش بەجێماوە، گریمان فەرهادی کوڕی ماوە، لەم بارەدا کەلەپوورەکەی ئاوا دابەش دەکرێ، ژمارەی سەری کەلەپووربەرەکان ئەصڵی مەسئەلەکەیە، کە دوو کوڕو یەك کچن، کەواتە مەسەلەکە لە پێنجە، چل‌و پێنج تەقسیم پێنج دەکاتە نۆ، کچەکە نۆ دیناری دەکەوێ، هەر کوڕەی هەژدە دیناری دەکەوێ، دەرکەوت کە پشکی بنەچە مردووەکەی خانزاد لە سێیەکی ماڵ کە پازدەیە پتڕە، کەواتە دەبێ راسپێری پێویست بۆ خانزاد لە سێیەك کەمتڕو زیاتر نەبێ، جا ئەو کاتە ماڵەکە ئاوا دابەش دەکرێ ٤٥ ٪ ٣ = ١٥ راسپێری پێویست بۆ خانزاد، مایەوە (٣٠) دینار، دابەشی دەکەین بەسەر کوڕو کچەکەی وەسماندا بیستی بۆ کوڕەکەو دەی بۆ کچەکەی، دیسان پشکی کچی کوڕی کوڕی مردووەکە، کە خانزادە لە پشکی کچی هەقی مردووەکە خۆی زیاترە، چونکە کچی کوڕی کوڕەکەی سێیەکی هەموو ماڵەکەی بردووە کە پازدەیە، بەڵام کچەکەی خۆی سێیەکی دوو سێیەکی هەموو ماڵەکەی بردووە کە دەیە.

ج) گریمان پیاوێ کوڕێکی دەمرێ، کوڕەکەی کچێك‌و کوڕێکی دەبێ، کوڕی کوڕەکەیش دەمرێ، بەڵام کچێکی لەپاش بەجێ دەمێنێ. واتە وەچەی کوڕە مردووەکەی کچێك‌و کچی کوڕێکە. لە پاشا ئەم پیاوە

دەمرێ، ژنێك و كوڕێك و كچێكی دەبێ. لەم كاتەدا راسپێری پێویست سێیەكە، ئەو سێیەكە دابەش دەكرێ بەسەریەكەم چینی دوا كوڕە مردووەكەدا كە بڕێتین لە خوشك و برایەك، خوشكەكە سێیەكی سێیەكەكە دەگرێ، براكەی دوو سێیەكی دەگرێ، چونكە ئەم برایە خۆی مردووە بەشەكەی رێك دەدرێ بە كچەكەی.

گریمان ئەم پیاوە (١٨٠) دیناری لەپاش بەجێماوە، (٦٠) دیناری راسپێرییە (٢٠) دیناری بۆ كچی كوڕەكەیەتی، (٤٠) دیناریشی بۆ كچی كوڕی كوڕەكەیەتی! ئەمەیش دیسان جێگە سەرسوڕمانە لەم یاسایەدا.

ئەمە چەند نموونەیێ بوو عەتنیكەیی ئەم یاسایە دەچەسپێنێ[1].

---

[1] دانەر {رەحمەتە خوای لێبێ} لێرەدا سێ چارەسەر بۆ حەلكردنی كێشەكانی ئەم یاسایە دادەنێ، ئەم یاسایە وەكو یاسا جیایە لە شەرع، لەبەر ئەوە ئێمە مولزەم نین پێی، چارەسەری كێشەكانیشی بكەین كەس بە قسەمان ناكا، كەواتە: با لەمە زیاتر كات بەفیڕۆ نەدەین. لە نموونە (أ) دا، دانەر دەفەرموێ: ئەگەر سەرجەمی كەلەپوورەكە (١٨٠) پشك بێ (٦٠) پشكی بۆ كچی كوڕە مردووەكەیە، بە هەردوو كچی مردووەكە خۆشی (٨٠) پشك دەبەن، كە دووسێیەكی باقی مەندەی (١٨٠) پشكەكەیە. ئەمە سەهوە، ئاوا حەل دەكرێ ١٨٠ ٪ ٣ = ٦٠ پشك، سێیەك بۆ كچی كوڕە مردووەكە، مایەوە سەدوبیستی، هەشتیەكی بۆ ژنەكەیە، كە دەكاتە پازدە، سەدو پێنجیشی بۆ دوو كچەكەیە، هەشتای بە پشك و بیست و پێنجیشی بە گەڕانەوە، واتە بە (رد)

- وەرگێڕ -

٢٥٥) باسی ژنهێنان (النكاح):

(بڕ: تەجریدی بوخاری/٥ ز: ٧٠).

ژنهێنان لە عورفی شەرعدا بڕێتییە لە گرێدانێکی ناوداری زانراو، کە دەبێ بەهۆی دروستبوونی لەگەڵ ژندا، وشەی (نکاح) کە عەرەبییە، بەم مەبەستانە هاتووە، بە خودی گرێدانەکە دەگوترێ، کە بڕێتییە لە ژن مارەبڕین، خوای گەورە دەفەرموێ: {فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء - سورة النساء - هەروا دەفەرموێ: {وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ - سورة النور - ٣٢/٢٤} وشەی (نکاح) لەم دوو ئایەتەدا بەواتا مارەبڕینە، هەروا لەم فەرموودەیەیش بە هەمان واتایە کە دەفەرموێ: (انحوا الولود الودود) (واتە: ژنی سکوزاکەری بزۆکی مێرد پەروەر بهێنن) جاروبار مەبەست لە (نکاح) دروستبوونە لەگەڵ ژندا وەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: {فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ - سورة البقرة - ٢/٢٣٠}.

بڕیار (حوکم)ی ژنهێنان:

سەر بەلگەی رەوایی ژنهێنان نامەی خوداو رێگەی رەهبەرو یەکگرتنی نەتەوەی ئیسلامە. خوا لە قورئاندا دەفەرموێ: {وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ} پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (تناكحوا تكثروا فاني أباهي بكم الامم: واتە: ژن بهێنن زۆر دەبن، چونکە من لە ناو گەلانا شانازیتان پێوە دەکەم).

بزانن مەردوم لە بارەی ژنهێنانەوە دوو جۆرن: هەیە حەزی لێدەکا، هەیە حەزی لێناکا، جا ئەوی کە حەزی لێ دەکاو پێویستی پێی هەیە، یا تفاق‌و ئامادەیی هەیە بۆ ژنهێنان یا نییەتی، جا ئەگەر ئامادەیی هەبوو ئەوە سوننەتە کە ژن بهێنێ، چونکە خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەی دەستەی لاوان! ئەی گەلی حوانان! هەر کەسە تەوانایی سەرجێیی‌و ژنداریی هەیە با ژن بهێنێ، چونکە ئەوە چاوی تێردەکاو داوێنێ لە تاوان دەپارێزێ، ئەو کەسەیشی کە لە کێشیدا نیە ژن بهێنێ با بە رۆژووبێ، چونکە رۆژوو دەیخەسێنی‌و ئارەزووی تەواو کەم دەکاتەوە هەتا خودا دەووری لێ دەکاتەوە.

ئەوەتا فەرموودەکە فەرمان دەکا بەو کەسانە کە توانای ژنهێنانیان هەیەو ئارەزوویان لەسەریەتی کە ژن بهێنن، ئەم جۆرە فەرمانە، بەپێی بۆچوونی زاناکان، ئەوە دەگەیەنێ کە کارەکە سوننەتە نەك پێویست، ئەمە کاتێ وایە کە پیاو لەناو وڵاتی جەنگستان (دار الحرب) دانەبێ، دەنا ژنهێنان سوننەت نیە بۆی، چونکە مەترسی ئەوەی هەیە کە منداڵکەی ببێ بە بێبڕوا، یا بکرێ بە کۆیلە، جا لە کاتی وادا وا دادەنرێ کە توانای ئەرکی ژنهێنانی نیە، لەبەر ئەوە لە سەریەتی بۆ مراندنی ئارەزووی دەروونی بەرۆژوو بێت. بەڵام ئەو کەسەی کە ئارەزووی هەیە بەڵام توانای ئەرکی ژنهێنانی نیە، وەك مارەیی‌و شتی تری وا، ئەوە چاتر وایە بۆ ئەم جۆرە کەسە، کە ژن نەهێنێ، بەڵکوو وەك فەرموودەکە دەفەرموێ: ئارەزووی دەروونی بە رۆژوو دابمرێنێ. وەلێ ئەگەر بە رۆژوویش ئارەزووی دانەدەمرا ئەوا با ژن بهێنێ، ئومێدە کە خوای گەورە بە بەخششی خۆی دەووری لێ بکاتەوەو بێ نیازی بکا.

بەڵام هەرکاتێ مەترسی ئەوەی هەبوو کە لەبەربێ ژنی تووشی شەروالّ پیسی دەبێ، ئەوە پێویستە لەسەری کە ژن بهێنێ، چونکە خۆپاراستن لە نادروستی کارێکی پێویستە، خوای مەزن لەم بارەیەوە دەفەرموێ: {وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا - سورة الطلاق - ٤/٦٥} واتە: هەرکەسێ پارێز لە نافەرمانی خودا بکاو ترسی خودای هەبێ، خودایش بەرەحمەتی خۆی کاری بۆ ئاسان دەکاو دەرووی خێری لێ دەکاتەوە).

ئەو کەسەیشی کە حەز لە ژنهێنان ناکاو پێویستی پێی نیە، ئەمە ئەم دوو حاڵەتەی بۆ هەیە:

یەکەم: ئەگەر ئامادەیی و تفاقی ژنهێنانی نەبوو ئەوە ناباشە بۆی کە ژن بهێنێ، چونکە دەبێ بچێتە ژێر ئەرکێ کە پێویستی پێی نیە!.

دووەم: ئەوەیە کە توانای ژنهێنانی هەیە، بەڵام پێویستیی پێی نیە، وە هۆیەکی وایش نیە کە رێگەی سەرجێیی لێ بگرێ، ئەوە بۆ ئەم جۆرە کەسە ژنهێنان باشە، ناباش نیە، بەڵێ ئەوەندە هەیە لەکاتی وادا خۆی تەرخان بکا بۆ خوا پەرستی ئەوەی باشترە، بەڵام ئەگەر بە خواپەرستییەوە خەریك نەبوو، ئەوە ژنهێنان باشترە بۆی، چونکە نەوەکا دەسبەتاڵی و بێ ئیشی تووشی کاری ناشایستەی بکەن.

٢٥٦) سوننەتەکانی ژنهێنان:

سوننەتە ژنێکی بەدین بهێنێ، پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەی ژن خوازی هۆشمەند! ئافرەتی ئایینداری بە دین لە کیس خۆت مەدە، تا لە ژنهێنانا دەستەشکێن نەبی. سوننەتە کچیش بێ، چونکە دەفەرموێ (درووەد خوای لەسەربێ): ئەی جابیر! بیا کچێکت دەهێنا، پێکەوە دەسبازیتان دەکرد!. سوننەتە ژنێکی بنەچەپاك بێ، چونکە دەفەرموێ (درووەد خوای لەسەربێ): پەرپگرن لە سەوزەگیای ناو بۆگە!.

یاران (رەزای خوایان لێبێ) عەرزیان کرد: قوربان مەبەست لە سەوزەگیای ناو بۆگەچییە؟ فەرمووی (درووەد خوای لەسەربێ): ژنی جوانی ناخانەدانە. هەروا سوننەتە تەماشای دەموچاوو مستەکانی لەپێش خوازبێنیدا بکا، هەر چەند بەبێ رێگە پێدانیش بێ.

٢٥٧) کۆکردنەوەی چوار ژن بەیەکەوە دروستە:

دروست نیە بۆ پیاوی ئازد پتر لە چوار ژن لە خۆی مارە بکا، چونکە ئیبنو عومەر (رەزای خوایان لێبێ) دەفەرموێ: غەیلانی کوڕی سەلەمەی سەقەفی لە سەردەمی نەزانیدا دە ژنی هێنابوو، کە خۆی ئیسلام بوو ئەوانیش هەر دەیان لەگەڵیا ئیسلام بوون، پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) فەرمانی پێکرد کە چوار ژنیان هەڵبژێرێو ئەوانی تریان بەرەڵڵا بکا. بەڵام کۆیلە دروست ینە بۆی کە زیاتر لە دوو ژن بهێنێ،

چونکه دهفهرموێ {مرووهد خواد لهسهوبێ}: نابێ کۆیله لهیهك کاتا زیاتر له دوو ژنی هەبێ. (عەبدولحەق گێڕاویەتەوە. کەسانی تریش راگوێز دەکەن کە یەکگرتنی هاوڕێیانی پێغەمبەر لەسەر ئەم بڕیارە هەیە).

٢٥٨) بڕیاری مارەکردنی کەنیزەك بۆ ئازاد:

دروست نییە بۆ ئازاد کە نێزەکی کەسێکی تر مارە بکا لەخۆی مەگەر بەچەند مەرجێ:-

یەکەم: توانای مارەیی ژنی ئازادی نەبێت.

دووەم: مەترسی ئەوەی هەبێت کە لەبەر بێ ژنی تووشی شەڕوانپیسی ببێ.

سێیەم: توانای هێنانی ژنێکی موسوڵمانی ئازادی نەبێ، هەروا توانای خاوەننامە (کێیابی)یەیشی نەبێ، لەسەر رای فەرمایشتی دروست جا ئەگەر ژنی ئازاد هەر دەست نەدەکەوت، یا دەست دەکەوت بەڵام پێشگیرێ هەبوو لە هێنانی، وەك ئەوە تات بوو، یا گول بوو، یا نەیدەتوانی ئەرکی هێنانو گواستنەوەی ئافرەتی ئازاد بگکێشێ، ئەوە بۆی هەیە کەنیزەك بهێنێ. بەڵگەی ئەمەیش دەقی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەیە: {وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلاً أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ – سورة النساء – ٢٥/٤} هەتا ئەوێ کە دەفەرموێ: {ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَى الْعَنَتَ}. ئەوەتا خودای گەورە باسی هەر سێ مەرجەکەی

کردووه چونکه (الطول) مارەییه، مەبەست له (المحصنات) ژنی ئزادە کە کەنیزەك نەبێ، مەبەست لە (خشی العنت) ئەوە کە مەترسی شەڕوالّ پیسی هەبێ، لەبەر ئەمەیە کە جابیر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: هەر کەسێ توانای مارەیی ژنێکی ئازادی لە شارەکەی خۆیدا هەبێ، دروست نیە کە ژنی کەنیز بهێنێ بەلاّم ئەگەر کەسێ توانای مارەیی ژنی ئازادی هەبوو، بەلاّم ژنی ئازادە لە شوێنەکەی خۆی نەبوو، لە شوێنێکی تر هەبوو، وەك شارێکی تر، وە ئەستەم بوو کە لەوێوە بیهێنێ، ئەوە دروستە بۆی کەنیزەك مارە بکا. کەنیزەك واتە: ئەمەتە.

چوارەم: ئەوەیە ژنی ئازادی وای نەبێ کە بتوانێ لەگەلّیا دروست ببێ، بەلاّم ئەگەر هەیبوو، بەلاّم نەیدەتوانی دروست ببێ لەگەلّیدا، لەبەر ئەوە کە ژنەکە بچووك بوو، یا پیربوو، یا دیارنەبوو، یا شێت بوو، یا گول بوو، یا بەلّەك بوو، یا هەرشتێکی تری لەم بابەتە ئەوە لە سەر رای فەرمایشتی دروست دروستە کەنیزەك بهێنێ.

پێنجەم: دەبێ کەنیزەکەکە موسوڵمانبێ ئەوجا مارەی لە موسوڵمان دێ، خوای گەورە دەفەرموێ: {فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ}.

هۆی پێشگیریی لە هێنانی کەنیزەك:

هۆکەی پێشگیرییە لە کۆیلەیی منالّ، چونکە منالّ لە کۆیلەیی و ئازادیدا دەچێتەوە سەر دایك. خودای داناو زانا کە خۆی یاسادانەری ئیسلامە چاوی بڕیوەتە نەهێشتنی کۆیلایەتی. هەتا ئەگەر کەنیزەکی

موسوڵمان هی بێبڕوایەك بوو دروست نیە موسوڵمان بیهێنێ، هەتا بێبڕوا نەبێ بە خاوەنی منالّی موسوڵمان، گوتراویشە: دروستە مارەبكرێ، چونكە مادەم دایكەكە موسوڵمانە منالّەكەیشی لە ئایینداد دەچێتەوە سەر ئەوو بە موسوڵمان دادەنرێ. بزانە كە منالّی كەنیزەكی شووكردوو دەبێ بە ملكی خاوەنەكەی، خواە مێردەكەی ئازاد بێ، یا بەندەبێ.

٢٥٩) تەماشاكردنی ژنو پیاو بۆیەكتر:

تەماشاكردنی پیاو بۆ ژن حەوت جۆرە:

جۆری یەكەم: ئەوەیە كە كاری بەو تەماشاكردنە نەبێ، ئەوە لەكاتی وادا تەمارکردنی پیاو بۆ شەرمگای ژنی بیانی بەبێ مەرج ناڕەوایە، مەبەست لە پیاو نێرینەی رەسیدە. مەبەست لە ژنیش ئافرەتی رەسیدەیە. گەرچی لە هەندی كاتدا دەموچاوو هەردوو مست لە شەرمگانین، بەڵام ئەگەر مەترسی ئاژاوەی هەبوو تەماشاكردنی ئەو شوێنانەیشی نادروستە، وەڵ ئەگەر مەترسی نەبوو ئەوە راجیایی هەیە: فەرمایشتی راستو دروست ئەوەیە كە حەرامە، چونكە بە یەكدەنگیی واتەی موسوڵمانان ژنان رێگەیان پێ نادرێ كە بەسەری رووتو بە مۆدەیی لەماڵ دەرچن، لەبەر ئەوەیش تەماشاكردن سەرەتای وروژانی ئاژاوەیەو بزوێنەری ئارەزووە، لەبەر ئەوە بۆ شەرع وا جوانە كە ئەو دەرگایە دابخاو جلّەو بۆ بەر بەرەڵّایی شل نەگا، هەر وەك نادروستە پیاوو ژنی بیانی دوو بە دوو لە جێگەیەكی چۆڵدا كۆببنەوە. تێكڕای

واتای گشتی ئەم ئایەتە بەلگەی ئەم بڕیارەیە: {قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ - سورة النور - ٣٠/٢٤} مێرد منالّ (موراهیق)یش وەك بالّق وایە، چونکە ئاگای لە شەرمگای ژن هەیەو بەرەبەرە کاری پێی دەبێ، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ژن شەرمگای لە ئاستی بپۆشێ، هەروا لە ئاستی شێتیش. بەڵام کێروگون لە بندا خشت کراو راجیایی لە بارەیەوە هەیە، زۆرینە دەفەرموون: تەماشاکردنی بۆ ژنی بیانی وەك تەماشاکردنی پیاو وایە بۆ ژنی خۆیی، فەرمایشتی دووەم: دەفەرموێ: وەك پیاوی کەڵ وایە لەگەڵ ژنی بیانیدا. بەڵام پیاوێ بەس چووکی لە بنداخشتکرابێ، یا هێلکە گونەکانی دەرهێنرابن، یا شلەپەتەبێ، یا پیرێکی ئیختیار بێ، حوکمی ئەمانە وەك حوکمی کەڵەپیاو وایە، لە سەر فەرمایشتی زوربەی زاناکان. پیاوێکیش کە بەندەی ژنێ بێت رای راستتر ئەوەیە کە وەك پیاوی خۆیی وایە، چونکە حەزرەتی عائیشە {رەزای خوای لێبێ} ذەکوانی بەندەی خۆی بەرنوێژیی بۆ دەکرد. نەوەویش لە (نكت المهذب)دا دەفەرموێ: بەندەی ژن لە ئاستی خاوەنەکەی کە خانمەیەتی وەك پیاوی بێگانە وایە، ئیبنو رەفعە لە (المطلب)دا ئەم فەرمایشتەی نەوەوی بە راست دەزانێ. کەسانێ کە دەفەرموون تەماشاکردنی دروستە، بە مەرج دەگرن کە ئەو بەندەیە متمانەبێ. ئەوە کە دەڵێین: وەك خۆیی وایە، جۆرە چاولێخشانێکی تیادایە، چونکە ئەگەر لە یەکتر بکەون مسۆگەر کە دەسنوێژی هەردوولایان دەشکێ، دەی کەی خۆیی لە خۆیی دەسنوێژی دەشکێ؟

ئەمەی کە باسمان کرد مەبەست تەماشاکردنی پیاوە بۆ ژنی ئازاد، بەڵام ئەگەر ژنەکە کەنیزەك بوو، واتە: ئەمەتەبوو، ئەوە ئەم درێژە پێدانەی تیاهەیە: ئەگەر کەنیزەکەکە شێواو (شوهاء) بوو ئەوە بەس تەماشای نێوانی ناوکی‌و ئەژنۆی دروست نیە، تەماشاکرنی شوێنەکانی تری ناباشە، بەڵام ئەگەر جوان بوو، قسەی راست ئەوەیە کە دان بنرێ بەمەدا: کە وەك ژنی ئازاد، تەماشاکرنی نادروستە، چونکە ئەوەی کە دەبێ بەهۆی نادروستیی تەماشاکردن جوانییە، چونکە جوانی دەبێ بەهۆی ئازاوەو گیرۆ دەبوون. ئەگەر ژنی ئازاد پیرێژن بوو، غەزالی دەفەرموێ: پیرێژنیش وەك گەورەکچ وایە، چونکە ئارەزوو زەوت ناکرێ. بەڵام رەویانی دەفەرموێ: ئەگەر گەیشتە رادەیەکی وا کە دووربوو لەوە کەسێ گرفتاری ببێ، ئەوە دروستە کە تەماشای روخسارو هەردوو دەستی هەتا هەردوو مووچی بکرێ. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا – سورة النور – ٢٤/٦٠}. تەماشاکردنی ژنیش بۆ پیاوی بیانی راجیایی تیایە، لەسەر ئەم شێوەیە:

یەکەم: بەڵای رافیعییەوە بۆی هەیە تەماشای هەموو لەشی بکا، نێوانی ناوك‌و ئەژنۆی لێ دەرچێ.

دووەم: ژن بۆی هەیە تەماشای ئەو شوێنانە لە لەشی پیاو بکا کە پیاو بۆی هەیە تەماشایان لە لەشی ئافرەت بکا. نەوەوی دەفەرموێ: لەڵای کۆمەڵێ ئەم فەرمایشتە راستترە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ – سورة النور –

٣١/٢٤} واتـه: ئـهی پێغهمبـهر! بـه ژنـه بڕوادارهکـانیش بفـهرموو: بـا تهماشای ناڕهوای پیاوی بیانی نهکهن!) وه ههروهها پێغهمبهری سـهروهر (درووده خوای لهسهربێ) دهفهرموێ: خۆ ئـهوا ئـهو کوێرهی، خـۆ ئێـوه کـوێر نـین، گوایه ئێوهیش ئهو نابینن![1].

جۆری دووهم: تهماشاکردنی پیاو بۆ ژنـی خـۆی و بـۆ کـهنیزهکی خـۆی کـه مێـرددار نـهبێ، دروسـته تهماشـای هـهموو شـوێنێکیان بکـا، ئهوهنده ههیه راستتر ئهوهیه که تهماشاکردنی شهرمگایان نابـاشه، واتـه: مهکرووهه، ههروهها نابـاشه بۆ مـرۆڤ کـه تهماشـای شـهرمگای خـۆی بکـا بهبێ بهههانهی ڕهوا. جا ئهگهر کهنیزهکهکهی شـووی کردبـوو، یـا کاغـهز پێدراو (مکاتبـه) بوو، یا هاوبهش بوو له نێوانی ئهو و کهسێکی تردا، یـا مهجووسییه بـوو، یـا بتپهرسـت بـوو، یـا لـه ئیـسلام وهرگـهڕاوبوو، ئـهوه تهماشـاکردنی نێـوانی ئـهژنۆو نـاوکی ناڕهوایـه. تهماشـاکردن ژنـیش بـۆ مێـردی خـۆی وهك تهماشـاکردنی مێـرد وایـه بـۆ ژنـه خـۆی. هـهروهها تهماشـاکردنی کـه نیـزهکیش بـۆ خاوهنهکـهی وهك تهماشـاکردن خاوهنهکهی وایه بۆ ئهو.

---

[1] تهماشای ریاض الصالحین بهرگی چوارهم لاپهڕه (١١٩٩) بفهرموو چاپی یهکـهم یا ژمارە: ١٩٢٦/٥ – ٩١ بهرگی ٢/ ل – ٧٤ چاپی دووهم.

– وهرگێڕ –

٢٠٠٦/٨/١٩

جۆری سێیەم: تەماشاکردنی ژنی خۆیی (مەحرەم)و کەنیزەکێ کە شووی کردبێ. دروستە تەماشای هەموو لەشیان بکا، نێوانی ناوك‌و ئەژنۆیان نەبێ، چونکە ئەم ئەندازەیە شەرمگایە، ئایەتی: {وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ - سورة النور - ٣١/٢٤} بەڵگەی دروستبوونی ئەم تەماشاکردنەیە، وەکی تریش خۆیەتی (مەحرەمی) حاڵێکە نادروستیی خواستن‌و شووپێکردن پێویست دەکا، کەواتە وەکوو دوو پیاو وان، نابینی کە پیاوو ژنی خۆیی دەسنوێژیان لە یەکتر ناشکێ. لەسەر فەرمایشتی دروست بەهۆی خزمایەتییەوە خۆیی بن، یا بەهۆی ژن‌و ژنخوازییەوە، یا بەهۆی شیرخواردنەوە هەموو بۆ تەماشاکردن وەك یەکن. لە قیلێکا: پیاو هەر مافی ئەوەندەی هەیە: چەندەی ژنی خۆیی لەکاتی کارو فرمانا دەردەکەوێ، تەماشای ئەوێی بکاو بەس.

روانینی پیاو بۆ هەموو شوێنێکی لەشی پیاو دروستە نێوانی ئەژنۆو ناوکی نەبێ، راجیایی لەمەدا نیە. بەڵام بەبێ راجیایی تەماشاکردنی کوڕێ خەتی نەدابێ بە حەزلێ کردنەوە ناڕەوایە، بگرە روانین بۆ کوڕێ کە مووی لێ نەهاتبێ لەهی ژن ناڕەواترە، هەروەك بەبێ راجیایی تەماشاکردنی خۆیی بەشەهوەتەوە حەرامە، بەڵام ئەگەر بەبێ ئارەزووی دەروون بوو حەرام نیە.

تەماشاکردنی ژن بۆ ژن وەك تەماشاکردنی پیاو بۆ پیاو وایە، بەمەرجێ هەردوو ژنەکان موسوڵمان بن، بەڵام تەماشای ژنەبێڕوا بۆ ژنە موسوڵمان وەك تەماشای پیاوی بیانی وایە، لەسەر فەرمایشتی دروست، چونکە زاتی پاك دەفەرموێ: (أو نسائهن) دەی کەی ژنەکافر

بەرژنە موسوڵمان دەکەوێ؟ بەڵکوو عیززی کوڕی عەبدوسەلام دەفەرموێ: ژنی بەدکاریش حوکمی ژنە کافری نیممی هەیە، کەواتە پێویستە لەسەر کاربەدەستەکان کە رێگە نەدەن ژنە بێبڕوای پەیماندارو ژنە موسوڵمانی بەدکار لەگەڵ ژنە موسوڵمانی داوێن پاکدا پێکەوە بچن بۆ گەرماو، جا ئەگەر لەبەر کەمتەرخەمی کاربەدەستان ئەم قەدەغەکردنە نەستەم بوو، با ژنە موسوڵمانی ئازاد خۆی خۆی لەشتی وا بپارێزێ و مەودا نەدا کە ژنە موسوڵمانی فاسقەو ژنە کافر تەماشای ناڕەوای بکەن. بزانن هەرچی لەکاتی جیانەبوونەوەدا تەماشاکردنی نادروست بێ، لەکاتی جیابوونەوەیشدا دیسان تەماشاکردنی نادروستە، وەک چووکی نێرینەو باسکی ژنی ئازادو مووی سەریو پارچە نینۆکی پێیو مووی بەری پیاوو ژنو ئەو پارچانەی تریان کە داپۆشینیان پێویستە، لەبەر ئەوە پێویستە ژنو پیاو کاتێ مووی بەریان دەتاشن موومکە بشارنەوە، هەروا ژن کاتێ سەرشانە دەکا دەبێ ئەو مووەی بە دەم شانەکەوە دێتەوە بیشارێتەوە، نەبادا بیانی چاوی پێی بکەوێ. هەر شوێنێکی مرۆڤ کە تەماشاکردنی بۆ پیاو یا بۆ ژن ناڕەوابێ، دەس لێدانیشی ناڕەوایە، بگرە پتریش چونکە دەس لێ دان لە تەماشاکردن خۆشترە، بۆیە دروست نیە بۆ پیاو بەبێ پەردە دەست بدا لە رانی پیاو، هەتا ئەگەر رووتیش نەبێ، بەڵام مەترسی ئازاوەی هەبێ، جاری وا هەیە دەستلێدانی شوێنێ دروست نیە بەڵام تەماشاکردنی دروستە، هەندێ شوێنی خۆیی تەماشاکردنی دروستە بەڵام دەس لێدانی دروست نیە، وەک سکو پشتو پێو شوێنی تریش، تەنانەت ژنەکە دایکیشی بێ یا کچیشی بێ دەس لێدانی ئەو شوێنانەی ژنی خۆیی دروست نیە،

هەروا حەرامە ماچکردنی دەموچاوی ژنی خۆیی، قەفڵال دەفەرموێ: حەرامە بۆ پیاو لەگەڵ پیاوێکی تردا لەیەك نوێندا پێکەوە پاڵ بکەون، هەروا بۆ ژنیش لەگەڵ ژنێکی تردا حەرامە لە یەك نوێندا بخەون. بەڵام نەوەوی دەفەرموێ: ئەمە کاتێ وایە کە هەردوولا ژنیان نەهێنابێ، واتە، رەبەن بن. خوشك و بۆ منالێش کە تەمەنیان بوو بە دەسال ئیتر پێویستە نوێنی خەوتنیان بۆ جیابکرێتەوە، چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: منالتان کە تەمەنیان بوو بە حەوت سال فەرمانیان پێبکەن بە نوێژ، کە بوون بە دەسالو بە پێگوتن نوێژیان نەدەکرد لەسەر نوێژ نەکردن لێیان بدەن، لەم تەمەنەدا نوێنی نوستنیان بۆ جیابکەنەوە لە یەکتری.

جۆری چوارەم: تەماشاکردن بە نیازی مارەکردن، کە تەماشاکرنی وا کارێکی پێویستە، چونکە پێویستی جۆری زۆرە جۆرێکیان ئەم تەماشاکردنەیە.

جا هەرکاتێ پیاوێ خواستی کە ژنێ بخوازێ سوننەتە کە تەماشای بکا، چونکە موغیرە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: داخوازی ژنێکم کرد بۆ خۆم، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی پێم: تەماشای بکە هەتا ببێ بە هەوێنی نەفێنیو مایەی تەبایی لە نێوانی هەردوولاتاندا، وە ببێ بە مایەی پایەداریی خۆشەویستیو هاوسەرێتی هەتا سەر لە نێوانتانا. (نەسائیو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە، تیرمیذی بە جوانی دادەنێ، ئیبنو حیببان بە دروستی دادەنێ!) وە دەفەرموێ: بەپێی مەرجی هەردوو پیرە، واتە: بەپێی شەرتی شەیخەینە. بەڵکوو دروستە

چەند جارێ تەماشاکردنەکەی دووبارە بکاتەوە، هەتا بە باشی کارەکەی بۆ ڕوون ببێتەوە. ئەگەر خۆی ئەمەی بۆ نەدەلوا با ژنێ بنێرێ بە وردی سەرنجی بداو ئەوجا بیگێڕێتەوە بۆ ئەو کە چۆنەو چۆن نیە، چونکە پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} ئوممو سولەیمی نارد بۆ تەماشاکردنی ژنێ وە پێی فەرموو: سەرنجی شادەمارەکانی سەرقنگەپاژنەی بدەو بۆن بکە بە لۆچەکانی لاملیەوە.

بۆ ژنیش هەمان شت لە هەمان کاتدا بۆ هەمان مەبەست دروستە، چونکە ئەوەی لە ژەندا سەرنجی پیاو رادەکێشێ، لە پیاویشدا سەرنجی ژن رادەکێشێ. وەك ئیمامی عومەر وا دەفەرموێ {ڕەزای خوای لێبێ}. ئەوەندە هەیە دەبێ بەس تەماشای ڕوخساری و هەردوو دەستی تا مووچەکانی بکاو بەس، فەرقی بەری دەستی و پشتی دەستی نیە. ئەم تەماشاکردنە بە نیازی هاوسەری ڕەوایە، تەنانەت ئەگەر مەترسی ئاژەوەیشیان هەبێ. کاتی ئەم تەماشاکردنە لە پاش قسەم خۆشکرنە لە مارەکردنی، بەڵام لە پێش خوازبێنیدا، نەبادا لە پاش خوازبێنی تەماشاکردن ببێ بەهۆی وازلێهێنانی، کە ئەوە ئازادی دەدا، جا ئەگەر تەماشای کردو بە دڵی نەبوو با بێ دەنگ بێو نەڵێ: نامەوێ، چونکە ئەوە ئازاری دەدا.

جۆری پێنجەم: تەماشاکرنە بۆ دەرمانکردن، جا لەکاتی وادا هەر شوێنی پێویستی بە دەمانکردن بێ تەماشاکردنی دروستە، وەك خوێن لێ گرتن، یا کەڵەشاخ لێگرتن، یا هەر جۆرە تیمارکردنێکی تر. چونکە ئوممو سەلەمە {ڕەزای خوای لێبێ} داوای لە پێغەمبەر کرد کە ڕێگەی

بـدا کـه کەڵەشـاخ لـه خـۆی بگـرێ، پێغەمبـەر {دروودەی خوای لەسەربێ} رێگـەی ئـەوەی داو فـەرمانی بـه ئـەبو طـەیبـه کـرد کـه کەڵەشـاخی لێ بگـرێ (موسلیم).

بەڵام پێویستە لەکاتی تیماکردنەکەدا خۆیی – مـەحرەم ـێك یا مێردی ژنەکە بە دیارەوەبێ، نەبادا پێکـەوە بـوونی دوو بـەدوو (خـەڵوە) رووبدا، کە شتی وا لەگەڵ پیاوی بیانیدا ناڕەوایـە. بـەو مەرجـە کـە ئـەو دەرمانکردنـە بـەژن نـەکرێ، یـا لـەو شوێنەدا ژن نـەبێ کـە بیکـا، هـەروا ئەگەر تیمار کراو پیاو بوو دەبێ پیـاو دەس نەکـەوێ ئەوسـا دروسـتە ژن تیماری بکا. چاك وایە هەتا موسوڵمان هەبێ هاوپـەیمان کـاری وا ئـەنجام نەدا.

جـــۆری شەشـــەم: تەماشـــاکردنەکە لەبـــەر ناچـــاری تـــر، وەك شـــایەتیدانو ســـەوداو مامەڵـــەکردن، جـــا لـــەکاتی وادا بـــە تایبـــەتی تەماشـاکردنی روخـساری ژن دروسـتەو بـەس، چـونکە ناچـاری ئـەوە دەخـوازێ، ئـەو ناچـارییەیش بەوەنـدە چـار دەکـرێ کـە تەماشـای دەموچاوی بکا بە تەنهاو بەس.

جۆری حەوتەم: تەماشاکردنی کەنیزەکە لەکاتی کڕیندا، دروسـتە تەماشای ئەو شوێنانەی بکرێ کە لەکاتی ئەم دیودیوکردندا پێویستی بە دیتن هەیـە، وەك روخسارو هـەر چـوار پـەڵی، دروسـت نیـە سـەیرکردنی شەرمگای، مەگەر قژی چونکە مەبەستەکانی کڕین پەیوەندی بـە قژەوە هەیە.

٢٦٠) گرێدانی مارەبڕین (عقد النكاح):

بەبێ هەقداریکی نێرینەو دوو شایەتی دادپەروەر گرێدانی مارەبڕین دانامەزرێ، ئەوەتا سەبارەت بە هەقدار خوای گەورە دەفەرموێ: {فَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ اَن يَنكِحْنَ اَزْوَاجَهُنَّ – سورة – ٢٣٢/٢} هۆی هاتنی ئەم ئایەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە: مەعقیلی کوڕی یەسار خوشکێکی هەبوو، مێردەکەی تەلاقی دابوو، خوشکەکەی دەیویست شوو بکاتەوە بە مێردەکەی، بەڵام مەعقیل سوێندی خوارد کە لێی مارەنابڕێتەوە. ئەم فەرموودەیە لە بوخاری شەریفدا هەیە. دەی ئەگەر ژن خودسەر خۆی مافی ئەوەی هەبێ کە خۆی مارەببڕێ لە کەسێ بەبێ فەرمانی هەقداری، ئیتر خودای گەورە بۆ نەیی دەکرد لە عەضلیان. عەضل ئەوەیە: کە هەقداری ژن رێگەی نەدا شوو بکا بە هاوکوفی خۆی. پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} سەبارەت بە پێویستبوونی هەقدارو دوو شایەت بۆ مارەبڕین دەفەرموێ: بەبێ هەقداری ژنو دوو شایەتی راستو دروستی دادپەروەر ژن مارەی نایەت، هەر مارەبڕینێ ئاوا نەبێ ئەوە بەتاڵە. (ئیبنو حیببان لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتەوە)و فەرموویەتی: سەبارەت بە باسکردنی پێویستبوونی دووشایەت لە مارەبڕیندا جگە لەم فەرموودەیە، فەرموودەی تری وا نیە کە بگاتە پایەی فەرموودەی ساغی دروست. ئەبو هورەیرەیش دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ژن مافی ژن مارەبڕینی نیە، تەنانەت ناتوانێ کە خۆشی مارەببڕێ لە کەسێ. جاران ئێمە لە ناوخۆماندا دەمانگوت: هەر ژنێ بەبێ رەزابوونی هەقداری

خـۆی مـاره بـبڕێ لـه کەسـێ داوێنپـیس خۆیـەتی! (داره قـوطنـی گێڕاویەتەوه، رشتەکەی بەپێی مەرجی صەحیحە) عائیشەیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر ژنێ بەبێ را لەسەر بوونی هەقدارەکانی شووبکا شووەکەی پووچو بەتاڵە. حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} سێ جار لەسەر یەك بۆ تەئکید فەرمووی: شووەکەی بەتاڵە، شووەکەی بەتاڵە، شووەکەی یەتاڵە (ئەبو داوودو ئیبنو ماجەو تیرمیذی گێڕاویانەتەوه) تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە. ئینو حیببانو حاکمیش گێڕاویانەتەوه، حاکم دەفەرموێ: بەپێی مەرجی هەردوو پیر ئەم فەرموودەیە دادەنرێ بە دروست (صحیح). ئیمامی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئەگەر لەناو کاروانێکا ژنێ هەبوو، هەقداری نەبوو، پیاوێکی کرد بە هەقداری خۆی کە مارەی بڕێ لە کەسێ دروستە، چونکە شتی وا جۆرێکە لە ناوبژیوانی (تەحکیم) ناو بژیوانیش رۆڵی فەرمانڕەوا دەبینێ.

مەرجەکانی هەقدار:

مەرجی هەقدار ئەوەیە: موسوڵمانو رەسیدەو هۆشیارو ئازادو نێرینەو عادڵ بێ، مەبەست لە عادڵ ئەوەیە کە فاسق نەبێ. ئیسلام بۆیە مەرجە چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ - سورة التوبة - ٧١/٩} واتە: موسوڵمانان لەناو خۆیانا، بە پیاوو ژنیانەوە دۆستی یەکترین، پشتو پەای یەکترین، کەسو هەقداری یەکترین. کەواتە پیاوی بێبڕوا نابێ بە هەقداری ژنی موسوڵمانو لەسەری ناگاتەوە چونکە ئایینیان جیایە لە

یەك، هەروا دروست نیە بۆ پیاوی موسوڵمان کە ببێ بە هەقداری ژنە بێبڕوا. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ – سورة المائدة – ٥١/٥} واتە: ئەی موسوڵمانینە! جووڵەکەو گاور مەگرن بە دۆستی خۆتان. ئەوان کە میللەتی کوفرن پشتی یەکترێ دەگرنو دۆستو هەقداری یەکترن). ئەوەتا خودای پاك و پیرۆزو گەورە لەم ئایەتەدا رشتەی دۆستایەتیو هەقداری لە نێوان موسوڵمانانو بێبڕوایانا بڕیوە، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەیە کە پیاوی بێبڕوا دەبێ بە هەقداری ژنەبێبڕوا.

ڕەسیدەبوونو هۆشی ساغیش بۆیە مەرجن، چونکە منالو شێت دروست نین ببن بە هەقداری کەسێ لەکاتی وادا هەقداریی دەگوێزرێتەوە بۆ هەقداری پاش ئەو منداڵە یا هەقداری پاش ئەوشێتە، وە هەتا هەقدار دەست بکەوێ، چ نزیك، چ دوور هەقداریی ناڕوا بۆ قازی.

بزانن کە تێکچوونی بیرو هۆش لەبەر پیری، یا لەبەر شێتی، یا بەهۆی پێشهاتەوە، پێشگیری لە هەقداریی دەکاو لە هەقداری نزیکەوە دەیگوێزێتەوە بۆ هەقداری دووری پاش خۆی، حیجر لە سەردانانیش لەبەر نەفامی پێشگیری لە هەقداریی (ویلایەت) دەکا، چونکە نەفام کە لە عورفی شەرعا پێی دەگوترێ سفیە ئەقڵی بە خێرو شەڕی خۆی ناشکێ، کەواتە چۆن ئەقڵی بە بەرژەوەندی کەسێکی تر دەشکێ، بەپێی دەقی فەرمایشتی شافیعی {ڕەزای خوای لێبێ} کەئەصحابی مەزهەبیش

پەیڕەوییان لێی کردووە تێکچوونی بیر بەهۆی نەخۆشیو ئێشو ئازاری زۆرەوە ئەویش هەقداریی راگویز دەکا بۆ هەقداری دوورتر.

ئازادییش بۆیە بە مەرج گیراوە لە هەقداردا چونکە کۆیلە دەست نادا بۆ خاوەنێتیو بوون بە هەقدار، تەنانەت خاوەنی خۆشی نیە، ئیتر چۆن کەسێکی تر بدا بەشوو.

نێرینەییش بۆیە مەرجە چونکە ژن نابێ بە هەقداری خۆشیو ناتوانێ سەربەخۆ بەبێ رەزای هەقدارەکەی خۆی بدا بەشوو، دەی بۆ کەسێکی تر چۆن دەگونجێ کە ببێ بە هەقداریو بیدا بەشوو، نیرو مێیش واتە: خونا - هەروا دەست نادا بۆ هەقداریو ناتوانێ ژن بدا بەشوو. عەداڵەتیش بۆیە مەرجە چونکە حەزرەت {دروودی خودای گەورەی لەسەربێ} دەفەرموێ: بەبێ هەقدارێکی خاوەن روشد مارەبڕین دانامەزرێ. دەی بەدکار کەی بە خاوەن روشد دادەنرێ، لەبەر ئەوەیش کە بەدکاریی، واتە: فاسقی، شایەت لە شایەتی دەخا، دەی هەقداریش لە هەقداریی دەخا، تەنیا ئاغای کەنیزەك لەم بڕیارە چەرت دەکرێ، ئەو دەتوانێ، ئەگەر بەدکاریش بێ، کەنیزەکی خۆی مارەببڕێ لە کەسێکی تر، چونکە لەسەر رای فەرمایشتی راستتر ئاغا بە سیفەتی ئاغاییو خاوەنێتی کەنیزەکی خۆی دەدا بە شوو، نەك بە سیفەتی هەقداریی.

رافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: زۆرینەی چینی دووەمی زانایانی مەزهەبی شافیعی رەوایان داوە کە فاسق (واتە: بەدکار) دەبێ بە هەقدار لە مارەبڕینداو دروستە ژن بدا بەشوو، بە تایبەت خوراسانیەکان رایان وایە، رەویانیش ئەم رایەی بە پەسەند داناوە.

نـــەوەوی دەفـــەرموێ: لـــە بـــارەی هەقـــداریی بـــەدکارەوە لـــە غـــەزالی پرسیارکراوە، فەرموویەتی: ئەگەر هەقداریی لە بـەدکار قەدەغـە بکـەین دەبـێ نـەقڵ ببـێ بـۆ حوکمڕانـێ کـە شـتی وا دەکـا پێـی بـەدکار دەبـێ. کـەڕۆڵاڵ دەتوانـێ هـەم ژن بهێنـێو هـەم ژن بـدا بـە شـوو، بـە مـەرجێ خەتی هەبێ، یا ئاماژەیەکی تێگەیەنەری هەبێ. بـزانن ئـەو مەرجانـەی کـە بوونیـان پێویـستە لـە هەقـداردا، هـەبوونی هـەمان مـەرج لـە شایەتەکانیـشدا مەرجـە. لەبـەر ئـەوە مـارەکردن دانامـەزرێ مەگـەر بـە ئامادەبوونی دوو شایەتی موسوڵمانی موکەللەفی، واتە: ئـەرك لـە سـەری ئازادی: نێرینەی دادپەروەری بیسەری بینای زرنـگ، کـە زمـانی هـەردوو لا ژن مارەکـــەرو ژن مـــارەبڕ بـــزانن، بەڵگـــەی ئـــەم بڕیـــارەیش ئـــەم فەرموودەیـــەی پێغەمبـــەرە (دروودی خـوای لەسـەربێ) کـــە دەفـــەرموێ: بـــەبێ هەقدارێکی خـاوەن روشـدو دوو شایەتی راسـتو دروسـت مـارەبڕینی ژن دانامەزرێ.

واتـــە: مکلـف. هـۆی ئەمـەیش دووربینییـە بـۆ نـامووس، هـەتا مارەکردن تووشی حاشا لێکـردن نـەبێ، وە رشـتەی بنەچـە لـە تێکچوون رزگاری ببێ. ئامادەبوونی ئەم چوار کەسـە لـەکاتی مارەبڕینـدا پێویـستە بـۆ دامەزرانـدنی: هەقـدارو مێـردو دووشـایەتی راسـتو دروسـت، وەڵ هەقدارو مێرد بۆیان هەیە کە وەکیل بگرن.

نزیکترین هەقدار:

نزیکترین هەقدار باوکە، چونکە گشت هەقدارەکانی تـر بـەهۆی ئەوەوە دەگەنـەوە بـە ژنـەکە، لـەپاش بـاوك لـە پێـشترین هەقـدار بـاپیرەی

باوکییه، هەرچەند بەرەوژووریش ببێتەوە، چونکە باپیرە هەم هەقدارەو هەم باوانە، لەبەر ئەوە پێش دەخرێ لەسەر کەسێ کە هەر باوانی ڕووت بێ، ئەمجار برای باوکی‌و دایکی: ئەمجا برای باوکی‌و، ئەمجا کوڕی برای باوکی‌و دایکی، ئەمجا کوڕی برای باوکی، هەر چەند دووریش بکەونەوە، چونکە هەموویان بەهۆی باوکەوە دەگەنەوە بە ژنەکە، ئەمجا مامی باوکی‌و دایکی، ئەمجا مامی باوکی، ئەمجا کوڕی مامی باوکی‌و دایکی، ئەمجا کوڕی مامی باوکی، با زۆریش دووربکەونەوە، هەروەها ئەم مافە دەگا بە مامەی باوکی ژنەکەو کوڕی ئەوو مامی باپیرەی‌و کوڕی ئەویش. ئەمجا گشت باوانەکانی تریش. بزانن کە ڕیزی هەقدارانی ژن بە شوودان دەق وەك ڕیزی میراتبەران وایە، تەنیا لە باپیردا نەبێ، چونکە لە ژن مارەبڕیندا باپیرە پێش برا دەخرێ، کوڕیش بە کوڕێتی هەقی ژن بە شوودانی نیە، بەڵام ئەگەر ئامۆزازای دایکی بێ، یا ئازادکەری بێ، یا قازی بێ، بەو سیفەتە، نەك بە سیفەتی کوڕێتی، دەتوانێ دایکی خۆی مارەببڕێ لە کەسێ. جا ئەگەر ژنێ هەقداری بنەچەی نەبوو سەروەرە ئازاد کەرەکەی ئەو مافەی بۆ هەیە، ئەمجا باوانی ئازادکەر، ئیتر هەروەها دەق لە سەرشێوەی ڕیزی میراتبەرەکان، چونکە پێغەمبەر (درووەد خوا لەسەربێ) دەفەرموێ: سەرداریی تانو پۆیە دەق وەك تانو پۆی بنەچە. ئەگەر ئازادکەر ژن بوو، فەرمایشتی ڕاستتر ئەوەیە کە کێ ژنە ئازادکەرەکە دەدا بە شوو هەر ئەویش ژنە ئازادکراوەکە دەدا بەشوو، بەڵام لەسەر ڕمزای خۆی.

ئەمجا حوکمداری ئەو شوێنەی کە ژنەکەی لێیە، چونکە پێغەمبەر (درووەد خوا لەسەربێ) دەفەرموێ: فەرمانڕەوا هەقداری ئەو کەسەیە

کـه هەقـداری بایەخـداری تـری نیـه. (شـافیعیو ئـەبو داوودو ئیبنـو حیببـانو کەسـانی تـریش گێڕاویانەتـەوە. بەشێکە لـە فەرموودەکـەی عائیشە).

جا ئەم ریزە لەسەر ئەم شێوەیە بۆ ئـەو هەقدارانـەی کـە مـافی ژن مارەبڕینیان هەیە مەرجە بۆ دامەزراندنی مارەبڕین.

کەواتـە هـەتا نزیـك وەسـتابێ دوور مـافی ئـەوەی نیـە کـە ژن بەشوو بدا، چونکە ئەم مافـەی بـەهۆی باوانەتییـەوە بـۆ ماوەتـەوە، دەق وەك کەلەپوور وایە، تا نزیك هەبێ دوور بێ بەشە.

٢٦١) باسی خوازبێنیی ژن:

سوننەتە: بـۆ ژنخواز، یـا بـۆ جێداری، خـوازبێنی بکـا لـە ژنەکـە خۆی، یا لە هەقدارەکەی، بە مەرجێ ئەو ژنـە بـێ مێردبـێو لـە عیـدەدا نەبێ، خوای ئەو خوازبێنییە بە قسەی راستەو خۆو بـێ پێچو پـەنا بـێ، یا بە مەعنابێ. وە بە هیچ جۆرێ دروست نیە خـوازبێنیکردنی ژنـێ کـە لـە ژێـر رکێفـی مێرددابـێ، یـا لـە عیـددەی رجعیـدابێ، چـونکە ژن لـە عیددەی رجعیدا هـەر بـە ژن حلێبـە، بـەڵام ژنـێ کـە لـە عیـددەی مێـرد مردنـدا بـێ، یـا لـە عیـددەی تـەڵاقی بائینـەدابێ، یـا لـە عیـددەی هەڵوەشـانەوەی مـارەبڕین دابـێ، دروسـتە بـە مـەعناوە خـوازبێنیی لێ بکرێ، بەڵام بە راشکاوی دروست نیـە، بـەپێی ئـەم ئایەتـە: {وَلاَ جُنَاحَ عَلَـيْكُمْ فِيمَـا عَرَّضْـتُم بِـهِ مِـنْ خِطْبَـةِ النِّسَاء – سـورة البقـرة –

٢٣٥/٢}. لەبەر ئەوەیش کە فاطیمەی کچی قەیس مێردەکەی بە ئێجگاری تەلاقی دەدا، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) پێی دەفەرموێ: کاتێ عیددەت تەواو بوو، کە کاتی ئەوەیە شوو کردنت حەلاڵ دەبێ، ئاگادارم بکەرەوە.

جیاوازی نێوانی خوازبێنی ئاشکراو خوازبێنی بە مەعنا ئەوەیە: ئەگەر بە ئاشکرا ئارەزووی خوازبێنی ئەو ژنە بکا دوور نیە، کە لەبەر زۆر بۆ هێنانی ئارەزووی دەروون، یا لەبەر هەر هۆیەکی تر، بە درۆ بڵێ عیددەکەی تەواو بووە، بەڵام ئەگەر خوازبێنییەکە بە مەعناوە بێ شتی وا روو نادا.

خوازبێنی بێ پێچو پەنا بە قسەیێ دەڵێن کە سوور ئەوە بگەیەنێ کە ئەو کەسە ئارەزووی لە خوازبێنیی ئەو ژنەهەیە، وەك ئەوە کە پێی بڵێ: ئارەزوو هەیە کە مارەت بکەم بۆ خۆم، یا وەك ئەوە پێی بڵێ: هەرکاتێ عیددەکەت تەواو بوو من مارەت دەکەم. خوازبێنی بە مەعنایش (تەعریض) قسەیەکە ئەوەیش هەڵ بگرێو واتای تریش بگەیەنێ، وەك ئەوە پێی بڵێ: کێ هاوڕێی وەك تۆی دەست دەکەوێ. یاخود بڵێ: تۆ داخوازیکەرت زۆرە. یاخود بڵێ: هەرکاتێ کە عیددەت تەواو بوو پێم بڵێ!. یا وێنەی ئەم گوتانە.

ئەمە هەمووی بۆ ئەوکاسانەیە کە خۆیان خاوەنی عیددەکە نین، بەڵام خاوەن عیددەیێ کە مافی ئەوەی هەبێ لەو عیددەیەدا مارەی بکا، ئەوە بۆی هەیە کە بە راشکاوی داخوازی بکا.

٢٦٢) هۆیەکانی هەقداری (أسباب الولایه):

بزانن به هێزترین هۆی هەقداری (ویلایەت) باوکایەتییە، ئەمجا باپیرایەتییە، چونکە ئەم دوو کەسە ئەوپەڕی دڵسۆزییان هەیە بۆ جگەرگۆشەکانیان، جا لەبەر ئەوە ئەم دوو کەسە مافی ئەوەیان هەیە کە کچ، گەورەبێ یا بچووك، مارەببڕن لە هاوکفی خۆی، لەسەر مارەیی وێنەی خۆی، لەبەر بەرژەوەندێ کە خۆیان رەچاوی بکەن، ئەم بەزۆر بەشوودانە بەستراوە بە کچێنییەوە، نەوەك بە گچکەییەوە، وەك ئەبو حەنیفە دەفەرموێ.

جا ئەگەر کچێ شێتو منالّ بوو باوکو باپیرە دەتوانن بەبێ را وەرگرتن، مارەی ببڕن، چونکە شێتی کە چووە پاڵ منداڵی هەقدرایی پتەو تر دەبێ، بەرژەوەندیش ئەوە دەخوازێ کە بدرێ بەشوو، بۆ ساخبوونەوەی بەرژەوەند ئەوەنە بەسە کە کچەکە مارەیی و ژیوار (نەفەقە)ی دەست دەکەوێ، رێی تێ دەچێ کە چاکیش ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەشێتی رەسیدە ببێ، بە گەورەییش باوکو باپیرە بەبێ فەرمانی خۆی بۆیان هەیە کە بیدەن بەشوو، هەروا دروستە بۆ فەرمانڕەوایش، ئەگەر باوکو باپیری نەبوو، بیدات بەشوو، بەمەرجێ نیشانەی پێداویشتی دیاری بدا، وەك ئەوە گومانی ئارەزووکردنی لێبکرێ، یا پزیشك بڵێ: بەهۆی شووکردنەوە هیوای چاك بوونەوەی لێدەکرێ.

وا سوننەتە کە باوکو باپیرە داوای فەرمان (ئیذن) لە کچی گەورەی رەسیدە بکەن، هەتا دەربازبن لە راجیایی کەسانێ کە دەڵێن:

پێویستە ئیذن لە کچی رەسیدە وەربگیرێ، لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ): بێوەژن (بۆ مارەبڕینی خۆی) خۆی زیاتر مافی ئەوەی هەیە لە هەقدارەکەی، کچیش پرسی پێ دەکرێ، جا ئەگەر قسەی نەکردو نارەزایی دەرنەبڕی ئەوە مانای وایە کە رازییە (موسلیم).

بەڵام بێوەژنی هۆشیار (ئاقڵ)ی رەسیدە بەبێ فەرمانی خۆی مارەناکرێ، فەرمانەکەیشی دەبێ بە قسەبێ، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بێوەژن دەبێ قسەی لێ وەربگیرێ بۆ مارەبڕینی کە رازییەو رەخنەی نیە. بەپێی یەکگرتنیش قسە لێ وەرگرتن دەبێ لەپاش رەسیدە بوون بێ. بێوەژن کەسێکە کچێنیی بە هۆی یەکێ لەم حاڵەتانەوە نەمابێ: بەهۆی بەدەست گرتنی رەواوە، یا بەهۆی چوونەلای شوبهەوە، یا بەهۆی داوێنپیسییەوە، بەڵام ئەگەر بەهۆی ئەم شتانەی دواوە کچێتیی نەمابوو ئەوە لەسەر فەرمایشتی دروست وەک کچ وایە: بەهۆی کەوتنەوە، یا بەهۆی پەنجەوە، یا بەهۆی خوڕزمیی بێنوێژییەوە، یا بەهۆی قەیرەییەوە، کە گەورەکچ هەتا قەدرە دەبێ شووناکا، ئەگەر بە زۆر بە دەست گیرابوو، یا لە خەودا، یا بە شێتی ئەوە راستتر وایە کە وەک بێوەژن وایە، لە (قیل)یکا دەڵێ: ئەم حاڵەتانەیش هەروەک کچ وایە، گریمان ئەگەر ژنێ لە بنەڕەتدا بە سروشت کچێنیی نەبوو هەر بەکچ دادەنرێ.

٢٦٣) باسی ئەو ژنانەی کە مارەیان نایەت:

ئەو ژنانەی کە مارەکردنیان نادروستە سێ جۆرن، چونکە سێ هۆ هەیە بۆ حەرامبوونی ئێجگاری، کە بڕێتین لە خزمایەتی و شیرخواردن و ژن و ژن خوازی (مصاهرە).

هۆی یەکەم:

کە خزمایەتییە، بەهۆی خزمایەتییەوە حەوت تاقم مارەیان نایەت، بەپێی ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: {حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ – سورة النساء – ٢٣/٤} واتە: بە فەرمانی خوا لەسەر ئێوەی موسوڵمان، مارەکردنی ئەم ژنانە حەرامکراوە: دایکتان و کچتان و خوشکتان و خوشکی باوکتان و خوشکی دایکتان و کچی براتان و کچی خوشکتان). بەڵام ئامۆزاو پووزاو خاڵۆزاو میمکزا، دووربن یا نزیک، مارەیان دێت لە ئامۆزاو خاڵۆزاو پووزای خۆیان.

هۆی دووهەم:

بڕێتییە لە مەمک خواردن، بەم هۆیەوە دووکەس مارەیان نایەت، دایکی شیری و خوشکی شیری. بەپێی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: {وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ}.

جا بزانە هەر ئافرەتێ لە بنەچەدا بەهۆی خزمایەتییەوە حەرام بێ، بە شیرخواردنیش حەرامە. چونکە خۆشەویست {دروودی خوا لەسەربێ}

دەفـەرموێ: هەرچـی بـە خزمایـەتیو زاوزێ حـەرام ببـێ بـەهۆی مەمکخواردنیشەوە حـەرام دەبـێ. (شـەیخان) لـە گێڕانەوەیـەکا: هەرچی بـەهۆی سـکوزاو کەسـایەتییەوە قەدەغـە بـێ بـەهۆی شیرخواردنیـشەوە قەدەغە دەبێ.

بەڵێ هەندێ کەس هەن لە بنەچەدا قەدەغەن نەك لە شیردا.

یەکەم: ژنـێ کـە شـیری دابـێ بـە بـرات یـا بـە خوشکت، ئـەوە لـە شیرپێداندا قەدەغە نیە لێت، چونکە بێگانەیـە لێت، بـەڵام لـە بنەچـەدا حەرامە لێت، چونکە یا دایکتە یا باوەژنتە.

دووەم: دایکی شیریی کوڕەزات یـا کـچەزات. ئـەمـە لـە شـیرپێداندا حەڵاڵە، کەچی لە بنەچەدا حەرامە، چونکە یـا کـچی خۆتـە یـا بووکتـە، واتە: ژنی کوڕتە.

سێیەم: نەنکی منالێت، یا دایکی ژنـێ کە شیری دابـێ بە منـاڵی تـۆ، ئەمەیش لە شیرپێدانا دروستەو لە بنەچەدا نادروستە، چونکە یا دایکتە یا خەسووتە یا دایکی شیریی ژنتە!.

چوارەم: کچی ژنـێ کـە مـەمکی دابـێ بـە منـاڵی تـۆ. ئەمـەیش لـە شـیرپێداندا حەڵاڵـەو لـە بنەچـەدا حەرامـە، چـونکە یـا کـچی خۆتـە یـا هەنەزاتە، واتە : کچی ژنتە[1].

---

[1] لێرەدا هەڵەیەکی چاپ، کە بووە بەهۆی وەهمێکی گەورە لە دەتە عەرەبییەکەدا هەیە دەڵێ: (وهی في النسب حرام لانها أم بنتك) راستەکەی ئاوایـە: (.. لانهـا إمـا

پێنجەم: نەنکی منالّت، چونکە یا دایکی خۆتە، یا دایکی ژنتە.

بێدارین:

چوار ژن هەن حەلاڵن پێت کەچی بەدیمەن لە حەرام دەچن.

یەکەم: خوشکی بنەچەیی بـرای بنەچەییت، واتـە: خوشکی نەسەبیی برای نەسەبیت، کە خوشکی بەنەچەیی خۆت نـەبێ، وەك ئـەم نموونەیە: شیرین شوو دەکا بـە هێمن هێڤی لـە هێمن دەبـێ، لـە پاشا هێمن دەمرێ شوو دەکا بە رۆستەم لە رۆستەم نـەریمانی دەبـێ، رۆستەم لە ژنێکی تری کوڕێکی هەیە ناوی زۆرابـە، بـرای بـاوکیی نەریمانـە، دەی خوشکەکەی نەریمان کەناوی هێڤییە بە زۆراب دەشێ کـە بـرای بـاوکییی نەریمانە.

دووەم: خوشکی شیریی برای بنەچەییت.

سێیەم: خوشکی بنەچەیی بـرای شیریت. بـۆ نموونـە: برایـەکی دایکی شیریت هەیە، کە ئەویش خوشکێکی بنەچەیی هەیـە، لـە باوکـەوە یـا لـە دایکـەوە، یـا لـە بـاوك‌و دایکـەوە. تـۆ دەتـوانی نـەو خوشـکەی مارەبکەی.

بنتك..). لە زنجیرە (٢٥٨)دا، لـە (نـزیکترین هەقـدار)دا ئـەم هەڵەیـەی تـریش هەیـە، دەڵـێ: (والا في الابـن فانـه لا یـزوج بـالبنوة وان قـدم في النكـاح انـه لا مـشاركة..) راستەکەی ئاوایە: (وان قدم في الارث، لانه لا مشاركه.. الخ.

- وەرگێڕ -

چوارەم: خوشکی شیریی بـرای شیریت. بـۆ وێنـه: کـوڕێ شیری دایکی تۆی خواردووەو شیری ژنێکی تریشی دیسان خواردووە، وە ئـەو ژنه شیردەرە کچێکی هەیە کە خوشکی شیریی براشیرییەکەی تۆیـە، دەی تۆ دەتوانی ئەو کچە مارە بکەی[1].

---

[1] لەم شوێنەدا لە (الفقه المیسر)ەکەدا لە ئەصڵەکەیدا ئەمە نووسراوە: (.. وقد نظمها بعضهم فقال):

أربع في الرضاع هن حلال

واذا ما ناسبتهن حرام:

جدة ابن، واخته، ثم أم

لاخيه، وحافد، والسلام

ئەم دوو شیعرە هەق وابوو لـە پـێش تـەم (بێـداری)یـەدا بوایـە. چونکە ئـەم دوو شیعرە قسە لەو چوار جۆرە ژنە دەکەن کە لەپێش ئەم بێداریـیەوە باسمان لـێ کـرا، نـەك لەم چوار ژنەی کە لەپاش ئەم بێداریـیەوە باسیان لێدەکرێ، ئـەم تێهـەڵکێش کردنـەیش مـرۆڤ بـە هەڵـەدل دەبـا، سـەر لـە خوێنـەر دەشـێوێنێ. بەنـدە بـەهۆی مغنـی محتـاج و شـەریعەتی ئیـسلامەوە تـوانیم راسـتی بکەمـەوە. وەرگێـڕ. ئەمـەیش بەشـیعر وەرگەڕاوەکەیانە:

هینی بنەچەت ئەم چوار ژنانە

حەرامن، هی شیر بە پێچەوانە:

نەنکی منالّتو، خوشکی، پاش ئەوەت:

دایکی براو خوشك، دایەنی نەوەت!

هۆی سێیەم:

بڕێتییە لە ژنو ژنخوازی، بەهۆی ئەمیشەوە بە ئێجگاری هەتا هەتایە چوار تاقم حەرام دەبن:

یەکەم: دایکی مارەبڕاوی پیاو، هەر بەزاتی مارەبڕینی ژنێ لە پیاوێ، دایکی بنەچەیی و دایکی شیری ئەو ژنە لەو پیاوە بۆ هەمیشە حەرام دەبێ، بەپێی ئایەتی: (وأمهات نسائكم).

دووەم: کچی ژن کە لە مێردێکی تری ئەو ژنە بێت کە پێی دەگوترێ هەنەزا، هەر چەند بەرەو خواریش بڕوا، وەك کچو کچەزای هەنەزا، بەو مەرجە کە چوونبێتەلای دایکەکە، ئەگینا بە تەنیا مارەبڕینەکە کچی مارەبڕاوەکەی لێ حەرام نابێ. بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ}.

کچی شیریی مارەبڕاوی بە دەستگیراویش رێك وەك کچی بنەچەوایە، مارەی نایەت لە مێردی دایەنەکەی. رستەی (في حجوركم)

ئیبنو رفعە ئەم چوار جۆرە ژنەی تریشی پتر کردووە: ژنێ کە شیری دابێ بە مامت، یا بە خالت، یا بە پوورت، یا بە میمکت (لە مغنیدار شەریعەتی ئیسلامدا ناماژە بۆ ئەم مەبستە دەفەرموێ: جیاکردنەوەی ئەم شێوەکارانە لە راستیدا شتێکی دیمنکاریيەو بە روالەت جیاکردنەوەیە. چونکە ئەمانە ئەو هۆیانەیان تیادا نیە کە دەبن بە هۆی حەرامبوون هەتا جیا بکرێتەوە).

- وەرگێڕ -

لەم ئایەتەدا بەیانی حاڵی غالیبە دەنا بۆ ئەوە نیە ئەگەر ئەو هەنەزایە لە لای باوە پیارەکەی نەبێ مارەیی لێی دێ.

سێیەم: مارەبڕاوی باوك‌و باپیرەو بەرەوژوورتریش، خوای باپیرەی باوکی بێ، یاخود باپیرەی دایکی بێ، یا باوك‌و باپیرەی بنەچەبن، یا باوك‌و باپیرەی شیری بن! بەپێی ئایەتی: {وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء - سورة النساء - ٢٢/٤}.

چوارەم: مارە بڕوای کوڕو کوڕەزاو بەرەو خوارتریش، خوای کوڕو کوڕەزای نەسەب بن یا هی شیری بن. بەپێی ئەم ئایەتە پێرۆزە: {وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ} ئەم ئایەتە سەبارەت بە کوڕی پشتە، ژنی کوڕی شیریش بەپێی یاسای: هەرچی بەهۆی خزمایەتی‌و زاوزێ‌و سکوزاوە حەرام بێ بەهۆی شیر خواردنیشەوە قەدەغە دەبێ. بەپێی رستەی (من أصلابكم) لە ئایەتەکەدا، کوڕی جەعلی بەر ئەم قەدەغەکردنە ناکەوێ، وە ژنەکەی مارەی دێ لە بەناو باوکەکەی!.

مارەبڕاوی کوڕو کوڕەزا بە تەنها مارە برینەکە لە باوك‌و باپیرەیان قەدەغە دەبێ.

حەرام بوون لەکاتی کۆکردنەوەدا:

قەدەغەیە لەسەر پیاوێ کە دوو خوشك بەیەکەوە کۆبکاتەوە لە نیکاحی خۆیدا، خوای خوشکی بنچینەیی بن، یا هی شیری بن، قورئان دەفەرموێ: {وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ} لە

سوننەتیشدا دەفەرموێ: لەعنەت لەو کەسەبێ کە ناوی خۆی لە منالّدانی دوو خوشکدا کۆدەکاتەوە. هەروەها قەدەغەیە کۆکردنەوەی ژنو پووری، جا خوشکی باوکی بێ یا خوشکی دایکی بێ. چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ژن بەسەر پوورو میمکی خۆی مارە ناکرێ، هەروەها پوورو میمکیش بەسەر برازاو خوارزای خۆیان مارە ناکرێن (شەیخان). هەروەها حەرامە کۆکردنەوەی ژن لەگەڵ کچی برایدا، یا لەگەڵ کچی برازایدا، یا لەگەڵ کچی خوشکیدا، یا لەگەڵ کچی خوشکەزایدا، بۆ ئەمەیش براو خوشکی بنچینەییو براو خوشکی شیری چون یەکن.

مەبەست لە قەدەغەکردنی ئەم جۆرە کۆکردنەوەیە پێشگیرییە لە رووداتی بڕینی رشتەی خزمایەتی. کۆگر بۆ ئەو ژنانەی کە دروست نین لەگەڵ یەکترا کۆبکرێنەوە ئەوەتە: هەر دوو ژنێ کە خزمایەتییەکی وەهایان لە نێواندا بێ، بە بنەچە یا بەشیر، کە ئەگەر فەرز بکەین یەکێکیان پیاو بێو ئەوی تریان ژنبێ، مارەیان لە یەکتر نەیەت ئەو جۆرە دوو ژنە کۆ کردنەوەشیان لە ژنێتیی یەك کەس دا دروست نیە. بزانن هەموو دووژنێ کە حەرام بێ لە نیکاحدا لەگەڵ یەکترا کۆبکرێنەوە، حەرامە بەهۆی کەنیزەکیشەوە ئاغاکەیان بڕواتە لای هەردوولایان. واتە: بە نموونە ئەگەر دوو خوشك، یا خوشکەزاو پووری کەنیزەکی پیاوێ بوون، دروستە بڕواتە لای یەکێکیانو بەس.

٢٦٤) باسی ئەو نەنگانەی کە دەبن بەهۆی هەڵوەشانەوەی مارەبڕین:

ئەگەر پیاوەکە یا ژنەکە نەنگێکی لەم نەنگانەی دواوە دۆزییەوە بەویتریانەوە ئەوە مافی هەڵوەشاندنەوەی مارەکردنەکەی هەیە. ژن بەم پێنج نەنگە دەدرێتە دواوە: بە شێتیو بە گوڵو بە بەڵەکیو بەتاتیو بەهۆی ئەوەیشەوە کە پارچە ئێسکێ بەری شەرمی گرتبێ.

پیاویش بەهۆی ئەم پێنج نەنگەوە دەدرێتە دواوە: بەهۆی شێتیو گوڵو بەڵەکیو خپبوونی چووکو شلەپەتکەیی.

چونکە ژنهێنان بۆ رۆژو دوو رۆژ نیەو مەبەستی سەرەکی لێی رابواردنی راوایە، دەی ئەم نەنگانەیش هەیانە رێگەی دروستبوون دەگرێ، وەک چووک بڕاویو شلەپەتکەیی لە پیاوداو، وەک تاتیو ئێسکی بەری شەرمگا لە ئافرەتدا، هەیشیانە دڵ تێک هەڵ دەشێوێنێو ناهێڵی لەززەتو خۆشی تەواو لە هاوسەر وەربگیرێ، وەک شێتیو گوڵو بەڵەکی.

جا لەبەر ئەوە مافی پەشیمان بوونەوە لە مارەبڕین لەکاتی وادا دامەزراوە، هەتا نەبێ بەهۆی زیانی هەمیشەیی. لە ئیسلامیشدا: نەزیان نە وەڵامی زیان بەزیان، یاسایەکی دامەزراوە.

سەربەڵگەی ئەم کارەیش ئەم فەرموودەیەیە کە دەفەرموێ: کەعبی کوڕی زەید {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} لە بەنی غیفار ژنێکی هێنا، کە چووە ناو پەردەوە بۆیو جلەکانی داناو

لەسەر نوێنەکە دانیشت، سەیری کرد قەبرغەی تووشی بەڵەکی بووە، جا پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} لە نوێنەکە دەکشێتەوەو دەفەرموێ: جلەکانت بدەرەوە بە خۆتاو برۆرەوە بۆ مااڵی باوانت، لەبەر ئەم عەیبە من تۆم ناوێ، بە کەسوکاری ژنەکەشی فەرموو: ئەم نەنگەتان حەشاردابوو، لە منتان شاردبۆ وە. (بەیهەقی لە -- السنن الکبری -- داو حاکم لە مستدرکا گێڕاویانەتەوە) جاوا بەپێی ئەم رووداوە هەڵومشانەوە بەهۆی بەڵەکییەوە دامەزراوە، نەنگەکانی ترش بەم پێودانە پێوراون، چونکە لە ریزی ئەون، بگرە هەیانە خراپتریشە، وەك گوڵی کە زۆر خراپترە لە بەڵەکی.

عومەر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: هەر پیاوێ ژنێ بهێنێ، ژنەکە شێت بێ، یا گول بێ، یا بەڵەك بێ، ئەگەر بچێتە لای و بە دەستی بگرێ ئیتر ژنەکە مارەیی تەواوی دەکەوێ، بەاڵم مێردەکە ئەوە بەهەقداری ژنەکە دەبژێرێ[1].

---

[1] مالیك و شافیعی {رەزای خوایان لێبێ} گێڕاویانەتەوە. لە بلوغ المرامدا دەفەرموێ: سەعیدی کوڕی مەنصورو مالیك و ئیبنو ئەبی شەیبە گێڕاویانەتەوە، پیاوانی رشتەکەی هەموریان بڕواپێکراون. لە ئەصڵەکەو لە ئەصڵی ئەصڵەکەدا ئەم ئەسەرە مەوقوفە لەسەر ئیبنو عومەر. بەاڵم لە تاج الاصول و بلوغ المرامدا مەوقوفە لەسەر ئیمامی عومەر. لە مغنی المحتاجیشدا دەفەرموێ: ئەم سێ عەیبە بە صەحیحی لە عومەرەوە شافیعی ریوایەتی کردووە. بۆیە بەندە نووسیم: عومەر، وەنەم نووسی: ئیبنو عومەر، بەزەینم ئیبنو عومەر لە (کفایة الاخیار)ەکەدا هەڵەی چاپە لە فیقهول موسەیەرەکەیشدا نەقڵو رووتووسی بێ تەحققە. هەر چۆن بێ خوا پاداشی باشی

سەرەڕای ئەم بەڵگانەیش بەڵگەی تریش بۆ هەڵومشانەوە هەیە، چونکە ژنهێنان گرێدانێکە بەرابەر بە وەجەڵ، پووچبوونەوە قەبوولْ دەکا، کەواتە دروستە بەهۆی نەنگی کاریگەرەوە پووچ بکرێتەوە، رێك وەك کرین‌و فرۆشتن. لە شێتیدا جیاوازی نیە لە نێوانی شێتیی هەمیشەیی‌و شێتیی پچڕپچڕدا، یا لە نێوانی شێتیی بێ چارەو شێتییەك کە چارەو تیماربکرێ. بە کورتی نەنگەکان حەوتن: سیانیان هاوبەشن، هەم لە مێرددا هەم لە ژندا روو دەدەن، برێتین لە شێتی‌و گوڵ‌و بەڵەکی، دوانیشیان تایبەتن بە مێردەوە، کە برێتین لە کێربڕین‌و شلەپەتکەیی. دوانیشیان تایبەتن بە ژنەوە، کە برێتین لە تاتی بەهۆی پارچە گۆشتەوە، یا لە تاتی بەهۆی پارچە ئێسکەوە کە بەری شەرمی ئافرەت بگرێ‌و رێی پەیوەندی ژنومێدری بگرێ.

٢٦٥) سوننەتە ناوبردنی مارەیی (تسمية المهر):

مارەیی لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ: صیداق یا مەهر، کە برێتییە لە سامانێ پێویست دەبێ لەسەر مێرد، کە بیدات بە ژن بەهۆی مارەکردنیەوە، یا بەهۆی دروستبوون لەگەڵیدا بەهۆی چوونە لای هەڵە (وطء الشبهه) وە. مارەیی لە عەرەبیدا گەڵێ ناوی تری هەیە، وەك:

هەموو لایەك بداتەوە، ئەوەی کە گومانم تیادا نیە: ئەوان زۆر لە من مەلاتربوون، وە نیازیشیان رەزای خوا بووە، بەندە مەبەستم راستکردنەوەی دەقەکانە، دەنا نە مەبەستم زانایی خۆمەو نە مەبەستیشم خوانە خواستە تانەو رەخنەی ناهەقە لەوان.

- وەرگێڕ -

نحلهو فهریضهو ئهجرو سیداق، که ئهم چوار ناوهی له قورئانی پیرۆزدا ههن، له سوننهتیشدا ئهم ناوانهی تری ههیه: مهرو علیقهو عقر.

سهر بهلگهی مارهیی نامهی خواو رێگهی رهههبهره، خوای مهزن دهفهرموێ: {وَآتُواْ النِّسَاء صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً – سورة النساء – ٤/٤} وشهی نیحله لهم ئایهتهدا به واتا خهڵاتو بهخشش و بهخشینه، بۆیه وا ناونراوه چونکه رابواردنی ژن لهگهڵ پیاودا بهرابهر به رابواردنی پیاوهکهیه لهگهڵیدا، کهواته مارهیی وهك خۆرایی و به بهلاش بێ وایه، پێغهمبهریش {درووده خوای لهسهربێ} به پیاوێکی فهرموو که داوای ژنێکی کرد: ئایا هیچت ههیه که بیکهی به مارهیی؟ گوتی: نهبهخوا ئهی پێغهمبهری خوا!.. تا ئهوێ که پێغهمبهر {درووده خوای لهسهربێ} پێی فهرموو: شتێك پهیدا بکه، با ئهنگوستیلهیهکی ئاسنیش بێ. جا له ئهنجامدا حهزرهت {درووده خوای لهسهربێ} پێی فهرموو: دهبڕۆ ئهوا لهسهر ئهوه که فێری ئهو قورئانهی بکهی که خۆت ئێستا لهبهرته، ئهم ژنهم مارهکرد له تۆ. دهی که ئهمهت زانی بزانه که سوننهت وایه لهکاتی مارهبڕیندا ناوی مارهیی ببڕێ، ههتا پهیڕهویی پێغهمبهر {درووده خوای لهسهربێ} بکرێو سوننهتی ئهو بکرێ به سهرمهشق، چونکه پێغهمبهر {درووده خوای لهسهربێ} بهبێ ناوبردنی مارهیی هیچ مارهبڕینێکی گرێ نهداوه، له راستیدا ناوبردنو دیاریکردنی مارهیی لهکاتی گرێداندا دهبێ بههۆی بنهبڕکردنی کێشهو بهره.

بهڵام مارهیی بنیات (روکن)ێ نیه له بنیاتهکانی دامهزراندنی مارهکردن، بهلگهی ئهم قسهیهیش ئهم ئایهته پیرۆزهیه: {لاَّ جُنَاحَ

عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاء مَا لَمْ تَمَسُّوهُنُّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً – سورة البقرة – ٢٣٦/٢} ئەوەتا بەپێی ئەم ئایەتە ژن تەڵاقدان لە پێش بەدەست گرتنداو ژن مارەبڕین بەبێ ناوبردنی مارەیی بە گوناە دانانرێ، ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە گرێدان بەبێ دیاریکردنی مارەیی دروستەو دادەمەزرێ، ئەمەیش وەك ئەوە ژنێکی فامیدەی رەسیدە، بێوەژن بێ یا کچ، بە هەقداری خۆی بڵێ: بەبێ مارەییبمدە بەشوون هەقدارەکەیشی وا بکا، ئەوە مارەی دێ، جا خوا هەقدارەکەی لەکاتی مارەبڕینەکەدا ناوی مارەیی نەهێنێ، یا بە دەق بڵێ: ئەوا بەبێ مارەیی ئەو ژنەم مارە کرد لەتۆ.

بەهۆی یەکێ لەم سێ شتەوە مارەیی ئاسایی (مهر المثل: مارەیی وێنەی خۆی) پێویست دەبێ بۆ ژن لەسەر مێردی:

یەکەم: کاتێ قازی مارەیی دابنێ بۆ ژن لەم دوو حاڵەتەدا:-

یەکەم: مێرد نەیەوێ مارەیی دیاری بکا بۆ ژنەکە.

دووەم: ژنو مێرد کێشەیان بێ لەسەر ئەندازەی ناوبراو.

دووەم: ژنو مێرد خۆیان بڕیاری مارەیی ئاسایی بدەن.

سێیەم: کاتێ مێردەکە لە پێش ئەوەدا قازی مارەیی دابنێ بۆ ژنەکە، ئەو بڕواتە لای، یا لەپێش ئەوەدا کە خۆیان بڕیاری مارەیی ناوبراو بدەن ئەو بە دەستی بگرێ، لەم سێ شێوەیەدا مارەیی عادەتی لەسەر مێردەکە بۆ ژنەکەی دادەمەزرێ. لە مارەیی ئاساییدا بایەخ بە رۆژی مارە بڕینە، ئەگەر لە پێش دانانی مارەییدا، یا لەپێش

بەدەستگرتندا یەکێ لە ژن‌و مێرد مرد ئەوە مارەیی عادەتی پێویست دەبێ. ئەبو داوودو تیرمیذی‌و نەسائی (بە رشتەیەکی ساغ) دەگێڕنەوە: پرسیارگرا لە ئیبنو مەسعوود {رەزای خوای لێبێ} ئەگەر پیاوێ ژنێ مارە بکاو مارەیی بۆ دیاری نەکاو بە دەستیشی نەگرێ تا خۆی دەمرێ مارەیی ئەم ژنە چییەو چی نیە؟ فەرمووی: مانەندی مارەیی کەسوکاری خۆی مارەیی بۆ دادەنرێ، وەك دایکی، یا خوشکی، یا پووری، بەبێ کەم‌و زۆر، وە بەشە کەلەپووریش دەگرێ، وَە عیددەی (وەفات)یشی لەسەرە.

مەعقیلی کوڕی سینانی ئەشجەعیش هەڵسا فەرمووی: پێغەمبەریش {درودی خوای لەسەربێ} لە شانی بەروەعەی کچی واشیقدا دەق وەك ئەم بڕیارەی تۆ بڕیاری دا، ئیبنو مەسعوودیش ئەم قسەیەی گەڵ پێ خۆشبوو (تەماشای تاجول ئوصوڵ، بەرگی سێ، لاپەرە (٨٣) بە کوردی، بکە – وەرگێڕ).

بزانن کە مانەندی مارەیی بەو ئەندازەیە دەگوترێ کە دەکرێ بە مارەیی ژنانی هاوشانی خۆی، جاکێ لە کەسوکاری‌لە ژنەکەوە نزیکتربی مارەیی ئەو ڕەچاو دەکرێ وەك خوشکی، یا دایکی، یا پووری، تەنانەت ئەگەر پیاوێ ژنێکی تەلاقدا، لەپێش بەدەستگرتن‌و ناوبردنی مارەییدا، ئەوە پێویستە موتعەی بداتێ، کە بڕێتییە لە ماڵێ کە پیاوەکە دەیدا بەژنەکە لەپاش جیابوونەوە لە یەکتر. بەپێی مەفهوومی ئایەتی {وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ – سورة البقرة – ٢٣٧/٢} ئەوەتا بەپێی دەقی ئەم ئایەتە نیوەی مارەیی دەدرێ بەوژنە کە مارەیی بۆ دیاریکرابێ،

بەڵام لەپێش بەدەست گرتندا تەڵاق درابێ، دەی ئەگەر مارەیی بۆ دیاری نەکرا، وە لەپێش بەدەست گرتندا تەڵاقدرا ئەوە هەقی موتعەی هەیە بەپێی ئایەتی {وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ – سورة البقرة – ٢٣٦/٢}.

خوا حەزکا لە دواوە باسێکی موتعە دەکەین.

مارەیی ئەندازەی بۆ دیاری نەکراوە:

لەبەر ئەوە هەرچی دروست بێ ببی بە بەهاو نرخ بۆ زاتێ، یا بۆ کەڵکێ، دروستە بیشکرێ بە مارەیی، بەپێی فەرموودەکەی صەحیحەین کە حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} بە پیاوەکەی فەرموو: شتێ پەیدا بکە با ئەنگوستیلەیەکی ئاسنیش بێ. کە لە دواییەکەیدا پێی فەرموو: ئەوا لەسەر ئەوە کە فێری ئەو قورئانەی بکەی کە خۆت ئێستا لەبەرتە ئەم ژنەم مارەکرد لەتۆ. ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەم دوو شتەیە:

یەکەم: ئەو پەڕی کەمی لە مارەیی دا رەچاوبکرێ.

دووەم: دروستە کەڵك بکرێ بە مارەیی. بەپێی ئەم فەرموودەیەش: عامیری کوڕی رەبیعە فەرمووی: ئافرەتێکی بەنی فەزارەیی لەسەر جووتێ سۆل شووی کردبوو، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی: لە جیاتی خۆتو مالّت بە جووتێ سۆل رازی بووی؟ گوتی: بەڵێ. پێغەمبەریش {درووەد خوای لەسەربێ} مارەبڕینەکەی دامەزراند (ئیبنو ماجەو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە. تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی

جوانه، هەروا بەپێی ئەم فەرموودەیەیترپش: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: مارەیی جێبەجی بکەن. یاران فەرموویان: چی دەبێ بە مارەیی؟ فەرمووی: هەرچی هەردوولا پێی رازی بوون دروستە بکرێ بە مارەیی.

ئەمەکاتی وایە کە ژنەکە فامیدە بێ، وە ئاغا کانیزەکی خۆی مارەببڕێ لە کەسێ، بەڵام ئەگەر هەقدار ژنێکی حیجر لەسەر دانراوی لە کەسێ مارەببڕی، ئەوە بۆی نیە کە لەسەر کەمتر لە مارەیی مانەندی خۆی مارەی ببڕی. بەهەر حاڵ سوننەتە کە مارەیی لە دە درەم کەمتر نەبێ، هەتا لە راجیایی ئەبو حەنیفە دەرباز ببین، چونکە لەلای ئەو پێویستە مارەیی لە دە درەم کەمتر نەبێ، هەروا سوننەتە لە ئەندازەی مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەریش زیاتر نەبێ، کە بریتی بووە لە پێنج سەد درەم. بەڵام مارەیی ئوممو حەبیبەی هاوسەری پێغەمبەر {دروودی خوا لەسەر پێغەمبەرو رەزای خودا لە هاوسەرەکانی} کە چوار سەد دیناری زێڕی ئەو کاتە بووە، ئەوە پێغەمبەر خۆی نەیکردووە، بەڵکوو ئەوە نەجاشی بە پیاوەتی کردوویەتی {رەزای خوای لێبێ} وە لە مالّی خۆی داویّتی، بۆ رێزو قەدری حەزرەت ئەوەی کردووە، کەواتە ئەم بڕیارە بەم حاڵەتە هەڵ ناوەشێتەوە.

کەی نیوەی مارەیی لە کۆڵ دەکەوێ؟.

بزانن کە ژن دەبێ بە خاوەنی مارەیی خۆی تەنیا بە گرێدانێکی دروست، یا بەناو بردنی مارەیی، بە مەرجێ ناو بردنەکە لەسەر شێوەیەکی رەوابێ. دەنا مانەندی مارەیی دەکەوێ.

مارەیی ژن لەسەر میّرد دادەمەزریّ بەهۆی یەکیّ لەم دوو رێیازگەیەوە:

یەکەم: بەهۆی چوونەلاوە، هەر چەند چوونەلاکەیش نادروست بیّ، وەك ئەوە میّرد لەکاتی بێنوێژیدا، یا لەناو ئیحرامدا بڕواتە لای ژن، بەلگەی ئەم حاڵەتەیش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: {وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ - سورة النساء - ٢١/٤)} واتە: چۆن زات دەکەنو لە خوودا ناترسنو ئەو مارەییە وەردەگرن لەو ژنە داماوانە، ئەمە لە کاتێکا کە ئێوەی ژنو میّردو حەڵاڵو هاوسەر دەرپێ تێکەڵ بوون. دەی ئەمە بەلگەی ئەوەیە کە بەدەستگرتنی ژن لەلایەن میّردەوە دەبیّ بەهۆی دامەزراندنی مارەیی.

دووەم: مارەیی دادەمەزریّ بەهۆی مردنی یەکێکیانەوە، هەر چەند هێشتا بەدەستیشی نەگرتبیّ چونکە بە مردنی لایەك مارەبڕین دێتە کۆتایی، کەواتە رێك وەك حاڵەتی بەکرێدان وایە دەبیّ گریّ لەسەر دراو بەتەواوی بدریّ بە خاوەنی. بەڵام ئەگەر نەچوونەلا رووی دا ، وە نەرمردن رووی دا، وە بەبیّ هۆیەك لە ژنەکەوە، یا لە میّردەکەوە، جیا بوونەوە رووی دا، وەك ئەوە لە خۆیەوە تەڵاقیدا، یا تەڵاقدانی سپارد بە ژنەکە خۆی و ژنەکەیش وایکرد، یا تەڵاقدانی تەعلیق کرد بەشتێکەوە، وەك چوونە ناو خانویەك، یا خولعی لەگەڵدا کرد، لە هەموو ئەم حاڵانەدا مارەیی دەکریّ بە دوو کەرتەوە، نیوەی دەگەڕێتەوە بۆ میّردەکەو نیوەی دەمێنێتەوە بۆ ژنەکە، بەپێی ئایەتی: {وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ}.

٢٦٦) باسی هەقی موتعە:

موتعە: ناوە بۆ مالّێ کە میّرد دەیدا بەژنی خۆی لە پاش جیابوونەوە لێی. جیا بوونەوە دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: جیابوونەوە بەهۆی مردنەوە، ئەمە بە یەکگرتنی رای زاناکا، نابێ بەهۆی پەیدابوونی مافی موتعە.

جۆری دووەم: جیا بوونەوەی کاتی ژیانی هەردوولا، جا جیا بوونەوەی وا ئەگەر لەپێش بەدەستگرتن دابوو وە ناوی مارەییش نەبرابوو ئەوە حەقی موتعە هەیە بۆ ژنەکە، بەڵام ئەگەر لەپاش بەدەست گرتن تەڵاقی دابوو ئەوە مانەندی مارەیی خۆیی دەکەوێ، لە مافی موتعەدا موسوڵمانو پەیماندارو پیاوی ئازادو پیاوی کۆیلەو ژنی ئازادو کەنیزەك چون یەکن، وا سوننەتە کە موتعە لە سیی درەمی زیو کەمتر نەبێ، پیاوو ژن لەناو خۆیاندا لەسەر هەرچی پێك بێن ئەندازەی پێویستی پێ جێبەجێ دەبێ، بەڵام ئەگەر بوو بە کێشەو بەرەیان ئەوە قازی بەپێی کۆشش واجتهادی خۆی، وە بەپێی دەوڵەمەندیو هەژاریی کابرای میّردی ژنەکە ئەو مافەی بۆ دیاری دەکا، دروستە کە مالّی موتعە لە نیوەی مارەییش زیاتربێ، چونکە ئایەتەکەی موتعە بەرەهایی باسی موتعە دەکا، کە دەفەرموێ: {وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ – سورة البقرة – ٢٣٦/٢}.

٢٦٧) بڕیاری ژن به ژن:

ژن بەژن پووچەڵە، چونکە لە حەدیثێکی بوخاریو موسلیمدا دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} جڵەو گیریی دەکرد لە ژن بە ژن، ژن بە ژنیش ئەوەتانێ کە دوو پیاو بە کچی خۆیان ژن بە ژن بکەن بەبێ مارەیی. بەپێی ئەم فەرموودەیەو چەند فەرموودەیەکی تر ژن بە ژن ئەوەتانێ کە پیاوێ بە پیاوێ تر بڵێ: هەقدارەکەی خۆتم لێ مارە بکە منیش هەقدارەکەی خۆمت لێ مارە دەکەم، بە مەرجی ئەوە کە بە دەستگرتنی هەرکامێکیان ببێ بە مارەیی ئەوی تریان، ئەویش قەبوولی ئەوەبکا. بەڵام ئەگەر بە دەستگرتن نەکەن بە مارەیی، وەك ئەوە هەردوولا لەکاتی مارەبڕیندا باسی مارەیی نەکەن ولێی بێ دەنگ بن، ئەوە مارەبڕینی هەردوولا دادەمەزرێ، چونکە لەسەر ئەم شێوەیە تەنیا ئەوەی تیایە کە بۆ دامەزراندنی گرێدانی مارەبڕینی یەکەم مەرجە گرێدانی مارەبڕینی دووەمیش سەربگرێ، شتی وایش مارەبڕین پووچەڵ ناکاتەوە، وە لەم کاتەدا ئەو دووژنەی کە بەبێ مارەیی ژن بە ژنیان پێکراوە، هەر کەسەیان مانەندی مارەیی خۆیی بۆ هەیە.

٢٦٨) نانی شایی:

نانی شایی بەعەرەبی پێی دەگوترێ وەلیمە، لە (ولم) دروست بووە، کە بەواتا کۆبوونەوەیە، چونکە ژنو میرد لەم کاتەدا کۆدەبنەوە.

ئیمامی شافیعی {رەزای خودای گەورەی لێبێ} دەفەرموێ: (ولیمە بەو دەعوەتە دەگوترێ کە بە بۆنەیەکی خۆشەوە ساز دەدرێ، وەك شایی ژنهێنانو منداڵ سوننەتکردنو شتی تری لەم بابەتانە).

وەلیمە لە عەرەبیدا بەپێی شوێنو بۆنە ناوەکەی دەگوترێ، لە کودیشا هەروایە، دەعوەتی ژنهێنان پێی دەگوترێ: وەلیمە، واتە: نانی شایی، دەعوەتی سوننەتکردن پێی دەگوترێ: اعذار واتە: ئاهەنگ، دەعوەتی منداڵ بوون پێی دەگوترێ: عەقیقە، واتە: حەوتم، دەعوەتی رزگاربوونی ئافەرەت لەکاتی منداڵبووندا پێی دەگوترێ: خورس، واتە: مەولوودی، دەعوەتی هاتنەوە لە سەفەر پێی دەگوترێ: نەقیعە، واتە: قاوەڵتوون، دەعوەتی خانوو دروستکردن پێی دەگوترێ: وەکیرە، واتە: بەرەدرکانە، نان دروستکردن بە بۆنەی ناخۆشەوە پێی دەگوترێ: وەضیمە، نانی شین، نانی پرسە. نان دروستکردن بەبێ بۆنەیەکی تایبەت پێی دەگوترێ: مەئدوبە، واتە: دەعوەت، یا بانگهێشتن تەماشای (مختصر المزنی بهامش الأم – ٣٩/٤) لەگەڵ القاموس ماددەی (ولم) بفەرموو).

حوکمەکەی:

نانی شایی سوننەتە، لە قیلێکا دەڵێ: پێویستە. چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} بە عەبدورەحمانی کوڕی عەوفی فەرموو: نانی شایی دروست بکە، هەر هیچ نەبێ مەڕێ بکە بە نانی شایی. (شەیخان گێڕاویانەتەوە). لەبەر ئەوەیش کە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} نە لە ماڵەوەو نە لە سەفەردا نانی شایی تەرک نەکردووە.

بەڵام فەرموودەی رۆشنتر ئەوەیە کە سوننەتە، چونکە حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: مافێ کە لە ساماندا هەیە بۆ خەڵکی تر هەر زەکاتەو بەس. لەبەر ئەوەیش چونکە هەر تایبەت نیە بە ئاتاجەکانەوە،

دەوڵەمەندیش لێی دەخوات، کەواتە دەق وەك قوربانی وایەو سوننەتەو پێویست نیە، بە قیاس لەسەر هەموو جۆرە قاوەڵتیو دەعوەتێکی تریش. فەرموودەی (نانی شایی دروست بکە..) دەبڕین بەسەر ئەوەدا کە زۆر سوننەتێکی گەورەیەو لە هەموونان دروست کردنێکی تری لەم بابەتە سوننەتترە.

لای کەمی نان دروستکردن بۆ شایی مەڕێکە چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} کە زەینەبی کچی جەحشی گواستەوە مەڕێکی کرد بە نانی شایی، ئەوەندە هەیە هەرشتێ بەم بۆنەیەوە سوودو قازانجی هەبێ بڕێتی نانی شایی دەکەوێ، چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} کە صەفییەی گواستەوە قاوەتو خورمای بۆ کرد بە نانی شایی.

گوتمان دروست کردنی نانی شایی سوننەتێکی گەورەیە بەڵام ئەگەر کەسێ بانگ کرا بۆ سەر شایی بۆ نانخواردن پێویستە بڕوا، لەسەر فەرمایشتی سەنگین، چونکە چەن فەرموودەیەکی دروستو ساغ لەم بابەتەوە هەیە، وەك ئەوە دەفەرموێ: ئەگەر خوڵك کران بۆ سەر نانی شایی بچن بۆی. لە فەرموودەیەکی تردا حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: خراپترین نان نانی شایی‌و شیرینی‌و شتی وایە، چونکە دەوڵەمەندان بانگ دەگرێن بۆی‌و هەژاران بانگ ناکرێن، ئەو کەسەشی خوڵك بکرێ‌و نەچێ ئەوە لە خوداو لە پێغەمبەری خوا یاخی دەبێ! (موسلیم گێڕاویەتەوە) بەڵام بانگکردن بۆ سەر غەیری نانی شایی، بەهەر بۆنەیەکەوە بێ سوننەتە، هەروا رۆیشتنیش بۆی سوننەتە.

٢٦٩) مەرجی پێویستبوون یا سوننەتبوونی چوون بۆ سەر دەعوەت:

١) بانگهێشتنەکە دەبێ لەسەر ئەم شێوەیە گشتی بێ، بۆ گشت هۆزەکەبێ، یا بۆ گشت دەرو دراوسێ بێ، یا بۆ گشت هاوپیشەکان بێ، بە دەوڵەمەندو هەژاریانەوە، نابێ بە تایبەت بۆ هەندێ کەس بێو بۆ هەندێ کەسی تر نەبێ، یا هەر بۆ دەوڵەمەندان بێو هەژاران لێی بێبەش بن، خۆشەویست {درووەد خوا لەسەربێ} دەفەرموێ: بەدترین نان نانی شایی‌و شیرینییە، ئەوەی کە خۆی دەیەوێ بچێ بۆی رێگەی نادەن، ئەوەی دەعیەی نایبا خولکی دەکەن بۆ سەری، ئەو کەسەیشی خولکی بکرێو نەچێ ئەوە لە خوداو لە پێغەمبەری خودا یاخی دەبێ! (موسلیم) لە فەرموودەیەکی تردا خۆشەویست {درووەد خوا لەسەربێ} دەفەرموێ: بەدترین نان نانی شایی‌و شیرینییە، تێروتەسەل بانگ دەکرێ بۆی‌و لە برسی قەدەغە دەکرێ (طەبەرانی).

٢) ئەوەتە بە تایبەت خۆی پێی بڵێ، یا کەسێ بنێرێ بە شوێنیدا. بەڵام ئەگەر دەرگای مالّی خستە سەرپشت‌و گوتی: کێ دەیەوێ بابێ، بەوە چوون بۆ سەرنانی شایی پێویست نابێ.

٣) ئەوەیە کە لەو کۆڕو دانیشتنەدا کەسێکی وا نەبێ کە ئەم پێی نارەحەت بێ، وەکوو مەردومی خوێڕی‌و هیچ‌و پووچ، خۆشی خانە دان‌و خاوەن رێزبێ.

٤) ئەوەیە لەوێ کارێکی ناشایستە نەبێ وەك بادەنۆشی و رەشبەڵەك و دەهۆڵ و زورناو هەڵپەڕکێ و سەمای ناڕەوا، لەکاتی وادا چوون نە پێویستەو نە سوننەت، مەگەر بەهۆی رۆیشتنی ئەمەوە ئەو وەزعە ناشایستەیە لابچێ، ئەوە لەسەریەتی کە ئامادەی ببێ هەتا ئەو بارە خراپە نەمێنێ. ئەمە قسەمان لەوەیە کە لە پێشا بە ناشایستەکەی زانیبێ، بەڵام ئەگەر هەتا کاتی ئامادە بوون پێی نەزانێ ئەوە نەیان لەو بێ شەرعییە لێ دەکا، جا ئەگەر وازیان نەهێنا دەبێ لەوێ دەربچێ، نابێ لەگەڵیان دابنیشێ، چونکە دانیشتنی وا نادروستە، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {فَلاَ تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ - سورة الأنعام - ٦٨/٦}.

٥) ئەوەیە کە دەعوەتی شایی ژن گواستنەوە لە رۆژی یەکەم دابێ و دەعوەتەکانی تر یا رۆژی یەکەم یا رۆژی دووهەم بێ، لە رۆژی دووهەما چوون پێویست نیە بۆ سەرنانی شایی، بەڵکوو لە رۆژی سێهەما چوون نباشە.

٦) دەبێ بانگکەر موسوڵمان بێ، دەنا ئەگەر بانگکەر ناموسوڵمان بوو ئەوە دروست نیە کە بچێ، چونکە شتی وا دۆستایەتی و خۆشەویستیی بێبڕوا دەگەیەنێ. کە خودا نەیی لێ دەکاو دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء تُلْقُونَ - سورة الممتحنة - ١/٦٠} تا کۆتایی ئایەت. هەندێ لە زاناکان دەفەرموون: دۆستایەتی و خۆشەویستیی موسوڵمانی بەدکاریش بەر بڕیاری ئەم ئایەتە دەکەوێ، کەواتە هانشینیی بەدکاران بۆ دەمە تەقێ و

شتی وا نادرستە، بۆیە جاریّ سوفیانی ئەوری تەوافی بەیتی دەکرد، لەو حەلەدا وا رێکەوت هاروونە رەشید هات بۆ تەوافی بەیت، سوفیان تەوافەکەی بڕیو رۆیشتو ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ} تاکۆتایی ئایەت. ئیبنو ئەبی وەرادیش وایکرد، ئەم زاتانە لەم بۆچوونەیاندا پەیرەوی تێکڕایی فەرمایشتەکە کە دەکەن (تێکڕایی فەرمایشت – عموم اللفظ).

گریمان چەن کەسێ خولّکی بکەن، دەچێ بۆ سەر دەعوەتی هەرە پێشینەکەیان، خۆ ئەگەر هەموویان پێکەوە خولّکیانکرد، دەچێ بۆ سەر دەعوەتی خزمترینیان، ئەوجا هی ئەوەیان کە مالّەکەی زۆر نزیکترە.

٢٧٠) نۆرەکاریی (قەسم) لە نێوانی هاوسەراندا:

پێویستە لەسەر ژنو مێرد دوو هاوسەری تەبا بنو پێکەوە بە خۆشی بە شێوەیەکی رەوا ژیان بگوزەرێننو هەر کەسەیان مافی سەری بەرابەر بەهاو سەری جێبەجێ بکا، زوڵمو زۆرو ناهەقیو چاووراو لە یەکتر نەکەنو لەگەڵ یەکتردا رووخۆشو گونجاوو سازاوبن. زاتی پاك دەفەرموێ: {وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ – سورة البقرة – ٢٢٨/٢} واتە: پیاوو ژن بەپێی شەیعەت هەقو مافیان چون یەك لەسەر یەکتری هەیە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە پیاوان یەك پلەیان هەیە

بەسەر ژنانەوە). لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: {وَعَاشِرُوهُنَّ – سورة النساء – ١٩/٤} واتە: لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا بە جوانی ژیان پێکەوە ببنەسەر بەپێی یاسای چاکە خوازی). شافیعی دەفەرموێ: شیرازەو سەر روشتەی هەموو چاکەیێ ئەوەیە: کە واز لە ئازاری خەڵك بهێنێ، ئەگەر مافی کەسێکیشت لەسەربوو، بەسەر راستی بیدەیتە دەستی، ناچاری ئەوەی نەکەی کە ئەو بە شوێن تۆدا بگەڕی هەتا هەقەکەی بدەیتەوە! (چاکە واتە: مەعروف – وەرگێڕ).

کاتێ پیاوێ چەند ژنێکی هەبوو، دەبێ لە نێوانیاندا هەقانیی بێ، ستەم لە کەسیان نەکا، بەشەو بەسەرە لەلایان بێ، دەبێ بەهۆی دەووتیرو پشکەوە نۆرە ئەویان بۆ دیاری بکا، یا لەسەر رەزای ژنەکانی تری لە ژنێکەوە دەست بە نۆرەکاری لە نێوانیاندا بکا. چونکە فەرمان کراوە بە داد لە نێوانیاندا، شتی وایش بەشێکە لە دادپەروەری لەم بارەیەوە. بۆ ئەمە کاتو شوێن رەچاو دەکرێن، لە لایەنی جێگەوە دروست نیە کە ژنەکانی لەیەك ماڵدا کۆبکاتەوە، ئەگەر بۆ تەنیا شەوێکیش بووە، مەگەر لەسەر رەزامەندیی خۆیان چونکە سەر دەکێشێ بۆ ناکۆکی زۆر، ئەوەیش دەبێ بەهۆی لە فەرمان دەچوونیانو دەبێ بە ماکی ئازاوەی ناو خێزان، چونکە ئەوان بە سروشت نامۆیی لە یەکتری دەکەن، ئەوەیش دووەم لە موعاشەرە بە مەعرووف، کە خودا لە قورئاندا فەرمانی پێ دەکا. وەکی تریش هەرژنێ لەوان مافی مالی سەربەخۆی خۆی هەیە، هەروەك چۆن لە جلو بەرگا دەتوانێ هاوبەشی کەسی تر نەکا لە خانوویشدا هەروا.

له لایەنی وەختیشەوە سەرەکی (ئەصڵ) لە دابەشکردنی کاتدا بەسەر ژناندا شەوە، چونکە شەوکاتی حەسانەوەیەو خوا داینـاوە بۆ حەوانەوە، بەڵام رۆژ بۆ هەوڵو تێکۆشانو گەڕانە بە شوێن کارو فرمانا، گەرچی ئەمە زوربەی کات وایەو مەرج نیە کە هەموو کەس لە شەوا وچان بگرێو بە رۆژ رەنج بدا، جا لەبەر ئەمە ئەگەر کەسێ بە شەو ئیشی دەکردو بە رۆژ بێ ئیشبوو، وەك ئێشکچیی شەو، ئەم جۆرە کەیانە دەبێ رۆژ دابەش بکەن بەسەر ژنەکانیاندا، لەم حاڵەدا شەودەبێ بە پاشکۆی رۆژ. بۆ رێبـواریش کـاتی لادانو وچـان گـرتن دەکـرێ بەسەرچاوەی نۆرەکـاریی، لەکـەم کـەمو لـە زۆر زۆر، حەرامـە پیـاو لـە سەرەی ئەصڵی ژنێکا بڕواتـە لای ژنێکی تـری، مەگـەر لەبـەر ناچاری، بەڵی ئەگـەر لـە رۆژا بـۆ ئـیش چـوو بـۆ مـاڵی یـەکێکیان ئـەوە دروستـەو قەزای ئـەوەی لەسـەر نیـە، وەك ئـەوە بـچێ شتێ لـەوێ دابنـێ، یـا شتێ وەربگـرێ، یـا نەفەقـە تەسلیم بکا، یـا بـۆ کـاری تـری لـەم جۆرە. بـەڵام ئەگەر لەبـەر ناچاریـیەك چـوو، وەك نەخۆشی سـەخت، یـا مەترسـیدار، ئەوە دەبێ زۆرنەمێنێتەوە، دەنا ئەگەر زۆر مایەوە دەبێ بۆ ژنـە خـاوەن سـەرەکە نۆرەکـەی قـەزا بکاتـەوە بەقـەد نـەو ماوەیـە. لـە حـەدیثـدا دەفـەرموێ: ئـەبو هـورەیرە فـەرمووی: خۆشەویـست {درووەد خـوای لەسـەربێ} دەفەرموێ: کەسێ دوو ژنی هەبێ بەڵام یەکێکیانی پتر بوێ ولایەنی ئـەو زیاتر بگرێ ئەوە لـە رۆژی قیامـەتا کـە دێت لایـەکی لارەسـەنگە. (ئـەبو داوودو تـرمیـذیو کەسـانی تـریش گێڕاویانەتـەوە. ئیبنـو حـەببان بـە فەرموودەیـەکی سـاخی دروستی دانـاوە) حـاکمیش دەفـەرموێ: بـەپێی

مەرجی هەر دوو پیرە، کە دایان ناوە بۆ فەرموودەی دروست (هەر دوو پیر واتە: شەیخەین: بوخاری‌و موسلیم).

پیاو ئەگەر بەپێی شەرع ئەوەندەی لەبەر چاوە، لەنگەری هاوسانی لە نێوانیاندا رابگرێ ئیتر گلەیی ئەوەی لێ ناکرێ کە بەدڵ هەندێکیانی زیاتر خۆش بوێ، تەنانەت هاوسانی لە دروست بوونیشدا مەرج نیە، هەروا لە هەموو لەزەت وەرگتنێکی تردا، بەڵام لەم لایەنەیشەوە هەر یەکسانی لە نێوانیاندا سوننەتە، لە راستیدا حەزی دڵ بە دەست مرۆڤ خۆی نیە، عائیشە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} نۆرەکاری‌و لەنگەری دادگەریی لە نێوان ژنەکانیدا رادەگرت، وەك یەك نازی دەگرتن‌و وەك یەك جل‌و بەرگی بۆ دەکردن‌و وەك یەك بەشەو لەلایان دەمایەوە، ئینجا دەیفەرموو: خودایە! ئەمە نۆرەکاریی منەو من هەر ئەم دابەشکردنەم لە دەست دێ، ئیتر لەسەر ئەوەی کە بە دەستی تۆیەو دەستەڵاتی منی تیادا نیە، کە حەزو مەیلی دڵە، لەسەر ئەوە سەر کۆنەو سەرزەنشتم مەکە. (ئەبو داوودو تیرمیذی‌و نەسائی بە رشتەیەکی باش – سند صالح – گێڕاویانەتەوە، ئیبنو حەببان بەساخی داناوە، حاکمیش دەفەرموێ: بەپێی مەرجی موسلیمە).

بزانن کە دابەشکردنی وەخت بە هاوسانی پێویستە ژنی نەخۆش‌و تات‌و بێنوێژو زەیستان بگرێتەوە، هەروا ژنی ئیحرامدارو ژنێ کە مێردەکەی ئیلای لەگەڵ داکردبێ‌و ژنێ ظیهاری لەگەڵدا کرابێ‌و ژنی منالکارو ژنی شێت، ئەگەر شێتەکە جێگەی مەترسی نەبوو، چونکە

مەبەست هاودەنگی‌و دەمەتەقێیە. بەڵام ژنێ کە لە فەرمانی مێردەکەی دەرچووبێ‌و یاخی (ناشزە) بێ لێی مافی شەو چوونەلای نیە، هەروا ژیوارو نەفەقەشی ناکەوێ.

٢٧١) دەوکردنی کاتی ڕێبواری:

کاتێ مێرد ویستی ژنێکی خۆی لە سەفەردا ببا لەگەڵ خۆی دەبێ تیروپشك لە نێوان ژنەکانیدا بکا، جاپشك بە ناوی هەر کامێکیانەوە دەرچوو ئەوەیان دەبات لەگەڵ خۆی. سەر بەلگەی ئەم بڕیارە ئەم فەرموودەی عائیشەیە (خۆشنوودیی خودای لێبێ) کە دەفەرمێ: دەستووری پێغەمبەر (درووده خوا له‌سه‌ربێ) وابوو کاتێ دەیویست بچێ بۆ سەفەر، تیروپشکی دەکرد لە نێوان ژنەکانیدا پشك بەناوی هەر ژنێکییەوە دەربچوایە ئەوەیانی دەبرد لەگەڵ خۆی بۆ ئەو سەفەرە. (شەیخان).

جا ئەگەر بەهۆی دەوکردنەوە ژنێکیانی لەگەڵ خۆی برد بۆ سەفەر ماوەی هەردوو سەری ڕێگەکەو، ماوەی مانەوە بۆ جێبەجی کردنی کارو فرمانی سەفەرەکە لە شارو شوێنەکان، ئەو ماوەیانە کە گەڕایەوە بۆ ولاتی خۆی قەزاناکاتەوە بۆ ژنەکانی تری، مەگەر ئەوماوەیە کە گەیشتۆتە جێگەی مەبەستو پتر لە ماوەی ڕێبواران تیادا ماوەتەوە، چونکە خۆشەویست (درووده خوا له‌سه‌ربێ) عائیشەی برد بۆ سەفەرێ کە گەڕایەوە قەزای ماوەی سەفەرەکەی نەکردەوە بۆ ژنەکانی تری، لەبەر ئەوەیش کە ڕێبوار لە سەفەردا ئەرکی زۆر دەکێشێ، دەی

ئەگەر ئەو ماوەیە بۆ ژنەکانی تری بگێڕێتەوەو هەقیان بۆ بکاتەوە ئەوە لەدوو سەرەوە ژنە نیشتەجێکان قازانج دەکەن.

مەرجی نەگێڕانەوە:

بزانن کە ماوەی سەفەر بەچەن مەرجێ قەزاناکرێتەوە:

یەکەم: ئەوەیە مێرد دەوبکا لە نێوانیاندا، دەنا ئەگەر دەوی نەکرد دەبێ ئەو ماوەیە قەزا بکاتەوە بۆ ژنە لە مالّ جێماوەکانی.

دووەم: ئەوەیە نیازی گواستنەوەی نێجگاریی نەبێ لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، چونکە ئەگەر بە یەکجاری بڕوا بۆ جێگایەك نادروستە هەندێ لە ژنەکانی لەگەڵ خۆی بباو هەندێکیان بەجێ بهێڵێ، ئەگەر وا بکا دەبێ هەقی ئەوە بۆ ژنە جێماوەکان بکاتەوە.

سێیەم: نابێ لە سەفەرەکەدا نیازی نیشتەجێیی بهێنێ.

ژنی تازە:

کاتێ پیاوێ ژنێکی نوێی هێنا نۆرەکاریی لەوەپێشی نێوان ژنە کۆنەکانی دەپەچڕێنێو بەپێی ئەم فەرموودەیە رەفتار دەکا کە ئەبو قیلابە لە ئەنەسەوە دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ئەنەس {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: سوننەت وایە ئەگەر پیاو کچی هێنا بەسەر بێوەژن حەوت شەو لەلای ژنە تازەکەی بێ، ئینجا بەسەرە وەك یەك شەویان بۆ دابنێ، بەڵام ئەگەر بێوەژنی هێنا بەسەر کچ سێ شەو لەلای ژنە تازەکەی بێ، ئینجا بە نۆرە وەك یەك شەویان بۆ دابنێ. ئەبو قیلابە فەرمووی:

ئەگەر بمەوێ لە باتی ئەوەی بڵێم: ئەنەس فەرمووی: سوننەت وایە.. تاد، دەڵێم: ئەنەس فەرمووی: پێغەمبەر (درووەد خواد لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر کچی هێنا بەسەر.. تاد (شەیخان) واتە: ئەگەر کچێکی تازەی هێنا مافی هەیە حەوت شەو لای بمێنێتەوە، وە ئەگەر بێوەژنێکی هێنا مافی ئەوی هەیە سێ شەو لەلای بمێنێتەوە مەبەست لەم چەن شەو مانەوەیە لای ژنی تازە بۆ ئەوەیە کە هەر دوو هاوسەر شەرمیان لە یەکتر بشکێ، پێویستە ئەم حەوت شەوو سێ شەوە بەسەریەکەوە بنو پچڕ پچڕ نەبن، چونکە ئەگەر شەوەکان پچڕ پچڕ بن سەرمیان لە یەکتر ناشکێ. سوننەتەکە بیوەژن خاتر خۆ بکا لە بەینی سێ شەودا بەبێ قەزاکردنەوە یا حەوت شەو لەگەڵ قەزاکردنەوەدا بۆ ژنەکانی تری، چونکە پێغەمبەر (درووەد خواد لەسەربێ) کاتێ ئوممو سەلەمەی گواستەوە لە نێوانی ئەم دوو ژمارەیەدا خاتر خۆی کرد. بەڵام ئەگەر پیاوەکە لە خۆیەوە، نەك لەسەر خواستی ژنە تازەکەی حەوت شەو لەلای بێوەژن مایەوە، ئەوە هەر چوار شەوە زیادەکە قەزادەکاتەوە بۆ ژنەکانی تری.

٢٧٢) ژنی لە میرد یاخی: ناشزە = نافەرمان:

نافەرمانی ژن ئەوەیە لە فەرمانی میرد دەرچێ، جا خواە بە گوتار لە فەرمانی دەربچێ، یا بە کردار، هی گوتار وەك ئەوە ژنەکە لەوەپێش زمانی شیرین بووە لەگەڵ میردەکەی، بەڵام ئێستا کە گۆڕاوەو وانەماوە، هی کرداریش وەك ئەوە لە وەوپێش رووی خۆش بووەو ئێستا موٚنو نامۆبووە، یا وەك ئەوە میردەکەی داوای سەرجێیی لێبکاو، ئەو مل نەدات، جا هەر کاتێ شتێ وا رووی دا میرد بە قسەی باش

ئامۆژگاری ژن دەکا، فەرمانی پێ دەکا بە لە خودا ترسان، وە هەڕەشەی سەرهنجامی خراپی ئەو کارەی لێ دەکا، بەپێی ئەم ئایەتە: {وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ - سورة النساء - ٣٤/٤} واتە: ئەو ژنانەی کە مەترسی ئەوەیان لێ دەکەن کە بێگوێیی و نافەرمانیتان بکەن بە شێوەیەکی دانایانە ئامۆژگارییان بکەن). لەم قۆناغەدا نابێ جێی لێ جیا بکاتەوە، یا لێی بدا، چونکە هەڵ دەگرێ کە بە ئامۆژگاری لە هەڵەی خۆی پەشیمان ببێتەوەو عوزر خوایی بکاو داوای لێبوردنو چاو پۆشی بکا، بەڵام ئەگەر بە ئامۆژگاری چاری نەکرا، وەکارەکە سەری دەکێشا بۆ کێشەو بەرەو سەراسێ ئەوە ئەوسا جێی لێ جیا دەکاتەوە بەڵام قسەی لێ دانابڕێ، هەتا ئەگەر قسەی لێ دابڕێ نابێ لەسێ رۆژ پتر قسەی لێ دابڕێ، لەم بارەیەوە خۆشەویست (درووەد لەسەربێ) دەفەرموێ: نادروستە بۆ موسوڵمان لە سێ رۆژ پتر قسە لە برای ئایینی خۆی دابڕێ. بەڵێ ئەگەر قسە لێ دابڕاو پیاوێکی بە درەفتاربوو (وەك ئەوە بەدکاربوو، یا بیدعەتکاربوو، یا شتێکی لەم بابەتە بوو) ئەوە دروستە لە سێ رۆژ پتر قسەی لێ دابڕێ، هەروا ئەگەر قسە لێ دابڕینەکە خێری شەرعیی قسە دابڕ، یا قسە لێ دابڕاوی تیادا بێ، چونکە پێغەمبەر (درووەد لەسەربێ) زیاتر لە سێ رۆژ دەنگی لە کەعبی کوڕی مالیك و دوو هاوڕێکەی دابڕی، وە فەرمایشتی کرد بە هاوڕێیانی خۆی کە قسەیان لەگەڵ نەکەنو دەنگیان لێ دابڕن.

بەڵام ئەگەر نا فەرمانی چەند جار دووبارە بۆوە، وەژنەکە لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارێ ئەوە بۆی هەیە کە دەنگی لێ دابڕێ، هەروا بۆی هەیە کە لێی بدا، بەبێ راجیایی زانایان لەم بارەیەوە، بەس

ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە لێدانە مەبەست لێی تەمێکردنو ئامۆژگارییە، مەبەست کوتەککاریو ئێش پێگەیاندنی زۆر نیە، نابێ لێدانێکی خۆێناوی بێ، یا زیان بەخش بێ، نابێ لە روخساری بدا، بەڵکوو بە ئاسپایی بۆ تەمێو تەسکین لە جێگەیەکی بێ مەترسی دەداو بەس. ئەوەندە هەیە زمان درێژیی دانانرێ بەنا فەرمانی، وەك زۆر لە ژنان لە رووی نازەوە شەرمیان لە مێردیان شکاوەو لە رووی مێردیاندا دەمەدەمێ دەکەنو دەچنەوە بە گژدەمیاندا، بەڵام بەم دەم درێژیو دەمەوەرییە ژن گوناە باردەبێ، وە شایستەی ئەوە دەبێ کە بەپێی حاڵ تەمبێ بکرێ چونکە شتی وا ئازاری دڵی مێرد دەدا.

٢٧٣) باسی خولع، واتە: ژن دامالّین:

خولع واتە: داڕنین یا دامالّین، یا لەبەر داکەندن، دەگوترێ: (خلع الثياب). واتە: جلەکەی لەبەر خۆی داکەند) لە شەرعی شەریفیشدا برێتییە لە جیابوونەوەی ژن لە مێرد بەرابەر بە وەجەلێکی مەبەست کە بگەڕێتەوە بۆ مێردەکە. بە یەکگرتنی دەنگی زانایانی شەرع ژن خولعکردن دروستە، گەرچی خولع لە خۆیدا ناباشە، باسی ژن خولع کردن لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی نازداردا هاتووە، یەزدانی پاك لە بابەت ژن خولعکردنەوە دەفەرموێ: {فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ - سورة البقرة - ٢٢٩/٢} واتە: ئەوە لە بارودۆخێکی وادا لە پێشەوە باسکرا، ژنو مێرد گوناهیان ناگا، لەسەر ئەوە کە ژنەکە لە تۆڵەی بەرەڵاکردنیدا بڕێ مالّ بدا بە مێردەکەی.

ئیبنو عەبباسیش (رەزای خوای لێبێت) دەفەرموێ: ژنەکەی ئابیتی کوڕی قەیس هاتە لای پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێت) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! گلەییم لە رەوشتو بەدینیی ئابیت نیە، بەڵام دەترسم ئەگەر بە شێوەیەکی رەوا دەستم لە دەستی نەبێتەوە خۆم کافر بکەم. پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێت) فەرمووی: ئەو باخەی کە لەباتی مارەیی دوایێتی پێت دەیدەیتەوە پێی؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی بە ئابیت: باخەکەی لێ وەربگرەو تاقەیەك تەڵاقی بدە (بوخاری).

ئەو ماڵەی کە ژنی لەسەر خولع دەکرێ دروستە یەکێ لەم شتانە بێ: ژن خولع بکرێ لەسەر ماریەکەی، لەسەر هەمووی، یا لەسەر هەندێکی، یا لەسەر هەرماڵێکی تر، ئیتر لە ئەندازەی مارەیی کەمتربێ یا پتربێ، جیاوازیش نیە لە نێوانی زاتو قەرزو قازانجدا. کۆگری ئەمەیش ئەوەیە: هەرچی دروست بێ ببێ بە مارەیی دروستیشە ببێ بە وەجەڵ لەکاتی ژن خولعکردندا، بەپێی تێکڕایی (عەموم)ی فەرمایشتی یەزدانی پاك: {فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ} چونکە خولعیش وەك مارەبڕین گرێدانێکە لەسەر شەرمگا (فەرج)ی ئافرەت.

مەرجەکانی وەجەڵی خولع:

مەرجی وەجەڵ ئەوەیە زانراوبێو ماڵ بێ، لەگەڵ مەرجەکانی تری وەجەڵدا، وەك توانای بە دەستەوە دانو مولکی ساغی خاوەنەکەی بێو.. تاد، چونکە ژن خولعکردن رێدانی ئاڵشتی قازانج بە قازانجە، لەبەر ئەوە دەق لە فرۆشتنو مارەیی دەکا.

ئەمە مەرجی خولعی دامەزراوە، بەڵام لە خولعی دانەمەزراودا مەرج نیە تۆڵە (وەجەڵ – عوض)ەکە زانراوبێ، تەنانەت ئەگەر مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا لە سەرشتی نەزانراویش خولع بکا، یا لەسەر مەرجێکی پووچەڵ خولعی لەگەڵ بکا، وەك ئەوە ژنەکە دووگیان بێ مێردەکەی لەسەر ئەوە خولعی لەگەڵدا بکا، هەتا عیددەی سکەکەی تەواو دەبێ لەو ماوەیەدا نەفەقەی نەکەوێ، یا وەك ئەوە لەسەر هەزار خولعی لەگەڵدا بکا بۆ ماوەیەکی نادیار، یا لەسەر وێنەی تری ئەم مەرجە پووچەڵانە، ئەمە لەم حاڵەتانەدا تەڵاقی ژنەکە دەکەوێو لە مێردەکەی بائین دەبێو ژنەکە لە باتی ئەو وەجەڵە پووچەڵە مانەندی مارمیی دەکەوێ.

ئە نجامی خولع:

ئەنجامەکەی ئەوەیە ژنەکە دەبێ بە خاوەنی خۆیو لە ژنێتیی مێردەکەی رزگاری دەبێ، بەبێ رەزامەنی خۆی مێردەکەی ناتوانێ بیباتەوە ژێر رکیفی خۆیو سەر لە نوێ مارەی بکاتەوە لە خۆی، چونکە ژنەکە ئەو ماڵەی کە داویێتی بە مێردەکەی لە پێناوی رزگارکردنی خۆیدا داویێتی.

بڕیارەکەی:

ژن خولعکردن لەکاتی بێنوێژیو لەکاتی پاکیدا دروستە، چونکە خودای گەورە بەرەهایی وموطلەقیو بەبێ بەندو مەرج دەفەرموێ: {فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ} لەبەر ئەوەیش پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) بەبێ بەندو مەرج رێگەی دا بە ثابیت

ژنەکەی خولع بکا، ئەوەبوو لە حاڵەکەی نەکۆڵییەوە، بێنوێژیش بۆ ئافرەت کارێکی ئاساییە، کارێ نیە کە بە دەگمەن رێ بکەوێ، هەتا بگوترێ: بۆیە پێغەمبەر لە کارەکەی نەکۆڵیوەتەوە. شافیعی (رەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: نەکۆڵینەوە لە مەسئەلەکانی بارودۆخ، کە چەند بارێ هەڵبگرێ، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو فەرمایشتە بۆ گشتییە. ئەوەتا لەم مەسەلەیەدا پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) لە بارودۆخەکە نەکۆڵیوەتەوە، کە ئایا ئەو ژنە بێنوێژە یانا؟ بەڵام ئەوەی کە ژن تەڵاقدان لە بێنوێژیدا قەدەغەیە ئەوە نابێ بە بەهانەی ئەوە کە خولعکردنیش لە بێنوێژیدا قەدەغەیە، چونکە قەدەغەکردنی تەڵاق لەم کاتەدا بۆ پاراستنی مافی ژنە، هەتا ماوەی عیددەکەی درێژە نەکێشێ و بەهۆی ئەوەوە زیاندار نەبێ، بەڵام ئەگەر ژن خۆی خولع سازبدا مەعنای وایە کە رازییە بە درێژە کێشان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەیش کە بەخشینی مااڵ لە لایەنی ژنەکەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ژنەکە زۆر تامەزرۆی رزگاربوونە لە ریکێفی مێردەکەی، لەبەر ئەوە بەهەر بەهایەك بووە قوتاربوون مسۆگەر بکا، گەرچی بەدرێژەوە بوونی عیددەکەیشی بووە.

ژنی خولع لەگەڵ دا کراو تەڵاق نالکێ پێیەوە:

تەڵاق نالکێ بە ژنێکەوە خولعی لەگەڵ دا کرابێ، چونکە بەهۆی خولعەکەوە لە ژنی کابرا دەردەچێ و لێی جیا دەبێتەوە دەبێ بە بائین، دەی ژنی بائین بە بێگانە دادەنرێ لەبەر ئەوە تەڵاقی پێوە نالکێ، ژنی خولع لەگەڵ کراو ئەگەر بائینە نیە بۆچی لەپاش خولع تەماشاکردنی نادروستەو نادروستیشە کە مێردەکەی دوو بەدوو لەگەڵی کۆببێتەوە.

٢٧٤) باسی ژن تەلاقدان:

وشەی (طەلاق) لە زمانی عەرەبەکاندا واتە: کردنەوەی کۆتو پێوەند، عەرەب دەڵێ: (ناقة طالق) واتە: ئەو حوشترە مێیە بەرەڵایە، پێوەند نەکراوە، لە هەرلا ئارەزوو بکا بۆ خۆی دەلەوەڕێ، وشەی (تەلاق) لە شەرعی پیرۆزدا: ناوە بۆ کردنەوەی پابەندی نیکاحو ژنو مێردی.

وشەی (طەلاق) لە سەردەمی نەزانی پێش ئیسلامیشدا هەرباو بووە، شەریعەتی ئیسلامیش پەسەندی کردووەو هێشتوویەتەوە، تەلاق رەوایەو دروستە بەپێی دەقی قورئانو دەقی سوننەتو یەکگرتنی نەتەوەی ئیسلام. قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ - سورة الطلاق - ١/٦٥} واتە: ئەی پێغەمبەری خودا! کاتێ ژن تەلاق دەدەن، لە عیددەیاندا تەلاقیان بدەن. پێغەمبەریش {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: دزێوترین حەلاڵ لە لای خودای گەورە ژن تەلاق دانە (ئەبو داوودو حاکم بە رشتەیەکی ساخ گێڕاویانەتەوە). (رشتەی ساخ واتە: سند صحیح - وەرگێڕ).

بڕیاری تەلاق:

تەلاق لە شەرعا دروستە، بەڵام ناباشە، مەگەر لە حاڵی ناچاریدا، ئەوە قەیدی نیە، خۆشەویست {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر ژنێ بەبێ بەهانەیەکی رەوا، داوای تەلاق لە مێردەکەی بکا بۆنی بەهەشت ناکا. (ئەم فەرموودەیە لە ئەوبانەوە ئەم زاتانە

گێڕاویانەتەوە: ئەحمەدو ئەبو داوودو ئیبنو ماجەو تیرمیذی، تیرمیذی بە جوانی داناوە). (فەرموودەی جوان: حدیث حسن – وەرگێڕ).

بنیات (رەکن)ەکانی تەلاق:

بنیاتەکانی تەلاق یەکێکیان گفت (لەفظ)ە، بەبێ گفتو قسەیێ تەلاق بە نیازی رووتی ناو دڵ دانامەزرێ، یەکێ تریان ئەوەیە کە لەکاتی تەلاقدانەکەدا خۆی گوێی لە قسەی خۆی بێ، بەڵام ئەگەر لە ژێر لێوەوە بەبێ دەنگ زمانی بە تەلاق بزواند ئەوە دوو فەرمایشت هەیە، لەسەر فەرمایشتێ تەلاقەکە دەکەوێ، چونکە شتی وا لە نووسین کە نیازی لەگەڵدا بێ بەهێزترە، دەی بەنووسینێ کە نیازی لەگەڵ دابێ تەلاق دەکەوێ، کەواتە لەم حاڵەیشدا دەکەوێ. لەسەر فەرمایشتێ تر بەمە تەلاقی ناکەوێ، چونکە ئەوە گفتو قسەنیە.

ئیمامی نەوەوی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: فەرموودەی دیاریتر فەرمایشتی دووەمە، چونکە شتی وا لە ریزی نیازی رووتی ناو دڵدایەو بەس، بنیاتێکی تریان ئەوەیە کە تەلاق بە گوتەیەکی رۆشنی بێ پێچو پەنا بێ، یا بە گوتەیەکی بە پێچو پەنابێ، کە ناسراوە بە کینایە، گوتەی رۆشن (لەفزی صەریح) ئەوەیە بۆ کەوتنی تەلاق پێویستی بەنیاز نیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو گوتەیە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە کە تەلاقدانە، لەبەر ئەوە واتایەکی تر هەڵناگرێ، بەڵام گوتەی نارۆشن، کە کینایەی پێ دەگوترێ، بۆ کەوتنی تەلاق پێویستی بە نیازی ناودڵ هەیە، چونکە لە زاتی خۆیدا بۆ مەبەستی تەلاقدان دانەنراوە، لەبەر ئەوە هەڵ دەگرێ کە مەبەست لێی تەلاق نەبێ، بەڵکوو شتێ تر بێ.

گوتەی رۆشن سێ وشەی بۆ دانراوە، لە عەرەبیدا ئەمانەن: تەلاق، واتە: بەرەلابوون، فیراق، واتە، لەیەك جیابوونەوە، سەراح، واتە: دەسبەرداربوون، یا بەرەلابوون، بەڵگەی ئەوەی کە تەلاق گوتەی رۆشنە دەقی قورئانە، کە لە چەند ئایەتێکا دووبارە بۆتەوە، وە بەم واتا ناوداره ناسراوە، کە بڕێتییە لە کردنەوەی گرێی ژنو مێردیو حەلاڵو هاوسەری، بەم واتایە لە سەردەمی نەزانیو لە سەردەمی ئیسلامدا چەسپاوە، وە کەس لەمەدا رەخنەی نیە. خودای گەورە دەفەرموێ: (الطلاق مرتان) وە هەروەها دەفەرموێ: {وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ - سورة البقرة - ٢٢٨/٢} وە دەفەرموێ: {وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ - سورة البقرة - ٢٢٥/٢}. بەڵگەی ئەوەیش کە (فیراق)و (سەراح)یش گوتەی رۆشنن (واتە: لەفظی صەریحن لە تەلاقدا) ئەوەیە: کە ئەم دوو گۆتەیەیش لە زاراوی شەریعەتدا بەم واتایە هاتوون، لە چەند جێگەیەکیش لە قورئاندا بە واتای تەلاق هاتوون، وەك ئەم ئایەتە: {وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا - سورة الأحزاب - ٤٩/٣٣} وەك ئەم ئایەتەی تریش: {فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ - سورة الأحزاب - ٢٨/٣٣} وەك ئەم ئایەتەی تریش: {أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ - سورة الطلاق - ١٣٠/٤}.

جارێ پرسیار لە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} کرا: تەلاقی سێیەم کامەیە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە لەم ئایەتەدا باس کراوەکە دەفەرموێ: (أو تسريح باحسان) (داره قوطنی گێڕاویەتەوە، ئیبنو قەتتان بە

فەرموودەیەکی ساخی داناوە) ئەوەتا لەم حدیثەدا پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) وشەی (ترح)ی بە مەعنا (طلاق) لێك داوەتەوە.

بڕانن:

کە وشەی (طلاق)و ئەو وشانەی کە لە (طلاق) دروست بوون لە ریزو حوکمی وشەی (طلاق)دان، لە بارەی ئەوەوە کە ئەمانیش گوتەی رۆشنو گفتی بێ پێچو پەنان. جا ئەگەر مێرد گوتی: تۆ تەلاق دراوی، یان گوتی: تۆ تەلاق کەوتووی، یا گوتی: ئەی تەلاق دراو! یا گوتی: ئەی تەلاقکەوتوو! تەلاقی دەکەوێ، با نیازی تەلاقیشی نەبێ. هەروەها ئەگەر مێرد بە ژنی خۆی گوت: (أنت مفارقة: تۆ جیابووەوەی) یا گوتی: (فارقتك: من لەتۆ جیابوومەوە) یا گوتی: (أنت مسرحة: تۆ بەرەلای) یا گوتی: (سرحتك: من تۆم بەرەلاکرد) بەم وشانەیش بە عەرەبی یەکانیان بەبێ نیازیش تەلاقی دەکەوێ (عەللامە عەبدولکەریم المدرس – خودا پایەدارتری بفەرموێو (رەحمەتە خوای لێبێ) دەفەرموێ: تەرجەمەی کوردی (فراق) و (سراح) بە صەریح دانانرێن، چونکە وەك تەرجەمەی تەلاق مەشهوورو بلاونین – وەرگێڕ) بەلام ئەگەر گوتی: أنت طالق من وثاق: تۆ لە پەت بەربووی: تۆ لە کۆتو زنجیر بەربووی) یا گوتی: - سرحتك الی بغداد: ئەوا تۆم بەرەلاکرد کە بچیت بۆ بەغدا) یا گوتی: (فارقتك في المنزل: ئەوا لە جێگەدا لێت جیابوومەوە) لەم کاتانەدا تەلاقی ناکەوێ، چونکە ئەم رستانە لەسەر ئەم شێوەیە دانانرێن بەبێ پێچ (صەریح) بەلام دادەنرێن بە کینایە، لەگەڵ نیازدا ئەوسا تەلاقیان پێ دەکەوێ.

هەرکاتێ جگە لەو سێ وشە صەریحە وشەیەکی تر بۆ مەعنای تەلاق مەشهوور بوو، وەك ئەوە باوە لەناو خەلکا دەلێین: (أنت علیّ حرام: تۆ لەمن حەرامی) رافیعی دەفەرموێ: شتی وا دەلکێ بە بەشی وشەی صەریحەوە، بەبی نیازیش تەلاقی پێ دەکەوێ، چونکە بەهۆی بەکار هێنانەوە بووە بە باوو تێگەیشتنی پی دەگرێ. بەلام موتەوەللی دەفەرموێ: رای شەنگین ئەوەیە: کە ئەم جۆرە گوتەیە لە بەشی صەریح نیە، چونکە صەریح ئەوەیە کە لە قورئان وەرگیرابێ، یا کەوتبێتە سەر زاری هەلگرانی شەریعەت، دەی ئەم جۆرە رستیە وانین، نە لە قورئانا شتی وا هەیە، نە لەناو زانایانی شەریعەتدا شتی وا بیسراوە. نەوەویش دەفەرموێ: هەرە سەنگین ئەو رایەیە کە ئەم جۆرە رستە تازانە کە بوون بە باو کینایەن، تەلاقیان پێ ناکەوێ، مەگەر لەگەڵ نیازدا، ئیتر مەشهوور بوونو نا مەشهور بوونیان هیچ لە مەبەست ناگۆڕێ!.

کینایە: بە پێچو پەنا: گوتەی نارۆشن:

کینایەی تەلاق ئەوەیە کە بە رواڵەت (واتە: بە ظاهیر) واتای تەلاق، یا واتای شتێ تر هەڵبگرێ، بە یەکگرتنی رای زاناکان لەگەڵ هەبوونی نیازی تەلاقدا، تەلاقی پێ دەکەوێ. دەگێڕنەوە کە پیاوێ بە ژنەکەی خۆی دەڵێ: (حبلك علی غاربك: جڵەوت بە دەستی خۆتە) عومەریش (رەزای خوا لێبێ) بەو پیاوە دەفەرموێ: سوێندت دەدەم بە خودای ئەم رستەیە مەبەستت چی بوو لە گوتنی ئەم رستەیە؟ ئایا مەبەستت پێی تەلاق بوو یا مەبەستت شتێ تربوو؟ پیاوەکەیش گوتی:

ئا، مەبەستت پێی تەڵاق بوو. عومەریش فەرمووی: کەواتە مەبەستتت چی بووبێ پێی ئەو مەبەستە دێتەجێ!.

عائیشە {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: کاتێ بینتول جەونیان بە بووکی گواستەوە بۆ پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} وە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} چوو بەلایەوە، بینتول جەون گوتی: (أعوذ بالله منك: پەنا دەگرم بە خودا لە تۆ) پێغەمبەریش {درووەد خوای لەسەربێ} پێی دەفەرموێ: بەراستی پەنات بردە بەر خودایەکی گەورە، بچۆرەوە بۆ سەر کەسوکارت. (بوخاری گێڕاویەتەوە)(*). دەی ئەم فەرموودەیەی بوخاری بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم گوتەیە گوتەی بە پێچو پەنایە ئەگەر نیازی پێی تەڵاق نەبێ تەڵاقی پێ ناکەوێ، چونکە کەعبی کوڕی مالیك لە پێش گیرابوونی تەوبەکەیدا، کاتێ حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} هەواڵی بۆی نارد کە لە ژنەکەی کەنار بگرێ، هەمان وشەی بەکارهێناو بە ژنەکەی گوت: (إلحقی بأهلك: بچۆرەوە بۆ لای کەسوکارت) بەڵام لەبەر ئەوەی کە کەعب مەبەستی لەم قسەیە تەڵاق نەبوو، کاتێ تەوبەکەی گیراکرا، پێغەمبەری {درووەد خوای لەسەربێ} لەیەکی جیانەکردنەوە. هەروا دەڵێین: بۆیەیش دەڵێین: گوتەی بە پێچو پەنا پێویستی بە نیازو نیەتە، چونکە لە ئەژەرەکەدا سوێندانی تەڵاقدەرەکە لە لایەنی عومەرەوە، ئەگەر وانەبێ، مەعنای نابێ.

(*) بۆ گەیشتنی تەواو، لە داستانی گواستنەوەی بینتوڵجەون بۆ پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} بڕوانە بەرگی پێنجەم لە موختەسەری صەحیحی بوخاری — بە کوردی — لاپەڕە/ ٥٩ هەتا ٦١ = فەرموودەی ژمارە/ ١٧٨٨.

— وەرگێڕ —
٢٠٠٦/٨/٢٣

(گفتەکانی بە پێچو پەنا : الفاظ الكناية):

گفتەکانی بە پێچو پەنا گەلێ زۆرن، ئەم چەن قلەیان باس دەکەین: وەکوو، وشەی (خلية)ی عەرەبی، یا (برية) یا (بتة) یا (بتلة) یا (بائن) یا وشەی (أنت حرة) یا (اعتدی) یا (استبرئی رحمك) یا (ألحقی بأهلك) یا (أخرجی) یا (اذهبی) یا (سافری) یا (تقنعی) یا (تسترى) یا (بینی) یا (ابعدی) یاخود وێنەی ئەم وشانە، هەرکاتێ مێرد لەگەڵ ژنی خۆیدا یەکێ لەم وشانە بەمەبەستی تەڵاقدانی بەکار بهێنێ تەڵاقی دەکەوێ، بەڵام بەکار هێنانیان بەبێ نیازی تەڵاق، تەڵاقی پێ ناکەوێ.

ئەمەیش بەریز تەرجەمەو وەرگەڕاوی ئەم وشانەیە: ٠أنت خلیه: تۆ بەتاڵی، واتە: بێمێردی). (أنت برية: تۆفرت بەسەر مێردەوە نیە). (أنت بتە: تۆ جیاوەبووی) واتە: پەیوەندی نێوانمان پچڕاوە (أنت بتله: تۆ بیوەژن کەوتووی. یا بووی بە بێوەژن) (أنت بائن: تۆ لە من جیاوە بوویتەوە). (أنت حرة: تۆ سەر بەستیت) واتە: لەژێر رکیفی مێرددا نەماوی (اعتدی: بکەوەرە عیددەی بێ مێردییەوە) واتە: چونکە من تۆم تەڵاق داوە، ژنیش کە تەڵاق درا دەکەوێتە عیددەوە. (استبرئی رحمك: منانڵدانت پاك بکەرەوە لە ئاوی مێردەکەت). (الحقی بأهلك: بڕۆرەوە بۆ مانّی باوانت) واتە: چونکە من تەڵاقم داوی. هەروا ئەم وشانەی تریش: (اخرجی: لەم ماڵە دەرچۆ). (اذهبی: بڕۆ). (سافری: بڕۆ بۆ سەفەر. (تقنعی: پەچەبگرەوە). (تسترى: خۆت داپۆشە). (بینی: جیاوەبە) (ابعدی: دوورەوەکەوە).

هەروا ئەم رستانەی تریش: (حەقم نیە بە سەرتەوە) یا حەقت نیە بەسەرمەوە) یا (ونبە لەبەر چاوم) یا (من کەڵکی تۆم پێوە نیە) یا تۆبە کەڵکی من نایەیت) یا (مەسرەفت لەسەر من نیە) یا (هاورێتیی تۆ بۆ من حەرامە) یا (تۆ بۆ هاوسەری من دەست نادەی) یا (بڕۆ بەرەڵڵابە) (تکایە تەماشای بەرگی سێیەمی شەریعەتی ئیسلام لاپەرە (٣٣٤) بکە. هەروا بە سەرنجەوە تەماشای پەراوێزی لاپەرە (١٥٣) لە بەرگی سێیەمی تاج الاصول بە کوردی بکە). **لە راستیدا جیهان گۆڕاوە، کەسانێ لە ناوماندا پەیدابوون، لە کوردستاندا بوون بە بلوێرو بڵندگۆی کفری جیهانی، بەناو رۆشنبیرن، وەکی تر کرێ گرتەی سەلیبییەت و سەهیوونییەتن، رادیۆو تەلەفیزیۆن و گۆڤار رۆژنامەیان بۆ ئامادەکراوە، کاری سەرەکی یان جنێودانە بە ئیسلام و موسوڵمانان، بە ناوی ئازادی و مافی کرێکارو مافی ئافرەتەوە دەسدرێژی لە هەموو مافێکی مرۆڤی ئابروو مەند دەکەن، بە ئاشکرا جنێو بە خوا، گاڵتە بە قورئان، هێرش لەسەر ئیسلام، جنێو بە مەلاو مزگەوت و شێخ و مشایەخ دەدەن، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەم لایەنە ئیلحادییانە لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکاندا زۆر بەینیان خۆشە، سوێند بە سەری یەکتری دەخۆن! بگرە گەڵ جار هاوپەیمانن!! خودایە! فریای گەلی کورد کەوە، لەم پاشا گەردانی و بەرەڵڵاییە رزگاری بکە** (بڕوانە: **بەرگی پێنجەمی تەجریدی بوخاری بە کوردی لاپەرە/ ٣٦٣ هەتا ٣٦٦ - ژمارە/ ٢١٠٣ و راڤەکەی**).

جا لەبەر ئەوە پێویستە ژن مارەبڕین‌و ژن تەڵاق دان بە باشی ڕێك بخرێ‌و یاسایەکی ڕێك‌و پێکی بەپێی دەقەکانی قورئان‌و سوننەت بۆ دابمەزرێ – وەرگێڕ.

٢٧٥) تەڵاقی بیدعی‌و تەڵاقی سوننی:

لە کۆن‌و نوێدا زاناکان ئەم دوو زاراوە بۆ تەڵاق بەکار دەهێنن: تەڵاقی سوننی‌و تەڵاقی بیدعی، تەڵاقی سوننی واتە: تەڵاقی دروست، تەڵاقی بیدعی واتە: تەڵاقی نادروست، مەبەست لە نا دروست ئەوەیە کە تەڵاقدان لەوکاتەدا حەرامەو ناڕەوایە، دەنا تەڵاقەکە دادەمەزرێ‌و دەکەوێ.

لە زاراوی شەرعدا تەڵاقی سوننی ئەوەیە: مێرد ژنی بە دەسگیراوی خۆی لە پاکیدا تەڵاق بدا، بە مەرجێ ژنەکە دووگیان نەبێ، یا منداڵ (صغیرە) نەبێ، یا بێنوێژیی نائومێد (ئایسە) نەبێ.

تەڵاقی بیدعیش ئەوەیە: کە مێرد ژنی بە دەسگیراوی خۆی لە یەکێ لەم کاتانەدا تەڵاق بدا: لەکاتی بێنوێژیدا، یا لە زەیستانیدا، یا لە پاکییەکدا کە چووبێتە لای لەو پاکییەدا، بەڵام هێشتا دەرنەکەوتبێ کەسکی هەیە یانا. تەڵاق جۆرێکی تریشی هەیە کە ئەوەیە: نەسوونی بێ‌و نە بیدعی بێ، وەك تەڵاقی مارەبڕاوی بەدەست نەگیراوو تەڵاقی ژنی سکبڕو لە ژنی بێنوێژیی نائومێدو ژنی منداڵی ڕەسیدە نەبوو. ئەم جۆرانەی تەڵاق لەم حەدیثە وەرگیراوە: ئیبنو عومەر {ڕەزای خوا لە خۆی و بابی} دەفەرموێ: بەسەرینیی حەزرەت خۆی {درووەد خوای لەسەربێ} ژنێکم بێنوێژ

بوو تەلاقم دا، عومەر (رەزای خوای لێبێ) بۆ ئەمە لە حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) دەپرسێ، حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: پێی بڵێ با ژنەکەی بگێڕێتەوە بۆ ژێر نیکاحی خۆی، ئەوجا لەلای خۆی بیهێڵێتەوە هەتا لە بێنوێژی پاك دەبێتەوەو جارێکی تر دەکەوێتەوە بێنوێژیو دیسان پاك دەبێتەوە ئیتر لەوە دوا ئەگەر ئارەزوو دەکا رای بگرێ لای خۆیو ژنی خۆیەتی، ئەگەر ئارەزووش دەکا بەرلەوەی کە بچێتەلای تەلاقی بدات، ئەمە ئەو عیددەیەیە کە خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی کردووە کە ژنی تیادا تەلاق بدرێ، کە دەفەرموێ: (فطلقوهن لعدتهن). (شەیخان گێڕاویانەتەوە) لەسەر ئەم تەفسیرە ئەم لامی حەرفی جەرە کەوا لەم ئایەتەدا بە واتا (فی)یە، شتی وایش لە عەرەبیدا نموونەی زۆرە، وەك {وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ – سورة الأنبياء – ٤٧/٢١} هەندێ دەفەرموون: لامی لعدتهن بۆ تەوقیتە، ئەوکاتە تەفسیرەکەی ئاوایە: لەوکاتەدا کە لە دوایەوە یەکسەر ژن دەکەوێتە عیددەوە. ئەم فەرموودەیە رای ئەوان پووچ دەکاتەوە کە دەڵێن: تەلاقی بیدعی ناکەوێ. چونکە ئەگەر وابووایە، پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) بە عومەری نەدەفەرموو: بەعەبدوللای کوڕت بڵێ: با ژنەکەی بگێڕێتەوە بۆ ژێر نیکاحی خۆی. چونکە واتای ئەم فەرمایشتە وایە کە تەلاقە بیدعی یەکەی ئیبنو عومەر کەوتووەو ژنەکەی لەژێر نیکاحی ئەودا نەماوە هەتا نەیگێڕێتەوە ژێر رکیفی خۆی نابێتەوە بە ژنی.

تەلاقی بیدعیش کە ئەوەیە: لە بێنوێژیدا بە ئارەزوو تەلاقی بدا عیددەی ژنەکەیش بە (اقراء) بێ، واتە: بە بێنوێژیو پاکی بێ، بەو

مەرجە ژنەکە خۆی قوبوولّی خولعی نەکرد بێ لە پیاوەکە، یا ئەوەیە: لە پاکیدا تەلاّقی بدا، بەو مەرجە کە لەو پاکییەدا چووبێتە لای، یا لە حەیزی پاش ئەو پاکییەدا چووبێتە لای، وەژنەکەیش لە سکوزا نەکەوتبێو سکیشی دەرنەکەوتبێ. پەندو حیکمەتی ئەمەیش ئەوەیە: کە تەلاّق لە بێنوێژیدا دەبێ بەهۆی درێژبوونەوەی عیددەی ژنەکە، چونکە ماوەی ئەو بێنوێژییە بەعیددە دانانرێ، دەی شتی وایش زیاندانە لە ژن بە ناهەق، تەلاّقی کاتی پاکیش کە لەو پاکییەدا چووبێتە لای بۆیە دادەنرێ بە بیدعی چونکە هەلّ دەگرێ کە ببێ بەمایەی پەشیمانی، لەپاش دەرکەوتنی سك، چونکە هەبوونی منالّ لە نێوانی ژنو مێرددا زۆربەی کات رێ لە تەلاق دەگرێ.

٢٧٦) ژمارەی تەلاّقی پیاوی ئازادو پیاوی بەندە (کۆیلە):

پیاوی ئازاد لەسەر ژنی خۆی، ژنەکەی ئازاد بێ، یان کەنیزەك بێ، خاوەنی سێ تەلاّقە. بەپێی ئەم فەرموودەیەی کە ئیمامی ئەنەس {رەزای خوای لێبێ} دەیگێڕێتەوە: پیاوێ هاتە خزمەتی حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} عەرزی کرد: قوربان! من گوێم لە قورئانە کە فەرمایشتی خودایە دەفەرموێ: {الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ - سورة البقرة - ٢٢٩/٢} واتە: ژن تەلاّق دان دوو جارە. دەی کەوایە تەلاّقی سێیەم کامەیە؟ فەرمووی {درووەد خوای لەسەربێ} (تەلاّقی سێیەم ئەوەیە کە لەدوا ئەمەوە دەفەرموێ: {**امساك بمعروف او تسريح باحسان**} (ئیبنو قطان: بە فەرمودەیەکی ساخی داناوەو کردووشیەتی بە بەلگەی ئەم باسە،

عائیشەو ئیبنو عەببباسیش {رەزاى خوایان لێبێ} بە هەمان مەعنا تەفسیری ئەم ئایەتە دەکەن، کەواتە ئایەتەکە بە تەواوی ئەمە واتاکەیەتی): (الطلاق مرتان فامساك بمعروف أو تسرح باحسان: ژن تەلاق دان دووجارە، ئیتر لەپاش ئەو دوو جارە مێرد دەبێ یا بەجوانی ئەو ژنە رابگرێ، یا ئەگەر بۆ جاری سێیەم تەلاقی دایەوە ئیتر فڕی بەسەریەوە نامێنێو مافی ئەوەی نامێنێ کە لە ماوەی عیددەدا بیهێنێتەوە). بۆ ژێر رکیفی ژنێتیی خۆی هەندێ زانا دەفەرموون: تەلاقی سێیەم ئەوەیە کە لەم ئایەتەدا باس کراوە، کە دەفەرموێ: {فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ – سورة البقرة – ٢/٢٣٠} واتە: ئەگەر لەپاش ئەو دوو تەلاقەی کە لە ئایەتی (الطلاق مرتان)دا باس کرا، مێردەکە بۆ جاری سێیەم ژنەکەی تەلاق دا، خوا بە خۆڕایی بێ یا لەسەر مالّ بێ، ئەوە ئیتر ئەو ژنە حەلاّلّ نابێتەوە بۆ ئەو پیاوە هەتا شوو دەکا بە مێردێکی ترو لەویش تەلاقی دەکەوێ).

پیاوی بەندەیش خاوەنی دوو تەلاقە. بەپێی فەرمایشتەکەی {دروودی خوای لەسەربێ} بەندەی زەرخریدە دوو تەلاقی هەیە. ئیمامی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: کۆیلەیەکی کاغەز پێدراو، کە هی ئوممو سەلەمە بوو، ژنێکی ئازادی هەبوو، دوو جار تەلاقیدابوو، ویستی بیگێڕێتەوە بۆ ژێر رکێفی خۆی، بۆ ئەمە لە عوسمانی پرسی، زەیدی کوڕی ئابیتیش لەوێ بوو بە جووت بە تووڕەیی پێیان فەرموو: ئەو ژنە لە تۆ حەرام بووە، لەمەدا جیاوازی لە نێوانی کۆیلەی کوڕی کۆیلەو کۆیلەی باوك ئازادو کۆیلەی پاشەمەرگە (واتە: مودەببەر)و کۆیلەی کاغەز پێدراوو کۆیلەی بەش بەش (واتە: موبعەض)دا نیە.

هەرکاتێکیش مێرد (ئازاد بێ یا کۆیلە) ژمارەی تەلاقی خۆی تەواوکرد، ئیتر ئەو ژنەی لێ حەرام دەبێو هەتا مێردێکی تر نەکا حەلاڵ نابێتەوە بۆی، بە مەرجی ئەوەیش مێردی تازە بە دەستی بگرێو لێی جیا بێتەوەو عیددەی بەسەر بچێ، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ}.

٢٧٧) باسی چەرتکردن (استثناء) لە تەلاقا:

چەرتکردن ئەوەیە بڕیارێ بۆ کۆمەڵێ بدەی بەلام هەندێ لە گرتنەوەی ئەو بڕیارە دەربکەی. چەرتکردن یا جیاکردنەوە لە شەرعا دروستەو یاسایەکی ناسراوە، لە دەقی ئایەتی قورئانو فەرموودەدا هەیە. چەرتکردن دوو جۆرە.

یەکەمیان: ژمارە هەڵ دەگرێ وەکوو ئەوە مێرد بڵێ: سێ بەسێ تەلاقت بکەوێ، یەك تەلاق یا دوو تەلاق نەبێ، دووەمیان ئەوەیە کە ئەصڵی تەلاقەکە ببەستێ بە حەزو مەیلی خوداوە، یا بە حەزو ئارەزووی کەسێکەوە.

لە جۆری یەکەما ئەمانە مەرجن:

یەکەم: لکابێ بەرستەکەوە لەکاتی قسەکردنەکەدا بە جۆرێ کە لە عورفدا بە یەك قسە بژمێرێن.

دووەم: ئەوەیە چەرتکردن هەموو چەرتلێکراوەکە نەگرێتەوە، واتە: ئەوەندەی ژمارەی ئەو نەبێ، کەواتە ئەگەر گوتی: سێ تەڵاقت کەوتبێ سێ تەڵاق نەبێ، ئەوە سوودی نیەو هەر سێ تەڵاقەکەی دەکەوێ.

سێیەم: ئەوەیە: کابرا نیازی ئەو لێ چەرتکردنەی ببێ، بۆ نموونە لە پێش تەواوکردنی رستەی تەڵاقەکەدا ئەو نیازەی هەبێ، یا لە سەرەتاشیەوە نەیبووبێ. وەك ئەوە بە ژنەکەی خۆی بڵێ: سێ بەسێ تەڵاقت کەوتبێ، یەك تەڵاق یا دوو تەڵاق نەبێ، وە بە پەیوەستی رستەکە بڵێ، نیازی لە گەڵابێ، ئەوە ژمارە چەرتکراوەکە ناکەوێ.

بەستنی تەڵاق بە حەزی خواوە، وەك ئەوە بڵێ: تەڵاقت کەوتبێ ئەگەر خوا حەزکا.. ئەوە تەماشادەکەین: ئەگەر رستەی خوا حەزکا) بەبێ مەبەست هات بەسەر زماندی دا، وەك باوە قسەکەر لەم کاتانەدا بەبێ نیاز، ئەم رستەیە دێ بە دەمیدا، یا مەبەستی پیرۆزی و پیت و فەڕ وەرگرتن بوو لە یادو ذیکری خوای گەورە، یا مەبەستی لە گوتنی ئەم رستەیە ئەوە بوو کە لە حەقیقەتدا هەموو کارێ بە خواستی خوا خۆیەتی، یا بەهیچ جۆرێ مەبەستی ئەوە نەبوو کە کەوتنی تەڵاقەکە ببەستێ بەمەیل و خواستی راستەقینەی خوداوە، ئەوە لەم کاتانەدا گوتنی وشەی (ان شاء الله: ئەگەر خوا خواستی لەسەربێ) کاریگەری نیەو بێ سوودەو تەڵاقەکە دەکەوێ. بەڵام ئەگەر مەبەستی لە گوتنی ئەوەبوو کە کەوتنی تەڵاقەکە ببەستێ بە خواستی راستەقینەی خواوە، ئەوە تەڵاقی ناکەوێ، چونکە بوون و نەبوونی مەیل و خواست و حەزی

خودا لای ئێمه دیار نیه، وه مادام (معلق علیه) نەزانراوبێ (معلق) نایەتەجێ. بۆیە دەڵێین: بنەڕەت (ئەسڵە) مانەوەی ژنو مێردییە، هەروا ئەگەر تەلاق ببەستێ بە خواستی زەیدەوە، وە پێش ئەوەی بوونو نەبوونی خواستی زەید بزانێ، زەید بمرێ، ئەو تەلاقە ناکەوێ، چونکە تەلاقەکە بەستراوە بە بوون یا بە نەبوونی خواستی زەیدەوە ئەوەیش نەزانراوە لە حەدیثدا هەیە دەفەرموێ: هەر کەسێ کەسێ لە کۆیلەیی ئازاد بکا، یا ژن تەلاق بدا، وە هەندێکی لێ چەرت بکا، چەرتکردنەکەی دادەمەزرێ.

لەکاتی لێ جیاکردنەوەو لێ چەرتکرندا جیاوازی نیە لە نێوانی ئەم جۆرە گوتنانەدا، وەك ئەوە بڵێ: (أنت لق ان شاء الله: تەلاقت کەوتبێ ئەگەر خوا حەزکا) یا (ان شاء الله فأنت طالق: ئەگەر خوا حەزکا تەلاقت کەوتبێ) یا (متی شاء الله: هەرکاتێ خوا مەیل بکا) یا (اذا شاء الله: کاتێ خوا خواستی لەسەربێ).

٢٧٨) باسی تەعلیقی تەلاق:

تەعلیق بریتییە لە بەستنی واتای رستەیەك بەواتای رستەیەکی تردوە بە جۆرێ کە هەتا (معلق علیه) نەیەتەجێ (معلق) نەیەتەجێ. کەواتە تەعلیق واتە: پێوە هەڵ سپاردن، یا پێوە بەستن، یا بەستنەوە بەشتێکەوە. لەپاش ئەمە بزانن: تەلاق وەك بە تەنجیز دادەمەزرێ، بە تەعلیقیش دادەمەزرێ تەنجیز واتە: دەسبەجێ، یا جێبەجێ. بەڵگەی ئەمەیش ئەم فەرمایشتەیەتی (درووود خوای لەسەربێ): موسوڵمانان پابەندی

مەرجی رەوای خۆیانن! هەروا قیاسیش بەلگەی دامەزراندنی تەعلیقی تەلاقە، چونکە دەق هەیە لەسەر ئەوە کە ئازادکردنی کۆیلە ئەگەر ببەستریّو تەعلیق بکریّ بە دوای مردنیشەوە دادەمەزریّ، دەی تەلاقو بەندە ئازادکردن لە زۆر بڕیاردا لە یەکترەوە نزیکن. مەبەست لە بەستنەوەی تەلاق بەشتێکەوە، ئەوەیە کە ژن گەلێ جار لە هەندێ مەبەستا لە دژی مێرد دەوەستێ، مێردەکە پێی ناخۆشە کە بە ئارەزووی خۆی ژنەکەی تەلاق بدا، چونکە تەلاق لە زاتی خۆیدا دزێوترین حەلاڵە لەلای خودا، لەبەر ئەوە دەیەوێ کە ژنەکە خۆی بکا بە سەرپشک، لە نێوانی ئەوەدا کە یا واز لە بێ دڵی مێردەکەی بهێنێ، یا بێگوێیی‌و لاساری خۆی ببێ بەهۆی تەلاق کەوتنی، جا لەم هەل‌و مەرجەدا تەلاقەکەی دەبەستێ بە شتێکەوەو ژنەکەی تێ دەگەینێ کە خۆت سەرپشکیت لە تەلاقدانی خۆت بەکردنی ئەوشتە یا بە نەکردنی.

دەی کاتێ ئەمەمان زانی بابزانین کە لەپاش تەعلیق پەشیمان بوونەوە مەحاڵە، وە هەرکاتێ تەعلیقی تەلاق کرا بەشتێکەوە هەتا ئەوشتە نەیەتەجێ تەلاقەکە ناکەوێ، خوای پەیدا بوونی ئەو شتە دیاری بێ، وەك: کاتێ خۆر هەلهات تەلاقت کەوتبێ. یاخود بوون‌و نەبوونی وەك یەك بێ، وەك: ئەگەر بچیتە ناو ئەو خانووەوە تەلاقت کەوتبێ. ئەم قسەیەیش بەهەمان واتایە: (علیّ الطلاق لا أفعل کذا أو أفعله: تەلاقم بکەوێتە سەر ئەو کارە ناکەم) یا (تەلاقم بکەوێتە سەر ئەو کارە دەکەم). جا هەر کاتێ مەرجەکە جێبەجێ بوو بە مەرجگیراوەکەیش دەێتەجێ، کە تەلاقەکەیە، لەپێش ئەوەدا کە

مەرجەکە بێتەجێ چوونەلای ژنی تالووق کراو دروستە، چونکە هێشتا تەلاقەکە نەکەوتووە.

ئەوەندە هەیە ئەگەر تالووقکەر گومانی بۆ پەیدا بوو کە مەرجەکە هاتۆتەدی یانا، یا شتەکە جێبەجێ بووە یانا، ئەوە تەلاقەکە ناکەوێ، چونکە بنەڕەت (ئەصڵ) نەبوونی ئەوەیە.

بفەرموون ئەمە چەند نموونەیەکە بۆ تەعلیقی تەلاق هەتا بکرێن بەسەر مەشق بۆ ئەم بابەتە:

١) مێردێ بە ژنەکەی بڵێ: تەلاقت کەوتبێ ئەگەر ئارمزوودەکەی، لەم نموونەیەدا دەستبەجێیی لە کۆڕی گوفتوگۆکەدا پێویستە، لەبەر ئەوە مەرجە ژنەکە دەس بەجێ بڵێ: (ئارمزووم هەیە) دەنا ئەگەر درەنگ ئارمزووی دەربڕێو بەینی کەوت تەلاقی ناکەوێ، چونکە ئەم جۆرە تالووق کردنە مەبەست لێی داوای بەیانی ئارمزووە لە ئێستادا کەواتە پێویستە وەلامەکەی دەس بەجێبێ.

لەبەر ئەوە ئەم جۆرە پرس‌و وەلامە وەك ئیجاب‌و قوبوڵی عوقود مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، کەواتە دواخستن هەڵناگرێ!.

یا دەڵێین: چونکە ئەم جۆرە تالووق کردنە پێسپاردنە، واتە: تەلاق دانە دەستی ژنە (تفوریض) کە بڕێتییە لە کردنی تەلاق بە مالی ژن، دەی کەواتە مەرجە ژنەکە دەستبەجێ ئارمزووی خۆی دەربڕێ، هەر وەك مەرجەکە لە پێسپاردن (تعویض)ی تەلاقا ژنەکە گورج خۆی تەلاق بدا، دەنا تەلاقی ناکەوێ! بەڵام ئەگەر پێی گوت: هەرکاتێ خۆت

ئارمزووت هەبوو تەلاقت کەوتبێ، ئەوە هەرکاتێ ژنەکە ئارمزوو بکا تەلاقی دەکەوێ، با کۆڕی کوفتو گۆکەیش بەجێ بهێڵێ، چونکە ئەم جۆرە تەعلیقە بەستنەوەیە بە شتێکی واوە دەسبەجێیی ناخوازێ وەک پێی بڵێ: لەهەر کاتێکا خۆت ئارمزوو دەکەی لە تەلاق تەلاقت کەوتبێ.

٢) مێردێ بە ژنەکەی بڵێ: ئەگەر بچیت بۆ ئەو ماڵە یا قسە لەگەڵ نەریمان بکەی تەلاقت کەوتبێ، ئەوە بە کردنی هەریەکێ لەم دووشتە تەلاقی دەکەوێ. بەوە کە بچێتە ناو ماڵەکەوە یا قسە لەگەڵ نەریمان بکا، بەڵام بە کردنی هەرکام لەم دوو شتە لە پێشدا تەلاقێکی دەکەوێو سوێنەکەی تەواو دەبێو بایەخی نامێنێ، بۆیە ئەگەر لەوەدوا دو هەمیشیان بکا بەوە تەلاقی تری ناکەوێ. وەڵ ئەگەر بڵێ: ئەگەر بچێت بۆ ئەو ماڵەو قسە لەگەڵ نەریمان بکەی تەلاقت کەوتبێ، ئەوە گەرەکە هەر دووشتەکە بکا ئەوسا تەلاقی دەکەوێ. چونکە واوی عەطف لەم جۆرە جێگەیەدا بۆ کۆکردنەوەی مەعطووفو عەلەیەو مەعطووفە لەیەک بڕیاردا.

٣) پێی بڵێ: ئەگەر ئەو مشتە مێوژە بخۆی تەلاقت کەوتبێ ژنەکەیش مێوژەکە بخوات یەک دەنکی نەبێ، تەلاقی ناکەوێ، چونکە تەلاق پێوە بەسراوەکە نەهاتۆتەدی، کە بڕێتییە لە خواردنی گشت مێوژەکە. بەم پێودانەرەفتار لەگەڵ هاو وێنەکانی ئەم نموونەیە دەکرێ، وەک ئەوە بڵێ: ئەگەر ئەم هەنارە بخۆی.. ژنەکەیش هەنارەکە بخوا یەک دەنکی نەبێ تەلاقەکە ناکەوێ.

٤) ئەگەر بەردێ کەوتە مالّەکەوەو مێرد گوتی بە ژنەکەی: ئەگەر پێم نەڵێی کێ ئەم بەردەی تێگرت تەڵاقت کەوتبێ. ژنەکەیش گوتی: دروستکراوێکی خوا تێیگرت، تەڵاقی ناکەوێ، بەڵام ئەگەر ژنەکە گوتی: مرۆڤێ فڕێیداوە تەڵاقی دەکەوێ، چونکە هەڵ دەگرێ یا هەڵی دابێ! یا مەیموونێ، یا شتێ وا، لەم بارەدا هۆی سوێند کەوتنەکە هەیە، ئەوەی کە ناهێڵێ تەڵاقەکە بکەوێ گومانی تیا پەیدا بووە، چونکە وەك گوتمان هەڵ دەگرێ فڕیدەر مرۆڤ بێ یا هەوابێ، بنەڕەتیش نەبوونی نەهێڵە (نەهێڵ واتە: مانیع – وەرگێڕ).

٥) پێی گوت: (ئەگەر فیسار ببینی تەڵاقت کەوتبێ) بە زیندوویی یا بە مردوویی یا بە خەوتوویی چاوی پێی بکەوێ تەڵاقی دەکەوێ، بۆ ئەمەیش ئەوەندە بەسە کە چاوی بە هەندێ لە لەشی بکەوێ.

٦) پێی بڵێ: (ئەگەر شتێ لەمن بدزی تەڵاقت کەوتبێ) ئەگەر کیسەیەکی بداتێ، هەنێ شتی لێ دەربێنی‌و ببیا بۆ خۆی تەڵاقی ناکەوێ، چونکە ئەوە گزییە نەك دزی. لە قیلێکا دەفەرموێ: ئەگەر تەڵاقخۆرەکە نەخوێندەوار بێ تەڵاقەکە دەکەوێ، چونکە نەخوێندەوار جیاوازی ناکا لە نێوانی گزی‌و دزیدا!.

٧) پێی بڵێ: (ئەگەر قسەت لەگەڵ بکەم تەڵاقت کەرتبێ) لە پاشا هەمان قسە دووبارە بکاتەوە، یا پێی بڵێ: ئەوە باش بزانە، لەم دوو شێوەیەدا تەڵاقی دەکەوێ، چونکە لە هەردوو شێوەکەدا (معلق علیە) هاتۆتەجێ‌و قسەی لەگەڵدا کردووە. ئەگەر پێی بڵێ: ئەگەر من لەپێشدا

قسەم لەگەڵ کردی، یا سڵاوم لێ کردی تەڵاقت کەوتبێ، وە ژنەکە لە پێشدا قسەی لەگەڵ ئەو کرد، یا سڵاوی لێکرد تەڵاقی ناکەوێ، سوێندەکەیش بە قسەکردنی ژنەکە لە پێشدا یا بە سڵاوکردنی دەکرێتەوەو بایەخی نامێنێ.

٨) پیاوێ بە پیاوێ بڵێ: ئەگەر قاوەڵتی لەلای من نەکەی تەڵاقی ژنەکەم کەوتبێ. لەوەدوا هەرکاتێ قاوەڵتی لە لابکا تەڵاقی ناکەوێ، سوێندەکەیش بەوەندە دەکرێتەوەو کاریگەری نامێنێ. بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوەبوو کە نانی ئەو نیوەڕۆیەی لەگەڵ بخوات وە نەیخوارد تەڵاقی دەکەوێ.

٩) بە ژنەکەی بڵێ: ئەگەر ئەم مریشکانە نەفرۆشی تەڵاقت کەوتبێ. مریشکێکیان مرد تەڵاقی دەکەوێ، چونکە تازە ناتوانێ هەموو مریشکەکان بفرۆشێ، بەڵام ئەگەر مریشکێکیان سەر بڕێو سەر بڕاوەکە لەگەڵ زیندووەکانا بفرۆشێ تەڵاقی ناکەوێ.

١٠) پێی بڵێ: (ئەگەر سبەینێ بە رۆژوو نەبی تەڵاقت بکەوێ) وازێکەوت بۆ سبەینێ کەوتە بێنوێژییەوە راجیایی هەیە لە کەوتنی ئەم تەڵاقەدا، هەندێ دەڵێن: دەکەوێ، هەندێ دەڵێن وەك تەڵاقی زۆر لێکراووایە ناکەوێ.

١١) پێی بڵێ: (ئەگەر تووڕەم کردی تەڵاقت کەوتبێ) جا لە کوڕەکەی بدا تەڵاقی دەکەوێ، باڵێدانەکەیش بۆ تەمێکردن بێ، چونکە لێدانەکە سەردەکێشێ بۆ تووڕەبوونی ژنەکە.

١٢) پێی بڵێ: (ئەگەر رۆژێ لە مانگی منا برسیت بوو تەڵاقت کەوتبێ) بە بەرسێتیی کاتی بە رۆژووبوون تەڵاقی ناکەوێ.

١٣) ئەگەر پێی بڵێ: (ئەگەر تۆ لە مانگ جوانتر نەبی) یا ڕووت لە مانگ جوانتر نەبێ تەڵاقت کەوتبێ) بەوە تەڵاقی ناکەوێ، بەپێی ئەم ئایەتە: {لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ- سورة التين -/٤)} بەپێی ئەم ئایەتە مرۆڤ لە جوانترین شێوەدا دروستکراوە.

١٤) ئەگەر پێی بڵێ: (ئەگەر کەوتیتە بینوێژی خۆتو هەوێکەت تەڵاقتان کەوتبێ) ژنەکەیش بە درۆ بڵێ: بێنوێژم، تەڵاقی خۆی دەکەوێ بەڵام تەڵاقی هەوێکەی ناکەوێ، لەسەر فەرمایشتی دروست، چونکە گومان لێکراوە.

٢٧٩) تەڵاقدان لە پێش مارەکردندا:

مەرجی کەوتنی تەڵاق ئەوەیە تەڵاقدەر مێردی حازری تەڵاقدراوبێ، کەواتە تەڵاقی کەسێ کە مێردی ژنێ نەبێ دانامەزرێ، ئیتر تەڵاقدانەکە بەتەنجیزبێ وەك ئەوە پیاوێ بە ژنێکی بیانی بڵێ: (تەڵاقت کەوتبێ) یا بەشێوەی تەعلیق بێ وەك ئەوە بە ژنێکی بیانی بڵێ: هەرکاتێ من تۆم مارەکرد تەڵاقت کەوتبێ. بەڵگەی ئەمەیش ئەم فەرموودەی پێغەمبەرە {درووەد خوای لەسەربێ}: (تەڵاقی کەسێ دەکەوێ کە خاوەنی ژنەکە بێ). (چەند کەسێ گێڕاویانەتەوە) حاکم دەفەرموێ: ڕشتەکەی ساخە، تیرمیذیش دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانەو

جوانترین فەرموودەیشە کە بەم بوونەیەوە گێڕراوەتەوە، لە ئیمامی بوخاریشم پرسی: کە دروستترین شت سەبارەت بە تەلاقدانی پێش مارەکردن چییە! فەرمووی: ئەو فەرموودەیەیە کە عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکییەوە لە باپیرییەوە دەیگێڕێتەوە. واتە: ئەم فەرموودەیەی کە ئێستا رابورد کە دەفەرموێ: تەلاقی کەسێ دەکەوێ کە لەکاتی تەلاقداندا ژنە تەلاق دراوە کە لەژێر رکیفی ئەودا بێ.

٢٨٠) ئەم چوار کەسە تەلاقیان ناکەوێ:

تەلاقی منالْو شێتو خەوتوو وە زۆرلێکراو ناکەوێ، ئەمەیش بەپێی ئەم فەرموودانە:

١) ئەم سێ کەسە قەڵەمی تەکلیفیان لەسەر نیە: خەوتوو هەتا خەبەری دەبێتەوە، منداڵ هەتا ڕەسیدە دەبێ، شێت هەتا هۆشیار دەبێتەوە. (ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە. تیرمیذی دەفەرموێ: جوانە).

٢) حەزرەت {ڕووەو خوا لەسەربێ} دەفەرموێ: نەژن تەلاقدان بە زۆر سەر دەگرێو نە بەندە ئازادکردن. (ئەبو داوودو ئیبنو ماجەو حاکم گێڕاویانەتەوە، حاکم دەفەرموێ: بەپێی مەرجی ئیمامی موسلیمە).

٣) دەفەرموێ {ڕووەو خوا لەسەربێ}: ئەم سێ شتە حسێب ناکرێن لەسەر گەلی ئیسلام: کاری هەڵە، لەبیرچوون، هەرچیش بە زۆر پێیان بکرێ. (ئیبنو ماجە گێڕاویەتەوە، ئیبنو حیببانو حاکم بە

فەرموودەیەکی ساخ – حەدیسێکی صەحیح – یان داناوە، حاکم دەفەرموێ: بەپێی مەرجی هەردوو پیرە).

بڕانن:

کە مەرجی زۆر لێکردن ئەوەیە کە زۆرکەر توانای ئەوەی هەبێ کە هەڕەشەکەی خۆی بێنێتەدی. تواناکەیشی بە یەکێ لەم شێوانەیە: یا دەسەلاتداری بەپێی شەرع، وەك کەسێ تەلاق بخوات قەرزی فیسار نادەمەوە، فەرمانداری شەرع بە زۆر قەرزەکەی پێ بداتەوە، یا تەلاقی خوارد کە دەبێ ژنەکەی نوێژ ی نیومڕۆ بکا، بەڵام ژنەکەی لە سەرەتای نیومڕۆوە کەوتە بێنوێژییەوە، لەم دوو بارەدا تەلاقی ناکەوێ. یاخود بەهۆی زۆری زۆردارەوە توانای هەبێ، یاخود زۆرکەر بەهۆی شالاوی خۆیەوە بتوانێ زۆرەکەی جێبەجێ بکا. مەرجی زۆرلێکراو ئەوەیە: بێ دەستەڵاتو ناتەوانابێ، نەتوانێ رابکا، یا بەرگری لە خۆی بکا، یاخودی رزگار بکا، یا هانا بۆ کەسێکی تر بەرێ کە پەنای بدا، لە هەمانکاتدا باوەڕی وابێ ئەگەر تەلاقی ژنەکەی نەدازۆردارەکە هەڕەشەکەی جێبەجێ دەکاو ئەو ئیشەی بەسەرا دێنێ، وە دەبێ زۆرلێکراو بەهیچ جۆر ئارەزووی لە تەلاقدانی ژنەکەی نەبێو هیچ بەلگەیەك نەبێ لەسەر شتی وا، ئەگەر نیشانەی شتی وا هەبوو کە کابرای تەلاقدەر خۆشی شتێکی بە دەست بووەو بۆرە ئارەزوویەکی بووە، وەك ئەوە کە زۆری لێ بکەن بەسێ تەلاقە تەلاقی بدا کەچی ئەو بەیەك تەلاق تەلاقی بدا، یا زۆری لێ بکەن بەگفت (لەفظ)ی بێ پێچ (صەریح) تەلاقی بدا ئەو بە مەعنا (واتە: بەکینایە) تەلاقی بدا، ئەوە لەم کاتانەدا تەلاقی

دەکـەوێ. ئەگـەر دزوجـەردە گرتیـان‌و گوتیـان: بـەرت نـادەین هـەتا تەڵاقمان بۆ دەخۆی کە باسی ئەم کەین‌و بەینە ناکەی، ئـەویش تـەڵاقی خـوارد، ئەگـەر خەبـەریان لێ بداو باسـەکە ئاشکرا بکا تـەڵاقی ناکـەوێ، چونکە بە زۆری ئەوان تەڵاقی خواردووە.

زۆر لێکردن:

بەم شتانە دێتەدی: بە هەڕەشەی کوشتن، بـە هەڕەشـەی ئەنـدام بـڕین، بـە لێـدانی زۆر، بـە حەپـسکردنی زۆر، بـە بردنـی مـاڵ، بـە لـەناوبردنی، وەك لـە پێـشەوە باسـکرا خـەوتوو تـەڵاقی ناکـەوێ، هـەروا کەسێ بوورابێتەوەو لەسەر هۆشی خۆی چووبێ، هـەروا کەسـێ لـە بـیری نەمابێ، جا ئەگەر کەسێ یەکێ لە دوو ژنەکانی خۆی تەڵاقدا، دوایـی لـە بیری نەما کە کامیانی تەڵاقداوە، ئـەوە دروست نیـە کـە لەگـەڵ کەسـیان رابـوێرێ هـەتا بـیری دەکەوێتـەوە، جـا ئەگـەر ژنێکیـان گـوتی: مـن تەڵاقدراوەکەم، وە پیاوەکەیش گوتی: لە بـیرم نـەماوە، یـا گوتی: نـازانم، ئەوە داوا لە پیاوەکە دەکـرێ کـە سوێند بخوا لەسـەر ئـەوە کـە لـە بـیری نـەماوە، یـا لەسـەر ئـەوە کـە نازانـێ ئـەوە یـا ئـەو نیـە، ئەگـەر سوێندی نەخوارد، سوێند دەدرێ بە ژنەکە، ئەگەر ژنەکە سوێندی خوارد، حـوکم بە سوێندی ژنەکـە دەکـرێو تەڵاقەکـە دەکـەوێ. ئەگـەر بـەناو نـەبراوی تەڵاقیدا، وەك ئەوە مێرد بـە چـەن ژنێکـی خـۆی بڵـێ: تـەڵاقی یـەکێیان کـەوتبێ، وە لـە دڵـەوە مەبەسـتی یـەکێکیان نـەبێ بـە تایبـەتی، ئـەوە تـەڵاقی یـەکێکی نـاو نـەبراویان دەکـەوێ، لـەوە دوا مێـرد بـە ئـارەزووی خۆی ناوەکەی دیاری دەکا.

بزانن:

کـه سـەرخۆش تـەلاقی دەکـەوێ، بـه مـەرجێ کـه خـۆی دەسـتی لەسـەر خۆشـییەکەیدا هـەبووبێ، چـونکه سـەرخۆش بـەر پرسـیارە لـه کـردارو گوفتـاری خـۆی، هـەروا کەسـێکیش دەرمانـێ بخـوا یـا بخواتـەوه سەرخۆشـی بکـا، یـا بێهۆشـی بکـا تـەلاقی دەکـەوێ، بەمـەرجێ کـاری بـه بـەکارهێنانی ئـەو دەرمانـه نـەبووبێ، چـونکه ئـەم دوو کەسـه دەسـتیان هەیه لەم ناهەقییەدا که له خۆیانی دەکەن. گوتراویشه: تەلاقی ناکەوێ، گوایه ئەمیش وەك شێت وایـه، چـونکه هـەردوکیان بـێ هۆشـن، مـەرجی بەر پرسیاریش (تەکلیف) هۆشی ساخه کەلەم دووکاتەدا هەبوونی نیه.

٢٨١) تەلاق دوو جۆری هەیه: رجعی و بائن:

یەکەم: تەلاقی رجعی – وشەی رجعی لـه (رەجعـەت)ی عـەرەبی وەرگیراوه، که به مەعنا گێرانەوەی شته بـۆ سـەر حـاڵی پێشووی خـۆی. له شەرعدا برێتییه له هێنانەوەی ژنی تـەلاق دراو بـۆ ژێـر رشـتەی ژنـو مێردی بەبێ گرێدانی تازه، له پـاش تەلاقدانی غـەیرە بـائین لـه مـاوەی عیـددەدا. سـەر بەلگەکـەی نامـەی خـوداو رێگـەی رەهبـەرو یـەکگرتنی نەتەوەی ئیسلامه.

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: {يَـا أَيُّهَـا النَّبِـيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُـوهُنَّ لِعِـدَّتِهِنَّ وَأَحْـصُوا الْعِـدَّةَ – سـورة الطـلاق – ١/٦٥} هـەروا مێردەکانیـان لـەو مـاوەی عیدەیـەدا مـافی تـەواویان هەیـه بـۆ هێنانەوەی ئەو ژنه تەلاقدراوانه بۆ ژێر رکیفی خۆیان).

خۆشەویستیش {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەی عومەر بە کورەکەت بڵێ: کە ژنەکەی بگێڕێتەوە بۆ ژێر رکێفی ژنو مێردیی خۆی. ئیمامی عومەریش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} حەفصەی تەلاقدا لەپاشا گێڕایەوە بۆلای خۆی. (ئەبو داوودو نەسائیو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە. حاکم دەفەرموێ: فەرموودەیەکی دروستە، بەپێی مەرجی هەردوو پیرە).

دەی هەر کاتێ مێردی ئازاد یەك جار، یا دوو جار، ژنی خۆی تەلاقدا، یاخود بەندە: یەك جار ژنی خۆی تەلاقدا، ئەم تەلاقدانەیشیان لەپاش بەدەست گرتن بوو، وە لەسەر وەجەڵیش نەبوو، واتە: بە خۆڕایی بوو، بە خولع نەبوو، ئەوە مێردە تەلاقدەرەکە بۆی هەیە کە ژنەکەی بگێڕێتەوە ژێر رکیفی خۆی، بەڵام بەمەرجێ ئەو گێڕانەوەیە لە پێش بەسەر چوونی عیددەی ژنەکەدا بێ. بۆ دامەزراندنی گێڕانەوەیش لەسەر فەرمایشتی دروست، شایەت گرتن مەرج نیە، بەڵام بەبێ گومان کە سوننەتە، هەر چەند شافیعی رای وایە: کە ئەوە پێویستە، چونکە رووکاری ئەم ئایەتە نیشانەی ئەوەیە کە شایەت گرتن بەم بۆنەیەوە پێویست بێ: {وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ - سورة الطلاقر - ٢/٦٥} لەبەر ئەوەیش کە گێڕانەوەیش وەك مارەکردن وایە، دەی مارەکردن خودا فەرمانی کردووە بەشایەتگرتن بۆی، بزانن کەمێرد بۆی هەیە ژنی تەلاقدراوی خۆی بەتەلاقی رجعی، بهێنێتەوە بۆ ژێر رکێفی خۆی بەبێ فەرمانو رەزا بوونی ژنەکە، بەڵام بەمەرجێ لەماوەی عیددەدابێ.

٢٨٢) داڕێژگەی ژن گێڕانەوە (صيغة الرجعة):

داڕێژگەی ژنگێڕانەوە، بێ پێچو بەپێچی هەیە بێ پێچ وەك ئەوە پێی بڵێ: (ئەوا تۆم هێنایەوە ژێر رکێفی خۆم) یا (ئەوا تۆم هێشتەوە لەلای خۆم) یا (ئەوا تۆم بردەوە بۆ لای خۆم) یا (ئەوا ژنەکەم گێڕایەوە بۆ ژێر نیکاحی خۆم) یا (وا ژنەکەمم بردەوە بۆ لای خۆم) لەو شوێنانەدا کە پێوست بە گوتنی وشەی (بۆ لای خۆم) بێ، دەبێ ئەم وشەیەی بۆ زیاد بکا. داڕێژگەی بە پێچیش وەك ئەوە پێی بڵێ: _دووبارە تۆم کردەوە بە حەڵاڵی خۆم) یا (حەڵاڵم کردیتەوە لە خۆم) یا (وا مارەم کردیتەوە لە خۆم).

گێڕانەوەی ژن بۆ ژێر رکێفی مێرد بە چوونەلایش دادەمەزرێ، هەروا بە ماچو دەسبارزیش ئەگەر بە ئارەزووەوە بێ، بە مەرجێ مەبەستی لەوە گێڕانەوە بێ.

بۆ دامەزراندی گێڕانەوە ئەم چەند کارە مەرجن:

یەکەم: دەبێ عیددەی ژنەکە تەواو نەبووبێ، چونکە ئەگەر عیددەکەی بە سەرچوو گێڕانەوەیش لە دەست دەچێ، چونکە لە دوا عیددە یەکسەر جیابوونەوە (واتە: بەینوونە) رووەدا.

دووەم: دەبێ ژنەکە دەست بدا بۆ ئەوە کە حەڵاڵ بێتەوە بۆ مێردەکەی، گریمان ژنەکە یا پیاوەکە لە ئایین هەلگەڕانەوە، گێڕانەوە لەکاتی وادا دانامەزرێ، بزانن کە ژنی رجعی تەڵاقی تری پێوە دەلکێ لە ماوەی عیددەیدا، هەروا خولعو ئیلاوظیهاری لەگەڵ دەکرێ.

ژنی رجعی چەند تەلاقی دەمێنێ:

ئەگەر مێرد مارە بڕینی کۆنە ژنی خۆی تازەکردەوە، لە پێش ئەوەدا کە شوو بکاتەوە بە مێردێکی تر، یا لەپاش ئەوە، وە لەپێش ئەوەدا کە مێردی دووەم بە دەستی بگرێ، یا لەپاش بەدەست گرتن، لە گشت ئەم شێوانەدا ژنەکە دەبێتەوە بە ژنی مێردی پێشووی، وە چەند تەلاقی لە شووی یەکەمی بە مێردی یەکەمی مابوو ئێستا خاوەنی ئەوەندە تەلاقەو بەس، چونکە شووکردنی دووەم ژمارەی تەلاقە کەوتووەکانی بۆ زیندووناکاتەوە، بەپێی ئەم داستانە: دەگێڕنەوە: لە عومەر پرسیارکرا: ئەگەر کەسێ دوو جار ژنێ تەلاق بدا، ژنەکە عیددەی بەسەر بچێو شوو بکا بە مێردێکی تر، وە لەوێش جیا ببێتەوە، ئەوجا مێردی یەکەمی مارەی بکاتەوە، ئەم ژنە لەکاتی وادا چەند تەلاقی ماوە؟ عومەر فەرمووی: چەند تەلاقی مابوو لە شووی یەکەمی ئێستایش هەر ئەوەندەی ماوە!

ئەم رایە دەگێڕنەوە لە عەلیو زەیدو موعازو عەبدوللای کوڕی عومەرەوە، عوبەیدەی سەلمانیو سەعیدی کوڕی موسەییەبو حەسەنی بەصریش {رەزای خوا لێبن} هەمان رایان هەیە.

٢٨٣) تەلاقی بائن:

تەلاقی بائن دوو بەشە: بەینوونەی صوغراو بەینوونەی کوبرا. بە کوردی واتە: جیابوونەوەی تەواوو جیابوونەوەی ناتەواو، یاخود جیابوونەوەی راستەقینەو بۆرە جیابوونەوە، یا جیابوونەوەی بچووکو جیابوونەوەی گەورە.

ژنی بائن به جیابوونەوەی نا تەواو ئەو ژنەیە کە لەپێش بە دەست گرتندا تەلاق درابێ، یا لەپاش بەدەست گرتن خولعی لەگەڵ کرابێ. مەرجەکە تەلاقی سێ بە سێ لەلایەن مێردی ئازادەوە نەدرابێ، یا دوو تەلاق نەدرابێ لە لایەن مێردی کۆیلەوە، چونکە یەک دەنگی و یەک گرتن هەیە لەسەر ئەوە. ژنی جیاوەبوو بە بۆرە جیابوونەوەیە حوکمەکەی ئەمەیە: بەهۆی مارەبڕینی تازەوە لەسەر مارەیی تازە، بەفەرمان و رەزابوونی ژنەکە خۆی یا هەقدارەکەی دیسان دەبێتەوە بە ژنی مێردەکەی.

ژنی بائن بە جیابوونەوەی تەواو ئەو ژنەیە کە لەلایەن مێردی ئازادەوە سێ تەلاقە درابێ، یا لە لایەنی مێردی کۆیلەوە دوو تەلاق درابێ، خوای ئەو تەلاقدانە لە پێش بەدەست گرتندا بێ، یا لە پاشی بێ، وە خوای ئەو تەلاقدانە لەیەک مارەبڕیندا بێ، یا لە پڕدا، وە خوای ئەو تەلاق دانە بەیەک جار ئەنجام درابێ، یا بە چەند جارێ. بڕیاری ئەم ژنە جیاوە بووە ئەمەیە: حەڵاڵ نابێتەوە بۆ مێردەکەی هەتا لە دوا تەواو بوونی عیددەکەی شوونەکا بە مێردێکی تر، وە مێردەکەی دووەمی بە شەرمگای (بەفەرج) بچێتەلای و بە دەستی بگرێ و دوایی بە ئارەزووی خۆی تەلاقی بداو کە عیددەکەی تەواو بوو ئەوسا بە رەزای خۆی شووبکاتەوە بە مێردی یەکەمی. چونکە زاتی پاک دەفەرموێ: (الطلاق مرتان) هەتا دەگاتە {فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ} مەبەست لە (نکاح) لەم ئایەتەدا بە دەست گرتن و چوونەلایە، بەپێی ئەم فەرموودەیەی حەزرەتی عائیشە دەگێڕێتەوە: ژنەکەی زفاعەی قورەظی هاتە لای پێغەمبەر {مەبەست خوای لەسەربێ} گوتی:

ئەی پێغەمبەری خودا! ریفاعە بە ئێجگاری تەلاقی داوم و لە پاش ئەو شووم کردووە، بە ئەوڕەحمانی کوڕی زەبیری قوڕەزی بەلام چووکی ئەورەحمان وەك پەتك وایەو دروستبوونی پێ ناکرێ. عەبدوڕەحمانیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەم ژنە درۆدەکا، بەلام ئەمەبیانووە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ لای میردە پێشووەکەی ئەگینا من وەك چۆن کەوڵ خۆشە دەکرێ ئاوا دەی هەژێنم. جا پێغەمبەر {دروودو خوای لەسەربێ} زەردەخەنەیێ گرتی و فەرمووی: ئایا دەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ لای ریفاعەی میردی پێشووت؟ شتی وا نابێ هەتا تۆو عەبدوڕەحمان خۆشی جووتبوون لە یەکتری دەچێژن و وەك ژن و میرد لەگەڵ یەك دروست دەبن. وەکی تریش ئەگەر ئێمە چوونە لا، لە شووکردنی دووەمدا کە بە مەرجی رەوای خۆی دەبێ بەهۆی حەلاڵ بوونەوەی ژنەکە بۆ میردی یەکەمی، ئەگەر ئێمە ئەم چوونەلایە بە مەرج نەگرین مەعنای وایە مەبەست لە ژن هێنان و شووکردنی حەلاڵبوونە بۆ یەکتری و بەس، وە مەبەس لە زۆمت لەیەك وەرگرتن نیە، ئەمە لە کاتێکا کە شتەکە بە پێچەوانەوەیە چونکە مەبەست لە ژن هێنان رابواردنە نەك حەلاڵ بوونی ڕووت.

ئەگەر میردێ:

بە ژنی بەدەست گیراوی خۆی گوت: تەلاقت کەوتبێ، تەلاقت کەوتبێ، تەلاقت کەوتبێ، سێ جار ئەوە ورد دەبینەوە: ئەگەر لە نێوانی ئەم سێ جارەدا ئێستێکی وای کرد کە زیاتر بوو لە ئێستی پشووی هەناسەدان ئەوە: هەرسێ تەلاقەی دەکەوێ، با مەبەستی دووپات

کردنـەوەیش بـێ، چـونکه دووپـات کردنـەوه پێـچەوانەی رووکـاری ئـەم رستانەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەگەر خـۆی گوتی: مەبەستم لـە جـاری دووەمو سێیەم دووپات کردنەوە بوو، ئەوە هەواڵەی ئایینی خۆی دەکرێ واتە: لە بەینی خـۆیو خوایـا تـەڵاقی ناکـەوێ ئەگـەر راست بکـا (تکایـە تەماشـای مـوغنی موحتـاج (ب/٣ ل/٢٩٦ — ٣١٢) بفـەرموو: بـۆ راسـت کردنەوەی ئەم شوێنەیە — وەرگێڕ).

بەڵام ئەگەر ئێستی نەکردو مەبەستی دووپات کردنـەوەبوو ئـەو قسەیەی لێ وەردەگیرێ، لەبەر ئەوە یـەك تـەڵاقی دەکـەوێ، بـەڵام ئەگـەر مەبەستی تێهەڵچوونەوە (استئناف) بـوو ئـەوە سـێ تەڵاقـەی دەکـەوێ، هـەروەها ئەگـەر بـەرەهایی بیانڵـێ، لەسـەر فەرمایشتی رۆشـنتر، بـەپێی رووکاری قسەکە، چونکە هـەر رستەیێ لـەم سـێ رستەیە سـەر بـەخۆبن لەم شوێنەدا، ئەو ئەگەرە بەهێزترە هەتا ئەگەری دووپات کردنەوە.

٢٨٤) سـێ تەڵاقە بەیەك گفت (لەفظ):

ئەگەر کەسێ بە ژنەکەی خۆی بڵێ: سێ بەسـێ تـەڵاقت کـەوتبێ، هەرسێ تەڵاقەی دەکەوێ، ئەگەر گوتی: تـەڵاقت کـەوتبێ، وە نیـازی دوو تـەڵاق یـا سـێ تـەڵاق بـوو بەقـەد ژمـارەی نیازەکـەی دەکـەوێ، بـەپێی فەرموودەکەی روکانە، کە پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} سوێندی داو پێی فەرموو: مەبەستت لە ئێجگاری چی بوو؟ ئەویش دەڵێ: مەبەستم یـەك تـەڵاق بـوو، فـەرمووی: بڵـێ بـەخودا، گـوتم بـە خـودا. فـەرمووی: دەمەبەستت چی بووبی هەر ئەوە حەلە.

دەی ئەگەر سێ تەلاقە بە یەکجار بەیەك تەلاق دابنرێ ئیتر سوودی ئەم سوێندانە چییە؟! ئەمەیش کە سێ تەلاقە بەیەك گفت سێ تەلاقی پێ دەکەوێ رێبازی جەماوەری زناکانە لە چینی شوێنکەو توانو زۆرینەی چینی هاوڕێ یانی پێغەمبەرو پێشەواکانی هەر چوار مەزهەبەکە. بەلگەشیان بۆ ئەمە ئەمەیە:

یەکەم: ئایەتی: {فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ} وە ئایەتی {وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ} وە ئایەتی: {لاَّ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاء}. ئەوەتا ئەم ئایەتانە بە مەرجیان نەگرتووە کە پیاو دەبێ بەیەکجار یا بەدوو جار یا بەسێ جار ژنی خۆی تەلاق بدا، هەروەها ظاهیرو رووکاری ئەم ئایەتەیش: (الطلاق مرتان) بەلگەی ئەوەیە کە دروستە پیاو ژنی خۆی بەجارێ یا بەدوو جار یا بەسێ جار تەلاق بدا، وە ژمارەی هەموو تەلاقەکان لەیەك جاردا کۆبکاتەوە، یا دابەشیان بکا بەسەر چەند جارێکاو بەینیان بخات، هەروەك نیشانەی ئەوەیشە کە تەلاق لەم حالانەدا لە هەموویانا دەکەوێ.

دووەم: ئەم قسەیەی ئیبنو عومەرە، کە لە چیرۆکی تەلاقدانی ژنەکەیدا بە پێغەمبەر (درووەو خواو لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەری خوا! پێم بفەرموو ئەگەر سێ تەلاقەی بدەم ئایا دروستە بۆم کە بیگێڕمەوە بۆلای خۆم؟ فەرمووی: نەء.. لە حالی وادا فڕی تۆی بەسەرەوە نامینێ، وەشتی وایش گوناهە.

سێیەم: عوبادەی کوڕی صامیت فەرمووی: باپیرەم ژنێکی هەزار بە هەزار تەلاقدا، جا من چووم بۆ خزمەت حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} ئەمەم بۆ باسکرد، پێغەمبەری {درووەد خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: ئەی عوبادە؟ باپیرەت! تەقوای خودای بەجێ نەهێناوە لەم کارەیدا، چونکە ئەو بەس سێ تەلاقی هەیە، نۆ سەدو نەوەدو حەوتەکەی تری دەسدرێژیو تاوانە لە ئەستۆیدا (عەبدورەزاق لە - مصنف -ی خۆیدا گێڕاویەتەوە) لە گێڕانەوەیەکا: باپیرەت بەپێی ئایەتی {وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا} رەفتاری نەکردووە هەتا خودا لەم مەسەلەیەدا دەرووێەکی بۆ بڕەخسێنێ، فڕی بەسەر ژنەکەیەوە نەماوە هەرسێ تەلاقی کەوتووە، بەڵام لەسەر ئەو شێوەیەکە پەسەندە لە شەریعەتی خوادا تەلاقی نەخواردووە، ئەو نۆ سەدو نەوەدو حەوتەی تر تاوانە لە ئەستۆیدا.

چوارەم: شافیعی لە (الام)دا دەفەرموێ: نادروست نیە بۆ مێرد کە دوو تەلاقەی ژنی خۆی بدا یا سێ تەلاقەی بدا، چونکە خوا ژن تەلاقدانی بە رەوا داناوە، شتێکیش کە ئەو رەوای بکا لە کەسی خۆی قەدەغە نابێ، وە دەفەرموێ: عووەیمیری عەجلانی لە خزمەت پێغەمبەردا ژنەکەی خۆی سێ بەسێ تەلاقدا، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} ئەوەی پێ نەفەرموو بوو، وە لەپێش ئەوەیشدا کە هەواڵی پێ بدا کە هەر بە شەڕەنەفرین (لعان)ەکە تەلاقەکەی دەکەوێ. دەی ئەگەر ئەوە قەدەغە بوایە، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} چۆن لێی بێدەنگ دەبوو، دیارە کە نەهی لێ دەکردو ئەویشو خەڵکەکەی کە لە خزمەتیدا بوون ئاگاداری دەکردنەوە لەوە. فاطیمەی کچی قەیسیش دەڵێ: کە مێردەکەی

بـه ئێجگاری (واتـه: سێ بەسـێ) تـەلاقی داوه، دەی نـەمان بیستووه کـه پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} نـەیی لێکرد بێ لەوه، روکانیش ژنەکەی خۆی به ئێجگاری (ئەلبەتتە) تەلاقدا، لەبەر ئەوەی ئـەم وشـەیه هـەڵ دەگـرێ دەبەست لێی یەك تەلاق بێ یا سێ تەلاق بێ پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} لێی پرسی مەبەستت چیبوو، وه لەسـەر ئـەوه کـه نیـازی چیبووه لـەو وشەیه سوێندی داوه، وه نەگەیوەتەوه به ئێمـه کـه پێغەمبـەر {دروودی خوای لەسەربێ} رێگەی ئەوەی نەدابێ که کەس به ئێجگاری (واتـه: بەسـێ تـەلاق) ژنـی خـۆی تـەلاق نـەدا، عەبـدورەحمانی کـوڕی عـەوفیش بـه یـەکجار لەیـەك کـۆڕدا بەیـەك گفـت ژنەکـەی خـۆی تەلاقـداوه (فەرمایـشتەکەی شافیعی) {رەزای خوای لێبێ} هاته کۆتایی.

شـتێ هەیـه لـه دینـدا پێـی دەگـوترێ (إقامـة الحجـة) بـەپێی بۆچـوونی بەنـدە ئـەم بارودۆخـەی ئێستامان - إقامـة الحجـة ـی دیـنو دنیایه. بەڵام سیاسەتمەداره مەستەکانی کورد وا بوغرا بوون، مەگـەر لـه رەوێکی نوێدا رووی رەشیان بـه باشی بـۆ میللـەت دەربکـەوێ جـاوا لـەم گۆشەیەوه ئەمه دەنووسم. ئەوەی که لێرەدا نووسیومه له چاپی یەکـەما کرتاوەو نه نووسراوه.

٢٨٥) رای جەماوەری شەرعزانەکان:

بزانن:

که جەماوەری شەعزانەکان رایان وایه که سێ تـەلاق بـه یـەکجار لەیـەك گوتـەدا کـۆ دەکرێتـەوه، وەك ئـەوه مێـرد بـه ژنـی خـۆی بڵـێ: (هەرسێ تەلاقت کەوتبێ) بەڵگەیشیان ئەم چەند شتەیه:

١) بەیەقی لە سونەنیداو تەبەرانیو کەسانی تریش دەگێڕنەوە: ئیبراهیمی کوڕی عەبدول ئەعلا لە سوودەیدی کوڕی غەفلەوە دەفەرموێ: (عائیشەی کچی فەضل ژنی حەسەنی کوڕی عەلی بوو، کە ئیمامی عەلی شەهیدبوو، حەسەن لە شوێنی باوکی بوو بە جێنشین. جا بەم بۆنەیەوە عائیشە پیرۆزبایی پایەی تازەی لە حەسەن کرد. حەسەن پێی فەرموو: کەی کاتی پیرۆزباییە ئەوە شادەکامیو پێخۆشبوون بە بۆنەی کوشتنی باوکمەوە کە فەرمانڕەوای موسوڵمانان بوو، دەردەبڕێ!؟ کەواتە هەرسێ تەڵاقت کەوتبێ، وە هەزار دیناری بە موتعە پێدا.. لەپاشا حەسەن فەرمووی: لەبەر ئەوە نەبێ کە لە باپیرەمم بیستووە، یا فەرمووی: لە باوکم بیستووە کە باپیرەم حەزرەتی پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی: (**اذا طلق الرجل امراته ثلاثا عند الاقراء او طلقها ثلاثا مبهمة لم تحل له حتى تنكح زوجا غيره لراجعتها**). رشتەکەی دروستە.

٢) ئیمامی عومەریش {رەزای خوای لێبێ} نامەی نووسی بۆ ئەبو مووسای ئەشعەری {رەزای خوای لێبێ} کە هەر کەسێ بە ژنی خۆی بڵێ: سێ تەڵاقت کەوتبێ، ئەوەوە هەرسێ تەڵاقی دەکەوێ (ئەبو نەعیم).

٣) لە صەحیحی بوخاریدا دەفەرموێ: عووەیمیری عەجلانی شەڕەنەفرینی لەگەڵ ژنەکەی کرد، لە کۆڕەکەدا کە شەڕەنەفرینەکە تەواوبوو، عووەیمیر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر رایبگرمەوە لەلای خۆم دیارە کە بوختیانم پیاکردووە، ئیتر لە دوا شەڕەنەفرینەکە، بەر لەوە کە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} پێی بڵێو

فەرمانی پێبکا ئەو لە خۆیەوە ژنەکەی خۆی سێ بەسێ تەلاقدا.. پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لەسەر ئەوە رەخنەی لێ نەگرت. دەی ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە سێ تەلاقە بەسەر یەکەوە، بەیەك لەفظ دەکەوێ. ئیبنو حەزم دەفەرموێ: ئەگەر سێ تەلاق بەسەر یەکەوە نەکەوتایە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} لێی بێ دەنگ نەدەبوو، وە رەخنەی لە عووەیمیر دەگرت، بوخاریش {رەزای خوای لێبێ} هەروا لەم مەسەلەیە حاڵی بووە، بۆیە ئەم فەرموودەیەی لە صەحیحەکەیدا گێڕاوەتەوە لە (باسی کەسانێ کە سێ تەلاقە بەسەریەکەوە رەوا دەبینن).

٤) ئیبنو هەممامیش لە (فەتحولقەدیر)دا دەفەرموێ: ژمارەی شەرعزانە گەورەکان کە پایەی موجتەهیدو کۆشکاریان هەبووە، لە هاوڕێیانی پێغەمبەر {دروودی خودا لە خۆی و رەزای خودا لە هاوڕێیانە} ناگاتە زیاتر لە بیست کەس، وەك هەر چوار یاری پێغەمبەرو هەر چوار عەبدوڵڵاکەو زەیدی کوڕی سابیتو موعازی کوڕی جەبەڵو ئەنەسو ئەبو هورەیرە {رەزای خوایان لێبێ} وە چەند کەسێکی تری کەم، ئیتر ئەوانی تریان لەکاتی پێویستا پرسو رایان بە مانە دەکردو داوای فەتوایان لێ دەکردن، دەی ئێمە رای زوربەی ئەم زاتانەمان راگوێزکردووە کە بە فەرمایشتی رۆشنی بێ پێچو پەنا بڕیاری ئەوەیان داوە: کەسێ تەلاقە بەسەریەکەوە بە یەکجار دەکەوێ، وە کەسیش لاری لەم بڕیارەی ئەوان نەبووە، کە واتە وەك خوای گەورە دەفەرموێ: {فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ – سورة يونس – ٣١/١٠} واتە: دیارە کە ڕێگەی حەق

یەکـەو رووەو ئاشـکرایە هەرچـی ئەوڕێیـە نـەگرێ سـەر لێـشێواوو گومڕایە).

جـا لەسـەر ئـەم بناغەیەیـە کـە ئێمـە دەڵـێین: ئەگـەر هـاتوو فەرمانڕەوایێ فەرمان بکا بـەوە کـە (سـێ تەڵاقەکـە بەیـەك جار لـە دەم دەربـچێ دادەنـرێ بـە یـەك تـەڵاق) ئەگـەر دەسـەڵاتدارێ بڕیـاری وا بـدا ئێمە جێبەجێی ناکەین، چونکە شتی وا قـەبووڵی اجتهاد ناکا، بـەڵکوو کاری وا دووبەرەکی نانەوەیە، پێی ناگوترێ راجیایی زانایانی شـەرع! کـە دادەنرێ بە مایەی ڕەحمەتو هۆی ئاسانکاری.

گێڕانەوەیەکیش لە ئەنەسەوە هەبە کە ئەنەس دەفـەرموێ: ئـەم جۆرە تەڵاقە دادەنرێ بەسـێ تەڵاق، طـەحـاوی‌و کەسـانی تـریش رشـتەی ئەم گێڕانەوەیان ڕوونکردۆتەوە. فەرمایشتی ئیبنو هەمام تەواو.

ڕووکاربین (ئەهلی ظاهیر)ەکانیش لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا دەڵێن: تـەڵاقی سـێ بەسـێ تەڵاقـدەر بـە یـەکجار بـە دەمیابـێ دادەنـرێ بەیـەك تـەڵاق، گفـت (لـەفـظ) رۆڵ نابینـێ لـە دابەشکردنی جارەکـانی تەڵاقـدا، بەڵگەشیان ڕووکاری ئەم ئایەتەیە: (الطلاق مرتـان) هـەتا (حتـی تـنکح زوجـا غـیرە) نـەم فەرموودەیـەی بوخـاری‌و موسـلیمیش دەکـەن بـە بەڵگەیـەکی تـر: ئیبنـو عـەببـاس {رەزای خوایان لێبێ} دەفـەرموێ: جـاران بـە سـەرینیی پێغەمبـەر خـۆی‌و لـە سـەردەمی جێنـشینیی ئـەبو بـەرکردا تـەڵاقی سـێ تەڵاقـە یـەك تـەڵاق بـوو، تـا دووسـاڵیش لەسـەردەمی جێنـشینیی عومـەر ڕۆیـشت ئـەم حاڵـە هـەروا مـابوو، لەپاشـا عومـەری کوڕی خەططاب فەرمووی: ئەم خەڵکە لە پێشدا لەم کارەدا بـە شـێنەیی

بوونو پشوودرێژ بوون، بەڵام ئێستا سەریان تێکردووە، زۆر لێی بە پەلەن، کەوابوو با حوکم بکەین بە کەوتنی سێ تەڵاقە، جا لەپاش راوێژکردن لەگەڵ پارانیدا بۆ ئەم مەسەلەیە حوکمی کرد بە کەوتنی تەڵاق سێ بەسێ). هەروا ئەم فەرموودەیەیش دەکەن بە بەڵگە: ئیبنو ئیسحاق لە عیکریمەوە لە ئیبنو عەببباسەوە دەگێڕێتەوە: ڕوکانە لەیەک کۆڕی دانیشتن دا، ژنەکەی خۆی سێ تەڵاقە دەدا، لە پاشا زۆر پەشیمان دەبێتەوەو بۆ ژنەکەی پەرۆش دەبێ، جا پێغەمبەر لێی دەپرسێ: (چۆنت تەڵاق داوە؟) دەفەرموێ: بەیەک جار لەیەک کۆڕی دانیشتندا، سێ بەسێ تەڵاقم داوە. پێغەمبەر (درووده خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەمە بەیەک تەڵاق دادەنرێ. جا ئەگەر ئارەزوو دەکەی ژنەکەت بهێنەرەوە.

لایەنگیرانی جەماوەری زانایان ڕەددی ئەمانە بەم شێوەیە دەدەنەوە: لە زمانا گوتنی سێ، سێ شتی پێ ئیسپات دەبێ: شت بەخشو پێلێنەرو تەڵاقدەرو بەندە ئازادکەر وەک یەک بە ئارەزووی خۆیان چەندە ئارەزوو بکەن ژمارە لەسەر خۆیان دەچەسپێنن، وە لە سەریان دەبێ بەماڵ، شت بەخش بەیەک گفت دەڵێ: ئەوا ئەو سێ شتەیەم بەخشی بەتۆ، دیارە کە بەخشینەکە لەهەر سێ شتەکەدا دادەمەزرێ، هەروا فرۆشیارو پێلێنەرو ئازادکەریش کە دەڵێن: ئەو سێ شتە، یا ئەو چوراشتە، یا ئەو پێنج شتەم فرۆشت بە تۆ، یا ئازادم کرد، یا شتێکی ئاوا دەڵێن، ئیتر ئەو ژمارەیان لەسەر دەبێ بەماڵ، وە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکا، هەروا ئەم شیعرەیش دەکەن بە بەڵگە، شاعیرێ لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆیدا شەڕە شیعر دەکا، بۆ سەروای پیتی ئێی

عەرەبی دادەمێنێ، لەبەر ئەوە ئاوا ژنەکەی خۆی تەلاق دەداو دەڵێ: (وأم عمر طالق ثلاثا..) هەروا شاعیرێکی تری عەرەب دەڵێ:

وانت طلاق والطلاق عزيمة ثلاث ومن يخرق أعق وأظلم

واتــە:

وا تۆم تەلاقدا، سێ بەسێی تەواو زوڵمم لەخۆم کرد، بووم بە گێلە پیاو

سەرەڕای ئەمانەیش سێ تەلاقە بە یەکجارو بە یەک گفتو لەیەک کۆڕدا کارێکی ناسراو بووە لەناو هاورێیانی پێغەمبەرو چینی دووەمی موسوڵمانانو لەناو شەرعزانەکانو لەناو گەلی عەرەبدا، وەک لە پێشەوە درێژەی هەندێ لەمانە رابورد، ئەوەتا لە هاورێیان عومەرو ئەبو مووسا ئاگایان لە تەلاقی سێ بەسێ هەیە، ئیبراهیمی نەخەعیش کە لە تابیعینە ئاگای لە سێ تەلاقە هەیەو حوکمی پێ دەکا، شەعبی لەبارەی زانایی نەخەعییەوە دەفەرموێ: لە سەردەمی ئیبراهیمدا کەس لەو زاناتر نەبوو.

کەواتە داوای ئەوانە کە دەڵێن: ژمارە لە ئینشادا بێ بایەخە، ئەم داوایە بێ بەڵگەیە، نە لە نامەی خودادا، نە لەرێگەی رەهبەردا، نە لەیەکگرتندا، نە لەقیاسدا، نە لە زماندا بەڵگەی نیە، دەی ئەمە نیشانەی ئەوەیە وەک ئیبنوتین دەفەرموێ: کۆکردنەوەی سێ تەلاقە لەیەک جاردا جێگەی یەک رایی هەموو ئەو زانایانەیە کە بایەخ بە فەرمایشتیان دەکرێ.

لــه وەڵامــی حەدیــسەکەی ئیبنــو عەبباسیــشدا کــەوا لــە صەحیحەیندا دەڵێین: لـە فـەقێو شـاگردەکانی ئیبنـو عـەبباس بـەس طـاووس ئـەم حـەدیثـەی لێـوە گێڕاوەتـەوە، بـەڵام زوربـەی فـەقێ ناودارەکـانی بـە پێـچەوانەوە ئـەوە لـە ئیبنـو عـەبباس دەگێڕنـەوە کـە دەفـەرموێ: (کۆکردنـەوەی سێ تەڵاقـە لەیـەك گفتـا دروسـتە، وە ئیبنـو عـەبباس خـۆی کـاری بـەوە کـردووە) هەنـدێ لـەم قوتابیانـەی سـەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدو عەطاو عومەری کوڕی دینـارو کۆمـەڵێ تـرە، ئەمانە هەموو دەڵێن: سێ تەڵاقـە پێکـەوە کۆدەکرێتـەوە، فەرموودەکـەی ئیبنو ئیسحاقیش وەهمـەو هەڵەبوونـە، چونکە کەسـانی بـاوەڕ پێکـراوی تـەواو لەسـەر ئـەم شـێوەیە دەیگێڕنـەوە: روکانـەی کـوڕی عەبدویەزیـد {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: چووم بـۆ خزمـەتی حـەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} عەرزیم کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! ژنەکەمم بە ئێجگاری تـەڵاق داوە. فـەرمووی: مەبەسـتت لـە ئێجگـاری (ئەلبەتتەتـە) چـی بـوو! گـوتم مەبەسـتم یـەك تـەڵاق بـوو. فـەرمووی: بڵـێ بـەخودا، گـوتم: بـەخودا. فـەرمووی: دەی مەبەسـتت چـی بووبـێ هـەر ئـەوە حەلـە، ئـەوەتا لـەم گێڕانــەوەدا دەفــەرموێ: روکانــە ژنەکــەی بــە ئێجگــاری تەڵاقــداوە، نافەرموێ: ژنەکەی سێ بەسێ تەڵاقدا، ئـەم دوو قسەیەیش جیاوازییـان زۆر زۆرە، چـونکە ئـەم گێڕانـەوەی دووەمـە نابـێ بـە بەڵگـە لەسـەر بۆچوونی رووکاربینەکان!.

٢٨٦) حوکمی ئیلا (سوێندکاری)و ژن لەخۆ حەرامکردن:

ئیلاء لەزماندا واتە سوێند خواردن، لە شەرعی شەریفدا بڕێتییە لە سوێند خواردنی مێردێکی وا کە دروست بێ ژن تەلاق بدا وە لەسەر ئەوە سوێند بخوا کە هەرگیز نەچێتە لای ژنەکەی، یا زیاتر لە چوار مانگ نەچێتە لای. لە سەردەمی نەزانیدا (واتە: لە جاهیلییەتدا) ئیلا دادەنرا بە تەلاق، بەڵام یاسادانەری ئیسلام کە خودای گەورەیە بڕیارەکەی گۆڕی. سەربەڵگەی سوێند کاری ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: {لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَآؤُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة البقرة - ٢٢٦/٢} واتە: ئەوانەی کە سوێند دەخۆن کە لەگەڵ ژنەکانیاندا دروست نەبن، هەقیان هەیە هەتا چوارمانگ چاوەڕوانی بکەن جا ئەگەر پیاوە سوێند خۆرەکان گەڕانەوە بۆ سەر یاسای ژن و مێردی و لەو ماوەیەدا چوونە لای ژنەکانیان ئەوە خودای گەورە لێخۆشبوو و میهرەبانە، وە ئەگەر تەلاقیاندا ئەوا خودا هەموو شتێ دەبیستێ و ئاگای لە خشەی مارو مێروو.

ئیلا (یا سوێنکاری) کاتێ دادەمەزرێ کە مێرد سوێند بە زاتی خودا، یا بەنیشانەیێ لە نیشانەکانی خودا بخوات. ئیمامی شافیعی (رەزای خوای لێبێ) لە فەرمایشتی نوێیدا بڕیاری وایە: کە مەرج نیە ئەم سوێندە هەر بەزاتی خوداو بە سیفەتەکانی بێ، بەڵکوو بە سوێندی تریش دادەمەزرێ، چونکە ئەیانەکە بە رەهایی باسی ئەم سوێند خواردنە دەکا. کەواتە ئەگەر بڵێ: ئەگەر هاتە لات نەزربێ لە سەرم رۆژێ بە

رۆژووبم، یا نوێژێ بکەم، یا حەجی ماڵی خوا بکەم، یا بەندەیەك ئازادبکەم، یا شتی ئاوا بڵێ، ئەوە ئەم جۆرە نەزرانەیش دادەنرێ بە ئیلاو سوێندکاری.

بڕیاری سوێندکاری:

هەر کاتێ سوێندکاری بەپێی مەرجەکانی خۆی دامەزرا ئەوە لە سەرەتایەوە چوار مانگ مۆڵەت بۆ سوێندخۆر (ولی) دادەنرێ بەپێی رووکاری ئایەتەکە، لەبەر ئەوەیش کە ئەم ماوەیە کە شەرع دایناوە بەپێی سروشتی پیاوو ژنە، کە پتر لەو ماوەیە ناتوانن صەبر لەسەر یەکتری بگرن، جا لەپاش ماوەی چوار مانگەکە ژنەکەی دەتوانێ شکاتی لێ بکا، بە مەرجێ مێردەکەی نادیار نەبێو لەسەفەر نەبێو لەماڵ بێ. جا ئەگەر ژنەکە داوای سەرجێیی لێ کرد، وە نەهێڵێ نەبوو لە چوونەلا، وە پیاوەکە چووە لای ئەوە مافی ژنەکەی بەجێ هێناوە، لای کەمی دروستبوونیش ئەوەیە کە گۆمکەی سەری چووك ون ببێ لەناو شەرمی ژندا، بۆ ئەمە جیاوازی نیە لە نێوانی بێوەژنو کچدا، بەڵام بۆ کچ مەرجەکە لێی ببێ بە زاواو رووسووری بپژێنێو کچێتی نەمێنێ، چونکە زوربەی کات (التقاء الختانین)بەوە دێتەجێ لە کچدا.

وەکی تریش ئەگەر سوێندەکەی بە خوداو بە یەکێ لە نیشانەکانی بوو ئەوە دەبێ کەفارەتی سوێندیش بدا، جا ئەگەر لەپاش داخوازیی ژنەکە، مێرد ژنەکەی ئاشت نەکردەوە، ئەوە داوای تەڵاقدانی لێ دەکرێ، بەپێی ئەم گێڕانەوەیە: سەهلی کوڕی صاڵح لە باوکیەوە دەفەرموێ: (لە دوازدەکەسم پرسی لە هاوڕێیانی پێغەمبەر (درووەی خوای

لەسەربە} پیاوێ ئیلا لەگەل ژنی خۆی بکا بڕیارەکەی چییە؟) هەموویان فەرموویان: (هەتا چوار مانگ هیچی لەسەر نیە، لەپاش چوار مانگ قازی فەرمانی پێ دەدا یا بە یاسای ئاسایی ژنەکەی ئاشت بکاتەوەو بچێتە لای، یا تەلاقی بدا، ئەگەر قوبوولّی یەکێ لەمانەی کرد ئەوە باشە، دەنا قازی بەحەپسو شتی وا زۆری بۆ دێنێ کە تەلاقی بدا، یا ژنەکەی ئاشت بکاتەوە. ئەگەر هەر نەیکرد ئەوسا قازی لەسەر داواکردنی ژنەکە یەك تەلاقی رجعی ژنەکە دەدا.

٢٨٧) باسی ظیهار:

(ظیهار) لە زماندا لە (ظهر) دروست بووە، کە جێگەی سواربوونە، چونکە ژن سوارگا (مەرکووب)ی مێردە، هەندێ دەڵێن: بەواتا بەرزەوەبوونە، وەك لەم ئایەتەدا (ظَهرِ) بەواتا (علو)ە، کە بەواتا بەرزەوەبوونە، خوا دەفەرموێ: {فَمَا اسْطَاعُوا أَن يَظْهَرُوهُ – سورة الكهف – ٩٧/١٨} جا ئەمە وەك ئەوە وایە کە ظیهارکەر بەژنی خۆی بڵێ: چی سواری تۆبەو چی سواری دایکم بم.

لە سەردەمی نەزانیدا ظیهارکردن بە تەلاق دادەنرا بەڵام شەرعی پیرۆز بڕیارەکەی گۆڕیو کردی بە مایەی حەرام بوونی ژنو کەفارەتی لەسەر پێویست کردووە، ظیهارکردن لە شەرعدا بڕێتییە لەوە کە مێرد ژنی خۆی بچوێنێ بە ژنێکی خۆیی (محرم)ی خۆی لە حەرامیدا. سەر بەلگە لەم بارەیەوە، بەر لەوەی ببێ بە یەك دەنگیو بە یەکگرتن، ئەم ئایەتەیە: {وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ

لِمَا قَالُوا} تا کۆتایی ئایەت. ظیهار حەرامە بە یەکگرتن، بەپێی ئەم ئایەتە: {وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا}.

شێوەی ظیهار:

ئەوەیە کە مێرد بە ژنی خۆی بڵێ: (تۆ بۆ من وەك پشتی دایکم وای) ئەم شتانەیش دەق وەك پشت وان: سك و شەرم و سێنگ و دەست و قاچ و موو و لەش و زات، چونکە شوبهاندنە بە ئەندامێکی ژنی خۆییەوە، کەواتە لە پشت دەچێ، ئەم جۆرە گوتنانەی تریش بە هەمان واتان: تۆ لەگەڵ منداا، یا لەلای من، یا لەکن من، یا لە ئاستی من، وەك پشتی دایکم وای، یا تۆ وەك پشتی دایکم وای وشەی (بۆ من) نەڵێ، بەڵام ئەگەر گوتی: (تۆ بۆ من وەك دایکم وای) یا (وێنەی دایکم وای) ئەوە ئەگەر مەبەستی ظیهاربێ ئەوە ظیهارە، دەنا ئەگەر مەبەستی لە قەدرو ڕێزدا بێ ئەوە ظیهار نیە. ئەگەر بە ڕەهاییش گوتی بەپێی بنەڕەت دانانرێ بە ظیهار، جونکە بنەڕەت نەبوونە. بەڵام ئەگەر چواندی بە ژنێکی خۆیی بنەچەوە، وەك کچ و خوشك و پوورو کچی براو، کچی خوشك، ئەوە ڕاجیایی وا تیادا، بەپێی مەزهەب مەزهەب دادەنرێ بە ظیهار بەڵام قیلێ دەفەرموێ: ئەگەر نیازی ظیهاربێ ظیهارە، وە ئەگەر نیازی تەڵاق بێ تەڵاقە، چونکە ئەم قسەیە هەردوولا هەڵ دەگرێ، وەك ظیهار لێچوونی تیادایە، وەك تەڵاقیش حەرام بوونی تیادایە.

ئه نجامی ظیهار:

یەکەم: حەرامە چوونەلا هەتا کەفارەت دەدا.

دووەم: کەفارەت پێویست دەبێ بە پەشیمان بوونەوە، کە پێشی دەگوترێ: عەود، واتە: گەڕانەوە. ظیهارکەر ئەگەر دەستبەجێ ژنەکەی تەلاقدا یا بەهەر شێوەیێ دەستی لە دەستی بۆوە ئەوە دانانرێ بە گەڕاوە (عائد)و کەفارەتی ناکەوێتە سەر، دەنا کەفارەتی دەکەوێتە سەر، چونکە لێچووانەنی ژن بە دایکەوە ئەوە دەخوازێ کە جارێکی تر بە چاوی ژنێتی تەماشای نەکا، دەی هەرکاتێ وەك ژن رایگرتەوە واتای وایە کە لە قسەی خۆی پەشیمان بۆتەوە.

کەفارەتی ظیهار:

کەفارەتی ظیهار بەریز بە یەکێ لەم سێ شتە جێبەجێ دەبێ، بەم رەنگە ئەگەر یەکەمیان دەستگیر نەبوو بچێتە سەر دووهەمیانو ئەگەر دووهەمیشیان دەستگیر نەبوو ئەوجا بچێتە سەر سێیەمیان،

یەکەم: ئازادکردنی بەندەیەکی موسوڵمانی وا کە نەنگی وای پێوە نەبێ کە زیان بەکارو کاسپیی بگەیەنێ، وەکوو کوێریو گۆدیو گۆجی. جا ئەگەر ئەوەی دەستگیر نەبوو ئەوە پێویستە دوو مانگ لەسەر یەك بە رۆژووبێ، جا ئەگەر ئەم دووهەمەیشی دەستگیر نەبوو ئەوە دەچێتە سەر سێیەم کە بڕێتییە لەوە: خۆراك بدا بە شەست کەسی نەدارا، وە هەریەکی (مودد)یّك دانەوێڵەیان بداتێ کە بۆ سەرفترە بشێ، ئەمەیش دەقی قورئانە، خوای گەورە دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ

مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا} هەتا {فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا - سورة المجادلة - ٣/٥٨-٤}. سەلەمەی کوڕی صەخر {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پیاوێ بووم زۆرم حەز لە ژن بوو، جا کە رەمەزان هات نەبادا لە رەمەزانا بچمە لای ژنەکەم، هاتم ظیهارم لەگەڵ دەکرد، هەتا رەمەزان دەڕوا ا شەوێ ژنەکەم خەریك بوو خزمەتی دەکردم لەو کاتەدا لە پڕ چاوم بە شوێنێکی کەوتو ئیتر خۆم بۆ رانەگیراو هەڵ پەڕیمە سەر کۆڵی و چوومە لای، جا بۆ سبەینێ قسەم بۆ خزمەکانم کردو گوتم: وەرن لەگەڵما دەچین بۆ خزمەتی پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} گوتیان: نە بەخودا نایەین، جا خۆم چووم بۆ خزمەتی و عەرزیم کرد، فەرمووی: ئەمەیشت کرد ئەی سەلەمە! گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بەڵێ ئەمەیشم کرد، ئەمەیشمکرد، بەڵام ئەمەتام راوەستاوم لەبەر باری خودای گەورەو شکۆمەندا، خودای گەورە فەرمانی بەچییە بەوە حوکمم بدە، من ملم کەچە بۆ ئەوە، فەرمووی: بەندەیێ نازاد بکە، منیش دەستم مالّی بەلاملماو گوتم: بەو کەسە کە تۆی کردووە بە پێغەمبەری راستو دروست جگە لە خۆم کە بەندەی خودام بەندەی تر گومان نابەم. فەرمووی: دە دوو مانگ لەسەریەك بەرۆژووبە. گوتم: ئاخر من بەهۆی رۆژووەوە تووشی ئەم کێشەو بەرەیە بووم! فەرمووی: دە شەست مەن خورما دەرخواردی شەست هەژار بدە. گوتم: بەو کەسە کە تۆی کردووە بە پێغەمبەری راستو دروست خۆمو ژنەکەم بەبێ شێو سەرمان ناوەتەوە، وە ئەوەی پێی بگوترێ خۆراك نەمان بوو. فەرمووی: دەبڕۆ بۆ لای سەرکاری سەر زەکاتی بەنی زورەیق، زەکاتەکەی لێ

وەربگـرە، شەسـت مـەن خورمـای لێ بـدە بـە شەسـت هـەژارو بـاقی مەندەکەیشی بۆ خۆتو خێزانت بیخۆن بۆ خۆتان. جا منیش گەڕامـەوە بۆ لای خزمانم پێم گوتن: ئێوە سەری دنیاتـان لـە مـن هێنایـەوە یـەكو راتـان خـراپ بـوو، بـەڵام پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) دڵ فـراوانو بـە حەوسەڵەیەو رای فرەخاسە، وە فەرمووشی کە زەکاتەکەتان بـۆ مـن بـێ. (ئەحمـــەدو ئـــەبو داوودو تیرمیـــذیو حـــاکمو ئیبنـــو خوزەیمـــە گێڕاویانەتەوە. حاکم بە ساخی داناوە، تیرمیذی بە جوانی داناوە).

٢٨٨) شەڕەنەفرین (لیعان):

لیعـان لـە زمانـا لـە (لـەعن) دروسـت بـووە، کـە بـەواتا دوورخـستنەوەیە، بۆیـە وانـاونراوە چـونکە شـەڕەنەفرین کـەرەکان دوو کەسـن، مـسۆگەر یـەکێکیان درۆ دەکـەن، درۆزنـیش مەلعوونـە، واتـە نـەفرین لێکـراوە، لەبـەر ئـەوەیش چـونکە هـەردوو نەفرینکـەر هـەتا هەتایە لە یەك حەرام دەبن، لەبەر ئەوە لە یەکتریش دوور دەکەونەوە.

شـەڕەنەفرین لـە شـەرعدا برێتییـە لـە چـەند قسەیەکی دیـاری، کراوە بە مەهانەی رەوا بـۆ پیـاوی ناچار کـە تۆمـەتی داوێنپیـسی بداتـە پاڵ ئەو کەسەی کە ئابرووی لەکەردار کردووە.

سـەر بەڵگەکـەی ئـەم فەرمایـشتەی خـودای گەورەیـە: {وَالَّـذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاء إِلَّا أَنفُسُهُمْ – سـورة النـور – ٦/٢٤} . هۆی هاتنی ئەم ئایەتە ئەم رووداوەیە هیلالی کوڕی ئومەییە

هاته خزمەتی حەزرەت (دروودی خوای گەورەی لەسەربێ) شەریکی کوڕی سەمحای نا بە قنگی ژنەکەی خۆیەوەو گوتی: بەسەر ژنەکەمەوە گرتوومە، حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: شتی وا بە قسەی ڕووت، بەبێ بەڵگە سەر ناگرێ، یا بەڵگەو شایەت ڕاست دەکەیتەوە یا داری حەددی بوختان لە پشتت دەدرێ! گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە چۆن حاڵێکە، کاتێ پیاوێ بەسەر پشتی ژنی خۆمانەوە بگرێن، بڕۆین بە شوێن بەڵگەو شایەتدا بگەڕێین! حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر ئەوەیە یاخود بەڵگە پەیدا دەکەی یا خۆت ئامادەکە بۆ داری حەددی بوختان بۆ ژنی مەرد.

هیلالیش گوتی: بەو خودایە کە ئەم ئایینە ڕاستو دروستەی بە تۆدا ناردووە بۆ ئێمە، قسەکەم ڕاستە، کەوابوو لێم ڕوونە کە خودا سرووش (وەحی) بۆ تۆ دەنێرێو پشتی من ڕزگار دەکا لە داری حەدد، چونکە خودا لەگەڵ هەقە. ئیتر حەزرەتی جوبرائیل ئەم ئایەتانەی بۆ حەزرەت هێنا.

بڕیارەکانی شەڕەنەفرین:

هەرکاتێ مێرد بوختانی داوێن پیسی بداتە پاڵ ژنی خۆی شایانی داری حەدد دەبێ چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: یا بەڵگەو شایەت ڕاست دەکەیتەوە یاداری حەددی بوختان لە پشتت دەدرێ. بەڵام بە یەکێ لەم دوو شتە لە داری حەدد ڕزگاری دەبێ. یا بە بەڵگەو شایەت، یا بە شەڕەنەفرین، وەك لە دەقی فەرموودەکەدا ڕابوورد، جا هەر کاتێ مێرد سوور زانی کە ژنەکەی داوێن پیسە، یا

ژنهکه خۆی پێی لێنا، یا قاوبلاو بۆوه که کابرایهك دهستی لهگهڵ ژنهکهیدا تێکهڵ کردووه، یا لهکاتی گومان لێکراودا پیاوێ هاموشۆی دهکا، یا پیاوێکی لهسهر شێوهیهکی ناشایسته له ژێر پێخهفی ژنهکهیدا بینی، ئهوه لهم شێوانهدا مێرد بۆی ههیه که تۆمهتی داوین پیسی له ژنی خۆی بدا. ئهگهر منداڵیشیان ههبوو، مێردهکه سوور دهیزانی که ئهو منداڵه لهونیه، ئهوه له سهری پێویسته که بهههۆی شهڕهنهفرینهکهوه حاشا لهو منداڵهیش بکا، ههتا لههی ئهو دهرچێو بهزۆڵ دهرچێ. کاتێ بۆی ههیه که حاشا لهو منداڵه بکاو بڵێ: ههق دهزانم که ئهم منداڵه له من نیه: که ههرگیز به دهستی نهگرتبێ، یا به دهستی گرتبێ بهڵام منداڵهکه به کهمتر لهشهش مانگ لهدایك بووبێ، یا به زیاتر له چوار ساڵ لهدایك بووبێ!.

شێوهی شهڕهنهفرین ئاوایه:

کاتێ کار گهیشت به شهڕهنهفرین، ئهنجام دانهکهی ئاوایه: مێرد دهڵێ: شایهتی دهدهم به خوداو خودا دهکهم به شایهت که لهم تۆمهتی داوێنپیسییهدا که دهیدهم له فیساره کهسی ژنم، راست دهکهمو بوختانی بۆ ناکهم، وه ئهم منداڵه، یا ئهم کۆرپهلهی ناو سکی ئهم ژنه له داوێنپیسییهو له من نیه. دهبێ ئهم شهڕهنهفرینه به فهرمانی فهرمانداری ولات بێ، یا به فهرمانی جێداری بێ، چونکه شهڕهنهفرین دادهنرێ به سوێند، دهی گشت سوێندێ دهبێ به فهرمانی قازی بێ که جێداری فهرماندارە. وا باشه که لهسهر مینبهریش بێ وه لهناو کۆمهڵێ موسوڵماندا بێ، چونکه ئهوه دهبێ بههۆی گرنگی کارهکه، ئهوهیش

باشتر مەردوم چاوترسین دەکا. ئەگەر ژنەکەی لەوێ ئامادە نەبوو بەناوی خۆی ناوی دێنێ، لە هەمان کاتدا ناوی بنەچەیشی دێنێ هەتا لە کەسێکی تر جیا ببێتەوە، بەڵام ئەگەر ژنەکە لە کۆڕەکەدا ئامادە بوو ئەوەندە بەسە کە ئاماژەی بۆ بکا. جا مێرد چوار جار لەسەر یەك لەهەڵو مەرجێکی ئاوادا ئەم سوێندەی پێشەوە دەخواتو لەجاری پێنجەمدا دەڵێ:

شایەتی دەدەم بەخودا کە من راست دەڵێم لەوەدا کە دەیڵێم بە ژنەکەم، کە وەپاڵدانی حیزێتییە، لەعنەتو نەفرینی خودام لە سەربی ئەگەر درۆ بکەم لەم شایەتییەدا. چونکە دەقی قورئان لەسەر ئەم جاری پێنجەمە بەم شێوەیە هەیە. جا کاتێ مێرد گەیشتە سەر ئەم جاری پێنجەمە کە بۆ پیاو نەفرینو لەعنەتی وا تیادا، هەروا ژن کە گەیشتە سەر ئەم جارە کە بۆ ژن غەزەبی خودای تیادایە، سوننەتە بۆ قازی کەپێی بڵێ: ئەم جاری پینجەمە سزای هەردوو جیهان مسۆگەر دەکاو مایەی ریسوایی دینو دنیایە، لەبەر ئەوە لەخودا بترسەو ئەگەر دەزانی راست ناکەی وازبێنەو پێ لە راستی بنێ، چونکە بەراستی من مەترسی ئەوەم هەیە ئەگەر راست نەکەی لەعنەتو نەفرەتی خودا بۆ خۆت مسۆگەر بکەی. ئەم ئامۆژگارییە بۆ ئەوەیە کە پەشیمان ببنەوە، سوننەتە ئەم ئایەتەیان بۆ بخوێنێ: {إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلاً أُوْلَئِكَ لاَ خَلاَقَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ – سورة آل عمران – ٧٧/٣}. هەروا گەرەکە کە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریشیان بەسەردا بخوێنێتەوە: هەر ژنێ بە درۆ منداڵێ بلکێنێ بە هۆزێکەوە، کە

لەوان نەبێ، ئەوە بەشی لەخودا بڕاوە، وە خودا نیباتە بەهەشت، وە هەر باوکێ حاشا لە منالّی خۆی بکا، کە بە بەرچاویەوە بێو بچێ، ئەوە خودا لە رۆژی قیامەتدا خۆیی پێ پیشان نادا، وە لە بەرچاوی پێشینانو پاشینان تەریقی دەکاتەوە. لە گێڕانەومیەکا: لەبەر چاوی گشت دروستکراوانی خودا ریسوای دەکا. (ئەبو داوودو نەسائیو ئیبنو ماجە گێڕاویانەتەوە. ئیبنو حیببان بە دروستی داناوە. دروست: ساخ: صەحیح).

ئە نجامی ئەم شایەتییەی مێرد ئەم پێنج شتەیە:

یەکەم: حەددی بوختیانی لە کۆڵ دەکەوێ، بەپێی ئەم ئایەتە: (فشهادة أحدهم) واتە: حەددەکە لە کۆڵی دەکاتەوە. چونکە بەپێی رێزمانی عەرەبی وشەی (فشهادة) موبتەدایە، خەبەرەکەی مەحذووفە، تەقدیرەکەی ئاوایە: (فشهادة أحدهم.. تدرأ عنه الحد). بەڵام وشەی (أربع شهادات) لە ئایەتەکەدا خەبەر نیە بۆ ئەم موبتەدایە، ئەو خەبەرە بۆ موبتەدایەکی تری مەحذووف، کە (هی)دیە، تەقدیرەکەی ئاوایە: (هی أربع شهادات).

دووەم: حەددی داوێنپیسی لەسەر ژنەکە مسۆگەر دەبێ ئەگەر شەڕمنەفرین نەکا، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: {وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ - سورة النور - ٨/٢٤}.

سێیەم: جووداببوونەوە لە نێوانیاندا مسۆگەر دەبێ. بەڵگەی ئەمەیش ئەوەیە: ژنو مێردێ لەسەردەمی حەزرەتدا شەڕەنەفرینیان کرد، پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) لەیەکی جیاکردنەوەو منالەکەی لکان بە دایکەکەوە! (بوخاریو موسلیم لە ئیبنو عومەرەوە گێڕاویانەتەوە) (تەماشای تاجول ئوصوڵ ب/ ٣ ل/ ١٦٩ بفەرموو – وەرگێڕ).

چوارەم: منداڵەکە دەبێ بەهی ژنەکەو لە منداڵی پیاوەکە دەردەچێو بنەچەو نەسەب نامێنێ لە نێوانیاندا.

پێنجەم: بە ئێجگاری بۆ هەمیشە هەتا هەتایە ئەو ژنو مێردە لە یەکتری حەرام دەبن. بەپێی فەرموودەی خۆشەویست (درووەد خوای لەسەربێ) کە دەفەرموێ: هەر ژنو مێردێ شەڕەنەفرین ئەنجام بدەن ئیتر نابنەوە بە ژنو مێردی یەکتری! بەپێی ئەم فەرموودەیەی تریش، پیاوێکی عەجلانی شەڕەنەفرینی لەگەڵ ژنەکەی خۆی کرد، پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) پێی فەرموو: ئیتر ئەم ژنە لەژنی تۆ دەرچوو، فڕت پێوەی نەما. چونکە ئەگەر ئەم جیابوونەوەیە بە ئێجگاری نەبوایە پێغەمبەر ماوەکەی بەیان دەکرد، کە هەتاکەیە، هەر وەك لە ژنی سێ بەسێ تەڵاق دراودا ماوەکە بەیان کراوە بەم ئایەتە: (حتى تنكح زوجا غيره).

شێوەی شەڕەنەفرینکردنی ژنەکە:

ژنەکەیش دەڵێ: شایەتی دەدەم بە خودا کە ئەم مێردەی منە درۆدەکاو من داوێنپاکمو بوختیانم بۆ دەکا. وە چوار جار ئەمە دووبارە دەکاتەوە، ئەو جا قازی ئاموژگاری دەکا لەسەر شێوەی پێشەوە کە

باسکرا، ئەوجا لە جاری پێنجەمدا ژنەکە دەڵێ: خەشمو تووڕەیی و غەزەبو قاری خودا لەسەر من بێ ئەگەر ئەم مێردەی من راست بکا. ئەنجامی ئەمەیش ئەوەیە: حەددی داوێنپیسی لەکۆڵ ژنەکەیش دەکەوێ. بەپێی ئایەتی: {وَيدرا عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ} . ئەگەر مێردەکە لەوێ بوو ژنەکە ئاماژەی بۆ دەکا، ئەگەر لەوێ نەبوو بە جۆرێ ناوی دەهێنێ کە پێی بناسرێتەوە!.

٢٨٩) عیدده (العدة):

عیدده له زماندا له (عەدەد) وەرگیراوە، کە بە واتای ژمارەیە، چونکە زوربەی کات عیددە ژمارەی تیادایە. لە شەرعی شەریفدا برێتییە لە خۆراگرتنی ژن بەبێ مێرد لەبەر یەکێ لەم هۆیانە: هەتا بزانرێ کە منداڵدانی چۆڵەو خڵییە لە منداڵ، یا لەبەر (تعبد)و خواپەرستی، یا لەبەر دەربڕینی تازێباری بەهۆی مردنی مێردەوە. بەوشەی (ژن) پیاو دەردەچێ، چونکە پیاو لە دوو حاڵەتدا نەبێ عیددەی لەسەر نیە:

حاڵەتی یەکەم: مێردێ ژنەکەی بە تەڵاقی رجعی تەڵاق بدا، وە بیەوێ ژنێکی خۆیی ئەو ژنە مارە بکا کە دروست نەبێ هەردوکیان بە یەکەوە ژنی بن، وەك خوشکی، یا پووری، ئەوە دەبێ ئەو مێردە چاوەڕوانی بکا هەتا عیددەی ژنەکەی تەواو دەبێ.

دووەم: مێردێ چوار ژنی هەبێ، یەکێکیان بە تەلاقی رجعی تەلاق بدا، ئەوەیش دروست نیە ژنێکی نر مارە بکا هەتا عیددەی ژنە تەلاقدراوە رجعییەکەی بەسەردەچێ. بە وشەی (هەتا بزانرێ کە منالدانی چۆلە) ژنی منداڵ نا باڵق‌و نا ئومێدو ژنی بە دەست نەگیراوی مێرد مردوو و ژنی کوڕی منداڵ‌و ژنی پیاوی چووك بڕاو دەردەچێ، چونکە عیددەی ئەمانە بۆ پاکبوونەوەی منالدان نیە، بەڵکوو بۆ پەرستش‌و خواپەرستییە.

عیددە چوار جۆرە:

جۆری یەکەم: بەرابوردنی سێ پاکیی وایە کە لە پێش‌و پاشیانەوە خۆێنی بێنوێژی ببێ. ئەمەیش بۆ ژنێکە کە خاوەن بێنوێژیبێ‌و ئازادبێ، چونکە خوا دەفەرموێ: {وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوَءٍ – سورة البقرة – ٢٢٨/٢} بەڵام ئەگەر ژنەکە کە نیزەکی خاوەن بێنوێژیی بوو عیددەکەی دوو پاکییە، بەپێی فەرمایشتەکەی عومەر {رەزای خوای لێبێ} کە دەفەرموێ: عیددەی کەنیزەك دووپاکییە، لەبەر ئەوەیش کە کەنیزەك لە هەندێ شتدا نیوەی ژنی ئازادی بۆ هەیە، کە لێرەدا دەکاتە پاکی‌و نیوێ، بەڵام نیو پاکییەکە دەکرێ بە یەك پاکی تەواو، چونکە پاکی زەحمەتە بەش بەش بکرێ، دەق وەك تەلاق، چونکە ژمارەی تەلاقی کەنیزەك نیوەی ژمارەی ژنی ئازادە، کە دەکاتە تەلاق‌و نیوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە تەلاق لەت لەت ناکرێ نیو تەلاقەکە دەکرێ بە تەلاقێکی تەواو. مەبەست لە پاکی

قورئه، که وشهیهکی قورئانییه، که برێتییه له پاکی یهك له نێوانی دوو بێنوێژیدا.

جا ئهگهر لهکاتی پاکیدا ژنێ تهلاق درا، ههر چهند یهك دهقیقه لهو پاکییه مابێ، عیددهکهی تهواو دهبێ به دهستکردن به بێنوێژی سێییهم، واته ماوهی ئهو پاکییه دادهنرێ به پاکییهکی تهواو. بهڵام ئهگهر لهکاتی بێنوێژیدا تهلاق درا، عیددهکهی تهواو دهبێ به دهستکردنی به بێنوێژی چوارهم. کهسێ پاکی تهواویان تێ دهکهوێ. ئهگهر ژنهکه دهستوورێکی رێکوپێکی بۆ بێنوێژیی نهبوو، وه گوتی عیددهم به سێ پاکی تهواو بووه، وه قسهکهی رێی تێ دهچوو ئهوه باوهڕی پێ دهکرێ، خۆ ئهگهر گومانی خراپی پێ برا گهرهکه کۆڵینهوهی لهگهڵ بکرێو سوێند بدرێ ئهوسا باوهڕی پێ دهکرێ، بهڵام ئهگهر دهستوورێکی رێکوپێکی ههبوو بهبێ سوێند بهپێی ئاسایی باوهڕی پێ دهکرێ.

جۆری دووهم: ژنی منداڵو ژنی نائومێد (صهغیرهو ئاییسه) ئهم جۆره ژنانهیش ئهگهر نازاد بوون عیددهکهیان سێ مانگی تهواوه، چونکه خوای گهوره دهفهرموێ: {وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ - سورة الطلاق - ٤/٦٥) واته: ئهو ژنانهتان کهبێ هیوا دهبن له حهیزو بێنوێژی لهبهر پیری ئهگهر نازانن عیددهیان چهندهئهوه بزانن که عیددهیان سێ مانگه، ههروهها ئهو ژنانهیش که لهبهر منداڵی هێشتا نهکهوتوونهته سهر بێنوێژی.

ئەم جۆرە ژنانە ئەگەر ئازاد نەبوون عیددەیان مانگو نیوێکە. تەمەنی نائومێد بوون بۆ ژن لە بێنوێژیی، قیلێ دەفەرموێ: پەنجا ساڵە، قیلیکیش دەفەرموێ: شەست ساڵە، بەڵام هەرە مەشهوور ئەوەیە کە شەستو دوو ساڵە.

وەکی تریش بۆ نائومێد بوونی ژن نائومێد بوونی ژنانی خەڵکی وڵاتەکەی رەچاو دەکرێ، گوتیار (قیل)ێ دەڵێ: نائومێد بوونی کەسوکاری دایکو باوکی رەچاو دەکرێ، ئەگەر ژنێ خوێنی وشکی کردە خوای ئازادبی یا ئازاد نەبێ، ئەوە دەبێ خۆی بگرێ تا دەکەوێتەوە سەر بێنوێژی، ئەوکاتە بە چەند پاکییەك عیددەی تەواو دەبێ، دەنا بە مانگ عیددە دەگرێ، نەفەقەی لەم ماوەدا بەردەوام دەبێ، بە خۆراکو جلو بەرگیەوە هەتا دەکەوێتەوە بێنوێژی، یا دەگاتە تەمەنی نائومێدیو بێ هیوایی لەسەر رای باوەڕپێکراو.

جۆری سێیەم: ژنی مێرد مردوو، ئەگەر ئازاد بێ عیددەکەی چوار مانگو دەڕۆژە بە شەوەکانیەوە. چونکە یەزدانی پاك دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا – سورة البقرة – ٢٣٤/٢} واتە: ئەو پیاوە موسوڵمانانە کە دەمرنو ژنەکانیان لەپاش خۆیان بەجێ دەهێڵن، دەبێ ئەو ژنانە تا ماوەی چوار مانگو دەشەو چاوەڕوانی بکەنو لەو ماوەیەدا شوونەکەنەوە. بەڵام ئەگەر ژنی مێرد مردوو کەینزەك بوو ئەوە عیددکەی نیوەی عەیددەی ژنی ئازادە، کە دەکاتە دوو مانگو پێنج رۆژ!.

جۆری چوارەم: ژنی دوو گیان (واتە: سکپڕ) خوای ئازاد بێ یا کەنیزەك بێ، عیددەکەی بە دانانی سکەکەیەتی، چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ – سورة الطلاق – ٤/٦٥} واتە: وە ئەو ژنانەیش کەسکیان هەیە ئەوە ماوەی عیددەکەیان تا دانانی سکەکەیانە).

جا خوای سکەکە زیندووبێ یا مردووبێ، وە خوای پارچەیێ گۆشتی تەواوی رەسابێ، یا پارچەیێ گۆشتی ناتەواوی نارەسابێ، بەڵام نوطفەو عەلەقە دانانرێن بەسك نوطفە واتە: تنۆکە ئاوی باوك. عەلەقە: خوێنپارە. وە خوای مێرد مردووبێ یا مێرد زیندووبێ، چونکە رووکاری ئایەتەکە نیشانەی ئەوەیە، لەبەر ئەم فەرموودەیەی بوخاریش کە ئەمە پاڵفتەی واتاکەیەتی: هەندێ زانا دەیانفەرموو کە عیددەی ژنی مێرد مردوو بەدواهەمینی دوو عیددەکەیەتی.

یەکەمیان: بەپێی ئایەتەکەی بەقەرە چوار مانگو دە رۆژە.

دووەمیان: بەپێی ئایەتەکەی سوورەتی تەڵاق (کە گەڵێ لەدوا بەقەرە هاتووە) بە دانانی سکەکەیەتی. جا کە ئەم قسەیە دەگاتەوە بە ئیبنو مەسعوود لەسەر ئەم شێوەیە رەخنەی لێ دەگرێ: چۆن وادەبێ؟ ئێوە ئەگەر سکەکەی باری گران بکاو عیددەکەی درێژ بکاتەوە بۆ زیاتر لە چوار مانگو دە رۆژ ئەوەی بۆ بڕیار دەدەن، کەچی ئەگەر سکەکەی بۆی ببێ بە بار سووکی و عیددەکەی لە چوار مانگو دە رۆژ کەمتر بکاتەوە، ئەوەی لێ قەبوول ناکەن و دەڵێن: دەبێ چوار مانگو دە رۆژ تەواو بکا؟! قسەی راست ئەوەیە کە لە هەموو حاڵێکا عیددەی ژنی

سکپڕ، خوای مێرد مردوو بێ یانا، بە دانانی سکەکەیەتی، چونکە ئایەتەکەی سوورەتی تەلاق لە دوا ئایەتەکەی سوورەتی بەقەرە هاتووە، واتە: مەبەستی ئیبنو مەسعوود ئەوەیە ئایەتی {الْأَحْمَالِ اَجَلُهُنَّ اَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ – ئایەتی – وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ} نەسخ دەکاتەوە. ئەمە پوچتەی مەبەست لەم فەرموودەیەیە، لە عەینیدا تەماشای سوورەتی بەقەرەو سوورەتی تەلاق بکە (ج/١٨ ص ١٢٣ - ج ١٩ ص ٢٤٦). بەندە لێرەدا ئەم پرسیارە دەکەم: چۆن حەدیث ئاوا لە کتێبی شەرعدا نەقڵ دەکرێ: دانەر {وەمەتە خواە لێبێ} لێرەدا ئاوا بەڵگە بەم فەرموودەیە دەهێنێتەوە: {ولما في البخاری عن ابن مسعود (رضی الله عنه) في المتوفي عنها زوجها وهی حامل قال: (أتجعلون عليها التغليظ ولا تجعلون لها الرخصة) فنزلت (وأولات الاحمال...}!! ئەمە دەقی ئەم نوسخەیە کەوا لەبەر دەستی منداا (ج/٢ ص ١٨٩)، چونکە وشەی (فنزل) ئەوە دەگەیەنێ کە فاعیلی وشەی (قال)ە، پێغەمبەرێ، وە رستەکەی دواوەی قسەی حەزرەت بێ، بەڵام ئەمە وانیە، زەمیری (قال) دەگەڕێتەوە بۆ ئیبنو مەسعوود، وەك لە صەحیحی بوخاریدایە، دەی چۆن لە دوا وەفاتی پێغەمبەر ئەم رەخنەی ئیبنو مەسعوودە دەبێ بەهۆی هاتنی ئایەت؟. ئەمە دەقی ئەم حەدیثە دەسکاری کراوەیە: (عن محمد بن سيرين... فلقيت مالك بن عامر.. قلت كيف كان قول ابن مسعود في المتوفي عنها زوجها وهی حامل؟ فقال: قال ابن مسعود: أتجعلون عليها التغليظ ولا تجعلون لها الرخصة.. لنزلت سورة النساء القصری – سورة

الطلاق – بعد الطولى – سورة البقرة). بڕوانه (عمدة القارى ج/١٨ ص ١٢٢) له بەرگی نۆزدەی عومدەتولقاریئدا لە لاپەڕە (٢٤٦)دا ئاخری ئەم حەدیثە ئاوایە (علیها الرخصة لنزلت سورة النساء القصرى – الطلاق – بعد الطولى واولات الاحمال اجلهن أن یضعن حملهن). خودا بە میهرەبانی خۆی پەنامان بدا لە هەڵەی گەورەو لە خۆڵێبایی بوون – وەرگێڕ).

ئوبەیەی کوڕی کەعب {رەزاى خواى لێبێ} دەفەرموێ: گوتم: قوربان! ئەی پێغەمبەری خودا! بڕیاری ئەم ئایەتە {وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ} بۆ ژنێکە کە سێ جار تەڵاق درابێ، یا بۆ ژنێکە کە مێردەکەی مردبێ؟ فەرمووی: ئەم ئایەتە بۆ هەردوولایانە (ئەحمەد/ دارە قوطنی) زوبەیری کوڕی عەوام {رەزاى خواى لێبێ} دەفەرموێ: ئوممو کولثوومی کچی عقبە ژنم بوو، دووگیان بو، پێو مانگی خۆی بوو، پێی گوتم: یەك تەڵاقم بدەو بیکە بەمایەی دڵخۆش بوونم، منیش یەك تەڵاقمداو ئەوجا چووم بۆ مزگەوت بۆ نوێژ، کە هاتمەوە ئوممو کولثووم سکەکەی دانابوو (واتە: بائین بوو بوو بە بەینوونەی صوغرا – وەرگێڕ) جا لە تاوانا گوتم: ئای ئەم ژنە چۆن خەڵەتانمی‌و دەستی بڕیم خوا تۆڵەی ئەم فێڵەی لێ بکاتەوە! لە پاشا چووم بۆ خزمەتی حەزرەتو باسەکەم عەرزی کرد، فەرمووی: تازە کار لەکار تەرازاوە، نامەی خوا حوکمی مەسەلەکەی بڕیوەتەوە، کە ئەوەیە عیددەی دووگیان بە دانانی سکەکەیەتی. کەواتە دووبارە خوازبینی بکەرەوە بۆ خۆت، ئەگەر رازی بوو لە خۆتی مارەبکەرەوە، دەنا تازە لە ژنی تۆ دەرچوو!.

ئوممو سەلەمە (رەزای خوای لێبێ) فەرمووی: سوبەیعەی ئەسلەمییە، لەپاش مردنی میردەکەی، بەچەند شەوێ منداڵی بوو، وە ئەمەی باس کرد بۆ پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ)، پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) پێی فەرمووی: دەتوانی شووبکەیتەوە. (بوخاری) لە گێڕانەوەیەکا: لە دوا مردنی میردەکەی بە نیومانگ منداڵی بوو.

عومەریش دەفەرموێ: ئەگەر تەرمی میردەکەی لەسەر تاتەشۆربێ سکەکەی دابنێ، مارەی دێ لە میردی نوێ! چونکە عیددەی تەواو بووە.

مەرجە کە سکەکە بەری چوونەلایەکی رەوابێ، یا هی چوونەلای شوبهەبێ. بەڵام منداڵی زۆرڵ بۆ عیددە رۆڵ نابینێ، چونکە ئاوی داوێنپیسی بێپڕێزە.

تەڵاقدراوی بەدەس نەگیراو، چ کچبێ چ بیوەژن، عیددەی نیە، بەپێی ئایەتی {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا – سورة الأحزاب – ٤٩/٣٣} واتە: ئەی کەسانێ کە خاوەن باوەڕو ئیمانن! کاتێ ژنانی موسوڵمانتان مارەکرد بۆ خۆتان، وە لەپێش ئەوەدا کە بچنە لایان تەڵاقتان دان، ئەوە هەقی عیددەتان بە سەریانەوە نیە تا حلێبی بکەن لە سەریان).

٢٩٠) منالّدان پاك كردنهوه (الاستبراء):

پاك سازی منالّدان به عهرهبی پێی دهگوترێ: ئیستیبراء، ئیستیبرایش له زمانی عهرهباندا واته: داوای پاكی و پاكژاگرتن، له شهرعیشدا برێتییه لهوه كه كهنیزهك لهكاتی گوێرینی خاوهنیدا ماوهیهكی دیاریكراو چاوهڕوانی بكاو ئاغای نوێی دروست نهبێ لهگهڵی ههتا منالّدانی پاك ببێتهوه له ئاوی ئاغای كۆنی، به نیازی خواپهرستی. سهر بهلگهكهی ئهم فهرموودهیهی حهزرهته {درودی خوای لهسهربێ} كه له بارهی ژنه تالّانییهكانی هۆزی ئهوطاسهوهیه: كهنیزهكی سكپڕ نابێ خاوهنی بڕواته لای، ههتا سكهكهی دادهنێ. كهنیزهكی قسریش ههتا یهك بێنوێژی تهواودهكا (ئهبو داوودو كهسانی تر گێڕاویانهتهوه).

هۆی پاكسازی منالّدان (دووشته):

یهكێكیان: پهیدابوونی خاوهنێتییه له كهنیزهكدا، ئیتر چ بهههۆی كهلهپوور گرتنهوه ئاغاكهی بووبێ به خاوهنی، وه چ بههۆی كڕینو پێبهخشینو راسپیریو دیل كردنهوه بووبێ به ئاغای، ئیتر خوای كهنیزهكهكه منداڵ بێ، یا گهورهبێ، قسربێ یا سكداربێ، كچ بێ یا بێوهژن بێ، وه خوای لهوهوپێش پاك سازی منالّدانی كردبێ یانا، وه خوای خاوهنی پێشووی پیاو بووبێ یا ژن بووبێ، زهلام بووبێ یا كوڕێكی منداڵ بووبێ چونكه فهرموودهكهی ژنه دیلهكانی غهزای هۆزی ئهوطاس گشتایهتی دهگهیهنێ. وهكی زانراویشه ئهو ژنانه ژنی ههمه جۆریان تیادا بووه، كچو ژنو بێوهژنو پیرهژنیان تیادا بووه.

جا سەرنج دەدەین: ئەگەر کەنیزەکەکە خاوەن بێنوێژی بوو منالّدانی بە یەك بێنوێژی پاك سازی دەکا، گوتیارێکیش دەڵێ: بە یەك پاکی، چونکە عیددەی ژنی کەنیزەك بەیەك پاکییە، ئەمیش وەکوو ئەو، بەڵام ئەگەر خاوەن بێنیوێژی نەبوو، لەبەر منالّی یا نائومێدی، دوو راهەیە، قیلێ دەڵێ: بەسێ مانگ خۆی پاك سازی دەکا، قیلێ تر دەڵێ: بەپێی فەرموودەکە بە یەك مانگ. ئەگەر دوو گیانیش بێ ئەوە خۆی پاك سازی دەکا بە دانانی سکەکەی، چونکە فەرموودەکە بەڵگەی گشتایەتییە لەم بارەیەوە.

هۆی دووهەم:

بۆ پێویستبوونی پاکسازیی منالّدان نەمانی خاوەنێتییە لە کەنیزەکی بە دەستگیراودا، کە بەهۆی ملکایەتییەوە ئاغاکەی چووبێتە لای، خوای نەمانەکەی بەهۆی مردنی ئاغاکەیەوەبێ یا بەهۆی ئازاد بوونی خۆیەوە بێ، جا گەرەکە منالّدانی پاکسازی بکا، چونکە خاوەنی نوێن نەماوە، ئەگەر کەنیزەکی خاوەن مانگ بێ پاکسازییەکەی بەیەك مانگە، بەیەك بێنوێژییە ئەگەر خاوەنی بێنوێژی بێ، بەهیچ جۆرێ دروست نیە بدرێ بە شوو لەپێش پاکسازی منالّدانیدا، بەڵام لە پێش ئەوەدا فرۆشتنی دروستە.

٢٩١) مافی ژنی عیددەگر:

ژنی عیددە گر چەند جۆرە، یەکێکیان ژنی تەلاقدراوی رجعییە، ئەم ژنە لە ماوەی عیددەکەیدا هەقی ژیوارو جێگای دانیشتنی هەیە بە یەکدەگریو، بەپێی ئەم فەرمایشتەی (درووەد خوا لەسەربێ): هەر ژنێ لە عیددەی تەلاقی رجعیدا بێ، مافی ژیوارو نیشتەمەنی هەیە. (دارە قوطنیو نەسائی).

یەکێ تریان: ژنی تەلاقدراوی جیاوەبووە، خوای جیاوەبوون (بەینوون)مکەی بە خولع، یا بەهۆی سێ تەلاقەوەبێ، ئەم ژنە بەس مافی جێگای دانیشتنی هەیە، خوای سکپڕ یا قسربێ، بەپێی ئایەتی {أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ - سورة الطلاق - ٦/٦٥} واتە: ئەو ژنە تەلاقدراوانە تا لە عیددەدان دایان بنێن لەو شوێنانەدا کە خۆتانی تیادا دادەنیشن، بەپێی دارایی‌و تەوانایی خۆتان) وە بەپێی ئەم ئایەتەی تریش {لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِن بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ - سورة الطلاق - ١/٦٥} واتە: ئەو ژنە تەلاقدراوانە لە هۆدەو مالّی شەرعی خۆیان دەرمەکەن، تا عیددەکەیان تەواو دەبێ، نابێ خۆشیان لە هۆدەو مالّی خۆیان دەرچن، مەگەر کارێکی ناباری ناشیرینیان لێ دەربکەوێ. بەلام هەندێ زانا دەفەرموون: ئەم جۆرە ژنەیش دیسان هەقی ژیوارو نشیمەنیان هەیە، چونکە زانراو لە رێبازی پێغەمبەر (درووەد خوا لەسەربێ) ئەوەیە: لەهەر شوێنێ نشیمەن پێویست بێ ژیواریش پێویستە.

ژنێکیش: که له عیددەی مردنی مێرددابێ مافی نشیمەنی هەیە، چونکه کاتی مێردەکەی فورەیعەی کچی مالیك کوژرا پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) پێی فەرموو: له ماڵی خۆت بمێنەرەوە وەك خودا دەفەرموێ: {حَتَّىَ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ – سورة البقرة – ٢٣٥/٢} واتە: هەتا ئەو ماوەی بۆ عیددە پێویستە دەگاتە کۆتایی. فورەیعە دەیگوت: ئیتر چوار مانگو دە رۆژ عیددەم گرت.

بەڵام ژنی تەڵاقدراوی نافەرمان (ناشزە) نەهەقی نشیمەنو نە هەقی ژێواری هەیە، چونکه ژنی نافەرمان ئەگەر لە ژێر رکیفی ژنو مێردایەتیش دابێ ژێوارو نشیمەنی ناکەوێ، ئیتر چۆن بە تەلاقدراوی ژێوارو نشیمەنی بۆ هەیە. قازی حوسین وا دەفەرموێ (رەحمەتی خوای لێبێ).

٢٩٢) پێویستبوونی تازێباریو رەشپۆشی بۆ ژنی مێرد مردوو لە ماوەی عیددەکەیدا:

(احداد) له زماندا بەکار نەهێنانی تیغی تیژ بۆ لابردنی موو، له شەرعا بریتییە له نەکردنی ئەو شتانە کە دەبن بەهۆی خۆرازانەوەو خۆئارایشکردن، وەك پۆشینی جلو بەرگی جوانو لەبەرکردنی خشڵو بەکارهێنانی بۆنی خۆش!.

ئەم رەشپۆشییە پێویستە لەسەر ژنێ کە لە عیددەی مێرد مردندابێ، چونکه پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر ژنێ باوەڕی بە خوداو بە رۆژی داوایی هەیە دروست نیە بۆی کە لەسێ رۆژ

زیاتر ماتەم بگرێ بۆ مردوو، مەگەر بۆ مێرد کە دەبێ ئەو چوار مانگو دە شەو تازێباربێ. لەو ماوەیەدا نابێ جل‌و بەرگی رەنگین لەبەربکا، مەگەر بەرگێ کە لە پێشا رەنگ کرابێو لە پاشا چنرابێ، یا چاو برێژێ، یاخۆی بۆن خۆش بکا، ئەوەندە هەیە لەو ماوەیەدا کە لە بێنوێژی پاك دەبێتەوە کەویستی خۆی بشۆرێ رێگەی ئەوەی پێدەدرێ کە بەقەد پێویست عوودو گولاو نەختێ بۆ وانێك بەکار بێنێ (شەیخان).

هەموو جۆرێکی خشڵ، زێڕبێ یا شتی تربێ، پۆشینی دروست نیە، بۆنی خۆشیش نەبۆ جەستەو نەبۆ جل نابێ بەکار بهێنێ، هەروەها خەنەو شتی وایش نابێ بەکار بهێنێ، بەڵام نەخشاندنو رازانەوەی نوێنو پێخەف دروستە، هەروەها کەرەستەی ناو ماڵ، هەروا دروستە کە پاك خۆی بشۆرێ، سەرو لەشی بشۆرێ، سەری شانە بکا، نینۆکەکانی بکا، چڵکو پیسایی لە خۆیو لەجل‌و بەرگی دووربخاتەوە، چونکە ئەمانە دانانرێن بە ئارایشتو خۆ جوانکردن. بەپێی ئەم فەرموودەیە دروستە کەسێ رۆژ یا کەمتر تازێباری بگیرێ بۆ کەسانی تر جگە لە مێرد.

بڕانە:

کە پێویستە لەسەر عیددەگر، کە لەماڵ دەرنەچێ وە دروست نیە بۆ کەسێ تریش کە بە زۆر لەماڵ دەرێ بکا، بەپێی ئایەتی: {لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِن بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ} مەگەر بۆ کاری پێویست، ئەوە

دروستە لە مالّ دەربچێ، وەك ئەوە ترسی لە خۆی یا لەمالّی هەبێ، لەمەیشدا عیددەی مێرد مردنو عیددەی تەلاق وەك یەكە.

نادروستە بۆ مێرد كە لەگەڵ ژنی عیددەگردا دابنیشێ، مەگەر لە عیددەیتەلاقی رجعیدابێ، چونكە ئەوە سەر دەكێشێ بۆ كۆبوونەوەی دوو بە دووی دوو كەسی نامەحرەم، شتی وایش قەدەغەیە، بەڵام ژنی رجعی درستە لەگەڵیدا دابنیشێ.

٢٩٣) شیر خواردن (رضاع):

رەضاع لە عەرەبیدا ناوە بۆ مژینی مەمكو خواردنەوەی شیرەكەی، لە شەرعی شەریفدا ناوە بۆ دەرخواردانی شیری ژنێ بۆ منداڵێكی ساوا لە تەمەنێكی دیاریكراودا.

سەر بەڵگەی ئەم باسە نامەی خوداو رێگەی رەهبەرو یەككرتنی نەتەوەیە. زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ - سورة النساء - ٢٣/٤}.

عائیشە (رەزای خوای لێبێ) دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرچی بەهۆی خزمایەتیو زاوزێ حەرام ببێ بەهۆی مەمكخوادرنیشەوە حەرام دەبێ (شەیخان).

هۆی حەرام بوون:

بۆیەكا مەمكخوادن دەبێ بەهۆی حەرامبوون چونكە شیرەكە بەشێكە لە لەشی شیردەرەكە، كە منداڵەكە دەیخوا دەبێ بە بەشێ لە

لەشی ئەویش جا دەق وەك تۆماوی ژنەكەی لێ دێ كە منداڵەكەی لێ دروست دەبێ! ئیتر ئەو هۆیە دروست دەبێ كە مایەی حەرام بوونە، كە بڕێتییە لە بە عزییەت، واتە: پارچەیێ لە دایەنەكە دەبێ بە پارچەیێ لە شیرە خۆرەكە، جا هەرچی بەهۆی هاوبنەچەییەوە پەیدا دەبێ بەهۆی مەمكخواردنیشەوە پەیدا دەبێ، وەك حەرامبوونی مارەكردنو شووپێكردن بە ئێجگاری، وەك دروست بوونی تەماشاكردنو دانیشتن پێكەوە دوو بە دوو، دەستنوێژ نەشكان لە یەكتری، بەڵام لەبەر ئەوەی كە شیرخواردن بێ هێزترە لە پەیوەندی هاوبنەچەیی، هەموو برپارەكانی هاوبنەچەیی پێ ناچەسپێ، وەك كەلەپوور لە یەك گرتنو ژێوارو ئازادبوون بەهۆی ملكایەتییەوەو نەكوشتنەوەو قەبوولْ نەكردنی شایەتی!.

واتە: دایەنو منالّی شیری كەلەپوور لە یەكتر ناگر، ئەگەر یەكێكیشیان بوو بەملكی ئەوی تریان ئازاد نابێ، بەڵام دایكو باوك ئەگەر بوون بە ملكی منداڵی خۆیان ئازاد دەبن، ئەگەر دایەنو منداڵە شیرییەكەی یەكێكیان ئەوی تریانی كوشت دەكوژرێتەوە لە جیاتی، بەڵام باوكو دایك لە تۆڵەی منداڵی خۆیاندا ناكوژرێنەوە، دایەنو منداڵی شیری شایەتییان بۆ یەكتر قەبوولْ دەكرێ، بەڵام شایەتی منالْ بۆ باوكو دایك یا بە پێچەوانەوە رەد دەكرێتەوە.

شیردانی حەرامكەر ئەم سێ بنیاتەی هەیە:

بنیاتی یەكەم: شیردەرە، كە پێشی دەگوترێ دایەن، مەرجەكەی ئەوەیە: ژن بێو زیندووبێو تەمەنی لە نۆ سالْ كەمتر نەبێ، چونكە ژن

لـەم تەمەنـەوە دەگونجـێ کـە منـاڵی ببـێ، شـیردانیش وەك بنەچـەیی (نەسەب) وایە بەڕێتێچوون (احتمال) سەر دەگرێو رۆڵ دەبینێ.

بنیـاتی دووەم: شـیرە، مـەرجی ئەمـەیش ئەوەیـە شـیری ژنـی زینـدووبێ، وە منداڵەکـە پێـنج جـار شـیری ئـەو ژنـەی خواردبـێو هـەر پێـنج جارەکـە شـیرەکە گەیـشتبێتە نـاو گـەدەو بۆشـایی لەشـی، وە لـە سـەرەتای جـاری پێنجـەمی شـیر خواردنەکـەوە تەمـەنی لـە دوو سـاڵ کـەمتربێ! دەنـا کـاری گـەرنابێ، چـونکە خۆشەویـست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفـەرموێ: شـیر خـواردن کاتـێ ەبـێ بـەهۆی حـەرام بـوون کـە تەمـەنی منـداڵ لـە دوو سـاڵ کـەمتربێ (بەیهـەقی) لـە گێڕانەوەیـەکی تیرمیذیـدا: شیر خواردن کاتێ دەبێ بەهۆی حەرام بوون کە لە مەمکەوە بڕواتـە نـاو رێخۆڵەوەو ریخۆڵەکان کش بێنـێو گەشـە بـە لـەش بـدا. ئەمـەیش کاتـێ روودەدا کە هێشتا منداڵ لە شیر نەبڕابێتەوە! تیرمیذی {رەحمەتی خوای لێبێ} دەفەرموێ: فەرموودەیەکی ساخی دروستە.

هەرکاتێ منداڵ گەیشتە تەمەنی دوو ساڵ، یا پتر شـیر کاریگـەری نامێنـێو نابـێ بـەهۆی قەدەغـەبوون، چـونکە عائیـشە {رەزای خوای لێبێ} دەفـەرموێ: جـارێ پیـاوێ لـەلام دانیـشتبوو حـەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} لەوکاتـەدا تەشـریفی هـات بـۆ لام، کـە ئەمـەی دی لەبـەری گـران بـوو، تەماشای دەموچاویم کرد تووڕە بوو، جا عەرزیم کرد: ئەی پێغەمبـەری خودا! ئەمە بـرای شـیریمە بێگانـە نیـە، پێـت نـاخۆش نـەبێ. فـەرمووی: باش سەرنج بدەن لە براو خوشکی شیریتان، چونکە مـەمکخواردن کاتـێ حەلە، کە لەکاتی ساواییدابێ، کە لەبەر برسێتیبێ. (شەیخان).

دەی ئەم فەرموودەیە ئەم راستییە روون دەکاتەوە کە شیر کاتێ دەبێ بەهۆی حەرامبوون کە خۆراکی سەرەکی ساوابێ، دیارە کە گەورەکاری بەشیر خواردن لە مەمکی ژن نیە.

بنیاتی سێیەم: شیرە خۆرە، مەرجی ئەمیش ئەوەیە کە زیندووبێو شیرەکە لە رێگەی مژینەوە بە دەم، یا لە رێگەی دۆشینەوە کە بە مەمییە بیخوا، یا لە رێگەی تکاندنە ناو لووتیەوە بگاتە ناو بۆشایی گەدەی، بەڵام ئەگەر بەشاف منالەکە هەڵی بگرێ کاریگەر نییەو رۆڵ نابینێ.

مەرجی شیر خوادرنی قەدەغەکەر:

ئەوەیە کە لە پێنج ژەم کەمتر نەبێ، بە پێی چەند بەڵگەیێ:

یەکەم: عائیشە {رەزای خوای لێبێت} دەفەرموێ: لە پێشدا ئەمە ئایەتی قورئان بوو: (**عشر رضعات معلومات یحرمن**) دە ژەم مەمکخواردنی دیاریکراو شیردەرو شیرەخۆرە لە یەکتر حەرام دەکەن) لە دواییدا ئەم دەژەمە هەڵوەشایەوەو بووبە (**خمس رضعات معلومات یحرمن**) پێنج ژەم مەمکخواردنی دیاریکراو شیردەرو شیرخۆر لە یەکتری قەدەغە دەکەن) لە دوادواییدا ئەمەیش لە تیلاوەتدا نەسخ بۆوە، بەڵام بڕیار (حوکم)ەکەی هەرماوە، تەنانەت کە پێغەمبەریش {دروودی خوای لەسەربێ} گیانی پاکی سپارد هێشتا هەندێ کەس بەم نەسخ بوو نەوەیان نەزانیبوو، لەبەر ئەوە تا ماوەیەکیش ئەمەیان بە ئایەتی نەسخ نەکراوی قورئان دەزانی‌و، لەکاتی دەورکردنەوەی قورئاندا دەوریان دەکردەوە (موسلیم‌و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە).

دووهم: پشتگیری ئەم رایە دەکا هەندێ گێرانەوەی داستانەکەی سەهلە، کە عائیشە {رەزای خوای لێبێ} داستانەکە ئاوا دەگێڕێتەوە: سەهلەی کچی سوهەیل کە خێزانی حوذەیفە بوو، هاتە خزمەتی حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} عەرزی کرد: قوربان! سالم گەورە بووەو بووە بە پیاو، وەك پیاو لە هەموو ستێ حاڵی دەبێ، بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانمانەوە هاموشۆی ماڵمان دەکا، بەزەینم ئەبو حوذەیفەی مێردم ئەم هاموشۆیەی لەبەر گرانە.

پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: مەمکی پێ بدە دەبێ بە کوڕی شیریتو تۆی لێ حەرام دەبێ. (موسلیم) لە هەندێ گێڕانەوەدا: پێنج جار مەمك بدە بە سالم ئیتر تۆ دەبی بە دایکی شیری بۆیو لێی حەرام دەبی.

سێیەم: لە فەرموودەیەکی موسلیمدا دەفەرموێ {درووەد خوای لەسەربێ}: بە ژەمێ یا بە دوو ژەم شیر خواردن، یا فەرمووی: بە مژێ یا بە دوو مژ مەمکخواردن ژنو پیاو لەیەك حەرام نابنو قەدەغەبوونی شیریی دروست نابێ.

چوارەم: لەسەر ئەم بنیاتەو لەبەر هۆی زۆری تر ئەم پێشەوا گەورانە پێنج ژەم لە شیر خواردنی حەرامکەردا بە مەرج دەگرن: ئیبنو مەسعوودو عائیشەو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو عەطاو طاووسو سەعیدی کوڕی جوبەیرو عوروەی کوڕی زوبەیرو لەیثی کوڕی سەعدو شافیعیو ئەحمەدو ئیسحاقو ئیبنو حەزمو کۆمەڵێ زانای گەورە گەورەی تر، وەك ئیمامی عەلیو نەوەوی {رەزای خودا لە هەموویان بێ}.

بەڵام جاماوەری زاناکان رایان وایە: هەر ئەندازەیێ شیر با کەمیش بێ دەبێ بەهۆی قەدەغەکردن، بە مەرجێ بگاتە ناو بۆشایی. ئەبو حەنیفەو مالیك (رەزای خودای لێبێت) لەسەر ئەم رایەن، بەڵگەیان ئەم ئایەتەیە: {وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ} تا کۆتایی. ئەمەیش ئەوە دەخوازێ کە ئەوەی پێی بگوترێ شیر پیدان کەمو زۆری چونیەکە.

بڕانن:

ئەگەر شیردەر گومانی هەبوو کە پێنج یا کەمتر شیری داوە بە منداڵەکە، یا ئایا شیرەکە گەیشتۆتە ناو گەدەی یانا؟ ئەوە نابێ بەهۆی حەرام بوون، ئەوەندە هەیە لەکاتی وادا وەرع زۆر سوننەتە، وەرع ئەوەیە: موسوڵمان هەتا بۆی بکرێ توخنی شتی گومان لێکراو نەکەوێ. هەروا ئەگەر هەق دەیزانی کە پێنج ژەم شیری پێداوە، بەڵام گومانی لەوەدابوو کە تەمەنی منداڵەکە لەو حەلەدا لە دوو ساڵ کەمتر یا زیاتر بووە ئەوەیش نابێ بەهۆی قەدەغەبوون، چونکە بنەڕەت نەبوونە، یا بڵێین: بنەما نەبوونە، ئەصڵ عەدەمە.

کاتێ کە شیردان هاتەجێ:

منداڵەکە دەبێ بە منداڵی شیری ئەو ژنو پیاوە کە شیرەکەیانی خواردووەو ئەبن بە مەحرەمی یەکتری، ئەو حەرامییەی کە بەهۆی شیردانەوە پەیدا دەبێ، لەژنو پیاوەکەوە دەڕواو دەتەنێتەوە بۆ باوکو دایکو باپیرو نەنکیان (کە بەمانە دەگوترێ: ئوصول، واتە: بنەچەو

رەسەن) هەروا دەتەنێتەوە بۆ منالّو منالّەزایشیان (کە بەمانە دەگوترێ وەچەو نەوە) هەروا دەتەنێتەوە بۆ براو خوشکیشان (کە بەمانە دەگوترێ دەوروپشت، واتە: حەواشی) وە لە شیرەخۆرەکەوە هەر دەڕوا بۆ لای منالّو منالّەزای، ناتەنێتەوە بۆ بنەچەیو وەچەی بنەچەیو دەوروپشتی!.

واتە: شیر دەرەکە دەبێ بە دایکی منالّەکەو مێردەکەی دەبێ بە باوکی، بەپێی ئەم بەڵگەیە: عائیشە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لەپاش هاتنی ئایەتی حیجاب، ئەفلەحی برای ئەبولقوعەیس داخوازی کرد کە بێ بۆ سەردانم، منیش گوتم: بەخودا رێگەی سەردانی پێنادەم هەتا لە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} نەپرسم، خۆ من شیری ئەم پیاوەم نەخواردووە، من شیری ژنەکەی ئەبولقوعەیسم خواردووە، جا کاتێ پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} هات بۆ لام گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! خۆ من شیری ئەم پیاوەم نەخواردووە، من شیری ژنەکەی ئەبولقوعەیسم خواردووە، ئیتر چۆن دایبنێم بە خۆیی؟ فەرمووی: کچێ! عەمرت نەمێنێ رێگەی پێ بدە کە بێ بۆ دێنیت، چونکە مامی شیریتە. لەوەدوا عائیشە دەیفەرموو: هەرچی بەهۆی بنەچەوە واتە: بەهۆی نەسەبەوە، حەرام ببێ بەهۆی شیر خواردنیشەوە حەرام دەبێ. ئەوەتا لەم فەرموودەیەدا ئەمەروون دەبێتەوە: ئەبولقوعەیس دەبێ بە باوکی شیری عائیشە، چونکە مێردی شیردەرەکەیەتی، ئەفلەحی برایشی دەبێ بە مامەی شیریی عائیشە، چونکە برای باوکی شیری عائیشەیە.

٢٩٤) ژێوارو پێویستکەری:

نەفەقە (کە بە کوردی پێی دەگوترێ: ژێوار) لە ئینفاق وەرگیراوە، کە بڕێتییە لە ئیخراج، واتە: دەرکردن، بەڵام دەرکردنی باش، وەك ئەوە دەگوترێ: زەکات دەردەکا، بەهۆی سێ شتەوە ژێوارو نەفەقە لەسەر مرۆڤ پێویست دەبێ: خزمایەتی‌و ملکایەتی‌و ژنێتێ.

هۆی یەکەم: کە خزمایەتییە ژێوار پێویست دەکا لەسەر خزم بۆ خزم، وەکوو یەك لە هەردوو سەرەوە بەپێی یاسای شەرع، چونکە کۆمەڵەی خزم لەناو خۆیاندا سەرو قنگی یەکترین‌و خوێنیان تێکەڵەو پارچەی یەکترین‌و دڵسۆزی یەکترین، ئەمە لە لایەك، دەقی ئایەتی قورئانیش لەسەر ئەمە هەیە کە دەفەرموێ: {وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ - سورة الأنفال - ٧٥/٨} واتە: ئەوانەی کە خزم‌و خۆێشی یەکترین‌و رشتەی خۆێشایەتی لە نێوانیاندا هەیە، ئەوانە لە پێشترن بۆ یەکتری بە پێی یاسای قورئان، هەتا کەسێکی تری بێگانە) (دانەر - رەحمەتی خودای لێبێ) لە پەراوێزدا ئاماژە بۆ ئایەتی شەشەم دەکا لە سوورەتی ئەحزاب، بەڵام ئەم ئایەتەی ئەحزاب (أخص)تره لە ئایەتەکەی ئەنفال کە من ئاماژەم بۆی کرد، چونکە لە ئەحزابا (مفضل علیە) گوتراوەو دیاری کراوە، کە ئەمەیە: {مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ - سورة الأحزاب - ٦/٣٣} بەڵام لە ئەنفالدا موقەددەرە، کە ئەمەیە: (من الاجانب) کەواتە: بەڵگە سازی بە ئایەتەکەی ئەنفال لەبار تەرە، چونکە دانەر خۆشی ئاماژە بۆ گشتایەتی (مفضل) و (مفضل علە) لە مەسەلەکەدا دەکا. ئەم وردەکارییە بۆ کەسی خۆی زۆر بە سوودە - وەرگێڕ).

جا لەسەر ئەم بنیاتە ژێوار پێویستە لەسەر مرۆڤ بۆ خۆی و بۆ باوك و دایك و بۆ منالّ و منالّەزاو بۆ كەسانی تریش وەك نەنك و باپیرەو بەرەو ژوورتریش، وەك منالّی منالّەزاو بەرەو خوارتریش، لەمەدا جیایی نیە لە نێوانی خزمی نێرینەو خزمی مێیینەدا، هەروا جیاوازی نیە لە نێوانی خزمی نزیك و دووردا، یا خزمی كەلەپوور گرو كەلەپوور نەگردا، هەروا فەرق ناكا دینیان یەك بێ یا دینیان جیا جیا بێ. ئەوەندە هەیە بۆجێبەجێكردنی ئەم بەرنامەیە یاسایەكی دامەزراو هەیە، لە كتێبە گەورەكانی شەریعەتدا بە درێژی باسكراوە.

بەڵگەی پێویستبوونی ژێواری بنەچە لەسەر وەچە :

ئەم ئایەتو حەدیثانەیە: خوای گەورە دەفەرموێ: (وصاحبهما في الدنيا معروفا – لوقمان) واتە: ئامۆژگاری ئادەمیزادمان كردووە كە زۆر باشبێ لەگەڵ دایك و باوك و نەك و باپیرەدا) وە هەروا دەفەرموێ: {وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا – سورة الأحقاف – ١٥/١}.

پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: منداڵی پیاو بەشێكە لە كاسپیی ئەو، لە كاسپییە پاكەكەیشی، كەوابوو لەكاتی پێویستدا لە ماڵیان بخۆن (ئەبو داوودو تیرمیذیو نەسائی) لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێ:پیاوێ هاتە لای خۆشەویست (درووەد خوای لەسەربێ) گوتی : ئەی پێغەمبەری خودا! من بەشی خۆم ماڵو منالّم هەیە، وە باوكیشم پێویستی بە ماڵەكەم دەبێ؟ فەرمووی (درووەد خوای لەسەربێ): خۆشتو ماڵەكەشت ماڵی باوكتن! ٠ئەبو داوود بە رشتەیەكی جوان گێڕاویەتەوە)

لـه فەرموودەیـەکی تـردا حـەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفـەرموێ: منـاڵ خەڵاتی خودایە، مـاڵی منـاڵ مـاڵی خۆتانـە لـەکاتی پێویـست دا. ئایـەتی: {مَا اَغْنَـى عَنْـهُ مَالُـهُ وَمَـا كَسَبَ} بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە منـداڵ بەشێکە لە کاسپیی باوکی[1]. بزانن باپیرو نەنك بڕیاری بـاوك‌و دایکیـان هەیەو لەم بڕیارەدا دەبن بە پاشکۆی ئەوان، ئەگەر بەر عوموومی واتـای باوکایەتی‌و دایکایەتیش نەکەون، هەروەك چۆن لـەم بابەتانـەی تریـشدا دەبن بە پاشکۆی ئەوان، واتە: لە بابەتی ئازاد بوون‌و تۆڵـەی کوشـتنەوەو شتی تری لەم چەشنە، چونکە خوێن تێکەڵن‌و دڵسۆزن بۆ یەکتری.

ژێواری باوك‌و دایك‌و بنەچە لەسەر منداڵ‌و وەچـەی خۆیـان بـە چەند مەرجێ پێویست دەبێ:

یەکـەم: ئـەو کەسـەی کـە ژێوارەکـەی دەکەوێتـە سـەر زیـاد لـە ژێـواری خـۆی‌و خێزانـی شـتێکی ببـێ لـە رۆژی سـەرفی ژێوارەکـەدا، جـا ئەگـەر هـیچ لـە مەسـرەفی خـۆی‌و خێزانـی نەمایـەوە دادەنـرێ بـە دەستەنگ لەبەر ئەوە هیچی لەسەر نابێ. هەرشتێ بۆ دانەوەی قەرز بـە زیادە دابنرێ‌و قـازی بیفرۆشـێ بـۆ ئـەو مەبەسـتە هـەمان شـت بـۆ دانـی ژێـواریش دەفرۆشـرێ، وەك زەوی‌و زارو شـتی وا، چـونکە ژێـوار مـافێکی سامانییە، بێ وەجەڵـەو شـتی تـر برێتـی ناکـەوێ، کەواتـە دەق لـە قـەرز

---

[1] چونکە مەبەست ماڵەکەی‌و عوتبەی کوڕیەتی، کە لە رێگەی شام بە بەرچـاوی کاروانییەکەوە شێرخواردی.

- وەرگێڕ -

دەکا. لەسەر بڕیاری فەرموودەی دروست وەچەو نەوە ئەگەر مالیان نەبوو بەلام توانای کاسپییان هەبوو داوایان لێ دەکرێ کە کاسپی حەلاڵ بەپێی تواناو شانی خۆیان بکەن و ژیوار بۆ کەسوکار بەدەس بهێنن. وە ئەمەرای جەماوەری زانایانی شەرعە.

دووەم: ئەو بنەچانە خۆیان مالیان نەبێ.

سێیەم: نەتوانن کاسپی شایانی شانی خۆیان بکەن چونکە کاسپیکردن سەرچاوەی سامانە. بەڵێ لەسەر فەرمایشتی فەرموودەی دروست بنەچەی لەش ساخ داوای لێ دەکرێ کە بۆ پێبژێوی و ژیواری خۆی و خێزانی کاسپی حەلاڵی شایانی شانی خۆی بکا، هەرچەند لەسەر فەرمایشتی دووهەم کە بەرابەری ئەم رایەیە، داوای ئەوەی لێناکرێ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا} دەی کەسێ بە زۆری قازی کاسپی بە باوك و دایك و بنەچەی خۆی بکا، بۆ بەڕێوەچوونی ژیانیان، کەی ئەوە رەفتاری کردووە بەم ئایەتە پیرۆزە، کەی باشی و خۆش رەفتاری لەگەڵ باوك و دایکا ئاوا دەبێ؟

بەڵگەی پێویستبوونی ژێواری وەچە لەسەر بنەچەی:

خوای نزیك بێ یا دوور، وە خوای نێرینە بێ یا مێیینە چەند شتێکە، وەك ئایەتی {وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ – سورة البقرة – ٢٣٣/٢} چونکە بەپێی ئەم ئایەتە ژنی تەلاقدراوی پیاو ئەگەر مەمك بدا بە منداڵی خۆی و مێردە تەلاقدەرەکەی پێویستە لەسەر باوکەکە، کە رۆژی و پۆشاك بۆ ئەو ژنە

دابین بکا، لەباتی کرێی مەمك پێدانەکە، کەواتە رۆژی‌و ژێواری خودی منالەکە خۆی دەبێ باشتر دابین بکا لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە دەفەرموێ: {فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ – سورة الطلاق – ٦/٦٥} واتە: ئەگەر نەو ژنە تەلاقدراوانەتان شیریان دەدا بە منداڵەکانتان کرێی تەواویان پێبدەن. دەی لەحاڵی وادا دەبێ پێویستیی ژیانی منالەکە باشتر دابین بکرێ. جارێکیش پیاوێ هاتە خزمەتی حەزرەت {درووەد خوا لەسەربێ} گوتی: دینارێکم هەیە، حەزرەت {درووەد خوا لەسەربێ} فەرمووی: سەرفی بکە بۆ ژیانی خۆت، پیاوەکە گوتی: دینارێکی تریشم هەیە، فەرمووی {درووەد خوا لەسەربێ}: سەرفی بکە بۆ خەرجی منالەکانت. لە وەلامی پرسیارێکی هیندی ژنی ئەبو سوفیاندا حەزرەت {درووەد خوا لەسەربێ} پێی فەرموو: لە مالی ئەبو سوفیان، با خۆشی نەزانێ، ئەوەندە ببە کە بەشی مەسرەفی خۆت‌و منداڵەکانت بکا بە شێوەیەکی پەسەند.

مەرجی پێویستبوونی ژێواری منداڵ چەند شتێکە:

یەکەم: ئەو کەسەی ژێوارەکەی دەکەوێتە سەر دارابێ، واتە: زیاد لە مەسرەفی خۆی‌و خێزانی شتێکی تری هەبێ لە رۆژی سەرفی ژێوارەکەدا، بۆ ئەوەیش کە بنەچە دەبێ کاسپی بکەن بۆ پەیداکردنی ژێواری وەچەی خۆیان دوو فەرمایشت هەیە، فەرمایشتی دروست دەفەرموێ: بەڵێ بۆ ئەو مەبەستە کاسپی بکەن.

دووەم: ئەوەیە کە نابێ منداڵەکە یا وەچەکە خۆی مالی هەبێ، یا بتوانێ کاسپی بکا، ئەگەر مانْ یا کاسپی هەبوو ژێواری لەسەر باوك‌و

دایك‌و بنەچەی نیە چونکە پێویستی بە ژێواری ئەوان نیە. بەڵێ ئەوەندە هەیە ئەگەر کوڕ مانگێکی دووری هەبێ کە دەستی پێی نەگا، پێویستە لەسەر بنەچەی کە بەقەرز مەسرەفی بکا هەتا دەستی لە مانگەکەی خۆی گیر دەبێ ئەوسا مەسرەفەکەی ئەمان دەگێڕێتەوە بۆیان.

ژێوار بە پێی پێویستییە:

ژێواری خزم ئەندازەی بۆ دیاری نەکراوە، بەڵکوو بەپێی بەسبوون (کیفایەت)ە. کە بەپێی گەورەو بچووك‌و پێداویستی (الحاجە) ئەگۆڕێ، چونکە هەندێ شت بۆ گەورە پێویستە کەچی بۆ بچووك بەکار نایەت، هەروا بە پێچەوانەیشەوە، کەوابوو دەبێ ئەو ژێوارە ئەوەندەببێ کە گوزەرانی پێی بچێ بەرێوە، نەك هەر ئەوەندەبێ بە کولەمەرگی پێی بژی. پێویستە پۆشاك‌و نیشتمەنی بۆ دابین بکا. گریمان ئەگەر ئاتاجی بەنۆکەر هەبوو دەبێ نۆکەری بۆ بگرێ. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەگەر ئەم کارانە هاتنەجێ بەهۆی میوانداریەوە، یا بەهۆی بەخشین‌و خەڵاتەوە لە کۆڵ ئەو کەسە دەکەون کە پێویستن لەسەری. ئەگەر مەسرەفەکەی تەسلیم بە خزمەکەی کرد، بەدەست ئەوەوە فەوتا، یا خزمەکەی خۆی فەوتاندی، پێویستە کە بڕێتیی بکاتەوە، بەڵام لەحاڵی فەوتانی دووەمدا کاتێ بڕێتیی دەکاتەوە کە هەیبێ!.

ئەگەر تاماوەیێ ژێواری خزمی نەدا، ژێواری ئەو ماوەیە نابێ بە قەرز بە سەریەوە، ئیتر خوای لەو نەدانەدا کەمتەرخەمی کردبێ یانا، چونکە هۆی رەوابوونی ئەم ژێوارە دڵدانەوەیە، بەڵام لە بارودۆخی کەمتەرخەمی کردندا نافەرمانی خودای گەورە دەکا. بە پێچەوانەی

ژێواری ژنەوە، چونکە ژێواری ژن بۆ دڵدانەوە نیە، بەڵکوو وەجەڵی ئەوەیە کە ژنەکە خۆی دەدا بە دەستەوە، لەبەر ئەوە لەکاتی وادا دەبێ بە قەرز بەسەریەوە.

٢٩٥) ژێواری کۆیلەو ئاژەڵ:

گوتمان هۆی سێیەم بو پێویستبوونی ژێوار ملکایەتییە، جا هەر کەسێ کۆیلەیەکی هەبێ یا کەنیزەکێ، دەبێ ژێواری بۆ دابین بکا، واتە: پێبژێوی‌و پێخۆرو پۆشاک‌و خەرجی پێویستی تری بۆ پەیدا بکا، ئەبو هورەیرە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: بەندەی زەرخریدە هەقی خۆراک‌و پۆشاک‌و جل‌و بەرگی هەیە لەسەر ئاغای، وەکارو فرمانی گرانی وای نادرێ بە سەردا کە لە کێشیانەبێ. (موسلیم) لە گێڕانەوەیەکا: بەسە بۆ گوناهباری پیاوێ کە نان‌و ئاو بگرێتەوە لە ژێر دەستەی خۆی (موسلیم). لەبەر ئەوەیش چونکە ئەو بەندەو ژێر دەستەیە هەرچی پەیدا بکاو هەر کاسپییەك بکا بۆ خاوەنەکەیەتی، کەواتە دەبێ خاوەنەکەی مەسرەفی بکێشێ. بەهیچ جۆرێ نابێ ناهەقی لێ بکا، دەبێ کارێکی وای نەدا بەسەردا کە لە وزەی نەیەت، ئەگەر شەوکار بوو دەبێ بە رۆژ وچانی بدا هەروا بە پێچەوانەوە، لە هاوینا مۆڵەتی بدا، بە تایبەتی لەکاتی وچانی قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا. کورت‌و پوخت بەکوردی پەتی: چەندە باری سووك بکا خودا پێی خۆشەو لەسەر ئەوە پاداشتی باشی دەداتەوە. لە حەدیثی شەریفا دەفەرموێ: چەندە باری سەرشانی نۆکەری خۆت سووك بکەی‌و

کاری بۆ ئاسان بکەی‌و ئیشی قورسی پێ نەکەی لە رۆژی قیامەتدا بۆت دەبێ بە پاداشتی باش لە تەرازووی خێرەکانتا. (ئیبنو حەببان لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتەوە).

لەسەر بەندەو کەنیزەکیش پێویستە کە بەپێی توانا درێغی نەکەن لە بەرژەوەندی خاوەنەکانیان‌و لە کارو فرمان‌و ئەرکی سەرشانی خۆیانا خاوە خاوو سستە سست نەکەن!.

هەروەك چۆن ژێوارو مەسرەفی زەرخریدە پێویستە لەسەر خاوەنی ئاوایش مەسرەفی ئاژەڵ‌و ولاخی خۆیی دەکەوێتە سەر، وەك لەوەڕان‌وئالیك‌و ئاودان، بڕێتی ئەوە دەکەوێ کە بەرەڵای بکا بۆ لەوەڕان‌و بۆ چوونە سەر ئاو، بە مەرجێ لەو جۆرە گیانلەبەرانەبێ کە بۆ خۆیان دەلەوەڕێن‌و زەویش بژوێن بێ‌و بەرهەڵستیش نەبێ. جا ئەگەر لەم لایەنەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵ نەسا قازی بە زۆر پێی دەکا، لە هەمان کاتدا تاوانباریش دەبێ. لە صەحیحەیندا حەزرەت (ڕووەو خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ژنێ لەسەر پشیلەیێ سزادرا، پیشیلەکەی بەند کردبوو، هەتا لە برسانا مردبوو، لەو ماوەیەدا نە خۆی ئاوو نانی دابوو پێی، نە بەرەڵای کردبوو هەتا بۆخۆی لە جڕو جانەوەری ناو زەوی بخوات لەسەر ئەوە خودا خستیە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

جارێکیش پێغەمبەری خوا تەشریفی بردە ناو باخە خورمایەکی پیاوێکی ئەنصاری، وشترێکی تیابوو، کە چاوی بە حەزرەت کەوت بەزەیی بە زمبوونی خۆیدا هاتەوەو فرمێسك بەهەر دوو چاوەکانیدا هۆن هۆن هاتە خوارەوەو سکاڵای لە دەستی خاوەنەکەی کرد

له خزمەت پێغەمبەردا (درووەد خوای لەسەربێ) جا پێغەمبەر رۆیشت بۆ لای و دەستی هێنا بەسەر پشتیداو دڵنەوایی دایەوە، وشترەکەیش ژیر بۆوەو داسەکنا. ئەوجا پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەم وشترە نێرە هی کێیە؟ کێ خاوەنی ئەم وشترەیە؟ لاوێکی ئەنصاری هات گوتی: هی منە ئەی پێغەمبەری خودا! حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) پێی فەرموو: ئەوە بۆ لە خوا ناترسی، لە بارەی ئەم ئاژەڵە بەسەزمانەوە کە خوا تۆی کردووە بە خاوەنی؟ ئەوەتا شکاتت لێ دەکا لەلای من، دەڵێ برسیم دەکا، وچانم نادات سەرو مرکارم پێ دەکا. (ئیمامی ئەحمەدو بەیهەقی گێڕاویانەتەوە، رشتەکەی لە موسلیمدا هەیە، حاکم دەفەرموێ: رشتەکەی دروستە). لەبەر ئەوەیش کە ئاژەڵو ولاخیش خاوەن هەستو گیانن، لەو رووەوە لە کۆیلە دەگەن، کەواتە وەك زەرخریدە (مملوك) نابێ ناهەقییان لێ بکرێو زیاتر لە توانای خۆیان کاریان پێ بکرێ.

بڕانن:

کە ئاژەڵی شیردار دروست نیە هەتا دواچۆری شیرەکەی بدۆشرێ، بەرادەیەکی وا زیان بە بەچکە شیرە خۆرەکەی بگەیەنێ، بەڵکوو دەبێ چی لە تێرە خۆری بەچکەکەی زیاد بێ ئەوە بدۆشرێو بەس، واباشە کە شیردۆشەکە نینۆکی بکا هەتا ئازاری گوانی نەدا، هەروەك پێویستە لەسەر خاوەن هەنگ بەشی هەنگەکە خۆی هەنگوین لە پوورەکەدا بهێڵێتەوە، بۆ خواردنی هەنگەکان لەکاتی بێ لەومڕیدا.

٢٩٦) ژێواری ژن (نفقة الزجة):

گوتمان هۆی سێیەم بۆ پێویستبوونی ژێوار ژنێتییە. بەڵگەی روون‌و ئاشکرا، لە قورئان‌و ڕێگەی ڕەهبەرو یەکگرتنی نەتەوەدا لەسەر پێویستبوونی ژێواری ژن لەسەر مێردی هەیە.

زاتی مەزن دەفەرموێ: {الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ - سورة النساء - ٣٤/٤} پیاوان لە سایەی خوداوە سەرگەورەی ژنانن‌و خودا کردوونی بە گەورەو چاودێر بە سەریانەوە.

یەکەم: بەهۆی ئەوەوە کە بە فەزڵ‌و بەخششی خۆی بەهرەی باش‌و لەشی تەواناو هۆشی بەهێزو ئایینی تەواوی پێیاوان داوە.

دووەم: بەهۆی ئەم بەهرە خواییەوە پیاوان ڕەنج دەدەن‌و ئارەق دەڕێژن‌و بە ئارەقی ناوچەوان ماڵ پەیدا دەکەن‌و دەتوانن مەسرەفی ماڵ‌و منداڵ بکەن‌و خێزان بەخێو بکەن‌و دەبن بە بەرپرسیار لە ژێواری ماڵ‌و میوان‌و خێزان‌و خزم‌و کەسوکار) (قوام) لە ئایەتەکەدا بە واتا (قیم)ی عەرەبییە، بە کوردی واتە: کار بەدەست، یا سەرپەرشت، سەرپەرستیش کەسێکە کە ئاگاداری کەسێ یا شتێ بکاو مایەی ژیانی، یا گوزەرانی بۆ دابین بکا.

لە ئایەتێ تردا دەفەرموێ: {وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ - سورة البقرة - ٢٣٣/٢ ➡}.

ئەوە بوو وەك لە بەڵگەی پێویستبوونی ژێواردا رابوورد پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) بەهیندی ژنی ئەبو سوفیانی فەرموو: ئەوەندە ببە کە بەشی مەسرەفی خۆتو منداڵەکانت بکا بەپێی یاسای شەرع.

لە فەرموودەی حەجی ماڵئاواییدا کە موسلیمو ئەبو داوود لە جابیرەوە گێڕاویانەتەوە، حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (.. وە دەربارەی ئافرەتانیش لە خودا بترسن و بێ دادی و ناهەقییان لێ مەکەن و رەفتارتان جوان بێ لەگەڵیاندا، چونکە ژنان ئەمانەتو سپاردەی خوای گەورەن لەلای ئێوەی پیاوان، پیاو هەر خیانەت بکا، نابێ خیانەت لە ئامانەتی خودای خۆی بکا! ژنان لەسەر فەرموودەی خوداو بەپێی فەرمایشتی شەریعەتی ئەو حەڵاڵ بوون بۆتان و دێنە باخەڵتان و دەچنە لایان. وە مافی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە کە ئەو کەسە کە ئێوە حەزی لێ ناکەن نەیهێننە سەر بەڕەتان و نەهێڵن بێنە ماڵتان، جا ئەگەر شتێ وایان کرد کە بەدڵی ئێوە نەبوو، ئەوا هەتا دەتوانن چاوپۆشییان لێ بکەن و بە نەرمونیانی لەگەڵیانا رەفتار بکەن، وە بەبێ هۆیەکی رەوا تەڵاقیان مەدەن، بەڵام ئەگەر بەم شێوە شیرینەیش چاریان نەکرا ئەوا شەریعەت رێگەتان دەدا کە بە ئاسپایی لێیان بدەن، وە مافی ئەوانیش لەسەر ئێوە ئەوەیە کە بە باشی و بە پێی باوی باشی ناو وڵاتی خۆتان رۆژی و خۆراك و بەرگ و پۆشاکیان پێ بدەن، وەکی هاوسەری هاوشانی خۆتان، تا هەست بە هاوسەرکەمی نەکەن!.

وه من یاسایەکی وەهایشم لەپاش خۆم بۆتان بەجێهێشتووە ئەگەر بێتو پەیڕەوی بکەن لەناو خۆتانا هەتا هەتایە جارێکی تر سەرتان لێ ناشێوێ، ئەویش ئەم قورئانەیە کە نامەی خودایە.

یەکگرتن لەسەر ئەوە دامەزراوە کە ژیواری ژن لەسەر مێرد پێویستە.

جۆرەکانی ژیوار:

ژیواری ژن لەسەر مێرد جۆری زۆرە:-

یەکەم: خواردمەنییەکە پێبژێو (قووت) بێ، بەپێی حاڵی کابرای مێردلە دەوڵەمەندی و دەسکورتی و مامناوەندێتی، ئیتر پەیوەندی نیە بە بەرزی و پەستیی ژنەکەوە، لەبەر ئەوە ژنەکە موسوڵمان بێ، یا پەیماندار بێ، یا ئازادبێ، یا کەنیزەك بێ جیاوازی نیە، چونکە وەجەڵە لە بری خۆ بە دەستەوەدانە. جا پێویستە لەسەر پیاوی دەوڵەمەند هەموو رۆژێ دوو (مد) وە لەسەر گەدایەك (مد) وە لسەر مامناوەندی (مد)و نیوێ لە پێبژێوی ساخی زیاتر بەکار هاتووی ئەو شوێنە کە ژنەکەی تیا ئەژی، بدا بەدەستی ئەو ژنەوە. مەبەست لەم موددە ئەو موددەیە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا باوبووە، کە بە عیارەی میسری بە پێوانە دەکاتە نیو (قەدح) یا پارەی بایی ئەوە بداتێ (لە شەریعەتی ئیسلامدا مامۆستا مەلا عەبدول کەریم – خودای گەورە لێی خۆش بێ) دەفەرموێ: (مودد) برێتییە لە وەزنی سەدو حەفتاو یەك درەمو سێ حەوت یەکە درەمێك... تاد: واتە: فەرمایشتەکەی مامۆستا تەواو بوو – وەرگێڕ).

بۆیە پێبژێو لە ژێواردا رەچاو دەکرێ چونکە خوای گەورە لەسەر شێوەیەکی پەسەند ژێواری پێویست کردووە، دەی شێوەی پەسەند ئەوەیە کە لە خۆراکی باوی ناو زوربەی خەڵکی ئەو شوێنەبێ، بە قیاس لەسەر خۆراکی کەفارەتیش، چونکە ئەویش پێویستە پێبژێوبێ. بەڵگەی ئەوەیش کە ژێوار بەپێی حاڵی مێردە ئەم ئایەتە: {لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ – سورة الطلاق – ٧/٦٥} واتە: ئەوی هەیەتیو دەوڵەمەندە بە بەپێی توانای خۆی، وەك هاوشانی خۆی، مسرەف بۆ ئەو ژنە بکا، رەزیلیو چووروکی نەکا، ئەوەی نییەتیو دەست کورتە بەپێی توانای خۆی، لەوبەشو بارەیەی کە خودا پێی داوە، مەسرەفی بۆ بکا.

دووەم: پێخۆرە: کە دەبێ لەو جۆرەبێ کە زوربەی خەڵکی وڵاتی ژنەکە دەیکەن بە پێخۆر: وەك رۆن زەیتوونو رۆنو چەوری، ئەوەی لێرەدا رەچاو دەکرێ زوربەی پێخۆر بە گۆڕانی چوار وەرزە جۆرەکانی دەگۆڕێن، وەکوو شیرو ماستو دۆو پەنیرو بامیەو تەماتەو باینجانو کوولەکەو پەتاتەو گۆشتو شتی تریش، جا ئەگەر جۆرە میوەیێ لەکاتی خۆیدا بوو بە خواردنی زوربەی خەڵك ئەوە ئەو جۆرە پێویست دەبێ، پێویستە هەموو حەفتەیێ گۆشتی دەرخوارد بدا، نەدارا رەتڵێ، دارا دوو رەتڵ، مامناوەندی رەتڵو نیوێ، ئیمامی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} وا بە پەسەند دەزانێ کە گۆشت بکەوێتە رۆژی هەینییەوە، چونکە وا باشە کە مرۆڤ لە رۆژی هەینیدا شادیو خۆشیو فەرەحی بخاتە ناو ماڵو منداڵی خۆیو خواردنی باشیان بۆ دروست بکا. ئەم ئەندازەیە بۆ

شوێنێکە کە گۆشت کەم بێ، بەڵام ئەگەر زۆر بوو ئەوا بەپێی دەستووری ئەوشوێنە ئەندازەکەی پتر دەکا.

سێیەم: کارەکەر، یا ژنێ کە خزمەتی بکا، ئەگەر ژنەکە لە مالّی خۆیان کارەکەری بووبێ، دەنا دەبێ خۆی خزمەتی خۆی بکا.

چوارەم: پۆشاک و بەرگە، بەپێی بەسبوون بەرگ پێویستە، ئەمیش بەپێی وڵات دەگۆڕێ، هەروا بەپێی سەرماو گەرما، هەروا بەپێی گۆڕانی وەرزی هاوین و زستان، چونکە بەرگی زستانە جیایە لە بەرگی هاوینە، هەروا بەپێی دارایی و دەست کورتیی مێرد جل و بەرگ دەگۆڕێ، چونکە ژنی دەوڵەمەند جۆرێ دەپۆشێ کە بە ژنی هەژار ناپۆشرێ هەروا..

دیسان دەبێ قاپ و قاچاخ و قۆری و پیاڵەو نوێن و پێخەف و پێداویستییەکانی تری گوزەرانی بۆ دابین بکا، وەك ئاوو جێگەو چراو نەوت و پارەی ئاوو کارەبا بە گوێرەی حاڵی کابرای مێرد.

٢٩٧) ژێوار بەچی و کەی پێویست دەبێ؟

بەوە پێویست دەبێ کە ژن خۆی بدا بە دەستەوە، واتە: ئەگەر خاوەن فام بوو بڵێ: وا من ئامادەم بۆ ئەوەی کە مێردەکەم پێتە لامو دروست ببێ لەگەڵم، ئەگەر نەفام بوو هەقدارەکەی رێگەی ئەوە بدا کە مێردەکەی بیگوێزێتەوە. بەم چەند شتەی دواوە خۆ بەدەستەومدان دەفەوتێ.

یەکەم: نەهێڵێ مێرد لەگەڵی دروست ببێ بەڵام رێگەی رابواردنی تری لێ نەگرێ وەك ماچو دەستبازیو شتی تری خۆشی نێوانی ژنو مێرد، یا هەر نەهێڵێ هیچ لەزەتێکی رەوای لێ وەربگرێ، بە مەرجێ ژنەکە مەهانەی رەوای نەبێ، یا نەهێڵێکی رەوا لە ئارادا نەبێ، دەنا مەهانەدارە، وەك ئەوە نەخۆش بێ، یا زامێ بە شوێنێکی وایەوەبێ کە جووتبوون خراپ بێ بۆی، لەم کاتەدا مافی ژێواری هەیە، بەمەرجێ مێردەکەی بەجێ نەهێڵێ.

دووەم: تۆڕانو مالّی مێرد بەجێ هێشتنو سەفەرکردن بەبێ رازی بوونی مێرد ژێوار دەفەوتێنێ.

سێیەم: ژنەکە بچووك بێو مێردەکەی گەورەبێ، یا بەپێچەوانەوە، لەم دوو حالّەدا ژێواری ناکەوێ، چونکە خۆ بەدەستەوەدانی تەواو کەسەر دەکێشێ بۆ لەزەت وەرگرتنی تەواو لەم دوو کاتەدا لە ئارادا نییەو نەهاتۆتە جێ، کەواتە ژێوار پێویست نابێ بۆ ژن لەسەر مێرد.

چوارەم: بە هەندێ پەرستشو خودا پەرستیش خۆ بەدەستەوەدان دەفەوتێو ژێوار پێویست نابێ، وەك ئەوە ژنەکە بەبێ مێردەکەی بچێ بۆ حەج یا بۆ عەمرە، با مێردەکەی رێگەیشی پێبدا، چونکە سەفەرەکەی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر مێردەکەی لەو سەفەردا لەگەڵیدا بوو ئەوە هەقی ژێواری هەیە، ئەگەر ژن بەبێ فەرمانی مێرد رۆژووی سوننەت بگرێ ژێواری نەو رۆژەی ناکەوێ، بەڵام ئەگەر مێردەکە رێگەی پێبدا ژێواری دەکەوێ.

٢٩٨) کاتێ مێرد توانای ژێواری ژنی نەبوو:

کاتێ مێرد توانای دابینکردنی ژێواری ژنی خۆی نەبوو، وە کۆڵیدا لە مەسرەف بۆ کردنی، ئەوە ژنەکە خۆی سەرپشکە لە یەکێ لەمانە:

یەکەم: ئارام بگرێو لە ماڵی خۆی مەسرەف بکا بۆ خۆی، یا قەرز بکاو سەرفی بکا بۆ خۆی. ژێواری لەم دوو حاڵەدا دەبێ بەقەرز لەسەر مێردەکەی، کەی هەی بوو دەبێ بیداتەوە.

دووەم: دەتوانێ لەلای قازی داوای هەڵوەشانەوەی هاوسەرێتی (نیکاح) بکا.

لە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} پرسیار کرا: ئەگەر کەسێ لەبەر هەژاریو دەستکورتی نەتوانی ژێواری ژنەکەی دابین بکا چی لێ دەکرێ؟ فەرمووی {دروودی خوای لەسەربێ}: لە یەك جیا دەکرێنەوە. (دارە قوطنی). لەبەر ئەوەیش کە چوك بڕاویو شلەپەتکەیی مافی هەڵوەشانەوەی هاوسەری دەچەسپێنن، دەی دەسەوسان بوون لە دابینکردنی ژێوار باشتر ئەو مافە دەچەسپێنێ! چونکە مرۆڤ دەتوانێ بەبێ رابورادن لەگەڵ حەڵاڵو هاوسەردا بژیو گوزەران بکاو ئارام بگرێ بەڵام لەسەر بێ نانیو بێ ئاویو بێ جێگەو رێگەیی ناتوانێ ئارام بگرێ، دیسان لەبەر ئەوەیش کە لە کاتی وادا دوور نیە ژنەکە بۆ دابینکردنی گوزەرانی تووشی داونپیسی ببێ!.

ئەوەندە هەیە ئەگەر مێرد لەکاتی وادا قەرزی لەسەر ژنەکەی هەبوو، وە ژنەکەی دەوڵەمەند بوو، وە مێردەکەی پێی گوت لەو قەرزەی من کە لەسەرتە ژێواری خۆت دابین بکە. ئەوە ژنەکە مافی سەرپشکی هەڵومشانەوەی نامێنێ، بەڵام ئەگەر ژنەکەیش دەست کورت بوو ئەوە هەمان مافی دەمێنێ، چونکە لە هەموو بارو دۆخێکا قەرزاری نەدارا مافی مۆڵەتدانی هەیە. گریمان کەسێ بە پیاوەتی وێستی ژێوارەکە دابین بکا لە باتی مێردی نەدارا، ژنەکە دەتوانێ ئەوە قەبوڵ نەکا، چونکە منەتی بەلاش بۆ هەڵبگرێ، لەبەر ئەوە مافی هەڵومشانەوەی هەی.

بزانە مێرد چ بە سامان چ بە کاسپی ژێوار دابین بکا چونیەکە، توانایی وەك بەهۆی ماڵەوە دەبێ بەهۆی کاسپیشەوە دەبێ. جا ئەگەر هەموو رۆژێ بەقەد ژێواری ئەو رۆژە کاسپی دەکردو رۆژانە کرێکەی سەرو بەر دەری دەهێنا ئەوە ژن هەقی هەڵومشانی نیە، هەتا ئەگەر بەهۆی نەخۆشییەوە یەك دوو رۆژێ نەیتوانی ئیش بکا مافی هەڵومشانی نیە، بەڵام ئەگەر نەخۆشی درێژەی کێشاو لە سێ رۆژ هەڵی بوارد مافی هەڵومشان هەیە! چونکە زیان لە ژن دەکەوێ. گریمان مێردی دارا ژێواری مێردی نەدارای دا بە ژنی خۆی مافی هەڵومشان نامێنی، بەڵام باقی مەندەی ژێوارەکە دەبێ بە قەرز بەسەر مێردەکەوە.

مەرجی هەڵومشان ئەوەیە: دەسکورتیی مێرد مسۆگەر بێ، جا بەهۆی پێلێنانی مێردەوە بێ، یا بەهۆی شایەتو بەڵگەی رەواوە بێ ئەم مەرجە دێتە جێ، ئیتر خوای مێرد لە رووبێ، یا نادیاربێ. توانانەبوونی مارەییش ئەگەر لە پێش بە دەست گرتندابێ دەبێ بە

هۆی مافی هەڵوەشان، ئەومندە هەیە هەرکاتێ ژن هەندێ لە مارەیی وەرگرت ئیتر هەقی هەڵوەشان نامێنێ، چونکە بۆ مێردەکە بەهۆی دانەدەستی هەندێ لە ماریيەکەوە، هەندێ لە لەزمتگا (بوضع)ی ژنەکە دەکەوێتە دەستی، بەڵام ئەگەر لە توانا نەبوونی مارەیی کەوتە دوای گواستنەوەو بە دەستگرتن ئەوە رێگەی هەڵوەشان نامێنێ، چونکە بە دەست گرتن وەجەڵەکەی (کە لە زمتگای ژنە) دەفەوتێو وەجەڵەکە دەبێ بە قەرز لە ئەستۆی مێرددا. لە هەمان کاتدا بە دەستەوەدانی ئەو وەجەڵە لە لایەنی ژنەکەوە نیشانەی ئەوەیە کە ژنەکە رازییە بەوە کە بەقەرز ئەو وەجەڵەی بداتێ، بە پێچەوانەی پێش چوونەلاوە.

گریمان پیاو نەی دەتوانی کە ژێوار بۆ ئەو کەنیزەکەی دابین بکا کە بووە بە دایکی منداڵی، کە لە عورفی شەرعی شەریفا ناوداره بە ئوموول وەلەد ئەوە زۆری لێ دەکرێ کە یان ئازادی بکا، یان بیدا بەشوو، ئەگەر داخوزیکەری هەبوو، دەنا دەبێ رێگەی بدا کە کاربکاو بە کاسپی خۆی بەخێو بکا.

٢٩٩) سیغەکردن (نکاح المتعة):

موتعه (یاسیغەکردن، یا مارە برینی کاتی) برێتیە لە هەموو جۆرە مارەکردنێکی کاتی، کە ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دانرابێ، ئیتر ماوەکە کورت بێ یا درێژ، وەك ئەوە پیاو بە ژن بڵێ: ئەوا تۆم مارەکرد لەخۆم بۆ ماوەی رۆژێ، یا دە رۆژ، یا مانگێ، یا هەتا لەم شارە دەچمە دەرەوە، یا وێنەی ئەمە. ئەم جۆرە مارە برینە پووچەو نەیی لێکراوەو

بەیەك كەوتنی فەرمایشتی زانا پێشەواكانی هەر چوار مەزهەبەكە نا دروستو ناڕەوایە. بەڵگەیان لەسەر ئەمە زۆر شتە. وەك سەبرە {وەزاد خواد لێبێ} دەفەرموێ: لە بەینی گۆشەی حەجەرولئەسوەدو دەرگای كابەدا پێغەمبەرم بە چاوی خۆم دی لەوێ راوەستابوو، لەكاتی حەجی مالّ ئاوایيدا دەیفەرموو: خەڵكینە! ئەی موسوڵمانینە! لەمەوەپێش ئەوە بوو خۆم رێگەم بە ئێوەدا بوو كە ژن سیغە بكەن (واتە: ژن بۆ ماوەیەكی كاتیی، دیاری كراو مارە بكەن) بەڵام لەم دەمەوە هەتا رۆژی قیامەت خودا ئەوەی حەرام كردووە (موسلیمو ئەبو داوودو نەسائی) شەفیعی {وەزاد خواد گەورەد لێبێ} دەفەرموێ: هەواڵی بە ئێمە داوە سوفیانی كوڕی عویەینە لە زوهرییەوە، لە ریبعی كوڕی سەبرەوە لە باوكیەوە: پێغەمبەر {درووەد خواد لەسەربێ} نەیی كردووە لە سیغەكردنی ژن، عومەریش {وەزاد خواد گەورەد لێبێ} لەكاتی جێنیشینیی خۆیدا لەسەر دوانگە ژن سیغەكردنی حەرام كرد، هاوڕێكانی پێغەمبەریش {درووەد خوەدا لەسەر پێغەمبەرو وەزاد خوا لەسەر یارانی بێ} سەلماندیان بۆی، ئیتر بوو بە یەككرتن. بەیهەقی لە جەعفەری كوڕی موحەممەدەوە راگوێز دەكا: لە بارەی مارەكردنی وەختییەوە پرسیاری لێ دەكرێ دەفەرموێ: بڕێتییە لە داوێنپیسی بەبێ كەمو زیاد.

رۆژێ لە رۆژان مەئموون ویستی كە جاری رەوا بوونی ژن سیغەكردن بدا، قازی یەحیای كوڕی ئەكثەمی تەمیمی بە شەڵەژاوی چوو بۆ لای، مەئموون لێی پرسی هۆی ئەم رەنگ تێكچوونو شەڵەژاوییەت چییە؟ فەرمووی: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان! خەفەتێكی گەورە رووی داوە، كارەساتێ لە دینا قەوماوە، بە ناشكرا

جار دراوه که شەروالپیسی رەوایەو حەلاڵ کراوە!! مەئموون گوتی: شەروالپیسی؟ چۆن؟ یەحیا فەرمووی: بەڵێ ژن سیغەکردن شەروالپیسییە ئەی چییە؟ مەئموون گوتی: چۆن بیسەلێنە بۆم، ئەمەت لە کوێ هێناوە؟ یەحیا فەرمووی: هەم لە نامەی خودادا هەیەو هەم لە فەرموودەی پێغەمبەری خودادا هەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ، إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ. فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ – ٥/٢٣ – ٧} (تەماشای تاجول ئوصولڵ بەرگی حەوتەم لاپەڕە (٣٧) بفەرموو: بۆ ڕافەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە. زوربەی ئەم ئایەتانەی وان لەم کتێبە پیرۆزەدا لە تاجدا نەفسیر کراون بە کوردی. خۆزگە رۆژێ لە رۆژان سوود لەو ڕافانەی ئەوێ بۆ ڕافەی ئیرهیش ومردەگیرا – ومرگێڕ) ئەوجا قازی یەحیا رووی دەمی کردە مەئموونو پێی فەرموو: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان ئایا ژنی سیغە کراو بەر {مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ} دەکەوێ کە خوا ڕەوای دیوە؟ گوتی: نەخەیر بەر ئەم جۆرە حەڵاڵە ناکەوێ. فەرموویی: باشە خۆ بەر ئەو ژنە مارەبڕواەیش ناکەوێ کە خوا بەشەکەلەپووری لە مێردەکەی، بۆ داناوە، وە لەویش بەشە کەلەپووری اناوە بۆ مێردەکە، وە ئەم جۆرە ژنە چەند مەرجی خۆی هەیە؟ گوتی: خەیر بەر ئەمیش ناکەوێ. یەحیا فەرموویی: کەواتە بەپێی ئەم ئایەتە حەڵاڵو هاوسەر دوو جۆری هەیە، لەو دوو جۆرە بترازێ (عدوان)و لە سنووری شەرع دەرچوونەو بەر ئەم هەڕەشەیە دەکەوێ کە دەفەرموێ: {فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ} واتە: هەرکەسێ جگە لەم دوو جۆرە حەڵاڵو هاوسەرییە

جۆرێکی تر دابهێنێ ئەوە یاساو سنووری حەلاڵو هاوسەری دەبەزێنێ!).
ئەمە بەڵگەی قورئانی، بفەرموو لە سوننەتی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) بەڵگەت بۆ بهێنمەوە: ئەوەتا فەرموودەزانی گەورە ئیمامی زوهری دەگێڕێتەوە لە عەبدوڵڵاو لە دەسەنی کوڕی موحەمەدی کوڕی حەنەفییەوە، لە باوکیەوە لە عەلی کوڕی ئەبو طالیبەوە (رەزای خودا لە هەموویان بێ) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانی پێکردم لەسەر فەرمانی ئەو بەناو مەردومدا جارمدا: گەرچی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەمەوبەر رێگەی ژن سیغەکردنی داوە بەڵام لەم رۆ بەدواوە ژن سیغەکردن حەرامە، خودا ئەیی لێکردووە، جا مەئموون لە فەرموودەزانەکانی پرسی ئایا ئەم حەدیثەی زوهری لەناو فەرموودە شوناسەکاندا لەبەر کراوەو شتی وا هەیە؟ عەرزیان کرد بڵێ، جا کاتێ مەئموون زانی کە ئیمامی مالیك ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە، لە رای خۆی پەشیمان بۆوەو فەرمووی: داوای لێخۆشبوون لە خودا دەکەم، من هەڵە بووم. ئەوجا فەرمانی دەرکرد جارپاندا: کە ژن مارەکردنی کاتی حەرامە.

٣٠٠) باسی پەروەردەکردنی ساوا (حضانه):

پەروەردەکردنی منداڵ کە بە عەرەبی پێی دەگوترێ: حضانە، بە واتاگرتنە ئامێزو باوەشە، پەروەردەکردن لە شەرعا بریتیە لە ئاگاداریو سەرپەرشتیکردنی کەسێ کە نەتوانێ خۆی پەروەردە بکا، پەروەردەکردن جۆرە خاوەنێتیو هەقداریەکە، وەلێ ئەوەندە هەیە ئەم

جۆرە هەقداریيە کە پێی دەگوترێ حەضانە، یا پەروەردەکردنی ساوا، بۆ ژن لەبەرترو لە بارترە، چونکە ژنان بۆ ساوا دڵسۆزترن‌و باشتر لە لەیی‌و پەروەردەکردن شارەزان‌و پتر هۆگری ساوان‌و لە کاروباری کۆرپە دەزانن. بەڵگەی ئەمەیش کە ژن لە پێش تره بۆ لەلەیی ساوا ئەمەیە: عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە، باوکی لە باپیری خۆیەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصە دەیگێڕێتەوە: عەبدوڵڵا دەفەرموێ: ئافرەتێ هاتە خزمەتی پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەم کوڕەمم نۆ مانگ بە چەرمی سك هەڵگرتووەو بەشیری مەمکم گۆشم کردووەو لە کۆشما پەروەردەم کردووە، ئێستایش باوکی تەڵاقی داوم‌و بەرەڵای کردووم‌و کەچی دەیەوێ بە زۆر کوڕەکەشمم لێ بسێنێ. پێغەمبەریش {درودی خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: تا شوونەکەیتەوە تۆ لە پێشتری بەم کوڕە - واتە: شەرع دەیدا بە تۆ (ئەبو داوود/ حاکم. حاکم دەفەرموێ: رشتەکەی دروستە) بەڵام ئەم بڕیارە کە مناڵ هی دایکە بۆ هەموو کاتێ وانیە، ئەمە کاتێ وایە کە مناڵ نەفامێ‌و چاك‌و خراپی خۆی نەزانێ، جا هەر کاتێ فامی کردەوەو خۆی ناسی خۆی دەکرێ بەسەر پشك لە نێوانی باوك‌و دایکدا، بە ئارەزووی خۆی هەرکامێکیان هەڵبگرێ دەدرێ بەوەیان، بەپێی ئەم فەرموودەیە: ئەبو هورەیرە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} جارێ کوڕێکی مێرد منداڵی کرد بە سەرپشك، کە بە ئارەزووی خۆی، لای باوکی، یا لای دایکی هەڵبژێرێ‌و لەلای ئەوەیان بێ کە خۆی حەزدەکا (ئیبنو ماجەو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە. تیرمیذی بە فەرموودەیەکی جوانی داناوە) لە گێڕانەوەیەکی ئەبو داوودو حاکمدا:

کورهکه دهستی دایکی گرت، ئیتر دایکهکهی بردی بۆلای خۆی (حاکم دهفهرموێ: رشتهکهی دروستە) تهمهنی خۆناسین حهوت ساڵە، یا لهو دهوروبهرهدایه، ههر فامین بهس نیه بهڵکوو دهبێ هۆشی بهوهیش بشکێ که بۆچی ئهو لایه هەڵ دهبژێرێ، چونکه لهسهر ئهو بنیاته دهگرێ به سهرپشك که خۆی هۆشی به بهرژهوهندی ئاگاداریکردنی خۆی باشتر دهشکێ. خۆناسین ئهوهیه که منداڵ به تهنها خۆی بهبێ یارمهتیدانی کهسێکی تر بتوانێ نانو ئاو بۆ خۆی بخواو خۆی له سهراوکردن پاك بکاتهوه به تهنیا بهبێ یاریدهی پهروهردهکهر.

بزانه:

بڕیاری دایکی دایك که کۆببێتهوه لهگهڵ باوكو باپیردا دهق وهك بڕیاری دایك وایه که کۆببێتهوه لهگهڵ ئهم دوو کهسهدا. جا ئهگهر ههرمێینهی پهتی بهبێ نێرینه کێشهیان بوو لهسهر پهروهردهکردنی منداڵ، ئهوه لهم کاتهدا دایك پێش پێش دهخرێ، ئهوجا دایکی دایكو ئهو نهنکانهی دایك که بهههۆی مێیینهوه پێی دهگهنهوه، کامیان نزیکتربێ لهو نهنکانه ئهومیان پێش دهخرێ، ئهوجا دایکی باوك ئهوجا دایکی دایکی باوكو ئهو نهنکانهی دایکی باوك که بهههۆی مێیینهوه پێی دهگهنهوه، ئهوجا دایکی باوکی باوك که به ههمان شێوه بگاتهوه پێی، ئهوجا ئهو نهنکانهی دایکی باوکی باوك که بههمان شێوه بن، ئهوجا دایکی باوکی باپیرهکه بههمان شێوهبێ، ئهوجا ئهو نهنکانهی دایکی باوکی باپیرهکه به ههمان شێوهبن، ئهوجا خوشکی باوكو دایکی، ئهوجا خوشکی باوکی، ئهوجا خوشکی دایکی، ئهوجا

خوشکی دایك، ئەوجا خوشکی باوك. ئەگەر مێو نێر کۆبوونەوەو لەسەر پەروەردەی منالّ بوو بە کێشەیان دایك پێش دەخرێ ئەوجا دایكو نەنکی دایك کە بەمێنەی پەتی بگەنەوە پێی، ئەوجا باوك، ئەوجا باپیرە، ئەوجا خوشك، ئەوجا خوشکی دایك، ئەوجا خوشکی باوكو، ئەمەیش بەپێی دەقی ئیمامی شافیعی لەسەری.

براو کوڕی براو مامەو کوڕی مامە ئەوانیش وەك باوكو باپیرە وان لە مەسەلەی پەروەدەکردنی ساوادا، کێ نزیکترینێ ئەوە پێش دەخرێ بەریز لەسەر شێوەی ریزی کەلەپوور گران، ئەمەیش دیسان بەپێی دەقی ئیمامی شافیعی لەسەری.

بزانە:

لە بابەتی پەروەردەدا کچی خوشك پێش کچی برا دەخرێ هەروەك خوشك پێش برا دەخرێ.

٣٠١) مەرجەکانی پەروەردەی ساوا:

وەك زانیت منالّ پەروەردەکردن جۆرە سەروەریو هەقداریەکە کە پێویستی بە دەسەلاّتە، وە دایك پێش باوكو کەسانی تریش دەخرێ، هەتا دایك وەستابێ کەسی تر مافی پەروەردەی منالّی نیە، چونکە زۆر زۆر دڵسۆزە بۆی، بەلاّم دایك ئەگەر خۆی ئارەزووی لە پەروەردەی منالّی بوو بەم چەند مەرجە هەقی ئەوەی هەیە:

یەکەم: دەبێ ژیرو ئاقل بێ، دایکی شێت مافی منالّ پەروەردەکردنی نیە، چونکە شێتیو ئاگاداریو سەرپەرشتی کۆرپەیان نەگوتووە، شێت خۆی پێویستی بە کەسێکە سەرپەرشتی بکا ئیتر چۆن دەبی بە سەرپەرشتی کەسێکی تر.

دووەم: ئازادییە، دایکی کۆیلە مافی پەروەردەی نیە، چونکە ئەو کەڵکو قازانجەکەی گشتی بۆ ئاغاکەیەتی، لەبەر ئاغاکەی نایپەڕێنێتە سەر منالّەکەی، لەبەر ئەوەیش چونکە منالّپەروەردەکردن جۆرە سەروەریو هەقداریەکە، دەی کۆیلە مافی هەقداریو سەروەری نیە.

سێیەم: دایك دەبێ ئیسلام بێ، ئەگەر منداڵەکە ئیسلام بوو، هەر منداڵێ باوکی موسوڵمان بێ خۆشی دادەنرێ بە موسوڵمان، ژنی بێبڕوا مافی پەروەردەکردنی منالّی ئیسلامی نیە، چونکە منالّپەروەردەکرن سەروەرییە، بێبڕوایش نابێ بەسەردارو سەروەری موسوڵمان، دیسان لەبەر ئەوەیش دەگونجێ کە بیخەڵەتێنێو بەرەبەرە منالّەکەیش خووە خراپەکانی ئەو بگرێ تووشی بێبڕوایی و شتی وا ببێ.

چوارەم: دەبێ مەردبێ، دایکی بەدکاری نامەرد مافی منالّپەروەردەکردنی نیە، چونکە وەك گوتمان ئەم کارە سەروەریو هەقداریە، بەدکارو نامەردیش مافی ئەوەیان نیە، سەرەرای ئەوەیش دوور نیە کە چاووراوی لێ بکاو فێری رەفتاری بەدی خۆیی بکا.

پێنجەم: دەبێ دەسپاکو ئەمیندار بێ، دایکی دەستپیسی ناپاك مافی پەروەردەی نیە، چونکە دەگونجێ گزیو ناپاکی لە بەخێوکردنیدا بکاو منالّەکە بفەوتێ.

شەشەم: نابێ شووی کردبێتەوە، چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: تا شوونەکەیتەوە تۆ لە پێشتری بۆ بەخێوکردنی ئەم مناڵە. سەرەرای ئەوەیش دایك لەکاتی وادا لەبەر خەریك بوون بە خزمەتی مێردو ماڵیەوە نایپەرژێتە سەر ئەو، شتی وایش زیان لە مناڵ دەدا. بەڵام ئەگەر دایك شووی کردەوە بە پیاوێ کە مافی پەروەدەکردنی مناڵەکەی هەبێ، وەکوو مامو ئامۆزای مناڵەکە، ئەوە فەرمایشتی هەرە راست ئەوەیە کە ئەو مافەی بۆ هەیە، چونکە ئەو هەقدارە مافی بەخێوکردنی ئەوی هەیە، لە هەمان کاتدا دڵسۆزییەتی چونکە کەسیەتی، کەواتە ئەوو دایکەکەی پێکەوە بە باشی سەرپەرشتی دەکەن.

حەوتەم: نێشتەجێییە، کاتێ دایك مافی بەخێوکرنی هەیە کە خۆیو باوکی مناڵەکە لەیەك شاردا نیشتەجی بن، بەڵام ئەگەر هەر کامێکیان لەو شارەوە بچن بۆ سەفەری ئیشو کار، وەك سەفەری حەجو بازرگانیو غەزاو عەمرە، ئەوە نابێ منداڵەکە لەگەڵ خۆی ببا بۆ ئەو سەفەرە، چونکە سەفەر جێگەی مەترسیو نارەحەتییە. بەڵکوو لەو ماوەیەدا مناڵ لەلای نیشتەجێکە یان دەبێ هەتا ئەویتریان دێتەوە، ئیتر ماوەی سەفەرەکە کورت بێ یا درێژ، بەڵام ئەگەر سەفەرەکە سەفەری گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بوو، ئەوە باوك هەقی هەیە کە بیسەنێتەوە لە دایكو لەگەڵ خۆیدا بێ، بە مەبەستی پاراستنی ناوو رەسەنی خۆی، چونکە رەسەنو بنەچەو بنەماڵە بە باوکە بە دایك نیە، سەرەڕای ئەوەیش بەرژەوەندی تەمێو ئامۆژگاریو فیرکردن لەوەدایەو ئاسانتریش بەخێودەکرێ. بەڵام ئەگەر دایکیش لەو سەفەرەدا لەگەڵ

باوك بوو ئەوە بەخێوكردن مافی خۆیەتی، هەروا ئەگەر لە سەفەری گواستنەوەیشەوە گەڕایەوە بۆ شارەكەی جارانی مافی بەخێوكردن دەگەڕێتەوە بۆ دایك. مەرجە كە ڕێگە ئەمین بێ و ئەو شارەی كە دەچێ بۆی نەمن و ئاسایشی تیابێ، دەنا مافی نیە منالەكە لە ژنە بەخێوكەرەكەی بسەنێتەوە.

بزانە:

گشت باوەنەكانی تریش هەمان مافی باوكیان هەیە، دەتوانن لەم كاتانەدا منداڵ لە ژنەبەخێوكەرەكەی بسێننەوە، بەمەرجێ خۆیی بن و نامەحرەم نەبن، وەك باپیرەو براو مامە، چونكە ئەمانەیش مافی پاراستنی ناوی رەسەن و بنەچەی خۆیان هەیە، هەروا ئەگەر نامەحرەمیش بن، وەك ئامۆزا، بەڵام بە مەرجی ئەوە لەم شێوەیەدا منالەكە كوڕ بێ، چونكە ئەگەر كچ بی نادرێ بە دەستی باوانی نامەحرەم، بەڵام ئەگەر خزمی خۆیی لە باوان نەبوو لە خاڵوان بوو ئەوە مافی سەندنەوەی نیە، وەك خاڵو مامی دایكی، چونكە ئەمانە مافیان بەسەر رەسەن و بنەچەوە نیە.

ئایا بۆ چەسپاندنی مافی دایكی بەخێوكەر ئەگەر منالەكە شیرە خۆرە بوو مەرجەكە مەمكی پێبدا یانا؟ دوو راهەیە، یەكێكیان دەفەرموێ: مەرج نیە، بەڵكوو لەسەر باوكە كە دایەنی بۆ بگرێ، رای دروست ئەوەیە: كە ئەوە مەرجە، چونكە زەحمەتە بەكرێگرتنی دایەن.

٣٠٢) تاوانکارییەکان (الجنايات):

تاوانکارییەکان زۆرن، چوار جۆریان لە شەرعا تۆڵەیان بۆ دیاری کراوە، کە بەو تۆڵەیە لە زاراوی شەرعا پێی دەگوترێ حەدی شەرعی:

جۆری یەکەم: ئەو جەشنە تاوانکارییەیە کە زیان بدا لە لەش و گیان و ئەندام، بەم جۆرە دەگوترێ: کوشتن یان زامارکردن.

جۆری دووەم: ئەو جەشنە تاوانەیە کە زیان بدا لە شەرمگاو لەزمتگا، بەم جۆرەیش دەگوترێ: داوێنپیسی و حیزی.

جۆری سێیەم: ئەو جەشنە تاوانەیە کە زیان بدا لە سامان، ئەمەیان دەبێ بە چەن جەشنەوە، هەر سامانێ بە شەڕ داگیر بکرێ، وە ئەو شەڕە هیچ تەئویلێکی بۆ نەکرێ ئەوە فەرهوودو راوروتە، ئەگەر تەئویلی بۆ بکرێ ئەوە بەغیە، واتە: دەسدرێژی و زوڵم و زۆرە، هەر سامانێکیش بە دزکە بە نهێنی لە شوێنی پاراستنی ئاسایی خۆیدا ببرێ ئەوە دزییە، ئەوەی کە بەهێزی بازوو، وە بە زۆری زۆرداری و بەهێزی دەستەڵات و بەهۆی بەرزی پایەو پلەوە ببرێ ئەوە زەوت کردنە!.

جۆری چوارەم: ئەو جەشنە تاوانەیە کە زیان بدا لە ئابڕوو و لە ناموس و شەرەف، بەم جۆرەیش دەگوترێ: بوختان.

١) تاوانکاری کوشتنی بە قەستی (**جناية القتل العمد**): کوشتن سێ جۆرە: کوشتنی بە قەستی پەتی، کوشتنی هەڵەی پەتی، کوشتنی نیوەقەستی و نیوە هەڵە، کوشتنی بە قەستی پەتی ئەوەیە: کە بکوژ

نیازی کوشتنەکەیشو نیازی کەسە دیاری کراوەکەیشی کردبێ بەهۆی شتێکەوە کە زوربەی کات ئەو شتە کوشندەبێ، خوای ئەوشتە ئامێربێ یاشتی تربێ، وەك چەقۆو دەمانچەو زەهر. دەی ئەگەر بکوژێ نیازی ئیشەکەی نەبوو – واتە: بە مەبەستی کوشتنی کەس ئەو کارەی نەکرد، کە بووە بەهۆی کوشتنی کەسێ – وەك قاچی لە شتێ هەڵکەوێو بکەوێ بەسەر منالێکاو منالەکە بەوە بمرێ – ئەوە تۆڵە لێسەندنو کوشتنەوەی لەسەر نیە. هەر وا ئەگەر بەنیازی کوشتنی کەسێکی تایبەتو بە نیازی کوشتنی کەس ئەو کارەی ئەنجام نەدابوو ئەوە دیسان کوشتنەوەی لەسەر نیە، وەك کەسێ لە تەقەی خۆشیدا گوللەی وێڵ بیکوژێو دەربکەوێ کە ئەو گوللەیە حەمەلاو تەقاندوویەتی ئەوە حەمەلاو ناکوژرێتەوە لە جیاتی ئەو کوژراوە.

کوشتن بە ئامێرو بەشتی تریش دەبێت، وەك ئەوە: کەسێ بەند بکا نەخۆی نانو ئاوی بداتێو نە بهێڵی خۆی هەوڵێکی ئەوە بدا هەتا لە برسانا دەمرێ، ئەوە کوشتنەوەی لەسەرە، هەروا ئەگەر حەپسی بکاو رووتی بکاتەوە هەتا لەسەرمانا بمرێ، یا بە بەندی لەبەر خۆر رایبگرێ هەتا تینی هەتاوەکە دەیکوژێ، ئەمەش کوشتنەوەی لە سەرە، یا وەك ئەوە دووکەس یا پتر شایەتی بدەن کە نەریمان ئەورەحمانی کوشت، وەقازی نەریمان لە تۆڵەی ئەورەحمانا بکوژێتەوە، پاشان شایەتەکان پەشیمان ببنەوەو بڵێن بە درۆ شایەتیمان لە نەیماندا، ئەمە دەبێ بەهۆی گۆشتنەوەی ئەم شایەتانە. یا وەك ئەوە خۆراکێکی زەهراوی بە نیازی کوشتنی بدا بە کەسێو ئەو کەسە بمرێ، لە کاتی وادا تۆڵە پێویستە. یا وەك ئەوە سەری بیرێ لە دالاّنێکا بە فێڵ بگرێو میوانێ

دەعوەت بکا بۆ ماڵەوەی بە نیازی ئەوە کە بە نامەردی بیخاتە ئەو بیرەوە، ئەویش لەسەر شوێنەکەوە بڕواو بکەوێتە ناو بیرەکەو بمرێ ئەمەیش کوشتنەوەی لەسەرە.

بڕانن:

کە مرۆڤ کوشتن بە ناڕەوا تاوانێکی گەلێ گەورەیە لە پاش بێباوەڕی بە خوای گەورە گەورەترین گوناهی گەورەیە، ئایەتو حەدیثی زۆر فرە هەیە کە هەڕەشەی سەخت دەکا لە کاری وا ناهەمواری نالەباری ناڕەوا، وەك: {وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا – سورة النساء – ٩٣/٤} واتە: هەر کەسێ بە ناڕەوا موسوڵمانێ بە قەستی بکوژێ، ئەوە سزای ئەو بکوژە دۆزەخەو حاڵی وایە هەتا هەتایە لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە). لە صەحیحی موسلیمدا حەزرەت واتە: بنووسرێ {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: بە هیچ جۆرێ کوشتنی موسوڵمان دروست نیە، مەگەر بەیەکێ لەم سێ شتە: موسوڵمان بووبێو لە ئیسلام هەڵگەڕابێتەوە، یا خاوەن هاوسەر بووبێو لە پاشا داوێنپیسی بکا، یا بە ناهەقو بە زۆری زۆرداری مرۆڤێکی بێ تاوانی کوشتبێ. لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: لەلای خودای گەورە ئەم جیهانە هەمووی لەناو بچێ نەوەکا موسوڵمانێ بە ناڕەوا بکوژرێ (تیرمیذیو نەسائی بە رشتەیەکی ساخ گێڕاویانەتەوە) لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: هەر کەسێ کۆمەکی بکا لەسەر کوشتنی

موسوڵمانێ به نارەوا با بەنیو وشەیش بێ[1]، رۆژی قیامەت کە دەچی بۆ دیوانی خوا، بۆ پرسینەوە، لەناو چاوانی نووسراوە: ناهومێد لە ڕەحمەتی خودا.

بڕیاری کوشتنی قەستی:

هەر کەسێ لەسەر ئەو شێوەی باس کرا موسوڵمانێ بە ئارەزوو بە نارەوا بکوژێ کوشتنەوەی پێویست دەبێ، بەپێی ئەم ئایەتە: {كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى - سورة البقرة - ١٧٨/٢} واتە: ئەی موسوڵمانەکان! خوداوەندی مەزن داناوە لە سەرتان، تۆڵە سەندن لەهۆی کوژراوەکانەوە، بە یەکسانی، بەم ڕەنگە لەباتی ئادەمیزادی کوژراوی ئازاد ئادەمیزادی بکوژی ئازاد دەکوژرێتەوەو لە جیاتی بەندە بەندەو لە باتی مێیینە مێیینە) بەپێی ئەم ئایەتەی تریش: {وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ - سورة البقرة - ١٧٩/٢} واتە: ئەی هۆشمەندانو هۆشیاران! لە دامەزراندنی یاسای تۆڵە سەندندا بە یەکسانی، کە بڕێتییە لە کوشتنەوەی بکوژ لەباتی کوژراو، بۆ ئێوە، هەیە ژیانو

---

[1] لە (النهاية في غريب الحديث والاثر)دا دەفەرموێ: (وەك ئەوە بڵێ: ئوق لە وشەی (ئوق تول)دا، واتە پێی بڵێ: بیك لە وشەی (بیکوژە)دا ئەمە لە چەشنی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرە {دروودو خوای لەسەربێ} کە دەفەرموێ: کفی بالسیف شا) یرید شاهدا. خوا پەنامان بدا، بەواستی لە وڵاتی ئێمەدا پیاو کوشتن لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە. سەد پیاو بکوژەو بچۆرە پاڵی حیزبێ ئیتر دەبی بە پاڵەوان.

- وەرگێڕ -

زیندەگییەکی گەورەو بەنرخ). بەپێی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێ) کە دەفەرموێ: (بەهیچ جۆرێ کوشتنی موسوڵمان دروست نییە، مەگەر بەهۆی یەکێ لەم سێ شتەوە..تاد) لە (صەحیحەین)و شوێنانی تریشدا هەیە کە حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکەسێ کەسێکی بکوژرێ خۆی سەرپشکە لەیەکێ لەم دوو کارە کامیان بەباش دەزانێ ئەوەیان هەڵبژێرێ: یا خوێن وەربگرێ، یا بکوژ بکوژێتەوە.

جا لەسەر ئەم بنیاتە هەقداری کوژراو هەقی کوشتنەوەی بکوژی هەیە، بەچی شێوەیەك کوژراوەکەی کوشتووە رێك ئاوا بەبێ زیادەو ئەتك پێکردن بیکوژێتەوە، وەك زاتی پاك دەفەرموێ: {وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلاَ يُسْرِف فِّي الْقَتْلِ – سورة الإسراء – ٣٣/١٧} واتە: وە هەرکەسێ بە ناڕەوا کوژرا شەریعەتی خودا رێگەی هەقدارەکەی دەدا کە تۆڵە لە بکوژەکەی بە تەواوی بسێنێ، وەنابێ ئەو هەقدارە زیادەڕەوی لە کوشتنەوەکەدا بکا.

جا گریمان بکوژ بە ئامێرێ زەلامەکەی کوشتبوو، وەك ئەوە بە گوللە کوشتبووی، خۆشی بە گوللە دەکوژرێتەوە، ئەگەر بە زەهر کوشتبووی، - کە ئامێر نییە – خۆشی بە زەهر دەکوژرێتەوە، ئیتر هەروا، نابێ زیادەڕەوی لە کوشتنەوەکەدا بکا، وەك ئەوە ئەتکی پێ بکا، جا هەر وەك مافی تۆڵە سەندنی هەیە مافی ئەوەیشی هەیە کە بکوژەکە ببەخشێ. وەك خوای مەزن دەفەرموێ: {فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاء إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ – سورة البقرة

– ١٧٨/٢} ئەگەر کوژراوەکە خۆی لە پێش گیان دەرچوونیا بکوژەکەی ئازاد کرد لە خوێنی خۆی، یا یەکێ لە کەس‌و کاری کوژراو بکوژی ئازاد کرد لە بەشەکەی خۆی لەو خوێنە، ئیتر نابێ بکوژ بکوژرێتەوە، وەدەبێ بەپێی باوی ناو خۆیان‌و لەسەر یاسایەکی جوان خوێن وەرگرن، وە بکوژیش خوێنەکە بدات بە خاوەن خوێن بە چاکی) مەبەست لە (عەفو) لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوەیە کە هەقدار واز لە کوشتنەوە بێنی لە کوشتنی بە قەستیدا، لە جیاتی ئەوە بە خوێن وەرگرتن رازی بێ. ئیتتیباع بە مەعروفیش ئەوەیە کە خاوە، خوێن لە داوای خوێندا توندی‌و تیژی بەکار نەهێنێ. بکوژیش دەبێ بەبێ بەقنگاخستن‌و خاوەن خاو خوێنەکە بە تەواوی بدا. ئەم داستانەیش دیسان بەلگەی ئەوەیە کە هەقدار خۆی سەر پشکە یا هەق دەسێنێ یا بکوژ لە کوشتنەوە ئازاد دەکا. حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: ئەی کۆمەڵەی خوزاعە! ئەوەتا ئێوە ئەم کوژراوەتان کوشتووە، کە لە هوزی هوزەیلە، ئەوا من بەخودا خوێنەکەی دەدەم، بەڵام لەپاش ئەم رووداوە هەرکەسێ کەسێ بکوژێ، کەسوکارەکەی خۆیان سەرپشکن، کام لەم دوو کارە بە چاك دەزانن ئەوە هەڵبژێرن:ئەگەر پێیان خۆش بوو ئەوا بکوژ بکوژنەوە، ئەگەر پێشیان خۆش بوو خوێن وەربگرن. (ئەبو داوود / تیرمیذی).

جا وەك گوترا خاوەن ماف ئەگەر تۆڵەی سەند ئەوا کارەکە دیارو ئاشکرایە، ئەگەر کابرای بەخشی خوێن پێویست دەبێ کە برێتییە لە سەد وشتر، دەدرێ لە خوێنی موسوڵمانی ئازاددا، جا ئەگەر کوشتنی بە قەستی بوو ئەوا بە لە سێ رووەوە خوێنەکە قورستر دەبێ.

یەکەمیان: خوێنەکە دەکەوێتە سەر خودی بکوژەکە، ناکەوێتە سەر کەسوکارەکەی (عاقلە).

دووەمیان: پێویستە دەسبەجێ بەبێ دواخستن.

سێیەمیان: بەم شێوە قورستر دەکرێ: هەم سانی وشترەکان گەورە دەکرێن، هەم بەشەکان لە پێنج بەشەوە دەکرێن بەسێ بەش لەسەر ئەم شێوەیە: پێویستە بکوژ خۆی لە مانی خۆی ئەم ژمارە وشترانە بدا لە خوێندا: سیی وشتری مێچکەی سێ سالانە، سیی وشتری مێچکەی چوار سالانە، چل وشتری ئاوس، بەلگەی ئەم بڕیارە ئەم فەرموودەیەتی (دروودەی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ بە ئارەزوو موسوڵمانێ بکوژێ ئەوە دەدررێتە دەستی خوێنڕەسەکانی کوژراوەکە، ئیتر ئەوان ئارەزووی خۆیانە یا بکوژ دەکوژنەوە، یا خوێن وەردەگرن، خوێنباییش سەد وشترە، لەسەر ئەم شێوەیە: سیی وشتری مێی سێ سانەو سیی وشتری مێی چوار سانەو چل وشتری ئاوس. وە هەردوو لایش لەسەر هەرچی رێك بکەون دروستە ئەمەیش بۆیە وایە تا خوێنبایی گران بێو خەڵك سڵ لە خوێن رشتن بکاتەوە (تیرمیذیو ئەبو داوود – تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانی غەریبە).

٢) کوشتنی هەڵەی پەتی (الخطأ المحض): هەڵەی پەتی بەم دوو نموونەیە روون دەکەینەوە:

یەکەم: وەك ئەوە تیری بنێ بە شتێکەوە، وابزانێ کە نێچیرە، یا درندەیە، یا شتێ تری خوێن رەوایە، بەڵام بەر پیاوێ بکەوێو بیکوژێ.

لەم نموونەدا بکوژ نیازی ئیشەکەی بووە، بەڵام نیازی کەسەکەی نەبووە.

دووەم: نە نیازی ئیشەکەو نە نیازی کەسەکەی نەبێ، وەك لە کاتێکا کە بە ڕێگەدا دەڕوا پێی هەڵکەوێ لە منانێكو بکەوی بە سەریاو بیکوژێ، یا شتێکی گوشندەی بە دەستەوەبێ دەستی بلەرزێو بڕژێ بەسەر کەسێکاو بیکوژێ.

بڕیاری کوشتنی هەڵە:

پێویستبوونی خوێنباییە، بەپێی ئایەتی: {وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ – سورة النساء – ٩٢/٤} واتە: موسوڵمانێ بە هەڵە موسوڵمانێ بکوژێ ئەوە پێویستە لەسەری کە بەندەیەکی موسوڵمان ئازاد بکا وە خوێنیش بدا بە خوێنڕەسی ئەو کوژراوە). ئەوەتا لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورە خوێنبایی پێویست کردووە بەڵام باسی تۆڵە سەندنی نەهێناوەتە ئاراوە. لە فەرموودەدا هەیە کە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) نامەیێ دەنوسێ بۆ خەڵکی ولاتی یەمەن تیایدا دەفەرموێ: خوێنبایی مرۆڤ سەد وشترە. خوێنبایی لە کوشتنی هەڵەی پەتیدا لەسێ لاوە سووك دەکرێ:

یەکەم: خوێنەکە لە جیاتی سێ بەش دەکرێ بە پێنج بەشەوە لەسەر ئەم شێوەیە: بیست وشتری مێچکەی یەك سالانە، بیست وشتری مێچکەی دوو سالانە، بیست وشتری نێری دوو سالانە، بیست وشتری مێچکەی سێ سالانە، بیست وشتری مێچکەی چوار سالانە. بەپێی ئەو

فەرموودەیە کە ئیبنو مەسعوود گێڕاویەتەوە، کە ئەم تەفصیلاتەی تیادایە، کە هەندێ وایان گێڕاوەتەوە کە ئەو فەرموودەیە فەرمایشتی پێغەمبەرە. بەهەر حاڵ رای جەماوەری هاوڕێیانی پێغەمبەر لەسەر ئەوەیە کە خوێنبایی هەڵە دەکرێ بە پێنج بەشەوە.

دووەم: خوێنبایی لەم کاتەدا دەکەوێتە سەر کەس‌و کاری کابرای بکوژ، کە پێیان دەگوترێ (عاقیلە) کە بڕێتین لەو نێرینە تەکلیف لە سەرانە کە لەکاتی ڕووداندا تاوانەکەدا هەن‌و ئەگەر کابرای تاوانکار بمرێ کەلەپووری لێ دەبەن، بە مەرجێ بنەچەو وەچەی تاوانکارەکە نەبن، وەك باوك‌و دایك‌و باپیرو نەنك‌و کوڕو کچ، ئەمانە لە کەسوکاری بە واتا (عاقیلە)نین. سەربەڵگەی ئەم بڕیارە ئەم فەرموودەیە: ئەبو هورەیرە {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: دوو ژنی هوذەیلی بوو بە شەڕیان یەکێکیان بەردێکی گرتە ئەوی تریان‌و خۆی‌و سکەکەی کوشت، جا کە بۆ دادخوایی دادیان بردە لای خۆشەویست {درووەد خوای لێ بێت} بڕیاریدا: کە خوێنی سکەکەی دەکاتە سەرێ، ئیتر ئەو سەرە بەندەبێ یا کەنیزەك بێ دەبێ وە بڕیاریشیدا کە خوێنی ژنە کوژراوەکەو خوێنی یەکەکەی لەسەر خوێنڕەسانی ژنە تاوانبارەکەیە، نەك لەسەر ژنەکە خۆی. وە کەلەپووری ژنە کوژراوەکەیشی دا بە منداڵەکانی‌و بە خزمەکانی تری.. تا کۆتایی فەرموودەکە کە بوخاری‌و موسلیم‌و ئەبو داوودو تیرمیذی و نەسائی گێڕاویانەتەوە (دانەر — ڕەحمەتی خوای لێبێ) بە تەصەرووف فەرموودەیەکی ڕاپێچ کردبوو. بەندە دەقەکەیم لە تاجول نوصولەوە ڕاگوێز کرد — وەرگێڕ).

بۆیەکا لەم بارەدا خوێن دەکەوێتە سەر خوێنڕەسەکان، چونکە هەڵەو نیمچە هەڵە زۆر روو دەدەن، لەبەر ئەوە و بەباش دەزانرێ کە کۆمەکی تاوانبار بدرێ، تا تووشی هەژارای و دەسکورتی نەبێ و بەهۆی هەژاریشەوە تووشی دەیان هەڵەی تریش نەبێ، کابرا خۆشی بۆرە مەهانەیەکی هەیە، بە پێچەوانەی گوشتنی بە قەستییەوە، چونکە ئەو بەهیچ جۆر مەهانەدار نیە، لەبەر ئەوە شایستەی یارمەتی و دڵ پێسووتان نیە، لە هەمانکاتدا ئەم خوێنە بە چەند قیستێ دەدرێ، خوێنی نێرینەی موسوڵمان بە ماوەی سێ ساڵ دەدرێ، هەر ساڵەی سێ یەکی دەدرێ، خوێنی ژنە موسوڵمان بە دوو ساڵ دەدرێ خوێنی بێبڕوا بە یەك ساڵ دەدرێ، لەبەر ئەوە دانەکەی زۆر گران نابێ لە سەریان. (ئەمەی کە نوسیمان لە بارەی خوێنی ژن و خوێنی بێبڕواوە قسەی شەریعەتی ئیسلامی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و دەقی فەرموودەی ئەصەحی مینهاجە. بەڵام دانەر رای بە جۆرێکی تر بۆیە لە بڕگەی سێیەمدا دەفەرموێ):

سێیەم: خوێنەکەیش بە قیست لە ماوەی سێ ساڵدا دەدرێ شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: ئاگام لێ نیە کە کەسێ هەبێ لاری لەوە هەبێ کە ساخ بۆتەوە کە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} بڕیاری داوە کە ئەو خوێنەی خوێنڕەس بیدەن بە سێ ساڵ ئەدرێ.

وەکی تریش عومەرو عەلی و ئیبن و عەببباس و ئیبن و عومەر {رەزای خوای لێبێ} وەهایان داناوە کە ئەم جۆرە خوێنە لە ماوەی سێ ساڵدا بدرێ، وە کەسیش رەخنەی لە بۆ چوون و رای ئەم زاتانە نەگرتووە، لەبەر

ئەوە بڕیارەکەیان بووە بە یەکگرتن، چونکە ئەم زاتانە لە زانا گەورەکانی سەحابەکانن، شتی و گرنگ لە ئایینداا بەرای خۆیی نالێن، مەگەر بە (توقیف)[1].

٢) کوشتنی نیمچە قەستیو نیمچە هەڵە. نیمچە قەستی ئەوەیە نیازی ئیش (فیعیل)ەکەو کەسەکەی هەبێ، بەڵام بە شتێك ئیشەکە ئەنجام بدا کە زۆرتر وابێ کوشندە نەبێ، وەکوو بە قەمچی یا بە تووڵێ یا بە بەردێکی بچووك بدا لە کەسێو بەو لێدانە سووکو کەمە بەڕێکەوت بمرێ. بەم جۆرە کوشتنە کوشتنەوە پێویست نابێ، بەڵام خوێنێکی قورس دەکەوێتە سەر خوێنڕەس (عاقیلە) بەپێی تەمەنی وشترەکانو ژمارەی سالەکان کەسێنو زیاتر نین خوێنەکە قورسە، جا پێویستە کە سیی وشتری مێچکەی سێ سالانەو سیی وشتری مێچکەی چوار سالانەو چل وشتری ئاوس بدەن بە خاوەن خوێن. بەپێی ئەوەش کە دانی خوێنەکە دەس بەجێ نیەو مۆڵەتدارە هەتا سێ ساڵ دادەنرێ بە خوێنی سووککراو. بەڵگەی ئەمەیش داستانی دوو ژنە هوذەیلییەکانە کە لە پێشەوە رابورد.

بەڵام ئەگەر کابرای کوژراو منالێ بوو، یا نەخۆش بوو، وە زوربەی کات وەك گەورەو ساخ بەرگەی ئەو جۆرە لێدانەی نەدەگرت، یا گەورەو بەهێزبوو بەڵام کابرای تاوانبار کەرکوژی بەو تووڵە یا بەو قەمچییە

---

[1] تەوقیف ئەوەیە سەرچاوەی زانیاری لە بارەی بڕیارو چۆنێتیو هەواڵی شتەوە بگەڕێتەوە بۆ سەر سرووشی خوایی.

- وەرگێڕ-

دایگرت هەتا مرد، ئەوە دادەنرێ بە کوشتنی بەقەستی، وەکو شتنەوەی دەکەوێتە سەر (واتە: ئامێرو هۆی تاوان بەپێی کەس‌و بارودۆخ دەگۆڕێ – وەرگێڕ).

٣٠٣) مەرجەکانی پێویستبوونی تۆڵەسەندن:

ئەم چوارە لەکاتی مسۆگەربوونی کۆشتنەوەدا مەرجن:

مەرجی یەکەم: دەبێ بکوژەکە تەکلیفی لەسەربێ، واتە: رەسیدەو هۆشیاربێو بێبەڕوای جەنگکەر نەبێ. کەواتە کوشتنەوە نیە لەسەر نارەسیدەو شێت، چونکە وەك لە پێشەوە لە فەرموودەدا رابورد ئەم جۆرە کەسانە تەکلیفیان لەسەر نیە، هەروا خەوتوویش کە لە خەودا بەبێ ئاگا بەدەم خەوەوە بتلێتەوە بەسەر کەسێکداو بیکوژێ، ئەمیش تۆڵە سەندنی لەسەر نیە بەپێی هەمان فەرموودەی پێشەوە، هەروا کوشتنەوە لەسەر زیندەوەریش نیە، چونکە ئاژەڵو زیندەوەران، مرۆڤی لێ دەرچێ، تەکلیفیان لەسەر نیە.

بەڵام هەموو کاتێ بوونی هۆشی ساخ مەرج نیە، وەك ئەوە کابرای بکوژ بە ئارەزوو، بەبێ مەهانەی رەوا، خۆی سەرخۆش بکا بە شتێکی ناڕەوا، کە پێی دەگوترێ سەرخشیی تاوانکار، لەم کاتەدا تۆڵەی لەسەرە. هەروا ئەگەر بە خواردنەوەی دەرمانێ کە پێی تاوانیار ببێ هۆشی خۆی لابباو، هەروەك لەم حاڵانەدا تەڵاقی تەڵاقخۆریش دەکەوێ، نەك هەر تەڵاق بەڵکوو لەسەر هەموو کردارێکی تریش بەر پرسیارە.

له هەمان کاتدا ئەگەر بڕیاری کوشتنەوەی نەدەین مەعنای وایە رێخۆش دەکەین بۆ هەموو کەسێ، هەر کاتێ ویستیان کەسێ بکوژن بچن لە پێشدا خۆیان سەرخۆش بکەن هەتا نەکوژرێنەوە! دەی شتی واتە: سەردەکێشێ بۆ خوێنڕشتنی زۆری ناڕەوا.

مەرجی دووەم: ئەوەیە کە بکوژەکە زیادی نەبێ بەسەر کوژراوەکەدا، بەهۆی ئیسلامەوە، کە لەم کاتەدا کوژراو بە سیفەتی بێبڕوایی کەمیی هەیە بەرابەر بکوژ، کەواتە: موسوڵمان ناکوژرێتەوە لە جیاتی بێباوەڕ (ئیمامی بوخاریو ئیمامی موسلیم {رەزای خوایان لێبێ} فەرموودەیەکیان لەم بابەتەوە گێڕاوەتەوە) (بڕوانە تاجول ئوصول بە کوردی ب – ١ ل – ٨٨ ز – ١٦ ف – ١ + ب – ٣ ل ٢٧٥ ف – ١ ز – ٩٩ – وەرگێڕ) ئەمەی کە دەفەرموێ: موسوڵمان لە جیاتی بێ بڕوا ناکوژرێتەوە مەذهەبی مالیكو ئەحمەدو ئیسحاقە. ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: موسوڵمان لە جیاتیی بێبڕوای پەنادراو (ذمی = ئەو کافرانەی لە پەنای ئیسلامدا دەژین) دەکوژرێتەوە، بەڵام لە جیاتی بێبڕوای پەیماندار (موعاهەد – خاوەن عەهدو پەیمان، بەڵام لە وڵاتی خۆی بژی، نەك لەناو موسوڵماناندا)و لە جیاتی بێبڕوای جەنگی ناکوژرێتەوە.

هەقایەتێ دەڵێ: جارێ موسوڵمانێ بێبڕوایێ دەکوژێ، بۆ دادگایی دەیبەن بۆ خزمەت ئەبو یوسف – کە یەکێکە لە شاگردە گەورەکانی ئەبو حەنیفە – ئەبو یوسف بڕیار دەدا کە موسوڵمانەکە لە جیاتیی

بێبڕواکه بکوژرێتەوه، جا پیاوێ کاغەزێکی بۆ دەبا ئەم شیعرانەی تیا دەبێ:

یا قاتل المسلم بالکافر ... جرت، وما العادل کالجائر
یا من ببغداد وأطرافها ... من فقهاء الناس أو شاعر
جار علی الدین أبو یوسف ... بقتله المسلم بالکافر!
فاسترجعوا وابکوا علی دینکم ... واصطبروا فالاجر للصابر

واتە:

لە جیاتی کافر دەکوژی موسوڵمان!
کەی نەمە داده ئەی خاوەن وێژدان
ئەی خەڵکی بەغدا، ئەی خەڵکی جیهان!
لە مەلای زانا و لە شاعیری جوان
وا ئەبو یوسف دینتانی فەوتان:
لە جیلتیی کافر دەکوژی موسوڵمان
(انا لله) کەن، بگرین بۆ دینتان
پاداشی خۆگر واتە: لەلای یەزدان!!!

هەروا دەبێ بکوژەکە زیادی نەبێ بەسەر کوژراوەکەدا بە نازادی. کەواتە: نەگەر نازادێ بەندەیێ بکوژێ ناکوژرێتەوە لە جیاتیی. خوای ئەو کۆیلەیە بەندەبێ، یا پاشەمەرگە (مودەببەر)بێ، یا کاغەز پێدراوبێ، یا کەنیزەکی دایکی منالّ بێ، بەپێی ئایەتی {الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ زنجیره - ٢٩٨}.

ئیمامی عەلی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: بووە بە یاسای شەریعەت کە ئازاد لە جیاتیی بەندە ناکۆژرێتەوە. بەڵگەیەکی تریش ئەوەیە: (کە ئەندامەکانی موسوڵمانی ئازاد لە جیاتیی ئەندامەکانی کۆیلە نابڕرێن، کەواتە: چۆن گیانی لە جیاتیی گیانی ئەو دەردەکرێ، ئەم خراپترە چۆن شتی وا دەبێ).

مەرجی سێیەم: نابێ بکوژەکە باوکو باپیرو دایکو نەنکی کۆژراوەکەبێ، با بەرەو ژوورتریش بێ، واتە: بنچینە ناکۆژرێتەوە لە جیاتیی وەچەی خوێ، بەپێی ئەم فەرمایشتەی عومەر {رەزای خوای لێبێ} کە لەهۆی داستانێکەوە دەفەرموێ: (لەبەر ئەوە نەبێ کە بەگوێی خۆم لە زاری پێغەمبەرم بیستووە {دروودی خوای لەسەربێ} دەیفەرموو: باوک ناکوژرێتەوە لە جیاتی کوڕی خۆی، لەبەر ئەمە نەبوایە دەم کوشتیتەوە. دەی زووکە خوێنەکەی بێنە، ئەویش خوێنەکەی هێنا بۆ عومەر، عومەریش دایە دەستی کەلەپوور گرەکانی کۆژراوەکە) (بەیهەقی، دەیش فەرموێ: رشتەکەی دروستە، حاکمیش هەروا دەفەرموێ). وەکی تریش بنچینە هۆی پەیدا بوونی نەوەی خوێەتی، لەبەر ئەوە نابێ وەچەی خۆی کە خۆی مایەی بوونیەتی ببێ بەهۆی نەمانو فەوتانی ئەو.

مەرجی چوارەم: ئەوەیە کە خوێنی کۆژراوەکە پارێزراوبێ ئەگەر وا نەبوو خوێنی بەفێڕۆ دەڕوا، وەك ئەوە داوێنپیسی هاوسەر داربێ (زان محصن) خوای داوێنپیسییەکەی بە بەڵگەو شایەت چەسپابێ یا بە پێڵێنان.

٣٠٤) کۆمەڵێ لە جیاتیی یەک کەس دەکوژرێنەوە:

هەر کاتێ چەند کەسێ بە هاوبەشی کەسێکیان کوشت، وە مەرجەکانی تۆڵە سەندن هاتنەجێ، ئەوە هەموویان دەکوژرێنەوە، بە مەرجی ئەوە کە کاری هەرکامەیان بە تەنها بگیرێ ببێ بەهۆی کوشتنی کوژاروەکە، چونکە ئەم ئایەتە گشتایەتی دەگەیەنێ کە دەفەرموێ: {وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا}.

لەبەر ئەوەیش کە ئیمامی عومەر {رەزاد خواد لێبێ} حەوت کەس یا پێنج کەسی لە خەڵکی صەنعای یەمەن لە جیاتی یەک کەس کوشتەوە، وە فەرمووی: ئەگەر سەرجەم خەڵکی یەمەن دەستیان لە کوشتنی ئەم کوژراوەدا هەبوایە هەموویانم وەک ئەم چەند کەسە لە جیاتی دەکوشتەوە. هەروا ئیمامی عەلیش {رەزاد خواد لێبێ} سێ کەسی کوشتەوە لە تۆڵەی یەک کەسدا، موغیرەیش {رەزاد خواد لێبێ} حەوت کەسی کوشتەوە لە تۆڵەی کەسێکدا. ئیبنو عەببباسیش {رەزاد خوداله هەموویان بێ} دەفەرموێ: ئەگەر کۆمەڵێ بگەنە سەد کەسیش یەکێ بکوژن بڕیاری کوشتنەوەی هەموویان دەدەم. کەسیش رەخنەی لەم فەرمایشتەی ئیبنو عەببباس نەگرتووە، لەبەر ئەوە بووە بە یەکگرتن، دیسان لەبەر ئەوەیش کە هەتا یەکێ لەو بکوژانە بمێنێ کەسوکاری کوژراوەکە ئۆخەی ناکەن، وە لەسەر ئەم شێوەیەیش تۆڵە نەسێنرێ چاوترسان دروست نابێ!.

٣٠٥) تۆڵەی ئەندام (قصاصی ئەطراف):

هەر وەك چۆن هاوكفیو هاوچەشنیی بكوژو كوژراو مەرج بوو بۆ تۆلە وەرگرتن لە بكوژ، ئاوەها هاوسانیو هاو چەشنیی ئەندامی هەردووڵا مەرجە. دەی ئەگەر كەسێ لە جیاتی كەسێ نەدەكوژرایەوە، وەك ئەوە بكوژ بنچینەی كوژراو بوو، ئەوە ئەندامیشی لە جیاتیی ئەندامی ئەو كەسە نابڕێتەوە، چونكە هاو چەشنیی پێویست فەوتاوە، كەواتە: دەستی موسوڵمان لە جیاتی دەستی بێبڕوا نابڕرێ، هەروا دەستی ئازاد لە جیاتی دەستی كۆیلە، هەروا دەست لە جیاتی پێ نابڕرێ، هەروا لووت لە جیاتی گوێ، هەروا دەستی راست لە جیاتی دەستی چەپ، یا دەستی چەپ لە جیاتی دەستی راست نابڕرێ. هەروا هەموو ئەندامەكانی تریش. نە چاوی راست لە جیاتی چاوی چەپو نە چاوی چەپ لە جیاتی چاوی راست كوێر دەكرێن، وە نەڵێوی خواروو لە جیاتی لێوی سەروو دەبڕرێ، نە بە پێچەوانەوە، نە پەنجە تووتە لە جیاتی پەنجە كەڵە دەبڕرێ نە بە پێچەوانەوە، وە نە سەر پەنجەی پەنجەیێ لە جیاتی سەر پەنجەی پەنجەیەكی تر كە لە چەشنی خۆی نەبێ دەبڕرێ، چونكە هاو جۆریو هاو وێنەیی فەوتاوە، چونكە هەر ئەندامەی رێگەو جێگەو قازانجی تایبەتی خۆی هەیە كە جیایە لە هینی ئەوانی تر. هەروا دەستی ساغ لە جیاتیی دەستی ئیفلیج نابڕرێ، یا چاوی ساغ لە جیاتیی چاوی كوێر دەرناهێنرێ یا كوێر ناكرێ، بە پێچەوانەی گوێچكەی ئیفلیجەوە كە لەجیاتی گوێچكەی ساغ دەبڕرێ، چونكە كەڵكی هەرماوە، دەنگ كۆ دەكاتەوەو جڕوجانەوەریش لە كڕكڕاگە دوور دەخاتەوە.

٣٠٦) تۆڵەی برین (قصاص له جراحاتدا):

هەر وەك تۆڵەی سەرو تۆڵەی ئەندام دەستێنرێ تۆڵەی چەند برینێکی تایبەتیش دەستێنرێ. بەپێی ئەم فەرمایشتەی زاتی مەزن: {وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ - سورة المائدة - ٤٥/٥} واتە: هەر برینێ مەودای ئەوەی هەبێ کە تۆڵەی بسێنرێ بەبێ زیادو کەم تۆڵەی بەپێی خۆی دەستێنرێ).

روونکردنەوەیێ:

بـرین هەیـەتی جیاکـەرەوەی پارچـەیەکە لـە لـەش، هەیـەتی جیاکـەرەوە نیـە، برینـی جیاکـەرەوەیش یـا لـە جمگـەدا دەبـێ، یـا لـە شوێنێکی تردا دەبێ، جا ئەگەر لە جمگەدا بوو ئـەوە تۆڵەی هەیـەو بـە دوورو درێژی لەناو کتێبەکانی شەریعەتدا باسیان کراوە، ئەگەر برین لـە جمگەدا نەبوو ئەوە تۆڵە (قیصاص)ی نیە، چونکە ئەستەمە زەبتـی هـاو وێنەیی لە نێوانی برینی تاوانکارو برینـی هەقسێندا بکرێ، وەك ئـەوە دەسـتی لـە نیـوەی لەپیـدا بکرتێنـێ، ئەمـە تۆڵـەی ناسـەنرێ، بـەڵام (حوکوومەتی) نیو لەپی هەیە، لەسـەر فەرمایشتی فـەرموودەی دروست (حوکومـەت: برێتییـە لـە ئەندازەیـەك پـارە کـە حـاکم برپـاری دەدا بـە بەرابـەر بـەو شکستەیە - شـەریعەتی ئیـسلام. مامۆسـتا عبـدالکریم - وەرگێـڕ) گریمـان لـە ناوەڕاسـتی باسـکیدا دەسـتی کرتانـد، لەمووچـی دەسـتیدا دەسـتی دەبـرێ حوکوومـەتی نیـوەی باسکیـشی لێ دەسـتێنێ، ئەگەر بەخشی ئەوە خـۆیتی لـەپی دەکـەوێ لەگـەڵ حوکوومـەتی نیـوەی

باسکی، شکاندنی ئێسکیش تۆڵەی نییە،چونکە لە شتی وادا هاو وێنەیی دابین ناکرێ، بەڵام دەقەبڵێنرێ بە پارەوپارەکە دەدرێ بەئێسک شکاوەکە،وەکی تریش جیاکردنەوەی پارچەیش لەلەش ئەگەر لە جمگەدا بوو ئەوە تۆڵە پێویستە. ئەمانە دادەنرێن بەجمگە: سەرپەنجە، گرێ پەنجە، مووچ، کەشکەژنۆ، جمگەی پێ، جمگەی ڕان سەرجمگەی شان، جا ئەگەر دەتوانرا تۆڵە وەربگیرێ ئەوا تۆڵە وەردەگیرێ، لەجیاتیی دەست دەستی دەبڕرێ، بەڵام بەمەرجێ نەبێ بەهۆی ئەوە کە تەنیشتی ئەندامە بڕاوەکە کونی تی ببێو ناوسکی دەربکەوێ، ئەگینا تۆڵە سەندنیان تیا دروست نییە، گەرچی تاوانکار ناوسکیشی دەرخستبێ، چونکە ئەم جۆرە برینە قوڵانە زەبت ناکرێن،شتیش کە ئەندازەی نەزانرا تۆڵەی ناسەنرێ. هەر برینێ ئەندام لە لەش جیا نەکاتەوە تۆڵەی تیا نییە، یەك جۆرە برین نەبێ کەپێی دەڵین: (موضحة: ئێسك دەرخەر) ئەم جۆرە برینە لە سەرو ڕوخسارو سینگو شوێنەکانی تری لەشیش دەکرێ، وەك باسكو وردیلەی پەنجە، بۆیە وا ناو نراوە چونکە پێستو گۆشت لە ئێسك دادەماڵێو ئێسکەکە دەردەخا. برینی ئێسك دەرخەر بۆیە قیصاصی تیادا هەیە چونکە هاووێنەیی لە ئەندازەی ڕوبەردا دابین دەکرێ، جا ئەگەر قرۆنجانەکە لەسەردا بوو، ئەوا بە موسێ سەری تاوانبار دەتاشرێ، ئەوجا بەقەد ئەندازەی برینی تاوان لێ کراو لەسەری تاوانکار دیاری دەکرێ، ئەوسا بە تێغێ ئێسقانەکەی دەردەخرێ! بەڵام نابێ بە شمشێر ئەم تۆڵە سەندنە ئەنجام بدرێ، چونکە دەمی شمشێر گەورەیە، کەمیو زۆرییی برینەکەی پێ دابین ناکرێ، هەروا نابێ بە بەردو داردەستیش برینەکە لە لەشی تاوانبار

دروست بکرێ، با تاوانبار بەم شتانەیش برینەکەی لە جەستەی تاوان لێ کراو کردبێ، چونکە ئەم جۆرە برینە مەترسیدارانە بەم جۆرە ئامێرانە سەیتەرە ناکرێ بە سەریانداو کونترۆڵی لەمپەریان ناکرێ. بایەخ دانانرێ بۆ ئەستورێو تەنکی و کەمو زیادی پێستو گۆشتو قەڵەوێو لەڕێو قەبەیی و بوو دەڵەیی لە نێوانی تاوانکارو تاوان لێ کراودا، لە کاتی تۆڵە وەرگرتنی سەر (نەفس)و ئەندامادا، وەکوو یاسایەکی گشتیش: (هەر تاوانێ لەمپەری کونترۆڵ نەکرێ دە قەبڵی بە پارە بەپێی یاسای حوکمەت وەرگرتن).

٣٠٧) خوێنبایی: خوێن (دیە):

خوێنبایی لە شەرعدا برێتییە لە سامانێ پێویست دەبێ لەسەر مرۆفێکی ئازاد بەهۆی کردنی تاوانێکەوە، کە کردوویەتی لە سەریا لە ئەندام. خوێنبایی دوو جۆرە: خوێنی قورس و خوێنی سووک، خوێنی قورس برێتییە لە سەد سەر وشتر لەسەر ئەم شێوەیە: سیی وشتری مێچکەی سێ سالانە، سیی وشتری مێچکەی چوار سالانە، چل وشتری ئاوس، کە دەدرێ لە خوێنی کوژراوێکی موسوڵمانی ئازادی نێرینەدا. ئەمە دەقی پێغەمبەر خۆیەتی {دروودو خوا لەسەربێ} لەو نامەدا کە ناردی بۆ خەڵکی یەمەن. بە قسەی ئیبنو یوونس یەک دەنگیو یەکگرتن لەسەر ئەمە دامەزراوە (لە ئەصڵەکەدا دەفەرموێ: ئیبنو یوسف. بڕوانە کفایە الاخیار – وەرگێڕ) خوێنی سووکەڵەیش برێتییە لە سەد وشتر لەسەر ئەم شێوەیە: بیست وشتری مێچکەی یەک سالانە، بیست وشتری مێچکەی

دوو سالانه، بیست وشتری نێری دوو سالانه، بیست وشتری مێچکەی سێ سالانه، بیست وشتری مێچکەی چوار سالانه، بەپێی ئەو فەرموودەیەی کە ئیبنو مەسعوود دەیگێڕێتەوە:حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خوێنی کوشتنی هەڵە دەکرێ بە پێنج بەش، هەر بەشەی پێنج یەکە. جەماوەری سەحابەکان لەسەر ئەوەن کە دەکرێ بە پێنج بەشی یەکسانەوە لە ژمارەی وشترەکاندا. ئەمە لە پێشەوە بە رووتی رابورد.

جا هەر کاتێ خوێن کەوتە سەر کەسێ، خوای تاوانبارەکە خۆی بێ، خوای خوێنڕەسەکانی بێ، ئەوە سەرنج دەدەین و دەڵێین: ئەگەر کابرای خوێن دەرخۆی وشتری هەبوو ئەوە پێویستە لە وشترەکانی خۆێ بیدا، هەر وەك پێویستە زەکات لەو ماڵە بدرێ کە هی خاوەنیەتی و گەیشتۆتە رادەی زەکات! لەسەر فەرمایشتی دیاریتر: ئەگەر تاوانبارو خوێنڕەسەکانی خۆیان وشتریان نەبوو دەبێ بەهاگەی بدەن، ئیتر بکاتە هەر چەندێ لە سەریانە کە بیدەن، چونکە پێغەمبەر خۆی (درودی خوای لەسەربێ) وشتری لەسەر خەڵکی دێهات دەقەبڵاند بە پارە، دەستووری وابوو کە وشتر گران دەبوو نرخەکەی پتر دەکرد، کە نرخی وشتر دادەبەزی نرخەکەی کەم دەکردەوە!.

لەبەر ئەوەش وشتر وەجەڵێکە شیاوی فەوتانە، وەکوو یاسایەکی گشتی هەر شتێ خودی خۆی لە جێگەیێ دەست نەکەوێ دەگەڕێینەوە سەر بەها قەبڵاوەکەی!.

ئەم قسەیە بەپێی فەرمایشتی نوێی ئیمامی شافیعییە (رەزای خوای لێبێ) بەڵام بەپێی فەرمایشتی دێرینی شافیعی ئەگەر خوێندەر

خۆی وشتری نەبوو ئاوا خوێن دەدا: خاوەن زێڕ هەزار لیرەی زێڕ دەدا، خاوەن زیو دوازدە هەزار درەمی زیوین دەدا، چونکە خۆشەویست (مرووەدە خوای لەسەربێ) کاغەزی نووسی بۆ خەڵکی یەمەن، لەو کاغەزەدا فەرموویەتی: (لەسەر خاوەن زیڕەکان خوێنبایی دەکاتە هەزار لیرەی زیڕ، لەسەر خاوەن زیوەکان دەکاتە دوازدە هەزار درەمی زیو).

٣٠٨) بەهۆی چەند شتێکەوە خوێنی هەڵە قورس دەبێ:

وەك لە پێشەوە رابورد خوێنبایی هەڵە لە سێ رووەوە سووکەڵەیە، چونکە دەکری بە پێنج بەشەوەو دەکەوێتە سەر خوێنڕەس‌و مۆڵەتدار (موئەججەل)یشە، بەڵام هەندێ جار شتێ روودەدا دەبێ بەهۆی قورسبوونی، وەك ئەم سێ حاڵەتە:

١) وەك بەهەڵە لە بەستی مەککەدا کەسێ بکوژێ، بەڵام لە حەرەم (بەست)ی مەدینەدا شتی وا رۆڵ نابینێ.

٢) یاخود لە یەکێ لە چوار مانگە حەرامەکەدا تاوانەکە روو بدا، کە برێتین لە نێو جەژنان‌و قوربان‌و موحەررەم‌و رەجەب.

٣) یاخود خزمێکی خۆیی خۆی بکوژێ، وەك براو خوشك‌و پوور، بەڵام کوشتنی خزمی ناخۆیی واتە: نامەحرەم وەکوو ئامۆزاو پورزا خوێنبایی پێ قورس نابێ. بەڵگەی قورسبوونی خوێنبایی هەڵە بە بۆنەی ئەم هۆیانەوە ئەوەیە کە سەحابەکان (خۆشنوودی خودایان لەسەر بێ) ئاوایان

کردووه. بەقسەی هەندێ لە زانایانی شەرع ئەم کارەی سەحابەکان دەنگی داوەتەوەو کەس رەخنەی لەمە نەگرتووەو سەرەنجام بووە بەیەکدەنگیو بەیەك گرتن. ئیمامی عومەر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: (هەر کەسێ لەناو سنووری بەستی مەککەدا کەسێ بکوژێ، یا خزمێ بکوژێ، یا لە مانگە رێزدارەکانا کەسێ بکوژێ، کە لە زاراوی شەرعی شەریفا ناویان ئەشهورو لحوروکە، ئەوە خوێنێکی تەواوو سێیەمە خوێنێ دەکەوێتە سەری). ژنێکیش لەکاتی تەوافدا بوو بوو بە ژێر پێوە، ئیمامی عوسمان {رەزای خوای لێبێ} بڕیاریدا کە خوێنەکەی دەکاتە هەشت هەزار درەم، شەش هەزاری خوێنی ئاسایی ژنە، دوو هەزاریشی لەبەر خاتری رێزی بەست. کابرایەکیش لەناو بەستی شاری مەککەدا، لە مانگی حەرامدا، بە هەڵە پیاوێ دەکوژێ، ئیبنو عەبباس {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: خوێنەکەی دەکاتە بیست هەزار درەم، چونکە خوێنی ئاسایی پیاو دوازدە هەزار درەمە، چوار هەزار درەمی دەخرێتە سەر لەبەر خاتری شکاندی رێزی مانگی حەرام، چوار هەزاری تریشی دەخرێتە سەر لەبەر خاتری رێز شکاندی بەلەدولحەرام، سەرجەمی دەکاتە بیست هەزار درەم، کەسیش لە هاوڕێیانی پێغەمبەر {دروودی خودا لەخۆی و رەزای خوا لە یارانی} لارییان نەبوو لەم بڕبارەی ئیبنو عەبباس. لەبەر ئەوە بوو بە ئیجماعو یەکگرتن. دەی ئەم جۆرە کارو بارە شەرعییانە بە کۆششکاریو ئیجتیهاد پەییان پێ نابرێ، بەڵکوو تەنیا لە رێگەی وەرگرتن لە پێغەمبەرەوە دەزانرێنو بەس. کە بەوە لە زاراوا دەگوترێ: تەرقیف.

٣٠٩) خوێنبایی ژن:

خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە بەپێی فەرموودەکەی عەمری کوڕی حەزم: پێغەمبەر (درووده خواى لەسەربێ) دەفەرموێ: خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە. ئەمە دەگێڕنەوە لە عومەرو عوسمانو عەلیو لەهەر چوار عەبدوڵڵاکانەوە (رەزاى خوایان لێبێ) وەرای ئەم زاتانە بەهەر چوار لادا بڵاو دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشا کەس رەخنەی لێیان نەبووە، ئیتر بووە بە یەکگرتن. عەبدوڵڵاکان کە چوار کەسنو ناودارن بە عەبادیلە، خۆیانو باوکیان سەحابەن. ئەمەیش ناوەکانیانە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر.

٣١٠) خوێنبایی خاوەن نامەکان:

خوێنی جوولەکەو مەسیحی سێیەکی خوێنی موسوڵمانە. خوای پەیماندارین، یا خاوەن ئەمان بن، یا خاوەن عەهدو پەیمان بن، شتی وا لە پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە، دەگێڕنەوە ئیمامی عومەر (رەزاى خواى لێبێ) خوێنی جوولەکەیەکی کوژراوی دانا بە چوار هەزار درەم، مەجووسییەکیش کوژرابوو بڕیاریدا کە خوێنەکەی هەشت سەد درەمی زیوبێ (بەیهەقی گێڕاویەتەوە بە رشتەیەکی دروست) لەبەر ئەوەیش چونکە ئەمە کەمترین ئەندازەی خوێنی ئەمانەیە کە قسەی لێ گرابێ، بنەڕەتیش ئەوەیە کە ئەستۆ خاوێنە لەهەر شتێ کە لەمە زیاتربێ، هەتا بە بەڵگەیێ ئەو پتڕییە دەچەسپێ!.

بەمەرجێ خوێن دەدرێ بە ئاگر پەرست کە ئەمان پێ دراوبێ، دەی ئەم جۆرە بڕیارو ئەندازە دانانە هەروا لە خۆوە بە قسە نابن، مەگەر بە وەرگرتن لە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ). وەك دەرکەوت خوێنی ئاگر پەرستو ئەو نەتەوانەی تر کە لە ریزو پایەی ئاگر پەرستانن پێنج یەکی خوێنی خاوەن نامەکانە، ئەومیش دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن بەم سەرنجە: گاورو جوولەکە خاوەنی نامەی خودایین، کە تەورات‌و ئینجیلە، لە بنچینەدا لەسەر ئایینی راست‌و دروست بوون، ژن خواستن لێیان دروستە، گۆشتی ئاژەڵی سەر بڕاوی دەستیان بۆ موسوڵمان جەلاڵە، هەر کاتێ سەرانە بدەن لە سەرحاڵو ماڵی خۆیان ئیقرار دەکرێن. بەڵام مەجووسی (واتە:ئاگر پەرست) لەم پێنج بەهرەیە تەنیا یەکێکیانی بۆ هەیە کە ئەویش ئەومیە: بەهۆی دانی سەرانەوە ئامان دەدرێن‌و سەرو ماڵو ناموسیان دەپارێزرێن!.

بڕانن:

کە خوێنی بتپەرست‌و ڕۆژ پەرست‌و گا پەرست‌و دارو بەرد پەرست‌و زەندیق‌و بێ ئایین دەق وەك خوێنی ئاگر پەرست وایە، بەزیو دەکاتە هەشت سەد درەم، بەزێڕ دەکاتە: بیست لیرەی زێڕ، بەوشتر دەکاتە: شەش وشترو دوو سێیەکی وشترێ، خوێنی ژن‌و نێرو مێشیان نیوەی خوێنی پیاویانە.

٣١١) بڕین و لە کارخستنی هەندێ ئەندام خوێنێکی تەواویان دەکەوێ:

وەك زانیت خوێنی سەر (نەفس) دەکاتە سەد سەر وشتر، لەسەر فەرمایشتی نوێی ئیمام، وە دەکاتە هەزار لیرەی زێڕ، یا دوازدە هەزار درەم لەسەر فەرمایشتی دێرینی ئیمام {رەزای خوای لێبێ} لە هەمانکاتدا ئەوەیشمان زانی کە تاوان یا تاوانە لەسەر، یا تاوانە لە شتێ تری لەش، تاوان لە بەشەکانی لەش یا تاوانە لە ئەندام یا تاوانە لە شتێ تر، جا بزانە کە هەر تاوانێ بەپێی گەورەو بچووکی خۆی جۆرە تۆڵە، یا بژاردن، یا قەبلاوێکی هەیە، تۆڵە: قیصاصە، بژاردن: ئەرشە، قەبلاو: حوکوومەتە، کە لەمەولا قسە لەم باسانە دەکرێ. جا هەر تاوانێ بژاردنی بۆ دیاری کرابێ یا کەڵکی ئەندامەکەیە، وەك نەمانی بینایی چاو، یا ئەندامەکەو کەڵکەکەیەتی پێکەوە، وەك هەردوو دەست و هەردوو پێ و هەردوو گوێ، کە هەرکامێ لەمانە بڕیاری خۆی هەیە.

جا وا دەبێ لە دەسچووەکە لە تاوانەکەدا بەس ئەندامەکەیە، یا هەر کەڵکەکەیەتی، لەگەڵ ئەوەیشا خوێنی ئەو فەوتاوە، خوێنی ئەو لە دەسچووە دەکاتە خوێنی مرۆڤێکی تەواو. بۆ نموونە: لە بڕینی هەردوو دەستا تەواوی خوێنێ پێویست دەبێ، کە دەکاتە سەد وشتر، لە بڕینی یەك دەستدا نیو خوێنی تەواو پێویست دەبێ. چونکە پێغەمبەر {درووودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە فەوتانی هەردوو دەستا خوێنێ پێویست دەبێ. وەك لە فەرموودەکەی جابیردا وا دەفەرموێ: لەو نامەیەدا کە ناوداره بە نامەکەی عەمری کوڕی حەزم {رەزای خوای لێبێ} کە پێغەمبەر {درووودی خوای

لەسەربڕ} ناردی بۆ خەڵکی یەمەن ئەمەی تێدا بوو: هەر کەس لە خۆیەوە بە قەستی موسوڵمانێکی بێ سووچ بکوژێ و بە شایەت و بەڵگە ئیسپات ببێ لەسەری ئەوە لە جیاتیی دەکوژرێتەوە، مەگەر خاوەن خوێنەکان بە خوێن وەرگرتن رازی بن!.

خوێنی هەموو کەسێکیش دەکاتە سەد وشتر، لووتیش ئەگەر بە تەواوی قرتا بوو یەك خوێنبایی تەواوی دەکەوێ، زمانیش نە ئەگەر بڕا خوێنێکی تەواوی دەکەوێ، هەروەها هەردوو لێو، هەروەها هەردوو هێلکەی باتوو، وە هەروەها چووك، هەروەها بڕ بڕاگە، هەروەها هەردوو چاو، یەك پێش نیو خوێنی دەکەوێ، وە ئەو زامەیش بگاتە پەردەی مێشك خوێنەکەی دەکاتە سێیەکی خوێنبایی، هەروەها ئەو زامەیش کە بگاتە بۆشایی سەر یا سینگ یا سك، وە ئەو زامەیش کە تووێخی سەر نێسك بگوێزێتەوە (المنقلە) خوێنەکەی دەکاتە پازدە وشتر، خوێنی هەموو پەنجەیەکیش (چ هی دەست بێ چ هی پا) دەکاتە دە وشتر، خوێنی هەموو ددانێکیش دەکاتە پێنج وشتر، خوێنی ئەو زامەشی کە نێسکی دەرخستبێ دەکاتە پێنج وشتر، وە بێگومان کە پیاویش لە جیاتی ژن دەکوژرێتەوە، وە ئەو کەسەیش کە زێڕی هەیەو دەیەوێ بەزێڕ خوێن بدا نەك بە وشتر دەبێ هەزار دیناری زێڕ بدا (ن/ د/ ت).

مەبەست لە دەست لەپە هەتا مووچ، بەپێی ئایەتی {فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا – سورة المائدة – ٣٨/٥} واتە: دەستی دز، چ پیاوبێ، چ ژن بێ ببڕن). چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دەستی دزی لە جمگەی مووچی دەستیدا دەبڕی، ئەوەیش رافەی ئەم ئایەتەیە بە کردەوە، وە

نیشانەی ئەومیە کە دەست بڕێتییە لە پەنجەو ناو لەپ هەتا موچ، هەم لە زمانا هەم لە شەرعا.

بەڵام ئەمە کاتێ وایە کە دەستەکە ساغ بێ، چونکە هاوسانی لە نێوان ئەندامەکاندا مەرجە، کەواتە دەستی ساغ لە جیاتیی دەستی ئیفلیج نابڕرێ، بەڵکوو ئەوە قەبڵاوی تیا هەیە، چونکە دەست دوو بەهرەی هەیە: کەڵکو جوانی، لەم کاتەدا قەبڵاو بەرابەر بە جوانی یەکەیەتی. بڕینی هەر دوو قاچیش خوێنێکی تەواوی دەکەوێ. پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لە بڕینی هەردوو پێدا خوێنێ پێویست دەبێ، وەك لە فەرموودەکەی ئیبنو شوعەیبدا وا دەفەرموێ: سەرنجی فەرموودەکەی {درووەد خوای لەسەربێ} کە بە کاغەز ناردی بۆ خەڵکی یەمەن بفەرموو بەڵام لە قاچا فەرقی قاچی شەڵو قاچی ساغ نیە، چونکە عەیبەکە لە خودی قاچەکەدا نیە، بەڵکوو شەلییەکە یا وا لە راندا، یا وا لەلاقدا، یا وا لە رەگدا بەهۆی کورتبوونەوەو شتی واوە دەشەڵێ، لووتیش: نەرمە لووتە (مارن) کە بڕێتییە لە سێ پەردە، کە عیبارەتن لەم لاولای نەرمەی لووت لەگەڵ ئەو تیغە گۆشتینەی کە لە نێوانی هەردوو کونە لووتدا هەیە، کە بێ ئێسکن، جا لە بڕینی ئەم سێ پەردەیەدا خوێنێکی تەواو هەیە، چونکە کەڵکی ئەم نەرمە لووتەیە ئەومیە لە هەموو لایەکەوە بۆن کۆدەکاتەوە لەناو بۆری لووتا، دەی کە بڕرا ئەو کەڵکە دەفەوتێ، چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: لووتیش ئەگەر بە تەواوی قرتابوو یەك خوێنبایی تەواوی دەکەوێ. ئەگەر دنیابوو نەرمەی لووتی بەهەر سێ پەردەکەیەوە بڕی لەگەڵ هەندێ لە بۆری لووتی ئەوە خوێنێکی دەکەوێ لەگەڵ قەبلاوێکا. لە

برینی هەردوو گوێدا خوێنێ پێویست دەبێ، بە مەرجێ لە بندا خشتیان بکا، بەڵگەی ئەمە حوکمکردنی عومەرو عوسمانە لەم مەسەلەیەدا لەسەر ئەم شێوەیە، وە کەسیش لاری لە برپارەکەیان نەبوو، لەبەر ئەوەیش دوو ئەندامن ئەمانیش خاوەنی دوو بەهرەن، دەق لە دوو دەست دەچن لەم بارەیەوە. کەڵکەکەیان ئەوەیە لەهەر چوار لاوە دەنگ کۆدەکەنەوەو دەیگەیەننە ناو کرکراگەی گوێ، کە جێگەی پەردەی ناو گوێیە کە دەنگ دەبیستێ، هاوکات لەگەڵ ئەومدا ناهێڵێ ئاوو هەوای ساردو گەرم برواتە ناو کونی گوێچکەوە، لەمەدا (واتە: لە برینی گوێ خشت لەبندا) جیایی نیە لە نێوانی بیسەرو کەرپدا، گوێی کەرو گوێی بیسندە لەکاتی برپندا خوێنێکی تەواویان دەکەوێ. لە هەڵکۆڵینی هەر دوو چاودا خوێنێ دەکەوێ، بەپێی نامەکەی عەمری کورِی حەزم، لەبەر ئەوەیش چاو لە مەزنترین ئەندامەکانی جەستەیە، لە کەڵکا مانەندی کەمە، کەوابێ چاو باشتر خوێنی دەکەوێ. وە لە پێویست بوونی خوێندا جیاوازی نیە لە نێوانی چاوی ساغو چاوی ناساغ دا، وەك چاوی تیژو چاوی کز، وەك چاوی ساغو چاوی زەدەدار، وەك چاوێ تانەی لەسەربی، یا چاوێ کەتکەتك بکا، یا شەو کوێربێ، یا خێلبێ، یا بچووکبێ، بە مەرجێ بینایی تەواوبێ. یەك چاو نیو خوێنی دەکەوێ، چونکە حەدیثێ هەیە لە بابەتی ئەوەوە کە خوێنی یەك چاو نیو خوێنە، لەبەر ئەوەیش کە بووە بە یاسا هەر دوو ئەندامێ کە پێکەوە خوێنەکەیان بکاتە خوێنێکی تەواو خوێنی یەکێکشان بە تەنها دەکاتە نیو خوێن، وەك هەردوو دەستو هەردوو قاچ، لە برینی هەر پێڵوویەکی چاویشدا چواریەکی خوێنێ هەیە، وە لەهەر چواریاندا

خوێنی کەسەکە بەتەواوی پێویست دەبێ، چونکە رەنگ‌و روخساریان پێ تەواو دەبێ‌و دەبن بە مایەی جوانی‌و بەهۆی کەڵک، لەبەر ئەوە لەم لایەنەوە وەکوو دوو دەستەوان، خواە ئەو پێڵووانە برژانگیان ببێ یا نەیانبێ، وە خواە پیڵووی چاوی بینابن یا هی چاوی کوێربن، بۆیە هەر پیڵووەی چواریەکی خوێنی تیایە چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە دابەشکردنەوە هەیە. لە بڕینی تەواوی زماندا لەبندا خوێنێ پێویست دەبێ، چونکە حەزرەت {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: (لە بڕینی زماندا خوێنێ هەیە) هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە فەرمایشتی ئەم زاتانەیشە: ئەبو بەکرو عومەرو عەلی {رەزای خوایان لێبێ} نەبیستراوە کە کەسیش لاری لە قسەکەیان هەبێ. ئەمە سەرچاوەی لایەنی جوانکاری‌و لایەنی کەڵک. ئەمانە هەموو یەکسانن: عەرەب‌و عەجەم‌و پسک‌و تورو لاڵەپەتەو زمان قورس کە بەگران قسەی بۆ بکرێ‌و زمان پس‌و یا کەسێ پیتێ بکا بە پیتێکی تر وەک هەندێ کەس لە جیاتی (گا رەش) دەڵێن: (گاغەش)!! لە بڕێتی هەردوو لێویشدا خوێنباییەکی تەواو هەیە. چونکە حەزرەت {درووده خوای لەسەربێ} لە نامەکەی کە نوسی بۆ عەمری کوڕی حەزم ئەمەی تیادا باس کردبوو لەبەر ئەوەیش دوو لێوە بە راستی مایەی جوانی‌و هۆی کەڵکن، کەواتە ئەوانیش وەک دوو دەستەوان. لە بڕینی هەر لێوێکدا نیوە خوێنێ هەیە، ئەگەر کەسێ بە تاوان دوو لێوی ئیفلیجکرد خوێنێکی تەواوی دەکەوێتە سەر، دەق وەک ئیفلیجکردنی دوو دەستە، هەروا لە بڕینی چووک ،ئەندامی نێرینەی پیاو)دا تەواوی خوێنبایی پێویست دەبێ، هەروا لە بڕینی هەر دوو هێلکەی گوندا خوێنێ هەیە، لە بڕینی یەک هێلکەدا نیو خوێن هەیە. سەر بەڵگەی

ئـەم دوو برپـارەیش فەرموودەکـەی عـەمری کـوڕی حەزمـە، لەبـەر ئـەوەیش چـونکە ئەنـدامی پیـاو هـۆی سـەرەکی کـەڵکی زاوزێیـە، کـە مـەزنترین گەڵکـە، لەمەیـشدا شـلە پەتـەو خەسـێنراوو سـاغ یەکسانن، چـونکە شـلە پەتـەیی نەنگێکـە وا لـە غـەیری چـووکدا، سـەرەڕای ئـەو بەڵگەیـەی کـە دەربـارەی دوو هێلکـەی گـون لـە فەرموودەکـەی عـەمری کوڕی حەزمدا هەیە بەڵگەیەکی تـریش هەیـە کـە ئەمەیـە: چـونکە ئـەم دووە تـەواو کـەری هەیکەڵـەو بنیـادی لەشـنو عـەماری تـۆوی زاوزێـن، ئەگەر هەردوو هێلکە گون ببڕیو ببی بەهۆی ئەوە تۆویشی نەمێنێ دوو خوێنی دەکەوێتەسەر.

٣١٢) باسی لابردنی کەڵکو هێز:

لەپاش ئـەم ڕوونکردنەوەیانـە لـە بـارەی تـاوانکردن لـە ئەنـدام دێینە سەر باسی نەمانی کەڵکو لابردنی هێز لە گیانی ئادەمیزاددا، ئەو هێزانەی کە بـژاردنی تایبـەتی هەیـە بەرابـەر بـە نەهێشتنیان ئەمانەن.

یەکەم: هێزی قسەکردنە. لە لابردنی هەموو هێزی قسەکرندا لـە زامنـی گۆیـادا خـوێنی کەسـێ بـە تـەوای پێویـست دەبـێ. چـونکە بـووە بەهۆی لە کیسچوونی باشترین کەڵکی زمان، دەق وەك سۆمای چاو، وە لە لابردنی هێزی گوتنی هەندێ پیتدا بەشە خوێنبایی بۆ دادەنرێ، بـەپێی ڕێژەی تێکڕای ئەو پیتانە کـە لـە زمـانی ئـەو کەسـەدا بـە عـادەت بـەکار

دەهێنرێن. بەڵام ئەگەر کەوتەوە سەر قسەکردنو زمانی بەربوو ئەوە دەبێ خوێنەکە رەت بکاتەوە!.

دووەم: هێزی چاوە. لە لابردنی هێزی بیناییدا تەواوی خوێنبایی کەسێ پێویستە، چونکە کەڵکی هەردوو چاو بڕێتییە لە هێزی دیتن، واتە: سۆمای چاو، دەی لەناوچوونی ئەو سۆمایە رێك لەناوچوونی هێزی هەردوو دەست دەکا، کە ئیفلیج کرابن، کەوابێ ئەمیش وەك ئەو دەبێ بەهۆی پێویستبوونی خوێنێ لەسەر تاوانکارەکە.

سێیەم: هێزی بیستنە. لەلابردنی هێزی بیستنی هەردوو گوێدا خوێنێ هەیە، چونکە ئەمە بڕیاری ئیمامی عومەرە {رەزای خوای لێبێ} کەسیش راجیایی نیشان نەداوە، لەبەر ئەوەیش کە هێزی بیستن لە نازدارترین هەستەکانی مرۆڤە، لەبەر ئەوە رێك وەك بینایی وایە لەم بارەیەوە.

چوارەم: هێزی بۆن کردنە. لە لابردنی هێزی بۆن کردندا بە تەواوی، خوێنێ دەچەسپێ لەسەر تاوانکار، چونکە هێزی بۆنیش یەکێکە لە پێنج هەستە، لەبەر ئەوە لە بینایی دەچێ! گوتیارێ دەبێژێ: لە لابردنی هێزی بۆنکردندا خوێن نیە، بەڵکوو قەبڵاو (حوکومەت) هەیە، چونکە کەڵکی دەسگای هەستی بۆنکردن لە چاو دەسگای هەستەکانی تردا زۆر لاوازو بی هێزە.

پێنجەم: هێزی ژیرییە، کە پێشی دەگوترێ: هۆش: ئەقڵ. لە لابردنی هێزی ئەقڵدا خوێنێ هەیە، واتە: ئەگەر کەسێ بە نارەوا بەهەر شێوەیێ، ئەقڵی کەسێکی نەهێشت، ئەوە دەبێ تەواوی خوێنی ئەو

کەسەبدا، چونکە لەو نامەیەدا کە حەزرەت نووسی بۆ ئالی عەمری کوڕی حەزم لە یەمەن ئەمەی تیادا بوو، لەبەر ئەوەیش کە ئەمە فەتوای عومەرو زەید بووە، وە کەسیش راجیایی نیشان نەداوە، لەبەر ئەوەیش کە هۆش لە نازدارترین هەستەکانە، کەواتە: لەناو گشت هەستەکاندا ئەو لە گشتیان لە پێشترە لەوەدا کە خوێنی تەواوی بکەوێ لەکاتی فەوتانیدا. مەبەست لە ژیری کە لابردنی خوێنێ پێویست دەکا ئەو هۆشە زکماکییەیە کە تەکلیفی پێوە پەیوەستە بەڵام ئەو ژیریو زرنگییەی کە لە ئەنجامی خوێندنو رۆشنبیریو هەوڵو تەقەللای زۆردا پەیدا دەبێو مرۆڤی پێ رۆشنبیرو زرنگ دەبێ ئەوە قەبڵاوی تیایە (لە شەریعەتی ئیسلامدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم دەفەموێ: ئەم هێزانە چواردەن، ئەمانەیش ئەوانی تریانن: (٦- هێزی دەنگ ٧- هێزی چەشتن ٨- هێزی جاوێنی خواردەمەنی ٩- هێزی هەڵمەتی دەست ١٠ — هێزی هەڵمەتی پێ ١١ - هێزی دەرپەڕندنی ئارەزووی مرۆڤە ١٢- هێزی خۆشی وەرگرتنە لە چوونەلای ژن ١٣- هێزی ئاوس کردنی ژنە ١٤- هێزی ئاوس بوونی ژنە) تکایە بڕوانە: شەریعەتی ئیسلام بەرگی چوار لاپەڕە (٦٧) وەرگێڕ).

٣١٣) باسی برینی ئێسك دەرخەرو ددان:

لە خوێنی برینی ئێسکدەرخەر (موضیحە)و یەك ددان دا پێنج وشتر دەدرێ، چونکە بە دەق لە هەندێ گێڕانەوەکانی فەرموودەکەی عەمری کوڕی حەزمدا {رەزای خوای لێبێ} وا دەفەموێ: وەك لە پێشەوە

رابورد، ئەوەیش بزانە هەرکاتێ ژمارەی برینەکان، یا ژمارەی ددانەکان زیاد بکەن ژمارەی بژاردنەکەیشیان بەقەد ژمارەی ئەوان زیاد دەکەن، کەواتە: خوێنی دوو زامی ئێسکدەرخەر دەکاتە دە وشتر، خوێنی خستنی دە ددان دەکاتە پەنجا وشتر.. ئیتر هەروا. بەڵگەی ئەم دوو بڕیارەیش لە پێشەوە رابورد.

٣١٤) خوێنی ئەو ئەندامەی کە سوودی دیاری نیە:

هەر ئەندامێ کەڵکی گەورەی دیاری کراوی نەبێ، هەروا هەر زامو بڕێنێ کە بژاردنی بۆ دیاری نەکرابێ، هەروا هەر تاوانێ لە لەشو لە هۆش کە بژاردنی تایبەتی بۆ بڕیار نەدرابێ، هەروا شکاندنی ئێسك، ئەم جۆرە تاوانانە حوکمڕانی شەرع ئەندازەیەك پارە بڕیار دەدا لە بەرابەریدا، کە لە زاراوەی شەرعی پێرۆزدا بەو ئەندازە پارەیە دەگوترێ (حوکومەت – قەبلاو). رێژەی ئەم ئەندازە پارەیە لەچاو کابرای تاوان لێ کراودا وەکوو رێژەی ئەو ئەندازەیەیە کە کەمی کردووە لە نرخو بەهای کابرای تاوان لێکراو بەهۆی برینەکەوە یا بەهۆی تاوانو شکستەکەوە لەچاو بەهاکەیدا بەساغی. بۆ نموونە: وا دادەنێین حەمەلاو کە موسوڵمانێکی نێرینەی ئازادە لەپاش تاوانەکەو لە پێش تاوانەکەدا ئەگەر بەندە بوایە بایی چەند دەبوو، با بڵێین لە پێش تاوانەکەدا بایی سەد لیرە دەبوو، لەپاش تاوانەکە بایی نەوەد لیرە دەبوو، کەواتە: دەیەکی بە هاکەی کەم بۆتەوە، دەی کەوابێ دەیەکی خوێنی خۆی کە موسوڵمانێکی نیرینەی ئازادە خوێنی لە جیاتی ئەم تاوانە دەکەوێ، کە

به وشتر دەکاتە دە وشتر، بەزێر دەکاتە سەد دیناری زێر. ئەگەر تاوان لێکراو ژن بێ، یا خاوەن نامە بێ، یا ئاگر پەرست بێ، یا بەندە بێ، یا کەنیزەك بێ، بە هەمان شێوە ئەندازە بۆ خوێنی زیانەکەی دیاری دەکرێ، کەواتە لەم نموونەیەدا لە جیاتی حەمە لاو دادامین بێ، کە ژنێکی ئازادی موسوڵمانی مەردە، خوێنەکەی ئاوا دەفەرموێ: دۆزینەوە: دەڵێین: ئەگەر ئەم ژنە ئازادە تاوان لێ کراوە ئەگەر کەنیزەك بێ بایی چەندە؟ دەڵێین بایی دە دینارە لە پێش تاوانەکەدا، بەڵام لە پاش تاوانەکە بایی نۆ دینارە، کەواتە: دەیەکی خوێنی خۆی دادەنرێ بە قەبڵاوی ئەم تاوانە. کە بە حوشتر دەکاتە پێنج حوشتر، وە بە زێر دەکاتە پەنجا دیناری زێر، چونکە خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە.

٣١٥) باسی خوێن بایی بەندەو ئاوەڵەی ناوسك:

هەرکاتێ کەسێ بەندەیێ یا کەنیزەکێ بکوژێ پێویستە لە سەری کە بەهاکەی بە تەواوی بدا بە خاوەنەکەی، ئیتر بکاتە هەر چەند دەبێ ئەو ئەندازەیە بدا، بە مەرجێ ئەو کەسە برپرسیار بێ لە ضەمانەتی ئەو بەندەو کەنیزەکە، چونکە بەندەو کە نیزەکیش جۆرێکن لە سامان، لەبەر ئەوە وەك گشت سامانێکی تر بژاردنیان بۆ هەیە، ئەگەر کەسێ سکێکی لە باری کەنیزەکێ برد، بەهۆی تاوانێکەوە، دەیەکی نرخی دایکەکەی خوێنی ئەو سکە لەبار براوەیە. چونکە کۆرپەڵەیەکی ئادەمییە، لەبەر ئەوە دەستە بەردەکرێ بە دەیەکی بەهای دایکی. نرخی

ئەو رۆژەی دایکەکە حلێبە کە زەبرەکەی لێ دراوە، چونکە ئەو زەبرە بووە بەهۆی لەبار چوونی. بەڵام خۆێنی کۆرپەڵەی ناو سك کە کورپەڵەکە موسوڵمانی نازادبێ، خوای نێرینە بێ یا مێیینە، ئەگەر کەسێ بە تاوان لەباری بەرێ دەکاتە سەرێ کۆیلە، خوای ئەو کۆیلەیە بەندەبێ یا کەنیزەك بێ دەبێ. چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} لە مەسەلەیەکا کە براوەتە خزمەتی ئاوای بڕبارداوە (شەیخان فەرموودەیەکیان لەم بارەیە وەرگێڕاوەتەوە. بڕوانە تاج / ٣ ل — ٢٢٠ ز — ٨٤) بەهەرحاڵ نابێ خوێنی ئەم کۆرپەڵەیە لە نیوەی دەیەکی خوێنی باوکی کەمتربێ، یا لە دەیەکی خوێنی دایکی کەمتربێ، کە دەکاتە بەهای پێنج وشتر، چونکە عومەر {رەزای خوای لێبێ} نرخی سەرە کۆیلەکەی دادەنا بە پەنجا دیناری زێڕ، کە دەکاتە دەیەکی خوێنی دایك و بیستیەکی خوێنی باوك، هەروا عەلی و زوەیدیش بەهای ئەو کۆیلەیان بەو جۆرە بڕیار دابوو، کەسیش سەرپێچی لە کارەکەیان نەکردووە.

٣١٦) چەند مەسەلەیێ:

ئەگەر کەسێ قیراندی بەسەر منداڵێکی نەفاما کە لەسەر قەراخی سەربانێ بوو، یا لەسەر کەناری چۆمی بوو، یا لەسەر لێواری بیرێ بوو، وە منداڵەکە لە قیژەکە ترساو راچەنی و کەوتە خوارەوەو پێی مرد، ئەوە خوێنێ پێویست دەبێ، بەڵام بەبێ کوشتنەوەی قیژەکەرەکە، گریمان منداڵەکە لە زەوییەکی تەختاییدا بێ بەو قیژەیە بمرێ، لە سەرای فەرموودەی سەنگین ضەمان و دەستە بەری لەسەر کابرای

پیرەکەر نابێ، چونکە مردن بەهۆی شتی واوە لەوپەڕی دووریدایە، شێتو دێوانەیێ کە بەهۆی شتی واوە سەرسام دەبێو تووشی دڵەڕاوکێ دەبێ، هەروا خەوتوو و ژنی بێ هێزیش لەم مەسەلەیەدا وەك منداڵی نەفام وان. پەلاماری چەکدان لە کەسێو هەڕەشەی تونـد لـەم مەسەلەیەدا بڕیارەکەیان وەك بڕیاری قیژەو قیڕە وایە، ئەگەر کەسێ قیژاندی بەسەر منالێکی گچکەدا، منالەکە لەترسا ئەقڵی فەوتاو هۆشی نەما، دەستە بەری پێویستە ئەگەر کەسێکیش بەشمشێرەوە نیشتە سەر کەسێ، مەسەلا، وە کابرا لە بەری رای کرد، وە لە ترسا خۆی هەڵدایە ناو چەمێ، یا لە هەڵدێرێکی بەرزەوە خۆی فڕەدایە خوارەوە، یا خۆی خستە ناو بیرێ، وە مرد ئەوە دەستە بەریی ئەو کەسە لەسەر شمشێر بە دەستە هەڵفڕێنەکەی نیە، چونکە هەڵهاتووەکە خۆی هەڵساوە بە دەسپێشخەری لە مردنی خۆیدا، لەکاتی وایشدا ئەوەی راستەوخۆ هەڵسێ بە تاوانێ پێش ئەو کەسە دەخرێ کە بووە، بەهۆی ئەو تاوانەا.

وەڵ ئەوەنە هەیە ئەگەر هەڵهاتوو لەم بارو دۆخەدا ئاگای لە هۆی ئەو سەر تیاچوونەی خۆی نەبوو، وەك ئەوە بەبێ ئارەزووی خۆی کەوتە خوارەوە، لەبەر ئەوە کە کوێر بوو، یا لە تاریکیدا بوو، یا دنیا شەو بوو، چاوی لەبەر پێی خۆی نەبوو، ئەوە لەم کاتەدا دەستەبەری پێویستە.

ئەگەر کەسێ منالێ بداتە دەستی مەلەوانێ هەتا فێری مەلەی بکا، منالەکە لە ئاوەکەدا بخنکێ، ئەوە خوێنی نیمچە قەستی دەکەوێ، لەسەر قسەی فەرموودەی دروست، هەروەها ئەگەر مامۆستا بۆ تەمێکردن لە منالٌ بداو بەو تەمێو لێدانە بمرێ ئەویش خوێنی نیمچە

قەستی دەکەوێ. خاکو خۆڵی ناو ماڵو تۆپکڵی کاڵەکو شووتیو مۆزو شتی تری وا، ئەگەر لە وێرانەیێ یا لە سەلوێنکو زبڵدان فڕەبدرێن، وە بوون بەهۆی نەمانی کەسێ، یا بوون بەهۆی فەوتانی سامانێ، نابێت بەهۆی دەستە بەریی، بەڵام ئەگەر لە سەرەڕێ فڕەیان بدا، وە زیانێکی سامانی، یا زیانێکی گیانیی بە هۆیانەوە رووبدا خاوەن زبڵەکە دەبێ بە دەستەبەر، بە مەرجێ ئەو کەسەی کە ئەو زیانەی لێ دەکەوێ خۆی ئەوە نەزانێ، بەڵام ئەگەر خۆی بە ئارەزوو بە سەریا رۆیشتو قاچی هەڵخلسکاو قاچی شکا، یا سەعاتەکەی دەستی شکا، مەسەلا، ئەوە هیچی ناکەوێ. بەڵام ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی گشتی سەر جادەکەی ئاورشێن کرد، هەتا تەپوتۆز لە هاتوچۆکەرەکان نەنیشێ، وە مرۆڤێ لێی هەلخلیسکا، یا ئازەڵێ، ئەوە دەستە بەریی لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر ئەو ئاورشین کردنە بۆ قازانجی خۆی بوو ئەوە دەستەبەرە، هەروەها ئەگەر قوڕی سەرەڕێ تەڕ بکاتەوە دەبێ بە دەستەبەری هەرشتێ بەو قوڕە بفەوتێ، هەروەها ئەگەر سەگۆیێ لە بەردەم دەرگای ماڵەکەیدا دروست بکا وە ببێ بەهۆی فەوتانی مرۆڤێ یاخود فەوتانی زیندەوەرێکی تر دەبێ بە دەستەبەر.

٣١٧) باسی پاکانە (قەسامە):

پاکانە (واتە: دڵپاک کردنەوەی کەسێ بە سوێند بۆ خواردنی) لە شەرعا برێتییە لە نیشانەیەکی وا کە هێز بدا بە دروستییو راستیی داواکار لە داواکەیدا. شێوەکار (صوورەت)ی پاکانە ئاوایە: تەرمی

کوژراوێ شوێنێ بێ، نەزانرێ کە کێ کوشتوویەتی، بەڵگەیش نەبی لەسەر هۆی کوشتنەکەی، وە هەقدارەکەی تۆمەتی کوشتنی بدا لە کەسێکی ناوبراو، یاخود لە کۆمەڵێکی دیاری، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا نیشانەو قەرینەیەکی وا لە ئارادا هەبێ کە بۆنی ئەوەی لێبێ کە قسەی خوێن رەسەکان راستە، کە بەوە دەگوترێ: (اللوث: البينة الضعيفة: وردە بەڵگە: قوڵاخ: سووسە) پاکانە زیاتر ئەوەیە کە داواکار پەنجا سوێند بخوا لەسەر راستیی ئەو داوای کوشتنەی کە دەیکا لە داوا لێکراو، جا هەر کاتێ لەسەر داواکەی پەنجا سوێندی خوارد، ئەوە لە کوشتنی دەستەنقەستیدا خوێن لەسەر داوا لێ کراو خۆی پێویست دەبێ، وە لە کوشتنی هەڵەو نیمچە هەڵەدا خوێن لەسەر خوێنڕەسەکانی داوا لێکراو پێویست دەبێ نەك لەسەر خۆی.

وردە بەڵگە (لەوث) نموونەی زۆرە، وەك ئەوە تەرمی کابرای کوژراو لەناو هۆزێکا، یا لە قەڵایەکا، یا لە گوندێکی بچووکا، یا لە گەڕەکێکی بچووکابێ، کە بەشێ بێ لە گەڕەکێکی گەورەتر، وە ئەو شوێنەی کە تەرمەکەی لێ هەیە هی کەسانێ بێ لە دوژمنانی خاوەن تەرمەکە، بە مەرجێ دوژمنایەتییەکەیان ئاشکرا بێ، یا وەکوو ئەوە کۆمەڵێ کۆببنەوە لەسەر کەسێ، وە پاش ئەوە کە بڵاوەیان کرد تەرمی کابرایەکی کوژراو لەوێدا بەجێ بمێنێ، یا وەکوو ئەوە کۆمەڵێ بۆ کارێ لە شوێنێکا کۆببنەوە، وەك مزگەوت، یا بێستانو باخ، یا سەرە رێگەیێ، یا سارایێ، ئەوە دەبێ بە وردە بەڵگە، ئەگەر لە دوا بڵاوەکردنیان تەرمێ لەو ناوەدا کەوتبوو، وەکوو ئەوە یەك پیاوی نازادی دادپەروەر شایەتی بدا لە سامان کە ئەو رەحمانی کوشتووە، ئەمەیش رێگەیەکی تر لە

ڕێگەکانی سوسەکردنو وردە بەڵگەو قوڵاخکردن، لە مەسەلەی پاکانەدا. بەڵام ئەگەر کۆمەڵێ لە ژن، یا لە منداڵ، یا لە بەندە پێکەوە هاتنو شایەتییاندا کە نەریمان سامانی کوشتووە، ئەوە لەسەر ڕای مەرجووح (ناسەنگین) نابێ بە وردە بەڵگە، بەڵام لە سەرڕای سەنگین (ڕاجیح) دەبێ بە وردە بەڵگە، هەروا ئەگەر تاک‌و تەرا بە رودوا هاتنو ئەو شایەتییەیان دا ئەوە دەبێ بە وردە بەڵگە.

سەر بەڵگەی:

ئەم مەسەلەیەی پاکانەیە ئەم فەرموودەیەیە: ڕافیعی کوڕی خەدیج {ڕەزای خوای لێبێ} فەرمووی: موحەییصەی کوڕی مەسعوودو عەبدوڵڵای کوڕی سەهل دەچن بۆ خەیبەر، ئەو کاتە خەیبەر لەگەل موسوڵمانانداو ئاشت بوو، ڕێکەوتن لە نێوانی دانیشتوانی‌و لە نێوانی موسوڵمانانداو هەبوو، جا لەوێ بەناو باخە خورماکانیدا بڵاودەبنەوە، وە عەبدوڵڵایان دەکوژرێ، کاتێ موحەییصە دەچێ بۆ لای عەبدوڵڵا دەڕوانێ وا لە خوێنی خۆیدا گەوزاوەو کوژراوە، جا تەرمەکەی لەوێ دەنێژێ‌و خۆی دێتەوە بۆ مەدینە، وە گومان دەخەنە سەر جوولەکەکانی خەیبەر، جا عەبدوڕەحمانی برایی‌و دوو ئامۆزای (کە حووەییصەو موحەییە بوون) هاتنە خزمەتی حەرزەرت {درووەد خوای لەسەربێ} جا عەبدوڕەحمان (کە لەوان بچووکتر بوو) وێستی باسی براکەی بکا، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} پێی فەرموو: ڕێزی لە خۆت گەورەتر بگرە، یا فەرمووی: با گەورە دەست پێبکا، ئیتر ئەویش بێ دەنگ بوو، جا ئەوان هەردووکیان باسی داستانی ئامۆزاکەیانیان کرد، پێغەمبەریش

(درووده خواد لهسهربێ) فهرمووی: پهنجا کهس له ئێوه سوێند بخۆن لهسهر پیاوێ لهوان، ئهو پیاوه پهت دهکرێو دهدرێته دهستتان له جیاتی کوژراوهکاتان بیکوژنهوه، گوتیان: شتێ که بهدیاریهوه نهبووبین ئێمه چۆن سوێندی لهسهر بخوێن؟ فهرمووی (درووده خواد لهسهربێ): کهواته جوولهکهکان پهنجا کهسیان سوێندتان بۆ دهخۆنو بهوه پاکانهتان بۆ دهکهن، گوتیان: ئهی پێغهمبهری خودا! هۆزێکی بێ بڕوانو سوێندی ئهوانه له کوێ بایهخی ههیه؟ جا پێغهمبهر (درووده خواد لهسهربێ) خۆی خوێنی کوژراوهکهی له وشتری زهکات دا (ش / د / ت / ن - شهیخهین / ئهبو داوو / تیرمیذی / نهسائی - رهزای خودا له ههموویان بێ) ئهم فهرموودهیه له سههلی کوڕی ئهبو خهیشهمهیشهوه گێڕراوهتهوه. ئهم فهرموودهیه تهرخانکهر (مخصص)ی گشتایهتی ئهم فهرموودهی تره که دهفهرموێ: بهڵگه لهسهر داواکارهو سوێند لهسهر داواليێکراو. داره قوطنی ئهمهی لێ پتر کردووه: تهنیا مهسهلهی پاکانه (قهسامه)ی لێ دهرچێ.

بایستی ئهوه که له پاکانهدا له پێشدا سوێند دهدرێ به داواکار ئهمهیه: لایهنی داواکار لهم مهسهلهیهدا بهوێ ئهو وردە بهڵگهیهوه که ههیه ههندێ به هێزتره، لهبهر ئهوه شهرع له پێشدا سوێند دهدا بهو، دهی ئهگهر قوڵاخو نیشانهو وردە بهڵگه له ئارادا نهبوو ئهوه سوێند دهدرێ به داواليێکراو بهپێی یاسای دامهزراوی شهرع: بهڵگه لهسهر داواکارهو سوێند لهسهر داواليێکراوه.

٣١٨) باسی کەفارەتی کوشتن:

هەر کەسێ بە ناڕەوا بکوژێ کە فارەتێ پێویست دەبێ لەسەری خوای بە دەسەنقەست بیکوژێ، یا بەهەڵە، یا بە نیمچە هەڵە. کەفارەتەکە بڕێتییە لە ئازادکردنی بەندەیێ، کە موسوڵمان بێو پاك بێ لەو نەنگانەی کە لەشتی فرۆشتندا بە نەنگ دەژمێررێن. ئەگەر بەندە دەست نەکەوت، یا بکوژ لات بوو ئەوە پێویستە دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژووبێ. خواە کوژراوەکە موسوڵمان بێ یا بیبڕوا، پەیماندارێ یا خاوەن پەیمان، ئازاد بێ یا بەندە، بەندەی بکوژەکە خۆی بێ یا بەندەی کەسێکی تر، ژیرو خاوەن هۆش بێ یا شێت، منداڵ بێ یا گەورە، لە دایك بووبێ یا کۆرپەلەی ناوسك بێ. کۆگری ئەمە ئەوەیە: خوێنی کوژراوەکە بەهۆی ئیمانەوە یا بەهۆی ئەمانەوە پارێزراوبێ.

کەفارەت پێویست نابێ بە کوشتنی بێبڕوای جەنگیو لە ئیسلام وەرگەڕاوو جەردەو ڕێگرو داوێنپیسی هاوسەردارو بە کوشتنی ژنو منداڵی بێبڕوایان لەکاتی غەزاو جەنگدا، چونکە کوشتنی ژنو منداڵ لەکاتی غەزادا گەرچی نادروستە بەڵام لەبەر ڕێزی خۆیان نیە، بەڵکوو لەبەر بەرژەوەندی موسوڵمانانە، تا دەسمایەی گوزەرانیان زیانی پێ نەگا.

پێویستبوونی کەفارەت لە کوشتنی هەڵەدا بە یەکگرتن چەسپاوە، دەقی ئایەتیش هەیە لەسەری کە خوای گەورە دەفەرموێ: {وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ - سورة النساء - ٩٢/٤} هەتا کۆتایی ئایەت. واتە هەر موسوڵمانێ موسوڵمانێکی تر

بکوژێ ئەوە لە سەری پێویستە کە بەندەیەکی موسوڵمان ئازاد بکا، وە خوێنیش بدا بە خوێنڕەسی ئەو کوژراوە.

پێویستبوونی کەفارەت لە کوشتنی دەسەنقەستیشدا بەم فەرموودەیە چەسپاوە: وائیلەی کوڕی ئەسەقەع دەفەرموێ: هاورێیەکمان بەهۆی موسوڵمان کوشتنەوە دۆزەخی بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو، جا بەم بۆنەیەوە چووینە خزمەتی حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لە جیاتی خۆی بەندەی بۆ ئازاد بکەن. لە گێڕانەوەیەکا: با بەندەیێ ئازاد بکا، خودای گەورە لە جیاتیی هەر ئەندامێکی ئەو بەندەیە ئەندامێکی ئەو لە ئاگری دۆزەخ ئازاد دەکا (ن/د/ ئیبنو حیببانو حاکم بە دروستی دادەنێن. حاکم دەفەرموێ: فەرموودەیەکی دروستە بەپێی مەرجی شێخی بوخاریو شێخی موسلیمە) دیارە کە بکوژ کاتێ ئاگر مسۆگەر دەکا بۆ خۆی کە بە قەستی بە ناهەق کەسێکی کوشتبێ، سەرەڕای ئەوەیش ئەمیش هەر کوشتنی ئادەمیزادی خوێن قەدەغە کراوە لەبەر ڕێزداری خوێنەکەی، کەواتە لە میشدا کەفارەت وەکوو کوشتنی هەڵە پێویستە ئەگەر گۆمەڵێك پێکەوە یەکێکیان کوشت، گەرەکە لەسەر هەر یەکێکیان سەربەخۆ کەفارەتێکی تەواو بدا، چونکە ئەم کەفارەتە هەقێکە پەیوەندی بە خودی کوشتنەوە هەیە، بەش بەشیش ناکرێ، لەبەر ئەوە پێویستە دەق وەك تۆڵە لێسەندن هەر کەسەیان کەفارەتێکی تەواو بدا، سەرەڕای ئەوەیش کە مانای پەرستنی تیادایە، عیبادەتیش بەش بەش ناکرێ. هەیشە دەفەرموێ: بە هەموویان یەك کەفارەتیان لەسەرە چونکە کەفارەت مانێکە بەهۆی کوشتنەوە پێویست دەبێ. ئەگەر بکوژەکە منداڵ، یا شێت بوو،

هەقدارەکانیان هەر کەسەیان لە مالّی خۆی کەفارەتەکەیان بۆ دەدا، هەر وەك چۆن زەکات لە مالّی خودی منالّەکە یاخودی شێتەکە دەردەکرێ. بەلّام بە بەهیچ جۆر هەقدارو سەرپەرشت لە جیاتی منالّ، یا لەجیاتی شێت بەرژوو نابن، بەڵکوو رۆژوو لەسەر خۆیانە لە پاش رەسیدە بوون، بە مەرجێ خاوەن هۆش بن.

٣١٩) باسی تۆڵەی تاوان کە ناودارن بە حەددە شەرعییەکان:

تۆڵەی تاوان بە عەرەبی ناوی (الحدود)ە کە کۆی (حد)ە حەددیش لە زمانا بە واتا سنوورە کە نیشانەی سەرەتای قەدەغە بوونو رێ لێگرتنە، جا بۆیە تۆڵەی تاوان وا ناونراوە چونکە رێگە لە رووداوی کاری شەرم ئاوەری نالەباری ناهەموار دەگرێو سنووری بۆ دادەنێ.

تۆڵەی تاوان (یا حەددی شەرعی) لە شەرعی پیرۆزدا بریتییە لە تۆڵەیەکی تایبەتی لەسەر تاوانێ کە پێویست بووە لەبەر ئەوەی کە هەقی خودایە، وە لە بابەتی داوێن پیسیدا وایە، یا لەبەر ئەوەی کە هەقی مرۆڤە، وەك تۆڵەی بوختان. بە پێچەوانەی تەمێکردنەوەکە لە شەرعا پێی دەگوترێ: تەعزیر، چونکە تەمێکردن سزایەکی نادرپاریە فەرماندار بە کۆشش دایدەنێ.

٣٢٠) تۆڵه (حەدد)ی شەروالّپیسی:

شەروالّپیسی دوو جۆری هەیە: هاو سەردارو بێ هاوسەر واتە: محصنو ناحصن.

مرۆڤی خاوەن هاوسەر، ج پیاو بێ ج ژن، تۆڵەکەی ئەوەیە ئەگەر داوێنپیسیی لەسەر چەسپا، بە گلّمتکو بەردی پڕ بە مشتو بچووکتر سەنگەسار دەکرێ هەتا دەمرێ، بەلّام داری حەددی لێ نادرێ، بێ هاوسەریش (واتە: کوڕو کچیش) سەد داریان لێ دەدرێو تاماوەی سالّێکیش شار بەدەر دەکرێن. کۆگری هۆی ئەم تۆڵەیە ئاوایە: مرۆڤێکی رەسیدەی خاوەن هۆش بە ئارەزووی خۆی نەك بە زۆری زۆردار، سەری چووکی خۆی، ئەو ئەندازەیەی کە خەتەنە دەکرێ، یا بە ئەندازەی ئەوە نوقوم بکا بە زێی ژنێکی زیندووی وادا کە پێی حەرام بێ، لە هەمان کاتدا گومانو شوبهەی حەلّالّبوون لە ئارادا نەبێ، یاخود ژنێ کەرەسیدەو هۆشدار بێ بە ئارەزوو قەبوولّی ئەوە بکات. پیاوو ژن وەك یەك تۆڵەیان لەسەرە، چونکە ئیمامی عومەر {رەزای خوای لێبێ} لە وتارێکا فەرمووی: بێگومان کە خودا موحەممەدی ناردووە لەگەلّ ئایینی راستداو قورئانی ناردۆتە خوارەوە بۆی، ئایەتی بەردەبارانکردنی داوێنپیسیان جاران ئایەتێ بوو لە قورئان کە ئەمە دەقەکەیەتی: (الشیخ والشیخة اذا زنیا فارجموهما البتة) واتە: پیاوو ژنی سەرە ئەگەر داوێنپیسییانکرد بەبێ چەندو چوون سەنگەساریان بکەن. ئێمە بەخودی خۆمان ئەو ئایەتەمان خوێندۆتەوەو لە مبەستەکەی تێگەیشتووین، هەرچەندە ئەم ئایەتە لە تیلاوەتدا نەسخ بۆتەوەو لە

خوێندنـەوەدا سـڕاوەتەوەو لـە قورئانـدا نانووسـرێ، بـەڵام دەگـەرو بڕشتەکەی هەر ماوەو هێشتا حوکمی پێدەکرێ، بۆیە پێغەمبـەر خـۆی (درووەد خوای لەسەربێ) داوێنپیسانی بەردەباران دەکرد، ئەوەتانێ ئێمەش لەپاش ئـەو بـەردە بارانیـان دەکـەین، بـەڵام دەترسـم کـە موسـوڵمانان بکەونـە چـەرخێکەوە، کەسـێ پەیـدا ببـێ بڵـێ: لـە نامـەی خـودادا ئایـەتی بەردەبارانکردنی تیادا نیە. جا بە نەکردنی ئەرکێ کە خودا لە قورئانـا داینـاوە لـە سـەریان تاوانیـار دەبـنو لـە رێگـە دەردەچـن! بێگومـان کـە بـەردەبارانکردن فـەرمانی نامـەی خودایـەو راسـتو دروسـتە، وە ئـەم فەرمانە (حوکم)ە بۆ ئەو پیـاوو ژنانەیـە کـە لـەوەوپێش ژنیـان هێنابـێو بە دەستیان گرتبێ، یاخود شوویان کردبێو مێرد بـە دەسـتی گـرتبن، وەڵ لە هەڵو مەرجێکا کە بەڵگە هەبێ کە بڕێتییە لە چوار شایەتی نیرینـەی دادپەروەر یا سك دیاری بدا، یا پێڵێنانو چوونە ژێر لە کایەدا بێ.

سوێندم بە زاتی خودا ئەوە نەبێ کە خەڵك بڵێن: عومـەر شت لـە نامـەی خـودا، ئایـەت لـە خۆیـەوە لـە قورئـان زیـاد دەکـا، دەنـا ئـەیم نوسییەوە! (شـەیخانو ئـەبو داوودو تیرمیـذیو نەسـائی گێڕاویانەتـەوە) ئەم وتارەی عومەر لەبەر چاوی کۆمەڵێ لە یارانی پێغەمبـەر بـوو (درووەد خوای لەسەر پێغەمبەرو رەزای خودا لە یارانی بێ) لەگەڵ ئەوەش کەس لاری لێی نەبووە.

وەکی تریش ئەگەر داوێنپیس هاوسـەردار نـەبوو (واتـە: رۆژێ لـە رۆژان ژنی نەهێنابوو، وە هێشتا هەر بوخچەی نـەکراوە بـوو، واتـە: کـوڕ یـا کـچ بـوو) ئـەوە سـەرنـج دەدەیـن: ئەگـەر زیناکارەکـە ئـازاد بـوو ئـەوە تۆڵەکەیان بڕێتییە لەوە یەکی سەد داریان لێبدرێو بۆ ماوەی ساڵێ شـار بـەدەر دەکـرێن. لـە بـارەی دارکاریـیەکـەوە خـوای گـەورە دەفـەرموێ:

{فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ – ٢/٢٤} واتە: ژنی داوێن پیس‌و پیاوی داوێنپیس یەکی سەرو سەد داریان لێ بدەن) پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کچ‌و کوڕ یەکی سەرو سەد داریان لێ دەدرێ‌و تاماوەی ساڵێکیش شار بەدەر دەکرێن. (موسلیم). مەرجە ئەو شوێنەی داوپێنپیسی بۆ رەهەنە دەکرێ ماوەی دوو قۆناغ یا زیاتر دوور بێ، کە ماوەی کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا، چونکە مەبەست لێی ئەوەیە کە گابرا هەست بە ناموێی‌و بێ هاودەنگی بکاو دووربێ لە کەسوکارو نیشتمانی خۆی. گریمان پێشەوای موسوڵمانان وا بە باش بزانێ کە دووری بخاتەوە بۆ دوورتریش دەتوانێ. چونکە ئەبو بەکری صەدیق رەهەنەی دەکرد بۆ فەدەک‌و عومەر بۆ شام‌و عوسمان بۆ میصرو عەلی بۆ بەصرە، بەڵێ پێویستە ژنەکە لەگەڵ خوییەکی خۆیدا دوور بخرێتەوە، هەر چەند بەکرێش لەگەڵیدا بڕوا، کرێکەیش لەسەر ژنەکەیە.

جا هەر کاتێ مرۆڤێکی هۆشداری رەسیدەی سەپشک بە ئارەزووی خۆی داوێنپیسی ئەنجام بدا، خوای موسڵمان بێ، یا پەیماندار (نیممی) بێ، یا هەڵگەڕاوە بێ، تۆڵە پێویست دەبێ لە سەری. موسوڵمان بە یەکگرتن، پەیمانداریش لەبەر ئەوە کە هەموو نەتەوەکان بە یەک دەنگ دەڵێن: شەروالپیسی نا دروستە، ئەمە لە کاتێکا کە ئەو پەیماندارە پابەندی بڕیارەکانی ئیسلام بووەو پەیمانی داوە کە سنوورەکانی ئیسلام نەبەزێنێ، کەواتە لەم رووەوە لە موسوڵمان دەچێ‌و بڕیاری موسوڵمانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، سەرەڕای ئەم یەڵگانەیش بەڵگەیەکی رۆشنی تریش هەیە کە گردەوەی پێغەمبەرە (درووەد خوای لەسەربێ) چونکە پێغەمبەر

خۆی (درووەد خواد لەسەربێ) ژنو پیاوێکی جوولەکەی بەردەبارانکرد کە داوێنپیسییان کردبوو، کە هەردووکیان خاوەن هاوسەر بوون (بڕوانە: تاج/٣ ل - ٢٤٣ – وەرگێڕ). هەڵگەڕاوەیش باشتر تۆڵەی لێ دەسێنرێ، چونکە گشت بڕیارێکی ئیسلامی لەسەر جێبەجێ دەکرێ.

بەڵام تۆڵە لەسەر زۆر لێکراو نیە، چ پیاوبێ چ ژن، لەسەر فەرمایشتی دروست زۆر لێکردن بۆ پیاویش رێگەی تێ دەچێ، بەڵام بۆ ژن رێتچوونی زۆر لێکردن بەبێ راجیایی هەیە.

دیسان بۆ پێویستبوونی ئەم تۆڵەیە ئەوەیش مەرجە کە سوور بزانێ کە شەروالپیسی نادروستە، لەبەر ئەوە کەسێ کە ئەوە نەزانێ حەددی لەسەر نیە، وەك کەسێ لە چۆڵەوانی گەورە بووبێ، یا نۆ موسوڵمان بێ، لەبەر ئەم مەرجەیە کە حەزرەت (درووەد خواد لەسەربێ) بە ماعیزی فەموو: ئایا دەزانی کە داوێنپیسی چییە؟. دەی ئەگەر نەزانینی واتای داوێنپیسی رێگەی لە جێبەجێکردنی تۆڵە نەگرتایە پێغەمبەر (درووەد خواد لەسەربێ) ئەم پرسیارەی لە ماعیز نەدەکرد، سەرەڕای ئەمەیش دەڵێین: تۆڵە پاشکۆو ئەنجامی تاوانە، نەزانیش تاوانبار نیە! کەواتە: تۆڵەی لەسەر نیە.

هاوسەرداریی (الاحصان):

ئیحصان لە زمانی عەرەبدا واتە: مەنع، مەنعیش بە کوردی واتە: نەهێشتن، خوای مەزن دەفەرموێ: {لِتُحْصِنَكُم مِّن بَأْسِكُمْ – ٢١} واتە: هەتا نەهێڵێ زەبرو زەنگ لە جەنگدا بە یەکتری بگەیەنن،

له عورفی شەرعدا بە زۆر واتا هاتووە، بە واتا ئیسلام هاتووە، وەك ئەم ئایەتە {فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ - سورة النساء - ٢٥/٤} بەپێی قسەی هەندێ راڤەکار (أحصن) لەم ئایەتەدا بە واتا (أسلمن)ەیە، بە واتا ئازادیش هاتووە، وەك ئەم ئایەتە: {فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ - سورة النساء - ٢٥/٤} لەم شوێنەدا موحصەنات بە واتا ژنانی ئازادە، بە واتا مەردیو داوێن پاکیش هاتووە، وەك {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ - سورة النور - ٤/٢٤} لێرەشدا موحصەنات بە واتا ژنانی مەردی داوێنپاکە، بە واتا بە شوودانیش هاتووە، وەك {وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاء - سورة النساء - ٢٤/٤} ژنە مێرد دارەکان، بە واتا چوونە لایش هاتووە، وەك {مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ - سورة النساء - ٢٤/٤} ئەوەیش کە دەڵێین: ئیحصان لەم باسەدا واتای وایە: کە دروستبوونو جووتبوون لە هاوسەرییەکی دروستدا رووی دابێ، بەپێی ئەم فەرمایشتەیەتی (مرووەی خوای لەسەربێ): هەر موسوڵمانێ شایەتمان بهێنێو بڵێ: (**اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله**): بە دڵ باوەڕم هەیەو بە زمان دەڵێمو شایەتی دەدەم کە هەر خودا خودا یەو بەس، خودای تر نیە، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلایش پێغەمبەری رەوانەکراوی خودایە. ئیتر خوێنی ئەو کەسە حەرامەو بە هیچ شێوەیێ خوێنی بە کەس رەوا نابێ، مەگەر لە یەکێ لەم کاتانەدا: بێوە پیاوی داوێنپیس بێ یاخود بێوەژنی داوێن پیس بێ، یا کەسێ بە ناڕەوا کەسێ بکوژێ، یا لە ئایینی خۆی وەرگەڕابێو لە کۆمەڵەی موسوڵمانان تەرابووبێ! (شەیخان گێڕاویانەتەوە) زاناکان بە یەك دەنگ دەفەرموون: وشەی (الثیب: بێوە

پیاو، یا بێوەژن) لەم فەرموودەیەدا مەبەست لێی ئەوەیە. ئەو پیاوە یا ئەو ژنە لەوەوپێش لەگەڵ هاوسەری حەڵاڵی خویدا دروست بووبێ.

٣٢١) مەرجەکانی هاوسەرداری ئەمانەن:

یەکەم: ئەرکداری و ئەرك لە سەری (تەکلیف) کەواتە تۆڵەو داری حەدد لەسەر منداڵ و شێت نیە، بەڵام بە شتێ کە چاو ترسێنیان بکا تەمێ دەکرێن، وەك لەسەر کردنی هەموو شتێکی نادروست تەمێیەکی ئاوا دەکرێن کە عاریان پێبنێ.

دووەم: ئازادی. کۆیلە بە هاوسەردار بەم مەعنایە دانانرێ، با لەوەوپێش لەگەڵ حەڵاڵ و هاوسەری خۆیدا جووت بووبێ! چونکە ئازادی نیشانەی تەواوی و خانەدانی و گەردن بەرزی و سەر بەرزییە، خانەدانیش خۆی لە شتی وا دەپارێزێ کە ناموس و ئابڕووی بەرێ، بە پێچەوانەی کۆیلەوە، چونکە کۆیلە لە پێکراوە ئەوەندە بە چاوی سووك تەماشاکراوە دەربەستی ئەوە نەماوە کە وەك مرۆڤی ئازاد پارێز لە سووکایەتی بکا!.

جاران پێغەمبەر {دروودە خوای لەسەربێ} کە پەیمانی لە ژنان وەرگرت، لەسەر رەفتارکردن بەم ئایەتە بەیعەتی لێ وەردەگرتن: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ} کە ئەمە پوختەی ڕاڤەکەیەتی: ئەی پێغەمبەر! کاتێ ئافرەتە موسوڵمانەکان هاتن بۆلات کە پەیمانت پێ بدەن لەسەر ئەوە پەیمانیان لێ وەربگرە کە هاوبەش بۆ خودا بڕیار

نەدەن‌و دزی‌و حیزی‌و داوێنپیسی نەکەن... تاکۆتایی ئایەت، جا هیند {رەزای خوای لێبێ} کە بۆ یەکەمجار ئەمەی بیست بەسەرسامی لەو گۆشە نیگایەوە کە ئافەرەتی ئازاد چۆن شتی وا دەکا گوتی: بۆچی ژنی ئازادیش حیز دەبێ؟!!.

سێیەم: دروستبوون لەگەڵ هاوسەردا، بۆ ئەمە ئەوەندە بەسە کە سەری چووك ئەو ئەندازەیەی کە سوننەت دەکرێ، نوقم ببێ لەناو زێدا، با رەحەتبوونیش روونەدا. مەبەست لە هاوسەری دروست‌و حەڵاڵ ئەوەیە کە ژن‌و مێرد بە مارە بڕینی دامەزراو بە یەك گەیشتبن، کەواتە مارە بڕینی دانەمەزراو بەرناکەوێ، چونکە ئەوە نابێ بەهۆی هاوسەرداری (احصان) چونکە نادروستەو نابێ بەهۆی مەردی‌و رەوشت تەواوی. بزانە بۆ جێبەجێکردنی تۆڵە مەرج نیە هەردوو لا هاوسەرداربن، لەبەر ئەوە ئەگەر کوڕێ لەگەڵ ژنێکی هاوسەرداردا ئەو ئیشەی کرد، یا کچێ لەگەڵ پیاوێکی هاوسەرداردا ئەو ئیشەی کرد، لەم دوو کاتەدا هاوسەردارەکەیان بەردەباران دەکرێ‌و بێ هاوسەرەکەیان دارکاری دەکرێ‌و ساڵێ رەهەنە دەکرێ.

٣٢٢) تۆڵەی بەندەو کەنیزەك:

بەندە یا کەنیزەك هەر کاتێ داوێنپیسییان کرد پەنجا داری حەددیان لێ دەدرێ، بەپێی ئایەتی: {فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ – سورة النساء – ٢٥/٤} لەبەر ئەوەیش کە کۆیلە بەهۆی کۆیلەییەوە ناتەواوە، کەواتە باوەك ژنهێنان‌و عیددەو

تەلاق بەقەد نیوەی ئازاد حسێبی بۆ بکرێ، چونکە بەندە بۆی هەیە دووو ژن بهێنێ، عیددەی کەنیزەك نیوەی عیددەی ژنی ئازادە، تەلاقی بەندەیش نیوەی تەلاقی ئازادە، کەواتە با حەددەکەیشی نیوەی حەددی ئازاد بێ! کۆیلە نیو سالّ شار بەدەر دەکرێ واتە: شەش مانگ.

٣٢٣) باسی نێربازیو چوونە لای چوار پێ:

نێربازیو هەتیوبازی تاوانێکی گەلی گەورەیە، لە گوناهە هەرە گەورەکانە، هۆی پێویستبوونی تۆڵەیە، برێتییە لەوە کە مرۆڤ بە پاش بچێتە لای مرۆڤێکی نێرینە. دەی هەر کەسێ بە ئارەزوو بە پاش بچێتە لای مرۆڤێکی نێرینە، ئەوە لە چەشنی تۆڵەی داوێنپیسی تۆڵەی لێ دەسێنرێ، ئەگەر هاوسەردارێ بەردەباران دەکرێ، ئەگەر بێ هاوسەر بێ سەددارێ لێ دەدرێو سالّێ رەهەنە دەکرێ، خواە موسوڵمان بێ یا پەیماندارێ، یا هەلگەڕاوەبێ، بە مەرجێ ئەرك لەسەر (مکلف) بێو بزانێ کە ئەوە نادروستە. چونکە خودای گەورە ئەم کارە پیسەیشی ناو ناوە فاحیشە. واتە: کاری شەرماوەری ئابڕووبەر، وەك قورئانی پیرۆز لەسەر زمانی حەزرەتی لووط (درووەد خوداى لێبێ) دەفەرموێ: {أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ – ٨٠/٧} هەروا دەفەرموێ: {وَاللَّذَانَ يَأْتِيَانِهَا مِنكُمْ فَآذُوهُمَا – سورة النساء – ١٦/٤} پێغەمبەریش (درووەد خواى لەسەربێ) دەفەرموێ: (ئەگەر پیاوێ سواری پیاوێ بوو هەدووکیان داوێنپیسن) هەیشە دەڵێ: بەبێ بەندو مەرج تۆڵەی کوشتنە، خوای هاوسەردار بێ یاخود بێ هاوسەربێ، بەڵگەی ئەم

فەرموودەیەتی (مرووەد خواد لەسەربێ): (هەر کاتێ دیتانو ساخ بۆوە بۆتان کە کەسێ پیشە پیسەکەی هۆزی لووط دەکات - واتە: بە پاش سواری یەکێ بووە – بکەرو بدەر هەردووکیان بکوژن) لە گێڕانەوەیەکا: ئەوی سەرەوەو ئەوی ژێرەوە هەردوو لایان بەردەباران بکەن. (ئەبو داوودو تیرمیذیو ئیبنو ماجە. حاکم دەفەموێ: رشتەکەی دروستە).

چۆنێتی کوشتنی نێرباز:

لە چۆنێتیی کوشتنی نێربازدا راجیایی هەیە: هەیە دەڵێ: وەك هەڵگەڕاوە بە شمشێر دەکوژرێ، چونکە لە دێرینداکوشتن زۆرتر بە شمشێر دەبوو، نەوەوی ئەم رایە بە دروست دادەنێ، هەیشە دەڵێ: بەردە باران دەکرێ، لەبەر ئەم گێڕانەوەی تر: ئەوەی کە لە ژێرەوەیە سەنگەسار بکەن. لەبەر ئەوەیش کە هۆی ئەم کوشتنە چوونەلای نارەوایە، کەواتە دەبێ وەك کوشتنی داوێنپیس بە بەردەباران بێ، هەیشە دەفەرموێ: دەکرێ بە ژێر دیوارەوەو دیوارێ دەروخێنرێ بە سەریدا، یا لە هەڵدێرێکەوە گوڵۆر دەکرێتەوە هەتا دەمرێ، ئەمەیش لە چۆنێتی سزای هۆزی لووت ومرگیراوە وەك لە قورئاندا باس کراوە. جیاوازی نیە لە نێوانی بیانیو نا بیانیدا، یا لە نێوانی بەندەی خۆیو بەندەی کەسێکی تردا، چونکە بە هیچ شێوەیێ کۆم حەڵاڵ ناکرێ، جا ئەگەر ژنێکی بیانی وا لێ کردو بە کۆم چووە لای ژنێ کە ژنی خۆی نەبوو، یا کەنیزەکی نەبوو، ئەوا هەمان راجیایی پێشوو لە بارەی بکەرەکەوە لەم حاڵەیشدا دووبارە دەبێتەوە، چونکە لەسەر فەرمایشتی هەرە دروست چوونە لای ژنی بیانی بە پاش حوکمی چوونە لای هەتیوی

هەیە. بەڵام سزای ژنەکە لەسەر رای هەرە دروست: سەددارو رەهەنە کردنە. ئەگەر مێرد بە کۆم بڕواتە لای ژنی خۆی ئەگەر دووبارەی کردەوە تەمێ دەکرێ، بەڵام لە جاری یەکەمدا تەمێ ناکرێ، ئەمە دەقی فەرمایشتی شافیعی خۆیەتی لە کتێبی (المختصر)دا، کۆمەڵێ تریش ئەمەیان بە راشکاوی ئاشکرا کردووە، بە هەرحاڵ بە کۆم بڕواتە لای حەڵاڵی خۆی کارێکی نادروستەو لە شەرعا رێگەی نەدراوەو نەیی لێکراوە.

هەروا چوونە لای چوارپاو ئاژەڵ نا دروستە، بەبێ گومان چونکە ئەمیش دادەنرێ بە (فاحشە)وە تۆڵەی داوێنپیسی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، لەسەر قسەی قێلێ، وە فەرقی هاوسەردارو داراوبێ هاوسەر دەکرێ،چونکە ئەمیش تێڕۆکردنی چوو کە بە زێدا، کەواتە وەك تێڕۆکردن بە زێی ژندا وایە، کەواتە بڕیاری ئەوی هەیە، قیلێ تر دەفەرموێ: تۆڵەی کوشتنە (خوای هاوسەردار بێ یا بێ هاوسەر بێ) بەپێی فەرموودەکەی {مرووەد خواد لەسەربێ}: هەر کەسێ بڕواتە لای چوارپا (بهیمە)یێ خۆی و چوارپاکە بکوژن. (ئەبو داوودو تیرمیذی و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە. حاکم دەفەرموێ: رشتەکەی دروستە) قیلێکیش دەفەرموێ: تەنیا تەمێکرن پێویستە. قسەی ئەم قیلە راست و دروستە، بەڵگەیش ئەم فەرمایشتەی ئیبنو عەبباسە {رەزاد خوایان لێبێ} کە دەفەرموێ: حەدد لەسەر کەسێ نیە کە بڕواتە لای گیانلەبەران. (نەسائی) دەی شتی وا ئیبنو عەبباس لە خۆیەوە نایڵێ، بەڵکوو لە سوننەتی وەرگرتووە، سەرچاوەی سوننەتیش سرووشی خواییە کە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر. دەی وا بەپێی ئەم فەرمایشتەی ئیبنو

عەبباس حەدد نیە، کەواتە تەمێکردن دەچەسپێ چونکە کابرا تاوانێکی وای ئەنجام داوە کە نەحەددو تۆڵەی هەیە نە کەفارەت، دیسان بەڵگەی دروستی قسەی ئەم قیلە ئەمەیە: ئەم جۆرە زێیە دڵی مرۆڤی دەروون پاك بە سروشت حەزی لێناکا حەددیش لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دانراوە کە مرۆڤ چاوترسێن بکا نەبادا شتێکی حەزلێکراو بکا. ئەم رایە دەقی قسەی شافیعی لەسەرە، هەندێ زانایش بەبێ سێو دوو بە رای هەرە دروستی دادەنێن.

٣٢٤) حوکمی چوونە لایێ بە شەرمگا نەبێ:

هەرکاتێ کەسێ خۆی هەڵسووی لە ژنێکی بیانیو خۆی پێ رەحەت کرد، بەبێ ئەوە کە زەکەری بکا بە فەرجیدا، ئەوە حەددی لەسەر نیە، گەرچی ئەندامی بکا بە ناوکیدا، یا بە دەمیدا، بە پێی ئەم فەرموودەیە کە ئەبو داوود لە ئیبنو مەسعوودەوە دەیگێڕێتەوە: پیاوێ هاتە خزمەتی حەزرەت {دروودەد خواد لەسەربێ} گوتی: من خۆم هەڵسووی لە ئافەرتێ خەڵکی ئەو پەڕی شارە، خۆم پێ رەحەت کرد، بەڵام بە دەستم نەگرت، وا بەپێی خۆم هاتووەتە بەردەستی تۆ بڕیاری شەرعی خودام بەسەردا جێبەجێ بکە. حەزرەتی عومەریش {رەزاد خواد لێبێ} فەرمووی: تۆ خودای گەورە سڕی پۆشیوی، بۆ سڕی خۆت هەڵدەماڵی؟ پێغەمبەری خودا {دروودەد خواد لەسەربێ} وەڵامی پیاوەکەی نەدایەوە، هەتا رۆیشت، جا پێغەمبەر {دروودەد خواد لەسەربێ} پیاوێکی دواخست، رۆیشت هەتا گرتیەوە، لەسەر فەرمانی پێغەمبەر ئەم ئایەتەی بەسەردا خوێندەوە:

{وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ – سورة هود – ١١/١١٤} واتە: هەموو شەوو رۆژێ پێنج نوێژە فەرزەکان لەکاتی خۆیانا بکەن، ئەم نوێژانە لە کردەوە هەرە باشەکانی ئێوەن، بزانن کە یاسایەکی خوداییە کە کردەوەی باش‌و کاری چاکە هەمیشە کردەوەی خراپ‌و تاوان لا دەبەن‌و دەیسڕنەوە تا کۆتایی ئایەت. جا پیاوێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە بە تایبەتی هەر بۆ ئەو وایە یا بۆ گشت کەسێ هەر وایە؟ فەرمووی: ئەم بڕیارە بۆ گشت کەسێ وایە) (موسلیم / تیرمیذی) (بڕوانە تاج/١ ل – ١٨٥ ز – ٤٣ – وەرگێڕ).

بەڵێ ئەگەر دوو کەسی بیانی کە لەیەك حەرام بن بە گیانی خۆیان، کۆم‌و زێی لێ دەرچێ، ئاوی خۆیان بهێننەوە، یا هەر یەکێکیان بەوی تریان لەسەر ئەم شێوەیە خۆی رەحەت بکا، ئەوە تۆڵە (واتە: حەدد) لەسەر هیچ کەسێکیان پێویست نابێ، بەڵام تەمێ دەکرێن. تەمێکردنیش سزایەکە نابێ لە کەمترین حەدد کە دە قەمچییە تێپەڕ بکا، چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: مەگەر بۆ حەددی شەرعی کە شەرع ژمارەی جارەکانی دیاری کردووە ئەگینا لەسەر هیچ شتێکی تر لە دەدار، یا لە دەقەمچی زیاتر لە کەسێ بدات، نادرێ (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەکا: کەسێ بە قەد حەددێ لە کەسێ کە حەددی لەسەر نەبێ ئەوە دەست درێژیکارە.

٣٢٥) باسی ئاو هێنانەوە (استمناء):

ئاو هێنانەوەو خۆرەحەتکردن بە دەست نادروستە بەڵکوو لە گوناهە هەرە گەورەکانە، وە کەسێ ئەوە بکا بەر ئەم نەفرەتو لەعنەتە دەکەوێ کەوا لەم فەرموودەیەدا: نەفرەت لێکراو ئەو کەسەیە بە دەستی خۆی ئاوی خۆی بهێنێتەوە. دیسان لەبەر ئەم هۆیەیش نادروستە: خۆرەحەتکردنی وا بە ئەزموون دەرکەوتووە سەر دەکێشێ بۆ شێواویی هۆش و زەبوونی و لاوازیی لەش و دەیشبێ بەهۆی وەجاخ کوێری و بڕانەوەی نەتەوە، بڕیارەکەی وەك بڕیاری خۆرەحەتکردن بە ژنی بیانی وایە، کە بە لەشی نەك بە پاش و پێشی ئاوی خۆی بهێنێتەوە، کەواتە: ئەمیش تەمێکردنی لەسەرە (مەبەست لە ژنی بیانی – المرأة الاجنبية – لەم جۆرە شوێنانەدا ژنێکە کە حەڵاڵ و هاوسەر نەبێ، ژنی خووپیش بۆ ئەم مەبەستە بە بیانی دادەنرێ، چونکە مارەی نایەت لە پیاوی خۆیی – وەرگێڕ).

٣٢٦) پانپانۆکێی ژنان (تساحق النساء):

پانپانۆکێ: خۆ بە یەکتر رەحەتکردنی ژنانە (تەماشای فەرهەنگی خاڵ و هەنبانە بۆرینەی هەژار بفەرموو – وەرگێڕ) هەر ژنێ کاری وا بکا تەمێی شەرعی – کە پێی دەگوترێ: تەعزیر – دەکرێ. چونکە کارێکی نادروستە، گوناهەکەی بەقەد گوناهی داوێنپیسییە، بەپێی ئەم فەرموودەیەی (مروومەت خواد لەسەربێ): ژن سواری ژن ببێ هەردوو لایان دادەنرێن بە داوێنپیس.

٣٢٧) بوختان (القذف):

بوختان – كه له عەرەبیدا پێی دەگوترێ (قەذف) واتە: فڕەدانو بۆ هەڵدان. وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (فاقذفیه فی الیم) واتە: ئەوجا هەڵی بدەرە ناو دەریای نیلەوە، لە عورفی شەرعی شەریفا بڕێتییە لە هەڵبەستنی تۆمەتی بوختانی داوێنپیسی بۆ كەسێ بە جۆرێكی وا كە تووشی شەرمەزاری بكا. ئەم جۆرە بوختانە لە گوناهە هەرە گەورەكانە، بەپێی نامەو رێگەی رەهبەرو یەككرتنی نەتەوە، حەددی تایبەتی خۆی هەیە.

مەرجی بوختانكەر: ئەم سێ شتە مەرجە:

یەكەم: دەبێ رەسیدەو هۆش ساغ بێ، كەواتە: منداڵو شێت حەددیان لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر بەشی خۆیان فامیان هەبوو بەپێی ئەوە تەمێ دەكرێن.

دووەم: نابێ بوختان بۆ كراوەكە لە ئەوەی بوختانكەرەكە بێ، واتە: بوختانەكەر لە بنچینەی نزیك یا دووری بۆختان بۆ كراو نەبێ، وەك باوكو دایكو باپیرەو نەنك. چونكە لە شوێنێ بنەچە لە جیاتی وەچەی خۆی نەگوژرێتەوە ئیتر چۆن بەهۆی بوختان بۆی، داری حەددی لێ دەدرێ؟!

بەڵام بنەچە ئەگەر بوختانی داوێنپیسی بۆ ئەوەی خۆیان بكەن تەمێ (تەعزیر) دەكرێن، چونكە بوختان ئێش بە دڵ دەگەیەنێ.

سێیەم: ئەوەیە بە ئارەزووی خۆی بوختانەکە بکا، بە زۆر پێی نەکرێ، جا ئەگەر کەسێ بە زۆر ئەوەی کرد حەددی لێ نادرێ بەپێی فەرموودەی: (قەڵەمی تەکلیف لەسەر ئەم سێ کەسە هەڵگیراوە) (لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەم دوو مەرجەی تریشی هەیە:-

چوارەم: ئەوەیە بڕیار (ئەحکام)ەکانی ئیسلامی لە ئەستۆ گرتبێ، کەواتە حەددی بوختان نادرێ لە بێبڕوای جەنگی.

پێنجەم: ئەوەیە کابرای بوختان بۆ کراو خۆی ڕێگەی ئەوەی نەدابێ – وەرگێڕ).

مەرجەکانی بوختان بۆکراو:

ئەوەیە کە داوێنپاکبێ (واتە: موحصەن بێ) چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ – نوور – سورة النور – ٤/٢٤} وە ئەو کەسانەی کە نیسبەتی ئافەرتی حوڕی باڵغی عاقڵی موسوڵمانی پاك لە داوێنپیسی دەدەن. (تەفسیری نامی) دیارە کە مەرجی ئیحصان ئیسلامو ڕەسیدە بوونو هۆشی ساغو ئازادیو داوێن پاکیو مەردییە. کەواتە: ئەگەر بوختانی داوێپیسی بکا بۆ بێبڕوایێ، یا منداڵێ، یا شێتێ، یا بەندەیێ، یا کەنیزەکێ، یا زیناکارێ ئەوە حەددی لەسەر نیە، چونکە بە مەرج گرتنی داوپێنپاکی بەپێی ئایەتەکە ئەمانە بەرناکەون. بەڵێ ئەوەندە هەیە بۆ ئەوەی نەبێ بەهۆی ئازارو ئاژاوە بەرپابوون، کەسێ کارێکی وا بکا تەمێ دەکرێ.

٣٢٨) حەددی بوختیان:

حەددی بوختیانکەری رەسیدەی خاوەن هۆشی ساغی سەربەست (مختار) خوای موسوڵمانبێ، یا پەنادراوبێ، یا پەیماندار بێ، یا هەڵگەڕاو بێ، بەپێی دەقی قورئانو سوننەتو یەکگرتن چەسپاوە، بە مەرجێ ڕێگرێ نەبێ، وەك ئەوە بوختیارنکەر بنەچەی بوختیان بۆ کراوبێ، یا بوختیان بۆکراو موحصەن نەبێ. جا ئەو بوختیانکارە ئەگەر ئازاد بوو حەددەکەی هەشتا دارە، بەپێی ئایەتی {فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً – سورة النور– ٤/٢٤}. ئەبوو داوود لە عائیشەوە {ڕەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: کاتێ کە ئەو ئایەتانە هاتنە خوارەوە کە باسی داوێنپاکیو پاکیی منیان تیادایە، کە ئەو بوختانەی بۆ منیان کردبوو ئەو ئایەتانە پووچیان کردنەوە، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} هەستا چووە سەر دوانگەو وتارێکی خوێندەوەو ئەو باسەی باس کردو ئایەتەکانی خوێندەوە بۆ خەڵکەکە، جا کە هاتە خوارەوە لە دوانگەکە فەرمانی فەرموو داری حەددیان دا لە هەردوو پیاوەکە کە حەسانی کوڕی سابیتو میسطەحی کوڕی ئوثاثە بوون، وە هەروەها داری حەددیان لە ژنکەیشدا کە حەمنەی کچی جەحش بوو کە ژن خوشکی پێغەمبەر بوو.

طەحاوی دەفەرموێ: واتە: یەکی سەرو هەشتا داریان لێ دان، بۆیە حەددی بوختان کەمترە لە حەددی داوێنپیسی چونکە بوختان خۆشی کەمترە لە داوێنپیسی.

بەڵام ئەگەر بوختیارنکەرەکە کۆیلە بوو حەددەکەی چل دارە، ئیتر خوای بەندەی تەواوبێ، یا پاشمەرگە (مودەببەر) بێ، یا دایکی

منالّ بێ، یا بەشبەش (مبعض)بێ. چونکە ئەبو بەکرو عومەرو عەلی {رەزای خوایان لێبێ} هەروا کاربەدەستەکانی تری دوا ئەوانیش لەکاتی وادا چل داریان لە بەندە دەدا، وەکەسیش رەخنەی لێ نەگرتوون، وەکی تریش ئەم حەددە لەو جۆرە حەددانەیە کە قەبوولّی بەش بەشکردن دەکا، کەواتە لەمیشدا وەك حەددی داوێنپیسی یا حەددی بەندە نیوەی حەددی ئازادبێ!

ئەگەر کەسێ گوتی: ئایەتەکە رەهایە بەبی مەرج و بەند دەفەرموێ، هەرکەس بوختیان بۆ ژنی مەردی داوێنپاك بکا هەشتا داری لێ بدەن، کەواتە ئازادو بەندە وەك یەك دەگرێتەوە کەواتە ئێوە چۆن دەڵێن حەددی بوختیانی بەندە چل دارە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئایەتەکە سەبارەت بە مرۆڤی ئازادە، بەڵگەی ئەم وەڵامە فەرموودەی زاتی مەزنە: {وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا - سورة النور - ٤/٢٤} چونکە بەندە بەبێ بوختیانکردنیش شایەتیدانی بەیەخی نیە! ئایەتەکەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمانە لە پێش بوختیانەکەدا شایەتیان قەبوولّ بووەو بایەخی بووە، کەواتە مەبەست لێیان مرۆڤی ئازادە نەك بەندە.

٣٢٩) بەچی حەددی بوختان لە کۆڵ دەکەوێ؟

بەم سێ رێگەیە ئەم حەددە لە کۆڵ دەکەوێ:

یەکەم: راستکردنەوەی بەڵگە لەسەر بوختان بۆکراو. خوای بوختان بۆکراو ژنی کابرای بوختانکەر بێ، یا ژنێکی بیانی بێ، بەڵگەی

ژنی بیانی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێ: {لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً – سورة النورثم – ٤/٢٤} ئەومتا ئایەتەکە کاتێ فەرمان دەکا بە جەڵدە لێدان کە شایەتو بەڵگە نەبێ لەسەر راستیی داواکە. بەڵگەی ئەوەیش کە بەراست کردنەوەی بەڵگەو شایەت حەددی بوختان لە کۆڵ مێرد دەکەوێ فەرموودەکەی هیلالی کوڕی ئومەییەیە کە لە باسی شەڕە نەفرێندا رابورد، کە تۆمەتی ناپاکی لە ژنەکەی خۆیدا پێغەمبەر {درووده خواو لەسەربێ} پێی فەرموو: یا بەڵگەو شایەت لەسەر راستیی ئەم قسەیە راست دەکەیتەوە، یاخود پشتی خۆت ئامادە بکە بۆ داری حەددی بوختان بۆ ژنی مەردی داوێنپاک! وە چەند جارێ ئەم گوفتوگۆیە لە نێوانی هیلالو پێغەمبەردا دووبارە بۆوە!.

دووەم: کاتێ بوختان بۆکراو خۆی دانی نا بە تاوانی خۆیدا حەددەکە لەکۆڵ بوختانکەر دەکەوێ، چونکە پێلێنان سەروەری هەموو بەڵگەکانەو باشترینو رۆشنبیرین بەڵگەیە.

سێیەم: لێخۆشبوونی بوختان بۆکراو، چونکە ئەم تۆڵەیە مافی تایبەتی خۆیەتی، لەبەر ئەوە بەبێ رەزابوونی خۆی ئەم تۆڵەیە جێبەجێ ناکرێ، جا کاتێ لە کابرا خۆش بێ تۆڵەی لە کۆڵ دەکەوێ.

٣٣٠) مەیخۆر – بادەنۆش – مەینۆش:

بادەنۆشی تاوانێکی گەلێ گەورەیە، لە گوناهە هەرە گەورەکانە، هۆش لابەرەو دەبێ بەهۆی لابردنی هۆش.

دەی هەر شتێ بە شێوەیەکی یاساخ ببێ بە مایەی لابردنی هۆش لە شەریعەتی هەموو نەتەوەکانا شتی وا یاساغو نادروستە. چونکە هۆش یەکێکە لەپێنج هەمەکییەکان، کە ئاودارن بە (کلیاتی خەمس) کە لە شەریعەتی هەموو میللەتێکا دەپارێزرێن. ئەوەتا خودای گەورەیش لە نامەی نازداری خۆیدا کە قورئانی پیرۆزە فەرمانمان پێ دەفەرموێ کە بەهیچ جۆرێ تۆخنی ئارەقو مەیو بادە نەکەوین، وە بۆی روون کردووینەتەوە کە شتی وا پیسو چەپەڵەو لە کارو کردەوەی شەیتانەو لە مرۆڤی موسوڵمانی هۆشیار ناوەشێتەوە. خوا دەفەرموێ: {إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ - سورة المائدة - ٥/٩٠}

خۆشەویستیش {درووەد خوا لەسەربێ} دەفەرموێ: هەموو سەرخۆشکەرێ نادروستە (موسلیم) لە بوخاری شەریفا دەفەرموێ: چەند هۆزێ لەناو نەتەوە (ئوممەت)ی منذا پەیدا دەبن ئەم سێ شتە بە حەڵاڵ دەزانن: ئاوریشم بۆ پیاوو مەیو ئامێری مۆسیقاو شتی وا لە گێڕانەوەیەکا لە ئەبو مالیکی ئەشجەعبیەوە دەفەرموێ: {درووەد خوا لەسەربێ}: بەخودا رۆژێ دێ گەلێ کەس لە نەتەوەی من مەی دەخۆنەوە، بە ناوێکی ترەوە ناوی دەنێن، بەزمو رەزمیان بۆ ساز دەکرێو بلوێرو زورناو شتی وایان بۆ لێ دەدرێ، لە ئەنجاما گەلێ لەمانە خودا بە ناخی زەویدا رۆیان دەچوێنێو هەندێکیشیان دەکا بە مەیموونو بەراز[1].

---

[1] لە پێش جەنگی کەنداودا هەندێ مرۆڤی وێژدان مردوو بە ناری حەجموە دەچوون بۆ حیجاز، کە دەهاتنەوە: کاغەزی قومارو ڤیدیۆو ویسکیو شتی وایان لەگەڵ خۆیان

جەوهەری (وەزاد خواد لێبێ) دەفەرموێ: هەر خواردنەوەیەك كە زۆری مرۆڤ سەرخۆش بكا كەمیشی وەكوو زۆری حەرامە. چونكە دەفەرموێ: (وروەد خواد لەسەربێ): هەرشتێ زۆرەكەی خەڵك سەرخۆش بكا كەمەكەیشی حەرامە وەك زۆرەكەی.

٣٣١) هەددی ئارەقخۆر:

هەر موسوڵمانێكی رەسیدەی هۆش ساغی سەرپشك (مختار) شتی سەرخۆشكەر بخواتەوە حەددی لەسەر پێویست دەبێ، مەرجی جێبەجێكردنی ئەم حەددە چەند شتە:-

یەكەم: ئەوەیە مەیخۆر موسوڵمانبێ.

دەهێنا منیش بەم بۆنەیەوە ئەم شیعرەم گوت:

حاجی و ئیدیۆو قومارو ویسكی

ئەمە پێی دەڵێن حاجی بڕێكی

مەبەستم ئەوەیە كە ئەو هەڕەشەیەی لەم فەرموودەیەدا كراوە، هاكا هاتەدی. جا خودا پەنای حاجی و شێخ و مەلاكان بدا، چونكە بە راستی شیازەی كروبار تەوار تاڵۆسكاوە لە ستایشی مەلای سۆشیالیستا گوتوومە:

مەلا بانگی كرد بە بانگی پارە

ویردی سەرزاری باسی دوولارە

- وەرگێڕ -

دووەم: ئەرك لەسەر (مكلف)بێ.

سێیەم: ئەوەیە سەرپشكبێ. واتە: بە ئارەزووی خۆی بێ.

چوارەم: ئەوەیە كە بزانێ ئەوە مەیە دەیخواتەوە.

پێنجەم: ئەوەیە بزانێ كە ئەرەق خواردنەوە حەرامە.

بەڵام مەرج نیە كە ئەوەندە بخواتەوە هەتا سەرخۆی بكا. جا مەینۆشەكە ئەگەر ئازاد بوو چل داری لێ دەدرێ. چونكە وەلید ئارەقی خوردبۆوە، لە خزمەت عوسماندا داری حەددیان لێدا، عەبدورەحمانی كوڕی جەعفەر دارەكانی لێ دەدا، عەلیش دەیژماردن، هەتا بوون، بە چل دار، عەلی گوتی: ئیتر بەسە. ئینجا فەرمووی:پێغەمبەر خۆی {درووەد خوای لەسەربێ} چل داری لێ دەدا، ئەبو بەكریش هەروەها بەڵام عومەر هەشتا داری لێ ئەدا، ئەمانە هەموویان هەر شوننەتنو ڕێگەی شەرعن، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم چلەكەم پێباشترە لەبەر ئەوە كە ئەمە سوننەتی پێغەمبەر خۆیەتی {درووەد خوای لەسەربێ} (موسلیم) لە فەرموودەیەكی تری موسلیمدا دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمانی كرد كابرایەكی مەیخۆریان دارگاری كرد، بە دوو پەلكە خورما چل جاری لێدا. ئەگەر پێشەوای موسوڵمانان وای بەباش زانی كە داری حەددی ئازاد بگەیەنێتە هەشتا دارو داری حەددی بەندە بگەیەنێتە چل دار دروستە بۆی كە ئەوە بكا. بەپێی ئەو فەرموودەیەیی كە موسلیم دەیگێڕێتەوە كە دەفەرموێ: ئیمامی عومەر ژمارەی داری حەدی بادەنۆشی كرد بە هەشتا دار. عەلیش بە عومەری فەرموو: پیاو كە خواردیەوە سەرخۆش دەبێ، كە سەرخۆش بوو دەبڕسكێنێ، كە

برِسکاندی بوختان دەکا، دەی ژمارەی داری حەددی بوختیانکەریش هەشتا دارە، جا عومەریش رەفتی بەم فەتوای عەلییە کرد، کەسیش رەخنەی لێ نەگرت.

کەی ئەم تۆڵەیە جێبەجێ دەکرێ؟

حەددی شەرعی تۆڵەیە کە پێویستە لەسەر تۆڵە لێ سەنراو جێبەجێ بکرێ بە هاتنەدی یەکێ لەم دووشتە:

یەکەم: کابرا بەدەمی خۆی پێ لە تاوانەکەی بنێ بەبێ زۆری زۆردار، چونکە پێڵێنان سەرەمری بەڵگەکانەو گەورەترین بەڵگە لەسەر تاوانباریی تاوانبار ئەوەیە کە خۆی پێ لە تاوانی خۆی بنێ. وەك ئەوە بڵێ: بە ئارەزووی خۆم بادەم نۆشیوە، هەقیش دەمزانی کە ئەوە مەیە دەیخۆمەوە، باش باشیش دەزانم کە مەیخواردنەوە نادروستە.

دووەم: ئەوەیە کە دوو پیاو یا زیاتر شایەتی لێ بدەن بە مەرجێ مەرجی شایەتیان تیادابێ. بەهۆی رشانەوەوە یا بەهۆی بۆنی ئارەقەوە حەددی لێ نادرێ، چونکە هەڵدەگرێ کە زۆر لێکراو بووبێ، یا بەهەڵە بووبێ، لەبەر ئەوەی تریش کە گەڵێ شتی تریش بۆنی وەك بۆنی مەی وایە، بنەڕەتیش پاکی‌و بێ تاوانییەو نەبوونی تۆڵەیە، یاسادانەریش (کە خودای گەورەیە) بە ئارەزووی تەواوەوە چاوەنواڕی ئەوەیە کە بە نیمچە مەهانەیێ حەدد لەسەر موسوڵمان لاببرێ.

٣٣٢) خۆتیمارکردن به مەی دروست نیە:

خۆشەویست {درووەد خوا لەسەربێ} هەوالّی داوە: کە مەی دەردە نەك دەرمان طاریقی ئەل — جەعفی - {رەزای خوا لێبێ} فەرمووی: عەرزی حەزرەتم کرد {درووەد خوا لەسەربێ}: من ئارەق دروست دەکەم، ئەویش رێگەی ئەوەی نەدام، یا فەرمووی: حەزرەت پێی ناخۆش بوو کە شتی وا بکەم، منیش عەرزیم کرد: خۆ من بۆ دەرمان دروستی دەکەم نەوەك بۆ خواردنەوە؟ فەرمووی {درووەد خوا لەسەربێ}: ئارەق دەرمان نیە بەلّام دەردە! (ئەحمەد / موسلیم / ئەبو داوود / تیرمیذی) دەی ئەم فەرموودەیە بەلگەیە لەسەر ئەوە کە دروست نیە خۆ دەرمانکردن بە بادە بکرێ، چونکە خۆی دەردە، دەی چۆن دەرد دەبێ بە دەرمان؟! کەواتە: مەی حەرامە رێك وەك مردارەوەبوو وایە، بەکارهێنانی دروست نیە مەگەر لەکاتی ناچاریدا، بەلّام ئەگەر کابرا پارووێ گیرایە قورگیو لە ئارەق بەولاوە شتێ تر نەبوو خۆی پێ رزگار بکا، ئەوە دروستە بۆی ئەوەندە بخواتەوە کە پارووەکە بەرێتە خوارەوە. یا وەك ئەوە کەسێ تووشی کێشەیەکی دلّ ببێ، جگە لە مەی شتی تر نەبێ کە چاری ئەو کێشەیەی پێ بکرێ ئەوە دروستە بۆی کە ئەوەندە بخواتەوە کە کێشەکە بەری بدا، یا وەك ئەوە کەسێ وەخت بێ لە سەرمانا رەق ببێتەوە، شتێ تر نەبێ کە گەرمی بکاتەوەو لە رەقبوونەوە رزگاری بکا جگە لە خواردنەوەی مەی. بەلّێ لە وێنەی ئەم بارودۆخانەدا دروستە ئەوەندەی لێ بخواتەوە کە زیانەکە نەهێلّێ. چونکە یاسایەکی رەسای دامەزراو هەیە دەفەرموێ: ناچاری حەرام حەلاّل دەکا. بەس ئەوەندە هەیە: شت

لەکاتی ناچاریدا بە ئەندازەی ئەو ناچارییە ئەندازەی بۆ دیاری دەکرێ، نەك وەك کاتی ئاسایی! بۆ زیادە روون کردنەوە دەڵێین: گۆشت لەکاتی ئاساییدا چەند دەخۆی بخۆ، ئەندازەی بۆ دیاری نەکراوە، بەڵام گۆشتی مردار، لەکاتی ناچاریدا ئەندازەی بۆ دیاری کراوە، دەبێ ئەوەندە بخۆی کە بەری دڵت بگرێو لە مردن رزگارت بکا، نابێ وەك کاتی ئاسایی تێرو تەسەلی لێ بخۆی.

٢٣٣) باسی حەددی دزی:

دزی لە عورفی شەرعا ئەوەیە مالّی کەسێکی تر بە نهێنی بە دزەکە دزکەبەری بۆ خۆت، بە مەرجێ ئەو مالّە لە جێگەی پاراستنی وێنەی خۆیدا دانرابێ. دزی دەبێ بەهۆی دەست بڕین بە نامەو بەرێگەی رەهبەرو بە یەکگرتنی نەتەوە. زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ – سورة المائدة ٣٨/٥} واتە: دەستی پیاوی دزو دەستی ژنی دز لەسەر دزێتی ببڕن، چونکە ئەوە ئەو تۆڵەیە کە خودا بڕیوێتەوە بۆیان، تاببن بە پەند بۆ چاو ترساندنی خەڵکی تریش.

صەفوانی کوڕی ئومەییە فەرمووی: لە مزگەوت خەوتبووم لەسەر کراسێکی خوری گوڵ گوڵی، کراسەکە دزرا، دەزەکەمان گرتو بردمان بۆ لای پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} بۆ دادگایی، فەرمانی فەرموو کە دەستی ببڕن، عەرزیم کرد: قوربان! لەسەر کراسێکی خوری دەستی

زەلامێ دەبڕێ!؟ من کراسەکە دەبەخشم پێی. فەرمووی: دەبوو لە پێش ئەوەدا کە بیهێنی بۆ لای من و شکاتی لێ بکەی ئەوەت بکردایە! (ئەبو داوود / ئیبنو ماجە / نەسائی / مالك / شافعی / حاکم. حاکم بە دروستی داناوە).

٣٢٤) مەرجەکانی دەستبڕینی دز:

مەرجەکانی دەسبڕینی دز چەند شتە: هەیانە لە دزەکەدا رەچاو دەکرێ، هەیانە لە دزراوەکەدا رەچاو دەکرێ. مەرجی دزەکە ئەوەیە: رەسیدەی هۆش ساغی سەرپشك (مختار)بێ، ئیتر خوای موسوڵمان بێ، یا پەیماندار بێ، یا هەڵگەڕاوە بێ دیەستی دەبڕرێ، کەواتە: دەستی منداڵو شێتو زۆر لێکراو نابڕرێ. مالّە دزراوەکەیش مەرجی ئەوەیە بگاتە رادەی خۆی، واتە: بگاتە ئەو ئەندازەیە کە دەستی لەسەر دەبڕرێ، کە چارەکە دینارێکی زێڕی ساغی سکە لێدراوە، یا شتێکی تر بێ نرخی بکاتە چارەکە دینارێ، یا لەم ئەندازەیە زیاتر بێ. کەواتە: ئەگەر کەسێ چارەکە مسقاڵێ زێڕی سکە لێ نەدراوی دزی، کە نرخی کەمتر بێ لەسکە لێ دراو ئەوە دەستی نابڕرێ. بەپێی ئەم حەدیثە کە عائیشە {رەزای خوای لێبێ} گێڕاویەتەوە: حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: دەستی دز کاتێ دەبڕرێ کە بایی چارەکی دینارێ زێڕ بدزێ، یا بایی زیاتر بدزێ! (ش/ د/ ت/ ن). ئەوەی کە گوتمان: لەسەر ئەوەیش دەستی دەبڕرێ کە شتێکی تر جگە لە زێڕ بدزێ کە نرخی بکاتە چارەکە دینارێ، ئەوە قسەی ئیمامی شافیعی خۆیەتی {رەزای خوای لێبێ} چونکە

پێغەمبەر {درووەد خوا لەسەربێ} خۆی ئەوەی کردووە ئیبنو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} دەڤەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوا لەسەربێ} دەستی دزێکی بڕی، لەسەر دزینی قەلخانێ، کە بایی سێ درەم بوو! (ش/د) (سێ درەم لەسەر دەمی پێغەمبەردا بایی چارەکە دینارێکی زێڕ بووە، چونکە دینارێ بە دوازدە درەم بووە – وەرگێڕ).

شاعیرێ قسەیەکی نەستەقی هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

يد بخمس مئين عسجد وديت

ما بالها قطعت فى ربع دينار؟

قازی عەبدول وەهابی مالیکیش {رەحمەتی خوا لێبێ} ئاوا وەڵامی دەداتەوە:

عز الامانة أغلاها، وأرخصها:

ذل الخيانة فافهم حكمة الباري

شیعری یەکەم هی ئەبو عەلای موعەرریبیەو مەبەستی ڕەخنەیە لە شەریعەتو واتای ئاوایە:

پێنج سەد لیرەی زێڕ خوێنی دەستێ بێ

سەیرە! دەبڕێ لەسەر یەک روبعێ!

شیعری دووەمیش کە وەڵامەکەیەتی مانای ئاوایە:

دەستپاکی بەهای دەستی گران کرد

دەستپیسیش نرخی تەواو هەرزان کرد

مەبە بەکوێری یاخی لە خودا

دانایی خودا فێربە ئەی گەدا!

(وەك بزانین ئەبو عەلای موعەرری کوێر بووە – وەرگێڕ).

جا ئەگەر کەسێ شتێکی خودپیسی دزی وەك مەیو بادە ئەوە دەستی نابڕرێ، خودپیس واتە: نجس العین: یا زور ناو تەموورەو ئامێری تری کەیفو رابواردنی دزی ئەویش دەستی نابڕرێ، چونکە ئەمانە حەرامن پێویستە لەناو بدرێن، دروست نیە راگرتنیانو هێشتنەوەیان لەلای موسوڵمان، مەرجێکی تری مالّی دزراو ئەوەیە: ئەو مالّە بە یەکێ لەم دوو شێوەیە پارێزراوبێ، بەهۆی چاودێری کردنیەوە لە لایەن کەسێکی تواناوە، یا مالّەکە خوێ لە شوێنێکی مەحکەمو قایمدا دانرابێ، کە بەم شوێنە لە زاراوی شەرعا دەگوترێ: حیرزی میثلی خۆی واتە: جێگەی قایمی پاراستنی وێنەی خۆی. کەواتە: هەر مالّێ لە جێگەی قایمی پاراستنی خۆیدا نەبێ، ئەگەر کەسێ بیبا بۆ خۆی دەستی نابڕرێ، وەك ئەوە قاتێ جل لەسەر تەنوور دابنرێ، یا لەبەر هەیوان دابنرێ ئەوە جێگەی راپاستنی خۆی نیە، ئەم مەرجە دەقی لەسەر هەیە. ئەم مەرجی پاراستنە بەپێی گۆڕانی مالّەکەو بارودۆخی رۆژگارو چۆنێتی جێگەو شوێن دەگۆڕێ. بۆ ئەم گۆڕانکارییەیش دەگەڕێینەوە بۆ سەر باوی ناسراوی ناو کۆمەڵ (عرف) چونکە (حیرز) - واتە: پاراستن – نە لە شەرعاو نە لە زماندا کۆگری بۆ دیاری نەکراوە، هەشتێکیش لەم دووشتەدا کۆگرێ نەبێ لە بارەیەوە دەگەڕێینەوە سەر باوی باشی ناو کۆمەڵ. لەم گۆشە نیگایەوەیە ماوەردی (رەزای خوای لێبێ) دەڵێ: جا لەسەر

ئەم بنیاتە شتی وا هەیە لە هەندێ کاتدا دادەنرێ بە پاراستن، بەڵام لە هەندێ کاتی تردا ئەو شتە دانانرێ بە پاراستن، چونکە رۆژگار دەگۆڕێو لەسەر یەك بار نامێنێ، وە هەموو شتێ حسێبی خۆی بۆ دەکرێ.

بزانە:

لە کاتی قاتو قڕیو گرانی گەورەدا دەست نابڕرێ، ئەم قسەیەی عومەر کە لەم بارەیەوە دەیکا بەسەر ئەم بۆچوونەدا دەبڕرێ کە دەفەرموێ: لە ساڵی برسێتیو گرانی گەورەدا دەستی دز نابڕرێ لەسەر دزی.

مەرجێکی تری شتە دزراوەکە ئەوەیە: ماڵی کەسێکی تر بێ ماڵی دزەکە خۆی نەبێ، وەك ئەوە کابرا ماڵی بارمتەی خۆی لە بارمتەکەر بدزێتەوە، یا لەو کەسە بدزێ کە بەکرێی گرتووە لێی، یا لێی خواستووە، یا بە ئەمانەت لەلای داینـاوە یا لە ئیشکەری قازانج بەهاوبەشی بدزێتەوە، یا لە جێداری خۆی، یا هاوبەشی خۆی!

مەرجێکی تری دزراو ئەوەیە: کابرای دز بیانووی ملکایەتیو کۆڵکە گومانی ملکایەتی لەو شتەدا نەبێ کە دزیوێتی چونکە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): هەتا بۆتان دەکرێ بە کۆلکە مەهانەیێ، بە نیمچە گومانێ حەدد لەکۆڵ موسوڵمان بخەن!. کەواتە: دەستی مناڵو نەوە لەسەر دزینی ماڵی باوكو باپیرەو دایكو نەنكو بنەچەی خۆیان نابڕرێ، هەروا دەستی بنەچەیش لەسەر دزینی ماڵی وەچەی خۆی نابڕرێ، چونکە ماڵی هەریەکێ لە بنەچەو وەچە ئامادەیە بۆ

جێبەجێکردنی پێویستی ئەوی تریان، لەبەر ئەومیش گومانی ئەومیش هەیە کە ئەمانە لەناو خۆیانا هەقی ژێواریان لەسەر یەکتری هەیە. هەروا دەستی بەندە لەسەر دزینی سامانی ئاغای نابڕێ، چونکە گومانی ئەوە هەیە کە هەقی لە سامانی ئاغایدا هەیە، دەستی ژنیش لەسەر دزینی مالّی مێردی نابڕێ، چونکە شوبهەی نیستیحقاقی نەفەقەی لە مالّی مێردەکەیدا هەیە، چونکە ژێواری ژن لەسەر مێردە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر مێرد سامانی ژنی خۆی بدزێ لە سەری دەستی دەبڕێ، چونکە ژیواری پیاو لەسەر ژن نیە، کەواتە شوبهەو گومانی ملکایەتیی لە شتە دزراوەکەدا نیە هەتا ببێ بە مەهانەی دەست نەبڕین چونکە هەموو گومانێکی خاوەنێتی مەهانەیە.

٣٣٥) سەرئەنجامی دزی:

کاتێ دزی ساخ بۆوە دوو شت پێویست دەبێ:

یەکەم: گەڕانەوەی مالّە دزراوەکە بۆ خاوەنی، ئەگەر خودی مالّەکە خۆی مابوو، دەنا وەجەڵەکەی، چونکە فڕی دزەکەی پێوە نیە لەبەر ئەوە دەبێ یا خودی مالّکە ڕەدکاتەوە یا ببیژێرێ.

دووەم: دەستبڕین پێویست دەبێ، بەپێی ئایەتی {وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا ➡} لەسەر ئەم شێوەیە: دەستی ڕاستی دزەکە دەبڕرێ لە جمگەی مووچیدا کە یەکەم جمگەی دەستە، چونکە فەرمانی پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) لەسەر ئەوەیە، لەپاش خۆشی

هەرچوار جێنشینە باشەکانی ئاوایان کردووە. ئەو کابرای کە کراسەکەی سەفوانی دزی پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) فەرمانیدا کە لە مووچیدا دەستی ببڕێ. جا ئەگەر پاش ئەوە دزەکە جارێکی تریش دزیی کردەوە پێی چەپی دەبڕێ لە قولاپەیدا، چونکە فەرمانی پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) لەسەر ئەوەیە، شافیعی فەرموودەیەکی لەم بارەیەوە گێڕاوەتەوە، ئەبو بەکرو عومەریش لە جاری دووەمدا قاچی چەپی دزیان دەبڕی، کەسیش سەرپێچی لە کارەکەیان نەکردووە،

بە قیاس لەسەر رێگرو جەردەیش، خوای گەورە دەفەرموێ: {أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ – سورة المائدة – ٣٣/٥} بۆیەیش پێ لە قولاپەدا دەبڕرێ چونکە عومەر وای دەکرد. بەڵام مەرجی بڕینی قاچ ئەوەیە کە جێگەی دەستە بڕاوەکەی سارێژببێو چاك ببێتەوە ئەوجا قاچی دەبڕێتەوە، تا یەك کەوتنی بڕینەکان تەشەنە نەکەن بۆ سەرتیاچوون، جا ئەگەر دووبارە دزیی کردەوە دەستی چەپیو لە جاری چوارەمدا قاچی راستی دەبڕرێ، چونکە فەرمانی پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) لەسەر ئەوەیە، ئەبو بەکریش ئاوای کرد لە کابرایەکی دەستو قاچ بڕاو. ئەگەر لە پاش بڕینی هەرچوار پەلی کابرا هەر دەس بەردار نەبوو لە دزی تەعزیرو تەمێ دەکرێ. چونکە دەستو پا بڕرین لەسەر بڕیاری قورئانو سوننەتو یەکگرتن چەسپاون، کەواتە باسی شتی تر نەکراوە، لە هەمان کاتا دزی تاوانە، گشت تاوانێ کە تۆڵەی تایبەتی نەبێ خاوەنەکەی تەمێ دەکرێ لەسەری. قیلێ دەڵێ: ئەگەر لەوەدوا دزیی کردەوە دەکوژرێ، چونکە لە فەرموودەیەکی ئەبو داوودو نەسائیدا دەفەرموێ: پێغەمبەر (درووەد خوای

لەسەربێ} تا چوار جار فەرمانی کرد بە برینی دەستو پای دز، وە لە جاری پێنجەما فەرمووی: بیکوژن. بەڵام فەرمایشتی یەکەم دورستی تەواوە، وەڵامی ئەم فەرموودەیە ئاوا دراوەتەوە: کە ئەم حەدیثە مونکەرە. زوهری دەفەرموێ: کوشتن هەڵوەشاوەتەوە، چونکە دزێکیان برد بۆ دادگایی بۆ لای پێغەمبەر بۆ جاری پێنجەم دزی کردبوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} نەیکوشت! شافیعیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: حوکمی کوشتنی دز بەبێ راجیایی لەناو زاناکانا هەڵوەشاوەتەوە دیسان لەبەر ئەم بەڵگەیەی تریش ناکوژرێ چونکە هەموو تاوانێ کە ببێ بەهۆی تۆڵەیێ دووبارە بوونەوەی بۆ چەند جارێ نابێ بەهۆی پێویستبوونی کوشتنی تاوانبار.

٣٣٦) باسی تۆڵەی رێگرو جەردە (قطاع الطرق):

بۆیەوا ناو نراون چونکە رێ لە خەڵك دەبەستنو مەردم ناتوانن لە ترسی ئەوان بە ئاسایی هاموشۆ بکەن. لە دەقی قورئاندا تۆڵەی رێگرو جەردە دیاری کراوە، دەفەرموێ: {إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ – سورة المائدة – ٥–٣٣} واتە: سزاو تۆڵەیێ کە بەپێی تاوانی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ خودادا شەڕ دەکەنو بە گژی پێغەمبەری خودادا دەچنو ئاژاوە دەگێڕن لەناو وڵاتاو ئاشوبو خراپە بەرپا دەکەن لەسەر رووی زەوی، سزایەکی وا کە شایستەی ئەمانە بێ ئەوەیە کە بکوژرێنو بۆ

پەندو عیبرەتیش بکرێن بەدارا، یاخود دەستو پێیان ببڕێ لەسەر شێوەی راستو چەپ، یاخود رەهەنەوشاربەدەر بکرێنو بەبێ پشوودان لەم شارەوە بۆ ئەو شار دەربەدەر بکرێن).

چەتەو جەردەو رێگر لە شەرعا چوار جۆرن:

یەکەم: ئەگەر نەم رێگرانە مالیان لە خەلک نەدەسەند، بەڵام خەڵکیان دەکوشت ئەوە دەکوژرێنەوە.

دووەم: ئەگەر هەم خەڵکیان دەکوشتو هەم مالیان لە مەردوم دەسەند ئەوە دەکوژرێنو لە پاش شۆردنو کفنکردن نوێژیان لەسەر دەکرێو لەپاش ئەوە تا سێ رۆژ بەدارێکی پاندا هەڵدەواسرێن، ئەوسا دەهێنرێنە خوارەوەو دەنێژرێن.

سێیەم: ئەگەر هەر مالیان لە مەردووم دەسەند، خەڵکیان نەدەکوشت ئەوە دەستی راستو پێی چەپیان دەبڕرێ، بە مەرجێ ئەو مالە سەندراوە بگاتە ئەندازەی حەددی دزی کە دەکاتە چارەکە دینارێکی زێڕی سکەلێدراو.

چوارەم: ئەگەر هەر خەڵکیان دەتۆقان، نەمالیانم لە کەس دەسەندو نە کەسیان دەکوشت ئەوە بەندو حەپس دەکرێنو بەهۆی بەندکردنو شتی تری واوە تەعزیرو تەمێ دەکرێن، وەك شار بەدەرکردنو رەهەنە کردن. مەرج نیە کە جەردەو رێگر نێرینەبن، یا کۆمەڵ بن، یا هەر لە دەشتو دەر جەردەیی بکەن، بەڵکوو ئەگەر تاقە کەسێکیش بێ، لەناو ئاوەدانیشدا تاوانەکانی ئەنجام بدا دادەنرێ بە

ڕێگر، به مەرجێ ئەوەندە بەهێز بێ بتوانێ بە تەنیا زاڵ بێ بەسەر خەڵکداو بە زۆر دەسدرێژی لەسەرو ماڵیان بکاو بە ئاشکرا ئەوە ئەنجام بدا. ئەم جۆرە چەتەو ڕێگرانە دروست نیە بەریان بۆ بەرەڵا بکرێ، هەتا بەکەیفی خۆیان لە وڵاتا تەراتێن بکەنو ئاژاوە بەرپابکەن، بەڵکوو پێویستە لەسەر پێشەوای موسوڵمانان بەزووی تەمێ خواردوویان بکا، هەتا دروست نیە لێیان خۆش بێو عافواتیان بۆ دەربکات، دەی نەفرەتو لەعنەتی خودا لەسەر هەموو ستەمکارو زۆرداری، کەڕێ بە خەڵك دەگرنو ئاژاوە بەرپا دەکەنو ئاسایش لە بەندەکانی خودا هەراسان دەکەنو ڕێگە بە پیادەکردنی شەریعەتی خودا نادەن (بە تایبەتی ئەمانەی ناو کوردستان – وەرگێڕ).

وەڵێ ئەوەندە هەیە هەر سزایەك بکەوێتە سەر ڕێگر بەهۆی ڕێگرییەوە، ئەوە ئەگەر لە پێش ئەوەدا کە پێشەوا دەستی بەسەردا بگرێ، بە ئارەزووی خۆی تەوبەی کردو وازی لە ڕێگرییی هێنا، ئیتر ئەو سزایەی لەسەر لادەچێ، بەڵام ئەوەی مافی تایبەتی خەڵك بێ، وەك کوشتنی بێ تاوانو خواردنی ماڵی خەڵك بە ناڕەوا، ئەوە بە تەوبە لاناچێ، خواە لە پێش تەوبەدا یا لە پاش تەوبە بگیرێ. جا ئەگەر فەرماندار لە پێش تەوبەکردندا دەستی لێی گیربوو، ئەوە ئەو تۆڵەیەی کە خوا بۆی بڕیوەتەوە لە سەری جێبەجێ دەکرێ، تەنانەت ئەگەر لەپاش دەسگیرکردنی تەوبە بکا تۆڵەی جەردەیی لە کۆڵ ناکەوێ، بەپێی چەمکو مەفهوومی ئەم ئایەتە: {إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – ٣٤/٥}. تەوبە کای پێش دەست لێ گیربوون، ئەگەر خەڵکی کشتبوو، ئەوە مەرج نیە کە

بکوژرێتەوە، بەڵکوو هەقداری کوژراوەکە بۆی هەیە کە لە جیاتی تۆڵە بیکوژێتەوە، یا لێی خۆش بێ، وە ئەگەر خەڵکی کوشتبوو وە مااڵیشی لە خەڵك سەندبوو، ئەوە هەڵواسینەکەو پێویستبووی کوشتنی لە کۆڵ دەکەوێ، چونکە ئەم دووە مافی خوان بە تەوبەی پێش دەسگیرکردن لەکۆڵ دەکەون بەاڵم کوشتنەوەو دانەوەی مااڵکەی لەسەر دەمێنێ، خاوەن خوێن دەتوانێ بیکوژێتەوە یا لێی خۆشبێ، خاوەن مااڵیش بۆی هەیە یا مااڵکەی پی دابین بکا یا لێی خۆش بێ. وە ئەگەر بەس مااڵیان لە خەڵك سەندبوو ئەوە دەت بڕینو قاچ بڕێنەکەیان لەکۆڵ دەکەوێ، چونکە ئەمە حەددەو مافی خودایە، مافی خودایش بە تەوبەی پێش دەسگیربوون لە کۆڵ دەکەوێ، بەاڵم مااڵکەیان لێ دەسەنرێتەوە، چونکە مااڵو کوشتنەوە (قیصاص) هەقی ئادەمیزادن، هەموو هەقێکی ئادەمێزادیش بە تەوبە لاناچێ. بەڵێ حەددی داوێنپیسیو دزیو مەی خواردنەوە، لەپاش چەسپ (ثابت) بوونی هەرگیز لاناچێ، چونکە ئەو بەڵگانەی ئەم حەدانەیان پێ ساغ دەبێتەوە بەرەهایینو فەرقی ڕێگرو کەسانی تر ناکەن (مامۆستا عەبدولکەریم – خودای گەورە دەست بە تەمەنی پیرۆزی بگرێو سەد هەزار ڕەحمەت لە خۆیو باوكو کەسوکارو مردوو زیندووی ئەویشو ئێمەیش) لە شەریعەتی ئیسلامدا (ب/٤ل/١٥٢) دەفەرموێ: لە توحفەدا دەفەرموێ: هەموو ئەم فەرموودانە بە نیسبەت ظاهیری شەرعەوەن، ئەگینا لە بەینی ئینسان خۆیو خوادا هەرکاتێ تەوبەی ڕاستەقینەی کرد هەموو حەددێکی لەسەر لائەچێ – وەرگێڕ).

٣٣٧) باسی هەڵمەتهێنان (الصيال):

هەڵمەت: پەلامارو تاودانەسەر کەسێکی تر. لە شەرعا ئەومیە: کەسێ بە ناڕەوا پەلاماری کەسێ بدا. لەپێش ئەومدا کە یەکگرتن لەسەر هەڵمەتهێنان دابمەزرێ سەر بەلگەی ئەم باسە ئەم ئایەتەیە: {فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ – سورة البقرة – ١٩٤/٢} واتە: ئەی هەرکەسێ دەسدرێژی لێکردن ئێوەیش بەقەد دەس درێژییەکەی ئەو دەسدرێژی لێ بکەنەوە. لەگەڵ ئەم فەرموودەیدا {درووده خوای لەسەربێ} یاریدەی برای خۆت بدە، لەسەر هەق بێ، یا لەسەر ناهەق بێ! پیاوێکیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر لەسەر هەق بێ ئەوا جێگەی خۆیەتی یارمەتی دەدەم، بەڵام پێم بفەرموو ئەگەر لەسەر ناهەق بێ چۆن چۆنی یارمەتی بدەم؟ فەرمووی: مەهێڵە ئەو ناهەقییە بکا ئەوە باشترین یارمەتییە بۆی! (بوخاری) ئەی هەڵمەتهێنەر ناهەقیکارە، کەواتە یامەتیدانی پێویستە، یارمەتیەکەیشی بەپێی ئەم فەرموودەیە ئەومیە کە نەهێڵی ئەو ناهەقییە بکا.

ئەی ئەگەر کەسێ بە ناڕەوا هەڵمەتی بردە سەر موسوڵمانێو ویستی بیکوژێ ئەوە دورستە بۆ ئەو هەڵمەت بۆهێنراوە کە بەرگری لەخۆی بکا، بەڵام تا ئەو بەرگرییە بە شێوەیەکی سووکو بێ زیان دەست بدا بۆی دروست نیە بە شێوەیەکی گرانو زیانبەخش ئەنجام بدرێ، بۆ نموونە ئەگەر بەڕاکردن، یا بەخۆ حەشاردان لە شوێنێکی قایمدا، یا بە پاڕاەوە، یا بە هەڕەشەکردن، یا بە هاواربردن بۆ کەسێ، یا بەهەر شتێ تری بێ زیان چاری دەکرا نابێ دەستی لێ بوەشێنێ، چونکە

ئەو لە سەریەتی بەپێی ئەم ئایەتە خۆی رزگار بکا، کە دەفەرموێ: {ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ - سورة المؤمنون - ٣٤/٤١} واتە: تۆبە شێوەیەکی زۆر شیرینو جوان شتی خراپ لە ناوا مەهێڵە) قسەی دروستو فەرمایشتی ساغ ئەمەیە کە گوترا، بەڵام هەیە دەڵێ: بۆی هەیە بەهەر شێوەیێ بۆی دەلوێ بەرگری لە خۆی بکا، بە مەرجێ پلە بە پلە بۆی بچێ، هەتا بە قسەو هاوار کردنو هاوار بردن بۆ کەسێ چارەسەری بۆ دەکرا، نابێ پەلاماری لێدان بدا هەتا بەلێدان بە دەست بەرگری بۆ دەکرا نابێ بە قەمچی لێی بدا، هەتا بە قەمچی بۆی دەکرا نابێ بەدار لێی بدا، هەتا بەزامارکردن بەرگری بۆ دەکرا نابێ ئەندامی ببڕێ، هەتا بە ئەندام بڕین چارەسەری هەڵمەتهێنەرەکەی بۆ دەکرا نابێ بیکوژێ، ئەگەر هەر چاری نەدەکرا مەگەر بە کوشتن نەبێ ئەوە بۆی هەیە کە بیکوژێ. ئیتر کابرای بکوژ نەکوشتنەوەی لەسەرە، نەخوێن، نە کەفارەت، چونکە بەپێی ئەم ئایەتە هیچ بەرپرسیارییەکی لەسەر نیە، کە دەفەرموێ: {وَلَمَنِ انتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُوْلَئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ، إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ - سورة الشورى - ٤٢/٢٤} واتە: هەر کەسێ کە هەقی خۆی بسێنێ پاش ئەوە ستەمی لێکرا ئەوە جێگەی خۆیەتی، شتی وا لۆمەو سەرزەنشتی لەسەر نیە، رێگەی سەرزەنشت لەسەر ئەوانەیە کە ستەمو ناهەقی لە مەردوم دەکەن... تا کۆتایی ئایەت. لەبەر ئەوەیش هەڵمەتهێنەر ستەمکارە، ستەمکاریش دەسدرێژیکەرە، شەڕکردن لەگەڵ دەسدرێژیکارا راوەیە، کەسێکیش شەڕکردن لە گەڵیدا رەوابێ زیانی سەرو مالّی بە فیڕۆ دەڕواو دەستەبەر ناگرێ.

٣٣٨) بڕیاری بەرگیکردن لە گیانی خۆی:

رای زاناکان لە بارەی بەرگریکردن لە سەرو گیان جیا جیایە، ئەگەر هەڵمەتدەر (صائل) موسوڵمانی ئەرکدار (مکلف) بوو، قێڵێ دەڵێ: پێویستە بەربەرەکانی بکرێ، چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ - سورة البقرة ١٩٥/٢} (واتە: بەڵام بە دەستی خۆتان خۆتان مەهاوێنە ناو فەتارەتو فەوتانەوە). هەر وەك پێویستە لەسەر ناچار، بەخواردن لە مردار گیانی خۆی رزگار بکا لە مردن، پەلامارداراویش لە سەریەتی گیانی خۆی بپارێزێ. بەڵام فەرمایشتی سەنگین (راجح) ئەوەیە بەربەرەکانی فەرز نییە، چونکە خۆشەویست {درووده خوای لەسەربێ} کاتێ باسی ئەو ئازاوانەی کرد کەوان بەرێوە، حوذەیفە {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: قوربان! ئەگەر فریای ئەو رۆژگارە کەوتم فەرمانت بە چییە کە بیکەم؟ فەرمووی: لە مالّی خۆتا ئۆقرە بگرەو سەری خۆت کز بکە. حوذەیفە فەرمووی: قوربان! ئەی پێغەمبەری خودا! پێم بفەرموو ئەگەر ئازاوە گێڕ هەڵی کوتایە سەرم و خۆی کرد بە کونی ژوورا بۆم، فەرمانت چییە کە بیکەم؟ فەرمووی: کاتێ بریقەی شمشێری سەرسەرت دڵی راچەنانی رووی خۆت داپۆشەو خۆت بدەرە دەست قەدەر با بت کوژێ، چونکە ببی بەو بەندەیەی خودا کە بە ناهەق دەیکوژن باشترە، نەوەك بەو بەندەیەی خودا کە با نارەوا خوێنی مەردووم دەرێژێ. لە هەندێ گفتی ئەم فەرموودەیەدا ئاوا بە: تۆش وەکوو کوڕە باشەکەی ئادەم بکە کە براکەی پێی گوت: بە خودا دەتکوژم، ئەویش بەم ئایەتە وەڵامی دایەوە {لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ

لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ - سورة المائدة - ٢٨/٥} بەخودا من شتی وا ناکەم تۆ برای نی، چۆن برا برا دەکوژێ؟ تویش من بکوژی من دەستم ناچێتە تۆ کە بتکوژم، چونکە من لە خودای پەروەردگاری جیهانیان دەترسم.

ئەو قسەیە راستو دروستە کە دەفەرموێ: کاتێ ئیمامی عوسمان گەمارۆ درابوو، چوار سەد بەندەو خولامی هەبوو، لە دەوری بوون وێستیان بە شەڕو بەزەبری چەك بەرگری لە شەهید بوونی عوسمان بکەن، عوسمان نەیهێشتنو رێگەی ئەوەی پێ نەدان، بەڵکوو پێی فەرموون: هەر کەسێ چەکەکەی فڕێ بدا ئازادبێ. حەزرەتیش لە فەرموودەیەکا دەفەرموێ: ئاژاوە گەلێکی وا سەختو گەورەو تاریك لە پێش سەرهەڵدانی قیامەتدا بەرپادەبن، لەبەر فەرتەنەو ئاشووب جیهان وەك تاریکە شەوی ئەنگوستە چاوی لێدێ، مرۆڤ واتە: رێگەی راست هەڵە دەکا بە هیچ لایەکا سەر دەرناکا، دەبێ بە تێکەو لێکەیەکی وا پیاو سەر لە بەیانی موسوڵمانە، سەر لە ئێواری بەهۆی ئاژاوەوە بێبڕوا دەبێ، سەر لە ئێواری موسوڵمانە بۆ سبەینێ بەیانی بێبڕوا دەبێ، دانیشتوو لە کاتی بەرپابوونی ئەم لێشاوی ئاژاوەدا باشترە لەو کەسە کە لەو کاتەدا بە پێوە راوەستاوە، راوەستاو لە رێبوار باشترە، رێبوار لە هەرا کردوو باشترە، چونکە هەتا ناتەوانتر بی، وەك حاڵی دانیشتوو لەچاو حاڵی راوەستاودا کە ئامادە ترە لە دانیشتوو بۆ پەلاماردان لە ئاژاوەکان دوور تر دەبی، جا لەو کەتەدا شەڕو شۆڕ مەکەن، بەڵکوو کەوانەکانتان بشکێنن و ژێی تیرو کەوانەکانتان بپچڕێنن و دەمی شمشێرەکانتان بە بەرد وردکەن و چەك فڕی دەن، تەنانەت ئەگەر ئاژاوە بۆتان هاتە

ماڵەوەو ئاژاوە گێڕ لە کونی ژوورەوەتان یەخەی پێ گرتن مەچن بە دەمیەوەو مەچن بە گژیدا، ئێوەیش لەم کاتەدا کا ئاژاوە گێڕ قەستی خوێنی سەسەرتان دەکا خۆتان بدەنە دەست قەدەرو چاو لە کوڕە باشەکەی ئادەم بکەن، کە براکەی هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد، وە لە پێش ئەوەدا کە بیکوژێ پێی گوت: بەخودا تۆیش من بکوژی من تۆ ناکوژم، هابیلی شەهید بکەن بە سەرمەشق بۆ خۆتان نەك قابیلی پیاو کوژ! (ماجە/ داوود/ تیرمیذی. تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە، ئیبنو حەببانیش بە ساغی داناوە) شێخ تەقیەدینی ئیبنو لدەقیقولعید لە (الاقتراح)دا دەفەرموێ: ئەم فەرموودەیە بەپێی مەرجی شێخی بوخارییە کە بە مەرجی گرتووە بۆ حوکمکردن بە صیححەتی فەرموودەکانی صەحیحی بۆخاری. لەم شوێنەدا بۆیە بڕیاری ئەوە نادەین کە پەلامار دراو فەرزە لە سەری خۆی رزگار بکاو بەرگری لە سەرو گیانی خۆی بکا، وەك چۆن ناچار فەرزە لە سەری لەکاتی ناچاریدا بە خواردنی گۆشتی مردار خۆی رزگار بکا، چونکە کوشتن شەهید بوونە، بە پێچەوانەی مانگرتن لە خواردنی گۆشتی مردار چونکە شتی وا خۆکوشتنەو خۆ کوشتنیش حەرامە.

ئەگەر کەسێ هەڵمەتی هێنا بۆ سەر سامانی – گەرچی ئەو سامانە کەمیش بێ- ئەوە شەرع رێگەی دەدا کە بەرگری لە ماڵەکەی بکا، چونکە دەفەرموێ: {دروودی خوای لەسەربێ}: هەر کەسێ لەسەر ماڵی خۆی بکوژرێ شەهیدە (شەیخان) چۆنێتی بوونی ئەم فەرموودەیە بە بەڵگە لەسەر ئەم داوایە ئاوایە: بەپێی فەرموودەکە کەسێ لەسەر ماڵی خۆی بکوژرێ شەهیدە، واتە: هەقی هەیە لەسەر ماڵەکەی شەڕ لەگەڵ پەلامار

دەر بکا، لە حالّی وادا زۆر جار یا ئەو پەلامار دەر دەکوژرێ یا پەلامار دەر ئەو دەکوژێ وە ئەو لە سەریەتی کە بەرگری بکا هەتا شەهید بوون، دەی لەکاتی وادا خوێنی هەلّمەت هێنی پێ راوەیە، تەنانەت ئەگەر بیشی کوژێ دەستە بەری لەسەر نیە. بەلّام بۆی هەیە بەرگری لە سامانی خۆی نەکا، چونکە لە هەموو کاتێکا بۆی هەیە کە مالّی خۆی رەوابینێ بۆ هەر کەسێ دەیەوێ. بەلّی ئەوەندە هەیە ئەگەر مالّەکە گیانلەبەر بوو کابرا دەیویست بیکوژێ ئەوە لە سەریەتی کە بەربەرەکانێی بکا، چونکە گیان و گیاندار رێزی خۆی هەیە، هەروەها ئەگەر پەلاماری ناموسیدا، وەك ئەوە ویستی دەست درێژی لە ژنی، یا کەنیزەکی، یا لە منالّی بکا، خوای بەکوشتن بێ یا بە دەستدرێژی لە ناموس، ئەوە لەم کاتانەدا پێویستە لە سەریکە دەستە ئەژنۆ دانەنیشێ، بەلّکوو پێویستە لەسەری کە پەلامار بداو بەرگری بکا. دەگێڕنەوە جارێ ژنێ دەچێ بۆ کۆلّە چیلکە، پیاوێکیش دوای دەکەوێ و تەماعی تێ دەکا، ژنەکەیش پەلێکی تێ دەگرێ و دەیکوژێ، داواکە دەبەنە خزمەت ئیمامی عومەر {رەزای خوا لێبێ} کە لە حالّەکە حالّی دەبێ دەفەرموێ: ئەمە کوژراوی تیری غەیبی خودایە کە دێ بە هاواری زۆر لێکراوانەوە، بەو خودایە هەرگیز خوێنی ئەم ستەمکارە نادرێ! دەی کەسێ سەرپێچی لەم بڕیارەی عومەر نەکردووە لەبەر ئەوە بووە بە یەکگرتن (لێرەدا مامۆستا عاشوور ئاوا ئەم رووداوە راگوێز دەکا.. **ولما روى أن امراة خرجت تحتطب**.. هتد، بەلّام لە کفایەکەدا دەفەرموێ: **وقد روى أن امراة**.. تاد. من بەپێی کفایەکە تەرجەمەم کرد، چونکە

ئەمە بەڵگەی دووەم نیە بۆ مەبەستەکە، بەڵکوو سەربەڵگەیەتی فتأمل – وەرگێڕ).

باشە ئایا مرۆڤ بۆی هەیە کە بەرگی لە کەسانی تریش بکا، با بێگانەیش بن‌و لە کەسوکاری خۆی نەبن؟ لەم شوێنەدا دوو فەرمایشت هەیە، هەرە دروستەکەیان ئەوەیە کە دەفەرموێ: بەرگری لە بیانی حوکمی بەرگری لە خودی خۆی هەیە، لە مێشدا راجیاییەکەی پێشەوە هەیە. ئەمە قەسەمان لەوەیە کە پەلاماردەر موسوڵمان بێ، بەڵام ئەگەر پەلاماردەر بێبڕوا بوو ئەوە بەرگری فەرزە، هەروا ئەگەر پەلاماردەر ولاخ‌و درندەو چارپا بوو، بە مەرجێ گومانی بەهێزی نەبێ لەوەدا کە دەرمقەتی ئەو دەعبایە نایەت‌و مەترسی لە گیانی خۆی بکا.

٣٣٩) دەستەبەربوونی زیانی چوارپێ:

ئەگەر کەسێ ولاخێکی پێ بێ، ئەو ولاخە هەر زیانێکی گیانی یا سامانی بدا، ئەو کەسە دەستەبەرە، خواە بەشەو ئەو زیانە بدا یا بە رۆژ، وە خواە ئەو کەسە لێخوڕی بێ، یا جلەوکێشی بێ، یا سواری سەرپشتی بێ، چونکە ولاخەکە لە هەموو ئەم کاتانەدا وا لە ژێر دەستی ئەودا، کەواتە لە سەریەتی کە چاودێری بکا، وە خوای ئەو کەسەی کەوا لەگەڵ ولاخەکەدا خاوەنی بێ، یا رەنجبەری بێ، یا بەکرێی گرتبێ، یا خواستبێتی، یا زەوتی کردبێ، بۆ ئەم مەبەستە جیاوازی نیە، لە سەریەتی کە بیبژێرێ، چونکە دەست دەست دەناسێ. بەڵام ئەگەر کەسێ نەقیزەیەکی لەناکاو ژەند لە ولاخەکەوە، ولاخەکەیش لەقەیەکی وەشاند، وەزیانێکی لە شتێدا ئەوە تێوەژەنەکە دەستەبەر.

ههر ئاژەڵو ولاخێ كه به جلەوو رەشمەو لغاو زەوت نەكرێ نابێ لەناو بازاڕدا كەس سواری بێ، جا ئەگەر كەسێ سواری بوو، وه زیانێكی دا ئەوه سواركه دەستەبەرە، چونكه كەمتەرخەمی كردووه كه له شوێنی وادا سواری ولاخی وا سەر كەش بووه، چوار پای بەرەڵایش ئەگەر زیان له كشتوكاڵو شتی تر بدا، ئەگەر شتەكه له رۆژدا رووبدا ئەوه خاوەنەكەی دەستەبەر نیه، بەڵام ئەگەر بەشەو زیانەكه بدا ئەوه دەستەبەرە، چونكه دەستوور وایه كه به رۆژ پاسو ئاگاداری كشتوكاڵو بێستانو باخ لەسەر خاوەنیەتی، گەرچیش بەردانی ولاخیش بۆ لەوەڕان كارێكی ئاساییه، بەڵام دەستوور وایه كه بەشەو بێ چاودێری بەرەڵا نەكرێن، دەنا خاوەنیان سووچدارە، چونكه بەرپرسیارە له چاودێریكردنیان له شەودا، كەواته هەر زیانێ بدەن لەسەر ئەوه، به پێچەوانەی رۆژەوه كه چاودێریی شت لەسەر خاوەنیەتی.

وەك رووبمان كردەوه لەم نموونەدا خاوەنی چوارپێكه دەستەبەرە، بەڵام به مەرجێ خاوەن ماڵ كەمتەرخەمی نەكردبێ، وەك ئەوه خۆی شتەكه بۆ ولاخەكه دەربخا، یا لەسەر چەقی رێگەو بان دایبنێ، له كاتی وادا دەستەبەری دانامەزرێ!

ئەگەر كابرایێ له ماڵەوه سەگێكی درێ هەبوو، یا ولاخێكی چەمووشی جووته وەشێنی هەبوو، كەسێ چوو بۆ ماڵی كه كابرا خۆی رێگەی پێ دابوو، وه حاڵەكەی بۆ روون نەكردبۆوه، وه سەگەكه پەلاماری داوگەستی، یا ولاخەكه جووتەیەكی لێ دا، ئەوه كابارای خاوەن دەستبەرە، با كابرای میوان چلو ساغیش بێ، بەڵام ئەگەر كابرا بەبێ

رێگه پێدانی خاوەن مالّ چوو بۆ مالّی، یا خاوەن مالّ تێی گەیاندبوو ئەوە دەستەبەری لە ئارادا نیە. چونکە خۆی هۆی رووداوەکەیە.

بڕانە:

کە دەستەبەریی گیان لەسەر خوێنڕەسە لەکاتی وادا، کە لە عورفی شەرعا ناودارن بە (عاقلە).

٣٤٠) باسی ئەوانەی کە یاخی دەبن لە پێشەوای موسوڵمانان (البغاة - یاخییەکان):

مەبەست لە یاخی بوو کۆمەڵە موسوڵمانێکە گەورەیەکی فەرمانڕەوای دادپەروەریان هەبێ، بە زەبری هێزو توانای خۆیان لێی یاخی ببنو فەرمانی جێبەجێ نەکەنو بیانووە درۆینەیە بدۆزنەوە بۆ ئەم یاخی بوونەیان!

هەیە دەڵێ: مەرج نیە سەرۆکەکە دادپەروەر بی. لە راستیدا بەگێکردن (طاعەت)ی پێشەوا ئەرکێکی شەرعی سەرشانی گشت موسوڵمانێکە، گەرچی ستەمگەریش بێ، بە مەرجێ ئەو بە گێکردنە بە پێچەوانەی شەرعی خوای گەورەوە نەبێ، چونکە وەك زانراوە: فەرمانی بەندەی خودا بە مەرجێ جێبەجێ دەکرێ کە بە پێچەوانەی فەرمانی خودا نەبێ. بۆیە دەگوترێ یاخیبووان چونکە یاخیو سەرکەشو ستەمکارو ناهەقیکارنو زۆرو خراپییان لە رادە بەدەرە. سەر بەڵگەی ئەم باسە ئەم فەرمایشتەی خودایە: ﴿وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ

اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ – سورة الحجرات – ٩/٤٩}

واتە: هەرکاتێ دوو تاقم لە موسوڵمانان لەناو خۆیانا بوو بە شەڕو هەرایان، ناوبژییان بکەن‌و ڕێکیان بخەنەوە، جا ئەگەر لایەکیان بەهەق رازی نەبوو، ملی نەداو بە برایی‌و تەبایی رازی نەبوو، وە لەسەر دەسدرێژییەکەی بەردەوام بوو، ئەوە بە هەموتان بچن بە گژ لایەنی شەڕ فرۆشا، هەتا مل کەچ دەکا بۆ فەرمانی خواو لەگەڵ بڕای خۆیدا ناشت دەبێتەوە.

مەرجی جەنگکردن لەگەڵیان:

ئەگەر ئەم چەند مەرجە هاتنەدی لەسەر پێشەوایە کە بچێ بە گژیانا، بەپێی فەرمانی خوا کە دەفەرموێ: (فقاتلوا التی تبغی: واتە: لە پێشەوە ڕۆیشت):

یەکەم: دەبێ کۆمەڵەیەکی بەهێزی وابن کە خاوەن شەوکەت‌و دەسەڵات بن، بتوانن بە ڕابەر پێشەوا بوەستن‌و بەربەرەکانێی لەگەڵ بکەن، لەناو خۆیاندا سەر گەورەیەکیان هەبێ لە فەرمانی دەرنەچن، بەڵام ئەگەر چەند کەسێکی تاک‌و تەرابوون، بە ئاسانی زەوت دەکران ئەوە بەر ئەم جۆرە یاخی بوونە ناکەون!

دووەم: ئەوەیە لە ژێر رکێفی پێشەوادا نەمابن‌و لە فەرمانی دەرچووبن، وەک ئەوە مافی شەرعی سەریان نەدەن، خوای ئەو مافە

مافی سامانی بێ وەك زەكات، یا مافی تربێ وەك داری حەددو تۆڵەی پیاو كۆشتن!

سێیەم: ئەویە بیانوویەك (واتە: ئەویلێ) بدۆزنەوەو بیكەن بە مەهانەی دەرچوونیان لە فەرمانی پێشەوا، وەك ئەوە رووكاری ئایەتێ، یا حەدیثێ بكەن بە دەسكەلاو بە مەهانەی یاخیبوونەكەیان، وەك بیانووەكەی زەكات نەدەركانی كاتی ئەبو بەكری صەدیق {رەزای خوای لێبێ} كە دەیانگوت: فەرمانمان پێكراوە كە زەكات بدەین بەكەسێ كە نزاو پاڕانەوەی ئەو بۆ ئێمە دەبێ بە مایەی ئارامو ئاسایش بۆمان، ئەو كەسەیش بەس پێغەمبەر بوو، هەتا لە ژیانا بوو زەكاتمان دەدایە. وە رووكاری ئەم ئایەتەیان دەكرد بە مەهانەی ئەم داوا پووچەڵەیان كە دەفەرموێ: {خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ - سورة التوبة - ١٠٣/٩} واتە: زەكاتی شەرعی لە ماڵەكانیان وەربگرە، وە بەهۆی ئەو زەكاتەوە دڵو دەروونیان لە گوناهو تاوان پاك دەكەیتەوە، هەروەك زەكاتەكە خۆی دەبێ بە مایەی بەرەكەتو نەشونامی ماڵەكەیان، وە نزای باشیشیان بۆ بكەو بۆیان بپاڕێرەنەوە، چونكە نزاو پاڕانەوەی تۆ بۆ ئەوان دەبێ بە مایەی ئارامو ئاسایش بۆیان). وە دەیانگوت: نزاو پاڕانەوەی كەسانی تر جگە لە پێغەمبەر {دروودو خوای لەسەربێ} نابێ بەهۆی ئەم بەهرە گەورەیە بۆمان، كەواتە پێویست ناكا كە زەكاتی پێ بدەین. یا وەك بیانووی خەواریج كە لە فەرمانی سەروەرمان حەزرەتی عەلی دەرچووبوونو دەیانگوت: عەلی دەزانێ كە كێو كێ عوسمانیان كوشتووە، وە دەسەڵاتیشی هەیە بە سەریانا بەڵام بۆیە نایانكوژێتەوە چونكە خۆشی

کوشتنی عوسمانی پێ خۆشەو دەستی تێیدا هەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو کەس دەزانێ هەق لەگەڵ ئیمامی عەلی بووە، چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} مژدەی شەهید بوونی بە عەممار داو پێی فەرموو: هاوار بۆ عەمار! دەستەی ناهەقیکار دەیکوژن، عەممار ئەوان بانگ دەکا بۆ سەر رێگەی هەق کە رێگەی بەهەشتە، کەچی ئەوان ئەو بانگ دەکەن بۆ سەر رێگەی چەوتی خۆیان کە رێگەی دۆزەخە. ئەوە بوو عەممارى کورِی یاسر {رەزای خوایان لێبێ} دەستەی صەففینی یاخی بانگ دەکرد بۆسەر فەرمانبەریی پێشەوا عەلی، کە ئەو طاعەتو فەرمانبەرییە دەبێ بەهۆی چوونە بەهەشت بۆیان، کەچی ئەوان بە پێچەوانەوە بەویان دەگوت کە لێی یاخی بێو پشتی بەردا، دیارە شتی وایش هۆی مسۆگەر بوونی ئاگری دۆزەخە، سەرەڕای ئەوە بەوەشەوە نەوەستان کوشتیشیان.

جا لەمەوە دەرکەوت کە ئەوان دەستەی ناهەقیکارن، کە بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} عەممار دەکوژن، وە حەق لەگەڵ پێشەوا عەلییە، چونکە عەممار لە دەستەی عەلی بوو. گەورەمان موعاوییە کە توانای ئەوەی نەبوو کە رەخنەی لە راستو دروستی ئەم فەرموودەیە بگرێ، چونکە فەرموودەیەکی نایابی زۆر ساغ بوو، یەکێ بوو لەو قسە بەرزو نیشانە گەورانە کە بەلگەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر بوون چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} چۆنی فەرموو بوو رێك ئاوا دەرچوو، بەڵێ موعاوییە کە توانای ئەوەی نەبوو وێستی بە جۆرێکی بێ هێزو لاواز تەئویلی بکا، ئەوە بوو دەیگوت: کێ هیناویەتی بۆ شەڕ ئەوە داویەتی بە کوشت!! ئیمامی عەلی کە ئەم قسەیەی موعاوییەی پێ گەیشتەوە فەرمووی: دەی ئەگەر وابێ پێغەمبەریش

{دروودی خوای لهسهربێ} ئیمامی حهمزهی به کوشت داوه، که کافرهکان له غهزای ئهوحوددا شههیدیان کرد، چونکه ئهو هێنابووی بۆ ئهو غهزایه!

ئهم وهڵامهی عهلی وهڵامێکی دهمکوتکهره. بهڵگهیهکی زۆر رۆشنه، رهخنهی لێ ناگیرێ، بهڵام لهگهڵ ئهوهیشا دروست نیه که تانهو تهشهر لهموعاوییه بدرێ، چونکه هاوڕێی پێغهمبهرو بووه، هاوڕێیانی پێغهمبهر {دروودی خودا لهسهر پێغهمبهرو رهزای خودا لهسهموو هاوڕێیانی بێ} ههموویان ههقانیو دادپهروهر بوون، لهبهر ئهوه دروست نیه تانهو توانجیان لێ بدرێ، لهبهر ئهم راو بۆچوونه جوانهیه که خاوهنی کتێبی (الجوهره) به شیعر دهفهرموێ:

وأول التشاجر الذی ورد

ان خضت فیه، واجتنب داء الحسد

واتـه:

گشت کێشهو بهرهو ههرای ناو یاران

پینهو پهڕۆکه به تهنویلی جوان!

نهکهس وهک گاجووت، چهشنی لێنهزان

شهنو گێرهکهس به جهنجهڕو چان

٣٤١) چۆنێتیی شەڕکردن لەگەڵ یاخیبوان؟

چۆنێتیی شەڕکردن لەگەڵ یاخیبوان ڕێك وەك چۆنێتیی شەڕکردن وایە لەگەڵ هەڵمەتهێنەر، کە لە زاراوی شەرعا ناوداره بە (صائل) وەك لە پێشەوە رابورد، چونکە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە ئەمانە بگەڕێنەوە بۆ ژێر رکێفی پێشەوای موسوڵمانان، هەتا ئاشتی‌و ئاسایش بەرقەرار بێ، مەردووم لە وەزەنیان ڕزگابن، دەنا مەبەست کوشتن‌و خوێنڕشتنی ڕووت نیە. جا هەتا بە گرتن‌و بەدیلکردن چار دەکران نابێ بکوژرێن، هەتا بە زامارکردن چار دەکران نابێ بە تەواوی زامار بکرێن هەتا بکوژرێن، بەڵام کەشەڕ گەرم بوو، وە بوو بە تێکڕژان‌و شەڕی دەستەویەخە ئیتر کارەکە زەوت ناکرێ‌و ئەم یاسایە پەیڕەوی ناکرێ. بەڵام دیلیان لە پاش دیلکردن ناکوژرێ، یا بریندارى پەککەوتوویان ناکوژرێ، ئەبو حەنیفە {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: دیلیان دەکوژرێ‌و زاماریشیان تا گیانی دەردەچێ زامارتر دەکرێ. بەڵگەی مەزهەبی ئێمە کە شافیعین ئەم فەرموودەی خۆشەویستە {درووەد خوای لەسەربێ} کە بە ئیبنو مەسعوودی فەرموو: ئەی کوڕی دایکی عەبدا حوکمی ئەوانەی کە لە نەتەوەی ئیسلامن‌و لە پێشەوای موسوڵمانان یاخی دەبن چییە؟ فەرمووی: خوداو پێغەمبەری خودا خۆیان باشی دەزانن. حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی: حوکمیان ئەوەیە: ئەوەی پشتی هەڵکرد لەوان‌و بەرەی شەڕی چۆڵکرد نابێ بنیشنە سەری‌و بکەونە شوێنی، نە زاماریشیان بە یەکجاری زامار دەکرێ هەتا دەمرێ‌و نەدیلیان دەکوژرێ.

حوسەینی کوڕی عەلی {رەزای خوایان لێبێ} دەچێ بۆ لای مەڕوان، مەڕوان پێی دەڵێ: کەسم نەدیوە وەك باوکی تۆ ئاوا دلێرو مەرد بێ لە رۆژی رووداوی جەمەلدا هەر ئەوەندە کە زانی وا ئێمە هەڵهاتینو بەزین، ئیتر یەکسەر جارچی بە ناوی ئەوەوە جارپدا: شوێن هەڵهاتوو مەکەونو زامارریش مەکوژن! سەرەڕای ئەم دوو بەڵگەیەیش دەڵێین: چونکە مەبەست بنەبڕکردنی زیانیانە، نەك کوشتنیان لەبەر زاتی خوێنڕشتن!

شافیعی {رەزای خوای لێبێ} ئەم ئایەتە دەکا بە دەست کەلا کە دەفەرموێ: {فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ} چونکە شافیعی (فەیأ) لەم ئایەتەدا بە وازهێنان لە شەڕ رافە دەکا، وە بە گەڕانەوەیش بۆ ژێر فەرمانبەریی پێشەوا. وە دەیش فەرموێ: خودای گەورە فەرمانی بەوە کردووە پێمان کە بچین بە گژیاندا، نەك بیانکوژین، چونکە کوشتار جیایە لە کوشتن، (واتە: مەئموورو بیهییەکە قیتالە کە بابەکەی بۆ موشارەکەیەو دەبێ شەڕکردنەکە لە هەردوو سەرەوە بێ – وەرگێڕ) هەروەك دروست نیە دیلو زاماریان بکوژێن دروستیش نیە مالّو سامانیان بە تالّان ببرێ، چونکە ئەوانیش هەر موسوڵمانن، مالّی موسوڵمانیش بە موسوڵمان رەوا نیە، مەگەر بە رەزامەندیی خاوەنەکەی.

دەبێ پێشەوا لە پێش دەستکردن بە شەڕ، کەسێکی ئەمینو هۆشیارو زیرەك بنێری بۆ لایان، تا لێیان بپرسێ کە لەسەر چی عاجز بوونو بۆچی لە فەرمانی پێشەوای موسوڵمانان دەرچوون. جا ئەگەر

بیانوویەکیان هەبوو بیانوویان ببڕێو ئامۆژگاری باشیان بکا. لەم کارەدا ئیمامی عەلی دەکرێ بەسەر مەشق کە ئیبنو عەببباسی نارد بۆ لای خەڵکی نەهرەوان، کە ئەوە بوو ئاژەوا گێڕەکان قسەکانی ئیبنو عەببباس کاری تێکردن، هەندێکیان پەشیمان بوونەوەو هاتنەوە ریزی موسوڵمانان بەڵام بە داخەوە هەندێکی تریان لەسەر سەرکەشیی خۆیان بەردەوام بوون.

٣٤٢) باسی پاشگەزبوونەوە (ردە):

ریددە – یا پاشگەزبوونەوە – بڕێتییە لە پشتکردنە شتێو رووکردنە شتێ تر، ئەم ئایەتە بەم واتایە کە دەفەرموێ: {وَلاَ تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ – سورة المائدة – ٢١/٥} واتە: پاشەو پاش پاشگەز مەبنەوەو بەرەو دوا مەگەڕێنەوە). لە شەرعیشا ئەوەیە: موسوڵمانێ لە ئیسلام وەرگەڕێو بچێتەوە سەر بێبڕوایی‌و پەیوەندیی موسوڵمانەتی ببچڕێ، پاشگەزبوونەوە چەند جۆرە: جاری وا هەیە، بە قسەو زمانە، جاری وا هەیە بە کردارە، جاری وا هەیە بە بیروبڕوایە. لەهەر یەك لەم سێ جۆرە لەم سێ جۆرە چەند نموونەیێ دەهێنینەوە تا ببن بە نموونە بۆ ئەوانی تریش، وەك گوتراوە: مشتێ نموونەی خەروارێکە.

نموونەی پاشگەزبوونەوە بە گوفتار وەك ئەوە کەسێ بە دوژمنی خۆی بڵێ: ئەگەر خوایشم بێ ناپەرستم، بەم قسەیە کافر دەبێ هەروەها ئەگەر بڵی: ئەگەر ببێ بە پێغەمبەریش باوەڕی پێ ناهێنم! یا بڵی: ئەم منالەمم لە خودا خۆشتر دەوێ، یا لە پێغەمبەر خۆشتر دەوێ،

یا ئەم ژنەمم لە خودا، یا لە پێغەمبەر خۆشتر دەوێ! یا نەخۆشێ لە پاش چاکبوونەوە بڵێ: ئەوەی بەسەر من هات لەم نەخۆشییەدا ئەگەر ئەبوبەکرو عومەریشم بکوشتبایە شایانی ئەوە نەدەبووم چونکە قسەی وا دانەپاڵی زۆرو ستەمە بۆ لای خودای گەورە.

هەروەها ئەگەر لافی ئەوە لێبدا کە سرووشی بۆ دێ، یا لافی پێغەمبەرایەتیش لێ نەدا، یا لافی ئەوە لێ بدا کە دەچێتە ناو بەهەشتو لە میوەکەی دەخوات، یا بڵێ: من بە شەو دەست دەکەمە ملی پەری بەهەشت. قسەی وا بە یەکگرتن کفرە، هەروا ئەگەر جمێن بە پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکان بدا، یا سووکیی پێ بکا، ئەوەیش کفرو بێ بڕواییە، یەکێ لە شێوەکاری لاقرتیو گاڵتەکردن بە ئایین ئەوەیە کە ستەمبارەکان کاتێ زۆردارەکان ئازاریان دەدەن، پەنا دەبنە بەر سەرومری پێشینانو پاشینانو دەڵێن بیکە بە خاتری پێغەمبەر، وە کەسێ تریش باوەڕی پێی کرد هەر دوو لایان کافر دەبن، ئەگەر بەبێ تەئویل بەموسوڵمانێ بڵێ: ئەی کافر! بەو قسەیە کافر دەبێ، ئەگەر بێبڕوایێ ویستی موسوڵمان ببێ، وە داوای لە موسوڵمانێ کرد کە شایەتمانی پێ بڵێ، ئەویش پێی بڵی لەسەر دینەکەی خۆت بمێنەرەوە، بەوە کافر دەبێ، هەروەها ئەگەر رێگەی کفر نیشانی موسوڵمانێ بدا، ئەگەر کافرێ ویستی موسوڵمان بێ، ئەویش پێی بڵی جارێ بچۆ خۆت بشۆرە، بەمەش کافر دەبێ، چونکە لە ماوەی خۆشۆردنەکەدا بە کوفری ئەو کابرایە رازی بووە! دیارە کە رەزا بوون بە کفر کفرە. ئەگەر بە کەسێ بڵێن: نینۆکت بکە، یا بەر سمێڵت بقرتێنە چونکە سوننەتە، ئەویش بڵی: جا با سوننەتیش بێ من شتی وا ناکەم، وە مەبستی لەم قسەیە بێزکردنەوە

بێ لە سوننەت، بەوە کافر دەبێ، ئەگەر خودا بەهۆی مالّو منالّەوە بەندەیەکی خۆی تاقی کردەوەو تووشی زیانێکی گیانی یا سامانیکرد، ئەویش بێزاری دەربېڕیو بلّێ: خودا هەر بە من دەوێرێ، مالّەکەمی بردەوە، منالّەکەمی کوشت، یا پێزاریو رەخنەی تری لەم بابەتە دەربېڕێ، ئەوەیش کفرو بێبڕواییە، ئەگەر کابرایێ لە منالّی خۆی دەدا، کەسێ پێی بلّێ: خۆ تۆ لای خۆت موسوڵمانی بۆ وا لەم منالّە دەکەی؟ بلّێ: نەخەیر! من موسوڵمان نیم! کافر دەبێ. هەر لەم بابەتەیە جنێودان بە ئایینو بە گەلی ئیسلامو بە شەریعەتو بە مەزهەبێ لە چوار مەهەبەکان!.

نموونەی پاشگەزبوونەوە بە کردەوە وەك کوڕنووش بردن بۆ بتو رۆژو مانگ، وەك فڕێدانی قورئانی پیرۆز لەناو زبلّدانا وەك قوربانیو کوشتی سەبڕین بۆ بتو لاقرتیکردن بە ناوێ لە ناوەکانی خودای گەورە، یا گالّتەکردن بە فەرمانو نەپیکردنی خودا، یا بە بەلّێنو وادەو هەڕەشەی، یا بە خوێندنی قورئان، یا بە دەف لێدانەوە قورئان بخوێنێ، یا لەگەلّ ئاوازو مۆسیقادا، چونکە خودای مەزن دەفەرموێ: {قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُونَ - سورة التوبة - ٦٦/٩}.

هەروەها ئەگەر (زنار) ببەستێتە پشتی وەکوو راهیبی گاورەکان، یا صەلیب بکاتە ملی، یا کلاّوی تایبەتی ئاگر پەرستان لەسەر بکا، یا بە بەرگو نیشانەی گاورو جوولەکەوە هاموشۆی کلّێساو کنیشتەکانیان بکا.

نموونەی پاشگەزبوونەوە بە بیرو باوەڕ وەك ئەوە باوەڕی وابێ خودا نیە، یا باوەڕی بەو شتانەی کە لە ئایینا چەسپاون بۆ خودا نەبێ، یا باوەڕی بە شتێ هەبێ بۆ خودا کە ئایین حاشای لێ بکا، وەك ئەوە بڵێ: خودا بینا نیە، یا رەنگی هەیە، یا تێکەڵی و پەیوەندی ماددی لەگەڵ بوونەوەردا هەیە، یا شتێ بە یەکگرتنی زانایانی شەرع نارەوا بێ ئەو بڵێ رەوایە، یا نادروستت بێ ئەو بڵێ: دروستە، یا شتێ بە یەکگرتن دروست بێ ئەو بڵێ نادروستە، یا باوەڕی بە پێویستبوونی شتێ هەبێ کە خۆی لە ئایینداپێویست نەبێ. ئەم جۆرە بیروباوەڕانە هەموویان بە بێبڕوایی دادەنرێت.

ئیمامی نەوەوی {رەحمەتە خوا لێبێ} بڕیاری کافرکردنی گورۆی (الجسه)ی داوە، گورۆی (المعطلە)یش وەك ئەوان وان، موجەسسیمە ئەوانەن کە دەڵێن: خودا ئەندامی هەیە وەك دەست و چاوو پێ، موعەططیلەیش ئەوانەن کە نەفی سیفات لە خودا دەکەن و دەڵێن: خودا بیناو زاناو داناو ژنەواو خاوەن خواست نیە، دەنا تەعەددودی قودەما روو دەدات، واتە: فرەیی دیرینەکان، دیارە تەنیا ئەم ئایەتە پیرۆزە بەسە بۆ پەرچدانەوەی قسەی ئەم دوو گوروهە سەر لێ شێواوانە کە دەفەرموێ: {لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ – سورة الشورى – ١١/٢٤} واتە:خودایەکی وایە لە وێنەی نیە، خودایەکی بیسەرو بینایە.

بزانه رەزا به کفر کفرە، نیازکردنی کفر کفرە، هەتا ئەگەر دوو دڵ بوو لەوە کە کافر ببێ یانا دەسبەجێ کافر دەبێ، هەتا ئەگەر بڵێ: هەرکاتێ ئەو شتە رووبدا بێبڕوا دەبم ئەوە دەسبەجێ بێبڕوا دەبێ(*)!

٣٤٣) سزای پاشگەز (جزاء المرتد):

هەر کەسێ پاشگەز بوونەوەی ساغ بۆوە خوێنی فیڕۆیە چونکە ناشیرینترین شێوەی بێبڕوایی پەسەند کرووە، کە بڕیارەکەی زۆر سەختە. زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ - سورة البقرة ٢/٢١٧} واتە: هەرکەسێ لە ئێوە لە ئایینی ئیسلام هەلگەڕێتەوەو تەوبەی لێ نەکا هەتا بە کافری دەمرێ ئەوە لە هەردوو جیهانا مایە پووچ دەبێ، هەموو چاکەکانی پووچ دەبێتەوە، ئەو جۆرە کەسانە لە قیامەتدا ئاگر بە بالایان بڕاوە هەتا هەتایە). جا هەرکاتێ پاشگەزبوونەوەی کەسێ چەسپاو ساغ بۆوە، لەسەر فازیيە دەس بەجێ داوای پەشیمان بوونەوەی لێبکا. جا ئەگەر کابرا پەشیمان بۆوە ئەوا باشە، دەنا دەکوژرێ، بەپێی ئەوەی کە عائیشە دەیگێڕێتەوە: لە رۆژی ئوحوددا ژنێ لە ئیسلام

(*) لە راستیدا عەوامو رەشەخەڵک لەم جۆرە شتانە نازانن، وە زۆر جار لەم جۆرە شتانە بەسەر دەمیانا دێت، بەبێ نیازو مەبەستی راستی خۆیان لەبەر ئەوە ئەم جۆرە شتە لە جۆری هەڕەشەیەو بەس.

- وەرگێڕ -

هەلگەڕایەوە، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمانیدا کە داوای تەوبەی لێ بکرێ، ئەگەر پەشیمان بۆوە باشە دەنا دەکوژرێ. دیسان لەبەر ئەوەیش کە هۆی چاشگەزبوونەوە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ گومانو دوودڵی، لەبەر ئەوە دروست نیە کە بکوژرێ بەر لەوە ئەو گومانەی روون بکرێتەوەو وەڵامی بدرێتەوەو ئەوجا داوای پەشیمانبوونەوەی لێ بکرێ! دەق وەك دەستەی جەنگ (ئەهلی حەرب) چونکە ئەمانە ناکوژرێن هەتا بانگەوازی ئیسلامیان پێ رادەگەیەنرێو ئیظهاری موعجیزە دەکرێ.

بڕانە:

کە موسوڵمان بە کردنی هیچ تاوانێ، جگە لە هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا، کافر نابێ، با ئەو تاوانە زۆر زۆر گەورەیش بێ، واتە: موسوڵمان بە کردنی گوناهی گەورە لە دائیرەی ئیمانو بازنەو جەغزی باوەڕ دەرناچێ! چونکە خوا دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء - سورة النساء - ١١٦/٤} واتە: لە راستیدا خودا لە یەك تاوان خۆش نابێ کە ئەوەیە کەسێ هاوڕێو هاوبەش بۆ خودا قەرار بدا، وە هەرچی لەوە بترازێ دەکەوێتە دەستی خواستی خودا، ئارەزوو بکا لێی خۆش دەبێ، ئارەزوو بکا تۆڵەی دەسێنێ). دیارە کە مەبەست لە تاوانێ کە لە خواری فرە خواییەوە بێ، هەموو گوناهێکە خواە گەورە بێ یا بچووك. پیاوی بەدکارو فاسیق ئەگەر بەبێ ئەوبەیش بمرێ لە دۆزەخا هەتا هەتایە نامێنێتەوە، چونکە خودای گەورە لە حەدیثێکی قودسیدا دەفەرموێ: ئەوەی بە قەد تۆسقاڵێ باوەڕ بە خودا لەناو دڵیابووە لە دۆزەخ دەری بهێنن!.

٣٤٤) چۆن چۆنی داوای پەشیمان بوونەوە لە پاشگەز دەکرێ:

لەسەر فەرمایشتێ پاشگەز تاسێ رۆژ مۆڵەت دەدرێ، ئەگەر لەو ماوەیەدا پەشیمان بۆوە باشە، دەنا دەکوژرێ، چونکە جارێ لە شامەوە پیاوێ هاتە خزمەتی عومەر {رەزای خوای لێبێ} عومەر پێی فەرموو: ئەرێ هەواڵێکی باشت لەلا هەیە؟ گوتی: بەڵێ، پیاوێکی موسوڵمان کافر بوو بوو کوشتمان. عومەر فەرمووی: دەبوو سێ رۆژ لە پێشدا لە مالێکا حەپستان بکردایە، خودایە! من نەفەرمانی ئەوەم بەوان کردووەو نەرازیم لە سەری بووە، خودایە! من پاکانە بۆ خۆم لەلای تۆ دەکەم کە ئەو خوێنە دەستی منی تیادا نیە. بەڵام فەرمایشتی ساغ ئەوەیە کە مۆڵەت نادرێ، بەڵکوو دەسبەجێ داوای تەوبەی لێ دەکرێ، دەق وەك فەرموودەکەی عائیشە کە لە پێشەوە رابوورد. لەبەر ئەوەیش چونکە ئەم کوشتنە حەددە، حەددیش دواناخرێ. هەر کاتێ پاشگەز تەوبەی کرد، تەوبەکەی لێ وەردەگیرێ، زاتی مەزن دەفەرموێ: {قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ - سورة الأنفال- ٨/٤٨} واتە: ئەی موحەممەد! ئەی پێغەمبەری خۆشەویستی من! بفەرموو بە کافران ئەگەر دەست بەرداری کفربنو وازی لێ بێننو ڕێگەی ئیسلام بگرن ئەوە هەرچی رابوردو خودا لێی خۆش دەبێ) حەزرەتیش {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: خودا فەرمانی پێ کردووم جەنگ لەگەڵ ئەو خەڵکە بکەم هەتا دەڵێن: (لا اله الا الله) ئایەتو فەرموودەی تر لەم بابەتا نەزۆرە.

جا ئەگەر تەوبەی نەکرد دەکوژرێ، چونکە پێغەمبەر (دروودەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بەهۆی یەکێ لەم سێ شتەوە خوێنی موسوڵمان حەڵاڵ دەبێ... تا دوایی فەرموودەکە کە لوپێشەوە رابورد. کاتێ پاشگەر بە حەددی شەرعی کوژرا نە دەشۆررێ، نە کفن دەکرێ، نە نوێژی لەسەر دەکرێ، نە لە گورستانی موسوڵمانان دەنێژرێ، چونکە کافرەو کافریش ئەوەی رێزی ئایینی بێ نییەتی! چونکە خودایش دەفەرموێ: {وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا - سورة التوبة - ٨٤/٩} واتە: هەرگیز نوێژ لەسەر بێبڕوایان مەکەو لەسەر گۆڕەکەیان نزایان بۆ مەکەو شوێن تەرمیان مەکەوە).

٣٤٥) بە فێڕۆ چوونی کردەوەی پاشگەز:

پاشگەز بوونەوە کردەوە پووچ دەکاتەوە، چونکە خودا دەفەرموێ {وَمَن يَكْفُرْ بِالإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ - سورة المائدة - ٥/٥} واتە: وە هەرکەسێ باوەڕ نەکا بە بەرنامەی ئیسلام، بە ئەرکانی ئیمان ئەوە هەر کردەوەیەکی باش بکا مایە پووچو بێ بایەخەو لە رۆژی دواییدا پاداشتی باشی نیە) وەڵێ گوتیاریێ دەڵێ: بە مەرجێ کردەوەی باشی مایە پووچ دەبێ کە هەتا مردن بەردەوام بێ لەسەر پاشگەزبوونەوە، چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ} تا کۆتایی ئایەت کە تۆزێ لەمەوبەر رابورد، دەی کەواتە ئەگەر لە پێش مردنیدا موسوڵمان بۆوە ئەوە بەس پاداشی کردەوەکەی پووچ دەبێتەوە بەڵام کردەوەکەی بە رووتی بەبێ پاداش بۆ حسێب

دەکرێ، واتە: لە سەری نیە کە کردەوەی پێش پاشگەزبوونەوەکە قەزا بکاتەوە، وە لە دوا رۆژدا داوای ئەوەی لێ ناکرێ. هەر کەسێکیش بە زۆری زۆردارێی گوتەی کفر بێ بە دەمیا بەوە کافر نابێ، چونکە خودا دەفەرموێ: {إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ – سورة النحل ١٠٦/١٦} واتە: بەڵام کەسێ کە ناچار بکرێ، بە زۆر کفری پێ بکرێ، بە مەرجێ دڵی دامەزرابێ لەسەر ئیمانو باوەڕ، ئەوە تاوانی نیە).

٣٤٦) بڕیار (حکوم)ی نوێژنەکەر:

ئەگەر موسوڵمانێکی ئەرکدار (مکلف) وازی لە کردنی نوێژە فەرزەکان هێنا، ئەوە لەوێشدا مەهانەیەکی رەوای نەبوو، ئەوە بێبڕوا دەبێ، چونکە بڕوای بە ئەصڵێ لە ئەصوڵی دین نیە، کە پێویستبوونەکەی ئەوەندە رووندو ئاشکرایە بەلگە نەویستە، چونکە بڕوا نەبوون بە شتی واتە: وەك بڕوا نەبوون بەخودا وایە، بەدرۆخستنەوەی خواو پێغەمبەرە، دەی هەر کەسێ خوداو پێغەمبەر بە درۆ بخاتەوە کافر دەبێو دەکوژرێ، چونکە پێغەمبەر دەفەرموێ: (هەر کەسێ ئایینی خۆی بگۆڕێ بیکوژن) (بوخاری) بڕیاری ئەم جۆرە نوێژنەکەرە رێك وەك بڕیاری پاشگەز وایە، وەك لە پێشەوە رابورد.

بەڵام ئەگەر نەکردنەکەی لەبەر مەهانەی رەوا بوو، وەك نۆ موسوڵمانی، یا وەك پەروەردە بوونی ناو چۆڵەوانی ئەوە کافر نابێ، لەکاتی وادا فێری دەستوورو یاساکانی نوێژ دەکرێ، جا ئەگەر لە پاش ئەوە باوەڕی پێی نەبوو کافر دەبێو حەددی لێ دەدرێ، بەڵام ئەگەر

باوەڕی بە پێویستبوونی هەبوو بەڵام لە بەرسستی و کەمتەرخەمی نەیدەکرد، تا نوێژەکە دەچوو، قیلێ دەڵێ:کافر دەبێ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی {مرووەد خواد لەسەربێ}: جیاوازی نێوانی بەندەی موسوڵمان و بەندەی بێبڕوا نوێژ نەکردنە (موسلیم) عەشاماتێکی زۆر کار بە رووکاری ئەم فەرموودەیە دەکەن و نوێژ نەکەر بە کافر دادەنێن، ئیمامی عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك و ئیسحاقی کوڕی راهویە لەسەر ئەم رایەن، لە گێڕانەوەیەکا لە ئیمامی ئەحمەدەوە هەمان را پەسەند کراوە.

بەڵام فەرمایشتی ساغ ئەوەیە کە لەم حاڵەدا کافر نابێ، ئەمەیش رای جەماوەری زانایانی ئیسلامە، چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء} دەی بەبێ گومان کە نوێژ نەکردنیش لەو گوناهانەن کە وان لە خوار فرە خواییەوە، کە بە تەعبیری قورئان پێیان دەگوترێ: (ما دون الشرك) کەواتە نوێژ نەکردن بەر کوفر ناکەوێ، دەنا بەر ئەم ئایەتە نەدەکوت کە دەفەرموێ: {وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء} شیرك و کفری لێ دەرچێ، ئەگەر خودا مەیلی لەسەربێ لە هەموو گوناهێکی تر خۆش دەبێ، چونکە پێغەمبەریش {مرووەد خواد لەسەربێ} دەفەرموێ: خوێنی موسوڵمان هەموو کاتێ ناڕەوایە مەگەرلە یەکێ لەم سێ حاڵەدا: کافر بوونی پاش موسوڵمان بوون و داوێنپیسی دوا ژنهێنان و شووکردن بۆ مرۆڤی ئازادو کوشتنی کەسێ بە ناڕەوا.

دەی نوێژ نەکردن بەر هیچ یەکێ لەم سیانە ناکەوێ، کەوابوو نوێژ نەکەر کافر نەبێ، وە هەروا دەفەرموێ {مرووەد خواد لەسەربێ} هەرکەسێ

شایەتی بدا کە بێجگە لە یەزدانی پاك خودای تر نیەو موحەممەد پێغەمبەری خودایەو عیسایش بەندەو پێغەمبەری خودایەو بە فەرموودەی خودا لە مرەیەم بووەو رەحمەتێکەو خودا ناردوویەتی، وە شایەتی بدا کە بەهەشت راستەو دۆزەخ راستە، هەر کەسێ ئەم شایەتییە بدا لەسەر ئەم شێوەیە خودا دەیخاتە بەهەشت، ئیتر کردەوەی هەرچی بێ. دەی ئەوەتا بەپێی ئەم فەرموودەیە کە شەیخان گێڕاویانەتەوە هەر کەسێ ئەم شایەتییە بدا لە دەستەی بەهەشت دەبێ، با نوێژ نەکەریش بێ، بەڵگەیەکی تریش هەیە لەسەر ئەوە کە نوێژنەکەر کافر نابێ ئەویش ئەمەیە: کفر بیروباوەڕە، بیروباوەڕیش وا لەناو دڵدا نوێژ کردەوەیە بە ئەندام ئەنجام دەدرێ، لە هەمان کاتدا بیروباوەڕی نوێژنەکەر بیروباوەڕێکی دروستی ساغە. ئەو فەرموودەیەیش کە ئەوانەی بڕیاری بێبڕوایی نوێژنەکەر دەدەن بەڵگە سازی پێ دەکەن دەبڕدرێ بەسەر ئەو نوێژنەکەرانەدا کە باوەڕیان بە فەرزبوونی نوێژ نیە. جا بەهەرحاڵ نوێژنەکەر داوای پەشیمان بوونەوەی لێ دەکرێ، چونکە حاڵی ئەم لە حاڵی پاشگەز بەدتر نیە، تەوبەکەیشی ئەوەیە کە نوێژەکەی بکا دەنا دەکوژرێ، چونکە حەزرەت (درووده خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: فارمانم پێ کراوە کە جەنگ بەکەم لەگەڵ ئەم خەڵکەدا تا شایەتمان دەێنن و بە زمان دەڵێن: هەر خودا خودایەو بەس هیچ خودایەکی تر نیە، موحەممەدیش پێغەمبەری خوادیە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا نوێژ بە رێکوپێکی بکەن و زەکات بدەن، ئیتر ئەو کەسانەی ئاوا شایەتمان بهێنن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن ئەوا سەرو مالّی خۆیان لەمن قەدەغە دەکەن و خوێن و مالّ و ناموسیان لەمن و

لەکار بەدەستانی موسوڵمانان حەرام دەبێ، مەگەر لەسەر حەقی شەرعی بەپێی شەریعەتی ئیسلام، ئیتر حیساب‌و لێپرسینەوەی نیازی ناو دڵیان لەو دنیا لەسەر خودایە (شەیخان – رەزای خوایان لێبێ} . جا نوێژنەکەر هەر کاتی مرد دەشۆررێ‌و کفن دەکرێ‌و نوێژی مردووی لەسەر دەکرێ لە گۆڕستانی موسوڵمانان دەنێژرێ! چونکە وەك گوتمان: موسوڵمانە. گوتیارێ دەبێژێ: نە دەشۆررێ‌و نە کفن دەکرێ‌و نە نوێژی لەسەر دەکرێ نە تەرمی بەڕێ دەکرێ، گۆڕەکەیشی کوێر دەکرێتەوە تا ببێ بە ریسوایی بۆی لەسەر ئەم کەمتەرخەمییەی! کە فەرزێکی وای پشت گوێ خستووە کە دروشمێکی دیاری‌و لەبەر چاوە لە ئایینی ئیسلامدا.

٣٤٧) تێکۆشان‌و غەزاکردن‌و خەباتگێڕان:

تێکۆشان لە عەرەبیدا ناوی جیهادە، جیهاد لە زمانی عەرەبدا لە جەهد وەرگیراوە، کە بە واتا زەحمەتکێشان‌و تێکۆشانە، یا لە جوهد وەرگیراوە کە بە واتا ئەرك‌و وزەیە، جا لەسەر ئەم بنەمایە موجاهید (واتە: تێکۆشەر) بۆیە پێی دەگوترێ موجاهید، وە بە کوردی پێی دەگوترێ: تێکۆشەر، چونکە تێکۆشەر بە هەول‌و تێکۆشانی خۆی ئەوپەڕی وزەو توانا خەرج دەکا بۆ بەرگری لە شەڕی دوشمن، جیهاد (یا تێکۆشان، یا غەزاکردن) لە شەرعدا بریتییە لە شەڕکردن لەگەڵ ناموسوڵمانان لە پێناوی سەرکەوتنی ئیسلاماو بۆ بەرگری لەگەل‌و نیشتمان. ئەم زاراوە بە دوو واتا بە کاردێ: یەکەم غەزاکردن لەگەڵ دوژمن‌و غەزاکردن لەگەڵ نەفس‌و شەیتان، مەبەست لە نەفس لەم

جێگەیەدا ئەو هێزە خۆپەرستەیە، کە هەرکاتێ زاڵ بوو بەسەر دڵو دەروونی کەسێکا، دەیکا بە خۆپەرستو خوداو بەندەکانی خودا پشت گوێ دەخا[1]. تێکۆشان بە یەکگرتن دامەزراوە، بەڵگەی دامەزرانی ئەم ئایەتەیە: {كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ - سورة البقرة - ٢١٦/٢} واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! ئەی پەیڕەوانی ئیسلام! جەنگکردن لە پێناوی ئیسلاما فەرز کراوە لە سەرتان، گەرچی شەڕو شۆڕو کوشتار گرانو ناخۆشە لەسەر شان، چونکە دەبێ بەهۆی زەحمەتو نارەحەتی زۆر) هەروەها ئەم ئایەتەیە: {وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً - سورة التوبة - ٣٦/٩} واتە: وەکوو چۆن بێبڕوکان بە شێوەی گشتی هەموویان شەڕ لەگەڵ ئێوە دەکەن ئێوەی موسوڵمانیش ئاوا هەموتان بەگشتی شەڕ لە گەڵیانا بکەن) هەروەها ئەم ئایەتەی تریشە {وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ - سورة البقرة - ١٩١/٢} (واتە: لە هەرلایەك کافران بەر هەوێڵتان کەوتنو چنگتان لێیان گیربوو بوارەیان مەدەن هەر لەوێدا بیانکوژن) سەر بەڵگەیەکی تری دامەزراوی غەزاو تێکۆشان ئەم فەرموودەیەی حەزرەتە: فەرمانم پێ کراوە کە جەنگ بکەم لەگەڵ ئەو خەڵکەدا تا شایەتمان دێنن و دەڵێن... تا کۆتایی، کەمێ لەمەوپێش رابورد.

---

[1] وجاهد النفس بهذي الدار

ان كنت لا تطيق مس النار

باسی گەورەیی خەباتگێڕان:

خودای گەورە دەفەرموێ: {لاَ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللّهُ الْحُسْنَى - سورة النساء - ٤-٩٥} واتە: ئەو موسوڵمانانەی کە لە جێگەو رێگەی خۆیان دانیشتوون و بەبێ بەهانەیەکی ڕەوا تەرکی غەزایان کردووە یەکسان نین لەگەڵ ئەو موسوڵمانە تێکۆشەرانەدا کە لە رێگەی خودادا سەرگەرمی تێکۆشانو خەباتگێڕانن و بەسەرو بەماڵ خزمەتی ئایینی خودا دەکەن، خودا بەرەحمەتی خۆی پایەی ئەو خەباتگێڕانەی کە بەسەرو بەماڵ تێدەکۆشن بەرز کردۆتەوە بەسەر پلەی موسوڵمانە دانیشتوەکاندا بەهەردوو لایش خودا مژدەی بەهرەی چاکی لە بەهەشتا پێ بەخشیون).

بڕیاری غەزاکردن:

خوای گەورە دەفەرموێ: {فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ - سورة التوبة - ١٢٢/٩} واتە: دەبوو لەهەر هۆزێکتان دەستەیێ ڕاپەڕینایەو بچوونایە بۆ غەزاو دەستەیەکیشتان لە ماڵەوە بمانایەتەوە. دەی ئەوەتا بەپێی ئەم ئایەتە دەرکەوت کە غەزاکردن فەرزی کیفایەیە، نەک فەرزی عەین، لەبەر ئەوەیش ئەگەر غەزاکردن خود فەرز (فەرزی عەین) بێ ئیشو کاری خەڵک هەموو ڕادەوەستێو وڵات وێران دەبێ).

بەڵام جاری وا دەبێ شتێ رووەدا بە هۆیەوە غەزا دەبێ بەخود فەرز، وەك ئەوە هۆزی کافر لە لایەکەوە سنووری وڵاتێکی ئیسلامی ببەزێنێ، یا لە نزیکیەوە هەوار هەڵ بدەن، لەکاتی وادا غەزا خود فەرزە لە سەرگشت نێرینەیێ کە دەستی چەك بگرێ لە خەڵکی ئەو وڵاتە، وە بەپێی توانای خۆیان فەرزە لە سەریان پێشگیری لە هێرشی بێبڕوایان بکەن‌و مەترسییان لە وڵات دوور بخەنەوە. تەنانەت ئەگەر یەك پیاو یا یەك ژنیان لە خۆمان دیلکردبوو، وە هێشتا نەیشهاتبوونە ناو وڵاتمانەوە، پێویستە لەسەرمان هەوڵی رزگارکردنی ئەو دیلەمان بدەین، ئەگەر ئومێدی رزگارکردنی هەبوو، چونکە رێزی موسوڵمان لە رێزی ولات‌و نیشتمان گەورەترە، کەواتە ئەمیش وەك پێویستە رزگار بکرێ.

لای کەمی پێویستبوونی غەزاکردن:

بە لایەنی کەمەوە هەموو ساڵی غەزاکردن یەکجار فەرزە، چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دوا ئەوە کە فەرمانی پێ کرا بە غەزاکردن، هیچ ساڵێ وازی لە غەزاکردن نەهێناوە هەتا ساڵی لە دنیا دەرچوونی، یەکەم غەزای حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} لە دوای کۆچی بۆ مەدینە غەزای (ودان) بوو، بەدر لە ساڵی دووەمی کۆچیدا بوو، ئوحود لە سێیەمدا، زاتوریقاع لە چوارەمدا، خەندەق لە پێنجەمدا، حودەیبییە لە شەشەم دا، فەتحی قەڵای خەیبەر لە حەوتەمدا، فەتحی مەککە لە هەشتەمدا، غەزای تەبووك لە نۆیەمدا. دەی پەیڕەویکردنی پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرزە، لەبەر ئەوەیش چونکە خوای پاك‌و پیرۆز دەفەرموێ: {أَوَلاَ يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ –

سورة التوبة – ١٢٦/٩} واته: سەیرە! ئەوە بۆچی ئەمانە لە بەسەرهاتی دڵتەزێنی خۆیان پەند وەرناگرن، ئەوەتا بە بەرچاویانەوە ئەوەتی پێغەمبەری خودا تەشریفی هاتووە بۆ مەدینە هەر سااڵێ جارێ یا دوو جار گیرۆدە دەبنو تووشی کارەساتی ناخۆش دەبن، کەچی ئەوەندە بێعارن عیبرەت ناگرن – ئیمامی موجدهید {رەحمەت و رەزای خودای لێبێت} دەفەرموێ: سەبارەت بە غەزاکردن هاتۆتە خوارەوە. لەبەر ئەوەیش چونکە غەزا لەو فەرزانەیە کە دووبارە دەبنەوە، دەی لای کەمیش بۆ دووبارە بوونەوەی فەرزیەك ساڵە، وەك رۆژوو، وەك زەکات. ئەوەندە هەیە هەرکاتێ دووبارە بوونەوەی زیاتر لەیەك جار پێویست بوو لە یەك ساڵا، ئەوە پێویست دەبێ، چونکە غەزا فەرزی کیفایەیە، لەبەر ئەوە بەپێی پێداویستی ئەندازەی بۆ دیاری دەکرێ.

٣٤٨) مەرجەکانی پێویستبوونی غەزاکردن:

حەوت مەرجی هەیە: ئیسلامو ڕەسدەبوونو هۆشی ساغو ئازادیو نێرینەییو لەشساغیو توانای شەڕکردن. واتە: هەر کەسێ ئەم حەوت مەرجەی تیادا هاتەجێ، زاناکان بەیەك دەنگ دەفەرمون: ئەو کەسە لەو دەستەیە کە لەکاتی پێویستدا غەزاکردنی لەسەر فەرزە.

بێبڕوا بۆیە غەزای لەسەر نیە، چونکە خودای گەورە ڕووی قسەی لە موسوڵمانانە، نەك لە بێبڕوایان، کاتێ دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قَاتِلُواْ الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ – سورة التوبة ١٢٣/٩} واتە: ئەی گەلی موسوڵمان! جەنگ بکەن لەگەڵ ئەو ناموسوڵمانانەدا کەوان لە نزیکتانەوەو سنووریان وا بە سنوورتانەوە، هەتا چاوترسێن

ببن‌و سام‌و ترسی ئێوه بچێته ناو دڵیانه‌وه‌و زه‌برو زه‌نگ‌و دلێریتان به چاوی خۆیان ببینن، هه‌تا ته‌مێ خوار ببن‌و چاوی ته‌ماعتان تێ نه‌برن). له‌به‌ر ئه‌وه‌یش چونکه بێبڕوا که سه‌رانه ده‌دا بۆ ئه‌وه‌یه که ئێمه پاسی ئه‌و بکه‌ین نه‌ك ئه‌و پاسی ئێمه بکا. منداڵیش بۆیه غه‌زای له‌سه‌ر نیه چونکه خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ: {لَّيْسَ عَلَى الضُّعَفَاء وَلاَ عَلَى الْمَرْضَى وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ – سورة التوبة – ٩١/٩} (واته: که‌سانی لاوازو بێ هێزو نه‌خۆش‌و هه‌ژاری نه‌دارا که ماڵیان نیه هه‌تا به‌ختی بکه‌ن له رێگه‌ی خودادا، نه‌گله‌یی نه تاوان له‌سه‌ر ئه‌مانه نیه له نه‌کردنی غه‌زادا، به مه‌رجێ دڵسۆزیی خۆیان بۆ خواو پێغه‌مبه‌ر ده‌ربڕن له‌کاتی خۆیا) دیاره که منداڵان به‌ر لاوازو بێ هێزان ده‌که‌ون. دیسان له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که پێغه‌مبه‌ر {دروودی خوای له‌سه‌ربێ} له رۆژی غه‌زای به‌دردا ئه‌م زاتانه‌ی به‌بچووك دانا، له‌به‌ر ئه‌وه رێگه‌ی چوون بۆ غه‌زای پێ نه‌دان، واته: زه‌یدی کوڕی ثابیت‌و رافیعی کوڕی خه‌دیج‌و به‌رای کوڕی عازیب‌و ئیبنو عومه‌ر {ره‌زای خودا له هه‌موویان بێ} له صه‌حیحه‌یندا ده‌فه‌رموێ: ئیبنو عومه‌ر {ره‌زای خوایان لێبێ} ده‌فه‌رموێ: رۆژی غه‌زای ئوحود چوارده ساڵ بووم، ویستم به‌شداری ئه‌و جه‌نگه بکه‌م، پێغه‌مبه‌ر {دروودی خوای له‌سه‌ربێ} ته‌ماشای کردوم‌و هه‌ڵی سه‌نگاندم تا بزانێ به‌رگه‌ی شه‌ڕ ده‌گرم یانا، به‌ڵام له‌به‌ر پچووکی ته‌مه‌نم به‌گه‌ندی نه‌کردم، وه‌ڵێ رۆژی غه‌زای خه‌نده‌ق پازده ساڵ بووم، پێغه‌مبه‌ر بۆ هه‌مان مه‌به‌ست سه‌رنجی دام، ئه‌مجاره‌یان رێگه‌ی غه‌زاکردن پێدام). شێتیش بۆیه غه‌زای له‌سه‌ر نیه چونکه ئه‌رکدار (مکلف) نیه. بۆیه‌یش ئازادی مه‌رجه چونکه کۆیله غه‌زای له‌سه‌ر نیه، چونکه زاتی مه‌زن ده‌فه‌رموێ: {وَجَاهِدُواْ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ – سورة التوبة –

٤١/٩} واته: بەسەرو بەماڵ، بە سامانو بە گیان خەبات بگێڕن – دەی ئاشکرایە کە کۆیلە ماڵی نیە، لەبەر ئەوە بەر ئەم ئایەتە دەکەوێ: {وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ}.

جابیریش {رەزاى خواى لێبێ} دەفەرموێ: جاران کاتێ یەکێ دەهاتە خزمەتی حەزرەت {درووەى خواى لەسەربێ} کە پەیمانی بداتێ، ئەگەر نەیناسیبایە دەیپرسی: ئایا ئەمە ئازادە یا بەندەیە؟ ئەگەر عەرزیان بکردایە: ئازادە، لەسەر ئیسلامو خەباتگێڕان پەیمانی لێ وەردەگرت، ئەگەر عەرزیشیان بکردایە: کۆیلەیە، هەر لەسەر ئیسلامەتی پەیمانی لێ وەردەگرت، لەسەر غەزاکردن پەیمانی لێ وەرنەدەگرت لە غەزاشا پێغەمبەر لە تاڵانی بەشەپشکی بۆ بەندە دانەدەنا، دەی ئەگەر بەندە لەو دەستە بوایە کە غەزا فەرزە لەسەریان لە تاڵانی جەنگی کافران وەك ئازاد بەشەپشکی بۆ دادەنا گوتمان نێرینەیی مەرجی پێویستبوونی غەزایە چونکە مێیینە غەزا لە سەریان پێویست نیە، چونکە خودای گەورە دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ – سورة الأنفال – ٦٥/٨} واتە: ئەی پێغەمبەری خودا! هانی موسوڵمانەکان بدە لەسەر غەزاکردنو جەنکردن – لە عەرەبیدا (صیغه) داریژگەی پیاو جیایە لە داریژگەی ژن، لێرەدا لەم ئایەتەدا داریژگەی نێرینە بەکار هاتووە، کە (لمؤمنین) لەلای ئیمامی شافیعی {رەزاى خواى لێبێ} ژنان بەر ئەم داریژگەیە ناکەون چونکە ئەوان داریژگەی تایبەتی خۆیان هەیە کە (المؤمنات)ە، چونکە لەلای شافیعی کاتێ ژنان بەر داریژگەی پیاوان دەکەون کە بەڵگەیەك هەبێ لەسەر ئەو بەرکەوتنە.

داریژگه واته: سیفه. له عائیشه‌یش {رەزای خوای لێبێ} پرسیارکرا. غەزای ژنان چییه؟ فەرمووی: غەزای ژنان حەجه. وەکی تریش ژن لازەبووون‌و بێ وەچه لەبەر ئەوه بەر (الضعفاء) دەکەوێ، کە بەپێی ئایەتەکەی پێشەوه غەزایان لەسەر نیه، هەروەها نێرو مێیش غەزای لەسەر نیه. توانایش مەرجه، کەواتە ناتەوانا غەزای لەسەر نیه، وەك کوێرو نەخۆش‌و شەل، چونکه توانای ئەرك‌و زەحمەتی غەزایان نیه. ئەوەتا یەزدانی پاك لەم گۆشه نیگایەوه دەفەرموێ: {لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ – سورة النور – ٦١/٢٤} هەروا غەزا لەسەر ئەو هەژارەیش نیه کە نەتوانێ مەسرەفی خۆی‌و خێزانی دابینبکا، بە پێی ئایەتی {وَلَا عَلَى الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ} بەڵام ئەگەر دوژمن لەسەر سنوور یەخەی پێگرتن بوونی مەسرەف‌و ژێوار مەرج نیه. هەتا ئێستا قسەمان لەوەیە کە کافران پێیان نەنابێتە ناو ولاتی موسوڵمانانه، وه دەنا هەرکاتێ رژانە ناو ولاتمانەوه دایان بەسەر موسوڵمانانانه وه موسوڵمانەکان سوور دەیانزانی هەر کاتێ کافران هەر کەسێك لەوانبگرن دەیکوژن ئەوه لە هەل‌و مەرجی وادا پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێ کە چەندەی بۆ دەلوێ بەرگری لە خۆی بکا، ئیتر لە کاتی وادا بۆ بەرگری بەپێی توانا ساغ‌و نەخۆش‌و ئازادو کۆیلەو ژن‌و کوێرو شەل هەموو یەکسانن چونکە ئەوه شەڕی مان‌و نەمانە، گوشتاری وا بەرگرییه لە ئایین‌و لە نیشتمان، بڕێتیی نیه لە شەڕ لە پێناوی ولات گرتندا.

٣٤٩) بڕیاری دیلی بێبڕوایان:

دیلی بێبڕوایان دوو جۆرن :-

جۆری یەکەم: هەر لەگەڵ گیران بە خودی گرتنەکە دەبن بە کۆیلە، ئەمانەیش بڕێتین لە ژنانو لە منالان.

جۆری دووەم: بە خودی دیلکردنە کە نابن بە کۆیلە، ئەمانەیش پیاوانی ڕەسیدەن.

جۆری یەکەم: کوشتنیان لەپاش دیلکردنیان نادروستە، هەروەها شێتیش، مەگەر شێتێ کە جەنگ بکا، چونکە پێغەمبەر {درووەد خواد لەسەربێ} ڕێگەی کوشتنی نەداون، ئیبنو عومەر {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: لە غەزایەکا پێغەمبەر {درووەد خواد لەسەربێ} تێپەڕی ژنێکی کوژراوی بینی، نارەزایی دەربڕی سەبارەت بە کوشتنی ژنو منالٌ لە غەزادا (ش).

جا هەرکاتێ منالێ یا ژنێ بەدیل گیرا یەکسەر دەکرێ بە کۆیلە، چونکە پێغەمبەر {درووەد خواد لەسەربێ} ژنو منالی دیلیشی ڕێك وەك مالی تالانی بەسەر جەنگاوەرەکاندا دابەش دەکرد، شێتیش لەم بڕیارەدا دەق وەك منداڵ وایە. ژنان بە مەرجێ دەکرێن بە کۆیلە کە خاوەن نامەبن، بەڵام ژنی دیلکراو ئەگەر لە خاوەن نامەکان نەبوو، وەك ژنی زەندیقو بتپەرست، ئەوە ئەگەر قەبووڵی ئیسلام نەکا لەلا ی شافیعی {ڕەزای خواد لێبێ} دەکوژرێ.

جۆری دووەم: کە بڕێتین لە پیاوانی ڕەسیدە ئەوە چارەنووسیان بە دەستی پێشەوایە، خۆی لە بارەیانەوە سەرپشکە لە یەکێ لەم چوار

شته: کوشتن، یا کردن به کۆیله، یا ئازادکردنیان به پیاوەتی، یا بەرەڵڵاکردنیان بەرامبەر بە تۆڵەیێ، جا ئەو تۆڵەیە سامان بێ یا دیلی خۆمان بێ کە لەلای ئەوان بێ. پێشەوا لەمانە کامیان بە باش دەزانێ ئەوە دەکا. بەڵگەی دروستبوونی کوشتنیان – ئەگەر پێشەوا بە باشی بزانێ – ئەم ئایەتەیە {فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ} پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێ) عقبەی کوڕی ئەبو موعیطو نەضری کوڕی حارێثی لە رۆژی بەدردا دیلکردو بەندیکردن لە پاشا کوشتنی، بەڵگەی کردنی بە کۆیلەیش ئەوەیەکە، حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) ژنو منالّی بەنی قورەیظەو بەنی موططەلیقو هۆزی هەوازینیکرد بە بەندیو کۆیلە، بەڵگەی ئازادکردنیش بە پیاوەتی ئەم ئایەتەیە {فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء} پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێ) لە رۆژی بەدردا بە پیاوەتی ئەبو العاصی کوڕی ربیعی ئازادکرد، هەروا ئەبو عیزەی جەمەحی بە پیاوەتی ئازادکرد، ئەوەبوو موسوڵمانان ئوومامەی کوڕی ئوثالیان دیلکردو بەستیانەوە بە کۆڵەکەی ناو مزگەوتەوە، تا پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) بەرەڵڵای کرد، بەڵگەی تۆڵە وەرگرتنیش ئەم ئایەتەیە {فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء – سورة محمد – ٤٧/٥} واتە: جا پاش ئەوە یا بە پیاوەتی دیلەکان بەرەڵا بکەن یا بە بەرامبەر بە ئەندازەیێ مالّ ئازادیان بکەن - پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێ) دیلەکانی غەزای بەدری بە بەرامبەر بە مالّ ئازادکرد. ئەوەندە هەیە ئەگەر دیلکراوەکە خۆی بەندە بوو سەرپشکی تیانایەتەجێ، بەڵکوو یەکسەر دەکرێ بە کۆیلە. هەر کەسێکیش لە پێش دیلکردنو بەیەدەست کردنیدا موسوڵمان ببێ سەرو مالّی خۆی دەپارێزێ، بەپێی فەرموودەکەی (درووەد خوای لەسەربێ):

فەرمانم پێ کراوە کە جەنگ بکەم لەگەڵ ئەم خەڵکەدا.. تاد. لە باسی بڕیاری نوێژ نەکەردا، لە پێش باسی غەزاوە رابورد. منداڵی بچووکی خۆشی دەپارێزێ، حوکم دەکرێ بە ئیسلامەتی ئەوانیش دەبن بە پاشکۆی خۆی، لەسەر بڕیاری فەرموودەی ساغ هەرکاتێ باپیرە موسوڵمان بوو کورەزاکانیشی دەپارێزێ، بە مەرجێ منداڵ بن، لەمەدا شێتیش بڕیاری منداڵی بۆ هەیە. هەروا ژنیش هەرکاتێ موسوڵمان بوو سەرو مداڵو منداڵی خۆی دەپارێزێ. بەڵام منداڵی گەورە بەهۆی موسوڵمانبوونی باوك و دایکەوە ناپارێزرێ چونکە خۆی بۆ موسوڵمان بوون سەربەخۆیە!.

٣٥٠) موسوڵمانبوونی منداڵ:

لەکاتی هەبوونی یەکێ لەم سێ هۆیەدا بڕیاری موسوڵمانەتیی منداڵ دەدرێ:

یەکەم: باوکی یا دایکی ئیسلام ببی، بۆ ئەم مەبەستە باپیرەو نەنکیش لە پایەی باوك و دایکان، بەپێی ئایەتی {وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ - سورة الطور - ٢١/٥٢} واتە: وە ئەو کەسانە کە باوەڕیان کردووە لەسەر شێوەیەکی تەواوی دامەزراو، وە بوون بەهۆی باوەڕهێنانی نەتەوەکانیشیان، ئەوە لە پاشە رۆژا نەوەکانیشیان دەبەینە پایەی بەرزی ئەوان، بۆ چاوو دڵ رۆشنکردنی ئەوان. وەکی تریش لە شوێنێ منداڵ بۆ حوکمکردن بە موسوڵمان بوونی ببێ بە پاشکۆی دیلکەری موسوڵمانی، دیارە بۆ ئەوە

باشتر دەبێ بە پاشکۆی باوکی یا دایکی، چونکە باوك‌و منالّ، یا دایك‌و منالّ پارچەی یەکترین‌و خوێن تێکەڵن.

دووەم: بە تەنیا دیلبکرێ، باوك‌و دایکی لەگەڵدا دیل نەکرابێ، دیلکەرەکەیشی موسوڵمانبێ، لەم کاتەیشا بڕیاری موسوڵمانەتیی دەدرێ‌و دەکرێ بە پاشکۆی دیلکەرەکەی، ئەمەیش بە یەکگرتن وایە، سەرەڕای ئەوەیش دەڵێین: منالّ سەرەوکاری خۆی پێ ناکرێ، قسەی دەگەرو بڕشتی نیە، دەبێ بە دواکەوتەی دیلکەرەکەی، چونکە بەخێوکردن‌و پەروەردەکردنی لەسەر دیلکەرەکەیەتی رێك وەك لەوەوپێشی باوکی.

سێیەم: منالّێ دۆزراوەی ولاّتی ئیسلام بێ، چونکە مادام زۆر تری خەڵکەکە موسوڵمانن‌و ولاّتیش ولاّتی موسوڵمانە ئەو لایەنانە زالّ دەبن، لەبەر ئەوەیش ئیسلام هەر سەردەکەوێ، نابێ هیچی تر سەری بکەوێ، وە لەبەر ئەوەیش کە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەموو منداڵێ کاتێ لە دایك دەبێ بە سروشت، بە خوداگرد ئەمادەیە بۆ خودا ناسین، بەڵام لەوەدوا باوك‌و دایك‌و پەروەردەکەری‌و نەریت‌و باوی ناو کۆمەڵ دەیگۆڕن‌و لەڕێ دەری دەکەن، جا یا دەیکەن بە جوولەکە یا بە گاور یا بە ئاگر پەرست، یا بە بوت پەرست‌و فرە خواو شتی تری وا، پیاوێ عەرزیکرد: قوربان! ئەی پێغەمبەری خودا! باشە پێمان بڵێ ئەگەر ئەو منالّە بە ساوایی لە پێش ئەو گۆڕین‌و لەڕێ دەرکردنەدا بمرێ چارە نووسی چیە؟ فەرمووی: خودا خۆی باش دەزانێ ئەگەر ئەو منالّە گەورە ببوایە کارو کردەوەی چی دەبوو (ش = شەیخان: بوخاری‌و موسلیم).

بڕانن:

جوکمکردن به موسوڵمانەتیی منالی دۆزراوە تایبەت نیە بە وڵاتی ئیسلامەوە، بەڵکوو ئەگەر وڵاتەکە وڵاتی کفریش بێ، بڕیاری موسوڵمانەتیی منالە دۆزراوەکە دەدەین، بە مەرجێ ئەو وڵاتە موسوڵمانی تیابێ، چونکە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (ئیسلام زیاد دەکا، کەم ناکا) (ئەبو داوود گێڕاویەتەوە. بڕوانەتاج/ ٣ ل – ٥) بەڵام بەهەرحاڵ ئەگەر پەیماندار (ذیمییە) یەك هات گوتی: منداڵی منەوە بەڵگەی هەبوو، بەڵگەیەکی وا کە بنەچەی پێ بچەسپێ، ئەوە منالەکە دەڵکێ بەوەوە دەبێ بەهی خۆی، لە کفریشدا هەر دەڵکێ بەوەوە، چونکە بەڵگە لە وڵات بەهێز تڕە. واتە: ساخبوونەوەی بنەچە بە بەڵگە بەهێز تڕە هەتا ساخبوونەوەی ئایینی بەهۆی ئەوەوە کە لە وڵاتی ئیسلامدا لە دایك بووە دادەنرێ بە موسوڵمان.

٣٥١) باسی کەلوپەلی کوژراو:

باسێ هەیە لەم باسەدا پێی دەگوترێ (سەلەب) سەلەب لە زمانا واتە: شت بە زۆر سەندن، لە شەرعا: بڕێتییە لەوە موسوڵمانێ لە عەزادا ناموسوڵمانێ بکوژێو تفاقو کەلوپەلەکەی ڕووت بکاتەوەو بیبات بۆ خۆی. سەر بەڵگەی ئەمە ئەم فەرموودەیەتی (درووەد خوای لەسەربێ): کەسێ لە غەزادا ناموسوڵمانێ بکوژێو بەڵگەی هەبێ لەسەر ئەوە کە خۆی کوشتوویەتی، ئەوە ڕووتی بکاتەوە بۆ خۆیو تفاقو کەلوپەلەکەی ببا بۆ خۆی. (ش) ئەبو داوود دەگێڕێتەوە کە ئەبو طەلحە (ڕەزای خوای لێبێ) لە

رۆژی غەزای خەیبەرا بیست پیاو دەکوژێ، وە تفاقو کەلوپەلی هەر بیستیان دەبا بۆ خۆی. ئیتر خواه له شەڕه مەیداندا بیکوژێ، یا لەناو ریزی شەڕدا بیکوژێ، یا لە پشتیەوە بۆی بچێو بیکوژێ یەکسانە، چونکە ئەبو قەتادە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: لە سالّی غەزای حونەیندا، لەگەڵ حەزرەتدا {درووەد خوای لەسەربێ} دەرچووین، کاتێ بەرەنگاری ناموسوڵمانەکان بووین لە سەرەتاوە موسوڵمانەکان زاڵ بوونوسەرێ دوان سەرکەوتن، پیاوێکم دی لە بتپەرستەکان پیاوێکی موسوڵمانی دابوو بەزەویداو لەسەری دانیشتبوو دەیویست بیکوژێ، منیش سووڕێکم بۆی خواردو لە پشتیەوە بۆی چووموو شمشێرێکم مالّی بەسەر نەڕەی شانیدا گەیاندمە سەر جێگەی کاریگەری، لەگەڵ ئەوەیشا پەلاماری دامو باوەشی پیاما کردو بە گوشینێکی وا گوشیمی مردنم بە چاوی خۆم دی، بەڵام دوا ئەوە کەوتە گیانەڵاو تلیسایەوەو منی بەردا، بەرە بەرە سوپای ئیسلام شکستیان تێ کەوت منیش رامکرد، لەڕێ گەیشتم بە عومەری کوڕی خەتاب {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: ئەوە ئەو خەڵکە چییانە بۆچی وا شکان؟ گوتم: فەرمانی خودا وابوو، چارەنووسی خودایی رەتبوونەوەی نیە، لە پاشدا خەڵکەکە گەڕانەوەو شێرانەو مەردانە تێ هەڵچوونەوەو لە دەوری حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} وەك شورای پۆڵایین ئاخڵەیان داو گۆی سەرکەوتنیان لە مەیدانا، بە هەڵمەتی پاڵەوانەیان، بە دوژمن بەجێ هێشتو ئاڵای هەمیشە سەربەرزو سەرکەوتووی موحەممەدیان دیسانەوە لە مەیدان شەکانەوە، جا لەپاش سەرکەوتن حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} دانیشتو فەرمووی: کەسێ لە غەزادا نا موسوڵمانێ بکوژێو بەڵگەی هەبێ لەسەر ئەوە، ئەوە با کەلوپەڵو تفاقەکەی رووت بکاتەوەو

بیانبات بۆ خۆی. تا ئەوێ کە دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} تفاقی ئەو کوژراوەی دابەمن (ش/ د/ ت) (لە ئەصڵەکەو لە ئەصڵی ئەصڵەکەدا دەفەرموون: لە سائی فەتحی قەڵای خەیبەردا. بەزەینم ئەمە هەڵەیە، راستەکەی رۆژی غەزای حونەینە، وەك بەندە نوسیومە. بڕوانە: تاج/٨ ل — ١٤٨. کوردی تاج جلد/ ٤ ص ٣٨٢ عەرەبی. شەرحی صەحیحی موسلیم نەوەوی/١٢ ص ٥٧، عمدة القاری ج/ ١٥ ص ٦٨، عمدة القاری ج/ ١٧ ص ٢٩٩، اقتران النیرین بەرگی/ ٤ لاپەڕە/ ٢٨٩. بە بۆچوونی من لە کفایە الاخیارەکەدا هەڵەی نووسیارە، یا هەڵەی چاپە، لە دەست خەتەکەدا حنین باش نەنوسراوە بە خیبر چاپکراوە، دانەری فیقهولویەسەرەکەیش بەبێ تەحقیق رووونووسی کردووە. والله أعلم — وەرگێڕ).

ئەگەر زیانیشی لە کۆڵ بخا وەك کوشتنی وایە، وەك ئەوە بە بریتی زۆر کۆڵەواری بکا، یا ئەندامە سەرەکییەکانی پەك بخا، وەك ئەوە کوێری بکا، یا هەر دوو دەستی، یا هەردوو قاچی ببڕێ، لە هەڵو مەرجی وادا تفاقو کەلوپەلەکەی هی خۆیەتی، لەسەر فەرموودەی رۆشنتر (الاظهر) ئەگەر دیلیشی بکا هەروایە، چونکە بەدیلکردنیش زیانی لە کۆڵ موسوڵمانان دەکەوێ، ئەگەر بە کۆمەڵێ بێبڕوایێ لە غەزادا بکوژن لە کەلوپەلەکەیدا دەبن بە هاوبەش.

٣٥٢) دابەشکردنی مالّی تالّانی:

تالّانی بە عەرەبی ناوی (غەنیمە)یە، لە غەنم وەرگیراوە کە بە واتا قازانجە، لە زاراوی شەرعی پیرۆزدا: ئەو مالّەیە کە بەزۆر لە بێبڕوای شەڕکەر وەردەگیرێ، کە دادەنرێ بە دەستکەوتی جەنگ، خوای بەهۆی کوشتارەوە بێ، یا بەهۆی غاردانی ماین‌و ئەسپ‌و وشترو هێسترو گوێرێژو پاپۆڕو ئوتومبێل‌و شتی تری واوەبێ، لە هەموو جۆرە کە رستەو تفاقی تری جەنگ. بە وشەی (شەڕکەر) مالّی پاشگەز دەردەچێ، چونکە ئەوە بە مفتە مالّ (فەیأ) دادەنرێ، نەک بە تالّان، بنەمای سەر بەلگە بۆ تالّانی ئەم ئایەتەیە (واعلموا أنما غنمتم من شئ فان لله خمسه وللرسول - ئەنفال - ٤١/٨) واتە: ئەی گەلی ئیسلام! ئەو تالّانییەی کە بە جەنگ وەریبگرن لە بێبڕواکان، چ کەمی چ زۆری، ئەوە پێویستە کە پێنجیەکی بەش بکەنەوە بەم دەستوورە کەوا دێ: پێنجیەکی ئەو پێنجیەکە بۆ خوداو پێغەمبەر).

پشکی پێنج یەک لە سامانی تالّانی جیا دەکرێتەوەو ئەو چوار پێنج یەکەکەی تری بەسەر جەنگاوەرەکانا لەسەر ئەم یاسایە دابەش دەکرێ: یەک پشک بۆ پیادەو سێ پشک بۆ سوار، چونکە پێغەمبەر(دروودەو خوای لەسەربێ) لە غەزای خەیبەردا ئاوای کردووە، ئەم سێ پشمە کە دەدرێ بە سوارە بەشی دیاریکراوی خۆیەتی، لەبەر ئەوە یەک ماینی پێ بێ یا زیاتر ژمارەی پشکی بۆ زیاتر ناکرێ. چونکە لە رۆژی خەیبەردا زوبەیر چەند ماینێکی پێ بوو لەگەڵ ئەوەیشدا پێغەمبەر بەشی یەک ماینی پێی دا (ئیبنو ماجە) لە گێڕانەوەیەکی ئەبو داوودا: یەک پشک بۆ

پیادەو سێ پشك بۆ سواره، دوو پشك بۆ ماینەکەی ژیریو پشکی بۆ خۆی. له گفت (لەفظ)یکی بخاریدا: دو پشکی بۆ مایین دادەناو یەك پشك بۆ خاوەنەکەی.

مەرجی ئەو کەسەی شایانی ئەم بەشە پشکەیە:

مەرجی یەکەم: ئیسلامە، بێبڕوا پشکی نیە، بەڵام ئەگەر بە فەرمانی پێشەوا ئامادەی شەڕکردن بوو سووکە بەشێکی پێ دەدرێ، چونکە جوولەکەکانی بەنی قەینوقاع، لە شەڕدا یارمەتی پێغەمبەریان دا، لەسەر داوای خۆی {دروودەو خوای لەسەربێ} لە دواییدا لە دەسکەوتی جەنگ سووکە بەشێکی پێیاندا، ئەگەر بەبێ فەرمانی پێشەوا لە خۆیەوە ئامادەی جەنگ بوو هیچی پێ نادرێ، ئەو سووکە بەشە شتێکە ناگاتە پشکی پیادە. پێشەوا بەکۆششی خۆی ئەندازەی بەپێی شوێن بۆ دادەنێ، بۆ وێنە زیاتر بە شەڕکەر دەدا هەتا کەسێکی تر، زیاتر بە شەڕکەرێ دەدا کە زیاتر شەڕبکا هەتا ئەو کەسەی کە کەمتر شەڕبکا، هەروا زیاتر بە سوار دەدا لەچاو پیادەدا، زیاتر بەو ژنە دەدا کە تیماری زامار دەکا لە چاو ئەو ژنەدا کە ئاگاداری تفاقیان دەکا. ئیتر بەپێی سوودو قازانجی خاوەنی سووکە بەش بەشی بۆ زۆرو کەم دەکرێ.

مەرجی دووەم: رەسیدە بوونە، منداڵ پشکی نیە، گەرچی پێشەوایش رێگەی پێ دابێ، بەڵام چکێکی پێ دەدرێ، چونکەهەرچۆن بێ هەر قازانجێکی هەیە، هەر هیچ نەبێ تارمایی موسوڵمانانی پێ پتر دەبێو قەرەبالغییان زۆر دەکا. فەرمایشتی شافیعی {رەزای خوای لێبێ} وا دەگەیەنێ، کە پێغەمبەر خۆی {دروودەو خوای لەسەربێ} چکێکی پێ داوە، بەڵام

پشك بۆ منالّ دانانرێ، چونکه لەو دەستەیە نیە کە غەزاکردن لە سەریان پێویستە (چك: شتێ کەم: سووکە بەش).

مەرجی سێیەم: ئازادییە، لەبەر ئەوە بەندە پشکی نیە، چونکە ئەمیش لە دەستەی پێویستبوونی جەنگ نیە، بەڵام چکێکی پێ دەدرێ، چونکە هەم سوودی هەیە، هەم تارمایی موسوڵمانان لەبەر چاوی بێبڕوایان پتر دەکا، لەبەر ئەوەیش کە پێغەمبەر خۆی {درووەد خوای لەسەربێ} لە رۆژی خەیبەردا لە دەستکەوتی جەنگ چەکێکی دا بە عومەیری بەندەی ئەبو لەهخم. (تیرمیذی گێڕاویەتەوە، وە دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانی ساغە) (چکپێدان واتە: رەضخ – وەرگێڕ).

مەرجی چوارەم: هۆشی ساغە، شێت پشکی نیە چونکە لەو دەستە نیە کە غەزاکردن پێویستە لەسەریان لەسەر قسەی ئیمامی ماوەردی {رەحمەتو وەزای خودای لێبێ} پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} چکێکی بە شێت داوە.

مەرجی پێنجەم: نێرینەییە، ژن پشکی نیە، چونکە ئەویش لە دەستەی پێویستبوونی غەزا نیە، بەڵام لە دەسکەوتی جەنگ سووکە بەشی پێ دەدرێ، مێردی ببێ یا نەیبێ یەکسانە، چونکە ئیبنو عەببباس لەو نامەیەدا کە وەڵامی نەجدەی حەرووری تیادا داوەتەوە دەفەرموێ: (بەڵێ پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} ژنانی دەبرد بۆ غەزا، ئەرکیان ئەوەبوو تیمارو دەرمانی زامارەکانیان دەکرد، لە تاڵانیش بەخشیشی دەدانێ، بەڵام وەك پیاوان پشکیان بۆ دانەدەنرا) (م/ د/ ت/ ن).

ئەم چوار پێنجیە کە ئاوا وەك باسکرا دابەش دەکرێ پێنج یەکەکەی تریش ئاوا دابەش دەکرێ: دەکرێ بە پێنج بەشەوە، پشکێکی

هی پێغەمبەر خۆی بووە لەکاتی ژیانی خۆیدا، بەپێی ئایەتی (فان لله خمسه وللرسول) تەنیا بۆ پیرۆزی لە سەرەتای ئەم پشکەوە ناوی خودا هێنراوە، یا بۆ ئەوە کە بزانرێ کە ئەم پشکە تایبەت نیە بە کاتی ژیانی پێغەمبەرەوەو بەس، بە جۆرێکی وا کە لەپاش مەرگی خۆی تەواو بێ، بەڵکوو لە پاش خۆشی بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان خەرج دەکرێ، چونکە عەمری کوڕی عەبەسە {وەزاد خواد لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوداد لەسەربێ} جارێ لەلای وشترێکا — لە مالّی تالّانییەکە — نوێژی بۆ کردین، کە سلاّوی دایەوە تەڵێ تووکی لە تەنشتی وشترەکە هەڵگرتو فەرمووی: پێنج یەکی لێ دەرچێ ئائەم تەڵەموو چییە، لە دەستکەوتی مالّی تالّانی ئێوە بە من حەلاّڵ نیە، لە هەمان کاتا ئەو پێنج یەکەیش دیسان هەر دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان. دەی ئەو پێنج یەکە کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ گشت موسوڵمانان، وەك فەرموودەکە دەفەرموێ، کە خەرجبکرێ بۆ بەرژەوەندی گشتی، کە گرنگترینیان قایمکردنی کەلێنەکانی سەر سنوورە، چونکە هۆی پاراستنی سەرو مالّو ناموسی هەموو موسوڵمانانە، لە پاش ئەویش هەرکارێ گرنگتربێ پێشتر دەخرێ.

پشکی دووەم: دەدرێ بە خزمانی پێغەمبەر {درووەد خودا لە خۆی وەزاد خودا لە خزمانی بێ} کە لە نەوەی هاشمو لە نەوەی موطەللیب بن‌و بەس، لێی نادرێ بە کەسی تر، بەپێی فەرموودەکەی جوبەیری کوڕی موطعیم {وەزاد خواد لێبێ} کە دەفەرموێ: من‌و عوسمانی کوڕی عەففان چووینە خزمەتی حەزرەت {درووەد خواد لەسەربێ} عەرزیمانکرد: قوربان! ئەی پێغەمبەری خودا! لە پێنج یەکی پێنج یەك (واتە: لە خۆمسولخومس) بۆچی بەشی بەرەبابی بەنی موططەلیب‌و بەرەبابی بەنی هاشم دەدەی کەچی بەشی

ئێمه نادەی، وەلحاڵ ئێمەو ئەوان هەرسێ لامان بۆ تۆ یەکینو بۆ خزمایەتی لە یەك پایەداین؟ فەرمووی {درووەد خوای لەسەربێ}: ئاخر بەرەبابی بەنی موطەلیبو بەرەبابی بەنی هاشم یەك شتن، لەبەر ئەوەی کە لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلامو لە دوا هاتنی ئیسلامەوە پشتی یەکیان گرتووەو پشتی یەکیان بەرنەداوە. جوبەیر فەرمووی: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} هیچ بەشی دانەنا بۆ بەرەبابی بەنی عەبدولشەمسو بۆ بەرەبابی بەنی نەوفەل. (بوخاری) جوبەیر خۆی لە بەرەبابی نەوفەلە، عوسمانیش لە بەرەبابی عەبدوشەمسە، پێغەمبەریش لە بەرەبابی هاشمە. هاشمو موطەلیبو نەوفلو عەبدوشەمس چوار برابوون، هەر چواریان کوڕی عەبدومەنافن. ئەم پێنج یەکە وەك کەلەپوور بەش دەکرێ بە سەریانا، دوو بەش بۆ نێرینەیانو یەك بەش بۆ مێیینەیان..

پشکی سێیەم: دەدرێ بە هەتیوی هەژار، چونکە ئەم پشکە دانراوە بۆ ئەوان هەتا گوزەرانی پێ بکەن بۆ هەتیوی دەوڵەمەند نیە، چونکە دەوڵەمەندیی هەتیو بۆ گوزەران لە باوك بەهێزترە، دەی لە شوێنێ منااڵ لەگەڵ باوکی هەژارا کە لەماڵ کەم هێزترە لەم پشکە بەشی نەدرێ ئیتر چۆن خۆی دەوڵەمەند بێ بەشی دەدرێ.

پشکی چوارەم: دەدرێ بە هەژاران، بەپێی ئایەتە پیرۆزەکە، چونکە هەژاریش بەر وشەی (مسکێن) دەکەوێ، کە لە دەقی ئایەتەکەدا هاتووە.

پشکی پێنجەم: دەدرێ بە ڕێبوار، بەپێی ئایەتە پیرۆزەکە، دەق وەك زەکات بەپێی ئەندازەی پێویستی سەرف دەکرێ بۆیان، مەرجە

لەکاتی بەشپێداندا رێبواره که پێویستی پێی هەبێ، وەك ئەوه پارەی لێ بڕابێ.

٣٥٣) مفته مالّ (مال الفيئ):

مفتە مالّ بە عەرەبی ناوی فەینە، لە زمانا لە وشەی (فاء) وەرگیراوە کە بەواتا (گەڕایەوە)یە. لە شەرعا ئەو سامانەیە کە بەبێ شەڕو شۆڕ لە کافران دەستێنرێ، وەك مالّێ لە ترسی موسوڵمانان بە جێیان هێشتبێ، یا وەك سەرانەو خەراج، یا وەك ئەو مالّەی کە لە پەیماندارێکی مردووی بێ کەلەپوورگر، بەجێ مابێ، یا هەر مالّێکی تری وا، یا وەك مالّی پاشگەز، لە پاش کوشتنی، یا لەپاش مردنی، جا ئەم مفتە مالّەیش دەکرێ بە پێنج پشکەوە، پێنج یەکی دەدرێ بەو تاقمانەی کە لە باسی تالّانیدا رابوردن. ئەو چوار پێنج یەکەکانی تری لەگەڵ پێنج یەکی پێنج یەکی تالّانی جەنگا هینی پێغەمبەر بوون لەکاتی ژیانی خۆیدا، کەرەستەی جەنگی پێ ئامادە دەکرد بۆ چاو ترساندنی دوژمن، بەڵام لە پاش خۆی مووچەی سەربازەکانی سوپای لێ دەدرێ، کە پێشەوا ئامادەیان دەکا بۆ غەزاکردن، کە ناویان لە دیوانی دەوڵەتا تۆمار دەکرێ، بە مەرجێ ئەم مەرجانەیان تیادا بێ: ئیسلامو ئەرکداری (تەکلیف)و ئازادیو لەشساغی، چونکە بەم جۆرە کەسانە دوژمن چاوترسێن دەبێو زیانی دوور دەکەوێتەوە، جا پێشەوا چوار پێنج یەکەکەیان بەسەردا دابەش دەکا بەپێی پێداویستی خۆیان، بەڵام مەرج نیە بە یەکسان دابەش بکرێ بە سەریانا، بەڵکوو دروستە مووچەی بڕێکیان پتر بێ لە مووچەی بڕێکی تریان. جا پاش ئەمە ئەگەر شتێکی لێ مایەوە خەرج دەکرێ بۆ بەرژەوەندەکانی تری

موسوڵمانان، لە چەشنی تازە کردنەوەو قایمکردنی قەڵاکانو پڕ کردنەوەی کەلێنی سەر سنوورەکانو کڕینی چەک و شتی تری وا.

٣٥٤) بڕیارەکانی سەرانە (الجزیە):

جزیە وشەیەکی عەرەبییە، بە کوردی ناوی سەرانەیە، لە زمانا بەو باجە دەگوترێ کە لەسەر پەیماندارەکان دانراوە، بۆیە پێی دەگوترێ جزیە، چونکە جزیە بە واتا لە جیاتیو بڕێتی کەوتنە، لەم شوێنەیشدا سەرانەکە، لە جیاتی کوشتنی خاوەنەکەیەتی، چونکە ئەم سەرانەیە بەرامبەر بەوەیە کە ئێمە وازیان لێ بهێنین! لە شەرعا: گرێدانێکی تایبەتە: بێبڕوا لە ئەستۆی خۆی دەگرێ. بەر لە یەکگرتن سەربەڵگەی ڕەوا بوونی سەرانە ئەم ئایەتەیە: {قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ – سورة التوبة – ٢٩/٩} واتە: جەنگ بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئیمانو باوەڕی ساخیان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی نیە، چونکە ئەوەی کە خوداو پێغەمبەری خودا قەدەغەیان کردووەو بە حەرامی دادەنێن ئەوان ئەوە بە حەڵاڵ دادەنێنو بە حەرامی نازانن و ڕەفتار ناکەن بە ڕەفتارێکی وا کەڕێکی یاسای خودایی بێ، ئەو کەسانەیش وەک ئەو جوولەکەو گاورانە کە نامەی ئاسمانییان بۆ هاتووە، بەڵام گۆڕیویانەو دەستکارییان کردووە، دەی بەردەوام جەنگ بکەن لەگەڵ ئەمانەدا هەتا بە ملکەچی بە دەستی خۆیانو بەسەر شۆڕی سەرانەتان دەدەنێ).

ئەو رەحمانی کوڕی عەوف {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر خۆی {درووەد خوای لەسەربێ} سەرانەی لە ئاگر پەرستەکانی ولاتی هەجەر وەدەگرت. (ب/ د/ ت) حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} دەیفەرموو: رێك وەك خاوەن نامەکان رەفتاریان لەگەڵدا بکەن (بوخاری) پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} سەرانەی لە خەڵکی نەجران وەردەگرت (ئەبو داوود) هەروەها لە خەڵکی ئەیلەیش سەرانەی وەردەگرت. حیکمەتی وەرگرتنی سەرانە ئەمەیە: بۆ ئێمە دەبێ بە مایەی کۆمەکی و یارمەتی، بۆ ئەوانیش دەبێ بە مایەی سەرشۆڕی و ریسواکردن، دووریش نیە کە بەرەبەرە ئەو سەرانەیە ببێ بەهۆی ئیسلام بوونیان.

بزانە:

پەیمانبەستن لەگەڵ ئەمانەدا دەبێ هەر لەگەڵ پێشەوادابێ، ئەگەر لەگەڵ خۆی یا لەگەڵ جێداری ئەودانەبێ دانامەزرێ، چونکە شتی وا لە بەرژەوەندە هەرە گەورەکانە، لەبەر ئەوە دەبێ لەگەڵ کەسێکابێ کە مافی رەچاوکردنی گشتیی هەبێ!

٣٥٥) مەرجەکانی پێویستبوونی سەرانە:

ئەم پێنجەن:

یەکەم: رەسیدە بوون، منالّ سەرانەی لەسەر نیە.

دووەم: هۆشی ساغ، شێت سەرانەی لەسەر نیە چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} کە موعاذی نارد بۆ سەر یەمەن پێی فەرموو: کە لە

هەموو سەرێ کە رەسیدە بووبێو موکەللەف بێ دینارێ سەرانەی لێ بسێنێ. دەی چەمکو مەفهوومەکەی ئەوەیە: کە سەرانە لەسەر منالّو شێت دانانرێ، لەبەر ئەوەیش چونکە منالّو شێت بەبێ سەرانەیش گیانیان پارێزراوە.

سێیەم: ئازادییە، کەواتە سەرانە لە کۆیلە وەرناگیرێ، بەپێی فەرموودەکەی عومەر {رەزاء خواء لێبێ} کە دەفەموێ: کۆلە سەرانەی لەسەر نیە. ماوەردی ئەم فەرموودەیەی بە فەرمایشتی پێغەمبەرداناوە. لەبەر ئەوەیش چونکە کۆیلە خۆی مالّە، مالّیش سەرانەی لەسەر نیە، پاش مەرگەو بەندەی بەش بەشو کاغەز پێدراویش لەم لایەنەوە وەك کۆیلە وان سەرانەیان لەسەر نیە.

مەرجی چوارەم: نێرینەییە، سەرانە لەسەر ژن نیە، بەپێی ئایەتی {قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ} تاکۆتایی ئایەتەکە کە تۆزی لەمەوپێش رابورد. ژن بەر ئەمە ناکەوێ چونکە عومەر {رەزاء خواء لێبێ} نامەی نووسی بۆ سەر لەشکرەکانی: سەرانە دابنێن لەسەر پیاوان، سەرانە دامەنێن لەسەر ژنو منالّ. لەبەر ئەوەیش کە ژن خۆی بەبێ سەرانەیش خوێنی پارێزراوە، لە لایەکی تریشەوە ژن خۆشی هەرمالّە، مالّیش سەرانەی لەسەر نیە.

مەرجی پێنجەم: ئەوەیە ئەو کەسەی کە عەقدی جزیەی بۆ دەکرێو سەرانەی لێ وەردەگیرێ دەبێ یەکێ بێ لەمانە: لە خاوەن نامەکان بێ، یا شوبهەو گومانی خاوەن نامەیان لێ بکرێ، گاورو جوولەکە خاوەن نامەن، ئاگر پەرستیش شوبهەی ئەوەیان لێ دەکرێ کە

کاتی خۆی پێغەمبەرو نامەیان بووە، بەڵام بە تیپەڕ بوونی رۆژگار دینەکەی خۆیان تێکداوە.

چونکە پێغەمبەر خۆی {درووده خوای لەسەربێ} سەرانەی لە ئاگر پەرست وەردەگرت وە دەیفەرموو: رێك وەك خاوەن نامەکان حیسابیان بۆ بکەنو چ رەفتارو مامەڵەیێ لەگەڵ خاوەن نامەکان دەکەن هەمان رەفتاریش لەگەڵ ئاگر پەرستەکان بکەن. بەڵام ئەوانەی کە نە نامەیان هەیەو نە گومانی خاوەن نامەییان لێ دەکرێ سەرانەیان لێ وەرناگیرێ، ئەوانە یا دەبێ موسوڵمان ببن یا دەکوژرێن، چونکە خوای گەورە فەرمان دەکا کە جگە لە قەبوولێ ئایینی ئیسلام هیچی تر لەهاو بەشپەیداکەران قەبوولّ ناکرێ وەك دەفەرموێ: {فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – سورة التوبة – ٥/٩} واتە: ئەوجا لەهەر کوێ ئەم هاوبەشکەرانە بەر هەوێڵتان کەوتن دەستیان لێ مەپارێزن بیان کوژنو بیان گرنو تەنگیان پێ هەڵچننو لە هەموو لایەك بۆ سەیان بۆ بنێنەوەو ژیانیان لێ تاڵ بکەنو مەهێڵن هاتوچۆو ئاڵووێڵو مامەڵە بکەن، جا ئەگەر تۆبەیان لە کوفر کردو نوێژەکانیان بەرێکوپێکی کردو زەکاتیان دا ئیتر ئابڵۆقەیان لەسەر لابەرنو رێگەی ژیانی ئاساییان بدەنو وەك خۆتانیان تەماشا بکەن، لە راستیدا خودا تاوانپۆشو خاوەن رەحمەتە). ئەمانە وەك بتپەرستو رۆژ پەرستو مانگپەرستو وێنەی ئەمانە، پاشگەزیش سەرانەی لێ وەرناگیرێ، یا تەوبە دەکا یا دەکوژرێ.

٣٥٦) ئەندازەی سەرانە (مقدار الجزية):

لای کەمی سەرانە دینارێکە، کە بڕێتییە لە مسقالی ناڵتوون، دادەنرێ لەسەر هەژاری کاسپکار، کە ساڵی جارێ ئەو سەرانەیێ بدا، لەسەر پیاوی میانەی نەهەژارو نە دەوڵەمەند ساڵی دوو دیناڕە، لەسەر پیاوی دەوڵەمەند چوار دیناڕە. ئەمە سەر مەشقی ئیمامی عومەرە (رەزای خوای لێبێ) ئەوەبوو کە عوسمانی کوڕی حنیفی نارد بۆ سەر کووفە فەرمانی پێکرد کە بەم شێوەیە سەرانە لە ناموسوڵمانەکان وەربگرێ: لە دەوڵەمەند چل و هەشت درەم، کە دەکاتە چوار دینار لە پیاوی میانە بیستو چوار درەم، لە پیاوی هەژار دوازدە درەم، کە دەکاتە دینارێ. بایەخ بە دەوڵەمەندی و هەژاری بەپێی کاتی وەرگرتنی سەرانەکەیە نەك بەکاتی بەستنی پەیمانی سەرانەکە. بەڵگەیەکی تریش هەیە لەسەر ئەوە کەلای کەمی سەرانە دینارێکە ئەویش ئەمەیە: کاتێ حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) موعاذ دەنێرێ بۆ سەر وڵاتی یەمەن فەرمانی پێدەکا: کەلە هەموو پیاوێکی رەسیدەی هۆشیار ساڵی دیناڕێ سەرانە وەربگرێ، یا بایی دیناڕێ مەغافیری وەربگرێ. مەغافیری جۆرە جل و بەرگێکە لە گوندێکی یەمەن دروست دەکرا ناوی مەغافیر بوو، وەك چۆن لە وڵاتی خۆمان دەگوترێ: شاڵی هەورامان، یا رانك و چۆغەی شاربازێڕ (حەدیثەکە ئەبو داوودو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە. تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانی دروستە، حاکمیش دەفەرموێ: فەرموودەیەکی دروستە بەپێی مەرجی هەردوو پیرە).

سوننەتە بۆ پێشەوا کە لە پەیماننامەکەدا، لە پاش بڕیاردانی ئەندازەی سەرانە بە دینار، مەرجی ئەوەیشیان لەگەڵدا بکا: کە میوانداریی بەو موسوڵمانانە بکەن کە بە ناویان تێ دەپەڕن بۆ ئیش و کارو غەزاکردن و شتی تری وا، چونکە پێغەمبەر خۆی {درودی خوای لەسەربێ} سااڵی سێ سەد دیناری لەسەر گاورەکانی ئەیلە دانا، کە خۆیان سێ سەد پیاو بوون، وە مەرجی ئەوەیشی لەگەڵداکردن کە تا سێ رۆژ میوانداری بەو موسوڵمانانە بکەن کە لە لایەنەوە تێپەڕ دەکەن، وە ناپاکیش لە هیچ موسوڵمانێ نەکەن. عومەریش {رەزای خوای لێبێ} پەیماننامەی سەرانەی بۆ خەڵکی شام نووسی، مەرجی ئەوەی لەگەڵدا کردن کە تاسێ رۆژ مافی میوانداری رابگرن. وەکی تریش ئەم میواندارییە قازانجی موسوڵمانانی تیادایە بە تایبەتی هی هەژارەکانیان کەواتە سوننەتە.

بەاڵم میوانداری تەنیا ئەرکی سەرشانی دەوڵەمەندو میانەیە، هەژار میوانداری لەسەر نیە، چونکە ناو بەناو دووبارە دەبێتەوە، لەبەر ئەوە پێی هەڵناسووڕێ. لە سێ رۆژیش نابێ پتر بێ چونکە پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: میوانداری هەتا سێ رۆژە، لەوە زیاتر خێر پێکردنە.

بەستنی پەیمانی سەرانە:

کە تەواو بوو، ئەمانەی بەدوادا دێ: واتە ئەرکی سەرشانی ئێمەو ئەوان لە پاش دامەزراندی سەرانە ئەمانەن:

یەکەم: ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە ئەم دوو شتەیە:

١) نابێ دەست بەرین بۆ سەرو مالیان، چونکە ئەو سەرانەیە بۆیە دەدەن هەتا سەرو مالی خۆیان بپارێزنو کەس بە نارەوا دەست نەبا بۆ سەرو مالیان، نابێ ئارەقو بادەیان بفەوتێنین، مەگەر ئاشکرای بکەن، هەر کەسێ بەبێ ئاشکراکردن بیفەوتێنێ پێی گوناهبار دەبێ، بەڵام بژاردنی لەسەر نیە، چونکە ئارەق نرخو بەهای نیە.

٢) لەسەر پێشەوای موسوڵمانانە دەفعی دوژمنی خۆیانیان لێ بکا، خوای ئەو دوژمنەیان لە دەستەی جەنگ بن، یا لە پەیمانداران بن، یا لە موسوڵمانان بن، ئەمە بە مەرجێ کە لەناو وڵاتی ئیسلاما بن، یا خۆیان بە تەنیا لە شارێکا بن لە پەنای ئێمەدا.

دووەم: ئەوەی کە لە ئەستۆی ئەوانیشە ئەم چوار شتەیە:

١) سەرانەکەی سەریان بەرێكو پێکی بدەن، چونکە ئەمە جۆرە کرێیەکە کە لەسەر شێوەی سەر شۆڕی بۆیان، وەردەگیرێ لێیان، کە لەسەریانە بڕیارو ئەحکامەکانی ئیسلام لە ئەستۆ بگرنو رێزیان بگرنو بە سەریاندا جێبەجێ بکرێ، وەك لەخاڵی دووەمدا ئەم نوختەیە روون کراوەتەوە، دەی چی سەر شۆڕییەك لەوە سەختڕە کە پیاو ناچار بکرێ شتێ لە ئەستۆ بگرێ کە خۆی بڕوای پێی نەبێ، بەڵگەی ئەم خاڵە ئەم ئایەتەیە: {حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ}.

وەڵێ نابێ لەسەر شێوەی تووندو تێژیو سزادانو کەساسکردن سەرانەیان لێ وەربگیرێ، شتی وا نادروستە. چونکە ئیمامی موسلیم {رەزای خوای لێبێ} دەگێڕێتەوە: هیشامی کوڕی حەکیم {رەزای خوایان لێبێ} لە شام بەلای تاقمێکا ڕەت بوو، لەبەر هەتاوی سوور ڕاگیرابوونو ڕۆنی داخ

کرابوو بـه سـەرو گوێلاکیانـدا، کـه ئەمـەی دی فـەرمووی: ئەمـه چییـه؟ گوتیـان: ئـەوه لەسـەر بـاج‌و سـەرانه ئەشـکەنجەو ئـازار دەدرێـن! هیـشام فەرمووی: شـایەتی دەدەم کـه زۆر بـاش بـه گـوێی خـۆم ژنـەوتم لـه زاری پێرۆزی پێغەمبـەر خۆشەویست‌و ئـازیزو نـازار دەیفـەرموو: خـودا سـزاو ئـازاری ئەوانـه دەدا کـه لـه جیهانـا سـزاو ئـازاری خـەڵك دەدەن. ئیمـامی شافیعی {رەزاد خواد لێبێ} بـه دەق بڕیـاری داوه کـه سـەرانه بـه نـەرمونیانی وەردەگیرێ.

٢) دەبێ، ملکەچ بن بۆ بڕیاوی ئیسلام لـه بـارەی دەسـتەبەربوونی سـەرو مـاڵ‌و ناموسـەوه. ئـەوانیش لـه سـەریانه هەرچـی خۆیـان بـه حـەرامی دەزانـن نەیکـەن، وه هەرچـی خۆیـان بـه پێویـستی دەزانـن لـه پاراستنی سەرو ماڵ‌و ناموس بیکەن، تەنانەت ئەگەر کارێ وا بکـەن کـه خۆیـان بـه نادروسـتی بـزانن، وەك داوێنپیـسی‌و دزی، داری حـەددیان لێ دەدرێ، چونکه ئەوان چوونەته ژێر ئەوه که یاسای ئیسلامیان به سـەردا جێبەجێ بکرێ، جارێ پیاوێکی جوولەکەو ژنێکی جوولەکەیان هێنـا بـۆ لای پێغەمبـەر {دروودی خواد لەسەربێ} داوێنپیـسییان کردبـوو، پێغەمبـەر {دروودی خواد لەسەربێ} فـەرمانی کـرد: بـەردەبارانکران (ش) بـەڵام ئەگـەر کـارێکی وا بکەن که خۆیان بـه نادروسـتی نـەزانن، وەك ئـارەق خواردنـەوه، یـا وەك ئـەوه ئاگرپەرسـت ژنـی خـۆیی‌و خوشـکی خۆیـان مـاره دەکـەن، ئـەوه راجیایی هەیه له جێبەجێکردنی حـەدد لـه سـەریان، هەیـه دەڵێ: بـەڵێ لەم کاتەیشا حەددیان به سەردا جێبەجێ دەکرێ، هەر وەك چۆن بەپێی مەذهەبی شافیعی ئەگـەر حەنەفییـەك خۆشـاو (نـەبیـذ) بخواتـەوه داری حـەددی لێ دەدرێ گەرچـی خۆشـی بـه حـەڵاڵی دەزانـێ، ئـاوایش حـەدد

لەسەر پەیماندار جێبەجێ دەکرێ ئەگەر شتێ بکەن لە ئیسلاما حەددی هەبێ، با خۆشیان بە دروستتی دابنێن! هەیشە دەڵێ: لەم کاتەدا حەددیان لەسەر نیە، چونکە ئەوان بەهۆی دانی سەرانەوە لەسەر کوفر موحاسەبە ناکرێن و رێگەی ئایینی پووچەڵی خۆیان لێ ناگیرێ، دەی کەواتە لەسەر شتێ کە بە حەڵاڵی بزانن باشتر موحاسەبە ناکرێن. لە راستیدا ئەم فەرمایشتە راستترە. جیایی نێوانی حاڵی ئەمان و حاڵی حەنەفییەك لەسەر خواردنەوەی خۆشاو حەددی لێ بدرێ ئەمەیە: ئەو مەبەستە بەرزەی کە لەبەر ئەو حەدد لە بادەنۆش دەدرێ لە خۆشاویشا هەمان مەبەست هەیە، چونکە حەنەفی بە حەدد لێدان چاوترسێن دەبێ، بە پێچەوانەی پەیماندار، چونکە ئەم بۆیە دەیخواتەوە بە دروستی دەزانێ و دایدەنێ بە دین قایمی! وەڵ هەر چۆن بێ، مافی ئەوەیان نیە کە ئارەق بە بەرچاوی ئێمەوە بە ئاشکرا زەقنەمووت بکەن، دەی ئەگەر کاری وا ناشایستە بکەن تەمێ دەکرێن!.

٣) دەبێ پەیمان بدەن کە بەهیچ جۆرێ ناوی ئایینی ئیسلام نەهێنن مەگەر بەچاکە، قەدەغە دەکرێن لەوە کە تانە لە ئیسلام و لە قورئان بدەن، دەبێ بە تایبەت ئەوە لە ئەستۆ بگرن کە بە هیچ شێوەیێ ناوی سەروەری پێشینان و پاشینان حەزرەتی موحەممەد بە خراپە نەهێنن، جا ئەگەر نامەقوولی وایانکرد، یا جنێویان بە پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکاندا ئەوە تەمێ دەکرێن، پەیمانەکەیشیان هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر لە خودی پەیمانەکەدا دەقی وا هەبوو کە لە سەر شتی وا هەڵبوەشێ. هەروەك لە سەریان پێویستە کە بە ئاشکرا کردارو گوتاری ناشایستە نەکەن، وەك مەسەلەی فرەخوایی لە وێنەی ئەم

قسەیان کە خودا لە قورئانا لەسەر زمانی ئەوان دەیگێڕێتەوە بۆمان: {إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ - سورة - ٧٣/٥} واتە: عیسا خودایەکەو مەریەمیش خودایەکەو خودایش خودایەکە، عیسا یەکەمی ئەو سێ کەسەیە، مەریەم دووەمی ئەو سێ کەسەیە، خودایش سێیەمی ئەو سێ کەسەیە!!).

هەروەها هەموو بیروباوەڕێکی تریان کە بە پێچەوانەی دەقی قورئانە، وەك ئەوە گوایە مەسیحو عوزەیر {دروودەد خودایان لەسەربێ} کوڕی خوان!

{سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا - سورة الإسراء - ٤٣/١٧} واتە خودای گەورەو مەزن زۆر زۆر پاك و پیرۆزو بە دوورە لە وێنەی ئەم قسە بێ سەرو بنانەی کە ئەم بێبڕوایانە دەیڵێن لە بارەی زاتو سیفاتی خواوە). جا ئەگەر بە راشکاوی شتێکی ناوایان کرد تەمێ دەکرێنو ڕێگەی ئەوەیان پێ نادرێ، بەڵام بەهۆی شتی واوە پەیمانەکەیان هەڵناوەشێتەوە.

٤) نابێ کارێکی وا بکەن زیانی موسوڵمانانی تیابێ، وەك ئەوە پەنای خەفیەو سیخوڕی دوژمن بدەن، هەتا جاسووسی بەسەر سەرو ماڵو ناموووس و هەستو نەستی موسوڵمانانەوە بکەنو نهێنییەکانیان ببەن بۆ ناو ولاتی جەنگ، کە پێی دەگوترێ کافرستان، یا خۆیان ببن بە چاو ساغ بۆ دەستەی جەنگو نهێنیو هەستو نەستی ئێمەیان پێ نیشان بدەن، یا ڕێگەی کفرو پاشگەز بوونەوە نیشانی موسوڵمان بدەن، یا موسوڵمانێ بکوژن، یا شتێ وا بکەن. جا لە هەموو ئەم شێوەکارانەدا

بەپێی ئەو کارەی دەیکەن شایانی چی حەددێ، یا چی تەمێ کردنێ ببن وایان لی دەکرێ. ئەگەر کەسێکیان بەهۆی شەڕکردنەوە پەیمانەکەی هەڵوەشانەوە یەکسەر بەبێ مۆڵەتدان دەکوژرێ، ناگەیەنرێتە جێگەی لەخۆ ئەمین بوونی، چونکە لە کاتی وادا بەر بڕیاری ئەم ئایەتە ناکەوێ کە دەفەرموێ {ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ - سورة التوبة - ٦/٩} واتە: ئەوجا بێگەیەنەوە جێگەی ئەمینی خۆی) بەڵکوو بەر بڕیاری ئەم ئایەتەی تر دەکەوێ کە دەفەرموێ: {فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ - سورة البقرة - ١٩١/٢} واتە: ئەگەر ئەوان لە پێشا دەستیان کرد بە جەنگکردن لەگەڵ ئێوەدا ئێوەیش جەنگیان لەگەڵدا بکەنو بیانکوژن!).

تەنیا ئەوەندە هەیە لەم کاتەدا مافی پێشەوایە خۆی سەرپشك بێ لە نێوانی یەکێ لەم چوار شتەدا: کوشتن یا بە کۆیلەکردن، یا ئازادکردن بە پیاوەتی، یا تۆڵە لێ وەرگرتن بەماڵ لە جیاتی بەرەڵڵاکردن، چونکە بوونەتەوە بە کافری بێ پەیمانی بێ ئەمان، لەکاتی جەنگیشدا پێشەوا خۆی سەرپشکە کە یەکێ لەم چوار ڕێگە چارەیە دەرحەق بە دیلی جەنگی بکا.

٣٥٧) نیشانەکردنی جلو بەرگیان:

ئەگەر ئەو پەیماندارانە لەناو وڵاتی ئیسلامدا بن لە سەریانە کە بە (غیار) خۆیان لە موسوڵمانان جیا بکەنەوە، غییار بڕێتییە لەوە پارچەیەك لە ڕەنگێکی جیا لە ڕەنگی جلەکانیان، بۆ نیشانە بدوورن بەسەر شانیاندا، یا بە شوێنێکی تریاندا، هەتا بناسرێنو بەپێی شانی

خۆیان رەفتاریان لەگەڵ بکرێ، هەتا لەلای سەرووی کۆڕو دانیشگەو دیوەخانەوە دانەنیشن و لە پێشدا سلاویان لێ نەکرێ!.

چونکە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) نەیی کردووە لەوە کە ئێمە لە سلاو کردندا دەست پێشکەری بکەین، وەك دەفەرموێ: ئێوە لە پێشدا سلاو لە جوولەکەو گاور مەکەن، ئەگەر لە رێگەی تەنگەبەریش تووشیان بوو خۆتان لەسەر چەقی رێگەکەوە بڕۆن و ئەوان ناچار بکەن کە بکەونە تەنگە بەرییەکەوە! (موسلیم و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە) هەر تاقمەیەکیان خووی بەچی جۆرە جل و بەرگێکەوە گرتبوو هەر ئەوە لەبەر دەکا، بەڵگەی ئەمە ئەوەیە کە عومەر (رەزای خوای لێبێ) سەبارەت بە خاوەن نامەکان نامەی نووسی بۆ فەرماندارەکانی سەر شارە گەورەکان کە: مووی پێشە سەریان بڕن و زونار لەسەر جلەوە ببەستنە پشتیان، زونار کشتەکێکی ئەستووە دەکرێتە پشت وەك پشتێن. لەبەر ئەوەیش کە دیسان عومەر (رەزای خوای لێبێ) لەسەر ئەوەڕێك کەوت لە گەڵیان کە نیشانە (غیار) بدرێ لە پۆشاکی بەریان، ئەمەیش بە ئاگاداری کۆمەڵێ لە هاوڕێکانی پێغەمبەر بوو (درووەد خودا لە پێغەمبەرو رەزای خودا لە یارانە) (بەیهەقی) سەرەڕای ئەمانەیش قەدەغەی ئەوەیان لێ دەکرێ کە سواری وڵاخی بەرزە ببن، چونکە خودای گەورە دەفەرموێ: {وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ - سورة الأنفال - ٨/٦٠} واتە: ئەی موسوڵمانەکان! ئەی دۆستانی خودا! هەمیشە خۆتان! ئامادە بکەن بۆ چاری دوژمنەکانتان، ئەوەی کە دەتوانن لە هێزی جەنگ، لە فێربوونی هونەرەکانی، لە چەك و لە تفاقی، لە ئەسپ و ماین و هێسترێ مەشق

دیدەی قاڵو چوار ناڵ، ئەمانەو گشت کەرەستەیەکی تری جەنگ بەپێی کاتو شوێنو حاڵو توانا ئامادە بکەن، هەتا بە تەواوی دوژمنی خوداو دوژمنی خۆتانیان پێ چاوترسێنو تەمێ خواردوو بکەن) ئەوەتا خودای داناو زانا لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمان بە دۆستانی خۆی دەکا کە رەوگەمایینی ئامادەو مەشق دیدە ئامادە بکەن بۆ تۆقاندنو چاوترساندنی دوشمنی خوداو دوژمنی خۆیان، جا شتێ مایەی بەهرەیەکی وا پیرۆزو گەورەبێ چۆن رێگە دەدرێ بە دوژمنانی خودا کە بەکاری بهێنن.

دیسان خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: هەتا رۆژی قیامەت لە کاکۆڵو یاڵی وڵاخی بەرزە خێرو خۆشی گرێدراوە کە برێتییە لە پاداشی باشو لە ماڵی تاڵانی حەڵاڵ. (ش/ د/ ت/ ن) دەی خێرو خۆشی لە کوێو بێبڕوا لە کوێ! لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: سەر پشتی وڵاخی بەرزە جێگەی سەر بەرزیو سەرکەوتنە. دەی ئەمانە کەساسیو داماویو سەر شۆڕی بە باڵایان بڕاوە کە حاڵیان وابێ چۆن هۆی سەربەزییان دەخرێتە بەردە ست!.

هەروەها هەڵگرتنی شیرو تیرو چەکیان لێ قەدەغە دەکرێ.

٣٥٨) باسی نەچیرو سەربڕاوەکان:

نەچیر بە عەرەبی ناوی (صەیدە) بە واتا راوکراوە، وەك ئەم ئایەتە دەفەرموێ: {لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ – سورة المائدة – ٩٥/٥} ئەی گەلی موسوڵمان! لەکاتی حەجو عەمرەکردندا بە بەرگی

ئیحرامەوە نەچیر مەکوژن. نەچیر لەم ئایەتەدا بە واتا گیانلەبەری راوکراوە. سەر بەلگەی حەلاڵ بوونی نەچیر ئەم ئایەتەیە: {وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُواْ – سورة المائدة – ٢/٥} واتە: وەکاتێ لە ئیحرامی حەجتتان بوونەوەو ئیحرامی حەجتان شکان دەتوانن راو بکەن وەك جاری جاران. فەرمانکردن بەراوکردن لەم ئایەتەدا حەلاڵبوونی راوکراوەکە دەخوازێ. ئەم فەرمانکردنە پێی دەگوترێ ئەمرێ ئیباحە، چونکە یاسایەکی ئوصوولی دەڵێ: فەرمانبە کردنی کارێ – لەپاش قەدەغەکردنی – بۆ رەوا بوونیەتی، کە کردنو نەکردنی یەکسا بێ.

٣٥٩) باسی سەربڕواکان (ذەبائیح):

ذەبائیح کۆی ذەبیحەیە بە کوردی واتە: سەربڕاو، سەر بەلگەی دروستبوونی سەربڕاوەکان ئەم ئایەتەیە: {إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ – سورة المائدة – ٣/٥} واتە: ئەمانەی کە لەم ئایەتەدا باسکراون هەموویان حەرامن، مەگەر ئەوانەیان کە زوو فریایان بکەونو لە پێش ئەوەدا گیانیان دەربچێ سەریان ببڕن. چونکە وەك لە ئایەتەکە دەردەکەوێ: ئەم سەربڕاوانە لە کۆمەڵێ شتی حەرام جیاکراونەتەوە، کە لەم ئایەتەدا باسکراون: {حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ – سورة المائدة – ٣/٥} واتە: حەرام کراوە لە سەرتان مردارەوەبوو خوێنی رەوانو گۆشتی بەرازو خواردنی گۆشتی

ئەو گیانلەبەرانەی کە لەکاتی سەربڕینیاندا ناوی غەیری خودایان لێ هێنرابێ، وەك ئەوە لەباتی باسم الله بگوترێ باسم اللات والعزی، هەروا گۆشتی خنکاوو لێدراوو بەرەوەبوو لە شەڕە قۆچا کوژراوو دڕندە خواردوو، ئەمانە هەموویان حەرامن بێجگە لەوانەیان کە سەریان ببڕن. دەی جیاکردنەوەی سەربڕاو لەوانە ئەوە دەبەخشێ کە سەربڕاو حەڵاڵە، گیانلەبەری حەڵاڵ دوو بەشە:

یەکەم: ئەوەیە کە لە بەردەستا بێ.

دووەم: ئەوەیە کە لەبەردەستا نەبێ، سەربڕینی بەشی یەکەم بەوە دەبێ بەشتێکی تیژ، جگە لە ئێسقانو نینوكو ددان، خوای چەقۆ بێ یا پارچە شووشە بێ، هەموو قوڕقوراچکەی کە هەناسەی پیا دێتو دەچێت، وە هەموو سوورێچکەی کە خواردنەوەو خواردەمەنیی پیادێتو دەچێ ببڕرین.

بەشی دووەم: کە ئەوەیە لەبەر دەستانەبێ، ئەوە لە جیاتی سەربڕینی ئەوەندە بەسە کە بریندار بکرێ بەشتێکی تیژی وا کە ئەندامی ببڕێ، چ لە ئاستی قوڕگیا بێ وە چ لە شوێنێکی تریا بێ، کە لەپاش ئەم بریندارکردنە مرد وەك گینداری سەر بڕاو وایەو گۆشتی دەخورێ. ئەمەیش وەك وشترێ بەلەسە بووبێو چنگی لێ گیرنەبێ، یا مەڕێ کەوتبێتە ناو بیرێکەوە، تێی ترنجابێ مەودای ئەوەی نەبێ بەزیندوویی دەری بهێنن، وەرێگەی سەربڕینیشی نەبێ (أبو العشر؟) لە باوکییەوە {رەزای خوامیان لێبێ} دەفەرموێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆچی سەربڕین دەبێ هەر لە ئاستی قوڕقوڕاگەو لە بۆتەقەی ملدا بێ؟

فەرمووی: {درووەد خوا لەسەربێ} ئەگەر تێغێ بدەی لە رانیشی دەلا. (ئەبو داوود گێڕاویەتەوە). وە دەفەرموێ: ئەمە هەر بۆ بەرەوە بوو و ئاژەڵی بەلەسەبوو دروستە وای لێ بکرێ. لە صەحیحەیندا دەفەرموێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمە سبەینێ بە دومن دەکەین، چەقۆیشمان پێ نیە، ئایا بە تەڵە قامیشو بە چەقۆی بەردین ئاژەڵ سەر ببڕین؟ فەرمووی: گورج بە، یا فەرمووی: دەستوبردی لێ بکەن تا لە چێر دەستتامردار نەبێتەوە، ئیتر بە هەرچی سەری دەبڕی باشە، بە مەرجێ فیچقە بە خوێن بکاو لەکاتی سەربڕیندا خوێنەکە بازمرقە ببەستێ، وە ناوی خودای لێ ببرێ، وە بەمەرجێ ئەوشتە ددانو نینوك نەبێ ئەوە لێی بخۆ. تا ئەوێ کە دەفەرموێ: جا تالانی وشترو رانمان هێنا، وشترێ لە تالانییەکە تەرابوو، پیاوێ تێرێکی پێوەناو گلی دایەوە، بەو تیرە مرد، پێغەمبەریش {درووەد خوا لەسەربێ} فەرمووی: هەندێ وشتر هەن سڵو سرکن وەك جانەوەری کێوی سرك تۆڕن، جا ئەگەر شتی وا رووبداو چارتان نەدەکرد وەك ئەمە ئاوای لێ بکەن. (ش/ د/ ت/ ن) مەرج نیە کە برینەکە کوشندە بێ، بەڵکوو برینێکی وا بەسە کە خوێنی لێ بێو رێی تێ بچێ کە ببێ بەهۆی کوشتنی، تەنانەت ئەگەر سەگێ بکاتە گیانلەبەرێکی بەلەسە بەوەیش حەڵاڵ دەبێ، هەروا ئەگەر وشترێ بەربۆوەو لەناو بیرێکا ترنجا بەسەر وشترێکی تردا، رمێکی کردبە وشترەکەی سەرەوەدا لە وشترەکەی ژێرەوە دەرچوو، هەردووکیانی سمی، هەردوکیان حەڵاڵ دەبن، هەر وەك چۆن تیرێ بنێ بە نێچیرێکەوە، لێی بداو لێی دەرچێو بدا لە نێچیرێکی تریش هەردوکیان حەڵاڵ دەبن.

چۆنیەتی سەربڕینی شەرعی:

سەربڕینی گیانلەبەر لە شەرعا پێشی دەگوترێ: ذەکات کە لە زمانی عەرەبا بە واتا بۆن و بەرامەی خۆش و پاک و پوختییە، بۆیە واناو نراوە چونکە خواردنەکەی خۆش و رەوا دەبێ، زەکاتیش (واتە: سەربڕین) لە شەرعا بڕێتییە لە بڕینێکی تایبەتی، کە قورقوراچکەی و سوورێنچەکەی بە تەواوی ببڕێ، سورینچکە وا لەژێر قورقوراچکەوە، وا سونەتە ئەو دوو شا دەمارانەیش ببڕێن کە وان لەم دیوو ئەو دیوی چورقوراچکەوە. مەرجی ئەو گیانلەبەرە کە سەردەبڕرێ ئەوەیە لەکاتی سەبڕینا گیانی تیابێ، جا ئەگەر گیانلەبەرەکە نەخۆش بوو هەر ئەوەندە بەسە با بە حاڵ نیمچە گیانێکی تیا مابێ، چونکە هۆیەکی تر نیە بۆ مردنەکەی، وە ئەگەر ساغ بوو دەبێ گیانێکی جێ گرتووی تیابێ کە نیشانەکەی ئەوەیە جەو جووڵو پەلە پەلێکی بەهێزی ببێ یا خوێنی بازرەقە ببەستێ، یا لەکاتی سەربڕینا دەنگ لە قورگیەوە بێو خوێنەکەی بە ناسایی رەوان ببێ، کەواتە: ئەگەر درندە مەڕێکی زامارکرد، یا سەربانێ تەپا بەسەر ئاژەڵێکا، ئەگەر ژیانێکی جێ گرتووی تیا مابوو ئەوە حەڵاڵە دەنا ئەگەر لە پێش سەربڕینەکەیدا گەیشتبووە پەلەقاژەی مەرگو جەو جووڵی سەبڕاو ئەوە حەڵاڵ نیە. ئیبنو صەببا غ دەفەرموێ: ژیانی دامەزراو، کە پێشی دەگوترێ. ژیانی جێگرتوو، کە لە عورفو باوی شەرعا پێی دەگوترێ: حەیاتی موستەقیرە، ئەوەیە ئەگەر وازی لێ بهێنی دەوری رۆژێ بمێنێ، ژیانی دانەمەزراویش ئەوەیە دەسبەجێ بمرێ.

ئەگەر بزنێ گیایەکی ژەهرداری خوارد وەك کارووشە کێویلە، کە گیایەکی کوشندەیە، وە گەیشتە گیانەلا پێی، ئەوە بەسەر بڕین حەلاڵ نابێ، چونکە هۆیەك هەیە بۆ مردنەکەی جگە لەسەر بڕینەکە، کە کارووش خواردنەکەیە، وەك بڕیندارکردنی درێندە.

٣٦٠) راوکردن بە گۆشتخۆرە مەشق دادراوەکان (الإصطياد بالجوارح المعلمة):

بۆ زێدە سوودو بەهرە بڕوانە: تەجریدی بوخاری بە کوردی بەرگی/ ٥ ل – ١٦٦ زنجیرە/٧٥.

راوکردن بە درێندە گۆشتخۆرەکان دروستە، وەك سەگو وێزو پڵنگو ئەمانە، هەروا بە مەلە گۆشتخۆرەکانیش وەك هەڵۆو شاهێنو باز، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ فَكُلُواْ مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُواْ اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ – سورة المائدة – ٤/٥} واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویستا پێیان بفەرموو: حەلاڵکراوە بۆ ئێوە هەموو خواردەمەنیو خواردنەوەیەکی پاکو خۆشو باش، هەروا ئەو نەچیرەیش کە ئەو درێندەو پەلەوەرە راوکەرانە دەیانگرن بۆتان، کە مەشقتان پێ کردوون لەوەی کە خودا فێری ئێوەی کردووە، دەی بخۆن، لە گۆشتی ئەو نەچیرەی کە دەیگرن بۆتان، بەڵام لەکاتی بەرەڵڵاکردنی ئەو بڕینکەرە راوکەرانەدا بۆسەر نەچیرەکان ناوی خودا ببەن، بیسمیللا بکەن لەکاتی سەربڕینیاندا. ئیبنو عەببباس {رەزای خوداله خۆی و له باوکی}

دەفەرموێ: جەواریح بە سەگو باڵندەی تالیم دادراو دەگوترێ، لە (جەرج) وەرگیراوە، کە بە واتا (کەسب)ە، چونکەخاوەنەکانیان کاسپییان پێ دەکەن، ئەم ئایەتەیش بەم واتایە کە دەفەرموێ: (ویعلم ما جرحتم) واتە: (ما کسبتم) عەدی کوڕی حاتم {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: بۆ راوکردن بە باز پرسیارم کرد لە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی: هەرچی دەگرێ بۆ تۆ بیخۆ. (تیرمیذی) دیسان عەدی فەرمووی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! من سەگی فێرە راوم هەیە کە دەیانکەمە نەچیر دەیگرن بۆمن، وە لەکاتی بەرەڵڵاکردنیشیان ناوی خودا دەهێنم. فەرمووی: کاتێ سەگی فێرە راوی خۆتت بەرەڵڵا کردە گیانی نەچیرو ناوی خودات لێ هێنا ئیتر لە گۆشتی نەچیرەکە بخۆ، ئەگەر بیشی کوژێ هەر لێی بخۆ، ئەم نوسخەیەی وا لەبەر دەستی منداا لەم دوو حەدیثەی عەدی تێکەڵو پێکەڵ کراون، بەڵام من بەپێی کفایەکە راستم کردەوە، فەرموودەی دووەم: شەیخانونەبو داوودو تیرمیذیو نەسائی گێڕاویانەتەوە بڕوانە تاج/ ٤ ل – ٢٣ – وەرگێڕ) کەواتە: بەرەڵڵاکردنی درندەو باڵندە راوکەرەکان بۆ سەر نەچیر، ئەگەر زاماری بکەن یا بیگرنو بیکوژن بری سەربڕینی دەکەوێ، خاوەنەکەی فریای سەربڕینیشی نەکەوێ هەر دروستە گۆشتی ئەو نێچیرە بخوا، زامەکەیش لەهەر کوێی بکا یەکسانە.

مەرجی مەشق پێکردنیان:

ئەوەیە: کە ئەوەندە مەشقیکردبێ لە قسەی خاوەنەکەی دەرنەچێو بە قسەی بکا، ئەگەر کردیە نەچیرەکە بڕوا بۆی، ئەگەر تێی

خوڕی که نەچێ بومستێو بگەڕێتەوە، وە که نەچیرەکەی گرت هیچی لێ نەخوا، وە ئەم حاڵە ئەوەندە چەند بارە ببێتەوە کە مرۆڤ لەو باوەڕەدابێ که هەرگیز لە فەرمانی خاوەنەکەی دەرنەچێ. جا ئەگەر راوچییەکە بە زیندوویی پیا گەیشت ئەبێ سەری ببڕێ، ئەگینا گرتنەکەی لە جێی سەربڕینەکەیەتیو خواردنی دروستە، بەڵام ئەگەر یەکێ لەم مەرجانە فەوتان بەبێ سەر بڕین دروست نیە لێی بخورێ.

ئامێری سەربڕین:

سەربڕین دروستە بە گشت شتێکی تیژ، کە شت ببڕێ، خوای لە ئاسن بێ وەك کێردو چەقۆو شمشێرو رم، یا لە قورقوشم بێ، یا لە مس بێ، یا لە زێڕبێ، یا لە شووشە، تەنیا بەم سێ شتە نابێ: ددانو نینۆکو ئێسقان، ئیتر ئەم سێ شتە لکاوبن بە لەشەوە یا جیابنو بە لەشەوە نەمابن چوون یەکە. سەر بەڵگەی ئەمە فەرموودەکەی رافیعی کوڕی خەدیجە کە لە باسی پێش ئەم باسەدا رابورد کە سەرمتاکەی ئاوا دەست پێ دەکا: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمە سبەینێ بە دوژمن دەگەین..تاد.

نەیی کردن لە سەربڕین بە نینۆکو ئێسکو ددان لەسەر قسەی عیززی کوڕی عەبدوسەلام تەعەببودییە، ئیبنو رەفعەیش دەفەرموێ:

حیکمەتەکەی ئەوەیە کە مردنی گیانلەبەر بە پارچەیێ لە خۆی نەبێ بەهۆی رەوا بوونی مردنی[1].

مەرجەکانی سەربڕ:

ئەوەیە موسوڵمان بێ، یا خاوەن نامە بێ، واتە: کیتابی بێ، وەك جوولەکەو گاور. سەر بەڵگەی ئەمە ئەم ئایەتەیە: {إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ} سەبارەت بە خاوەن نامەیش ئەم ئایەتەی تەرە: {وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ - سورة المائدة - ٥/٥} (واتە: وە خواردەمەنی ئەو ناموسوڵمانانە کە کاتی خۆی نامەی خوداییان پێ دراوە حەڵاڵە بۆ ئێوە). دیارە کە گۆشتی سەر بڕاویشیان بەر وشەی خواردەمەنی دەکەوێ. بەڵام دەبێ ئەو خواردەمەنییەیان لە دینی خۆمانا حەڵاڵ بێ، وەك نانو ئاوو گۆشتی مەڕو بزنو شتی تری وا، دەنا حەرامە وەك مەیو خوێنو مردارو گۆشتی سەگو بەراز.

سەربڕاوی غەیری خاوەن نامەکان حەرامە، چونکە حەزرەت {درووده خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ڕێك وەك خاوەن نامەکان حیساب بۆ ناگر پەرست بکەنو چ ڕەفتارو مامەڵەیێ لەگەڵ نامەدار (کیتابی)یەکان

---

[1] کوردیش بە سروشتی پاکی خۆیان هەستیان بەم حیکمەتە کردووە، بۆیە پێشینان لە زەمی خۆ خۆریدا فەرموویانە: گوتیان داربەڕوو شتێ داهاتووە دەت بڕێتەوە، گوتی: کلکەی لەخۆم نەبێ ناتوانێ. بە راستی ئەمڕۆ گەلی کورد وەك داری قەراخی لێ هاتووە، تەوری کلك کوردی لێ پەیدا بووە بەناوی خیزبەوە هاکا گشتی کرد بە خەڵووز.

- وەرگێڕ -

دەکەن، هەمان رەفتاریش لەگەڵ ئەواندا بکەن، تەنیا ئەم دوو خاڵەی لێ دەرچێ: گۆشتی سەربڕاوی دەستی ئاگر پەرست مەخۆن، ژنیشیان لێ مارە مەکەن!. بتپەرست خاوەنی نامەنین، هەروا ئاگر پەرستیش، گەرچی ئاگر پەرست گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ کە لە بنەڕەتدا نامەدار بووبن، سەر بڕاوی دەستی پاشگەز (مورتەدد)یش ناخورێ چونکە حاڵی ئەم بەدترە لە حاڵی ئاگر پەرستو بتپەرست.

لە موسوڵمانانا دروستە منالّی فامیدەو کوێرو ژن بابێنوێژیش بێ، گیانلەبەر سەر بەبڕن، بەڵگەی دروستبوونی سەر بڕینی ژن ئەم فەرموودەی بوخارییە: رۆژێ کەنیزەکێکی کەعبی کوڕی مالیک لە (سەلع)ران دەلەوەڕێنێ، مەڕێ لە ڕانەکە دەئەنگێورێ، کچەکەیش فریای دەکەوێو بە بەردێکی تیژ سەری دەبڕێ، کە ئەمەیان لە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} پرسی، فەرمووی: بیخۆن.

سەربڕینی بەچکەی ناوسك:

سەربڕینی دایك برێتییە سەر بڕینی بەچکەی ناو سکیشی دەکەوێ، بەمەرجێ بە مردوویی لەناوسکی دەری بهێنن، یا نیمچە گیانێکی تیا مابێ، پاش تۆزێ بمرێ، ئیتر خواردنی دروستە بەبێ سەربڕینیش، بەپێی فەرموودەکەی {درووەد خوای لەسەربێ}: سەربڕینی گیانداری ئاوس برێتیی سەربڕینی بەچکەکەی ناو سکیشی دەکەوێ (ئیمامی ئەحمەد). ئەبو سەعید {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: گوتمان ئەی پێغەمبەری خودا! ڕێ دەکەوێ کە وشتری مێنگەو مانگاو مەڕو بزنی ئاوس سەردەبڕین بەچکەکەیان لەناوسکدایە، ئایا ئەو بەچکانە فڕی

بدەین یا بیانخۆین؟ فەرمووی: ئەگەر ئارەزوو دەکەن بیان خۆن، چونکە سەربڕینی دایکەکەیان برێتیی سەربڕینی ئەوانیش دەکەوێ (د/ ئەحمەد/ ت – تاج – ٤ ل – ٢٨) جووەینی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: وەکی تریش ئەگەر سەربڕینی دایك برێتیی سەربڕینی بەچکەی ناوسکی نەکەوتایە، کاتێ سکەکەی دەربکەوێ نابێ دروست بێ سەری ببڕێ، هەروەك دروست نیە ژنی ئاوس حەددی لێ بدرێ، یا بکوژرێتەوە تا سکەکەی نەبێ.

٣٦١) بڕیاری ئەو پارچەیەی لە زیندوو دەبێتەوە:

هەر پارچەیێ لە زیندوو دەبڕرێ وەك مردووی وایە، واتە: ئەو گیانلەبەرە ئەگەر بە مردوویی پاك بوو ئەوە پارچە جیاوە بووەکەیشی پاکە، وەك ماسیو کوللەو ئادەمیزاد، ئەگەر بە مردوویی پیس بوو پارچەکەیشی پیسە، وەك پارچەی غەیری کوللەو ماسیو ئادەمیزاد، سەر بەلگەی ئەمەیش ئەوەیە کە دەگێڕنەوە: لە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} پرسیار دەکرێ: ئایا پارچەیێ لە دووگی وشتر یا لە دووگی مەڕ ببڕرێ حەڵاڵە یا حەرامە؟ دەفەرموێ: هەر پارچەیێ لە ئاژەڵی زیندوو ببڕرێ ئەوە ئەو پارچەیە حوکمی مردووی ئەو گینلەبەرەی هەیە (حاکم دەفەرموێ: بەپێی مەرجی هەردوو پیرە، ئەبو داوودو تیرمیذیش گێڕاویانەتەوە، تیرمیذی دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانە. بەڵام ئەم شتانە لەم یاسا گشتییە جیا دەکرێنەوە: موو و پەڕو خوریو کوڵکی هەر گیانلەبەرێ گۆشتی بخورێ پاکە، چونکە بەپێی ئایەتی قورئان

خودا ئەمانەی کردووە بە مایەی کەرمستەی ناو مالّ هەتا کاتی مردن! دیسان لەبەر ئەوەیش ئەم شتانە بێ گیانن، لەبەر ئەوە بێ هەستن هەست بە ئیشو ئازار ناکەن لەکاتی بڕیندا، هەر لەبەر ئەمەیە کە هەندێ زانا دەفەرموێ: هەتا مووی گیانلەبەرێکیش کە گۆشتی نەخۆرێ پاکەو پیس نیە.

بەڵام بەپێی رای فەرمایشتی ساغ شاخو سمو نینۆکو ددانو ئێسقان ئەگەر بە زیندوویی لە گیانلەبەرەکە جیا ببنەوە پیسن، چونکە ئەمانە زۆر تر لە ئەندامی سەربەخۆ دەچن، چونکە ئەمانە گیانیان تیایە، هەست بەشت دەکەن، هەست بە ئێش دەکەن، هەستو هەست بە ئێشکردن نیشانەی ژیانە، کەواتە ئەگەر بڕڕێن دەمرنو بەهۆی مردنەوە پیس دەبنو حوکمی مرداریان هەیە. ئەم ئایەتەیش بەڵگەی ئەوەیە کە ئێسقان ژیانی تیادایە: {مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ – سورة يس – ٧٨/٣٦} دەڵێ: ئێسقانی رزیوی هەزاران ساڵە بەکێ زیندوو دەکرێتەوە؟ ئەی خۆشەویست! پێی بفەرموو: ئەو کەسە زیندووی دەکاتەوە کە یەکەمجار لە نەبوون دروستی کردووە).

٣٦٢) باسی خواردەمەنی (أحكام الاطعمة)

بڕوانە: تەجریدی بوخاری بەرگی/٥ ل – ٧٧ ز:٧٣.

خواردەمەنی بە عەرەبی پێی دەگوترێ طەعام، طەعامیش بە مەعنا مەطعوومە، وەك چۆن شەراب بە مەعنا مەشرووبە، کۆی طەعام ئەطعیمەیە، بۆیە لە ئەصڵەکەدا وشەی (أطعمە) کراوە بە عینوان بۆ ئەم باسە.

سەر بەڵگەی حەڵاڵبوونی خواردەمەنییەکان ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: {قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ - سورة الأنعام - ١٤٥/٦} واتە: جا تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! بۆ بەرپەرچی گومان بڕیو شوبهەی خەڵك جارِ بدەو بفەرموو: من لەو نامەی خودادا کە بە سرووش دێ بۆ من خۆراکێ نابینم حەام بێ لەسەر خۆراك خۆرێ مەگەر یەکێ بێ لەم شتە قەدەغەو حەرامانە: مرداربێ، یا خوێنی رژاو بێ، یا گۆشتی بەراز بێ. لەگەڵ ئەم ئایەتەی تردا: {وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ - سورة الأعراف - ١٥٧/٧} واتە: نیشانەیەکی تری ئەو پێشەوا نازدارە کە خوا پێداوان پەیڕەوی دەکەن ئەوەیە کە هەر خواردنەوەو خواردەمەنییەك سروشتو تەبیعەتی مرۆڤی میانەڕەو بە پاك و باشی بزانێ حەڵاڵی دەکا بۆیان، وە هەرچی خواردنەوەو خواردەمەنییەکیش سروشتی پاکی مرۆڤی میانەڕەو بە پیس و چەپەڵی بزانێ حەرامی دەکا لە سەریان).

لە راستیدا یەکێ لە مەبەستەهەرە کرنگەکانی ئایین، زانینو فێربوونی بڕیارەکان (ئەحکام)ی خواردەمەنییەکانە. چونکە گەڕان بە شوێن رزقو رۆزی حەڵاڵدا خود فەرزە، واتە: فەرزی عەینە، پێویستە لەسەر ئەرکدار (موکللەف) هەوڵی بۆ بدا، هەتا حەڵاڵخۆربێ، چونکە هەڕمشەی سەخت هەیە لەسەر خوادرنی شتی حەرام، چونکە لە فەرموودەدا دەفەرموێ: هەر گۆشتێ بە حەرام پەروەردە ببێ خۆراکی ناگری دۆزەخە. تەنانەت ئەگەر حەرام پەرەی سەندو تێکەڵی گشت

شتێ بوو، وه نانی حەلاڵ زۆر بە گران دەست دەکەوت، ئەوە دەبێ بەپێی پێداویست لێی بخوا، نابێ زیادە خۆری بکا.

وەك مەشهووره: کەمخۆرو پاکخۆر، کەواتە: وا سوننەتە لە خواردنی حەلاڵیشا زیادە مەسرەف نەکرێو موسوڵمان بە نانو ئاوێکی سادەی ئاسایی قنیات بکا، بەڵام لەبەر رەزیلی خێزانی خۆی نەچەوسێنێتەوە، چونکە یەکێ لە رەفتارە بەرزەکانی پێشینانە باشەکانمان ئەوە بووە سك پەروەرنەبوون و سەریان نەکردۆتە خواردن و خواردنەوە، بەڵام میوانە پەروەری سوننەتە لەبەر ئەوە ئەگەر سفرەیشی بۆ بڕازێتەوە جێگەی خۆیەتی، هەروەها ئەگەر ساخ بۆ رەزای خودا هەرچەندە خزمەتی منداڵ و خێزانی خۆی بکاو نانو ئاوو جل و بەرگی باش و خۆش و حەلاڵیان بۆ فەراهەم بهێنێ و تێرو تەسەلیان بکا پەسەندەو خوا پێی خۆشە، بە مەرجێ مەبەستی خۆشگوزەرانی ئەوان بێ تا هەست بە هاوسەرکەمی نەکەن، نەك بۆ شانازی و چاولێکەری!

ئەوەندە هەیە نابێ جلّەو بۆ ئارەزووەکانی نەفس شل بکرێ، وەکوو ئاژەڵ هەر چاوی لە خەوو خواردن و رابواردن بێ، چونکە زاناکان لەم لایەنەوە راجیایی و بۆچوونی جیا جیایان هەیە لەسەر ئەم شێوەیە:

یەکەم: دەفەرموون نەفس قەدەغە دەکرێ لە رابواردنی رەهای رەوا، چونکە سەردەکێشێ بۆ بوغرا بوون!

دووەم: دەفەرموون ئارەزووەکانی نەفس جێبەجێ دەکرێ، هەتا گورج و گۆڵ ببێ و هەستی گیانپەروەری تیادا بژێتەوەو بەرەبەرە هەست بە چاکەکانی خودا بە سەریەوە بکا.

سێیەم: دەفەرمون: مامناوەندێتی‌و میانەکاری باش‌و پەسەندە، چونکە ئەگەر هەموو خۆشییەکی لێ قەدەغە بکەی تووشی کەودەنی دەبێ، ئەگەر بە تەواویش بەری بۆ بەرەڵلا بکرێ زاڵ دەبێ. سوننەتە دەستەکان زۆربەن لەکاتی نان خواردندا، لە سەرەتاوە ناوی خودا یاد بکرێ، لە پاشیەوە سوپاس‌و ستایش بکرێ.

٣٦٣) خواردەمەنی حەلاڵ‌و خواردەمەنی حەرام:

گشت خواردەمەنییەکی پاکی باش حەلاڵە، کە بڕێتییە لەوەی کە سوودی هەبێ لە خواردن‌و لە خواردنەوە، وە هەموو خواردەمەنییەکی پیس حەرامە، کە بڕێتییە لە گشت خواردن‌و خواردنەوەیێ کە زیانبەخش بن. مەبەست لە (پاکی باش) ئەوەیە کە تەبیعەت بیبات‌و نەفس حەزی لێ بکات، مەبەست لە (پیسیش) ئەوەیە کە قیزەون بێ‌و دڵ پێی هەڵشێوێ‌و سروشتی پاك نەیەوێ، وەکوو دەرکەوت خودا پاکیی کردووە بە مەرجی حەلاڵ بوون، پیسیشی کردووە بە مەرجی حەرام بوون، دەی بەهۆی ژیری‌و هۆشی ساغەوە دەزانین کە مەبەست لە پاك ئەوە نیە کە هەموو کەسێ بە پاکی بزانێ، یا مەبەست لە پیس ئەوە نیە کە هەموو کەسێ بە پیسی بزانێ، چونکە شتی وا ستەمە، رەفتارو سروشتی خەڵك جیاجیان، ئەوەی مامە پێی خۆشە کاکە پێی ناخۆشە، لەبەر ئەوە دیارە کە مەبست خواست‌و ئارەزووی هەندێکیانە، جا لەبەر ئەوەی قورئان بە زمانی عەرەب دابەزیوەو لە سەرەتاوە رووی قسەی لە

عەرەب بووەو زۆرتری گوفتوگۆکان ئاراستەی عەرەب کراوە، لەبەر ئەم هۆیانە عەرەب لەم لایەنەوە بۆ بڕیاردان لەسەر پاکی و پیسی شت لە پێشترن، لە لایەکی تریشەوە سەورشتو رەفتاری عەرەبەکانیش هەموویەك نین، بەڵکوو جیاجیان، لەبەر ئەوە زۆر ئەستەمە کە رای هەموویان لەم بارەیەوە لەسەر یەك شت یەك بگرێ، لەبەر ئەمە بڕیار دەدەین کە دەگەڕو بایەخ بە عەرەبی سەردەمی حەزرەت خۆیەتی (دروودو خوا لەسەربێ) ئەمەیش قازی حوسێن وا دەفەرموێ!

یاسای سەرەکی بۆ ئەمە ئەم دەستوورەیە کە دەڵێ: هەر گیانلەبەرێ عەرەب بە پاکی بزانێ حەڵاڵە مەگەر شەرع بە حەرامی دابنێ.

جا کە ئەمەت زانی بفەرموو پوختەیێ لە خۆراکی پاك و پیس باس بکەین، بزانە کە خۆراکی پاك و حەڵاڵ هەر زۆر زۆرە، وە جۆرەکانی فرەیە، مالّی و کێویلەی هەیە، وشترو رەشە ولاخو مەڕو بزن لە جۆری مالّین، ئەم چوارە بە یەکگرتن حەڵاڵن، لە پێش یەکگرتندا ئەم ئایەتە بەڵگەی حەڵاڵبوونیانە: {أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ الأَنْعَامِ – سورة المائدة – ١/٥} (واتە: خودا حەڵاڵی کردووە بۆ ئێوە خواردنی گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەی کە لە چەشنی ئاژەڵن) هەروا ئەم ئایەتەی تریش: {وَالأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ – سورة النحل – ٥/١٦} واتە: وە خوای گەورە ئاژەڵی بۆ ئێوە دروست کردووە، سوودی زۆریان تیادایە بۆتان، لە خوریو موو و کوڵك و کەوڵەکانیان جل و بەرگو پێخەفو رایەخیان لێ دروست دەکەن، کە

دەبن بەهۆی بەرگری لە سەرماو گەرما، وە گەلێ سوودی تریشیان هەیە، کە یەکێ لەوانە ئەوەیە لە گۆشتەکەیان دەخۆن).

ئەسپو ماینیش گۆشتیان دەخورێ، چونکە جابیر {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: رۆژی غەزای خەیبەر پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} جلەوگیریی کرد لە خواردنی گۆشتی کەری ماڵی، وە رێگەی خواردنی گۆشتی ماین‌و ئەسپی دا. (ش/ د/ ت/ ن).

لەچار پێی کێویش گۆشتی گا کێوی دەخورێ، گامێشیش بەر جۆری گاو رەشە وڵاخ دەکەوێ‌و لە بەشی گیانلەبەرە پاك‌و باش‌و حەڵاڵەکانە، هەروا گۆشتی بزن‌و مەڕی کێوی دەخورێ، چ بزن‌و مەڕبن چ سابرێن‌و بەران بن، گۆشتی کەرە کێویش دەخورێ، چونکە پێغەمبەر خۆی لێی خواردووە، خوای ماڵی بووبێ، یا هەر کێوی بێ، کەری ماڵی کێویش ببێ هەر گۆشتی نادروستە، ئاسك‌و کەمتیارو رێوی‌و کەروێشك‌و رزق (یەربووع)و ژیشك‌و ئیبنو عیرس[1] حەڵاڵن چونکە پاکن، گۆشتی بزنمژەیش دەخورێ، چونکە خالیدی کوڕی وەلید دەفەرموێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا بزنمژە حەرامە؟ فەرمووی نەء حەرام نیە،

---

[1] مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە – نوقمی رەحمەتی خودا بێ} لە دوو رشتەدا دەفەرموێ: ئیبنو عیرس: لە چەقەڵ کزتر، بە لەش درێژە، گوێ کورت‌و سەرخڕ. مامۆستا سەی عەلای سەججادی {رەحمەتی خوای لێبێ} دەفەرموێ: مشکی خورمایە، بەڵام لە مونجیددا وێنەی نەمس لە مشکی خورما دەکا، کە مەردۆخ بە مشکە خۆرە تەرجەمەی کردووە. بڕوانە فەرهەنگی خاڵ‌و هەنبانە بۆرینە.

- وەرگێڕ -

بەڵام لە وڵاتی ئێمە نیە لەبەر ئەوە دەبینم دڵم نایبات، خالید فەرمووی: جا من بزنمژەکەم راکێشت بۆ لای خۆمو لەبەر چاوی پێغەمبەر {درووود خوای لەسەربێ} دەستم کرد بە خواردنی (ش/ د/ ت/ ن — تاج/ ٤ ل — ٥).

شتی پیس:

حەرامیش دیسان زۆرن، وەك مارو دووپشكو قولانچە بە هەموو جۆرەکانیانەوە وەك هەرچی وردە جانەوەری زەوییە لە چەشنی گەنەو کڕنوو ئەسپێو رشكو پەپوولەو میروولەو گڵخۆرکەو کرمو تەتەڵە میرانو زەردەوالّەو هەنگو وێنەی ئەمانە. چونکە پیسن خودای گەورەیش دەفەرموێ: {وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ}

٣٦٤) بڕیاری ئەوەی کە لّبەی هەبێ یا چنگو چڕنووکی تیژی هەبێ:

هەرچی دانقولاپی بێو کەڵبەی هەبێو هێزی تێك شکاندنی نەچیری هەبێ خواردنی نادروستەو گۆشتی حەرامە وەك شێرو پلەنگو گورگو ورچو مەیموونو فیلو تیمساح (نەهەنگی وشکانی)و وشتر گا پەڵنگ (زرافە)و چەقەڵ، چونکە نەبو ئەعلەبە {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووود خوای لەسەربێ} هەر درندەیێ کەڵبەی هەبێ، خواردنی گۆشتەکەیی قەدەغە کردووە (ش/ د/ ت/ ن — تاج/ ٤ ل — ١٤) لەبەر ئەوەیش (وەك ئیمامی شافیعی) {رەحمەت و رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ:

ئـەم جـۆرە درندانـە هەمیـشە بـە کەڵبـەی خۆیـان راوی گـۆرو نـەچـیر دەکەن، هیچ درندەیێ تـر ئـەوان راو ناکـا. زانـایش هەیـە دەڵێ: زەرافـەو چەقەڵو فیلو تیمساح حەڵاڵن.

گۆشـتی سـەگ نـاخورێ چـونکە ئـەویش لـە درنـدە پیـسەکانە بـەرازیش بـەپێی ئایـەت هـەم پیـسەو هـەم حەرامـە، بـەڵام لـە پـشیلەدا راجیـایی هەیـە، فـەرموودەی ساغ ئەوەیـە کـە حەرامـە، چـونکە بـەهۆی کەڵبـەی خۆیـەوە هێـزی تێکـشکاندنی هەیـە، لـە هـەمان کاتـا پـیس خۆریشە، لە صەحیحی موسلیمدا دەفەرموێ: ئـەبو زبیر دەفـەرموێ: لـە بـارەی بـەهای سـەگو پـشیلەوە پرسـیارم لـە جـابیر کـرد، فـەرمووی: پێغەمبـەر {درووەد خوای لەسەربێ} هەڕەشەی لە شتی وا کـردووە، وە دەیفـەرموو {درووەد خوای لەسەربێ} لـە راسـتیدا هـەرکاتێ خـودای گـەورە شـتێ حـەرام بکـا بەهاکەیشی حـەرام دەکـا. لـە گێڕانەوەیـەکا دەفـەرموێ: جـابیر {رەزای خوای لێبـێ} دەفـەرموێ: پێغەمبـەر {درووەد خوای لەسەربێ} هـەم خـواردنی گۆشـتی پـشیلەی قەدەغـە کـردووە هـەم خـواردنی بەهایـشی (م/ د/ ت/ ن - موسـلیمو ئـەبو داوودو تیرمیـذیو نەسـائی، بڕوانـە تـاج/ ٤ ل ١٦، هـەر ئاماژەیـێ بـۆ تـاجو ریـاض الـصالحین، بـۆ لاپـەڕە بـە (ل) بکـرێ، بـۆ وەرگـەڕاوە کوردییەکەیانـە، ئەگـەر بـە (ص) کـرا بـۆ ئەصـڵە عەرەبییەکەیانە – وەرگێڕ).

سەمۆر[1] و سمۆرەو فەنەك و (فاقم) لەسەر قسەی فەرمایشتی ساغ حەلالن، دەقی شافیعی لەسەر حەلاڵ بوونیان هەیە. هەر باڵندەیێ کە چنگی تیژو نینۆکی قولاپی و دەنووکی لاری هەبێو راوی پەلەوەرو نەچیر بکا، وەك هەلۆو سیسارکەو بازو شەهینو کۆلارە، ئەمانەیش بەهەر رەگێ بن بەهەموو چەشنو جۆرەکانیانەوە حەرامنو گوشتیان ناخورێ. چونکە ئیبنو عەببباس {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: هەر درندەیێ کە کەڵبەی هەبێ، یا هەر باڵندەیێ کە چنگو چڕنووکی هەبێ پێغەمبەر {درودی خوای لەسەربێ} خواردنی

گۆشتەکەیی قەدەغە کردووە. (م/ د) هەروا هەر شتێ پیس خۆر بێو پیسایی و مردارو شتی وا بخوات گۆشتەکەی نادروستە، واتە: حەرامە، وەك قەلەبازەڵەو قەلەڕەشە، کە لە قەلەبازەڵە گەورەترە، چونکە ئەم دوانەیش بە پیس حلێبن.

---

(١) مامۆستا مەلا عبدولکەریم لە دوو رشتەدا دەفەرموێ: سمور: کزتر لە چەقەڵ، سمۆرە نیە. مامۆستای مەردۆخیش دەفەرموێ: سەمۆر: سمورە، وێنەی (السمور: سەمۆر) لە فەرهەنگی مەردۆخا دەق لە وێنەی (السمور) دەچێ لە (المنجد)دا. بۆ (فەنەك)یش مەردۆخ دەفەرموێ: جانوری است ازجنس روباه أما کوچکتر، وأن غیر دلك است: واتە: جانەوەرێکە لە تیرەی رێوییە، بەڵام بچکۆلەترە، بەڵام دەڵەك نیە. بۆ عەرەبییەکەیشی هەر (فنك)ی نووسیوە. بڕوانە (المنجد) دەبینی پێناسەی (فەنەك) لە مونجیدو لە فەرهەنگی مەردۆخدا زۆر لەیەك نزیکن. بەهۆی تەرجەمەی بێ سەرو بەرەوە هەزاران هەڵە لە هەموو بابەتێ پەیدا بوون. خودا پەنامان بدا لە شتی وا.

بزانه:

کـه هـەر شـتێ پیـسخۆر بـێ خـواردنی گۆشـتەکەی ناباشـه واتـه: مەکرووهـه، ئـیتر خـوای مـەڕو گـاو گۆتـاڵ بـێ، یـا مریـشك و مـراوی بـێ یەکسانه، گیانلەبەری پیسخۆر ئەوەیـه زووربـەی خـواردنی پیسایی بـێ، چـونکه ئـینـو عومـەر {رەزای خوایان لێبێ} دەفـەرموێ: پێغەمبـەر {درووەد خوای لەسەربێ} خواردنی گۆشت و شیری گیانلەبەری پیسخۆری قەدەغـه کـردووه، لە گێڕانەوەیەکا: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} قەدەغەی کردووه کە سواری وشتری پیسخۆرببن، یا گۆشت و شیری بخۆن. (د/ ت/ ن – س/ ح/ تـاج – ٤ ل ١٤).

بەڵام کاتێ دادەنرێ بە ناباش کە بۆگەنی لێپەیدا ببـێ، وەك ئـەوە ئـارەقی بـۆنی پیـسایی لێبـێ، یـا گۆشـتەکەی تـامی بۆگـەن بـێ، هـەر گیانلەبەرێ وابێ بە پیسخۆر حلێبە، دەنا نا. بـەپێی ئـەوەی کـه نـەوەوی لـه ئەصـڵی رەوضـەدا سـاخی کردۆتـەوه، بـەڵام بـەپێی ئـەوەی وا لـه (التحریر)دا بایەخ بە زۆری ئاڵفه، ئەگـەر زوربـەی ئاڵفەکـەی پـیس بـوو ئەوه پیسخۆرەو خواردنی گۆشت و شیرەکەی ناباشـه، دەنـا پیـسخۆر نیـەو خـواردنی گۆشـت و شـیری و سـواربوونی نابـاش و مـەکرووه نیـه. ئـەم نەهیەیش بۆ تەنزیهه بۆ تـەحیریم نیـه، چـونکه خـواردنی پیسی بـەس کار لە گۆڕینی بۆن و تامی گۆشتەکەی دەکا، زاتەکـەی نـاگۆڕێ، دەی شـتی وایش هەر ناباشی (کەراهەت) دەخوازێ و بەس.

٣٦٥) کەی دروستە کە مردار بخوریّ؟

قورئانی پیرۆز بە دەق دەفەرموێ: مردار نادروستەو حەرامە هەروا بە دەق دەفەرموێ: ئەمانە هەموو نادروستن: خوێنی رژاو، گۆشتی بەراز، هەر سەبڕاوێ ناوی غەیری خودای لێ بهێنرێ، یا هەر شتێ بەهەر شێوەیێ مردار ببێتەوەو بە چەقۆدا نەگاو بەپێی شەرع حەلاڵ نەبێو حەلاڵ نەکرابێ، وەك خنکاو، وەك بەلێدان مردوو، وەك بەرەوەبووی مردار، وەك لە شەڕە شۆقا کوژراو، کە فریای سەربڕینی نەکەون، وەك درندە خواردوو، ئەم بڕیارە بۆ کاتی فەرەحیو حاڵی ئاساییە، بەڵام لەکاتی ناچاریدا لەبەر ناچاری، ئوەندەی کە مرۆڤ لە مردن رزگار بکاو بەری دڵی بگرێ خواردن لە مردار دروستە، چونکە بەبێ ئەوە ژیانی ناپارێزرێ، خودای گەورە دەفەرموێ: {فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ - سورة البقرة - ١٧٣/٢} واتە: دەی هەر کەسێ ناچار بوو بۆ خواردنی مردارو خوێنو گۆشتی بەرازو سەربڕاوێ کە لەکاتی سەبڕینەکەیداناوی غەیری خودای لێ هێنرابێ، ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نیە لە خواردنی ئەوانەدا، بە مەرجێ دەسدرێژی لە مافی ناچارێکی تری وەك خۆی نەکاو زیادە خۆری نەکاو لەو ئەندازەیە تێنەپەڕێ کە پێویستە بۆ پاراستنی ژیانو گیانی). کەواتە: بە هیچ جۆرێ نابێ زیاد خۆری بکا، هەتا تێرخواردنی تەوایش زۆر باش نیەو راجیایی دوورو درێژ لە بارەیەوە هەیە، لە کتێبە گەورەکاندا بە دوورو درێژی باس کراوە.

٣٦٦) مردووی ماسیو کوللە:

گیانلەبەر سێ بەشی هەیە:

بەشی یەکەم: گۆشتی ناخۆرێ، ئەمە مرداریو سەربڕاوی یەکسانو وەك یەك حەرامن.

بەشی دووەم: گۆشتی دەخورێ، ئەمە بە مەرجێ گۆشتی دەخورێ کە بەپێی شەرع سەربڕا بێ، یا حەلاڵ کرابێ، وەك لە پێشەوە رابورد، مردارەوەبووی ئەم باشە حەرامە.

بەشی سێیەم: گۆشتی دخورێو سەربڕینی لەسەر نیە، واتە: مرداریشی حەلاڵە، وەك ماسیو کوللە، بە گشت جۆرەکانیانەوە، بەپێی ئەم فەرموودەیەی ئیبنو عومەر {رەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: دوو مردارو دوو خوێنمان بۆ حەلاڵ کراون، مردارەکان بڕێتین لە ماسیو لە کوللە، دوو خوێنەکانیش بڕێتین لە جەرگو لە سپڵ. (ئیبنو ماجەو حاکم گێڕاویانەتەوە، رشتەی ئیبنو ماجە لاوازە، حاکم لە موستەدرەکا بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە). ئەبو هورەیرەیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پیاوێ لە پێغەمبەری پرسی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمە کاتێ سواری کەشتی دەبین لە دەریادا کەمێ ئاوی شیرین هەڵ دەگرین، ئەگەر دەستوێژی پێ بگرین بەشی خواردنەوەمان ناکاو تووشیمان دەبێ، جا ئایا بە ئاوی دەریا دەستوێژ بگرین یانا؟ فەرمووی {درووەد خوای لەسەربێ}: بەڵێ دەستوێژی پێ بگرن، چونکە دەریا هەم پاکەو هەم پاکەوەکەریشە، وە مردارەوەبووشی

حەڵاڵەو گیانلەبەری ئاوی کاتێ دەمرێ هەتا نەگەنێ خواردنی دروستە. (د/ ت/ ن/ - س/ ص – تاج/ ١ ل – ١٠٢).

بزانە:

هە گیانلەبەرێ کە هەر لە ئاوا بژی وەکوو ماسی وایە، گۆشتی حەڵاڵەو سەربڕینی ناوێ، مەگەر گەورەبێو بەزەحمەت گیانی دەرچێ، ئەوە سوننەتە بۆ رزگارکردنی لە ئێشو ئازاری پەلەقاژەی مەرگ سەربڕرێ، خوای ئەو گیانلەبەرە ئاوییە لەسەر شێوەی ماسی بێ یانا، ماسیش بە هەموو جۆرەکانیەوە حەڵاڵە، لەبەر هۆی ئاشکرا بمرێ وەك پیاکێشانو لێدانی راوکەر، یا لەبەر هۆی ئاسایی بمرێ، یا لەبەر هەر هۆیێ بمرێ حەڵاڵەو گۆشتی دەخورێ. بەپێی ئایەتی: {أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ – سورة المائدة – ٩٦/٥} (واتە: ئەی موسوڵمانەکان حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە نەچیری دەریا). وە بەپێی فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەیش کە لە کۆتایی بەشی سێیەمی گیانلەبەرەکانا رابورد. شافیعی {رەحمەت و رەزای خوای گەورەی لێبێ} بە دەق دەفەرموێ: مشکی ئاوی و بەرازی ئاوی دەخورێن، لەبەر ئەوەیش بە گشت گیاندارێکی ئاوی دەگوترێ ماسیو ناوی ماسی بۆ بەکار دەهێنرێ. ئەومندە هەیە تیمساحی لێ چەرت دەکرێ، چونکە بە کەڵبە نەچیرتێك دەشکێنێ، بۆقو قرژانگو کیسەڵیش لەسەر رای فەرمایشتی سەنگین (راجح) حەرامن چونکە پیسن.

٣٦٧) باسی قوربانی:

بڕوانە: تەجریدی بوخاری بەرگی/٥ ل – ١٣٥ ز: ٧٦ + ل – ١٠٠ ز: ٧٤ نامەی حەوتم.

قوربانی لە شەرعا بڕێتییە لە سەربڕینی ئاژەڵ لە ڕۆژی جەژنو سێ ڕۆژەی پاش جەژندا کە ئاودارن بە (أیام التشریق) بە نیازی نزیکبوونەوە لە ڕەزای خودای مەزن، بە عەرەبی پێی دەگوترێ (أضحیە) و (ضحیە). لەپێش یەکگرتندا سەربەڵگە لە بارەیەوە ئەم فەرمایشتەی زاتی مەزنە: {فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ – سورة الكوثر- ٢/١٠٨} واتە: ئنجا نوێژ بکە بۆ پەروەردگارت وە قوربانی بۆ سەر بڕە) وە ئەم فەرمایشتەی تریەتی: {وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ – سورة الحج – ٣٦/٢٢} واتە: ئێمە سەربڕینیو شتری پێنج ساڵ تەواکردووی پێ لەشەش ساڵ ناومان گێڕاوە بە دروشمو نیشانەی ئیسلامەتی بۆ ئێوەو کردوومانە بەو پەرستشانە کە خودای گەورە دایمەزراندوونو کردوونی بە ئادابی حەج).

قوربانی لە مەذهەبی ئێمەدا سوننەتەو سوننەتێکی دامەزراوی گەلێ گەورەیە، دروشمێکی ئاوداری لەبەر چاوە لە دروشمە گەورەکانی ئیسلام، پێویستە کە پارێزگاریی بکرێو بڕەوی پێ بدرێ، چونکە مایەی پاداشی زۆر باشە ئەوەبوو یارانی پێغەمبەر {ڕووەو خوا گەورە لەسەر پێغەمبەرو ڕەزا خوا لە یاران} عەرزی خۆشەویستیانکرد: قوربان! قوربانی چییە؟ فەرمووی: {ڕووەو خوا لەسەربێ}: سوننەتو نەریتی ئیبراهیمی بابە گەورەتانە: گوتیان: بۆ ئێمە چی تیادایە؟ فەرمووی: لە باتی گشت

تەڵەموویێ کەوا بەو ئاژەڵانەوە کە دەیانکەن بە قوربانی یەک چاکەی تەواوتان بۆ هەیە. پێشەوا مالیک {رەزای خوای لێبێ} فەرموویەتی: قوربانی واجبە، واتە: فەرزو پێویستە. ئەبو حەنیفەیش {رەزای خوای لێبێ} هەروا دەفەرموێ: بەڵام دەفەرموێ: لەسەر دەوڵەمەندی نێشتەجێی ناو شار پێویستە.

دەوڵەمەند ئەو کەسەیە کە خاوەنی ئەندازەیێ سامان بێ گەیشتبێتە رادەی زەکات (لە فیقە عەلەلمەزاهیبیل ئەربعەدا دەفەرموێ: (ولكن الحنفية قالوا: انها سنة عين مؤكدة لا يعذب تاركها بالنار ولكن يحرم من شفاعة النبي {صلى الله عليه وسلم} ويعبرون عن ذلك بالواجب)، واتە: حەنەفییەکان دەفەرمون: قوربانی خود سوننەتە (واتە: سوونەتی عەینە، سوننەتە بۆ هەموو کەسێ بە خودی خۆی بیکا، بە کردنی کەسێکی تر لە کۆڵ ئەو ناکەوێ) سوننەتێکی دامەزراوە، ئەگەر کەسێ نەیکا بە نەکردنەکەی گوناهبار نابێ، کەواتە بە ئاگری دۆزەخ ئازار نادرێ، بەڵام لە بەهرەیەکی زۆر گەورە ناهومێد دەبێ کە تکاکاریی پێغەمبەری سەروەرە {درووەد سڵاوی خوەدای لەسەربێ} حەنەفییەکان بەم جۆرە سوننەتە دەڵێن: واجب واتە: پێویستی بە مەعنا دامەزراو – وەرگێڕ).

بەڵام لافی پێویستبوونی قوربانی بە بەلگەی فەرموودەی پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} رەد دەکرێتەوە: لە تیرمیذیدا دەفەرموێ: خۆشەویست {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی: فەرمان کراوە بەمن کە قوربانی بکەم، قوربانی بۆ ئێوە سوننەتە. فەرموودەیێ تریش هەیە لە مەیش

دەقترو روونترە، دارەقوطنی گێڕاویەتەوە دەفەرموێ: {دروودی خوای لەسەربێ}: قوربانیکردن لەسەر من فەرزە، بەڵام لەسەر ئێوە فەرز نیە. لە صەحیحی موسلیمدا، لە فەرموودەیەکا کە ئوممو سەلەمە {رەزای خوای لێبێ} دەیگێڕێتەوە: خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: ئەگەر کەسێ دەیەوێ قوربانی بکا، کە مانگی نوێی قوربان هەڵهات ئیتر با نەموو لەخۆی بکاتەوەو نە ناخونی خۆی بکا، تا قوربانببەکەی دەکات. ئەم فەرموودەیە لەسەر ئەم شێوەیە دەبێ بە بەڵگە بۆ سوننەت بوونی قوربانی: ئەوەتا سەروەر {دروودی خوای لەسەربێ} کردنی قوبانی بەستووە بە خواستو ئارەزووی قوربانیکەرەوە، دەی شتی فەرزو پێویست نابەسترێ بە خواستو ئارەزووی ئەرکدار (موکەللەف)ەوە. ئەو فەرموودەیەی کە قسە لە پێویستبوونی قوربانی دەکا، لە رشتەکەیدا نەناس (مەجهوول)ێ هەیە، گریمان فەرموودەکە ساغیش بێ دەبڕرێ بەسەر سوونەتی دامەزراودا، بەپێی ئەو یاسا دامەزراوەی کە دەڵێ: هەرکاتێ چەند بەڵگەیێ بە رواڵەت یەکیان نەدەگرت، واباشە بەپێی توانا کار بە هەموویان بکرێ، کە بەمە لە زاراوەدا دەگوترێ: جەمع بەینەلئەدیللە (بڕوانە فیقهی ئاسان – الفقه المیسر – بەرگی یەکەم لاپەڕە (٥٤) وەرگێڕ).

بزانە:

لەلای ئێمەی شافیعی مەزهەب قوربانی سوننەتی کیفایەیە، کەواتە: ئەگەر کەسێکی خاوەن خێزان خۆی یا یەکێ لە خێزانەکەی قوربانیی کرد، ئیتر داوای قوربانی لە وانی تر ناکرێ، لەگەڵ

ڕەچاوکردنی ئەوەدا: ئەگەر کەس لەو خێزانە بەو سوننەتە هەڵنەسا، ئەوە ناپەسەندی (کەراهەت) ی بۆ هەموویان هەیە.

بزانن:

کەسێ ڕووی لێ دەنرێ کە ئەم سوننەتە بکا کە موسوڵمانو ڕەسیدەو خاوەن هۆش‌و فامیدەو خاوەن ڕوشدو ئازادو ماڵداربێ، ماڵدار یاخود توانا ئەوەیە کە ئەو ئاژەڵی قوربانییە زیادبێ لە خەرجی ژێواری خۆی‌و ئەوانەی کە ژێواریان لە سەریەتی بۆ شەوو ڕۆژی جەژن‌و سێ ڕۆژەکەی پاش جەژن.

٣٦٨) چی بۆ قوربانی دەست دەدا:

لە قوربانیدا چەند شتێ مەرجە:

یەکەم: سەربڕین، چۆنێتی سەربڕینی ڕەوا لە پێشەوە ڕابورد لە ز/٣٦٠.

دووەم: سەربڕ، باسی سەربڕ لە پێشەوە ڕابورد لە زنجیرە/ ٣٦٠دا.

سێیەم: کاتی قوربانی کەیە؟ ئێستا لەم باسەدا باسی ئەوە بەرووندێ.

چوارەم: ئەو ئاژەڵانەی بۆ قوربانی دەست دەدەن ئەمانەن: وشترو ڕەشەوڵاخ‌و مەڕو بزنن بە هەموو جۆرەکانیانەوە، گامێشیش لە زاراوەی شەرعا بە ڕەشەوڵاخ دادەنرێ، خودای گەورە دەفەرموێ: {لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن

بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ – سورة الحج – ٢٨/٢٢} واتە: با موسوڵمانان بێن بۆ لای تۆو بۆ سەردانی خانەی خودا، هەتا بە چاوی خۆیان ئەو هەموو سوودو بەهرانە ببینن کەوان لەم کۆڕو کۆبوونەوانەدا، کە لەم چەند رۆژە دیاریکراوانەدا دەبەسترێن، بۆ ئەوەیش لەم رۆژە پیرۆزانەدا خۆشیان بەهرەمەندببن لە بەهرەی جیهانیو ئایینی) وەك جێبەجێکردنی حەجو عەمرە، وەك ئەنجامدانی کاری بازرگانی، وەك دیتنی شوێنی پیرۆزو شوێنی مێژوویی وڵات، وە با ناوی خودا ببەن لەو چەند رۆژە دیاریکراوانەدا، بە تایبەت لەکاتی سەربڕینی ئەو ئاژەڵانەدا کە خودای گەورە کردوونی بە رۆژیی حەڵاڵ بۆ ئێوە. ئەوەتا بەپێی ئەم ئایەتە ئاژەڵ دیاری کراوە بۆ قوربانی، ئاژەڵیش بڕێتییە لە وشترو رەشە وڵاخو مەڕو بزن، کەواتە گیانداری تر جگە لەم چوارە دەست نادا بۆ قوربانی، یەکگتن لەسەر ئەمە دامەزراوە، کرداری پێغەمبەریش بەڵگەیە لەسەر دروستیی ئەم بڕیارە، چونکە پێغەمبەر {دروودو خوای لەسەربێ} هەر لەم چوار جۆرە شتە قوربانی کردووە، نەبیستراوە لە شتی تر قوربانی کردبێ.

٣٦٩) مەرجەکانی دامەزراندنی قوربانی ئەمانەن:

١) لە مەڕ شەك یا لە شەك بە تەمەنتر دەست دەدا بۆ قوربانی، شەك ئەوەیە کە سااێکی تەواو کردبێو پێی نابێتە ساڵی دووەم، قیل (گوتراو)ێ دەڵێ: یاخود بەر لە تەواو بوونی ساڵێ ددانە پێشینەکانی

کەوتبێ، گوتراوێ تر دەفەرموێ: ئەوەیە بەرگنەکەی ببێ بە خوری، بەرگن لە سەرپشت قیتو قنجە، خوری شۆڕو سەرەو خوارە. گوتراوێ تریش دەفەرموێ: ئەوەیە شەش مانگی تەواو کردبێ، بەڵام فەرموودەی یەکەم دروستترینی ئەم فەرموودانەیە.

٢) لە بزن چتێرێ کە دوو ساڵی تەواو کردبێو کەوتبێتە ساڵی سێیەمەوە، لەسەر فەرموودەی دروستترین دەست دەدا بۆ قوربانی، بۆیەیش لە شەك بە ساڵ جیایە چونکە گۆشتی چتیر لە گۆشتی شەك کەمترە، لەبەر ئەوە بەهۆی زیادەی ساڵەوە هەوڵی ئەوە دەدرێ ئەو کەمییە پڕبکرێتەوە، گوتراوێ دەفەرموێ: بزنێ ساڵێکی تەواو کردبێو پێی لە ساڵی دووەم نابێ بۆ قوربانی دەست دەدا. چتیر لە عەرەبیدا ناوی (ثنیٌ)یە، بۆیە وای پێدەگوترێ چونکە لەو تەمەنەدا ددانە دوینەکانی دەردەچێ، کە بەعەرەبی ناویان (ثنیَّه)یە[1]

---

[1] ددان لە مرۆڤ دا ئەم چەند جۆرەی هەیە، کە لە پێشەوە لە ناوەڕاستی ریزی سەرەوەو ریزی خوارەوە لەسەر ئەم ریزە دەست پێ دەکەن:

١- ثەنایا (ددانە دوینەکان).

٢- رەباعیات (ددانە چوارینەکان).

٣- ئەنیاب (کەلّبە).

٤- ضەواحیك (پێشەخرێ).

٥- ئەرحاء (خرێ). ئەم پێنج جۆرە هەر جۆرەی چوار ددانن، دوویان لە ریزی سەرەوەنو دوویان لە ریزی خوارەوەن، بە رابەری یەکترین، کۆی هەموویان دەکاتە بیست ددان، گشت ددانەکانی تریش پێیان دەگوترێ: ئەضراس، واتە: کاکیلە. گەلێ بابەتو بڕیارو زانیاری پەیوەندییان هەیە بەناوو بە جۆری ئەم ددانانەوە، لەبەر ئەوە بە باشم زانی کە

٣) وشتری قربانی دەبێ پێنج ساڵی تەواو کردبێو پێی نابێتە شەشەوە بە عەرەبی وشتر لەم تەمەنەدا بە نێری دەگوترێ (ثنیّ) بە مێچکەی دەگوترێ (ثنیَّة) گوتراویشە: دەبێ شەشی تەواوکردبێو پیی نابێتە حەوتەوە بەڵام فەرموودەی یەکەم دروستترە.

٤) رەشەوڵاخیش دەبێ دوو ساڵی تەواو کردبێو پێی نابێتە سێوە، گوتراویشە: پێی نابێتە چوارەوە.

(ئەم جۆرە ئاژەڵانە دەست ئەدەن بۆ قوربانی)

خەسێنراو بۆ قوربانی دەست دەدا، چونکە ئاژەڵ بە خەسان قەڵەو دەبێو گۆشتەکەی خۆشتر دەبێ، هەروا کۆڵو شاخ شکاویش دەست دەدا، گەرچی بەهۆی شاخ شکاویشەوە خوێنی لێ بێ، چونکە کار لە گۆشتەکەی ناکا، کەواتە: وەك چۆن بڕینەوەی خوریو مووی ئاژەڵ زیانی نیە شاخ شکاویش ئاوا زیانی نیە بۆ قوربانی.

بڕانە:

جیایی نیە لە ئاژەڵی قوربانیدا نێربێ یا مێ بێ، بە مەرجێ ساڵی رەچاوکراو هاتبێتە دی. بەڵێ لەسەر رای دامەزراو نێر بۆ قوربانی

ئەم روونکردنەوەیە بنووسم. تکایە بڕوانە: عمدة القاری شرح صحیح البخاری ج/ ٢١ ص ٢٥٤ لەم شوێنەدا هەڵەی چاپ زۆرە، لە وەرگەڕاوەکەدا هەڵەکانم بەپێی کفایة الاخیارەکە راست کردەوە. لە هەندێ شوێنی دیکەی دووان پەڕیوە.

٦- بڕوانە: مختصر صحیح البخاری/ کوردی بەرگی/ ٤ ل - ٢٨٣.

- وەرگێڕ -

باشتره، چونکه گۆشتهکهی خۆشتره (کورد گوتهنی: بهرخی نێر بۆ سهربڕین – وهرگێڕ).

وشترێ بۆ حهوت کهس دهست دهدا، ههروا رهشهوڵاخیش، بهپێی ئهو فهرموودهیهی که جابیر دهیگێڕێتهوه دهفهرموێ: سائی رێکهوتنی حودهیبیه که له خزمهتی حهزرهتدا بووین ئیحرامی عهمرهمان بهستبوو، بهڵام بتپهرستهکان رێگهیان نهداین که عهمرهکهمان تهواو بکهین، ئیتر ئیحرامهکهمان شکاندو بهم شێوهیه فیدیهماندا: به حهوت کهس وشترێ یا گایهکمان سهردهبڕی (موسلیم) ئهبو ئیسحاق دهفهرموێ: وشتر بۆ دە کهس به کاردێ. ئیبنو عهببباس {رەزای خوای لێبێ} دهفهرموێ: له سهفهرێکا، له خزمهت حهزرهتدا بووین، بوو به جهژنی قوربان، جا حهوت کهس حهوت کهس له یهك سهر رهشهوڵاخا دهبووین به هاوبهشو دهمانکرد به قوربانی، وه دە کهس دهکهسیش له یهك سهر وشتردا دهبووین به هاوبهشو دهیمانکرد به قوربانی (تیرمیذی گێڕاویهتهوهو دهفهرموێ: فهرموودهیهکی جوانی نابلاو (غهریب)ه، ئیبنو لقهططانیش دهفهرموێ: فهرموودهیهکی دروستە. له بوخاری شهریفدا شتێ وا ههیه که شایهتی ئهم فهرمایشتهی ئهبو ئیسحاق بێ (بهزهینم ئهو شته ئهمهیه: له بوخاریدا عائیشه {رەزای خوای لێبێ} دهفهرموێ: پێغهمبهر {درووەد خوای لەسەربێ} گایهکی کرد به قوربانی بۆ ژنهکانی، عهللامهی عهینی {رەزای خوای لێبێ} دهفهرموێ: یهکێ لهو بڕیارانهی لهم فهرموودهیه وهردهگیرێ ئهمهیه: پێغهمبهر یهك رهشهوڵاخی کردووه به قوربانی بۆ ههمو ژنهکانی. دیاره که ئهم حهجه

حەجی مالئاوایيە ئەو کاتەیش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نۆ ژنی بووە، دەی لە شوێنێ گا بۆ حەوت کەس زیاتر دەستبدا، وشتر باشتر بۆ زیاتر لە حەوت کەس دەست دەدا، بڕوانە: عومدەتولقاری ب – ٣ ل – ٢٥٧ + تاج – ٢ ز – ١٠٩ ل – ٢١٥ ف – ٢ – وەرگێڕ).

مەڕو بزن بۆ یەك کەس دەست دەدەن، بەڵام ئەگەر خێزانێ، یا چەند خێزانێ، ژێواریان لەسەر یەك کەس بوو، خاوەن خێزانەکان خۆی یا یەکێ لەو خێزانانە، مەڕێ یا بزنێکی کرد بە قوربانی لە جیاتی هەموویان ئەوە دروستەو بڕێتیی گشتیان دەکەوێ.

٣٧٠) چی بۆ قوربانی دەست نادا:

مەرجی ئاژەڵی قوربانی ئەوەیە نەنگی وای پێوە نەبێ کە گۆشتی کەم بکاتەوە، وەك ئەم چوار جۆرە نەنگە کە ئاژەڵی پێ عەیبدار دەبێو بە کەڵکی قوربانی نامێنێ: ئاژەڵی کوێری دیاریو، ئاژەڵی شەلی تەواو لەنگو ئاژەڵی تەواو نەخۆش کە نەخۆشییەکەی پێوە دیاربێو، ئاژەڵی لەڕڵو لاوازی بێ مۆخ، ئەمانە بە کاری قوربانی نایەن، بەپێی ئەم سەر بەلگەیە لەم فەرموودەیەدا (دروودی خوای لەسەربێ): ئەم چوارە بە کاری قوربانی نایەن: ئاژەڵی کوێر کە کوێرییەکەی پێوە دیاربێو ئاژەڵی نەخۆش کە نەخۆشییەکەی پێوە دیابێو ئاژەڵی شەلی تەواو لەنگو ئاژەڵی لە ڕڵو لاوازی بێ مۆخ (تیرمیذی - ڕەزای خودای لێبێ – دەفەرموێ: فەرموودەیەکی جوانی دروستە). زاناکان دەفەرموون: هۆی دەست نەدانی کوێر بۆ قوربانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەهۆی

کوێرییەکەیەوە، لەلای چاوە کوێرەکەوە لە وەرانی کەم دەکاو دەبێ بەهۆی لەری، یا لەبەر ئەوە بەشێ لە گۆشتە پاکە خۆشەکەی نەماوە، کە گلێنەی چاویەتی. هی شەلیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئاژەڵی ساخ پێشی دەکەوێو زوربەی کات بەهۆی ئەوەوە لەوەڕی باشی بەرناکەوێو ئەوەیش دەبێ بە مایەی لەڕبوونی. هی ئاژەڵی تەواو نەخۆشیش ئەوەیە چونکە نەخۆشی گۆشت بێ کەڵك دەکا، هی ئاژەڵی لەڕك و لاوازی بێ مۆخیش ئەوەیە لە رێی زۆر گۆشت لەکار دەخا. ئەم جۆرە ئاژەڵانەیش بە کەڵکی قوربانی نایەن: گەڕۆڵو شێتو گوێ قرتاوو دووگ بڕاو، یا هەر ئاژەڵی پارچەیێ لە لەشی یا لە ئەندامێکی بڕابێ، گەڕیی کەمو زۆری چون یەك لەسەر فەرموودەی دورستتر، دەبێ بەهۆی دەست نەدان، چونکە کەمیو زۆری گەڕیی گۆشت بێ کەڵك دەکەن، پێشەوا شافیعی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: گەڕۆڵی لەو چەشنە دەردانەیە کە گۆشتو بەزتێك دەدەن. شێتیش وا لە ئاژەڵ دەکا کە نە لەوەڕێو لەڕببێو گۆشتەکەی خراپ ببێ، جۆرێکی هەیە بە عەرەبی پێی دەگوترێ: ئەولاء، بە کوردی پێی دەگوترێ: حۆل: گێژووێژ، هەمیشە دەکەوێتە دوا رانەوەو زۆر جاریش تووشی سەرەخولێ دەبێو بە دەوری خۆیدا وەك باوە خولێ بکا دەخولێتەوە. هۆی دەستنەدانی گوێ بڕاوو دووگ بڕاویش ئەوەیە کە بەشێ لە گۆشتە پاکە حەڵاڵەکەی کە دەست دەدا بۆ خواردن نەماوە.

٣٧١) کاتی سەربڕینی قوربانی:

کاتی سەربڕینی قوربانی دەست پێ دەکا بە تێپەڕ بوونی ماوەی دوو رکات نوێژو دوو وتار لە پاش هەتاو کەوتنی رۆژی جەژنی قوربان، وە دەمێنێتەوە هەتا رۆژ ئاوابوونی رۆژی سێیەمی پاش رۆژی جەژن، کە تێکڕا دەکاتە چوار رۆژ: رۆژی جەژنو سێ رۆژەی پاش جەژن. بەڵگەی دیاریکردنی ئەم کاتە بۆ قوربانی ئەم فرمایشتەیەتی {درووەد خوا لەسەربێ} لەم رۆژەمانا یەکەم شت کە دەستی پێ بکەین ئەوەیە کە نوێژی جەژن دەکەین، ئینجا دەگەڕێینەوەو قوربانی سەر دەبڕین، جا ئەوەی ئاوا بکا ئەوە یاساو رێبازو سوننەتی ئێمەی پێکاوە، وەڵێ ئەوەی لەپێش نوێژی جەژندا قوربانی سەر ببڕی ئەوە دانانرێ بە قوربانی (ش/ د/ ت/ تاج/ ٤ ز – ١٣ ل – ٣٩ فەرموودە: - ٧) بە یەکدەنگ (اتفاق)ی زاناکان کردنی نوێژی جەژن مەرجی داهاتنی کاتی قوربانی نیە، بەڵکوو تێپەڕ بوونی ماوەی دوورکات نوێژو دوو وتار مەرجەو بەس، کاتی قوربانیکردن بەسەر دەچێ بە تێپەڕ بوونی سێ رۆژەی پاش جەژن چونکە دەفەرموێ {درووەد خوا لەسەربێ}: رۆژەکانی مینا – کە رۆژی جەژنو سێ رۆژەکانی پاش جەژنن – هەموویان رۆژی قوربانیکردنن (بڕوانە: تاج/ ٢ ز- ١٠١ ل ٢٠٠ ف- ٢ - وەرگێڕ).

قوربانیکردن لە شەوا ناباشە، واتە: دروستە بەڵام ناپەسەندە، چونکە مەترسی ئەوەی هەیە کە گۆشتەکەی بە تەرو تازەیی دابەش نەکرێ.

٣٧٢) چی له کاتی سەربڕیندا پەسەندە:

ئەم چەند کارە لەکاتی سەربڕینی قوربانیدا سوننەتە:

١) ناوی خواهێنان چونکە زاتی پاك دەفەرموێ: {فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ – سورة الأنعام – ١١٨/٦} واتە: دەی لە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانە بخۆن کە ناوی خوایان لەسەر دەبرێ، لەکاتی سەربڕینیاندا. لە صەحیحەینا هەیە: کاتێ پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} قوربانییەکەی خۆی سەربڕی فەرمووی: (بسم الله: بە پیرۆزی ناوی خودا).

بەڵام ئەگەر لەکاتی سەربڕیندا قوربانیکەر ناوی خودایش نەبا هەر دروستە، چونکە خاوەن نامەکان زۆرتر کە گیانلەبەر سەر دەبڕن ناوی خودا یاد ناکەن، لەگەڵ ئەوەیشا خودا سەربڕاوەکانیانی بە حەڵاڵ داناوە. دیسان لە صەحیحەیندا دەفەرموێ: عائیشە {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! رێ دەکەوێ هەندێ کەسی نۆ موسوڵمان کە هێشتا بە جوانی فێری یاساکانی ئیسلامەتی نەبوون، رێ دەکەوێ ئەو جۆرە موسوڵمانانە گۆشتمان بۆ دەهێنن، نازانین کە ناوی خوایان لێ هێناوە یانا، جا ئایا لێی بخۆین یانا؟ فەرمووی: خۆتان ناوی خودا بهێنن‌و بیخۆن (د/ ب/ ن – تاج/ ٤ ل – ٢٨ ز – ٩) دەی ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بیسمیللاکردن سوننەتە نەك پێویست، چونکە ئەگەر لەکاتی سەربڕیندا ناوی خواهێنان پێویست بوایە پێغەمبەر {درووده خوای لەسەربێ} رێگەی خواردنی ئەو گۆشتەی نەدەدان.

٢) سەلاواتدان لە دیداری خۆشەویست {درووەد خوداى گەورەد لەسەربێ} شافیعی {رەزاى خواى گەورەد لێبێ} لەم بارەیەوە هۆشیاری راگەیاندووە کە دروود لە دیاری پێغەمبەر {درووەد خواى لەسەربێ} لەم کاتەدا سوننەتە بە قیاس لەسەر شوێنەکانی تر، لەبەر ئەوەیش کە خودای گەورە ناوو شۆرەتو پایەو شانی بەرزەوە کردووە، لەم بارەیەوە دەفەرموێ: {وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ - سورة الشرح - ٤/٩٤} (واتە: وە ناوو شۆرەتو پایەو شانی تۆمان بەرز کردۆتەوە، لە شایەتماندا، لە بانگدا، لە قامەتدا، لە تەحیاتا، لە وتاری خوازبێنیدا، لە زۆر بۆنەکانی تردا، ناوت کەوتە پاڵ ناوی خودا). لە راستیدا لە سایەی خواداوە لەهەرکوێ بە جوانی ناوی خودا دەبرێ ناوی جوانی پێغەمبەریش دەبرێ کەواتە لەم شوێنەیشا هەروا.

٣) رووکردنە رووگەو رووی سەربڕاوەکە بەرەو رووگە بێ لەکاتی سەربڕینیدا، چونکە ئەوێ باشترین لایە کە رووی تێ بکرێ، لەبەر ئەوەیش کە پێغەمبەریش {درووەد خواى لەسەربێ} هەر سەربڕاوێ بە دەستی خۆی سەری دەبڕی رووی دەکردە رووگە.

٤) ئەلّاهو ئەکبەرکردن. چونکە ئەنەس {رەزاى خواى لێبێ} فەرمووی: خۆشەویست {درووەد خواى لەسەربێ} دوو بەرانی تەوی شاخداری کرد بە قوربانی بە دەستی خۆی سەری بڕین، وە ناوی خودای هێناو ئەلّاهو ئەکبەری کردو فەرمووی: بسم الله والله اكبر، وە قاچی دانا لەسەر لاملیان، وە لەسەر لای چەپ بەرەو قیبلە پاڵی خستنو بە دەستی چەپی سەری گرتنو بە دەستی راستی چەقۆکەی گرت، ئنجا سەری بڕین (ش/ د/ ت/ ن - تاج - ٤ ل - ٤٠ ف - ١ ز - ١٤).

٥) نزای گیرابوون، جابیر (رەزای خوای لێبێ) فەرمووی: رۆژی جەژنی قوربان، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دوو بەرانی شاخداری تەوی خەساوی سەربڕی‌و کردنی بە قوربانی، لەو کاتەدا کە رووی دەکردنە قیبلە دەیفەرموو: (انی وجهت وجهی للذی فطر السموات والارض – علی ملة ابراهیم – حنیفا وما انا من المشرکین. ان صلاتی ونسکی ومحیای ومماتی لله رب العالمین. لا شریك له وبذلك ارموت وأنا من المسلمین. اللهم منك ولك عن محمد وأمته باسم الله والله أکبر). واتە: وا من بە دڵێکی پاکەوە رووی خۆم دەکەمە ئەو کەسە کە ئەم ئاسمانانەو ئەم زەوییەی لە نەبوون دروست کردووە، من لەسەر ئایینە بێ گەردەکەی ئیبراهیمم‌و لە هەموو ئایینێکی پووچ‌و لە گشت بیرو باوەڕێکی بەتاڵ لام داوە، وە من بە هیچ جۆرێ لەو کەسانە نیم کە فرەخوان‌و هاوڕێ بۆ خودا بڕیار دەدەن، بێگومان نوێژو خواپەرستیم‌و ئاواو یاسای حەجکردنم‌و ژیانم‌و مردنم هەر بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیانەو بە دەستی ئەوەو پاداشم لای خۆیەتی، هیچ هاوبەشێکی نیەو من بەمە فەرمانم پێکراوە کەوا بە دڵێکی ساف‌و بێگەردەوە بڵێم من یەکێکم لە موسوڵمانان، پەروەردگارم! ئەمە هی خۆتەو بۆ خۆتەو لە تۆوە خەڵات کراوە بە من، وا منیش پێشکەشی دەکەمەوە بە خۆت!

دەیکەم بە قوربانی لە باتی موحەممەدو لە باتی گەلەکەی، بە ناوی خودا، خودا لە هەموو کەس گەورە تر. ئنجا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) سەری بڕی. (د - بە رشتەیەکی باشکە لە: سند صالح – تاج/ ٤ ز

– ١٥ ل – ٤٢ ف – ١) ئەمەش نزایەکی کورتە لەم بارەیەوە (اللهم هذا منك واليك فتقبل منى: خودا گیان! ئەمە خەلاتی تۆیە، تۆ ئەمەت خەلات کردووە بەمن، وا منیش پێشکەشی دەکەمەوە بە خۆت، ئەی خودایە! قەبوولی بکە لێم) بەلگەی ئەمەیش ئەوەیە کە پێغەمبەر (درووده خوای لەسەربێ) لەکاتی قوربانی کردندا فەرموویەتی: (باسم الله اللهم تقبل من محمد وآل محمد ومن أمة محمد: بەناوی خودا، خوایە گیان! ئەم قوربانییە قەبوولّ کە لە موحەممەد خۆیو لە کەسوکاریو لە نەتەوەی) (م/ د/ ت/ ن – تاج/ ٤ ل – ٤١) نەتەوە: واتە: ئوممەت.

٦) سوننەتە خۆی ئاژەلّەکە سەر بڕێ، ئەگەر بزانێو بتوانێ، لەمەدا حەزرەت دەکا بە سەرمەشق بۆ خۆی بەلاّم ئەگەر خۆی نەیدەزانی با ئاژەلّەکە بداتە دەست جێکار (وەکیل)و خۆی ئامادەبێ لەسەری، لەکاتی سەربڕینیدا چونکە فەرمووی (درووده خوای لەسەربێ): ئەی فاطیمە! هەستە لەسەر قوربانییەکەت حازربە بە یەکەم دڵۆپی خوێنەکەی خودا لە هەموو گوناهێ کە لەوەوپێش کردووتە لێت خۆش دەبێن وە بڵێ: (ان صلاتی ونسکی ومحیای ومماتی لله رب العالمین لا شریك له وبذلك امرت وانا اول المسلمین).

٣٧٣) چی لە قوربانی دەکرێ؟

قوربانی دوو جۆری هەیە: قوربانی سوننەتو قوربانی پێویست، یا نەزرکراو، جا قوربانی پێویست هەر کە ناوی قوربانی لێهێناو نەزری کرد ئیتر لە ملکی قوربانیکەر دەردەچێ، تەنانەت ئەگەر بیفەوتێنێ

دەبێ بیبژێرێ، کاتێکیش سەری بڕی دەبێ گشت گۆشتەکەی بکا بە خێرو بیبەخشێتەوە بەسەر هەژارانا، نابێ نەخۆی نە کەسێ ژێواری لەسەری بێ لێی بخۆن، نابێ بەشی دەوڵەمەندیشی لێ بدات، بە قیاس لەسەر تۆڵەی نەچیرو خوێنە پێویستەکان، کە کەمو کوڕی حەج و عەمرە پڕ دەکەنەوە (دماء الجبرانات) (بڕوانە: فیقهی ئاسان ب ١ ل ٣٧٤ هەتا ل ٣٨٧ وەرگێڕ) مەبەست لە هەژار کەسێکە زەکاتی پێ بشێ.

تەنانەت ئەگەر نەزرکەرەکە لێی خوارد، یا هەندێکی لێ هێشتەوە هەتا فەوتا دەبێ بیبژێرێ، چونکە لە دەستەبەریی ئەودایە، لەبەر ئەوە دەبێ، بە هاکەی ببژێرێ، گوتراویشە: دەبێ وێنەی ئەو گۆشتە کە خواردوویەتی یا فەوتاوە پەیدا بکاو بیبەخشێ بە هەژاران، بەهەرحاڵ لە سەری نیە کە لە باتی ئەو فەوتاوە ئاژەڵێکی تر بکا بە قوربانی، چونکە قوربانییەکەی کردووە. ئەمەیش چۆنێتیی بەکارهێنان (تەصەرووف)ی قوربانی سوننەتە:

هەر قوربانییەك کە سوننەت بێ، سوننەتە کە خاوەنەکەی لێی بخوا، بەڵکوو گوتراویشە: پێویستە کە لێی بخوا، چونکە لەسەر قسەی ئەم گوتیاری فەرمان لەم ئایەتەدا بۆ پێویستبوونە کە دەفەرموێ: {فَكُلُواْ مِنْهَا} بەڵام رای دروست ئەوەیە: کە خواردن لێی سوننەتە، بەپێی ئایەتی {وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ - سورة الحج - ٣٦/٢٢} ئەوەتا بەپێی ئەم ئایەتە قوربانی دانراوە بە بەهرە بۆ مرۆڤ نەوەك بە ئەرکی سەرشانی!

به پێوەر (قیاس)ی حەوتمیش بێ خواردن لە گۆشتی قوربانی سوننەتە نەك پێویست. نەیسە باشتر ئەوەیە کە گشتی بکا بەخێر، چەند پاروویەکی نەبێ بۆ پیرۆزی بیخوا. بەڵام ئەگەر نەیویست هەمووی بکا بەخێر چی بکا باشە؟ گوتراوێ دەفەرموێ: نیوەی بخواو نیوەی بکا بە خێر، چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ - سورة الحج - ٢٨/٢٢} (واتە: جا خۆیشتان لێی بخۆن و دەرخواردی گیرۆدەی نەدارایشی لێ بدەن). ئەوەتا ئایەتەکە کردوویەتی بە دوو نیوە، بەڵام لەکاتی وادا دروستترین ئەوەیە: بیکا بەسێ بەشی یەکسانەوە، سێیەکی بخوا، سێیەکی بکا بە دیاری، سێیەکی بکا بە خێر، چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ - سورة الحج - ٣٦/٢٢} واتە: جا خۆیشتان لێی بخۆن و بەشی هەژاری خاوەن قنیات و بەشی سوالکەریشی لێ بدن).

ئەوەتا ئەم ئایەتە گۆشتی قوربانی دەکا بە سێ بەشەوە، بەشێ بۆ خۆیان، بەشێ بۆ هەژاری قنیاتکەر، کە هەر چەندەی پێ بدەی پێی رازی دەبێ، بەشی بۆ دەردووزەکەرو ئەو گەدایانە کە بەر دەرگا بە مەردووم دەگرن و وڕکی پشکی قەوی دەگرن[1].

---

[1] هەژاری خەلاتی خوایە، بەهرەیەکی گەورەیە بۆ کەسێ نرخی بزانێ، بەڵام مەبەست لە هەژاری تەمبەڵی و تەوەزەڵی و دەستسپێتی و بێ کارەیی نیە. کاسبکار خۆشەویستی خودایە. مەبەست لە هەژاری کەم دەستی و بێ وەیی و رازیبوون و قنیات کردنە بە بەشی خودا، هەژاری بەم واتایە کەلەپووری پێغەمبەران و پیاو چاکان و زانا گەورەکانە، ئەمانە

بەس بە دڵو دەروون دەوڵەمەند بوون، سامان پەرست نەبوون، بوونو نەبوونیان پێوە دیار نەبووە. جارێ بڕکەیێ میوان چووینە ماڵی مەلایێ، شەوو رۆژێ لەوێ ماینەوە، خزمەتێکی شاهانەیان کردین، دوایی زانیمان کە مامۆستا بۆ خزمەتی میوانەکان کتێبی دەورو دەرسەکەی خۆی فرۆشتووە!

ئەم مامۆستا بەڕێزە مامۆستا مەلا رەسووڵی سەرگەڵوویی بوو، رەحمەت لە خۆیو لە کاك موحەممەدی جوانە مەرگی کوڕی بێ، جاوا بە یادی رەحمەت نادرن بۆ گیانی پاکی ئەوو کاوەی کوڕمو حەزروتی وەیسی قەرەنیو ئیمامی نەوەویو ئەهلی صوففەو گشت سۆفیو دەروێشێکی بێوەیی کە نارگری ناو تەکیەو خانەقاکان، بە تایبەتی بە یادی سۆفییە بێوەییەکانی خانەقای بیارەوە کە خۆم بە چاوی خۆم زوهدو تەقواو بەرەکەتیانم لەسەردەمی شێخی عەلائەددینا دیوە {رەزاو رەحمەتی خودای گەورەو مەزن لە هەموویان بێ} وا لێرەدا بەو یادەوە ئەم چامەیەتان پێشکەش دەکەم. بە تایبەتی پێشکەشی دەکەم بە هاوڕێو هاودەمو هاودەردو هاوخەمم، هاوسەری بێوەیو سۆفی مەشرەبم، کە ئومێد دەکەم لە کەرەمی خودا، کە بیکا بە نموونەیێ بۆ ئەو ژنە رووسوورە خوا ناسە دەرویش مەشرەبانە، کە ئەم چامەیە رەنگ دەداتەوە لەناو دڵو دەروونیاندا. رەحمەت لەو کەسەی بەهرە لەم کتێبە وەردەگرێ رەحمەت دەنێرێ بۆ دایکی سەڵاحو کەسوکاری، چونکە بەراستی زۆر خزمەتی ئەم کتێبانەی کردووە خودا پاداشی باشی بداتەوە. ئەی دایکی سەڵاح! ئەی حاجی زەکیەی مەلا کەریم عەلی! {رەحمەتی خودا لە خۆت و کەس و کارو مردوو زیندووت بێ}. بفەرموون لەگەڵ چامەکەدا:

هەژاری ساچاو بە بەشی خودا
پادشا لە چاویا مانەندی گەدا
رەنگە زەردەکەی کە پرشنگ دەدا
زەردە پەڕنییە، خۆر گزنگ دەدا
خۆشە بێوەیی چەتری سەرت بێ
کاڵای هەژاری بەرگی بەرت بێ!

نەخـەمی مـەزراو رانـە مـەڕت بـێ
نە ترسی گورگی دەشتـو دەرت بێ
ئاسمـان لێفـەو زەوی بـەڕت بـێ
نـە لەگـەڵ کەسێ هـەراو شەڕت بێ!
ئـالای دەرویـشی لـە کەمـەرت بـێ
وەیسەکەی خۆمان بـە رەهبـەرت بێ!
ترسی روو زەردی لای سەروەرت بێ
کردەوەی باشی خۆت سوپەرت بێ!
دڵـی رووناکی خـۆت خەفـەرت بـێ
چـرای رۆشـنی دەورو بـەرت بـێ!
تـا لـە ریـسوایی سـواڵ قوتـەرت بـێ
حـاڵو مـاڵێکی سـەرو بـەرت بـێ!
مزگـەوتێ نزیـک بـە رابـەرت بـێ
خـەڵوەگای گیـانی بـە خەبـەرت بـێ!
هـەڤاڵێ هـاوبیر قەلەنـدەرت بـێ
کـاتی پێویـستی هاوسـەنگەرت بـێ!
نـەک لەسـەر سینی بـرادەرت بـێ
کـە پـشتی هـەڵکرد لـە زەرەرت بـێ!
نەفسێ چون دەبان پڕ جەوهەرت بێ
ژنێکی وەک خـۆت بـە هاوسـەرت بـێ!

وەرگێڕ
نووری فارس حەمە خان
سلێمانی ١٩٩٦/٨/١٨

هەیشە دەفەرموێ: قوربانیکەر لە قوربانی سوننەت بۆی هەیە هەم لێی بخوا هەم لێی دەرخواردی خەڵك بدا، هەم قایمەی لێ بکا، بەپێی ئەم فەرموودەیە: سەلەمەی کوڕی ئەکوەع {رەزای خوای لێبێ} فەرمووی: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمووی: ئەو کەسەی لە ئێوە قوربانی دەکا نابێ لە پاش سێ شەو لە گۆشتی ئەو قوربانییە لە ماڵیدا بمێنێ، جا لە ساڵی ئایندەدا عەرزیانکرد: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمساڵیش وەك پاربکەینەوە؟ فەرمووی {درووەد خوای لەسەربێ}: نەء، هەم خۆشتان لێی بخۆن و هەم بەشی خەڵکی تریشی لێ بدەن و هەم قایمە (ادخار)یشی لێبکەن، پار بۆیە وام گوت چونکە پار ساڵەکەی گرانەو نەهاتی بوو... (ش/ د/ ت/ ن/ تاج/ ٤ ل – ٤٥).

راجیایی هەیە لەو کەسانەدا کە لە قوربانی، دیارییان پێ دەدرێ، گوتراوە: ئەو هەژارانەن کە لەبەر دەروون بەرزی خۆیان، هەژاری لێیان بووە بە نەخش و وەك خشڵ دەیانرازێنێتەوە، گوتراویشە: دەوڵەمەندانن. پێشەوا غەزالی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: سێیەکی قوربانی سوننەت بە دیاری دروستە بدرێ بە دەوڵەمەندو بە هەژاری دەروون بەرز!

بڕانە:

دروست نیە گۆشتو پێستو هیچ شتێکی تری قوربانی بفرۆشرێ، هەتا دروست نیە پێستەکەی لە جیاتی کرێ بدرێ بە قەسابەکە یا بە سەربڕەکە، بەڵکوو دەبێ کەوڵەکەیشی ببەخشێ، یا خۆی سوودی لێ وەربگرێ، وەك ئەوە بیکا بە مەشکەو کوندەو سۆڵو کاڵە، بەڵام لەم کاتەدا نابێ بیاندا بەکرێ.

شوێنی دابەشکردنی قوربانی شوێن‌و شاری قوربانیکەرە، لە بارەی گواستنەوەیەوە بۆ شوێنێکی تر دوو بۆچوون هەیە، دروست ئەوەیە کە ئەمیش وەك زەکات گواستنەوەی دروستە، وەك لە باسی زەکاتدا ئەمە رابوورد (بڕوانە: فیقهی ئاسان ب – ١ ل – ٣١٢ – وەرگێڕ).

٣٧٤) باسی حەوتم (عەقیقە):

(بڕوانە: مختصری صحیحی بوخاری – بە کوردی، بەرگی پێنجەم، لاپەڕە/ ١٠٠ هەتا ١١٣).

حەوتم بە عەرەبی ناوی (عەقیقە)یە، کە ئەو مووەیە لەکاتی لە دایکبوونا وا بە سەری ساواوە، لە شەرعا ئەو ئاژەڵەیە کە لە رۆژی حەوتەما دەکرێ بە حەوتم بۆی، کە لە هەمان رۆژا سوننەتە مووی سەری بتاشرێ‌و بکێشرێ بە زێڕ یا بە زیوو بدرێ بە هەژاران. حەوتم سوننەتە، سەر بەڵگەی سوننەتبوونی ئەم فەرموودەیەتی {درووەد خواد لەسەربێ}: هەموو کوڕێ رێگەی پێ نادرێ کە تکاو شەفاعەت لە قیامەتدا بۆ باوك‌و دایکی بکا، ئەگەر بە منداڵی بمرێ، هەتا حەوتمی بۆ نەکرێ، هەق وایە لە رۆژی حەوتەیدا حەوتمی بۆ سەربڕن‌و سەری بتاشن‌و ناوی بنێن (ئەحمەد/ تیرمیذی. حاکم بە فەرموودەیەکی دروستی داناوە). هەق وایە بۆ کوڕ دوو مەڕ یا دوو بزن یا مەڕو بزنێ بکرێ بە حەوتم، وە بۆ کچ مەڕێ یان بزنێ بکرێ.

بەپێی ئەم فەرموودەیە: ئوم کورزی ئەل(کعبیە) {ڕەزای خواد لێبێ} فەرمووی: حەزرەت {درووەد خواد لەسەربێ} فەرمووی: دوو مەڕ یا دوو بزن، کە

بۆ قوربانی دەست بدەن، بۆ کوڕ دەکرێن بە حەوتم، وە بۆ کچیش یەک مەڕ یا یەک بزن (د/ ت/ ن – رشتەی دروست) عائیشەیش {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا {درووەد خوای لەسەربێ} فەرمانی پێمان کردووە کە بۆ کوڕ دوو مەڕ یا دوو بزن بکەین بە حەوتم بۆ کچیش مەڕی یا بزنێ (تیرمیذی/ ئیبنو ماجە/ ئیبنو حەبان لە صەحیحی خۆیدا).

بزانە:

ئەو ئاژەڵەی دەکرێ بە حەوتم دەبێ دەست بدا بۆ قوربانی، دەبێ لە تەمەنو بێ نەنگیو ساغیدا دەق وەک ئاژەڵی قوربانی وابێ بە پێوەرو قیاس لەسەر قوربانی. گەرچی حەوتم بە هەموو ئاژەڵێ کە دەست بدا بۆ قوربانی دروستە، وەک وشترو گاو مەڕو بزنو گامێش، وەرای دروستترین ئەوەیە کە وشترێ یا گایێ بۆ حەوتم لە مەڕێ یا لە بزنێ باشترە، کەچی هەیە دەفەرموێ: مەڕو بزن بۆ حەوتم لە وشترو گا خێرترە، گوایە روالەتی ئەم فەرموودەیە دەکا بە بەڵگەی بۆ چوونەکەی کە دەفەرموێ: دوو شات بۆ کوڕو یەک شات بۆ کچ – دانەر {رەزای خوای لێبێ} – شاتی بڕیوە بەسەر مەڕدا، وەقسەی ئەم قیلەیشی بەلاوە پەسەندە، گوایە ئەمە رەفت بە سوننەتە، چونکە لە سوننەتدا بۆ حەوتم دەق لەسەر (شاة) هەیە بەڵام بەزەینم لەم شوێنەدا فیقهول مویەسەرو کیفایەتول ئەخیار زۆریان فەرقە، ئەمەی من نوسیومە هی کیفایەکەیە. دانەریش لە باتی ئەمە ئاوا دەفەرموێ: گەرچی حەوتم بەگشت ئاژەڵی، با مەڕیش نەبێ دادەمەزرێ، بەڵام مەڕ بۆ حەوتم باشترە لە ئاژەڵی تر چونکە رووکاری سوننەت فەرمان بە مەڕ دەکا). وەکی تریش کەی

رووکاری سوننەت فەرمان بە مەڕ دەکا؟ سوننەت لەم شوێنەدا فەرمان بە (شاة) دەکا، دانەر بەبێ بەڵگە (شاة)ی بڕیوە بەسەر (شاة الضأن)دا، (شاة) لە زمانو لە شەرع و لە حەدیثا ئەمەیە کە نەوەوی لە مینهاجا لە باسی زەکاتدا دەفەرموێ: (والشاة جذعة ضأن لها سنة... او ثنيَّه معز لها سنتان – وەرگێڕ).

٣٧٥) سوننەتەکانی حەوتم:

١) سوننەتە لەکاتی سەر بڕینی حەوتمدا حەوتمکەر بڵێ: بسم الله اللهم هذا منك واليك، ئەوجا بڵێ ئەمە حەوتمە بۆ فیسارەکەس، ناوی حەوتم بۆ کراوەکە دیاری بکا.

٢) سوننەتە لەکاتی گزنگدانی خۆردا حەوتم سەر ببڕری.

٣) سوننەتە لە پێش سەربڕینی حەوتمدا ەری منالەکە بتاشرێ و بکێشرێ بە زێڕ یا بە زیودا، وە ئەو زێڕە یا ئەو زیوە بدرێ بە هەژارێ، یا بە کەسێ کە زەکاتی پێ بشێ. گوتراویشە: سەر تاشین بخرێتە پاش سەربڕینی حەوتم، چونکە بەدیمەن فەرموودەکە وا نیشان دەدا، کە سەرتاشین لە پاش سەربڕینە.

٤) هەروا سوننەتە ئەم ئاژەڵی حەوتمە بە کۆڵاوی پێشکەش بکرێ بە مەردومو لەکاتی کوڵاندنەکەیا شیرینیی تێکەڵ بکرێ، بە نیازی نوقڵانەی باش، کە خوایاربێ منداڵەکەیش ئاوا رەفتاری شیرین دەبێ، سوننەتە کە ئێسقانەکانی نەشکێنن، باشتر ئەوەیە کە حەوتم بە کوڵاوی

ببەخشرێتەوە بەسەر هەژاناو بۆیان ببرێ بۆ جێگەو رێگەی خۆیان، شافیعی دەقی هەیە لەسەر بەخشینەوە بەسەر هەژرارانداا، بەڵام ئەگەر خولکیشیان بکا بۆ سەری قەیدی نیە.

٥) سوننەتە بە خورما یا بە شیرینی تر مەڵشووی شیرین بکرێ، بەڵام بە خورما باشترە، چونکە پێغەمبەر خۆی {درووەد خواد لەسەربێ} بە خورما مەڵشووی منالەکانی یاریدەرەکانی شیرین دەکرد.

٦) منالّ کە لەدایك بوو، سوننەتە پاش ئەوەی کە پێچرایەوە بانگ بدرێ بە گوێی راستیداو قامەت بخوێنرێ بە گوێی چەپیدا. حەسەنی کوڕی عەلی {رەزاد خوایان لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا {درووەد خواد لەسەربێ} دەفەرموێ: هەر کەسێ خودا منداڵێکی پێ بەخشی بانگ بە گوێی راستیدا بداو قامەت بخوێنێ بە گوێی چەپیدا شەوە (ئوم صوبیان) زیانی پێ ناگەیەنێ، واتە: شەوە نایگرێ (ئیبنو سوننی) ئوم صوبیان بە کوردی پێی دەگوترێ: هاڵ: شەوە، جنۆکەیەکە، شوێن منالّی چلەو حەوتە دەکەوێو دەستی لێ دەوەشێنێ. گوتراویشە: ئەوەی کەوا مەشهوورە لەسەر چلەو حەوتە منالّ شەوە دەیگرێ، یا هاڵ دەیباتەوە ئەوە جۆرە نەخۆشییەکە تووشی منالّی تازە لە دایك بوو دەبێ، جنوکەو پەری نیە. داناگەری (حیکمەت)ی ئەوە کە بانگ دەدرێ بە گوێی منالّ ئەمەیە: پێغەمبەر {درووەد خواد لەسەربێ} دەفەرموێ: هەموو نادەمیزادێ لەکاتی لە دایك بوونیدا - شەیتان بەسەرە پەنجەی دەژەنێ بە هەردوو تەنشتیدا. (ب) جا وا باشو لەبارە کە بە خوێندنی بانگ راوبنرێو دەربکرێ، وەك لەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ: (کاتێ بانگ دەدرێ بۆ نوێژی) شەیتان هەڵ دەتۆرێنێو جرت لێ دەدا، تا گوێی لە بانگەکە

نەبێ، جا کە بانگ تەواو بوو، دیسان دێتەوە تا قامەت دەکرێ بۆ نوێژ دووبارە هەڵ دەتۆڕێنێتەوە (ش/ د/ ت/ تاج/ ١ ل — ٢٢٢) ئەبو رافیع {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: کاتێ فاطیمە حەسەنی کوڕی عەلی بوو {رەزای خوایان لێبێ} پێغەمبەرم دی خۆی بانگی نوێژی هەڵدا بە گوێچکەیدا (ئەبو داوود/ تیرمیذی/ ئەحمەد، تیرمیذی بە دروستی داناوە) عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش {رەزای خوایان لێبێ} بانگی دەدا بە گوێی راستی منالەکانیداو قامەتی دەخوێند بە گوێی چەپیاندا. (ئیبنو لمونذیر).

٣٧٦) باسی پێشبڕکە (مسابقة)و تیرئەندازی (مناضلة)

پێشبڕکە ئەوەیە کە دوو کەس یا زیاتر ولاخ غاربدەن لە ماوە (مسافە)یەکی دیاریدا بۆ ئەوەی دەربکەوێ کە کامیان زووتر دەگەنە ئەوپەڕی ئەو ماوەیە، بە کوردی پێی دەگوترێ: تەراتێن: قۆشمە: قۆچ: غارغارێن. ئەم جۆرەیان دروستە لەسەر گرەو بکرێ، واتە: هەر کەسێ بیباتەوە دروستە مالی لەسەر وەربگرێ.

تیرئەندازیش ئەوەیە دوو کەس یا زیاتر تیر یا تفنگ، یا شتێ وا، بتەقێنن تا دەربکەوێ کامیان نیشانەکە دەپێکن. سەر بەلگە وا لە نامەو سوننەتدا، نامەی خوا دەفەرموێ: {وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ ➡} (ڕافەکەی لە باسی سەرانەدا رابورد) سوننەتیش دەفەرموێ: عوقبەی کوڕی عامیر {رەزای خوای لێبێ} فەمووی: گوێم لێبوو حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} لەسەر دوانگە دەیفەرموو:

مەبەست لە (قوة) بۆ ئەمڕۆی ئێمە، لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: {وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن – قُوَّةٍ} تیرئەندازی‌و تیرهاویشتنە، وە سێ جار ئەم وشەیەی دووبارە کردەوە[*] (موسلیم/ د) ئیبنو عومەریش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} پێشبڕکەیەکی بەولاخی بەرزە سازدا، ئەوماین‌و ئەسپانەی کە قاڵ بوون‌و پەروەردە کرابوون، بۆ قۆشمەپێکردن لە حەفیانەوە بەری دان، ئەوسەریان تەنییە تول وەداع بوو، ئەبوئیسحاق دەفەرموێ: گوتم بە مووسا: ئەو ماوەیە مەودای چەند دەبێ؟ فەرمووی: شەش حەوت میل دەبێ، وە ئەوماین‌و ئەسپانەیش کە تەڕاڵ بوون‌و قاڵ نەکرابوون بۆ قۆشمە لە ئەنییەتول وەداعەوە پێشی بەردەدان، ئەو سەریان مزگەوتەکەی بەنی زورەیق بوو، گوتم: ئەو ماوەیە چەند دەبێ؟ فەرمووی: میلێ، یا شتێکی وا دەبێ، ئیبنو عومەر {ڕەزای خوایان لێبێ} خۆی یەکێ بووە کە لەم قۆچ‌و قۆشمەوتەڕات‌و تەراتینەدا بەشداری کردووە. (شەیخان/ تاج – ٨ ل – ١٠٢ ز – ٣٣) ئەنەسیش {ڕەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} وشترەمێنگەیەکی هەبوو، ناوی عەضباء بوو، بەرایی بە هیچ

---

[*] مەبەستی پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} ئەوە بووە کە هانی موسوڵمانانی سەردەمی خۆی بدا، لەسەر فێربوونی تیر ئەندازی، چونکە تیرئەندازی لەسەردەمی ئەودا لە جێگەی تەقەمەنی‌و چەکی دوورهاوێژی ئەمڕۆی ئێمە بووە، بەڵام قەت مەبەستی پێغەمبەر ئەوە نەبووە، کە هەتا هەتا هێزی سەرەکی لە شەڕو نەبەددا هەر شیروتیر دەبێ.

– وەرگێڕ –

٢٠٠٦/٩/٨

ولاخێ نەدەداو ولاخ نەبوو کە پێشی بکەوێ، رۆژێ عەرەبێکی دەشتەکی بە سواری وشترێکی تۆڕی بەربار لەولاوە هات پێشی عەضباء کەوت، موسوڵمانانیش ئەمەیان لەبەر گران بوو، کاتێ پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) هەستی بەوە کرد فەرمووی: رەوایەو بەڵێنە لەسەر خودا کە هەرشتێ لەم دنیایێ بەقایە، لووتی بەرزەوە بوو، سەری بەرزەوەکرد، خودا بدا لە لووتیو لە ئەنجامدا سەری نەوی بکاتەوە! (بوخاری/ نەسائی/ تاج – ٨ ل – ١٠٤) لە سوننەتدا لە بارەی تیرئەندازییەوە فەرموودەی گەڵێ زۆر هەیە وەك ئەم فەرموودەیە: پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) لەلای دەستەیەکی ئەسلەمییەوە رابورد، نیشانیان نابۆوە، فەرمووی: ئەی نەوەی ئیسماعیل پێغەمبەر! تیربهاوێژنو مەشق بە تیرو رمو چەك بکەن، چونکە لەکاتی خۆیدا با بەگەورەیشتان تیرئەنداز بووە!. (ب/ تاج – ٨ ل – ١٠٦).

دیسان دەفەرموێ (درووەد خوای لەسەربێ): ئەوەی فێری رمبازیو تیرئەندازی ببێ بەڵام لە پاشا وازی لێ بهێنێ ئەوە لە ئێمە نیە. یا فەرمووی: ئەوە لە خودا یاخی بووە. (موسلیم/ تاج – ٨ ل – ١٠٥).

٣٧٧) دروستە گرەویان لەسەر بکرێ:

ئەم پێشبڕکێو تیر ئەندازییە سوننەتنو دروستیشە کە بڕێتی (عیوەض: وەجەڵ) یان لەسەر وەربگیرێ، بەو شێوەیە کە باس دەکرێ. چونکە دەفەرموێ (درووەد خوای لەسەربێ): گرەو لەسەر قۆشمەی ولاخی بەرزە دروستە (ئەبو نەعیم لە – أسماء الصحابە –دا گێڕاویەتەوە).

عەرزی حەزرەتی عوسمانیش کرا: ئەرێ ئێوە لەسەردەمی ژیانی حەزرەت خۆیدا بە ئاگاداری ئەو زاتە (درووەد خوا لەسەربێ) گرەوتان دەکرد؟ فەرمووی: بەڵێ. (پێشەوا ئەحمەدو دارەقوطنیو بەیهەقی) لەبەر ئەوەیش کە ئەم دوو بابەتە وەرزشە سەرەڕای بەهرەی تریان دەبن بەهۆی خۆ ئامادەکردنی جەنگاوەران لەسەر خەبات و تێکۆشان.

پێشبڕکە دروستە بەم جۆرە ولاخانە بکرێ: بە ئەسپو بەماینو وشترو فیلو ئیسترو گوێرێژ. مەرجی پێشبڕکە ئەوەیە شوێنی راوەستانو خاڵی سەرەتای غاردان لەم پەڕی مەیدانەوە دیاری بکرێو نوختەی ئەوپەڕی ماوەکەیش دیاری بێن، وە مەودای مەیدانی هەردوو سوارەکە وەکوو یەك وابنو ئەسپی هەردوولایان دیاری بکرێ وە هەرکام لەو ئەسپانە لەوانەبێ پێش بکەوێ لەوی تریان، وە ئەندازەی پارە دیاری کراوەکەیش دیاری بێ.

چونکە ئەگەر ئەوپەڕی مەودا دیاری نەکرێ دەگونجێ کە ولاخەکان بپرووکێن، چونکە پێشبڕکێ کەرەکان لەبەر ئەم دوو هۆیە تابتوانن ولاخەکانیان دەرەتێنن:

یەکەم: تا سامانەکە مسۆگەر بکەن بۆ خۆیان.

دووەم: هەتا تانەی دۆڕان شوێنیان نەکەوێ! دیسان لەبەر ئەوەیش ئەگەر مەوداکە زۆر دووربێو ئەوپەڕی دیاری نەکرێ ئەستەمە بزانرێ کە کێ گرەوەکەی بردۆتەوە.

لە تیرئەندازیشدا مەرجە کە مەوداکە دیاری بکرێ دەبێ ماوە (مسافە)یەکی وابێ کە تیر بیگاتێ. هەروەها بە مەرج گێراوەکە ژمارەی

تیرهاویشتن دیاری بکرێ، هەروا ژمارەی ئەو تیرانەیش کە نیشانەکە دەپێکن، وەك ئەوە بڵێن: هەرەیەکی بیست تیر تێ دەگرین، کاممان پێنج تیرمان لەو بیستە لە نیشاندا ئەوە دیباتەوە بە مەرجێ ئەوی ترمان لە پێنج تیر کەمتر لە نیشانەکە بدا، بەمە دەگوترێ (مبادرە) یا وەك ئەوە بڵێن: یەکی سەرو چل تیر تێ دەگرین، پێکانو لە نیشاندانی هەردوولا دەبژێرین، کاممان دوو پێکان (اصابە)ی زیاتر بوو، ئەوەمان گرەوەکە دەباتەوە، پێویستە ئەندازەی پارەکە یا بڕێتییە کە دیاری بکرێ، هەروەها ئەندازەی درێژیو پانی نیشانەکە چەندەو چەند نیە، گەرەکە چۆنێتی پێکانی نیشانەکەیش دیاری بکەن ئاخۆ بەکام شێوە لەم شێوەکارانە بووە:

١) لێدانی رووت، کە ئەوەیە تیرەکە تەنیا لە نیشانەکە بدا بەڵام بڕیندارى نەکا. بەمە بە عەرەبی دەگوترێ (قرع) واتە: کوتانۆ بەرکەوتن.

٢) سمین، کە ئەوەیە بیسمێ، بەڵام پێوەی گیر نەبێو دەمە تیرەکە بگەڕێتە دواوەو بکەوێتە خوارەوە، بەمە دەگوترێ: (خزق)[1].

٣) تێهەڵچەقین: پێوە گیربوون، کە ئەوەیە بچەقێ بە نیشانەکەداو پێوەی بگیرسێتەوە، بەمەیش دەگوترێ: (خسق)[1]. واتە تێهەڵچەقێنو پێوە شەتڵ بوون.

---

[1] خزق بخاء وزاء معجمتين (مغنى المحتاج - ج/ ٤ ص ٣١٦) کەچی لە کفاية الاخيار و الفقه الميسر شەریعەتی ئیسلاما بە (خرق) بەخێو رێی بێ نوختە نووسراوە.

٤) کرتاندن، وەك ئەوە تیرەکە لە نووکی نیشانەکە بداو بیپەڕێنێ (خرم).

٥) دەرپەڕین، کە ئەوەیە تیرەکە لە نیشان بداو بیسمێو لەو دیوەوە دەرپەڕێ، بەمەیش دەگوترێ (مرق).

جا هەرکاتێ گرێدانی تیر ئەندازی بەرەهایی، واتە: بە موتلەقی سازدرا دەبرێ بەسەر (قەرع)دا چونکە لە هەموویان ناسراوترە.

بزانە:

پێشبڕکە دروستە بە دوو جۆرێ:

جۆری یەکەم: ئەوەیە ئەو کەسەکە مالەکە بڕیار دەدا بۆ پێشکەوتوو غەیری ئەو دوو کەسەبێ، کە پێشبڕکەکە دەکەن، وەك پێشەوای موسوڵمانان، یا نوێنەری، یا یەکێ لە گەلی ئیسلام بڵێ پێیان هەرکامتان پێش بکەوێ ئەوەندە پارەی پێ دەدەم.

جۆری دووەم: ئەوەیە کە یەکێ لەم دوو کەسە، بە هاوڕێکەی بڵێ ئەگەر تۆ پێشکەوتی من ئەوەندە مالت دەدەمێ، وە ئەگەر من پێشکەوتم هیچم ناوێ. ئەم دوو جۆرە دروستە چونکە جارێ پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} چوو بۆ لای دوو تیپ لە ئەنصار تیرئەندازییان سازدا بوو، تیپێکیان بردبوویەوە لەوی تریان، پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ}

---

(١) لە شەریعەتی ئیسلاما بە هەڵەی چاپ بە (فسق) نووسراوە.

- وەرگێڕ -

کارەکەیانی بەڕەوا دانا، وەکی تریش مەبەست بەوە پێك دێ، لە هەمان کاتدا ناشبێ بە قورمار، چونکە مالّ دانەرەکە سوور دەبێ لەسەر پێشکەوتن هەتا مالّەکەی نەدۆڕێنێ، ئەوی تریش سوور دەبێ لەسەر پێشکەوتن هەتا مالّەکە بباتەوە. بەڵام ئەگەر هەردوو پێشبڕکێکەرەکان مالّیان بڕیارداو بڕیاریاندا هەرکەسێ پێشکەوت هەمووی بۆ ئەوبێ ئەوە دروست نیە، چونکە دەفەرموێ {درووەد خواد لەسەربێ}: هەرکەسێ بە ئەسپێ پێشبڕکە بکا لەگەڵ دوو خاوەن ئەسپی تردا، وە دڵنیابێ لەوە کە خۆی پێش ئەو دوانەکەی تر دەکەوێ، چونکە ئەسپەکانی ئەوان هاوتای ئەسپەکەی ئەم ناکەن، ئەوە پێشبڕکەی وا قورمارەو نادروستە، بەڵام ئەگەردڵنیا نەبوو لەوە ئەوە دروستەو قورمار نیە لەبەر ئەوەیش چونکە مەعنای قوماری تیایە، چونکە قومار ئەوەیە یان بیبەیتەوە یان بیدۆڕێنێ!

پێشبڕکە لەسەر راکردنو مەلەکردنو پاڵەوانبازی دروستە، بە مەرجێ لەسەر وەجەڵ نەبێ، بەپێی ئەم فەرموودەیەی کە عائیشە {ڕەزای خواد لێبێ} دەیگێڕێتەوە: دەفەرموێ: لە سەفەرێکا لە خزمەتی حەزرەتدا {درووەد خواد لەسەربێ} بووم، بەراکردن بەپێ نەك بەغار بەسواریی پێشبڕکێم لەگەڵیدا کرد، من پێشی ئەو کەوتم! بەڵام لەوە دوا کە گۆشتن بووم پێشبڕکێم لە گەڵیدا کردەوە ئەمجارەیان ئەو لەمنی بردەوە، فەرمووی {درووەد خواد لەسەربێ} ئەمە لەباتی بردنەوەکەی ئەو جارە!. (د/ ن/ ماجە. ئیبنو حیببانیش لە صەحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە).

پێشبڕکێ بە وڵاخێ دەست نەدا بۆ جەنگ دروست نیە، وەك گاو شتی وا، هەروا لەسەر شەڕەبەرانو شەڕە کەڵەشێر دروست نیە، چ بە

خۆڕایی بن چ لەسەر پارە بن، هەروا لەسەر یاری شەترەنج و کاڵەمستێ و گشت جۆرە یارییەکی تر دروست نیە. بڕیاری وەجەڵ لە تیرئەندازیدا وەکوو لە پێشبڕکەدا وایە بە هەموو درێژە پێدانیەکیەوە.

٣٧٨) باسی سوێند خواردن و نەزرکردن:

سوێند لە زمانا بە عەرەبی پێی دەگوترێ. یەمین، واتە: دەستی راست، جا ئەم ناوە کرا بەناو بۆ سوێند، چونکە سوێند خۆرەکان لەکاتی سوێند خواردندا دەستی راستیان دەنایە ناو دەستی راستی برادەرەکەیان، گوتراویشە: بۆیە وا ناونراوە چونکە سوێندیش وەك دەستی راست شت دەپارێزێ. سوێند بە عەرەبی ئەم ناوانەی هەیە (یەمین و حیلف و ئیلاء و قەسەم). لە شەرعا دووپات کردنەوەی کارێکە بە سوێند خواردن لە سەری بە زاتی خوای گەورە یا بە نیشانێ لە نیشانەکانی، سەر بەڵگە لەسەر سوێند لە ئایەتو فەرموودەدا زۆرە. زاتی مەزن دەفەرەموێ: {لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ – سورة المائدة – ٨٩/٥} واتە: خودا لەسەر ئەو جۆرە سوێندانە موحاسەبەتان ناکا کە دێن بە سەردەمتاندا، بەبێ مەبەستو بەبێ ئەوە کە نیازی دڵی لەگەڵدا بێ بەڵام لەسەر ئەو سوێندانە موحاسەبەتان دەکا کە بە نیازی دڵ دایان دەمەزرێنن) وە دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلاً – سورة آل عمران – ٧٧/٣} وە دەفەرموێ: {وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ – سورة المائدة – ٨٩/٥} واتە: پارێزگاری سوێندەکانتان

بکەن‌و ڕێزیان بگرن، لەسەر شتی بە نرخ‌و بێ نرخ وەك یەك سوێند مەخۆن). هەروا دەفەرموێ: {وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ - سورة المجادلة - ١٤/٥٨} وە دەفەرموێ: {لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَائِهِمْ} لە سەرەتای باسی ئیلائەوە رابورد. وە دەفەرموێ: {وَأَقْسَمُواْ بِاللّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ - سورة الأنعام - ١٠٩/٦} لە سونەتیشدا فەرموودەی زۆر هەیە لەسەر باسی سوێند، وەك ئەوە پێغەمبەر (درووەد خوا لەسەربێ) سوێندی خواردو فەرمووی: (سوێندم بە خودا هێرش دەبەمە سەر هۆزی قورەیش) یا وەك ئەوە فەرمووی: (هەرکەسێ سوێند دەخوا با یا بەخودا سوێند بخوا یا بە غەیری خودا سوێند نەخوا) یا وەك ئەوە کە ئیبنو عومەر (ڕەزای خوایان لێبێ) دەفەرموێ: گەلێ جار پێغەمبەر (درووەد خوا لەسەربێ) ئاوا سوێندی دەخوارد: لا ومقلب القلوب: نا، بەهەڵسووڕەنەری دڵان).

٣٧٩) سوێند بەچی دادەمەزرێ:

سوێند دانامەزرێ تەنها بە زاتی خودا یا بە ناوێ لە ناوەکانی، یا بە نیشانەیێ لە نیشانەکانی نەبێ. بزانە ناوەکان سێ جۆرن:

یەکەم: ناوێکە تایبەتە بە خودای گەورەوە بۆ جگە لە خودا بەکار نایەت، وەك ئەڵڵاو خوداو پەروەردگاری جیهانیان‌و خاوەنی ڕۆژی پاداش‌و دروستکەری جیهان‌و کردگارو ئەو زیندووەی کە هەرگیز نامرێ، یاهەر ناوێکی تر کە تایبەتی بێ بەزاتی خوداوە، وەك سوێندم بەو کەسە کە گیانی منی بە دەستە، ئەم جۆرە سوێندی پێ دادەمەزرێ،

ئیتر خوای سوێند خۆر بە رەها بیانڵی یا هەق مەبەستی خوای گەورەبێ، تەنانەت ئەگەر بڵێ: مەبەستم ناوی خودا نەبووە لێی وەرناگیرێ.

دووەم: ناوێکە تایبەت بە خودای گەورەوە، بەڵام زۆرتر بەبێ قەید بۆ زاتی خودا بەکار دەهێنرێ وەك: جەببارو حەقو رەببو موتەکەببیرو قادرو قاهیرو رەحیمو کەریمو رەززاقو وێنەی ئەمانە. ئەم جۆرە ناوانەیش سوێندیان پێ دادەمەزرێ مەگەر کابرا مەبەستی لێیان ناوی خودا نەبێ ئەوە دانامەزرێ.

سێیەم: ئەو ناوانەیە کە بۆ خوداو بۆ غەیری خوایش وەکوو یەك بەکار دەهێنرێن، وەك: زیندووو، مەوجوود، دارا، کەریم، بەخشندە، یا وێنەی ئەمانە. ئەوە نابێ بە سوێند مەگەر نیازی سوێندی پێ هەبێ، بەڵام فەرمایشتی هەرە دروست دەفەرموێ: بە هیچ جۆرێ سوێند بەم جۆرە ناوە دانامەزرێ، چونکە سوێند تەنیا بە ناوە مەزنە شکۆمەندەکان دادەمەزرێ، ئەم جۆرە ناوانەیش ئەو مەزناهیو شۆکۆمەندییەیانە نیەو خاوەنی قەدرو رێزنین هەتا سوێندیان پێ بخورێ. نەوەوی دەفەرموێ: سوێند بەمانەیش دەخورێ، چونکە بۆ خوداو بۆ غەیری خودایش بەکار دەهێنرێن، کەواتە هەرکاتێ نیازی پێی سوێند بە خودا بوو دادەمەزرێ، وە ئەوەی کە دەڵێن: ئەم ناوانە رێزیان نیە ئەو قسەیە قەبوڵ نیە، بە غەویش ئەم فەرمایشتەی نەوەوی بە راستی تەواو دادەنێ، هەروەها خاوەنی کتێبی (التقریب)و ئەبو یەعقووبیش.

بزانه:

سەمیع و بەصیرو عەلیم و حەکیم (واتە: بیسەرو بیناو زانـاو دانـا) لە ناوەکانی بەشی سێیەمن.

٣٨٠) بەستنی سوێند بەخێرکردنەوە:

وەك ئەوە کەسێ بڵێ: ئەگەر خودا نەخۆشەکەمی چاك کردەوە سوێندبێ مەڕێ بکەم بەخێر. ئەم مەسەلەیە لە لایەکەوە لە سوێند دەچێو لە لایەکەوە لە نەزر دەچێ، چونکە وەك سوێند هاندانو قەدغە بوونی تیادایەو وەك نەزریش لە ئەستۆگرتنی تیادایە.

زاناکـان لـە بارەیـەوە راجیاییـەکی بەخـشەوەبووبان هەیـە، سـێ فەرمایشتی لێ دروست دەبێ.

یەکەم: لە سەریەتی ئەوەی لە ئەستۆی کرتووە جێبەجێی بکا، لـەم نموونـەی بەردەسـتماندا دەبـێ مەڕەکـە بکـا بـە خێـر، ئەگـەر نەخۆشەکەی چاك بۆوە، چونکە پەرستنێکی رەوای لە ئەستۆی گرتووە بە رابەر بە مەرجێکی رەوا.

دووەم: کفـارەتی سـوێندی دەکەوێتـە سـەر، بـەپێی فەرموودەکـەی {مرووەد خواد لەسەربێ}: کەفارەتی نـەزر کـەفارەتی سـوێندە (موسـلیم) (بڕوانـە شـەرحی نـەوەوی لەسـەر صـەحیحی موسـلیم ج ١١ ص ١٠٤ وەرگێـڕ) سـەعیدی کـوڕی موسـەییب {رەزاد خـواد لێبـێ} دەفـەرموێ: دوو بـرا کەلەپوورێکیان لە نێواندا هەبوو، یەکێکیان بەوی تریانی گوت: با بەشی

بکەین، ئەویش گوتی: ئەگەر جارێکی تر داوای مالّ بەشکردنم لێبکەی هەرچی مالّم هەیە نەزری کا بەبێ! عومەریش {رەزای خوای لێبێ} پێی فەرموو: کەعبە هەوەجێی بە مالّی تۆ نیە، کەفارەتی سوێندەکەت بدەو قسە لەگەڵ براکەتا بکە بۆ خۆم لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: سوێندت ناکەوێ، وە نەزکردنی گوناهو نەزرکردنی بڕینی رشتەی خزمایەتیو نەزرکردنی شتێ کەهی تۆ نەبێ دانامەزرێن (تاج/٣ ل ـ ٣٤٠) شتێ وا لە عائیشەو ئومەو سەلەمەو صەفیەو ئیبنو عەببا‌سو ئیبنو عومەرو ئەبو هورەیرە وەگێڕراوەتەوە {رەزای خوای لە هەموویان بێ} وە کەسیش راجیایی لەگەڵیاندا دەرنەبڕیوە، رافیعی {رەحمەتی خوای لێبێ} ئەمەی بە دروست داناوە، وە کۆمەڵێکیش بە ئێجگاری سەلماندوویانە، چونکە ئەم جۆرە گوتەیە لە مەبەستا سوێندە.

سێیەم: کابرا خۆی سەرپشکە دەتوانێ ئەوە جێبەجێ بکا کە لە ئەستۆی گرتووە، دەتوانێ تەنیا کەفارەتی سوێند بداو بەس، چونکە ئەم مەسەلەیە لە لایەکەوە لە نەزر دەچێو لە لایەکەوە لە سوێند دەچێ، وەك لە سەرەتای ئەم زنجیرەیەوە روون کرایەوە، هەندێ لە شێوەکاری ئەم مەسەلەیە پێی دەگوترێ: نەزری رقەبەری، واتە: نەزری (لجاج) وەك ئەوە کە بڵێ: ئەگەر قسەم لەگەڵ فیسارە کەسکرد، یا چوومە مالّی، یا بڵێ: ئەگەر نەڕۆیشتم بۆ سەفەر یا ئەگەر چووم بۆ سەفەر، یا شتێ ئاوا بڵێ، نەزربێ لە سەرم دوو مانگ بەڕۆژووبم، یا دوو رکات نوێژ بۆ خودا بکەم، یا خێرێ بکەم، یا حەجێ بکەم، یا شتێ ئاوا لە ئەستۆ بگرێو لە پاشا نەزر پێوە بەستراوەکە بکات. بەڵام ئەگەر کەسێ بڵێ: ئەگەر خودا نەخۆشەکەمی چاك کردەوە مەڕێ بکەم بەخێر ئەوە

لەبەشی نەزری (تبَرُر)ە، واتە نەزری چاکە کاری، یا نەزری دڵخواز: ئەگەر کەسێ بڵێ: ئەگەر ئەو شتە بکەم نەزربێ لەسەرم کەفارەتی سوێندێ بدەم، ئەوە بەبێ راجیایی دەبێ کەفارەتی سوێند بدا، چونکە نەزر لەسەر کراوەکەو کەفارەتی سوێند یەک شتن.

٣٨١) سوێندی بێبایەخ (لغو اليمين):

سوێندی بێبایەخ هیچی لێدروست نابێت، خودایش لەسەری موحاسەبەی سوێند خۆرەکە ناکا. شێوەی ئەم سوێندە وەک ئەوە کەسێ بەبێ نیازی دڵ بەسەردەمیدادێو دەڵێ: نە بەخودا وانییە، بەرێ بەخودا وایە، بەتایبەتی لەکاتی تورەییو پەلەپەڵو گەرمبوونی گوفتوگۆدا، کە زۆرتر مرۆڤ لەم کاتانەدا ئاگای لەسەرو بەری قسەی خۆی نییە. ئەم جۆرە سوێندە نە سوێندی پێ دادەمەزرێ نە کەفارەتی هەیە.بەپێی ئەم بەڵگەیە: عائیشە {رەزاد خواد لێبێ} فەرمووی: ئەم ئایەتە: {لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِيَ} لە شانی ئەو کەسانەدا هاتۆتە خوارەوە کە لەکاتی گوفتوگۆدا بەسەر دەمیانادێو بەسەر زارەکی دەڵێن: نە بەخودا وانییە، بەرێ بەخودا وایە. (بوخاری) ئیبنو عەببباسیش {رەزاد خوایان لێبێ} فەرموودەیەکی وەک ئەمەی عائیشەی هەیە. لەپایەی ئەمەدایە ئەوەیش کە بیەوێ بڵێ: بەخوا نەریمان ئەوەی کردووە، لە باتی ئەوە زمانی تەتەڵە بکاو بڵێ بەخوا کامەران ئەوەی کردووە.

ئەگەر کەسێ گووتی: ئەگەر ئەو شتەم کردبە جوولەکەبم یابە گاوربم، یالە خوا یالە پێغەمبەر یالە ئاینی ئیسلام بێ بەریبم، یا

بێبەش بم، یا بەشم بە ئیسلامەوە نەبێت ئەوە نابێ بە سوێند، نە کەفارەتی هەیەو نە سوێندی دەکەوێ. چونکە ناوی خوداو نیشانەی خودای تیادا نییە. سوێند بە نیشانەیێ لە نیشانەکانی خودا وەك ئەوە بڵێ: بە گەورەیی خودا، بە فەرمایشتی خوا، بە توانایی خودا، بە زانستی خوا، بە خواستو ویستی خوا. وەکی تریش ئەم جۆرە ئاخاوتنە کە بڵێ لە جێی ئاگر پەرستبم ئەگەر ئەوە بکەم حەرامە، جا ئەگەر مەبەستی دوورخستنەوەی خۆی بێ لەکردنی ئەو کارە ئەوە پێی کافر نابێ، بەڵام ئەگەر مەبەستی رازی بوون بەو میللەتە یا بەو کفرە بێ لەکاتی کردنیدا ئەوە دەستبەجێ بە گوتنی ئەم جۆرە قسەیە بێ بڕوا دەبێو فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێ، لەبەرئەوە دەبێ یەکسەر بڵێ: (لا الە الا الله و محمد رسول الله)و داوای لێبووردن لە خودا بکا، هەروەك پێویستە تەوبەشی لێ بکا، چونکە پەشیمان بوونەوەو تەوبە کردن لە هەموو قسەیەکی نادروست پێویستە.

بزانە:

سووڕگە (مەدار)ی سوێند کەوتنو سوێند نەکەوتن دەگەڕێتەوە بۆ خوازەی ئەو گفتەی کە سوێندەکە پەیوەندی پێوەی هەیە. جا ئەگەر سوێندی خوارد لە فیسارنادا، یا شتی پێ نافرۆشێ، یا ئەو شتەی لێ ناکڕێ، دەتوانێ جێدار (وەکیل) بگرێ هەتا ئەو ئیشانە بکا، وە بەوە سوێندی ناکەوێ، چونکە خوازە (موقتەزا)ی قسەکەی ئەوەیە کە خودی خۆی ئەو ئیشە نەکا، وە لە ڕاستیدا خۆیشی نەیکردووە جێدارەکەی کردوویەتی. بەڵێ ئەگەر مەبەستی واتای مەجازی بێو سوێند لەسەر

ئەوە بخوا کە ئەو شتە نابێ ببێ بە ملکی ئەو ئەوە سوێندی دەکەوێ ، خوای خۆی بیکرێ یان کەسێکی تر بۆی بکرێ، چونکە خۆی کارەکەی لە خۆی گران کردووە. ئەگەر سوێندی لەسەر وو شت خوارد، وە یەکێکیانی کرد، بەوە سوێندی ناکەوێ، چونکە سوێند لەسەر خوراوەکە بەتەواوی نەکراوە، هەروەك چۆن سوێند بخوا کە ئەو دوو کولێرەیە ناخوا، ئەگەر یەکێکیان بخوا سوێندی ناکەوێ. لەسەر ئەم پێوەرە مەسەلەی تری لەم بابەتە زۆر حەل دەکرێ.

٣٨٢) کەفارەتی سوێند:

کەفارەت وشەیەکی عەرەبییە لە زمانا واتە: داپۆشینو پەردە، بۆیە بە کەفارەتی گوناهیش دەگوترێ کەفارەت چونکە گوناهەکە دادەپۆشێ، بەهەمان واتا بە کافریش دەگوترێ کافر، چونکە نیعمەتی خودای خۆی حەشاردەداو لە ژێر پەردەی بێباوەڕیدا دەیشارێتەوە، کە ئەو نیعمەتە حەشاردراوە بریتییە لە باوەڕ بەخودا، کە سەرچەشمەی گشت خۆشیو نازو نیعمەتو بەهرەیەکە.

جا هەرکاتێ کەسێ سوێندی کەوت پێویستە لەسەری کەفارەت بدا چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ – سورة المائدة – ٨٩/٥}. کەفارەتی سوێند لە سەرەتاوە سوێند کەوتوو سەرپشکە لە کردنی یەکێ لەم سێ شتەی کەلەم ئایەتەدا باس کراون: {فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ

أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ -سورة المائدة - ٨٩/٥}
(واته: کەفارەتی سوێندی دامەزراو کاتێ کە شکانتان ئەوەیە خۆراکی دە مسکێن بدەن لە میانەی ئەو خواردەمەنییەی کە دەیدەن بە خێزانی خۆتان، یا بەرگی دە مسکێن بدەن لە میانەی ئەو جلو بەرگەی کە دەیکەن بۆ خێزانی خۆتان یا بەندەێ ئازاد بکەن) جا ئەگەر سوێند کەوتوو توانای یەکێ لەم سێ شتەی نەبوو پێویستە سێ رۆژ بەرۆژوو بێت، وە مەرج نییە ئەو رۆژانەیش لەسەر یەك بن، بەڵام سوننەتە، ئەمەیە کە دەڵێن: کەفارەت لەسەرەتاوە سەرپشکییەو لە کۆتاوە ریزلێگرتنە، بەڵام دروست نییە نانی پێنج کەس بدا لەگەڵ بەرگی پێنج کەسدا یان نیوبەندە ئازاد بکا لەگەڵ کردنی بەرگی پێنج کەسا،چونکە خودا گردووینی بە سەرپشك لە نێوانی سێ شتدا، دەی ئەگەر شتی وا بڕیار بدەین شتەکان دەبن بە چوار، واتە: کەفارەتەکە نابێ لە دوو جۆر لەم سێ جۆرە بێ، چونکە شتی وا بە پێچەوانەی دەقی ئایەتەکەیە. مەرجی ئەو بەندەیە کە بۆ کەفارەتی سوێند ئازاد دەکرێ وەك مەرجی بەندەی کەفارەتی ظیهار وایە. مەرجی خۆراك دانیش ئەوەیە هەر هەژارەی مووددێ لە دانەوێلەی شتێ کەلە زیاتری پێبڕیوی شوێنی کابرابێ، هەرچیش ناوی جلو بەرگ بێ دەست دەدا بۆ کەفارەتی سوێند، وەك کراسو کەواو دەرپێو پشتێنو مێزەرو جبەو سەرپۆش، چونکە خودای یاسادانەر ناوی جلو بەرگی بە رەهایی هێناوە، لەبەرئەوە ئەوەی پێی بگوترێ پۆشاك بۆ کەفارەتی سوێند دەست دەدات، دەی ئەمانەیش هەموویان بەر پۆشاك دەکەون.

ئەگەر کەسێ سوێندی خوارد شتێ نەکا لە پاشا لەبیری نەبوو کە سوێندی خواردووەو ئەوشتەی کرد ئەوە رای دروست ئەوەیە کە سوێندی ناکەوێ، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ – سورة الأحزاب – ٥/٣٣} هەروا بەپێی ئەم فەرموودەیەی (درووەد خوای لەسەربێ): خودا لەبەر خاتری من لەسێ کاری نەتەوەکەم چاو پۆشی دەکا: لە هەڵەو لەبیرچوونو لە شتێ بە زۆر پێیان بکرێ. دەی سوێندیش بەر ئەم گشتایەتیە دەکەوێ.

٣٨٣) بڕیاری نەزر (فووتوو):

نەزر لە زمانی عەرەبا واتە: بەڵێن یا هەڕەشە، لە شەرعا بەڵێنی باشە نەك خراپ، ماوەردی دەفەرموێ: بریتییە لە ئەستۆ گرتنی کردنی چاکەیێ کە لە خۆیدا بە پێی بنەمای شەرع پێویست نەبێ. سەر بەلگەی ئەم باسە ئەم ئایەتەیە: {يُوفُونَ بِالنَّذْرِ – سورة الإنسان /٧} (واتە: وەفا بە نەزر دەکەن) وە ئەم فەرموودەیشە کە دەفەرموێ (درووەد خوای لەسەربێ): کەسێ نەزری کرد کە فەرمانبەری خودا بکا ئەوە با نەزرەکەی بەجێبێنێ، وە کەسێ نەزری کرد کە بێ گوێی خودا بکا ئەوە با نافەرمانی خودا نەکاو نەزرەکەی نەباتە سەر (بوخاریو کەسانی تر گێڕاویانەتەوە).

راجیایی هەیە لە بڕیاری نەزردا، گوتراوە: ناباشە، گوتراویشە: خێرێکی چاکەو حەڵاڵە.

٣٨٤) نەزر دوو بەشی هەیە:

١) نەزری رقەبەری، یا نەزری کەللەرەقی (لجاج) ئەمە لە پێشەوە رابورد.

٢) نەزری دڵخواز، یا نەزری چاکەکاری (تبرُر) ئەم بەشە دوو جۆری هەیە:

یەکەم: پێی دەگوترێ نەزری بەرابەری پاداش، کە بریتییە لەوە نەزرکەر خێرێك بگرێتە ئەستۆی خۆی و بیبەستێ بە دەستکەوتنی دەستکەوتێکەوە، یا بیبەستێ بە رزگاربوونەوە لە مەینەتێ، وەك ئەوە بڵێ: ئەگەر خودا نەخۆشەکەمی چاککردەوە، یا منالێکی پێبەخشیم، یا رزگارم بوو لەم مەینەتە نەزربێ لەسەرم رۆژوو بگرم، یا نوێژێ بکەم، یا خێرێ بکەم لەبەر رەزای خودا، جا هەرکاتێ کە نەزر پێوە بەستراوەکە هاتە جێ دەبێ نەزر کراوەکە بکا، هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێ ئەگەر ئەو شتەم بۆ بوو، یا لەو مەینەتە رزگارم بوو خێرێکم لەسەربێ، مەرج نییە کەبڵێ بۆ خودا، یا لەبەر رەزای خودا. چونکە خودای گەورە دەفەرموێ: {وَأَوْفُواْ بِعَهْدِ اللّهِ إِذَا عَاهَدتُّمْ - سورة النحل - ٩١/١٦} (واتە: ئەی موسوڵمانەکان! هەر پەیمانو بەڵێنو نەزرێ دەکەن، بەمەرجێ ئەوەی بڕیاری گردنی یا نەکردنی دەدەنو لەسەر خۆتانی بڕیار دەدەن بەپێی یاسای خوابێو لە ئاینی ئیسلاما دروست بێ بەجێی بهێنن) هەروا دەفەرموێ: (ومنهم من عاهد الله لئن آتانا من فضله لنصدقن ولنكونن من الصالحين- تەوبە - ٧٥/٩) جارێ ژنێ لە پاپۆڕێکا لە دەریادا نەزری ئەوە دەکا: ئەگەر

خودای گەورە رزگاری بکا مانگێ بەرۆژووبێ، کاتێ رزگاری بوو رۆژووەکە ناگرێ هەتا دەمرێ، جا کچەکەی یا خوشکەکەی دێتە خزمەتی حەزرەتو حاڵەکەی عەرز دەکا، پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) فەرمانی پێکرد کە خۆی رۆژووە نەزر کراوەکەی بۆ بگرێ. (ئەبو داود/ نەسائی).

دووەم: ئەوەیە کە نەزر کەر خێرێ بگرێتە ئەستۆی خۆی بەبێ بەستنی بە هیچ مەرجێکەوە، وەک کەسێ بڵێ: نەزربێ لەسەرم دوو رکات نوێژ بۆخدا بکەم، یا سێ رۆژ بەرۆژووبم، یا بەندەیێ ئازاد بکەم، یا دوو جزم قورئان بخوێنم، لەم جۆرەدا دوو فەرمایشت هەیە رای دامەزراو (راجح) ئەوەیە کەئەم جۆرەیش وەک جۆری یەکەم دەبێ جێبەجێ بکرێ چونکە ئەم فەرموودەیە بە رەهای فەرمانی دەکا بە جێبەجێکردنی گشت نەزرێکی دروست: (کەسێ نەزری کرد کە فەرمانبەری خودا بکا....تاد) گوتراویشە: مەرج نییە کە ئەم جۆری دووەمە جێبەجێبکرێ، چونکە بە خۆڕایی‌و بێ بەرانبەرە، وەک چۆن گرێدانە بێ بەرابەرەکان وەک بەخشین‌و دیاری هەتا وەرنەگیرێن مەرج نیە جێبەجێ بکرێن. هەرکاتێ بە رەهایی گوتی نەزر بێ ئەوە بکەم وە ئەندازەی نەزر کراوەکەی دیاری نەکرد، وەک ئەوە بڵێ نەزربێ لەسەرم خێرێبکەم یان رۆژوو بگرم، ئەوە بەوەی پێی بگوترێ خێرکردن با زۆر کەمیش بێ، یا رۆژوو گرتن بایەک رۆژیش بێ نەزرەکەی جێبەجێ دەبێ، کەفارەتیشی لەسەر نییە.

٣٨٥) نەزرکردنی گوناه دانامەزرێ:

نەزرکردنی نافەرمانی خودا، وەك ئەوە بڵێ نەزربێ لەسەرم بادە بنۆشم، دروست نیە، چونکە دەفەرموێ {دروودەد خوای لەسەربێ}: (هەرکەسێ نەزری کرد کە بێ فەرمانی خودا بکا با نەزرەکەی جێبەجێنەکا). (موسلیم/ بوخاری) دەی ئەگەر کە نەزر بکا کەسێ مەی بخواتەوە یا داوێنپیسی بکا یا کەسێ بکوژێ، یا بەبێ دەست نوێژ نوێژبکا ئەوە نابێ نەزرەکەی جێبەجێ بکا، بەڵکوو جێبەجێکردنی نادروستەو تاوانە، وە لەسەر رای بێگومانی جەماوەری زانایان کەفارەتیشی لەسەر نییە.

٣٨٦) نەزرکردن کردنی یا نەکردنی شتی رەوا دانامەزرێ:

مەبەست لە رەوا موباحە، کەسێ کارێکە کردنو نەکردنی چونیەك بێ، وەك خواردنو خواردنەوەو خەوتنو راوەستانو دانیشتن، ئەم جۆرە کارانە لەبەر چاو شیرین نەکراون، جا خوای نەکردنیان نەزر بکا، وەك ئەوە بڵێ: نەزر بێ هەنار نەخۆم، یا گردنیان نەزر بکا وەك ئەوە بڵێ: نەزر بێ قاوە بخۆم، نەزرەکەیان دانامەزرێ، چونکە ئەم جۆرە شتانە پەرستن نینو نابن بە مایەی نزیکبوونەوە لە خوا، لەبەر ئەوەیش جارێ خۆشەویست {دروودەد خوای لەسەربێ} وتاری دەدا، پیاوێکی دی لەبەر هەتاوەکە راوەستابوو، پرسی: بۆچی ئەو پیاوەوا رەق راوەستاوە؟ عەرزیان کرد: ئەوە ئەبو ئیسرائیلە، ئاھ (نەزر)ی کردووە کە بەپێوە لەبەر خۆر رەق راوەستێو دانەنیشێو نەچێتە بەر سێبەرو قسەنەکاو

لـه هەمانکاتـدا بـەرۆژووش بێـت. فـەرمووی {درووەد خوای لەسەربێ}: فـەرمانی پێبکـەو لـەزمانی منـەوە پێـی بڵـێ: کـە قـسەبکاو بـچێتە بـن سـێبەرو دابنیشێ بەڵام رۆژووەکەی تەواو بکا (ش/ تاج/ ٣ل - ٣٣٩).

ئەگـەر کەسـێ ئـاە (نـەزر) بکـا کـە لەگـەڵ مرۆڤـدا قـسە نـەکا، نەزرەکەی دانامەزرێ، چونکە شتی وا ناڕەوایە، لەبـەر ئـەوە کافارەتیشی نیە. لە بوخاری شەریفدا دەفـەرموێ: ژنـێ بـە خامۆشـی خـەریکی حـەج بوو، ئەبو بەکری صەدیق {رەزای خوای لێبێ} پێی فـەرموو: قـسە بکـە شـتی وا ناڕەوایە. هەروەها ئەگەر کەسـێ مۆمـێ یـا چرایێ نـەزر بکـا کـە لەسـەر گۆڕێ بگرێ دانامەزرێ، چونکە پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} نەیی لە شتی واتە: دەکاو دەفەرموێ: نەفرینو لەعنەتی خودا لەو ژنانەبێ کـە دەچـن بۆ سەردانی سەر قەبرانو لەوێ دەیکەن بە بێ شەرعیو شینو شـەپۆرو ناشوکری، وە نـەفرەتو لەعنەتی خودا لەو کەسـانەیش بـێ کـە مزگـەوت لەسـەر گـۆڕ دروسـت دەکـەن، وە لـەو کەسـانەیش بـێ کـە چـرای لەسـەر دادەنێن!. (د/ ت/ ن/ بەرشتەیەکی دروست) لەعنەت واتە: بێ بەشـبوون لە رەحمەتو میهرەبانی خودا (تکایە بۆ باسی سوێندو نەزر بڕوانە تـاح بەرگی سێ لاپەڕە ٣٢٢ هەتا لاپەڕە ٣٥٠ – وەرگێڕ).

٣٨٧) باسی دادوەری (القضاء):

دادوەری بـە عـەرەبی پێـی دەگـوترێ: قـضاء، ئـەم وشـەیە لـە عەرەبیدا بە زۆر واتا هاتووە دادوەری نیمچە نزیکییەکی لەگەڵ زوربەی ئەم واتایانەدا هەیە. وەك:

١) بـه واتـا دروستکردنی شت بـهقایمیو تونـدوتۆڵیو لێبوونـهوه لێی.

٢) به واتا پێویستکردن، بهم واتایهیه که یهزدانی پاك دهفهرموێ: {وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ – سورة الإسراء – ٢٣/١٧} چونکه دادوهر بڕیارهکه پێویست دهکاو بڕیاری پێویست دهسهپێنێ بهسهر لایهنی دۆڕاودا. سهر بهلگهی رهوایی دادوهری نامهی خوداو ڕێگهی رهههبهرو یهکگرتنی نهتهوه. قورئان دهفهرموێ: {وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ اللّهُ – سورة المائدة – ٤٩/٥} واتـه: ئـهی پێغهمبهری خۆشهویست! له نێوانی خهڵکا بهپێی ئهم دستووره جوانه کـه خـودا ناردوویـهتی بـۆ تـۆ بـه سـرووش حـوکمو دادوهری بکـه) وه دهفهرموێ: {وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ – سورة النساء – ٥٨/٤} واته: ههرکاتێ دادوهریتان کرد له نێوانی مهردومدا بهههق به عهدالهت دادوهری بکهن. لـه سوننهتیشدا خۆشهویست {درووده خوای لهسهربێ} دهفهرموێ: دادپرس ئهگهر تێکۆشێو باش وردببێتهوه بۆ گهیشتن بـه هـهق لـه مهسـهلهکهداو ئینجا بڕیارهکـه دهرکـا ئـهوه لـهم بارودۆخـهدا ئهگـهر بڕیارهکـهی دهری دهکـا راسـتو دروسـت بـوو ڕووی راستی پێکا ئهوه دوو پاداشی باشی بۆ ههیـه، بـهڵام ئهگـهر بڕیارهکـهی ههڵه بوو ئهوه یهك پاداشی باشی بۆ ههیه، چونکه لـه گـهڕان بـه شـوێن ڕووی راستی مهسهلهکهدا درێغی نهکردووه) (شهیخان) دیسان دهفهرموێ {درووده خوای لهسهربێ}: کاتـێ دادوهر لـه دادگـا دهدهنیشێ دوو فریشته دێنـه خوارهوه بۆ لای و ڕێگهی راستی نیشان دهدهنو هۆکاری سهرکهوتنی بۆ دهسازێنن، به مهرجێ ناههقی نـهکا، دهنـا هـهر کـه دهستی کـرد بـه بـێ دادی گورج سهردهکهونـهوهو بهجێی دههێڵن! (بهیههقی).

ئەمە گشتی دەرهەق بەو دادوەرە وایە کە شارەزای دادوەری بێ و زانا بێ بە بڕیارەکان، بەڵام دادوەری ئەزان و بەدکارو بەرتیلخۆرو ناهەقیکار ئەوە وەك پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) بڕیاری داوە دەستە چیلەی ئاگری دۆزەخە. بەپێی ئەم فەرموودەیەی (درووەد خوای لەسەربێ): دادوەرەکان سێ دەستەن: دەستەیەکیان وان لە بەهەشتداو دوو دەستەیان وان لە دۆزەخدا، دەستەی بەهەشتی ئەو داوەرانەن کە دوو نیشانەی باشیان تیادا هەیە:

یەکەم: هەقناسن و شارەزای بابەتی دادوەرین.

دووەم: وەك هەقەکە دەزانن رەفتاریشی پێ دەکەن!

دەستەی دۆزەخیش دوو تاقمن.

یەکەم تاقم: دادوەرێکە هەقناسە بەڵام بەهەق کار ناکا.

دووەم تاقم: داوەرێکی نەزانی نەشارەزایە بە نەزانی لە نێوانی خەڵکا دەرانێ، ئەم دوو تاقمە جێگەیان دۆزەخە (د/ ت/ تاج/ ٣ل– ٣٠٣) دیسان دەفەرموێ (درووەد خوای لەسەربێ): هەرکەسێ بوو بە قازی، بە نەزانی بڕیاری دەدا دەستەی دۆزەخە، هەرکەسێ بوو بە قازی بە ناڕەوا بڕیاری دەدا لە دەستەی دۆزەخە، هەرکەسێ بوو بە قازی، لە هەمان کاتا قازییەکی زانا بوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەیشدا هەقپەروەرو دادپەروەر بوو، ئەو جا لە قیامەتدا خواخوایەتی دادوەرییەکەی سەروبەدەرچێ و نەسوودی هەبێ بۆی و نە زیان، سا بەڵکوو بەبێ وەیی رزگاری بێ لە ئۆبالی. (ئیبنو حەببان لە صەحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە).

زاناکان دەفەرموون: هەرکەسێ داوەری لە شانی دانەبێ دروست نیە ببێ بە دادوەر، تەنانەت ئەگەر بیشبێ بە دادوەر تاوانبارە، هەر بڕیارێ دەرکا دانامەزرێ، خوای بڕیارەکەی راست بێ یا ناراست بێ، چونکە پێکانی رووی راستی بە رێکەوتو بە تەقلەی مامە حەمە، دەگەرو بایەخی نیە، چونکە لە بنەمایەکی رەوای یاساییەوە سەرچەشمە هەڵ ناگرێ! لەبەر ئەوە هەر بڕیارێ دەرکا پێی تاوانبار دەبێ، وە بڕیارەکانی هیچی دانامەزرێو گشتیان هەڵوەشاو دەبن، بەپێی فەرمایشتی زاتی مەزن: {فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ – سورة النحل – ٤٣/١٦} واتە: هەر شتێ کە خۆتان سەرتان لێی دەرناچێو لێی نازانن لە پسپۆڕانی زانای شارەزای ئەو بابەتە بپرسن.

٣٨٨) نیشانەکانی دادوەر (قازی):

وەك رابورد لە پێشەوە کەسێ دادوەری لە باردا نەبێ ناڕەوایە بکرێ بە دادوەر، بۆ خۆشی ناڕەوایە کە کاری وا قەبوول بکا، دروست نیە کە داوای بکا، بەپێی ئەو بەڵگەو فەرموودانەی کە تۆزێ لەمەوپێش رابوردن.

هەرکەسێ ئەم مەرجانەی تیادابێ دەست دەدا بۆ دادوەری.

یەکەم: موسوڵمان بێ، لەبەر ئەوە دروست نیە بێبڕوا بکرێ بە دادوەر (قازی) خوای لەسەر موسوڵمانان، خوای لەسەر ناموسوڵمانان. چونکە دادوەری سەروەرییە، سەروەریش لە بێبڕوا ناوەشێتەوە.

جارێ ئەبو مووسا نوسەرێکی نەصرانی (گاور)ی دانابوو، عومەر (رەزای خوای لێبێ) پیادا هەڵشاخاو ئەوجا فەرمووی: ئەوان خودا دووری خستوونەتەوە، دەی ئێوە نزیکیان مەخەنەوە، ئەوان خودا تڕۆی کردوون دەی ئێوە رێزیان لێ مەگرن، ئەوان خودا بە گزیکارو ناپاکی داناون، نابێ ئێوە بە ئەمێنداریان دابنێن، هۆی ئەوەی کە من رێگەتان پێ نادەم کە خاوەن نامەکان بکەن بە کاربەدەستو کاری گرنگی دەوڵەتیان پێ بسپێرن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەمانە بەرتیل بە حەڵاڵ دادەنێنو بەرتیلخۆرن.

دووەم: رەسیدەو هۆشیاربێ، چونکە منااڵو شێت قسەیان بۆ خۆیان کارناکا، بڕیاریان بۆ خۆیانو لەسەر خۆیان بایەخی نیە. ئیتر بۆ کەسێکی تر چۆن بایەخی دەبێ؟!

بڕانن:

لەگەڵ هۆشیاریدا ئەم شتانەی تریش رەچاو دەکرێن: دەبێ ژیرو زرنگو زەین رۆشنو وریابی، حەپۆڵەو ساویلکەو گێلۆکە نەبێ، هەتا بەزیرەکی خۆی بتوانێ بچێتە بنەچو بنەوانی کارەکەو پەی بە بڕبارەکان بباو چارەسەری کێشەو بەرەکان بدۆزێتەوە.

سێیەم: ئازادی، چونکە بەندە خۆی ناتەواوە، دەسااڵتی بەسەر خوودی خۆیدا نیەو خۆی سەروەری خۆی نیە، دیارە دەسەاڵتی بەسەر کەسێکی تردا باشتر ناشکێ.

چوارەم: دادپەروەریێ، چونکە بەدکار - واتە: فاسق – رێگەی پێ نادرێ کە سەرپەرشتی‌و سەرەوکاری مالّی کوڕی خۆی بکا، لەگەڵ ئەو گشتە دڵسۆزیەی بۆی، ئیتر چۆن رێگەی پێ دەدرێ کە سەرەوکاری سەروماڵ‌و ناموسی کەسانی بیانی بکا!؟

پێنجەم: نێرینەبێ، بەپێی ئایەتی: {الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى – سورة النساء – ٣٤/٤} واتە: پیاوان سەرگەورەی ژنانن‌و سەرپەرشتن بە سەریانەوە).

بەپێی ئەم فەمووەیەیش کە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: گەڵ کەسەر گەورەیی‌و سەروەریی خۆیان بسپێرن بە ژنێ قەت سەر ناکەون. (د/ ب/ ت/ تاج/ ٣ ل – ٣٠١ حاکمیش گێڕاویەتەوە‌و دەفەرموێ: بەپێی مەرجی هەردوو پیرە).

شەشەم: دەبێ شارەزای بڕیارەکانی شەرع بێ‌و شەرعزانێکی باشبێ‌و بە لایەنی کەمەوە ئاگای لەو ئایەت‌و حەدیثانە هەبێ کە پەیوەندییان بە بڕیارەکانەوە هەیە، کەسێ کە شارەزاییەکی باشی لەوە نەبێ ناکرێ بە داوەر بەپێی ئایەتی: {وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ – سورة الإسراء – ٣٦/١٧} واتە: مەکەوەرە شوێنی شتێ کە لێی نازانی‌و عیلمت پێی نیەو لە پسوڕیی تۆ نیە) هەروا بەپێی فەرموودەکەی پێغەمبەریش (درووەد خوای لەسەربێ): دادوەرەکان سێ دەستەن.. کە لە سەرەتای باسی دادوەریدا رابورد. لەبەر ئەوەیش چونکە نەزان بە کەڵکی ئەوە نایەت، کە فەتوابدا، ئیتر چۆن بەکەڵکی دادوەری دێ، کە ئیشی سەرەکی ئەوەیە بڕیار دەربکا.

حەوتەم: دەبێ لە گفتوگۆی عەرەبیداو لە زمانی عەرەبیداو لە ڕێزمانو زمانەوانی عەرەبیدا شارەزاو پسپۆڕبێ، چونکە ئەگەر وا نەبێ شارەزایی تەواوی لە قورئانو سوننەتدا نابێ کە سەرچاوەی شەریعەتنو هەردوو لاشیان بە عەرەبین.

هەشتەم: دەبێ چاوساغو بیسەرو بینابێ، چونکە کەڕ گوێی لە قسە نیە، نازانێ کابرا پێ لە کارەکە دەنێ یا حاشای لێ دەکا، کوێریش نازانێ کێ داواکارەو کێ داوا لێکراوە.

نۆیەم: دەبێ ڕۆشنبیرو وریاو هۆشیاربێ، دادوەری پیاوی حوڵو گێل دانامەزرێ، ئیتر خوای گێلیو حوڵێییەکەی زکماك بێ، بەهۆی نەخۆشیو پیریو خورپەو شتی واوە تووشی بیتێکچوون بووبێ.

دەیەم: دەبێ گۆیاو قسەکەربێ، چونکە لاڵ توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نیە.

٣٨٩) باسی دەستوورو یاساو نەریتی دادوەری (آداب القضاء):

بزانە:

دادوەری کۆمەڵێ دەستووری جوانی هەیە، وەك: ئەوە جێگەی دانیشتنی داوەر لە ناوەراستی شارابێ، چونکە ئەوە بۆ هەموان چونیەکەو نیشانەی دادپەروەرییەو یەکسانی دەگەیەنێ، وەك ئەوە کاتێ کە قازی دامەزرا مەجلیسەکەی لە جێگەیەکی گوشادو بەریندابێ، نەبادا

ئامادەبوانی کۆڕەکە تووشی نازارو سەخڵەتی بـبن، وەك ئـەوە بـە پێی کاتو شوێن مەجلیسەکەی بـە دەرەوە بـێو ئاشکراو لەبـەر چاوبێو بـۆ ئەو رۆژو سەردەمە دەست بـدا، هـەتا بـەپێی کاتو سـات ئاشـناو نائاشـنا جێگەو رێگەی بزانێو لەکاتی پێویستدا بـۆ دادوەری بـرۆن بـۆ خزمـەتی لەبـەر ئـەم فەرموودەیـەیش کـە پێغەمبـەر {درووده خـوای لەسـەربێ} دەفـەرموێ: هەرکەسێ خودا فرمانێکی لە کاروباری موسوڵمانان پێسپارد وە دەرگای خـۆی لـە هـەژاران‌و دامـاوان‌و خـاوەن ئـیش‌و کـار دابخـا، بـێ گومـان کـە خودایش دەرگاکانی خۆی لە رووی هەژاری‌و ئیش‌و کاری ئـەودا دادەخـا. (د/ ت/ تـاج/ ٣ ل/ ٢٨٨) وەك ئـەوە جێگەکـە فێنـك بـێ، نـە سـاردبێ نـە گەرم، دوو کەل‌و تۆزی نـەبێ، بـاش نیـە دادوەر ددەرکـەوان‌و پـەردەداری هەبێ، مەگەر لەبـەر پێویستی، ئەگەر دەرکەوان، یا پـەردەدار (حاجب)ی هـەبوو پێویـستە پیـاوێکی دەمو دەسـتو دامـەن پاکبـێو دادپـەروەربێو ئەمینداربێو قەڵەمێکی رێکی هـەبێ، گـەورەو بـچووك بزانـێو ئـارەزوو پەرست دەبێ، رەفتاری میانەبێ، نـە زۆر هـارو هـاج بـێو نـە زۆر نـەرمو شلیشبێ، مامناوەندی بێ. ناباشە قازی (واتە: دادوەر) کۆڕی دادوەریی لە مزگەوتا ببەستێ، چونکە سکاڵاو دادگاییکردن قڕەو بڕەی تیادا دەبـێ، وا دەبێ ئافرەتی بێنوێژو بێبڕواو شێتو ئەم جۆرە کەسانە ئامادەی کۆڕی دەبـن، مزگـەوتیش جێگـەی شـتی واو شـوێنی نـەم جـۆرە کەسـانە نیـە. گوتراویـشە: دادوەریکـردن لـەناو مزگەوتـدا ناباشـی (کەراهـەت)ی نیـە، هـەروەك چـۆن قورئانخوێنـدن‌و دەورکردنـەوەی زانـستە ئیسلامییەکان‌و فەتوادان لەناو مزگەوتا ناباشییان نیە.

پێویستە هەردوو هاوداوا:

بەیەك چاو تەماشا بكرێن لە راستیدا پایەی دادوەریی بۆ ئەوە دانراوە كە عەدالەت پایەدار بێ، دەی هەر كاتێ دادوەر لاری لەوە هەبوو ئەوە بێ دداوەری‌و ناهەقی دەكا، لەبەر ئەوە دەبێ دادوەر جیاوازی نەخا نە نێوانی ئەو كەسانەدا كە بۆ دادگاكردن دێن بۆلای، دەبێ لە جێگەدا یەكسان بن، نابێ یەكێكیان زیاتر لەوی تریان نزیك بكاتەوە، نابێ لەگەڵ یەكێكیان رووخۆشبێ‌و لەگەڵ ئەوی تریان مۆن‌و گرژبێ، نابێ بە ئاماژە یەكێكیان تێ بگەیەنێ، یا چپەو سرتەی لەگەڵدا بكا، نابێ ماموستایی بۆ داواكار یا بۆ داوالێكراو بكاو فێریان بكا كەچی باشە بۆیان، بە كوردی پەتی كورت‌و پوخت: لە هیچ شتێكا باوی كەسیان نەدا بەسەر كەسیاندا. یەزدانی پاك دەفەرموێ: {كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ – سورة النساء – ١٣٥/٤} واتە: ئەی كەسانێ كە پڕوادارن! هەمیشە عەدالەت پەروەربن‌و كەمەر بۆ خزمەتی عەدالەت ببەستن).

٣٩٠) بڕیاری دیاری‌و بەرتیل:

بەبێ گومان بەرتیل نادروستە، چونكە لە چەشنی خواردنی سامانی مەردومە بە ناڕەوا، بەرتیل خواردن پیشەی هۆزی جووە. حەزرەت [درووەد خوای لەسەربێ] دەفەرموێ: نەفرینی خودا لە بەرتیلدەرو لە بەرتیلخۆر، بە تایبەتی لەوانەیان كە لە دادگاو دادوەریدا بەرتیل بەكار دەهێنن. (پێشەوا ئەحمەدو تیرمیذی گێڕاویانەتەوە، تیرمیذی بە دروستی داناوە) گفتەی ئیبنو ماجە: لەعنەتی خودا لەسەر بەرتیلدەرو

بەرتیلخۆر. وا باشە قازی واتە: دادوەر، دەرگای دیاریو دەسەنە لە خۆی داخا، دیاریو دەسەنە لە کەس وەرنەگریّ مەگەر لە کەسیّ لە پیّش وەرگرتنی پایەی دادوەریدا دیاریو دەسەنە لە نیّوانیاندا هەبووبیّ، لەبەر دۆستایەتیو خزمایەتی، چونکە پیّغەمبەر {درووەد خوای لەسەربیّ} دەفەرموێ: دیاری کاربەدەست دزیو گزییە. لە گێڕانەوەیەکا: حەرامە. (ئیمام ئەحمەد)، لە صەحیحەیندا دەفەرموێ: پیّغەمبەر {درووەد خوای لەسەربیّ} پیاوێکی ئەسەدی کرد بەسەر کاری سەر زەکات، ناوی ئیبنو للوتبییە بوو، کابرا کە هاتەوە گوتی: ئەمە هی ئێوەیەو ئەمەیش هی خۆمە بە دیاری بۆم هاتووە!

جا پیّغەمبەر {درووەد خوای لەسەربیّ} سەرکەوتە سەر دوانگەو راوەستاو ستایشو سوپاسی خودای کردو فەرمووی: ئەمە چی پیّ دەڵێن! هەندیّ سەرکار هەن کە دەینێرم بۆ شوێنی کە دێتەوە دەڵێ: ئەمە هی ئێوەیەو ئەمەیش هی منە بە دیاری بۆم هاتووە، جا ئەگەر وایە ئەدی بۆچی لەماڵی بابی یا لە ماڵی دایکی دانانیشێت هەتا بزانیّ کە دیاری بۆ دێ یانا؟ بەو کەسە کە گیانی منی بەدەستە ئەوەی لە ئێوە ناخونەك لەم ماڵە بدا، کە ماڵی دەوڵەتە، وە وەچەپو گووپی لێ بکا، ئەوە لە رۆژی دوایی دا، ئەو ناخونەکە دەنێ بەنەڕەی شانیەوەو دەیهێنیّ بۆ دیوانی خودا، جا هەیە کە وشترێکی دزیوە دەیدا بە قەڵاندۆشکانیدا، وشترەکە بەسەرشانیەوە دەبۆڕێنێ! وە هەیە رەشە وڵاخی دزیوە، رەشە وڵاخەکە بە کۆڵیەوە دەقۆڕێنێ، وە هەیە مەڕ یا بزنی دزیوە، جا مەڕەکە یا بزنەکە بە کۆڵیەوە دەبارێنێو بە تەواوی دەیکەن بەپەندا.

ئینجا حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) هەردوو دەستی خۆی بەرزەوەکرد بە رادەیێ وا، کە بۆ رایی (خاڵ)ی هەر دوو بنباڵی وەردەکەوت وە دوو جار لەسەر یەک فەرمووی: ئەی خودایە! ئەوا تۆ ئاگاداری، تۆ بە شایەت بە ئەوا من پێم راگەیاندن. (تاج/ ٣ ل – ٢٩٦) لە شوێنێ ئەمە بۆ کار بە دەست وابێ بۆ دادوەر زیاتر وایەو نارەوا تر‌ە. دادگەریو فەلسەفەی ئەم رێ پێ نەدانەیش ئەوەیە وەرگرتنی دیاری سەر مکێشێ بۆ بێ دادیو حەرامخۆری، نەخوازەڵا لە رۆژگارێکی وەک ئەمرۆدا کە رۆژگار تەواو خراپ بووە.

بڕانە:

دیاری بۆ غەیری کاربەدەستان، وەک دیاری هاوڵاتیان لەناو خۆیانا ئەگەر بۆ مەبەستێکی نادروست بوو، وەک لە باربردنی مافێ، یا یاریدەی ستەمکارێ، ئەوە وەرگرتنی نادروستەو تکاکردنیش بۆ شتی وا نارەوایە، ناوەندیار (وسیت) لە نێوانی بەرتیلدەرو بەرتیلخۆردا، خوای قازی بێ یا کەسێکی تربێ، هەروا لە نێوانی دیاری دەرود یاری وەرگردا، بڕیارەکەی رێک وەک بڕیاری وەکیل، یا جێدار وایە، جا رەنگە هەندێ بەرتیلدەر یا دیاری بەر مەهانەی رەوایان هەبێ، چونکە ناچارن کە بەهەرشێوەیێ بتوانن مافی رەوای خۆیان دەست بخەن، بەڵام ناوەندیار بە هیچ جۆرێ مافی ئەوەی نیە، چونکە ئەگەر بە وەکالەتی بەرتیلدەریش لە هەندێ کاتا تاوانبار نەبێ، بە وەکالەتی بەرتیل وەگر لە گشت بارودۆخێکا تاوانبار دەبێ، چونکە ناوەندیار وەک جێداری هەردوو لاوایە. وەکی تر ئەگەر دیاری بۆ پەخشی خۆشەویستی بوو، یا بۆ وەرگرتنەوەی مافێکی رەوا بوو، یا بۆ پێشگیری لە زوڵمو زۆرو ستەم

بوو، ئەوە لە جۆری یەکەما کە بۆ پەخشی خۆشەویستی بێ سوننەتە، لە جۆری دووەمو سێیەمدا بۆ دیاریبەر حەرام نیە بەڵام بۆ دیاریومرگر حەرامە.

٣٩١) لەم دەکاتەدا نابێ دادوەر بڕیاربدا:

لە دەشوێندا بڕیاردان لە لایەن داوەرەوە باش نیە: لەکاتی تووڕەییداو لەکاتی برسێتیو تووناێتیداو لەکاتی خەو لێ زڕانو شەوارەگرتنداو، لەکاتی خەمو خەفەتداو، لەکاتی کەیفخۆشی زۆرداو، لەکاتی نەخۆشیداو، لەکاتی تەنگە تاوبوونی سەراوداو، لەکاتی زۆر بۆ هێنانی خەوداو، لە قرچەی گەرماو سەرمای سەختدا. سەر بەلگەی ئەمانە هەموو ئەم فەرموودەیەتی {درووەد خواد لەسەربێ}: دادپرس لەکاتی تووڕەییدا دادگایی کەس نەکا (شەیخان) چونکە دیارە کە مەبەستی پێغەمبەر {درووەد خواد لەسەربێ} زاتی تووڕە بوون نەبووە، بەڵکوو مەبەستی ئەو شەڵەژانەیە کە بەهۆی تووڕەبوونەوە پەیدا دەبێ، کە مرۆڤ شپرزە دەکاو هۆش‌و رەفتاری بۆ ماوەیەکی دیاری تێك دەداو سەری لێ دەشێوێنێ. دەی ئەوانی تریش بە پێوەری تووڕەیی دەپێورێن، چونکە ئەوانیش وەك تووڕەیی ژیریی دەگۆڕن‌و سەر ە هۆش دەشێوێنن.

بڕانن:

دادوەر بۆی نیە یەکێ لە دوو هاوداوا کە فێری شتێ وا بکا کە زیانی بۆ ئەوی تریان هەبێ، مەگەر لە حودووددا، چونکە حەددی شەرعی بەهۆی شوبهەو بۆرە گومانەوە لەکۆڵ دەکەوێ. هەروا دروست

نیه بۆی ڕێ له شایەت بگرێ به نیازی ئەوه واز له شایەتییەکەی بهێنێ، چونکه شتی وا لایەنگریی شایەتی بۆ دراوه، هەروا دروست نیه له شایەت بخوڕێو پیاهەڵشاخێ، نابێ شایەتیی کەسیش قەبوول بکا مەگەر بەپێی گشت مەرجەکانی شایەتی که ئەمانەن:

یەکەم: چەسپبوونی دادپەروەری (ثبون العدالة) که بەوه دەبێ:- ڕەسیدەو ژیرو ئازادو خاوەن پیاوەتیو فامیدەی کاروباری دنیاو دینی خۆی بێ. جا هەرکاتێ لەلای دادوەر شایەتێکی بەدکار (فاسق) شایەتیدا، وه دادوەر بە حاڵی ئاگادار بوو، نابێ شایەتییەکەی وەربگرێ، چونکه دروست نیه بڕیاردان بەهۆی شایەتی بەدکارەوه. تەنیا دەبێ شایەتی بە دادو هەقانی قەبوول بکاو بەس، هەتا ئەگەر هاوداواکانیش بە شایەتیی بەدکار ڕازیبن نابێ قازی بڕیاری پێ بدا چونکه خودای مەزن دەفەرموێ: {وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ - سورة الطلاق - ٢/٦٥} واتە: شایەتانی حەققانی دادپەروەری موسوڵمان قەبوول بکەن به شایەت).

دووەم: گومانی لایەنگیری نەکرێ، ئەوەیش هۆی زۆرە:

١) دوژمنایەتی، شایەتیی دوژمن لەسەر دوژمن وەرناگیرێ، ئەگەر بۆ ئیشێکی دنیایی بێ، چونکه زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَأَدْنَى أَن لاَّ تَرْتَابُواْ - سورة البقرة - ٢٨٢/٢} واتە: به جێهێنانی ئەم فەرمانو ئامۆژگاریو دستوورانه که لەم ئایەتەدا باس دەکرێن زیاتر دڵنیاتان دەکا لەوه کە تووشی گومانو سەرلێشێوان نەبن. دەی دیارە کە دوژمنایەتی بەهێزترین هۆیه بۆ گومان لێکردن، چونکه پێغەمبەریش (درووده خوای لهسهربێ) دەفەرموێ: شایەتیی پیاوی ناپاکو ژنی ناپاکو کەسێ

کـه داری حـهددی لێ درابـێو، شـایهتی کهسـێ کۆنـه قینـی لـه دلابـێو، شـایهتیی شـێتو، شـایهتیی کهسـێ کـه لهبـهر ئاغایـهتیو خزمـهتکاریو خزمایـهتی جێگـهی گومـان بـێ، شـایهتیی ئهمانـه دروسـت نیـه. (ئـهبو داوود/ تاج – ۳ ل – ۳۰۹).

۲) سـهرو قنگـی یـهکتری بـن، واتـه: بنهچـهو وهچـهی یـهکتربن، کهواته شایهتی باوك بۆ منالّی خۆیو بـهرهو خـوارتریش، یـا شـایهتیی منالّ بۆ باوكو دایکی خۆیو ژوور تریش وهرناگیرێ، چونکه زاتی مـهزن دهفـهرموێ: {ذَلِكُـمْ اَقْـسَطُ عِنـدَ اللّـهِ وَاَقْـومُ لِلـشَّهَادَةِ وَاَدْنَـى اَلاَّ تَرْتَابُواْ – سورة البقرة – ۲۸۲/۲} دیاره که بـهۆی خزمایهتیـشهوه گومان کردن پهیدا دهبێ، چونکه خۆشهویستی هۆی مـهیلی زۆرهـ وهکی تریش پێغهمبـهر (درووده خوای لهسهربێ) دهفهرموێ: فاطیمهی کچم پارچهیهکه لـه مـن، دهی ئـهوهتا بـهپێی ئـهم فهرموودهیـه منـالّ بهشێکه لـه باوكو دایکی، کهواته شایهتیی منالّ بۆ باوكو دایکی، وهك شایهتی بۆ خۆی بدا وایه.

۳۹۲) بڕیاردان لهسهر نادیار:

بزانـه داوا تۆمـارکردن لهسـهر مردوویـێ کهلـهپوور گـری دیـاری نـهبێ دروسته، ههروا لهسهر منالّێ سهرپهرشتیاری نـهبێ، ههروا لهسـهر نادیاری بێ وهکیل چونکه زاتی مهزن دهفهرموێ: {فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ – سـورة ص – ۲٦/۳۸} ئـهوهتا بـهپێی ئـهم ئایهتـه خـودا فـهرمان دهکـا بـه داوود پێغهمبـهر (درووده خوای لهسهربێ) بـه دروستی بـهپێی

شەریعەتی حەق دادوەری بکا لەنێوان مەردومداو لە حەق لانەدا، ئەمەیش واتای وایە هەرچی بە شایەتو بەلگە ساخ ببێتەوە حەقەو رەوایە، کەواتە کارپێکردنی پێویستە بەپێی ئەم فەرموودەیەیشی {دروودی خوای لەسەربێ} کە بەهێندی ژنی ئەبو سوفیانی فەرموو: لەمالّی ئەبو سوفیان ئەوەندە ببە کە بەشی خۆتو منالّەکانت بکا (بڕوانە باسی ژێوار، زنجیرە/ ۲۹۰- وەرگێڕ) چونکە لەوکاتەدا کە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} ئەم بڕیارەی دەرکرد، هاو داوای هیند کە ئەبو سوفیان بوو لەوێ نەبوو، بەلّام پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} هیندی دەناسیو دەیزانی کە ژنی ئەبو سوفیانە، ئەوە بڕێتیی ئەوە کەوت کە هیند بە بەلگەو شایەت بیسەلێنێ کە هاوسەری ئەوە، ئەو رستەیەی کە حەزرەت {دروودی خوای لەسەربێ} پێی دەفەرموێ: (ببە) بەلگەی ئەوەیە کە ئەمە دادوەری کردنە نەوەك فەتوا دەرکردن، چونکە ئەگەر فەتوادان بوایە نەیدەفەرموو: (لە مالّەکەی ببە) دەیفەرموو: (قەیدی نیە ئەگەر بیبەی) بەلگەیەکی تر لەسەر دروستبوونی بڕیاردان لەسەر نادیارو دادگاییکردنی ئەم ئەنجامە: لە مەسەلەکەی (الاسیفع)دا عومەر {رەزای خوای لێبێ} جارێ داو فەرمووی: هەرکەسێ قەرزی لەسەر (أسیفعه) با سبەینێ بێت بۆ لامان، چونکە ئێمە مالّەکەی دەفرۆشینو دابەشی دەکەین بەسەر ئەو کەسانەدا کە قەرزیان لە سەریەتی. اسیفع خۆی لەو کاتەدا لەوێ نەبوو. (مالیك لە – الموطأ – دا گێڕاویەتەوە) لە کۆتایی ئەنجامەکەدا دەفەرموێ: دووربن لە قەرز سەرەتاکەی خەمە، سەرەنجامەکەی شەڕو هەرایە. وەکی تریش دادوەری نەکردن لەسەر نادیار دەبێ بەهۆی قەوتانی زۆر لە مافەکان. جاهەرکاتێ دادپرس بڕیاری لەسەر نادیار دەرکرد،

بڕیارەکەی جێبەجێ دەکرێ، وە ئەوەی بڕیار دراوە دەبێ بە مافێکی چەسپاوی دامەزراو لە ئەستۆیدا، لە رێگەی شەرعەوە لێی وەردەگیرێ.

٣٩٣) باسی دابەشکردنی مالّی تێکەڵ:

دابەشکردنی مالّی هاوبەش بە نامەو رێگەی رەهبەرو یەکگرتنی نەتەوە چەسپاوەو ساخ بۆتەوە. زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُوْلُواْ الْقُرْبَى - سورة النساء - ٨/٤} واتە: کاتێ کە خزمەکانی حازری بەشکردنی کەلەپوور بوون. خۆشەویستیش {درووەد خوا لەسەربێ} دەفەرموێ: شوفعە (واتە: بەشی هابەشو هاوسا هەڵگرتنەوە) لە هەموو شتێکا هەیە، بە مەرجێ کە هێشتا دابەشنەکرابێ. (ش/ د/ ت/ ن/ تاج/ ٢ ل - ٣٣٢) پێغەمبەر خۆی {درووەد خوا لەسەربێ} مالّی تالّانی جەنگی دابەشدەکرد بەسەر جەنگاوەرەکاندا، لەپاش خۆشی جێنشینە هەقناسەکان {رەزای خوایان لێبێ} هەمان شتیان دەکرد.

جا مالّێ کە تێکەڵ بێو هی چەند هاوبەشێ بێ، یا هاوبەشەکان خۆیان دابەشی دەکەن، یاخود پێشەوای موسوڵمانان، یا جێنشینی پێشەوا دابەشی دەکا بۆیان، مەبەست لە جێنشینی پێشەوا کەسێکە دانراوی پێشەوابێو ئەو داینابێ بۆ دادوەری، وەك قازیو دانراوی قازی، مەرجی دانراوی قازی (منصوب القاضی) ئەوەیە: موسوڵمانو باڵقو خاوەن هۆشو ئازادو نێرینەو بەدادبێ، بۆیە ئەمانە مەرجن چونکە دابەشکردن سەرداریو سەروەرییە، ئەمانەیش مەرجن بۆ هەبوونی سەروەری. لە هەمان کاتدا ئەگەر دابەشکردنەکە پێویستی بە ژمارەو

پێوانه (حیساب‌و مەساحه) هەبوو، دەبێ ئەو کەسە ژمارەو پێوانەو رووپێویی بزانێ، چونکە ئەم دووە ناميّرى دابەشکردنن، بەڵام ئایا مەرجەکە دابەشەکەرەکە نرخو بەهای شتەکان بزانێ یانا، لەمەدا راجیایی هەیە.

٣٩٤) جۆرەکانی دابەشکردن:

دابەشکردن سێ جۆرە: لە زاراوی شەرعی شەریفدا ناودارن: بە (قسمة الرد) و (تقسيم التعديل) و (تقسيم الاجزاء) بە کوردی واتە:

١- دابەشکردنی بەش گەڕانەوە.

٢- دابەشکردنی ڕێکخستن.

٣- دابەشکردنی شتی بەشبەش. تقسيم الاجزاء بەعەرەبی پێشی دەڵێن. (قسمة الإفراز) و (تقسيم المتشابهات) واتە: دابەشکردنی مولکی هاوەنگ، وەکوو دابەشکردنی دانەوێڵەو پارەو ڕۆنو هەموو شتە وێنەدارەکان (المثليات) یان وەکوو خانوویەک کە هۆدەکانی وەکوو یەک وابن، یان زەوییەکە پارچەکانی لە باشیو خراپیدا وەک یەک وابن، یان هەر شتێکی تری لەم بابەتە، وەکوو دابەشکردنی تۆپێ بلووری، یا کیلۆیێ زێڕ، یا زیو. جا ئەوەی بە پێوان دەپێوریّ پشکی هاوبەشەکان بە پێوان جیا دەکرێتەوە، وەک دە ربە گەنم بۆ دووکەس، یەکی پێنج ربەیان دەکەوێ، وە ئەوەی بە کێشان دەکێشرێ پشکەکانیان بە کێشانە بۆ جیا دەکرێتەوە، وەک کیلۆیێ زێڕ بۆ دە هاوبەش، یەکی سەد

غەرامیان بەر دەکەوێ. واتە: بۆ بەشکردن پێویستە بەشەکان هەموو بەگەز یا بە پێوانە یا بەکێشانە بە قەد ژمارەی سەری خاوەن بەشەکان جیاجیابکرێنەوە، جا ئەگەر پێویست بە تیرو پشک نەبوو ئەوە بەبێ دەوو تیرو پشک ملکەکە دابەشدەکرێ، وەک سەد دینار بۆ پێنج کەس. خۆ ئەگەر پێویستی بە تیرو پشک بوو ئەوە تیرو پشکیان لێ دەکرێ. وەک زەوی‌و خانوویێ کە پارچەکانیان وەک یەک بێ، لەسەر ئەم شێوەیە: ملکەکە دەکرێ بە چەند بەشی یەکسانەوە بە قەد ژمارەی سەری خاوەن پشکەکان، ئەوجار ئەوندەی بەشەکان پارچە کاغەز دەبڕرێ‌و لەهەر پارچە کاغەزێ ناوی پارچەیێ لەو مولکە دەنووسرێ، هەروەها ئەوەندەی خاوەن بەشەکانیش پارچە کاغەز دەبڕرێ‌و لەهەر پارچەیەکیان ناوی خاوەن بەشێ دەنووسرێ، جا پارچە کاغەزی بەشەکان بە جیا یەکە یەکە لوولە دەکرێن‌و دەدرێن بە دەستی کەسێکەوە کە پێشان لەوێ ئامادە نەبووبێ، تا هەر لوولەیێ بخاتە سەر ناوی یەکێ لە هاوبەشەکان.

جا هەرکەسێ هەر بەشێکی بۆ دەرچوو دەیبا بۆ خۆی، ئەگەر قایل نەبوو پێی ناچار دەکرێ کە وەری بگرێ!

جۆری دووەم: (تقسیم التعدیل)ە کە بڕێتییە لە دابەشکردنی شتێ کە نرخی بەشەکانی جیاجیا بێ، وەکوو زەویەک کە هەندێکی نەرمە زەوی‌و هەندێکی شۆرەکات بێ، یاخود هەندێکی نزیکە ئاوو هەندێکی دوورە ئاوبێ. جا ئەم جۆرە ملکە تێکەڵ‌و هاوبەشە جاری وا دەبێ یەک شت دەبێ، جاری وایش دەبێ دوو شت یا پتر دەبێ. وەک ئەوە پارچەیێ

زەوی ناو کۆیی بێ لە نێوانی دوو کەسدا، سێیەکێکی بەراو بێو بایی ئەو دوو سێیەکەکەی تری بێ لە نرخا، ئەوە سێیەکە بەراوەکە دادەنرێ بە پشکێو دوو سێیەکەکەی تریشی دەکرێ بە پشکێو هەریەکەیان پشکێ هەڵ دەگرنو تەواو. یا وەك ئەوە ماڵەکە دوو خانوو یا دوو دووکان بێ، کە نرخەکانیان وەك یەك بێ، لەم حاڵەدا ئەگەر هاوبەشەکان یەکێکیان داوای بەشکردنی کردو ئەوی تریان نەیویستو بەوە رازی نەبوو کە هەریەکی خانوویێ، یا دووکانێ هەڵبگرێ بۆ خۆی ئەوە ناچار ناکرێ لەسەر قەبوولی دابەشکردن، چونکە بەپێی جێگەو شوێنی خانوو دووکانەکان مەبەست دەگۆڕێ، بەڵام ئەگەر ملکەکە چەن دووکانێکی بچووك بوو، بە تەنیشت یەکەوەبوون، بە یەکەیەکە بە کەڵکی دابەشکردن نەدەهاتن، یەکێکیان ویستی دابەشی بکەن، ئەوە داواکەی قەبوولْ دەکرێو لەسەر قسەی رای دروست ملنەدەر (ممتنع) ناچار دەکرێ، چونکە پێویستی ئەوە دەخوازێ، ئەگەر ملکەکە زەوی و زار نەبوو، وەك ئەوە دوو کەس لە چەند بەندەیەکا، یا لەچەند سەر ئاژەڵ، یا لە چەند بنکە درەختێکا، یا لەچەند پارچەیێ جلو بەرگدا هاوبەش بن، ئەوە سەیر دەکەین ئەگەر لە یەك چەشن بوونو دەتوانرا لەنگەری یەکسانی لە نێوانی هاوبەشەکاندا رابگیرێ، ئەوە ملنەدەر ناچار دەکرێ لەسەر دابەشکردن، بەڵام ئەگەر یەکسانی لە نێوانیاندا دابین نەدەکرا، وەك سێبەندە بۆ دوو کەس، ئەوە راجیایی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر یەکێ لەسێ بەندەکە هاوتای ئەو دوانەکەی تریانی دەکرد لە بەهاو نرخدا، ئەوە لەسەر رای فەتوا پێدراو (المذهب) ناچار دەکرێن لەسەر دابەشکردنو بەندە گرانەکە دەکرێ بە پشکێو دوو بەندە

هەرزانەکەیش دەکرێن بە پشکێ، دەق وەك دابەشکردنی پارچەیێ زەوی کە نرخی بەشەکانی جیاجیابن.

جۆری سێیەم: (قسمة الرد)ە، کە بڕێتییە لە دابەشکردنی پارچەیێ زەوی، لایەکی بیرێ یا باخێکی تیادا بێ، وە ئەم لایەی بە تەنها بۆ دابەشکردن نەشێ، ئەوە نرخی تەواو بۆ بیرەکە یا بۆ باخەکە بەبێ زەوییەکە دادەنرێ، ئەوجا زەوییەکە دەکرێ بە دوو بەشەوە، وە بەتیرو پشك دابەش دەکرێ، ئەوە لەم شێوەکارەدا ئەو هاوبەشەیان کە ئەو پارچەیە هەڵ دەگرێ کە بیرەکە یا باخەکە وا لە ناویدا، نیوەی نرخی بیرەکە یا باخەکە دەگێڕێتەوە بۆ هاوبەشەکەی تر. کەواتە ئەگەر نرخی بیرەکە هەزار دینار بوو، یا نرخی باخەکە دوو سەد دینار بوو، پێویستە ئەو کەسەیان کە ئەو پارچەیەیان هەڵدەگرێ کە بیرەکەی تیادایە پێنج سەد دینار بدا بەوی تریان، یا کە باخەکەی تیادایە سەد دینار بدا بەوی تریانو هەروەها... یاخود بڕێتییە لە دابەشکردنی چەند شتێ بەسەر چەند کەسێکا کە ژمارەی شتەکانو ژمارەی هاوبەشەکان قەبوولّی دابەشکردن نەکەن بەسەریەکا، وەك سێ بەندە بۆ دوو کەس، یاخود بڕێتییە لە دابەشکردنی چەن شتێ لە نێوانی چەند هاوبەشێکا، بەڵام شتەکان هەندێکیان گران بەهابنو هەندێکیان هەرزان بەهابن، وەك دوو بەندە بە یەکسانی دابەشبکرێت بۆ دوو کەس، بەڵام بەندەیەکیان بایی هەزار دینار بێ، ئەوی تریان بایی شەش سەد دینار بێ، دەبێ ئەوەی بەندە گرانبەهاکە هەڵ دەگرێ دوو سەد دینار بگێڕێتەوە بۆ ئەوی تریان کە بەندە هەرزانبەهاکە هەڵدەگرێ! هەتا هەردوولا هاوسان ببن!.

بزانن:

هەر دابەشکردنێ کە نرخ دانانی تێدا نەبێ، وەك دابەشکردنی کیلۆیێ زێڕ بۆ دەکەس ئەوە یەك دابەشکەر (قاسم) بۆ جێبەجێکردنی بەسە، بەڵام ئەگەر دابەشکردنەکە نرخ دانانی تیادا بوو، وەك پارچەیێ زەوی بیرێ لە لایەکێدا بێ، ئەوە بەلایەنی کەمەوە دەبێ دوو دابەشکەربن، چونکە نرخبڕین بۆ شت بە دوو کەس ساخ دەبێتەوە.

٣٩٥) دابەشکردنی مالّی هاوبەش:

هەرکاتێ یەکێ لە هاوبەشەکان داوای دابەشکردنی مالّێکی هاوبەشی کردو یەکێکیان قایل نەبوو کە دابەش بکرێ ئەوە تەماشا دەکەین: ئەگەر دابەشکردن زیانی نەبوو بۆ شتەکە ئەوە ملنەدەر (ممتنع) ناچار دەکرێ، لەسەر دابەشکردن ئەم جۆرە مالّەیش وەك زەوی و زارو خانوو بەرەو دانەوێلّەو شتی تری لەم بابەتانە، چونکە بە دابەشکردن زیان پەیدا نابێ، بەڵام ئەگەر بە دابەشکردنەکە زیان لە شتەکە دەکەوت، وەك گەوهەرێ یا جلێکی گرانبەها، کە بەهۆی پارچە پارچەکردنەوە نرخەکەی کەم بکا، یا وەك بیرێ، یا دووکانێکی بچووك کە بۆ ئەوە نەشێن برێن بە دوو بیر، یا بە دوو دووکان، ئەوە ملنەدەر ناچار ناکرێ لەسەر دابەشکردن، چونکە خۆشەویست {هەرویدە خواد لەسەربێ} دەفەرموێ: (نەزیان نە وەڵامی زیان بە زیان!). لەبەر ئەوەیش چونکە خۆشەویست نەیی کردووە لە بە فێڕۆدانی سامان، تەنانەت ئەگەر لە دادپرسیش داوای دابەشکردنیان کرد وەڵامیان ناداتەوە، بەڵکوو ناهێڵێ کە دابەشی بکەن چونکە شتی وا گەوجییە، ئەگەر دنیا بوو بۆ

یەکێکیان زیان بوو، بۆ ئەوی تریان زیانی نەبوو، وەك ئەوە یەکێ لە دوو هاوبەشەکە دەیەکی پارچە زەوییەکی هەبوو وە ئەوی تری هی هاوبەشەکەی بوو، وە ئەگەر زەوییەکە دابەشبکرێ خاوەنی نۆ دە یەکەکە بتوانێ سوودی لێ وەربگرێ بە پێچەوانەی خاوەنی دە یەکەکەوە، ئەوە ئەگەر خاوەنی یەك دە یەکەکە داوای بەشکردنی کرد خاوەنی یەك نۆ بەشەکە ناچار ناکرێ بۆ دابەشکردنی، بەڵام ئەگەر خاوەنی نۆ بەشەکە داوای کرد خاوەنی یەك بەشەکە ناچار دەکرێ!

بۆیە خاوەنی یەك بەشەکە ناچار دەکرێو خاوەنی نۆ بەشەکە ناچار ناکرێ چونکە خاوەنی تاقە دە یەکەکە لە داواکەیدا زیان لە خۆی دەداو داواکەی رقەبەریو کەللە رەقییە، بە پێچەوانەی خاوەنی نۆ بەشەکەوە کە داوا کەی بۆ خۆی سوودی هەیە. بەڵێ ئەگەر خاوەنی یەك بەشەکە ملکێکی تری هەبوو، بە تەنیشت تاقە دە یەکەکەیەوە بوو، لەبەر ئەوە بە دابەشکردنەکە زیانی لێ نەدەکەوت ئەوە هاوبەشەکەی ناچار دەکرێ، هەتا هاوبەشیی نەبێ بە مایەی ناخۆشی، لە هەمان کاتدا بە دابەشکردن زیان لە کەس ناکەوێو هەر دوولا سوود لە بەشی خۆیان وەردەگرن.

٣٩٦) بەڵگە لەسەر داواکارە، داوالێکراویش ئەگەر نەچووە ژێر داواکە، سوێندی لەسەرە:

سەر بەڵگەی رەوابوونی داوا تۆمار کردنو سکاڵا پێشکەشکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەم فەرموودەیەی {مرووەد خواد لەسەربێ}: ئەم خەڵکە ئەگەر بە

قسەی رووتو بە داوای بێ بەڵگە داوای هەرچی بکەن پێیان بدرێ، ئەوا گەڵ کەس بە ناڕەوا داوای سەرو مالّی زۆر کەسی تر دەکەن، وە وای لێدێ دەبێ بە تێکەو لێکەو بگرەو بەردەو کەس لە سەرو مالّی خۆی دڵنیانابێ، بەڵام بۆ ئەوەی کە نەبێ بە پاشاگەردانی، بەڵگە لەسەر داواکارە، هەر کەسێ داوێکی هەبوو لەسەر کەسێ دەبێ بەڵگەی لەسەر داواکەی هەبێ، جا ئەگەر داواکار بەڵگەی لەسەر داواکەی نەبوو، ئەوکاتە بۆ لابردنی گومان سوێند لەسەر داوا لێکراوە. (شەیخان گێڕاویانەتەوە ئەمە گفت (لفظ) موسلیمە/ تاج/ ٣ ل — ٣٠٦).

بایستی ئەوەی کە بەڵگە لەسەر داواکارە چونکە لایەنی ئەو لاوازە، وە ئەوەی دەیڵێ بە پێچەوانەی رووکاری حاڵە، چونکە بنەڕەت خاوێنی ئەستۆیە، یا وەك مەلاکان دەفەرموون: ئەصڵ بەرائەتی ذیممەیە، لەبەر ئەوە داوای بەڵگەی بەهێزی لێ دەکرێ تا لاوازییەکەی بەهێز بکا سوێند بەڵگەیەکی بێ هێزە، چونکە سوێندخۆر گومانبارە، گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کە بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ بەڵام لایەنی داوالێکراو بەهێزە، چونکە بنەڕەت خاوێنی ئەستۆیەتی، لەبەر ئەوە بە بەڵگەی بێهێز قنیات دەکرێ. جا هەر کاتێ داواکار بەڵگەو شایەتی راست کردەوە لەسەر دروستیی داخوازییەکەی بڕیاری بۆ ددرێ، هەتا ئەگەر داوالێکراو سوێندیشی خواردبێ هەر بڕیاری بۆ دەدرێ، چونکە فەرموودەکە بەرهایی بەبێ قەیدو مەرج ئەوە رادەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر بەڵگە لە ئارادا نەبوو قسە قسەی داوالێکراوە بەمەرجێ سوێندبخوا، بەپێی فەرموودەکەی پێشوو. لە صەحیحەینیشدا هەیە دەفەرموێ: (ئیبنو عەببباس دەفەرموێ: پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} بڕیاری داوە سوێند

خواردن لەسەر داوا لێکراوە) (لە – کفایە الاخیار –ەکەدا بە هەڵەی چاپ ئەم فەرموودەیە ئاوا نووسراوە: وفی الصحیحین: (قضی رسول الله بالیمین علی المدعی) لە (الفقە المیسر)ەکەیشدا بەبێ لێکدانەوە ئەو هەڵەیە روونووس کراوە. بەڵام ئەگەر وابێ پەیوەندی بە بابەتی ئێمەوە نابێ، راستەکەی ئەمەیە: عن ابن عباس أن رسول الله {صلی الله علیه وسلم} قضی بالیمین علی المدعی علیه). بڕوانە شەرحی نەوەوی لەسەر صەحیحی موسلیم ج – ۱۲ ص ۳ عومدە تولقاری بەرگی ۱۳ ص ۲٤۸ – وەرگێڕ).

۳۹۷) گێڕانەوەی سوێند بۆ سەرداواکار (رد الیمین علی المدعي)

ئەگەر مافە داواکراوەکە هی کەسێکی وابوو کە دەتوانرا سوێند بدرێ، وە داوالێکراو نەیویست سوێند بخوا ئەوە سوێند دەگەڕێتەوە بۆ سەر داواکار، چونکە فەرموودە دەفەرموێ: (پێغەمبەر {درووەد خوای لەسەربێ} سوێنەکەی گێڕایەوە بۆ سەر داواکار).

(بەیهەقی/ دارە قوطنی. ئەم فەرموودەیان باس کردووە) جا لەکاتی وادا کاتێ داواکار سوێندی خوارد شتەکەی پێ دەدرێ. لەکاتی خۆیدا سوێند بەرەو رووی زەیدی کوڕی ثابیت کرایەوە سوێندی خوارد، وە بەرەو رووی عوسمانیش کرایەوە سوێندی نەخوارد، ئەم باسە لەناو هاوڕێیانی پێغەمبەردا دەنگی دابۆوە لەگەڵ ئەوەیشدا کەس رەخنەی نەبوو لێی. وەك گوتمان ئەمە کاتێ وایە کە لە توانادا بێ داواکار سوێند

بدرێ، وەك کەسێکی دیاری زیندووی رەسیدەی هۆشیار، بەڵام ئەگەر کەسێکی دیاری وابوو کە لە توانادا نەبوو سوێند بدرێ وەك منداڵو شێت، ئەوە فەرموودەی مەشهوور- واتە: ناودار – ئەومیە کە چاوەڕوانی رەسیدەبوونو چاکبوونەوە دەکرێ. بەڵام ئەگەر مافەکە هی کەسێکی دیاری نەبوو.

وەك ئەوە کەسێ بمرێو لە دەفتەرەکەیدا مافێکی لەسەر کەسێ هەبێ، وە لەبەر ئەوەی مردووەکە کەلەپوورگری نەبێ کەلەپوورەکەی هی موسوڵمانان بێ، ئەوە لەم شێوەیەدا داواڵێکراو بەند دەکرێ لەسەر ئەو هەقەی کە لەسەریەتی بەپێی دەفتەری مردووەکە، هەتا یا سوێند دەخوا یا هەقەکە دەدا، چونکە مافەکە لەکاتی وادا نادرێ بە داواکار هەتا سوێند نەخوا، نایشتوانرێ داواکار سوێند بدرێ چونکە نادیارە، خۆنایشبێ واز لە داواڵێکراو بهێنرێ چونکە هەقەکە دەفەوتێ، کەواتە تەنیا رێگە چارە ئەوەیە داواڵێکراو چەپس بکرێ، تاکۆتایی بە مەسەلەکە بهێنرێ: یا مافەکە دەدا، یا سوێند دەخوا.

٣٩٨) ئەگەر هەردوو هاوداوا داوای زات (عەین)یێکیانکرد:

ئەگەر دوو کەس هەرایان بوو لەسەر شتێ، وە کەسیشیان بەڵگەی نەبوو، وە شتەکە لە ژێر دەستی یەکێکیاندا بوو، وەك پارچە زەوییەك بە دەستی یەکێکیانەوەبێ، ئەوە قسەی ئەومیان دەخوات کە شتەکەی بە دەستەوەیە، بە مەرجێ سوێندی لەسەر بخوات کە هی خۆیەتی. چونکە

ئەشعەثی کوڕی قەیس (رەزای خوای لێبێت) دەفەرموێ: منو پیاوێکی جوولەکە پارچەیێ زەویمان هەبوو، جووەکە حاشای لێکردوو گوتی هی خۆمەو بەشی تۆی پێوە نیە، منیش بۆ دادگاییکردن بردم بۆ لای پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئایا بەلگەت هەیە؟ گوتم: نەء بە جوولەکەکەی فەرموو: (تۆ سوێند بخۆ) منیش گوتم: جا قوربان سوێند دەخوا، دەربەستی سوێند نایەت، ئەگەر وا بێ مالّەکەم دەخوا. جا زاتی مەزن ئەمەی نارده خوارەوە: {إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلاً – سورة آل عمران – ٧٧/٣}. (ئەبو داوود/ تاج/ ٣ ل – ٣٠٦ فەرمووی: - ٢) بەلگە سازی بەم فەرموودەیە ئاوا دەکرێ: زەوییەکە بە دەستی هەردوو لایانەوە بوو، یا بەدەستی جوولەکەوە بووە، بە بەلگە بۆ کەسیان ساخ نەبۆنەوە، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) فەرمانی کردووە بە کابرای جوو، کە سوێند بخواو زەوییەکە ببێ بەهی خۆی. بەلّام ئەگەر داواکراوەکە بە دەستی کەسیانەوە نەبوو، ئەوە هەردوو لایان سوێند دەخۆنو دەبێ بەهی هەردوو لایان. چونکە پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) ئاوا بڕیاری داوە. ئەگەر دوو کەس لەسەر ولّاخێ هەرایان بوو، یەکێکیان کەلوپەلی بەسەر ولّاخەکەوە بوو، ئەوە قسەی ئەوەیان دەخوا کە باری ولّاخەکە هی ئەوە، چونکە بە تەنها خۆی سوود لەو ولّاخە وەردەگرێ. ئەگەر سێ کەس لەسەر ولّاخێ هەرایان بوو، یەکێکیان لێخوڕی بوو، یەکێکی تریان جلّەوکێشی بوو، سێهەمیان سواری بوو بوو ئەوە قسەی سوارەکەیە، بە مەرجێ سوێند بخوا، چونکە هەر ئەو بەهرە لە ولّاخەکە وەردەگرێ لەم کاتەدا. ئەگەر دوو کەس بوو بە هەرایان لەسەر ولّاخێ، کە لە تەویلەی

یەکێکیانا بوو، بەڵام ولاخەکە بە دەستی هەردوو لایانەوە بوو، ئەوە هی هەردوو لایانە، بە مەرجێ تەویلەکە ولاخی خەڵکی تریشی تێدابێ، دەنا دەبێ بەهی خاوەن تەویلەکە. ئەگەر دوو کەس لەسەر شتێ لەناو پاکەتێکا بوو بە هەرایان، یەکێکیان دەستی لەسەر شتەکە بوو، ئەوی تریان دەستی لەسەر پاکەتەکە بوو، هەرکەسەیان دەبێ بە خاوەنی ئەو شتەی کەوا بە دەستیەوە، چونکە ئەم دوو جۆرە شتە لەیەک جیان.

٣٩٩) چۆنێتیی سوێندخواردن لەسەر کردەوەی خۆی یا لەسەر هی کەسێکی تر:

کەسێ سوێند لەسەر کردەوەی خۆی بخوا دەبێ لەسەر بوون و نەبوون (اثبات ونفی) بەبێگومانی سوێند بخوا، وەك ئەوە لە نەبوون (نفی)دا بڵێ: بەخودا ئەو شتەم نەکردووە، لە بوون (اثبات)دا بڵێ: بەخودا ئەو شتەم کردووە، چونکە پەی بە هەموو زانستێکی خۆی دەباو بە بوون و نەبوون بەبێ گومان ئاگای لە خۆی هەیە کە شتەکەی کردووە با نەیکردووە. بەڵام ئەگەر سوێندی لەسەر کردەوەی کەسێکی تر خوارد، ئەگەر لەسەر نەبوون بوو بڵێ: بەخودا بەپێی ئاگاداری من ئەو شتەی نەکردووە، ئەگەر لەسەر بوون بوو دەڵێ: بەخوا ئەو شتەی کردووە بەبێگومانی سوێند دەخوا چونکە پەیپێبردن، لەکاتی بوونداا لە توانادا هەیە.

٤٠٠) کەسێ هەقێکی لەلابێو حاشای لێبکا:

ئەگەر کەسێ مافێکی لەلای کەسێ هەبوو، بەڵام بەڵگەی لە سەری نەبوو، کابرایش حاشای لێکرد، بۆی هەیە لەماڵی کابرا لە جۆری ماڵەکەی خۆی بەقەد ماڵەکەی خۆی بدا، بەهەر شێوەیێ بۆی دەست دەدا، نابێ لە جۆرێکی تر بدا بەمەرجێ لە جۆری ماڵەکەی خۆی دەست بکەوێ، تەنانەت بۆی هەیە لەسەر فەرمایشتی دامەزراو (راجح) کە ماڵی خۆی بدات گەرچی بیشتوانێ لە رێگەی داومرو دادگاوە وەری بگرێتەوە. دەبێ بە بەڵگەو شایەت بۆ ئەم بڕیارە مەسەلەی ژنەکەی ئەبو سوفیان کە پێغەمبەر (درووده خوای لەسەربێ) رێگەی پێدا کە بەقەد ژێواری خۆی و منالەکانی لە ماڵی ئەبو سوفیان بەبێ پرس و راکردن بەکەس بدات. چونکە داوا تۆمارکردن لە دادگا هۆی کێشەو بەرەو منەتو بە فیڕۆدانی کاتە. گوتراویشە: ئەگەر لە رێگەی قازییەوە ماڵەکەیی دەست دەکەوێتەوە نابێ وەری بگرێتەوە بە پەنامەکیو شتی وا. وەکی تریش لەهەر شوێنێ مافی ئەوەی هەبێ ماڵەکەی خۆی بباتەوە، بەڵام بەبێ ئەوە کە دەرگا بشکێنێ، یا دیوار بدڕێ بۆی نەدەکرا، ئەوە دروستە کەوا بکا، هەتا هەر شتێ بفەوتێنێ دابینکردنی لەسەر نیە، وەکوو چۆن کەسێ بەرگری لە خۆی بکا لەکاتی شالاوهێنانی هەڵمەتهێنەر (صائل)دا هیچی لەسەر نیە ئەمیش ئاوا.

٤٠١) باسی شایەتیدان (الشهادة)

شایەتیدان لە زاراوی شەرعی پیرۆزدا بریتییە لەوە کەسێ هەواڵ بدا لە مافێ کە بەسەر کەسێکەوەبێ. سەر بەڵگەی ڕەوایی شایەتیدان قورئانو سوننەتو یەکگرتنی نەتەوەیە. زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَلاَ تَكْتُمُواْ الشَّهَادَةَ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ - سورة البقرة - ٢٨٣/٢} واتە: شایەتی حەشار مەدەن، هەر کەسێ شایەتی بشارێتەوە نەوە بەدڵ تاوانبارە). هەروا دەفەرموێ: {وَأَشْهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعْتُمْ - سورة البقرة - ٢٨٢/٢} واتە: کاتی سەوداو مامەڵەو کرینو فرۆشتن شایەت ڕابگرن) ئەم جۆرە فەرمانو ئەمرەبۆ ڕابەریو ڕێپیشاندانە، بۆ پێویست بوون نیە. پرسیار لە حەزرەت (درووەد خوای لەسەربێ) کرا لەبارەی چۆنێتیی شایەتیدانەوە، بە پرسیارکەرەکەی فەرموو: (خۆ چاوت لە خۆرە؟ گوتی: بەڵێ زۆر بە باشی چاوم لێیەتی، فەرمووی: دەبەو شێوەیە شایەتی لەسەر شت بدە، دەنا نا). ئایەتو فەرموودەی زۆری لەم بابەتە هەیە.

٤٠٢) نیشانەکانی شایەت:

چەند نیشانەیەك هەن بۆ وەرگرتنی شایەتی ڕەچاو دەکرێن، وەك: موسوڵمانەتیو ڕەسیدەبوونو هۆشیاریو ئازادیو دادپەروەری. کەواتە شایەتیی بێبڕوا بێبایەخە، خوای پەیماندارێ یا جەنگیبێ، وە خوای شایەتی لەسەر موسوڵمان بدا یا لەسەر بێبڕوا، چونکە دەفەرموێ: (درووەد خوای لەسەربێ) شایەتیی خاوەن ئایینێ لەسەر کەسێ کە لەسەر ئایینی

خۆی نەبێ دانامەزرێ مەگەر هی موسوڵمانان چونکە عەدالەت کە مەرجی شایەتیدانە لە وانا دروست دەبێ، لەبەر ئەوە شایەتیی ئەوان لەسەر موسوڵمانو ناموسوڵمان پەسەند دەکرێ. (ئەم فەرموودەیە بە مورسەلی بەم واتایە عەبدوررەزاق گێڕاویەتەوە، بەیهەقیش گێڕاویەتەوەو بە لاوازی داناوە). وەکی تریش گەواهی دانو شایەتیدان راپەڕاندنی گوتەی کەسێکە لەسەر کەسێکی تر ئەوەیش برێتییە لەسەر داریو سەروەری، بێبڕوایش شایانی ئەوە نیە، هەروا شایەتی منالّو مێرد منالّ (مراهق)و شێت دانامەزرێ، چونکە گوتەی منالّو شێت بۆ خۆیان کاری پێ ناکرێ ئیتر بۆ کەسێکی تر یا لەسەر کەسێکی تر چۆن کاری پێ دەکرێ.

قورئانیش دەفەرموێ: {وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء – سورة البقرة – ٢٨٢/٢} واتە: سەرەڕای نووسینیش دووشایەتیش بە شایەت رابگرن، لە پیاوانی موسوڵمانان کە لە خۆتانن، ئەگەر دوو پیاو نەبوون با پیاوێکو دوو ژن بن، بەڵام بەو مەرجە کە لە رەفتارو کرداری پەسەنیان رازیبن). دەی منالّ بەر پیاو ناکەوێ، سەرەڕای ئەوەیش منالّو مێردمنالّو شێت لە کەسانێ نین کە رەفتارو کردار پەسەند بن. هەروا شایەتیی کۆیلە بە هەموو جۆرەکانیەوە (وەک بەندەی زەرخریدەو پاشەمەرگە (مدبّر)و گاغەز پێدراوو دایکی منالّ) دانامەزرێ. چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ – سورة الطلاق – ٢/٦٥} واتە: دوو شایەتی بە دادو عەدڵیش لە خۆتان رابگرن بە شایەت. چونکە رووی فەرمایشت لەم ئایەتەدا لە

ئازاده، به نیشانهی وشهی (منکم) چونکه ئهم وشهیه بۆ بهرنهکهوتنی بێبڕوا نیه، چونکه بێبڕوا بهوشهی (ذوی عدل منکم) دهردهچێ، کهواته ئهم وشهی (منکم)ه تهنیا بۆ ئهوهیه که بهنده بهرنهکهوێ، لهبهر ئهوهیش که شایهتی راپهڕاندن (نفوذ)ی گوتهی کهسێکه بهسهر کهسێکی تردا، ئهوهیش وهك گوترا: سهرداریو سهروهرییه، کویلهیش شایانی سهروهری نیه. به دادیش بهپێی ئهم ئایهته مهرجه: {وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ} ههروا بهپێی ئهم فهرموودهیهی (دروود و خوای لهسهربێ): شایهتیی پیاوی گرزیکارو ژنی گزیکار وهرناگیرێ، ههروا شایهتی پیاوی داوێنپیسو ژنی داوێنپیس وهرناگیرێ.

٤٠٣) مهرجهکانی دادپهروهری:

مهرجی عادڵیی شایهت چهند شتێکه، یهکێ لهوانه: ئهوهیه خۆی بپارێزێ له ههموو گوناهێکی گهورهو لههمر گوناهێکی تر کهوا بگهیهنێ ئهو کهسه دهربهستی ئایین نایهت، وه خۆی بپارێزێ لهبهر دهوام بوون لهسهر گوناهی بچووك، مهبهست له بهردهوام بوون ئهوهیه که بیکا به پیشهی ههمیشهی، مهبهست ئهوه نیه که ناو بهناو گوناهی بچووك بکا بهڵام تاسهر نا. یاسای کۆگر بۆ گوناهی بچووك ئاوایه: ئهگهر ناو بهناو گوناهی بچووك بکا، بهڵام بهگشتی خواپهرستیی زۆرتربێ له گوناهکردنی بچووك ئهوه دادپهروهریی نافهوتێ، دهنا ئهگهر گوناهکردنی زۆرتر بوو له تاعهتی، ئهوه شایهتییهکهی پووچهڵه.

مەبەست لە گوناهی گەورە (کە ناوداراە بە گوناهی کە بیرە) زۆر شتە. بەلام دەتوانریّ لە چەند کۆگریّکا کۆبکریّتەوە:

یەکەم: هەر گوناهیّ کە حەددی لەسەربیّ، وەك داوێنپیسی و بادەنۆشی و دزی و پیاو کوشتن.

دووەم: ئەو گوناهانەی هەرِمشەی بەهێزیان لەسەربیّ لە قورئان و حەدیثا، وەك پاشملە گۆیی و دووزمانی و بوختان.

سێیەم: نەکردنی پێویستەکانی ئایینی (واجبانی دینی) وەکوو نوێژو رۆژوو و زەکات و حەج و هەر شتیّ کە خود فەرزبیّ (واتە: فەرزی عەینبیّ) وەك فێربوون و خوێندنی ئەو شتانە کە فەرزن لەسەر موسوڵمان.

گوناهی بچووکیش (کە پێشی دەگوتریّ گوناهی صەغیرە (ئەوەیە: کە گوناهی کەم بیّ وەك تەماشاکردنی نارەوا بۆ ژن و پێست لە پیستکەوتنی ژن و پیاوی ناخۆیی و نامەحرەم وەك کاتی تەوقەکردن.

یەکیّ تر لە مەرجەکانی عادڵیی شایەت ئەوەیە کە بیروباوەرِێکی دروستی دامەزراوی هەبیّ، کەواتە: شایەتی دەستەی بیدعەتکارو دەستەی ئارەزووپەرستان وەرناگیریّ، بە تایبەت ئەوانەیان کە بە بیدعەتەکەیان کافر دەبن، بەلام ئەو گورۆهانەیان کە بیدعەتەکەیان سەرناکێشیّ بۆ کوفر شایەتییان وەردەگیریّ، بە مەرجیّ مەرجەکانی تری شایەتییان تایادابیّ.

یەکێ تریان: ئەومیە لەکاتی تووڕەبوونا جڵەوی هۆشیاری لەدەست نەداو بەهۆی تووڕە بوونەوە دۆو دۆشاو تێکەڵ نەکا، چونکە لەکاتی وادا بەرو دوای قسەی خۆی نازانێو چاك و خراپ تێکەڵ دەکا، شایەتی وایش دەست نادا.

یەکێ تریان: ئەومیە خاوەن پیاوەتیو مرووەت بێ. کەواتە هەرکەسێ رێزی کەسایەتی خۆی نەپارێزێو خاوەن پیاوەتی نەبێ شایەتیی وەرناگیرێ، وەك سەماکەرو خۆڵڕێژو کەسانێ کە لەناو کۆڕی ذیکردا جەزبەیان لێدێ، یا وێنەی ئەمانە، کە قەدرو رێزداریی خۆیان لەکیش داوە[1].

چونکە ئەو کەسەی ئەم جۆرە هەڵبەزو دابەزەو هاتو هاوارە بکا ئەوە عەقڵی تێکچووەو شەرمی کەم بووە، دەی مرۆڤی بێ شەرمو بێ حەیا هەمیشە بێ خێرە. لە راستیدا هەڵبەز هەڵبەزو هەڵپەڕکێو هەڵەکە سەماو بە دەستو پاسەماکردنو ملبادانو سەر هەڵسووڕان وەم مزراح، دەق وەك جمووجوولێ شێت کارێکی ناشیرینە، مرۆڤی پێ سووك دەبێ، لەبەر ئەوە متمانە بە قسەی ناکرێ.

---

[1] داخەکەم لەم جۆرە قسە بێ تامانە لە (کفایة الاخیار)ەکەیشدا هەیە. تکایە تەماشای شەریعەتی ئیسلام ب/٤ ل – ٢٥٠ و مغنی المحتاج ج/٤ ص ٤٣١ بکە هەتا لە مەسەلەکە بە باشی حاڵی ببی. خۆڵڕێژو دەروێشو سۆفی ئەگەر زوویان لە خوابێو باوەڕێکی دامەزراوی پاکیان هەبێ لەگەڵێ مەلاو ئەفەندی ئەم چەرخە لەلای خودا لە پێشترن (إن أكرمكم عند الله اتقاكم).

- وەرگێڕ -

٤٠٤) بەشەکانی ماف (أقسام الحقوق):

ماف دوو جۆری هەیە:

یەکەم: مافی خودای گەورەیە.

دووەم: مافی ئادەمیزادە.

مافی خودا لە دواوە باسی دێ. مافی ئادەمی سێ جۆری هەیە:

یەکەم: شتێ کە مالێ یا مەبەست لێی چەسپاندن و ساخ کردنەوەی مالێ. مالّ وەک زاتەکان (أعیان) و قەرز، ئەوەیشی کە مەبەست لێی مالّ بێ وەک کرین و فرۆشتن و بە کرێدان و بارمتە و پێلێنان و زەوتکردن و کوشتنی بە هەڵە و شتی وا. لە شتی وادا شایەتیی دوو پیاو یان پیاوێک و دوو ژن قەبوولّ دەکرێ، چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ - سورة البقرة - ٢٨٢/٢}.

ئەم جۆرە مافە بە شایەتێک و سوێندی داواکاریش ساخ دەبێتەوە، چونکە لە فەرموودەدا دەفەرموێ: پێغەمبەر (درووەد خوای لەسەربێ) بە سوێندی داواکارو بە شایەتیی شایەتێ بڕیاری دەدا بۆ داواکار. (م/ تاج/ ٣ ل - ٣٨).

ماوەردیش دەفەرموێ: هەشت کەس لە هاوڕێیانی خۆشەویست (درووەد خودا لەسەر خۆی و رەزای خودا لەسەر یارانی) ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە. بەڵام پێویستە کە سوێند دانی داواکار بخرێتە پاش شایەتیدانی شایەتەکە.

دووەم: شتێ کە مارْ نەبێو مەبەستیش لێی ساخکردنەوەی مارْ نەبێو لەو جۆرەیش بێ کە پیاوان ئاگایان لێی بێ، وەك ساخبوونەوەی بنەچەو ژن مارەبڕینو تەلاقدانو کۆیلە ئازادکردنو سەرداریی کۆیلەو جێداریو راسپێریو کوشتنی بە قەستی کە تۆڵەکەی کوشتنەوەیەو هەموو حەددێکی تر جگە لە حەددی داوێن پیسی، وەك رەسیدە بوونو تەواو بوونی عیددەو لێ خۆشبوون لە تۆڵە سەندنی کوشتنەوەو ئیلاء (سوێنکاری)و ظیهارو مردنو ژن خولعکردنو ئازادکردنی بەندە لە پاش مردنی خاوەنەکەیو کاغەز پێدانی کۆیلە، لەم جۆرە شتانەدا بەس شایەتیی دوو پیاو وەردەگیرێ. سەر بەلگەی هەندێ لەمانە ئەم ئایەتەیە: {حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ} وە ئەم ئایەتە: {فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ} حەزرەتیش (درووەد خواد لەسەربێ) دەفەرموێ: بەبێ هەقداری ژنو دوو شایەتی راستو روستی دادپەروەر ژن مارەی نایێ (د/ ت/ - س/ ح – تاج – ٣ ل – ٧٤). ئیبنو شەهابیش دەفەرموێ: سوننەتی پێغەمبەر (درووەد خواد لەسەربێ) لەسەر ئەوە دامەزراوە کە شایەتیی ژنان لەم شتانەدا دانامەزرێ لە حودوودو ژن مارە بڕینو تەلاقدا. ئەم حەدیثە مورسەلە.

سێیەم: شتێ کە پیاوان بێ ئاگابن لێیو بە تایبەت بە زۆری ئافرەتان پسپۆڕییان هەبێ لەو بابەتەداو ئەوان زیاتر لێی بزانن، ساخدەبێتەوە یا بە شایەتیی بە چوار ژن یا بە شایەتیی بە دوو پیاو، بە شایەتیی پیاوێكو دوو ژنیش دەچەسپێ.

ئەمەیش وەك: منالّبوون و کچێنی و بێوەژنی و تاتی و پارچە گۆشت و پارچە ئێسکی ناو شەرمگای مێینەو بێنوێژیی و مەمك پێدان و نەنگی ژێر جل و بەرگ، وەك بەڵەکی و گەڕی و ئەمانە، لە سەر رای فەرمایشتی ناودار واقەواق (استهلال)ی منالّیش لەگاتی لە دایکبوونا بەر ئەم بەشە دەکەوێ. ئەم جۆرە بە چوار ژن کەمتر ساخ نابنەوە، بەڵگەی ئەوەیش کە لەم جۆرە بابەتانەدا شایەتیی ژنان بە تەنیا بەبێ پیاوان وەردەگیرێ ئەم فەرمایشتەی زوهرییە کە دەفەرموێ: سوننەت و رێبازی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر ئەوە دامەزراوە کە شایەتیی ژنان بە تەنها خۆیان دادەمەزرێ لە هەموو شتێکا کەهەر خۆیان سەرەوکاری بکەن (عەبدورەزاق بەم مەعنایە ئەم فەرموودەیەی لە زوهرییەوە گێڕاوەتەوە) لەبەر ئەوەیش چونکە پیاوان زۆرتر ئەم جۆرەشتانە نابینن، جا ئەگەر شایەتیی ژنان لە بارەیانەوە وەرنەگیرێ چەسپاندن و ساخ کردنەوەیان ئەستەم دەبێ ئەوەیش کە لە بارودۆخی وادا بە مەرج گیراوە ژمارەی ژنە شایەتەکان چواربن لەبەر ئەوەیە کە خودا بۆ شایەتی دوو ژنی لە جێی یەك پیاو داناوە، لە فەرموودەیشدا حەزرەت (د.ب) دەفەرموێ: کەم هۆشیی ژنان بڕێتییە لەوە کە شایەتیی دوو ژن بە شایەتی تاقە پیاوێ حسێبە (تاج/ ١ ل — ٢٧) دەی لە شوێنێ شایەتیی ژنان بە تەنها خۆیان قەبوڵ بێ باشتر شایەتی دوو پیاو، یا شایەتیی پیاوێك و دوو ژن قەبوڵ دەکرێ.

مافی خودای گەورە:

مافی خودای گەورە بەشی دووەمە لە بەشەکانی ماف. ئەمیش سێ جۆری هەیە:

جۆری یەکەم: دەبێ بەلانی کەمەوە چوار پیاو شایەتیی لەسەر بدەن، ئەم جۆرە بڕێتییە لە داوێن پیسی و نێربازی و چوونە لای گیانلەبەران. سەبارەت بە داوێنپیسی و نێربازی ئەم ئایەت و فەرموودانە بەڵگەی ئەم بابەتەن: {وَاللاَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعةً مِّنكُمْ - سورة النساء - ١٥/٤} و {لَوْلَا جَاؤُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء - سورة النور - ١٣/٢٤} واتە: ئەوە بۆچی بۆ سەلماندنی داواکەیان کە بڕێتی بوو لە بوختان بۆ ژن و پیاوی داوێنپاك چوار شایەتیان نەهێنا).

لە صەحیحی موسلیمدا دەفەرموێ: سەعدی کوڕی عوبادە {رضي الله عنه} فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر کەسێ زەلامێ بەسەر ژنی خۆیەوە بگرێ دەبێ دەستی بۆ نەبا هەتا چوار شایەت دەهێنێ؟ فەرمووی: بەڵێ (تاج/ ٣ ل - ١٤٣) وەکی تریش داوێنپیسی و نێربازی لە گەورەترینی کارە ئابروو بەرەکانن، جا لەبەر ئەوە ژمارەی شایەتەکان زۆر کراون، تا شایەتیدان لەم بارەیەوە قورس و گران بێ، هەتا خەڵکی بێ تاوانی بێ ئاگا لە کەسوکاری هەردوو لا بەهۆی هەڵمالێنی عەیبی ئەوانەوە حەیایان نەچێ، سەبارەت بە چوونە لای گیانلەبەرانیش دەڵێن: ئەمیش هەر بڕێتییە لە چوونەلای نێرینە بۆ لای مێینە، وە

وەکوو ئەو خۆشۆردن پێویست دەکا، کەواتە لەهی ئادەمیزاد دەچێ کەوابێ بە کەمتر لە چوار شایەت ساخ نابێتەوە.

جۆری دووەم: بڕێتییە لەو مافانەی خودا کە بە شایەتی دوو پیاو ساخ دەبنەوە، شایەتیی ژنان لەم جۆرەدا کاریگەر نیە، ئەمەیش وەك حەددی بادەنۆشی و حەددی دەست و پابڕینی دزو جەردەو ڕێگرو حەددی کوشتن بەهۆی پاشگەز بوونەوە، کە لە عورفی شەرعا ناوداراە بە ریددەو، وەك حەددی تری لەم جۆرە بابەتە. چونکە یەزدانی مەزن دەفەرموێ: (واشهدوا ذوی عدل منکم – تەلاق – ٢/٦٥) وەکی تریش بە پێوەرو قیاس لەسەر مارەبڕینو راسپێری.

جۆری سێیەم: بڕێتییە لە ساخبوونەوەی بینینو چاوپێکەوتنی مانگی نوێی ڕەمەزانو ئەو شتانەی کە پاشکۆی ئەمەبن، وەك پەلەکردن لە دانی سەرفترەو هاتنی مانگی شەشەلانو کردنی نوێژی تەراویح، ئەم جۆرە بە شایەتی یەك پیاوی بە داد ساخ دەبێتەوە.

بەڵگەی ئەم بڕیارە ئەمەیە: ئیبنو عومەر {ڕەزای خوایان لێبێ} دەفەرموێ: موسوڵمانان چاویان دەگێڕا بۆ مانگی نوێی ڕەمەزان، من مانگم دیو عەرزی حەزرەتم کرد: قوربان! من مانگم بینی. ئیتر پێغەمبەر خۆی {درودەد خوای لەسەربێ} لەسەر شایەتییەکەی من کردی بە ڕەمەزانو، بۆ سبەینێ خۆی بەڕۆژوو بوو، وە فەرمانیکرد کە لە بەیانییەوە موسوڵمانان بەڕۆژوو بن! (ئەبو داوود/ ئیبنو حەببان/ دارە قوطنی/ حاکم، حاکم دەفەرموێ: فەرموودەیەکی دروستە بەپێی مەرجی پیری موسلیمە).

٤٠٥) شایەتیی کوێر:

شت بەهۆی یەکێ لە پێنج هەستەوە ساخ دەبێتەوەو زانست پێی پەیدا دەبێ. بە زۆری شت لە رێگەی چاوەوەو لە رێگەی کوێچکەوە دەزانرێو هەستی پێدەکرێ، جا هەرشتێ بە یەکێ لەم دووە هەستی پێ بکرێو بزانرێ ئەوە لە ساخبوونەوەیدا پشت بەو هەستە دەبەستێ، وەك دیتنی مانگ کە بەچاو دەبینرێ، بە گوێ نابینرێ. زۆر شتیش بە هەردوولا یا بەچەند هەستێ دەزانرێ، وەك بنەچە (نەسەب)و مردنو خاوەنێتیی رەها، کە بە بیستنیش زانست پێیان پەیدا دەبێ چونکە هەرکاتێ مرۆڤ هەوالّی ئەمانەی لەمو لەو لە چەند لایەکەوە ژنەوت بتمانە پەیدا دەکا کە ئەو شتە وایەو لێی دەبێ بە یەقینو وەك تەواتور بۆی دەبێ بەهۆی زانینی ئەو شتە، لە بارودۆخی ئاوایشا پشت بە بیستنیش وەك دیتن دەبەستێو، بیناو نابینا لەم جۆرە شتانەدا وەك یەکن.

٤٠٦) چەند مەرجی تر هەن بۆ شایەتی:

نابێ شایەت لە شایەتییەکەیدا گومانباربێ، وەك ئەوە شایەت بەهۆی شایەتییەکەوە سوودێك رابکێشێ بۆ خۆی، یاخود زیانێ لەخۆی دوور بخاتەوە، ئەوە دەبێ بەهۆی گومان لێکردنو شایەتیی ئەم جۆرە کەسە دروست نیە. وەك شایەتیی میراتگر بۆ میراتبەخشی خۆی، چونکە لەکاتی وادا قازانجی شایەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی، چونکە ئەمیش بەشی هەیە لە دەسکەوتنی کەلەپوور بەخش

(مورَث)ەکەیدا، وەك شایەتی خاوەن قەرز بۆ قەرزاری نابووت، چونکە مافی خاوەن قەرز لەو شتەدا هەیە کە بەهۆی شایەتییەکەی ئەوەوە دەبێ بە مالّی قەرزارەکە، ئەمەیش واتای وایە شایەتی بۆ خۆی دەدا. بەڵگەی ئەم باسەیش ئەم ئایەتەیە: (**وادنی الا ترتابوا**) چونکە لەکاتی وادا گومان پەیدا دەبێ، پێغەمبەرش (درووەد خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: شایەتیی ناحەزو گومان لێکراو قەبوولّ نیە. لەبەر ئەمە شایەتیی کەسانێ کە زیانێ لە خۆیان دوور دەخەنەوە وەرناگیرێ، وەك شایەتیی کەسوکاری نزیکی دەوڵەمەند لەسەر ئەوە کە ئەو شایەتانەی شایەتییان داوە لەسەر خزمە بکوژەکەیان، فاسقو بەدکارن، چونکە ئەگەر بەهۆی شایەتییەکەی ئەمانەوە بەدکاریی ئەو شایەتانە بچەسپێ خوێنی کوژراوەکە لە کۆڵ ئەمان دەکەوێ کە عاقلەی بکوژەکەن، هەروەها شایەتیی دەستەبەر قەبوولّ نیە لەسەر ئەوە کە ئەو کەسەی ئەو زامنیەتی ئەو شتەی لە ئەستۆدا نەماوە کە شایەتەکە بووە بە دەستەبەری، چونکە گومانی ئەوەی لێدەکرێ کە لەبەر رزگار بوونی خۆی لە دەستەبەری ئەو شایەتییە بدا.

٤٠٧) باسی بەندە ئازادکردن:

ئازادکردن لە شەرعا بریتییە لە نەهێشتنی خاوەنێتی لە نادەمیزادا لەبەر رەزای خوای گەورە. بەندە ئازادکردن سوننەتێکی گەورەیە بەپێی قورئانو سوننەتو یەکگرتنی نەتەوە. زاتی مەزن دەفەرموێ: {فَكُّ رَقَبَةٍ – سورة البلد – ١٢/٩٠}. لە صەحیحی

موسلیمدا دهفهرموێ: حهزرهت (درووده خوای لهسهربێ) دهفهرموێ: ههرکهسێ کۆیلهیێ ئازاد بکا، خودای گهورە لە جیاتیی هەر ئەندامێکی ئەو بەندەیە ئەندامێکی ئەو کەسە ئازاد کەرە لە ئاگری دۆزەخ ئازد دەکا، تەنانەت دامەن و شەرمگای لە جیاتیی دامەن و شەرمگای ئازاد دەکا. چونکە بە راستی کۆیلەیی کۆت و بەندی کەساسی و داماوییە. ئازادیش کلیلی کردنەوەی گرێ کوێرەی ئەو کۆت و زنجیرەیە، جا لەبەر ئەوە دادەنرێ بە گەورەترین تاعەتێ کە بەندە نزیك بکاتەوە و بە گەورەترین بەهرە.

٤٠٨) مەرجی دامەزراندنی ئازادکردن:

بۆ دامەزراندنی بەندە ئازادکردن مەرجە کە ئازادکەر مافی تەواوی لە گەردان پێکردنی سامانی خۆیدا هەبێ، ئیتر چ موسوڵمان بێ، یا پەیماندارێ، یا بێبڕوای جەنگی بێ چون یەکە، چونکە گەردان کردنە بەماڵ لەکاتی ژیانا، لەبەر ئەوە لەشت بەخشین دەچێ.

ئازادکردن بە گوتەی رۆشن (لەفظی صەریح) بە رەهایی دادەمەزرێ، بە گوتەی بە مەعنایش دادەمەزرێ، لەگەڵ مەبەستی ناو دڵدا. گوتەی رۆشن وەك ئەوە بە بەندەی خۆی بڵێ: ئەوا تۆم ئازادکرد، یا تۆ ئازاد کراوی، یا ئەوا تۆم سەبەرست کرد، یا تۆ سەربەستو خاوەنی خۆتی، لەکاتی وادا تەنیا بە گوتنی ئەم گوتەیە ئەو بەندەیە سەربەستو ئازاد دەبێ، با مەبەستیشی بەو قسەیە ئازاد کردنیشی نەبێ. چونکە ئازادکردن خوای بەراست بێ یا بە گەمەبێ وەك یەك دادەمەزرێ، وەك لە فەرموودەدا وا دەفەرموێ:

گوتەی:

بە واتایش وەك ئەوە پێی بڵێ: تۆ لە ملکی من دەرچووی، تۆ لە ژێر رکێفی منا نەماوی، رێگەی دەستەڵاتی من بەسەر تۆدا نەماوە، تۆ بووی بەهی خودا. یا وێنەی تری ئەم گوتەیانە. پاڵفتەی گوتە گوتەی بە واتا ئەوەیە کە ئازادکردنو شتی تریش هەڵبگرێ، جا لەکاتی گوتنی گوتەی وادا ئەگەر مەبەستی ئازادکردن بێ بەندەکە ئازاد دەبێ، دەنا ئازاد نابێ.

٤٠٩) ئازادکردنی بەشێ لە بەندە:

دروستە کە مرۆڤ بەشێ لە بەندەیێ ئازاد بکا وەك دروستە هەمووی ئازاد بکا، بەڵام ئەگەر بەشێکی ئازاد بکا ئەوا هەمووی لەسەر ئەم دەستوورەی دواوە ئازاد دەبێ، بەڵگەی ئەم بڕیارەیش ئەم فەرموودانەیە: جارێ پیاوێ پشکی خۆی لە بەندەیەکا ئازاد دەکا، کە ئەمە دەگێڕنەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودا هاوبەشی نیە. (ئەبو داوود گێڕاویەتەوە) لە گێڕانەوەیەکا: ئەو بەندەیە سەرتاپا ئازاد بووە. جا هەر کاتێ هاوبەشێ پشکی خۆی لە بەندەیەکا ئازاد بکا ئەوە تەماشا دەکەین، ئەگەر ئازادکەرەکە لەکاتی ئازادکرنەکەدا دەوڵەمەند بوو، ئەوە پشکی هاوبەشەکەیشی دەقەبڵێنرێ بە پارەو بەندە کە بە تەواوی ئازاد دەبێو دەبێ ئازادکەرەکە پارەی پشکەکەی هاوبەشەکەی بدا پێی، بەڵام ئەگەر نەدارابووئەوە پشکەکەی ئەو ئازاد دەبێ، ئەوی تری بە بەندەیی دەمێنێتەوە. بەپێی ئەم فەرمایشتەی

{دروودی خوای لەسەربێ}: ئەوەی بەشی خۆی لە بەندەیێ ئازاد بکا لە سەریەتی کە هەمووی ئازاد بکا، ئەگەر ئەوەندەی ماڵ هەبوو کە بەشی ئەوە بکا، بەڵام ئەگەر ئەوەندەی ماڵ نەبوو ئەوە هەر ئەو بەشەی ئازاد دەبێ کە ئازاد کراوە. (شەیخان) لە گێڕانەوەیەکا: ئەگەر ئازادکەرەکە دەوڵەمەند بوو تەواوی پشکەکانی بەندەکە دەقەبڵێنرێو دەبێ بە ماڵ لەسەر هاوبەشە ئازادکەرەکەو هەر هاوبەشەی بەهای بەشی خویی پێ دەداو بەندەکە بە تەواوی ئازاد دەبێ.

٤١٠) ئازادکردنی بنەچەو وەچە:

هەر کەسێ بوو بە خاوەنی بنەچەی خۆی با دووریش بێ، یا بوو بە خاوەنی وەچەی خۆی با بەرەو خواریش بێ، ئەو بنەچەیە، یا ئەو وەچەیە یەکسەر ئازاد دەبێ، بەڵگەی ئازاد بوونی بنەچە ئەم فەرمایشتەیەتی {دروودی خوای لەسەربێ}: کەس لە چاکەی بنەچەی خۆی دەرناچێ، مەگەر کەسێ کە بنەچەکەی کۆیلەبێو بیکڕێو ئازادی بکا. (م/ د/ ت/ ن/ تاج – ٣ ل – ٣٧). وەکی تریش بنەچەو وەچە پارچەی یەکترینو خوێن تێکەڵن، لەبەر ئەوە دروست نیە کە ببن بە خاوەنی یەکتری، چونکە دەق وەك ئەوە وایە کە پارچەیێ لە کەسێ ببێ بە خاوەنی پارچەیەکی تری ئەو کەسە خۆی. بەڵگەی ئازادبوونی وەچەیش لەکاتی وادا ئەم ئایەتەیە: {وَقَالُوا اتَّخَذَ اللهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ – سورة الأنبياء – ٢١/٢٦} واتە: دەڵێن: خودای میهرەبان منداڵی هەیە، خودای پاكو پیرۆزە لە شتی وا زۆر دوورە،

بەڵکوو ئەوانەی کە ئەوان بە هاوەڵو منداڵی خودایان دادەنێن، وەك عوزەیرو عیساو فریشتە، بەندەی بەڕێزی نازداری خودان) ئەم ئایەتەی تریشە کە دەفەرموێ: {وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا – سورة مريم – ٩٢/١٩} ئەوەتا ئەم دوو ئایەتە بەڵگەن لەسەر ئەوە کە باوك‌و فرزەندی‌و ملکایەتی کۆنابنەوە.

٤١١) سەرداریی (الولاء)

سەرداری بە عەرەبی پێی دەگوترێ (الولاء)، لە مووالاتی عەربی وەرگیراوە، کە بڕێتییە لە کۆمەکی‌و یارمەتیدانی یەکتری، وەکوو بڵێی کۆیلەکە یەکێ بێ لە خزمەکانی ئازاد کەرەکەی.

لە شەرعیشا سەرداریی بڕێتییە لە باوەنێتی (عەصەبەیی) لە پلەی دووەما، لە پاش باوەنێتیی بنەچە کە پلەی یەکەمی خزمایەتی‌و کەسێتییە. واتە: هەرکاتێ ئازاد کراو خزم‌و کەسوکاری باوانی نەبوو، ئازادکەرەکەی یا نێرینەی باوانی ئازادکەرەکەی، لەم چەند شتەدا، لە جێی باوانی دەبن:

١) کەلەپووری ئازاد کراوی بێ باوان دەدرێ بە ئازادکەرەکەی، لەپاش ئەو دەدرێ بە نێرینەی باوان (عەسەبە)ی ئازاد کەرەکەی.

٢) ئەو خوێنەی دەکەوێتە سەر خزمی نزیك (عاقلە) دەکەوێتە سەر ئازادکەرو نێرینەی باوانی ئازادکەر.

٣) بـه شـوودانی ئـازادکراوی بـێ بـاوان مـافی ئازادکـەرو نێرینـەی باوانیەتی.

٤) ئازادکـەرو نێرینـەی بـاوانی لـه پێـشترن بـۆ نوێـژی مـردوو لەسەری.

لـه عەرەبیـدا مـەولا (کـه بـەواتا سـەرداره) نـاوه بـۆ ئازادکـەرو بـۆ ئازادکراویش.

سەر بەلگەی دامەزراندنی سەرداریش لـەپاش سوننەت کۆدەنگی‌و یەکگرتنـه. سـەرداریی یەکێکـه لـه مافـەکانی ئـازادکردن، بـەپێی فەرمایشتەکەی (دروودی خوای لەسەربێ): سەرداریی‌و هەقداریی هی ئەو کەسەیە کە ئازاد کراوەکەی ئازاد کردووه (ش/ د/ ت/ ن/ تا: ٣ ل – ٣٩).

سەرداریی لە بڕیاردا رێك وەك بڕیاری بوون بە باوان (عەصەبە) وایە، ئەگەر ئازادکەر نەبوو سەرداریی دەبێ بـه مـافی بـاوانی ئازادکـەر، مافی میراتبەرەکانی تری پێوه نیه. چونکه خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) دەفـەرموێ: رشـتەی سـەرداریش لـه نێـوانی ئازادکـەرو ئـازادکراودا وەك رشتەی بنەچە وایە کە بە تان‌و پۆی خزمایـەتی‌و خوێشایەتی چـنراوه، لەبـەر ئەوەیـه کـه سـەرداریی نـه دەفرۆشرێ‌و نـه دەبەخـشرێ‌و نـه بـه کەلـەپوور دەگـیرێ. (ئیبنـو خوزەیمـەو ئیبنـو حـەببان‌و حـاکم گێڕاویانەتەوه).

جـا ئەگـەر بـاوان بڕێتـی بـوون لـه کوڕێـك‌و لـه کـوڕی کـوڕێ، سەرداریی هینی کوڕەکەیە، یـا ئەگـەر ئازادکـەر بـاوك‌و برایـەکی هـەبوو، سەرداریی هی باوکەکەیە، رێك وەك دەستووری باوان لە کەلەپووردا.

بەهۆی سەردارییەوە ژن کەلەپوور وەرناگرێ، مەگەر ژنێ کە خۆی ئازادکەربێ، چونکە دەفەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: سەرداریی بۆ ئەو کەسەیە کە بەندەکە ئازاد دەکا. جا ئەگەر ئازادکەر ژن بوو، وە مرد مافەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ نزیکترین کەسی لە باوانی.

فرۆشتنی سەرداریو بەخشینی دروست نیە چونکە پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} پێشکیریو نەیی کردووە لە فرۆشتنی سەرداریيو لە بەخشینی.

٤١٢) بەندە ئازادکرن لە پاش مردن (التدبیر):

تەدبیر لە زمانی عەرەبدا دووربینیکردنە لە سەرەنجامی کاروباردا، لە شەرعا هەڵسپاردنو بەستنی ئازادبوونە بە مردنەوە، ئەم جۆرە یاسایە لە سەردەمی نەزانیشدا لە پێش هاتنی ئیسلام دا باو بووە، لەبەر ئەوەی کارێکی پەسەندە ئیسلامیش پەسەندی کردو بڕیاری مانەوەی داو پووچی نەکردەوە، کۆچکارانو یاریدەدەران گەلێکیان بەندەی خۆیان لە پاش مردنی خۆیان ئازاد دەکر، عائیشەیش {رەزای خوای لێبێ} کە نیزەکێکی هەبوو، ئازادی کرد، بە مەرجێ لە پاش مردنی خۆی ئازاد ببێ. موسوڵمانان بە یەکگرتنو بەکۆی دەنگ بڕیاریان لەسەر ئەم مەسەلەیە داوە.

ئەومنـدە هەیـە ئـازادکردنی پـاش مـردن نابـێ بـەهۆی نـەمانی خاومنێتی هەتا خاومنەکەی مابێ، بـەڵکوو ئاغاکـەی بـۆی هەیـە گـەردان)تصرف)ی تەواو لە بەندەی پاشەمەرگە (مودەببەر)دا بکا، بەڵگـەی ئـەم بڕیارەیش ئەم فەرموودەیە کە جابیر {رەزای خوای لێبێ} دەیگێڕێتەوە: پیـاوێ لـە یاریـدەدەرانی حـەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} کـە نـاودارن بـە ئەنـصار خوڵامێکی هەبوو، ئازادی کرد بەمەرجی ئـەوە کـە لـەپاش مردنـی خـۆی ئـازاد ببـێ، پیاوەکـە هـیچ مـاڵێکی تـری وای نـەبوو: جـا کـە ئـەم باسـە گەیشتەوە بە حەزرەت {درووەد خوای لەسەربێ} فـەرمووی: کێ ئـەم خوڵامـەم لێ دەکڕێ؟ نوعەیمی کوڕی عەبدوڵڵا لێی کڕی بـە هەشت درەم، پێغەمبـەر {درووەد خوای لەسەربێ} پارەکەی وەرگرتو دای بـە خاوەنەکـەی (ش/ د/ ت/ ن/ تـاج — ٣ ل — ٤١) لـە گێڕانـەوەی شـافیعیدا دەفـەرموێ: نـوعیمی کـوڕی نەححام لێی کڕی. بەڵام ئایا خاومنەکەی بۆی هەیـە کـە هـەر بـە قـسەی رووت لـەم جـۆرە ئازادکردنـە پەشـیمان ببێتـەوە یـا نـا؟ دوو فەرمایشت هـەن لـەم بارەیـەوە، فەرمایـشتی دروست دەفـەرموێ: بـۆی نیـە کـە بـە قـسەی رووت لێـی پەشـیمان ببێتـەوە، وەك ئـەوە بڵـێ: ئـەوا ئـەم پاشـەمەرگییەم هەڵوەشاندەوە، بـەڵکوو دەبـێ بـە گـەردان لێی پەشـیمان ببێتەوە، وەك فرۆشتنو بەخشین. پاشە مەرگی واتە: تەدبیر.

٤١٣) نامەنووسی (الكتابة):

نامەنووسی: یـا کاغـەز پێـدان، یـا کیتابـەو موکاتەبـە لـە شـەرعا ئەومیە: بەستنی ئازادکردنـە بـە سیفەتێکەوە کـە ئـاڵوگۆڕو ئاڵشتکردن بگەیەنێ. سوننەتێکی گەورەیە ئەگەر لەسەر داخوازی بەندەکە بێ، بـەم دوو مەرجە:

یەکەم: بەندەکە ئەمیندارو راستاڵ بێ.

دووەم: توانای کاسپی کردنی هەبێ. زاتی مەزن دەفەرموێ: {فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا - سورة النور - ٣٣/٢٤} واتە: ئەو بەندەو کەنیزەکانەتان کە دەیانەوێ نامەنووسییان لەگەڵدا بکەن داخوازییەکەیان جێبەجێ بکەن، بەمەرجێ ئومێدی خێریان لێ بکەن.

پێشەوا شافیعی {رەزای خوای گەورەی لێبێ} دەفەرموێ: مەبەست لە (خێر) لەم شوێنەدا توانای کاسپی کردنو ئەمیندارییە، چونکە کاسپی نەکەر توانای دانی وەجەڵە دیارییەکەی نیە، نا ئەمینداریش جێگەی متمانە نیە کە بەڵێنی خۆی بباتەسەر.

٤١٤) مەرجی دامەزرانی نامەنووسی:

مەرجی دامەزرانی نامەنووسی ئەوەیە کە ماڵەکە دیاری بکرێ، ماوەی دانەکەیشی دیاری بکرێ، چونکە دیاری نەکردنی ئەم دوو شتە مایەی دەستەشکێنیو تێشکان (غەرەر)ە، ئەوەیش سەر دەکێشێ بۆ هەراو کێشەو بەرە. ئەو ماڵەی کە لە نامەنووسیدا لە نێوانی ئاغاو بەندەدا بڕیار دەدرێ نابێ لە دوو بەشی دیاریکراو کەمتربێ، وەك ئەوە ئاغا بە بەندەکەی بڵێ: وا نامەنووسیم لەگەڵدا کردی لەسەر سێ سەد دینار، کە بەسێ بەش بیدەی پێم، هەر بەشەی سەد دینار بێ، ماوەی هەر بەشەی دوو مانگ بێ، هەر کاتێ ئەم پارەیەت بۆم هێنا ئازادبە. ئیمامی عەلی {رەزای خوای لێبێ} دەفەرموێ: نامە نووسی لەسەر دوو پشکیش دەبێ، دەبێ بەندە کاغەز پێدراوەکە پشکەکانی سەری بە تەواوی بدا ئەوسا ئازاد دەبێ!.

جارێ عوسمان (رەزای خوای لێبێ) لە بەندەیەکی خۆی تووڕە بوو، ویستی تەمێی بکاو سزای بدا پێی فەرموو: دەبێ لەسەر دوو پشك نامەنووسیت لەگەڵ بکەم. دەی ئەگەر لەسەر کەمتر لە دوو پشك دروستبووایە وای دەکرد چونکە پشکەکان هەتا کەمتر بوونایە تۆڵەو سزاکە زیاتر دەبوو، بەڵام زانا شەرعزانەکان بە یەك دەنگ دەفەرموون: دروستە پشکەکان لە دوو پتربن.

٤١٥) گرێدانی نامەنووسی:

گرێدانی نامەنووسی بۆ بەندە لە عوقدی جائیزەیە، واتە: لە گرێبەندە دروستەکانە، چونکە گرێدانەکە لە شانسی ئەوە، لەبەر ئەوە بۆی هەیە کە هەڵی وەشێنێتەوە، بەڵام بۆ ئاغا (سَیِّد) لە عوقودی لازیمەیە، واتە: لە گرێبەندە نەگۆڕەکانە لەبەر ئەوە مافی ئەوەی نیە کە هەڵی وەشێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئاغا ئەوەی بۆ هەبێ کاغەز پێدراو (مکاتب) متمانەی پێ ناکاو لە رزگاربوونی خۆی لە کۆتی کۆیلەیی دڵنیا نابێ، لەبەر ئەوە پشتی سارد دەبێتەوە لە کاسپی کردن[1].

---

[1] تێبینی/ عوقوودی جائیزە ئەوەیە گرێدەر هەتا کاتی جێبەجێ کردنی بۆی هەبێ هەڵی وەشێنێتەوە، بە کوردی ناوی دەنێین: گرێدانە دروستەکان، عوقوودی لازیمەیش ئەوەیە عەقدەکە بە تەواوی دامەزرابێ، عاقید بۆی نەبێ هەڵی بوەشێنێتەوە. بە کوردی واتە: گرێدانە دامەزراوەکان. زراراوەی کوردی لە هەموو بابەتێکا زۆری ماوە هەتا بە تەواوی برسکی و بچسپێ و جێی خۆی بگرێ.

٤١٦) گەردانکردنی کاغەزپێدراوو ئاغا:

هەرکاتێ گرێدانی نامەنووسی سازدرا کاغەز پێدراو خۆی خاوەنی بەرهەمی رەنجەشانی خۆیەتیو قازانجی کاسپییەکەی بۆ خۆیەتی، لەبەر ئەوە بۆی هەیە شت بفرۆشێو شت بکرێو شت بدا بە کرێو شتی تری لەم بابەتە ئەنجام بدا. پێویستە لەسەر ئاغا، هەرکاتێ نامەنووسییەکە بە تەواوی دامەزرا، شتێ لە پشکەکانی سەر نامە پێدراو دابشکێنێ، یا لەلای خۆیەوە شتێکی پێ بدا تا بتوانێ پشکەکانی سەری بە ئاسانی بدات. چونکە زاتی مەزن دەفەرموێ: {وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ – سورة النور – ٣٣/٢٤} واتە: وە بدەن بەو کاغەز پێدراوانە هەندێ لەو مالّی خودایە کە داوێتی بە ئێوە. فەرمان لەم ئایەتەدا بۆ پێویستبوونە. ئەندازەی ئەو پێویستبووە کە پێی دەدرێ دوو قسەی لێ دەکرێ:

یەکەمیان دەڵێ: بەپێی زۆریو کەمیی پشکەکان ئەندازەی بۆ دادەنرێ، لە کەم کەمو لە زۆر زۆر، رێك وەك مافی موتعەکە دەدرێ بە ژنی تەلاق دراو، ئەندازەکەی بەپێی دەوڵەمەندیو دەستکورتی تەلاقدەر بڕیار دەدرێ.

دووەمیان دەڵێ: ئەوەندە بەسە کە پێی بگوترێ مالّ، چونکە یەزدانی پاك بۆ مەسەلەی کاغەز پیدان، ئەندازەی بۆ یارمەتیدانەکە دانەناوە، بەپێچەوانەی موتعەوە، لە بارەی موتعەوە دەفەرموێ: {وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ – سورة البقرة – ٢٣٦/٢} بەڵام سوننەتە ئەو ئەندازەی کە لە ماڵەکە دادەشکێنرێ:

چواریەکی ماڵە بڕیاردراوەکەبێ. پێشەوا عەلی {رەزای خوای لێبێت} دەفەرموێ: ئەو ئەندازەیەی کە ئەم ئایەتە فەرمان دەکا بە داشکاندنی لە پشکەکان چواریەکە، واتە ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: {وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ ➡}.

بزانن:

کە کاغەزپێدراو نەخۆی نە هیچ شتێك لێی ئازاد نابێ، هەتا یەك درەمی لەسەر بمێنێ چونکە خۆشەویست {دروودی خوای لەسەربێ} دەفەرموێ: کاغەز پێدراو هەتا یەك درەمی نامەنووسی لەسەر بمێنێ هەر بەندەیە. (ئەبو داوود گێڕاویەتەوە).

٤١٧) دایکی منداڵ (ئوممولوەلەد)

لە زاراوەی شەرعی شەریفا دایکی منداڵ پێی دەگوترێ: ئوممووەلەد، یا (الامة المستولدة).

جاهەر کاتێ ئاغای ئازاد چووە لای کەنیزەکی خۆی، وەسکی پرکرد، ئەو منداڵە بە ئازادی لە دایك دەبێ، وە کەنیزەکەکە دەبێ بە دایکی منداڵ، بە مردنی ئاغاکەی ئازاد دەبێ، تەنانەت ئازاد بوونی دەخرێتە پێش دانەوەی قەرزی سەر مردووەکە.

کاتێ ماریەیەی قیبطییەی دایکی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر ئیبراهمی بوو، پێغەمبەر {دروودی خوای لەسەربێ} فەرمووی: منداڵەکەی ئازادی کرد. (ئیبنو حەزم بەرشتەیەکی دروست گێڕاویەتەوە) لە

فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ (دروودو خوای لەسەربێ): یەکێ لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی هاتنی قیامەت ئەوەیە کچی کەنیزەك دەبێ بە ئاغای. ئەوەتا بەپێی ئەم فەرموودەیە منآڵ لەکاتی وادا لە جێگەی باوکیەتی، باوکیشی نازادە، کەواتە ئەویش نازادە، دەی کاتێ چەسپا منآڵ نازادە نازادی بۆ دایکیشی دەچەسپێ، ئیتر فرۆشتنو بەخشینو بارمتەکردنی ئەو دایکی منآڵە نادروست دەبێ، هەروا دروست نیە کە بکرێ بە راسپێری، واتە بە وەسێت کە پاش مردنی ئاغای بکرێ بەخێر. ئەمانەیش بەپێی ئەم فەرموودەیە: ئیبنو عومەر (رەزای خوایان لێبێ) دەفەرموێ: پێغەمبەری خودا (دروودو سڵاوو رەحمەتی خوداو گەورەی لێبێ) پێشگیریو نەیی کردووە لە فرۆشتنی ئەو کەنیزەکانەی کە لە ئاغاکانیان منآڵیان بووە، کە پێیان دەگوترێ: (أمهات الاولاد: دایکانی منداڵان)وە دەفەرموێ: دایکی منآڵ نە دەفرۆشرێو نە دەبەخشرێو نە بە کەلەپوور دەگیرێ، دەبا خاوەنەکەی لە ماوەی ژیانی خۆیدا خۆشی لێ وەرگرێو لەگەڵی رابوێرێ، جا هەرکاتێ ئەو مرد دایکی منآڵەکەی یەکسەر نازاد دەبێ (داره قوطنی / بەیهەقی). ئاغای دایکی منآڵ مافی خۆیەتی کە خزمەتی خۆیی پێ بکاو لەگەڵی دروست ببێ.

بڕانە:

منآڵی دایکی منآڵ ئەمە حاڵیەتی:

١) ئەگەر منآڵەکەی لە ئاغاکەی بوو، ئەوە بەبێ راجیایی منآڵەکەی نازادە، رێك وەك باوکی.

٢) ئەگەر لە مێردی بوو، یا هی داوێنپیسی بوو ئەوە بڕیاری دایکەکەی هەیە، چونکە منالّ لە ئازادیو کۆیلەییدا دەبێ بە پاشکۆی دایکی.

٤١٨) تۆێگەریی (تەشریح) لەم چاخەدا کارێکی پێویستە لەبەر ناچاری:

لە گۆڤاری (البحوث الاسلامیة)دا، کە لە (ریاض) دەردەچێ دەڵێ: شەریعەتی ئیسلام دەستوورو یاسایەکە کە خودای داناو زانا پیادەی کردووە، کە ئاگایەکی تەواوی لەبەرو دوای هەموو شتێ هەیە، خوای ئەو شتە لەمەوپێش بووبێ، یان لەمەو پاش ببێ، خوای گەورە ئەم شەریعەتە مەزنەی ناردووە بۆ ئێمە بەهۆی کەسێکەوە کە چاکترینی سەرجەمی دروست کراوانەو دواترینی هەموو پێغەمبەرو رەوانەکراوانە.

خودای داناو زانا زۆر بەجوانی ئەم شەریعەتەی لەسەر چەند بنەمایەکی رێك و پێك و لەسەر چەند یاساو ئاواو دەستوورێکی گشتی بەرنامە رێژی کردووە، مەبەستە بەرزە گشتییە نازدارەکان لەناویاندا رەنگ دەدەنەوە، لەبەر ئەوە بووە بە سیستەمو بەرنامەیەکی یاسایی گشتی هەمیشە زیندووی وا کە دەست بدا بۆ گشت چینو کۆمەڵو تاقمێ لە کۆمەڵانی خەڵك، لە هەموو کاتو چاخو جێگەو شوێنێکا بەبێ جیاوازی.

له راستیدا زۆر له نموونەو شێوەکارو مەسئەله جووزئییەکانو گەلێ لەو رووداوانەی کە بەرودوا رۆژانە روو دەدەن، لە قورئانو سوننەتدا دەقی رۆشن لە بارەیانەوە نەهاتووە، رەنگە لەبەر ئەوەبێ لەمەوپێش نەبووبن، لەبەر ئەوە پێشینانە باشەکانی ئێمە لەو بارەیەوە بڕیاری زانراویان نیە. بەڵام ئەوەی کە یەک دەنگ گومانی تیادا نیە ئەوەیە: کە هەموو پرسو مەسەلەو بابەتێ، بڕیاری خودا لە بارەیەوە هەیە، ئەو بڕیارە بەریەکێ لە یاسا دامەزراوە شەرعییە گشتییەکان دەکەوێ. لە ئەنجامدا زانایانی ئیسلام، لە ئەنجامی کۆششێکی پیرۆزدا پەی بەو بڕیارە دەبەن!

یەکێ لەم جۆرە بابەتانە بابەتی تۆێکاریی لاشەی مرۆڤی مردووە، کە لە بارەیەوە دەقێکی تایبەت نیە، لەبەر ئەوە ئەمیش دادەنرێ بە یەکێ لە بابەتە نوێکان کە رۆژ بە رۆژ سەر هەڵ دەدەنو وەک دیاردەیەکی تازە روو دەدەن. دیارە کە مەسەلەی تۆێکاریش بەریەکێ لە یاسا دامەزراوە گشتییەکانی شەریعەت دەکەوێ، چونکە وەک زانراوە شەریعەتی ئیسلام بەرنامەیەکی تەواوی دامەزراوی هەیە، بۆ هەموو کەسێ، لە گشت کاتو ساتو جێگەو شوێنێکا دەست دەدا، وە گشت بابەتو پێشهاتێ لەخۆ دەگرێو بۆ گشت کارێ چارەسەری خۆی هەیە. هەر لەبەر ئەمەیە کە پێغەمبەری خودا {درووەد خوای لەسەربێ} کراوە بە دواترینی پێغەمبەرانو بووە بە مایەی میهرەبانیو رەحمەت بۆ هەموو جیهان. بەڵگەی ئەم راو بۆچوونە ئەم ئایەتانەیە لەگەڵ چەندین فەرموودەدا. خودای مەزن دەفەرموێ

{وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا - سورة مريم - ١٤/١٩} (واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! خودای تۆ قەتو قەت فەرامۆشکار نەبووەو هەرگیزاو هەرگیز هیچی لەبیر ناچێ) لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: {رُسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا - سورة النساء - ١٦٥/٤} واتە: ئەم زاتانە رەهبەرانی خودا بوون، پێغەمبەری راستو دروست بوون، مژدەبەخش بوون بۆ ئەوانەی کە فەرمانی خودا پەسەند دەکەن، وە ترسێنەر بوون بۆ ئەوانەی کە سەرکێشی دەکەن لە فەرمانی خودا، حیکمەتی ناردنی ئەم رەهبەرانەیش ئەوەیە: کە لە رۆژی قیامەتدا مەهانە نەمێنێ بۆ مەردومو رێگەی ئەم جۆرە بیانووەیان نەمێنێ کە بڵێن: خودایە! خۆت دەزانی کە ئێمە نەزانو بێ ئاگا بووین، کەسێ فەرمانی تۆی پێ رانەگەیاندووین هەتا پەیڕەویمان بکردایە، وە یەزدانی مەزن هەمیشە بالادەستو کار دروستە). لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: (الیوم أکملت لکم دینکم وأتممت علیکم نعمتی ورضیت لکم الاسلام دینا - مائیده - ٣/٥) واتە: ئەمڕۆ من دەستووری ئایینی ئێوەم بە تەواوی تەواوکرد بۆتانو، نازو نیعمەتو بەهرەی بێ پایانی خۆم رژاند بەسەرتاندا، وە ئایینی پیرۆزی ئیسلامم هەڵبژارد بۆ ئێوەو کردم بە ئایینتان). پێغەمبەری ئازیزیش {دروودو سڵاوی خودای گەورەی لەسەربێ} دەفەرموێ: کەس بەقەد یەزدان عوزر خوایی پێ خۆش نیە، هەر لەبەر ئەم حیکمەتەیە کە ئەم پێغەمبەرو فروستادەو رابەرانەی رەوانە کردووە هەتا ببن بە مژدەبەخشو بە

ترسێنەر! (واتە: ڕەوانەکردنی ئەم پێغەمبەرانە بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیارەکانی خودا لە بارەی هەموو شتێکەوە بیانو مەهانەو عوذر بۆ کەس ناهێڵێ کە سبەینێ بڵێ: ئێمە بێ ئاگابووین و یاساکانی شەریعەت بەئێمە نەگەیشتبوون دەنا پابەندیان دەبووین. لە ئەصڵەکەدا نووسراوە: (لا أحد أحب اليه القدر من الله...) بەڵام وا دەزانم ئەوە هەڵەی چاپە. چونکە دەقی ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی موسلیمدا ئاوایە (وليس أحد أحب اليه العذر من الله من أجل ذلك أنزل الكتاب وأرسل الرسل) بڕوانە صەحیحی موسلیم بەرگی ١٧ ص ٧٨ عومدەتولقاری ج ٢٠ ص ٢٠٦ + ج ٢٥ ص ٢٠٨ + تاج الاصول ج٢ ص ٣٣٢ + تاج ج٤ ص ١١٨، تاج/ ٣ ل — ١٤٣. ڕەمزی (ل) نیشانەی لاپەڕەی تەرجەمە کوردییەکەی تاجە — وەرگێڕ).

جا پاش ئەم ڕێگا خۆش کردنە دەڵێین:

دیارەکە بابەتی تۆێکاریش بەرییەکێ لە یاسا دامەزراوەکانی شەریعەت دەکەوێ، وە یەکێ لە بەرژەوەندە بایەخدارە گشتییەکانی شەرعی خوایگرێتە خۆ، وە لەشەریعەتدا نموونەو هاو وێنەی تری هەیە، کە شەرعزانەکان رای خۆیانیان لە بارەیانەوە ڕاگەیاندووە، گەرچی مەرج نیە رای شەرعزانەکان لە هەموو بابەتێکدا یەکسان بێ، بەڵکوو راجیایی مایەی ڕەحمەتە بۆ ئەم ئوممەتە. دیارە کە شتی وا خوا یاربێ دەبێ بە چراوگێ، ڕێگەی تۆێژەرەوە لە بارەی تۆێگەرییەوە ڕوون دەکاتەوە، هەتا ڕووی ڕاستی لەم بابەتە نوێیەدا بپێکێ، کە ئایا بڕیارەکەی چییەو چی نیە.

یاسایەکی هەمەگری شەریعەت هەیە کە مەبەستە بەرزە گشتییەکانی بەرنامەکەی خودا رەچاو دەکا، دەڵێ: هەر کاتێ دوو بەرژەوەندی شەرعی بەرابەری یەکتری وەستان کامیان بەهێزتربێ کار بەوەیان دەکرێو بەهێزەکەیان پێش دەخرێ، وە هەر کاتێ دوو مایەی خراپە بەرابەری یەکتری وەستان، کار بە سووکەڵەکەیان دەکرێ، هەتا پارێز لە خراپترینەکەیان بکرێ!.

جا بەهەرحاڵی بێ بابەتی تۆێگەریی بەر ئەم دەستوورە دەکەوێ، چونکە بەرژەوەندی رێز گرتنی مردووەکە، خوای موسوڵمانبێ یا نا موسوڵمان، لەگەڵ بەرژەوەندی کەسوکارەکەیو بەرژەوەندی نەتەوەو گومانبار (متهم) لەکاتی هەبوونی گومانیو تۆمەتدا بەرابەر دەوەستن، جا گەڵ جار بەهۆی تۆێکارییەوە دەردەکەوێو کە تاوان لە نارادا هەیەو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا تاوانبار دەردەکەوێو بە سزای رەوای شانی دەگاو دەبێ بە پەندو عیبرەت بۆ کەسانی تریش کە لە تاوانی وا بە دوور بن دەنا هەمان تۆڵە بۆ ئەوانیش ئامادە کراوە گەڵ جاریش تۆێگەریی لاشەی مردووەکە دەری دەخا کە کابرا بە مردنی ئاسایی مردووە، گومانبار بێ تاوانە وە گومنبار بێ تاوانە. جا لە ئەنجامی ئەم ئەنجامانەدا کەسوکارو گومانبارو مەردوم سەرجەم بەرژەوەندیان دەپارێزرێ. لەکاتی تۆێگەریشدا بۆ دۆزینەوەی ماکی ئەو نەخۆشینەی کابرای پێ مردووە، گەڵ جار دەردەکەوێ کە بەنەخۆشینێکی گوشندەی درەم ئامێز مردووە، جۆری درمو پەتاکە دەست نیشان دەکرێ، بەهۆی ئەوەوە پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی دەکرێو هۆکاری خۆلێپاراستنی

لەباری بۆ ئامادە دەکرێ، شتی وایش دەبێ بەهۆی پاراستنی گیانی خەڵک و سنووری بۆ نەخۆشییەکان دادەنێ و دەبێ بە مایەی پاراژتن و سەلامەتی نەتەوە.

دیارە کە شەرعی پیرۆز بە پەرۆشەوە بانگەواز دەکا بۆ پارێز لە نەخۆشی و، فەرمان دەکا بە خۆتیمارکردن و دەرمان بەکار هێنان بۆ چارەسەری نەخۆشی. کە شتی وا بەرژەوەندی نەتەوە دەپارێزێ و، دەبێ بە مایەی ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ رۆڵەکانی و، رزگاریان دەکا لە مەترسی و کارەسات، بێگومان کە ئەمەیش رێك بەپێی بزافی ئەو یاساو دەستوورو بەرنامە باشانەیە کە خودای گەورە داینا و بەپێی چارەنووس بڕیاری لەسەریان داوە.

٤١٩) فێربوونی تۆکاریی (تشریح):

دیارەو بەڵگە نەویستە فێرخواز هەرکاتێ فێری ئەم بابەتە زانستییانە ببێ، لە زانستی پزیشکیدا، خێرو بێرێکی بێ شومار دەست نەتەوە دەکەوێ. وەك شارەزا بوون لە چۆنێتیی رێکخستنی جەستەی مرۆڤو ئەندامەکانی دەرەوەی و دەسگاکانی ناوەوەی و، جێگەو شوێن و قەبارەیان، خوای ساغ بن یا نەخۆش، وە ئەوە بە کردەوە مەشق لەسەر نەمانە بکاو، بەرە بەرە فێرخواز فێری دۆزینەوەی توشبوونی نەخۆشینەکان ببێ و رێگەچارەی چارەسەرکردنیان بزانێ.

جا هەرکاتێ ئەم دوو بەرژەوەندە بەرامبەر وەستان واتە: بەرژەوەندی پاراستنی رێزی مرۆڤو ئەم کۆمەڵە بەرژەوەندەی نەتەوە

کـه روون کرانـــەوە، ئـــەوە زاناکـــان تەماشـا دەکـــەن: کـــام لـــەم دوو بەرژەوەنـدە دامـەزراوترە، ئەوسـا بـەپێی ئـەوەیان کـە باشـترە بڕیـار دروست دەبێ، خوای بەرکردن بێ یا بە نەکردن.

جا لەسەر ئـەم بنەمایـە بفـەرموون لەگـەڵ رای چـەن زانایـەکی پایە بەرز لەم بارەیەوە.

لە زانای پایە بەرز شێخ حسنین مخلوف) پرسیار کـرا لـە بابـەت بڕیاری توێگەریی لاشەی مرۆڤـی مـردووەوە، ئەمـە وەڵامەکەیـەتی لـە دواوە:

(بـزانن کـە دەرمـانکردنو چارەسـەرکردنی نەخۆشـیو ئـێشو ئازاری لـەش کـارێکی دەوایـە، مایـەی پاراسـتنی بـەرەی ئـادەمیزادە لـە فەوتان، هەتا ئەو کاتو ساتەی کە خـودا دیـاری کـردووە بـۆ مانـەوەی لەسـەر رووی زەوی، بـەپێی چارەنووسـی خـوایی. ئەمـە لـە کاتێکا کـە پێغەمبەر خۆی {دروودی خوای لەسەربێ} دەرمانی بـۆ خـۆی بـەکار هێنـاوە، لـە نەخۆشـینا بـە دەرمـان خـۆی تیمـار کـردووە، وە راسـپێری کەسـوکاری خۆیو موسوڵمانانی تریشی کردووە کە خۆیـان دەرمـان بکـەن، ئـەوەتا دەفـەرموێ {دروودی خوای لەسەربێ}: خۆتـان تیمـار بکـەنو ئەگـەر نـەخۆش کـەوتن دەرمـان بـەکار بهێـنن، چـونکە خـودا هـەر دەردێکـی دانابـێ دەرمانیـشی بـۆ دانـاوە، تـەنیا بـۆ یـەك دەرد نـەبێ کـە پیرییـە، دەردی پیری دەرمانی نیە، تەنیا چاری ئەوەیـە کـە روو لـە خـودا بـیو پـیری ئاخر خێربێ!) (د/ ت/ ن/ تاج/ ٤ ل – ١٩١).

هەروا دەفەرموێ: (درووەد خواد لەسەربێ): لە راستیدا خودای بالاّ دەستو شکۆمەند هەر دەردێکی ناردبێ چارەسەریشی بۆ ناردووە، هەیە ئەوە دەزانێ، هەیشە نایزانێ. ئەوەی وا لەبەر چاو ئەمەیەو هەموو کەسیش دەزانێ کە لەپاش خۆی (درووەد خواد لەسەربێ) یارانیشی هەمان رێبازی پیرۆزی ئەویان گرتووەو دەرمانو تیماریان بەکار هێناوە. کەواتە فێربوونو فێکردنی پزیشکی کارێکی رەوای پەسەندە، بەپێی گوتارو کرداری پێغەمبەر خۆی (درووەد خواد لەسەربێ) بەڵکوو چەند ئایەتێکیش هەیە کە دوور یا نزیک دەبن بە بەڵگەی ئەمە، وەک لە قورئانا هەیە کە رێگە بە نەخۆش دەدرێ کە رۆژوو بشکێنێ، هەتا چارەسەری خۆی بکا، نەبادا دەردەکەی تەشەنە بکاو پەرەبسێنێ!.

هەروەک رێگە بە نەخۆش دەدرێ لە جیاتی ئاو خۆڵی پاک بەکار بهێنێ، نەبادا زامەکەی ئاودز بکا، یا دەردەکەی زیاتر ببێ، یا بە بەکارهێنانی ئاو نەخۆش بکەوێ.

دەی ئەمانە بە گشتی نیشانەی ئەوەن کە خودای یاسا دانەر مەبەستێتی کە مرۆڤ دەرمان بەکار بهێنێو دەردو نەخۆشی چارەسەر بکەنو پارێز لە هەموو شتێ بکەن کە دەبێ بە سەرچاوەی ئێشو ئازار بۆی، بۆ ئەمەیش جیایی نیە لە نێوانی دەرمەوەو هەناوی مرۆڤ دا، واتە: لە نێوانی دیوی دەرەوەو دیوی ناوەوەی جەستەی مرۆڤدا. وەک پێشەوا ئیبنو لقەییم (رەحمەتی خواد لێبێ) لە پەڕاوی (زاد المعاد)دا ئاماژەی بۆ دەکا.

جا لەسەر ئەم بنیاتە هونەری پزیشکی، بە زانست بێ یا بە کردەوە، فەرزی کیفایەیە، پێویستە لەسەر نەتەوە کە دەستەیێ لەم بوارەدا ئامادە بکا، هەتا هەڵسن بەم ئەرکە، دەستووری فەرزی کیفایەیش وایە: ئەگەر جێبەجێ نەکرێ نەتەوە سەرجەم تاوانبار دەبێ، بە نەکردنی ئەو فەرزە.

سەرەڕای پزیشکی هەموو زانستو هونەرو کاروبارێ کە نەتەوە پێویستی پێیان هەبێ، وەك ئەو پێشەسازییانەی کە دەبن بەهۆی مانو گەشەکردنو پێشکەوتنی نەتەوە، ئەمانەیش گشتیان لە فەرزی کیفایەن، یەزدانی یاسادانەر فەرمانی پێ کردوونو بانگەوازیان بۆ دەکاو، هەرهشە دەکا لەوانە کە لەم بوارانەدا کەمتەرخەمی دەکەنو لە رەورەوەی پێشکەوتن بەجێ دەمێنن.

دەی! یەکێ لە سەرەتاکانی هونەری پزیشکی، بەڵگوو یەکێ لە یاسا پێکهێنەرەکانی، تۆێکاریی لاشەی ئادەمییە، لەبەر ئەوە ئەستەمە پزیشك بەبێ پسپۆڕی باش لەم مەودایەدا بتوانێ دەرمانی جەستە بکاو تیماری نەخۆشی بەگشت جۆرە جیاجیاکانیەوە بکا، چونکە لەپێش ئەمەدا گەرەکە لە رێگەی تۆێگەرییەوە، بە گوتارو بە کردار، بە زانستو بە کردەوە شارەزای کونو قوژبنو دەرەوەو ناوەوەی جەستە ببێ، ئەندامەکانیو جمگەکانیان‌و جێگەکانیان‌و چۆنێتیی پەیوەندیی نێوانیان‌و هەموو زانستییەکی تری لەم بابەتە بە باشی فێربببێ‌و مەلەیان تیادا بکا، چونکە پزیشك گەرەکە لەم بوارانەدا مەلەوان بێ، ئەوسا دەتوانێ بەو ئەرگە پیرۆزەوبارە قورسە هەڵبستێ

کە خودا داینـاوە لەسـەری سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی نەخۆشـانو دەرمانکردنی نەخۆشین. بێگومان ئەمە بەڵگە نەویستەو کەس لەمەدا گومانی نیە. ئەوە نابێ بە ڕەخنە ئەگەر کەسێ بڵێ: کەی ئەمە وایـە؟ خۆ لەکۆندا پزیشکی بووەو تۆێکاریش نەبووە، چونکە لە وەڵامی ئـەم جۆرە بەرپەرچدانەوەدا دەڵێین: کـاتو سـات ڕۆڵ دەبینـێ، ئـەوەی لـە کۆندا بووە پزیشکییەکی سەرەتایی بووە، بۆ چاخی خۆی دەستی داوە، چارەسەری دەردە بەرچاوی (ظاهر)ەکـانی کـردووە، ئێمـە قسـەمان لـە پزشـکییەکی فـرە تـەواوە کـە چارەسـەربێ بـۆ سـەرجەمی دەردو نەخۆشییەکان.و لە ڕووبەری لەشو هەناوی تەواو شارەزابێ. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زانستەکان پەرە دەستێنن‌و سات بـە سات زۆر دەبن‌و هۆکارەکان بەرە بەرە گەشە دەکەن‌و پتر دەبن.

دەی کە ئەمە حاڵی تۆێکاریی بێ وەك باسکرا، ئەو بەڵگانەی کـە فێربـوون‌و فێرکردنـی پزیـشکی پێویـست دەکـەن دەبـن بـە بەڵگـەی پێویستبوونی تۆێکاریش.

چونکە یاسایەکی سەرەکی ئوصوڵی هەیـە دەڵێ: کـە یاسـادانەر هەر شتێ پێویست بکا دەبێ بەهۆی پێویستبوونی هەر شتێکی تـریش کە ئەو پێویستە کـە پێویـستیی پێی هـەبێ. وەك ئـەوە خـودا نوێـژی پێویست کردووە بەهۆی ئەوەوە پاکیش کە مەرجی دامـەزرانی نوێـژە پێویـست دەبـێ، دەی مـادام لەسـەر هسـتەیێ لـە نەتـەوە پێویـستە کـە فێـری پزیـشکی ببـێو بـەکاری بهێنـێ، پزیـشکیش بـەبێ تۆێکـاریی

جێبەجێ نابێ، کەواتە پێویستە تۆڵکاریش بەگفتارو بە کردار فێربین.

ئەمانە بەڵگەن لەسە ئەوە کە تۆڵگەریی وەك پزیشکی فێربوون و فێرکردن و پێهەڵسانی دروستە بەڵکوو بەڵگەن لەسەر ئەوە کە تۆڵگەریی فەرزو پێویستە لەسەر پزیشکی پسپۆڕ لە پزیشکیی تایبەت بە مرۆڤ.

وەکی تریش لەهەر شتێکا تۆڵگەریی ببێ بە بەڵگەیەکی رەوا بۆ چەسپاندنی مەبەستێکی رەوای شەرعی ئەوە دروستە، وەك تۆڵکاریی لاشەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی هۆی مردن، کە زۆر جار ئەو کارە دەبێ بەهۆی ساخکردنەوەی تاوان لە ئەستۆی تاوانکارێکا، یا دەبێ بەهۆی بێ تاوانیی گومانبارێ لە رووداوێکی گومان لێکراودا... هەتەد.

بەڵام ئەوەندە هەیە دەبێ ئەم جۆرە بڕیارانە سەرپێیی نەبن و نەبن بەهۆی رووداتی کاری ناهەمواری بێ شەرعی تر.

کورت و پوخت هەرکاتێ دەستەیێ زانای پسپۆڕی خوداناسی خاوەن وەرع و تەقوا فەتوایاندا کە تۆڵکاریی بۆ فیسارە مەبەست دروستە یا پێویستە ئەوە بڕوا بە فەرمایشتەکەیان دەکرێ و کار بە فەتواکەیان دەکرێ.

٤٢٠) بڕیار (حوکم)ی تەئمین:

تەئمینیش وەك تەشریح پێویستیی بە توێژینەوەو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تیرو تەسەل هەیە، ئەمیش چەند بەشێکی هەیە، وەك تەئمین لەسەر مالّو تەئمین لەسەر حەیات. هەتا ئێستا رای شەرعزانە تازەکان لەم بارەیەوە یەك نیە، بگرە زوربەی لێکۆڵەرەوە نوێکان رایان وایە ئەم دوو جۆرە تەئمینە دروست نین، یەکێ لەم زاتانە کە دەفەرموون: تەئمین دروست نیە مامۆستای رەحمەتی شێخ محمد بەخیت مفتی الدیار المصریەی پێشتر، یەکێتریان مامۆستای هەرە مەزن شێخ عبدالرحمن تاج شێخی پێشووی جامیعول ئەزهەرە. کۆمەلّێکیش دەفەرموون: هەموو جۆرێکی تەئمین دروستە بە مەرجێ سەرنەکێشێ بۆ سوود (ربا).

کۆمەلّێکیش دەفەرموون: هەندێ جۆری تەئمین دروستەو هەندێکی نا دروستە. بۆ نموونە مامۆستای پایە بەرز موحەممەد ئەبو زەهرە {رەحمەتی خوای لێبێ} دەفەرموێ: بۆ نموونە تەئمین لەسەر سەیارەو خۆشڕۆ بۆ چاککردنەوەی حەرام نیە، گەرچی هێشتا دڵم لەم بڕیارە چەکەرە دەکا.

بسم الله الرحمن الرحيم

لـه سـهرهتاوه ئهدیبـه عهرهبـهکان، کهویـستیان زاراوه نـوێ ئهوروپاییهکان بکهن به عهرهبی، تووشی بارودۆخێکی وهك ئێستای ئێمه بوون، دهستهیهکیان رایان وابوو که له وهرگهڕانی وشهنوێکاندا زۆر پێی لێهەڵ نهبڕن، وه له جیاتی تهرجهمهکردنی ئهو موفرهداتانه به عهرهبی خودی موفرهداتهکان بهکاربهێنن. بهڵام ههره زۆشنبیرهکانیان گوتیان: نه، ههرچی ئهمڕۆ ڕێخنه بکاته ناو زمانهکهمان ههتا ههتایه شوێنهواری دهمێنێ، شهقڵو شێوازو نازداریو قهشهنگی زمانهکهمان دهشێوێنێ.

له راستیشدا ههروهك چاوی شینو قژی زهردو لێوی ئاڵ لهناو عهرهباندا نامۆن، وشهی ئهوروپیش لهناو زمانی عهرهبیدا ئاوا زهقو ناقۆڵایه. وه ههروهها وشهی بیانیش لهناو زمانی خۆماندا. بۆیه بهندهیش له هونهری وهرگهڕاندا ئهوهندهی بۆم بکرێ پهنا به وشهی کوردی پهتی رهسهن دهبهم.

چونکه دڵنیام لهوه که ئهم بۆره گلهیهی ئێستا ههندێ کهس دهیکهنو دهڵێن: گوایه ئهم تۆندرهویه له تهرجهمهدا کارێکی ناباشه، دڵنیام لهوه که ئهم بۆچوونه ههڵهیهو ئایینده ئهوه دهچهسپێنێ. لهبهر ئهوه گوێ نادهم بهلاقرتیو رهخنهی ئهمو ئهو، ههروهك چۆن زانا دڵسۆزهکانی زمانی عهرهب گوێیان بهشتی وانهدهدا، له ئهنجامدا قسهکهی ئهوانه سهرکهوت که دهیان گوت: عهرهبییهکی پهتی رهسهنی پاك.

ئەمە لەلایەک، وەکی تریش ئەم زاراوە شەرعییانە لە سەرەتای گەشەکردنی شەریعەتی ئیسلامەوە، وەك ئێستا ئاوا دامەزراوو چەسپاوو ناسراوو مەشهوور نەبوون، بە تایبەتی کە رووبەری خاکی ولاتو دەولەتی ئیسلام بەرەبەرە پانو پۆپو فرەوان بوو.

رێ دەکەوت زانایەکی گەورە لە میسر زاراوێکی پێش نیاز دەکرد بۆ بابەتێکی شەرعی، زانەیەکی تر لە شام یا لە عێراق یا لە ئێران بۆ هەمان مەبەست زاراوێکی تری پێشنیاردەکرد، جا بەرە بەرە ئەوزاراوانەشەنو کە وکران، وە کامیان لە بارتر بوو چەسپا، وە ئایەخەکانیان فەوتا، جاروباریش چەند زاراوەیێ بۆیەك مەبەست دەچەسپانو هەروەها زانستەکانی تریش.

سەرەنجام کتێبی شەرع پەیدابوون، گەلێ لە زانا گەورەکان کتێبی فیقهیان دانا، لەمەتن، لە شەرح، لە حاشییەو پەراوێز، بەرە بەرەو رۆژ بە رۆژ زاراوەو عیبارەتو یاسا شەرعییەکان بەرەو پێشتر دەرۆیشتن، هەتا کار گەیشت بەم شێوەیەی ئێستا، لە هەر شوێنی گوترا: (**صلاة الليل، صلاة التهجد، القراض، المهر، زكاة الفطر، الوضوء، الاستنجاء ..تاد**) هەموو کەس وەك یەك تێدەگا، نامۆیی لە واتای ئەم زاراوانەدا نیە. دەی ئومێدەکە ئێمەی کوردیش لەم جۆرە کۆششەدا بەرە بەرە بەرەوپێش بڕۆینو رۆژ بەرۆژ زمانەکەمان بەرەوپێش بەرین.

بەڵێ خوا یاربێ ئەم ئاواتەمان دێتەدی. بەڵام ئەم تەحەفوظە دەکەم. دەڵێن: رۆژێ لە قەراخ حەوزەکەی بیارە، فەقێ شێتە دەرسی تەفسیر لە خزمەت مەلای گەورەی بیارەدا دەخوێنێ، مەلا سەرنج دەدا

فەقێ شێتە ئایەتەکان ناخوێنێتەوە، مەلا دەفەرموێ: فەقێ! ئەوە بۆ ئایەتەکان ناخوێنیتەوە؟ فەقێ دەڵێ: قوربان! لەشم پیسە! مەلای گەورەیش دەفەرموێ: چۆن بە لەشی پیسەوە دەرسی تەفسیری قورئان دەخوێنی؟ ئادەی فەقێینە لەو حەزەی هەڵکێشنو لەشپیسی دەرکەن! فەقێکانیش چوار پەلی دەگرنو لەسەر فەرمانی مەلای گەورە لە حەوزەکەی هەڵ دەکێشن. فەقێ شێتەیش زۆر زیرەك دەبێ، لەناو حەوزەکەوە بە مەلا دەڵێ: قوربان! تۆ لای خۆی مەلای گەورەی بیارەی، نیەتەکە بە دەست خۆمە، نیەت ناهێنم!! دەی ئەوەتا بەس نیەتەکە بەدەس خۆمانە کەچی چوینەتە سەر کەلی شەیتان نیەت ناهێنین!.

جا برام! وابە چاوەوە کەسەر لێشێواو لەم ولاتەی ئێمەدا زۆر زۆرە، گەلێ دەرووی رەحمەت لە گەلی کورد کراوەتەوە، بەڵام بەخودا شەڕە گیرفان وزڕەی دۆلارو دڵسۆزی زۆر زۆری دەرو دراوسێ ناهێڵن نیەت بهێنین. بەڵام خوا شایەتە کە ئەمجارە ئەم دەرووی رەحمەتە کەسانێ دای دەخەن کە خۆیان بە رۆشن بیر دەزانن، کە خۆیان بە پێشەنگ دەزانن. نەمەلایان تیادایە، نە شێخ نە حاجی. مەگەر مەلا درۆینەو حاجی نا حاجی.

بەراستی پیاو قیزو بێزی دێتەوە لەم بارودۆخە، کەسانی رۆشنبیر بەناو، خاوەنی شەهادەی بەرز، بۆ قومێ بادە، بۆ مەرحەبایێ، گوێ بەهیچ بەرژەوەندیکی گەلی کورد نادەن، وەك ئەڵقە بە گوێی لایەنێ بەهەقو ناهەق لەسەری دەکەنەوە، بەراستی گەلێ جار هەزار هەزار رەحمەت دەنێرم بۆ صالح زەکی کە قائید فیرقەی دووبوو لە کەرکەووك لە داخی زۆڵە کورد سوێندی بە تەلاق خواردبوو کە هەتا ماوە بە کوردی قسە نەکا.

من ئەم قسە بۆ ئەوە ناکەم کە ئەم سەرلێشێواوانە بێنەوە سەر هۆش، ئەمانە دڵ مردوون، گەلی کورد وەک دەواجن تەماشادەکەن، ئەمانە بەمنی هەژار هۆشیار نابنەوە، ئەوانە خەریکی ئاوەدانکردنی گریفانی خۆیان و کاولکردنی کوردستانن، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم: (من کوردم بەڵام لە کورد بێزارم!).

ئیتر پێویست بە درێژەناکا، کێ بەکێیە؟ کێ گوێ لە قسەی هەق دەگرێ؟ رۆژی درۆو دەلەسەو چاووراوو دزی و جەردەیی و پیاو کوشتن و خوێن رشتنە.

نەفرەت لەم رۆژەرەشە. نەفرەت لەو کەسانە کە بۆ قومێ بادە، بۆ کەشوفشێ ئاواتی گەلی کوردیان زیندەبەچاڵکرد. لەعنەت لە ئەبو ریغالەکانی کورد:

ئاخ براکوژی، ئەی شەڕە گیرفان!

لەعنەت لەوانەی کە هەڵیانگیرسان!

مامۆستای گەرەو مەزن جەنابی مامۆستا ئەحمەد عیسا عاشوور {رەزاو رەحمەتی خوداو لێبێ} دەوری دوو سێ پەڕەی تری لە بابەت تەشریح و تەئمینەوە نووسیوە، پاڵفتەکەی ئەمەیە کە عەرزتان کرا.

بەڵام هەر کەسێ دەیەوێ بە باشی لە بارو دۆخو حاڵەکە حاڵی ببێ وا باشە موراجەعەی شەرعزانێکی گەورەی لە خواترس بکا، چونکە بەپێی بۆچوونی بەندە کاتێ کار بەرای زانا نوێکان دەکرێ:

١) کە زانای شەعزانی لە خودا ترس بنو شیاوی کۆششکاری بنو ئەهل بن بۆ ئیجتیهادو فەتواکەیان ساخ لەبەر رەزای خودا بێ، نەوەک لە ژێر کاریگەریی مودارات و موجامەلەو شتی وادابێ.

٢) هەرکاتێ دەوڵەتی قورئانو سوننەت لەهەر لا دروست بوو، بە راستی نەك بەقسە، ئەو کاتە ئەو دەوڵەتە ئەم جۆرە بابەتانە لەبەر رووناکی دەستوور دەچەسپێنێ ئیتر لەسەر موسوڵمانانە کە بە دڵنیایی پەیڕەوی ئەوە بکەن.

دوا گوتە :

سوپاسو ستایش بۆ خودای تاك و تەنیا، بە یارمەتی خودای گەورەو مەزن، ئەمڕۆکە یەکشەممەیە، رێکەوتی (١٩٩٦/٩/٢٢) لە وەرگێڕانی بەرگی دووەمی ئەم کتێبە پیرۆزە بوومەوە. لە خودای میهرەبان داوا دەکەم دایبنێ بە تاعەتێکی جوان، بە خێرێکی نەبڕاوەو، بە میهرەبانیی خۆی قەبووڵی بفەرموونێ، وە پیتو فەڕی تێ بخا، وە بڕەوی پێ بدا، وە بیکا بە مایەی پاداشتی باشو سەرچاوەی رەحمەت بۆمان، بۆ خۆمانو باوك و دایك و منداڵو خزمو کەسوکارمان، بۆ مردوو زیندووومان، هەروا بیکا بەسەرچاوەی رۆشنبیریی لە ولاتدا.

خودایە! بە رەحمەتی خۆت رەحمەت بڕێژی بەسەر ئەو کەسانەداکە بایەخ بەم کتێبە دەدەنو خەریکی دەبنو موتالای دەکەنو بەهرەو سوودی لێ وەردەگرنو خزمەتی دەکەنو چاپی دەکەنو کاری پێ دەکەن. بە راستی ئەم کتێبە گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە. بۆ کەسی خۆی چاوی دینو دنیایە. لە کۆتایدا تکام ئەمەیە:

١) رەحمەت لەو کەسەی چاو لە هەڵەمان دەپۆشێ.

٢) زۆر مەبەستم بوو کە خاڵبەندی ئەم کتێبە وەك ئەصڵەکەی وابێ، بەڵام وا جارێ لەسەر ئەم شێوەیە چاپکرا، کە ئەمیش لە خودا بەزیادبێ زۆر باشە بە تایبەتی لەم چاپی دوو هەمەیدا کە هەر زۆر نایابو پەسەندە.

٣) تكا لە فێرخوازو مامۆستاو مەلا بەڕێزەكان دەكەم كە دڵنیابن لە تەرجەمەكە، چونكە خوایاربێ تەرجەمەیەكی ئەمینە، خوا بیكا بە مایەی ئەمنو ئاسایش بۆ هەموومان.

٤- سوپاس بۆ خودای گەورە كە بە دەستی خۆم ئەم چاپی دووەمەم پاك نووسو هەڵە بژێری كرد، لە ٢٠٠٦/٩/١٢ تەواوم كرد. وە لە زۆر شوێن هەندێ چاكسازی شیاوم ئەنام درا لەبەر ئەوە ئەم چاپە نوێیە هەتا بڵێیت پاكو پوختو جوانو قەشەنگەو جێگەی متمانەیە.

غفر الله لی ولوالدی ولسائر المسلمین. وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمین. ﴿ وصلی الله تعالی علی سیدن محمد وعلی آله وصحبه وسلم ﴾.

یملی المقال الآتی المقام: (كلامنا ختامه سلام)

وەرگێڕ

نوری فارس حەمەخان حەسەن

سلێمانی/ ماموستایان

پێڕستی باسەکان

زنجیرە	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٢٤٣.	باسی دابەشکردنی کەلەپوور لە نێوانی کەلەپووربەرانیدا (فەرائیض)	
٢٤٤.	چۆنێتیی دابەشکردنی کەلەپوور بەسەر خاڵواندا	
٢٤٥.	بەشە دیاریکراوەکان (الفروض المقدره)	
٢٤٦.	بێبەشبوونی نەنکەکان بەهۆی دایکی مردووەکەوە:	
٢٤٧.	بێبەشبوونی تەواوی براو خوشکی دایکی بەهۆی ئەم چەند کەسەوە	
٢٤٨.	بێبەشبوونی تەواوی براو خوشکی باوکی	
٢٤٩.	بێبەشبوونی تەواوی برای باوکی و دایکی و خوشکی دایکی و باوکی:	
٢٥٠.	چوارکەس هەن خوشکی خۆیان دەکەن بە باوان	
٢٥١.	ئەم چوار تاقمەیش خۆیان کەلەپوور دەگرن بەڵام خوشکەکانیان کەلەپوور ناگرن	
٢٥٢.	کەلەپووری باپیرە لەگەڵ براو خوشکدا	
٢٥٣.	باسی راسپێری (وەسیەت)	
٢٥٤.	راسپیری پێویست (الوصية الواجبة)	
٢٥٥.	باسی ژنهێنان (النكاح)	

ژمارە	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٢٥٦.	سوننەتەکانی ژنهێنان	
٢٥٧.	کۆکردنەوەی چوار ژن بەیەکەوە دروستە	
٢٥٨.	بڕیاری مارەکردنی کەنیزەك بۆ ئازاد	
٢٥٩.	تەماشاکردنی ژنو پیاو بۆیەکتر	
٢٦٠.	گرێدانی مارەبڕین (عقد النكاح)	
٢٦١.	باسی خوازبێنیی ژن	
٢٦٢.	هۆیەکانی هەقداری (اسباب الولایه)	
٢٦٣.	باسی ئەو ژنانەی کە مارەیان نایەت	
٢٦٤.	باسی ئەو نەنگانەی کە دەبن بەهۆی هەڵوەشانەوەی مارەبڕین	
٢٦٥.	سوننەتە ناوبردنی مارەیی (تسمية المهر)	
٢٦٦.	باسی هەقی موتعە	
٢٦٧.	بڕیاری ژن بەژن	
٢٦٨.	نانی شایی	
٢٦٩.	مەرجی پێویستبوون یا سوننەتبوونی چوون بۆ سەر دەعوەت	
٢٧٠.	نۆرەکاریی (قەسم) لە نێوان هاوسەراندا	
٢٧١.	دەوکردنی کاتی ڕێبواری	
٢٧٢.	ژنی لە میّرد یاخی: ناشزە – نافەرمان	
٢٧٣.	باسی خولع، واتە: ژن دامالّین	
٢٧٤.	باسی ژن تەلاّقدان	
٢٧٥.	تەلاّقی بیدعیو تەلاّقی سوننی	

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
.٢٧٦	ژمارەی تەلاقی پیاوی ئازادو پیاوی بەندە	
.٢٧٧	باسی چەرتکردن (استثناء) لە تەلاقا	
.٢٧٨	باسی تەعلیقی تەلاق	
.٢٧٩	تەلاقدان لە پێش مارەکردندا	
.٢٨٠	ئەم چوار کەسە تەلاقیان ناکەوێ	
.٢٨١	تەلاق دوو جۆری هەیە: رجعی وبائن	
.٢٨٢	داڕێژگەی ژن گێڕانەوە (صیغة الرجعة)	
.٢٨٣	تەلاقی بائن	
.٢٨٤	سێ تەلاقە بەیەك گفت (لفظ)	
.٢٨٥	رای جەماوەری شەرعزانەکان	
.٢٨٦	حوکمی ئیلا (سوێندکاری)واتە: ژن لە خۆ حەرام کردن	
.٢٨٧	باسی ظیهار	
.٢٨٨	شەڕەنەفرین (لیعان)	
.٢٨٩	عیدده: العدة	
.٢٩٠	منداڵدان پاککردنەوە: الإستبراء	
.٢٩١	مافی ژنی عیدەگر	
.٢٩٢	پێویستبوونی تازێباریو ڕەشپۆشی بۆ ژنی مێرد مردوو لە ماوەی عیدەکەیدا	
.٢٩٣	شیر خواردن (رضاع)	
.٢٩٤	ژێوارو پێویستکەری	
.٢٩٥	ژێواری کۆیلەو ئاژەڵ	

زنجیره	پێرستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٢٩٦.	ژێواری ژن (نفقة الزجة)	
٢٩٧.	ژێوار بەچی و کەی پێویست دەبێ؟	
٢٩٨.	کاتێ مێرد توانای ژێواری ژنی نەبوو	
٢٩٩.	سیغەکردن (نکاح المتعة)	
٣٠٠.	باسی پەروەردەکردنی ساوا (حضانه)	
٣٠١.	مەرجەکانی پەروەردەی ساوا:	
٣٠٢.	تاوانکارییەکان (الجنایات).	
٣٠٣.	مەرجەکانی پێویستبوونی تۆڵە سەندن.	
٣٠٤.	کۆمەڵێ لە جیاتیی یەک کەس دەکوژرێنەوە.	
٣٠٥.	تۆڵەی ئەندام (قصاصی اطراف).	
٣٠٦.	تۆڵەی برین (قصاص له جراحاتدا).	
٣٠٧.	خوێنبایی: خوێن (دیه).	
٣٠٨.	بەهۆی چەند شتێکەوە خوێنی هەڵە قورس دەبێ.	
٣٠٩.	خوێنبایی ژن.	
٣١٠.	خوێنبایی خاوەن نامەکان.	
٣١١.	برین و لە کارخستنی هەندێ ئەندام خوێنێکی تەواویان دەکەوێ.	
٣١٢.	باسی لابردنی کەڵک و هێز.	
٣١٣.	باسی برینی ئێسک دەرخەرو ددان.	
٣١٤.	خوێنی ئەو ئەندامەی کە سوودی دیاری نیە.	
٣١٥.	باسی خوێن بایی بەندەو ئاوەڵمەی ناوسک.	

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٣١٦.	چەند مەسەلەیێ.	
٣١٧.	باسی پاکانە (قەسامە)	
٣١٨.	باسی کەفارەتی کوشتن.	
٣١٩.	باسی تۆڵەی تاوان کە ناودارن بە حەددە شەرعییەکان.	
٣٢٠.	تۆڵە (حەدد)ی شەروالّپیسی.	
٣٢١.	مەرجەکانی هاوسەرداری ئەمانەن.	
٣٢٢.	تۆڵەی بەندەو کەنیزەك.	
٣٢٣.	باسی نیربازیو چوونە لای چوار پێ.	
٣٢٤.	حوکمی چوونە لایێ بە شەرمگانەبێ.	
٣٢٥.	باسی ئاو هێنانەوە (استمناء).	
٣٢٦.	پانپانۆکێی ژنان (تساحق النساء).	
٣٢٧.	بوختان (القذف).	
٣٢٨.	حەددی بوختیان.	
٣٢٩.	بەچی حەددی بوختان لە کۆڵ دەکەوێ.	
٣٣٠.	مەیخۆر – بادەنۆش – مەینۆش.	
٣٣١.	حەددی ئارەقخۆر.	
٣٣٢.	خۆتیمارکردن بە مەی دروست نیە.	
٣٣٣.	باسی حەددی دزی.	
٣٣٤.	مەرجەکانی دەستبڕینی دز.	
٣٣٥.	سەرئەنجامی دزی.	
٣٣٦.	باسی تۆڵەی ڕێگرو جەردە (قطاع الطرق).	

ژمارە	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٣٣٧.	باسی هەڵمەتهێنان (الصیال).	
٣٣٨.	بڕیاری بەرگریکردن لە گیانی خۆی.	
٣٣٩.	دەستەبەربوونی زیانی چوارپێ.	
٣٤٠.	باسی ئەوانەی کە یاخی دەبن لە پێشەوای موسوڵمانان (البغاة – یاخییەکان).	
٣٤١.	چۆنێتیی شەڕکردن لەگەڵ یاخیبووان؟.	
٣٤٢.	باسی پاشگەزبوونەوە (ردة).	
٣٤٣.	سزای پاشگەز (جزاء المرتد).	
٣٤٤.	چۆن چۆنی داوای پەشیمان بوونەوە لە پاشگەز دەکرێ.	
٣٤٥.	بە فێڕۆ چوونی کردەوەی پاشگەز.	
٣٤٦.	بڕیار (حوکم)ی نوێژنەکەر.	
٣٤٧.	تێکۆشانو غەزاکردنو خەباتگێڕان.	
٣٤٨.	مەرجەکانی پێویستبوونی غەزاکردن.	
٣٤٩.	بڕیاری دیلی بێبڕوایان. (حکم أسری الکفار)	
٣٥٠.	موسوڵمانبوونی منالّ.	
٣٥١.	باسی کەلوپەلی کوژراو.	
٣٥٢.	دابەشکردنی ماڵی تالآنی.	
٣٥٣.	مفتە ماڵ (مال الفیئ).	
٣٥٤.	بڕیارەکانی سەرانە (الجزیة).	
٣٥٥.	مەرجەکانی پێویستبوونی سەرانە.	
٣٥٦.	ئەندازەی سەرانە (مقدار الجزیة).	

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٣٥٧.	نیشانەکردنی جل و بەرگیان.	
٣٥٨.	باسی نەچیرو سەربڕاوەکان.	
٣٥٩.	باسی سەربڕاوەکان (ذبائح).	
٣٦٠.	راوکردن بە گۆشتخۆرە مەشق دادراوەکان (الاصطياد بالجوارح المعلمة).	
٣٦١.	بڕیاری ئەو پارچەیەی لە زیندوو دەبێتەوە.	
٣٦٢.	باسی خواردەمەنی (أحكام الاطعمه).	
٣٦٣.	خواردەمەنی حەڵاڵ و خواردەمەنی حەرام.	
٣٦٤.	بڕیاری ئەوەی کەڵبەی هەبێ یا چنگ وچڕنووکی تیژی هەبێ.	
٣٦٥.	کەی دروستە کە مردار بخوریٚ؟.	
٣٦٦.	مردووی ماسی و کوللە.	
٣٦٧.	باسی قوربانی.	
٣٦٨.	چی بۆ قوربانی دەست دەدا.	
٣٦٩.	مەرجەکانی دامەزراندنی قوربانی ئەمانەن.	
٣٧٠.	چی بۆ قوربانی دەست نادا.	
٣٧١.	کاتی سەربڕینی قوربانی.	
٣٧٢.	چی لە کاتی سەربڕیندا پەسەندە.	
٣٧٣.	چی لە قوربانی دەکریٚ؟.	
٣٧٤.	باسی حەوتم (عەقیقە).	
٣٧٥.	سوننەتەکانی حەوتم.	
٣٧٦.	باسی پێشبڕکە (مسابقة) و تیر ئەندازی (مناضلة).	

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٣٧٧.	دروستە گرەویان لەسەر بکرێ.	
٣٧٨.	باسی سوێند خواردنو نەزرکردن.	
٣٧٩.	سوێند بەچی دادەمەزرێ.	
٣٨٠.	بەستنی سوێند بەخێرکردنەوە.	
٣٨١.	سوێندی بێبایەخ (لغو اليمين).	
٣٨٢.	کەفارەتی سوێند.	
٣٨٣.	بڕیاری نەزر (فووتوو).	
٣٨٤.	نەزر دوو بەشی هەیە.	
٣٨٥.	نەزرکردنی گوناە دانامەزرێ.	
٣٨٦.	نەزرکردن کردنی یا نەکردنی شتی رەوا دانامەزرێ. (نذر المباح لا ينعقد)	
٣٨٧.	باسی دادوەری (القضاء).	
٣٨٨.	نیشانەکانی دادوەر (قازی).	
٣٨٩.	باسی دەستوورو یاساو نەرێتی دادوەری (آداب القضاء).	
٣٩٠.	بڕیاری دیاریو بەرتیل.	
٣٩١.	لەم دە کاتەدا نابێ دادوەر بڕیاربدا.	
٣٩٢.	بڕیاردان لەسەر نادیار.	
٣٩٣.	باسی دابەشکردنی مالّی تێکەڵ.	
٣٩٤.	جۆرەکانی دابەشکردن.	
٣٩٥.	دابەشکردنی مالّی هاوبەش.	
٣٩٦.	بەڵگە لەسەر داواکارە، داوالێکراویش نەگەر	

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
	نەچووە ژێر داواکە، سوێندی لەسەرە.	
٣٩٧.	گێڕانەوەی سوێند بۆ سەرداواکار (رد اليمين على المدعي).	
٣٩٨.	ئەگەر هەردوو هاوداوا داوای زات (عەین)یّکیان کرد.	
٣٩٩.	چۆنێتیی سوێندخواردن لەسەر کردەوەی خۆی یا لەسەر هی کەسێکی تر.	
٤٠٠.	کەسێ هەقێکی لەلابێ و حاشای لێبکا.	
٤٠١.	باسی شایەتیدان (الشهادة).	
٤٠٢.	نیشانەکانی شایەت.	
٤٠٣.	مەرجەکانی دادپەروەری.	
٤٠٤.	بەشەکانی ماف (اقسام الحقوق).	
٤٠٥.	شایەتیی کوێر.	
٤٠٦.	چەند مەرجی تر هەن بۆ شایەتی.	
٤٠٧.	باسی بەندە ئازادکردن.	
٤٠٨.	مەرجی دامەزراندنی ئازادکردن.	
٤٠٩.	ئازادکردنی بەشێ لە بەندە.	
٤١٠.	ئازادکردنی بنەچەو وەچە.	
٤١١.	سەرداریی (الولاء).	
٤١٢.	بەندە ئازادکرن لە پاش مردن (التدبير).	
٤١٣.	نامەنووسی (الكتابة).	
٤١٤.	مەرجی دامەزرانی نامەنووسی.	

زنجیره	پێڕستی سەرەباسەکان	لاپەڕە
٤١٥.	گرێدانی نامەنووسی.	
٤١٦.	گەردانکردنی کاغەزپێدراوو ئاغا.	
٤١٧.	دایکی منداڵ (ئوممولوەلەد).	
٤١٨.	تۆێگەریی (تەشریح) لەم چاخەدا کارێکی پێویستە لەبەر ناچاری.	
٤١٩.	فێربوونی تۆێکاریی (تشریح).	
٤٢٠.	بڕیار (حوکم)ی تەئمین.	